


هەڵوەستەیەکی فرانز لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس (جەمال خەزنەدار)
ئا: ئازاد عەبدولواحید

شیعرییەتی ڕیتمی ناوەوە لە شیعری مەحوی دا
هەژار فەقێ سلێمان

کام زمانی دایک؟
سەلام ناوخۆش

کورد... لە کتێبی (گەرانەکەشتێک لە ئێرانی سەرای مەشرووتییەت)
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی

ڕێبازی بزوێک لە خاڵی وەرچەرخاندا؟
دانا ڕەشید

خۆشەویستی هەمیشە لەوێیە
فەرۆغ فەرەخزاد



تابلۆی هونەرمەند: محەمەد فەتاح
(سلێمانی)

# ڕامان

٢٠٣

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی هەژدە/ نیسانی ٢٠١٤



- **خاوەن ئیمتیاز**

  شەوکەت شێخ یەزدین

- **سەرنووسەر**

  ئازاد عەبدولواحید

- **بەڕێوەبەری هونەری**

  سەرکەوت وەلی

- **مۆتیف و پۆرتریت**

  قەرەنی جەمیل

- **بەرگ**

  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 009647504494662

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی


**● دەق**

– ڕەشبوونەوە/ کەریم دەشتی/ 3
– بەراورد/ د. هیوا شەمسی بورهان/ 4
– دڵم بشکێنە، یەک جار/ تەیب قادر/ 5
– دوو هەڵبەست/ ئارژەن ئاری/ 8
– دار و ئاسمان/ لە سوێدییەوە: ڕەحمان سۆفی/ 9
– لەسەر دیواری تاریکی/ جەبار جەمال غەریب/10
– مەملەکەتی سەگەکان/ حەکیم کاکەوەیس/ 17
– قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم (ن والقلم وما یسطرون)/ دیدار مەسیفی/ 24
– مالادۆنا/ مەحمەد تەکچە/ 33
– تەشۆ/ لە فەڕەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی/ 37
– دەرگەهێن دائێخستی/ ئەحمەد قەرەنی/ 39

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان و هەمەلایەن لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس (جەمال خەزنەدار)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 44

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– هەندێک لە خاسییەتەکانی ڕۆمانسییەت لە کۆشیعری (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)/ شاخەوان فەرهاد محەمەد/ 65
– شیعرییەتی ڕیتمی ناوەوە لە شیعری مەحوی دا/ هەژار فەقێ سلێمان/ 76
– کام ڕێ من بەرەو باخی مەوداکان دەبات؟/ بڵند باجەلان/ 81

**● وتار**

– پێشەکییەک لەبارەی فێرکاری فەلسەفە بۆ منداڵان و پەروەردەی بیری فەلسەفی/ عەلی ڕەزا محەمەد نیژاد/ 88
– مێژووی ئاشی ئاوی و ئاشی با/ مەلا مستەفا ڕەشیدی زاواکێو/ 91
– تەکنیکەکانی نووسینی ڕۆمانی پۆلیسی/ لە فارسییەوە: سیما چۆمانی/ 97
– کاریگەریی دەستە و گرووپ لەسەر دەوڵەت لای ئیبنو خەلدوون/ لە عەرەبییەوە: مستەفا سەعید عەلی/ 101

**● هزر و فەلسەفە**

– یەکڕەنگی میتافیزیکی سپینۆزا/ د. حەمید عەزیز/ 104
– هیراکلیتۆس (٥٠٠ی بەر لە زایین)/ لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید عوسمانیان/ 112

**● زمانزانی**

– کام زمانی دایک؟/ سەلام ناوخۆش/ 119

**● مێژوو**

– کورد، لە کتێبی (گەڕانەگەشتێک لە ئێرانی دوای مەشرووتییەت)/لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی/ 125

**● هونەر**

– پیتەر بروک لە خاڵی وەرچەرخاندا/ دانا ڕەئووف/ 130
– زیندانێک لە شووشە، نوێژخانەیەک بۆ تەنیایی/ سەعید سلێمانی/ 133

**● خوێندنەوەی کتێب**

– زستانێکی درێژ و تراژیدیای بوون/ هاشم سەڕاج/ 144
– خۆکوشتن و مۆدێرنە/ ئارام سدیق/ 148

**● بە باڵابڕین**


– ڕامان، کاری ڕووناکبیری و ڕەهەندەکانی گوتارێکی تایبەت/ ساماڵ ئەحمەدی/ 155

**● سووکە لەنگەر**

– خوێنەر هەمیشە لەوێیە/ فەڕۆخ نیعمەتپوور/ 160

# ڕەشبوونەوە

کەریم دەشتی



(١)
هەموو شتێ لە ناکاودا گۆڕا
مانگ گوتی ئەوە من نەبووم
کەی من شەوق و تریفەم داوە بە ئێوە
ڕووبار گوتی ڕۆژێ من شەپۆلم نەبووە
زەوی گوتی من نەبووێمە کۆیلەی باران

(٢)
هەموو شتێ لە ناکاودا گریا
من بۆ ئەوینی جارانم
ئەو بۆ ئەوینی جارانی
مانگ بۆ ئاسمان
ڕووبار بۆ گرمەی شەپۆلی
زەوی بۆ دڵۆپەی بارانی
منیش بۆ خۆم

(٣)
هەموو شتێ لە ناکاودا ون بوو
مانگ ئاوا بوو
ڕووبار وەک برووسکە تێپەڕی
زەوی خۆی لە شەختەدا شاردەوە
خودا لە هەور دابەزی منی بۆ عەدەم ناردەوە

(٤)
هەموو شتێ لە ناکاو تووڕە بوو
مانگ لەبەر قژی تریفەی
ڕووبار لە شریخەی شەپۆلی بێ کۆتایی
زەوی لە هاواری مرۆڤ
منیش لە ناو گۆرانی چڕینی تەنهایی

(٥)
هەموو شتێ لە ناکاودا شکا
کە شووشەی مانگ کەوتە بەر لێزمەی باوبۆران
کە ئاو لە ڕووبار تووڕە بوو
زەوی لە بوومەلەرزەدا مرد
منیش کە ئەوین لە ناو دڵمدا چکی کرد

(٦)
هەموو شتێ لە ناکاو بوو بە ئەبەنووس ڕەش داگەڕا
مانگ لە پرسەی سپی بوونی کەزی تریفەی کچەکانی
ڕووبار لە تاو کۆچی بەردەوامی شەپۆلانی
زەوی لە سۆنگەی وەرینی قژی هەموو درەختەکانی
منیش لە تای ئەوین و کۆچی هەمیشە و بێ ئامانی

(٧)
هەموو شتێ لە ناکاودا پیر بوو
مانگ لەناو هەوری ڕەش
ڕووبار لە نسێی نساران
زەوی لە ژێر پێی ئینسان
منیش لە گەڕان بە دوای تۆ

(٨)
هەموو شتێ لە ناکاودا سیس بوو
مانگ کە با هات تۆقەی لە قژی تریفەی دا
ڕووبار کە مافووری شەختە دایپۆشی
زەوی کە پاییز بوو بە میوانی
منیش کە تۆ دەرگای ئەوینت کلیلدا


# بەراورد

د. هیوا شەمسی بورهان
(فەڕەنسا )

«بۆ بەرزی»

مـن خـەڵکی تۆپی زەویم
قـەت لـەودیوی ئاسـمـانا نەژیاوم
بەڵام چوومـە وڵاتان.
لـە یەکـ شـتـدا بێ گومـانم:
لـەژێر میـچی ئاسـمـانێ
ئەوەی گەشـتـر لـە تروسـکەی ئەسـتـێران بێ
تەنیا چاوی مـنداڵانە
بە هـەر ڕەنگێکی خوڵقابێ.

لیل ٢٠١٣/١٢/١٤



**تاسە**

عـەرزی ویشـکـ
چەندە تاسـەی داکەوتنی باران دەکا،
دایکی پەرۆش
چەندە تاسـەی بۆنی ڕۆڵەی گیراو دەکا،
زاری تینـوو
چەندە تاسـەی خواردنەوەی بەفراو دەکا،
دڵی شـاعیر
چەندە تاسـەی هـەڵڕشـتنی خەمێکـ دەکا
لـە چوارچێوەی هـەڵبەسـتێکدا،
نیشـتـمانم مـن ئەوەندە
تاسـەی بەرز و نەویت دەکەم
لـە بێداری و لـە خەومـدا.

لیل ٢٠١٣/١١/٢٥

# دڵم بشکێنە، یەک جار

**تەیب قادر**

دڵم بشکێنە
یەک جار دڵم بشکێنە...
با چیتر، ڕۆژانە، دڵت نەشکێ
چیتر خێدانەکەت لە دەست نەکەوێتە خوارەوە
گەسکەکەت بە تاقی تەنیا ماندوو نەبێ لە حەوشەکەدا
فەخفوورییەکانت گێچەڵ بە مەلاکەکان نەکەن
هەیوانەکەت نەڕواتە دەرەوەو ون ببێ و
بەلوعەکە غەریبی بکا و دوو دڵۆپ ئاو فڕێ دات و
غەسالەکەت فنگە فنگ بکا
کەس نەیهێنێتەوە و ناچار خۆی بێتەوە ماڵەوە و
بگریێ و بڵێ: خۆم ون کردبوو و کەس بەدوامدا نەهات
بیشکێنە دڵی خۆم دەڵێم: با چیتر دڵی تۆ و
قاپ و قاچاخەکانت نەشکێن و
منیش بەتەنیا بۆ خۆم دڵخۆش بم و ئاگام لە دڵشکانی
کەس نەبێ
هەندێک جار بە شکاندنی دڵی کەسێک، دوو کەس دڵیان
خۆش دەبێ
هەندێک جار بە شکاندنی دڵی دوو کەس، سێ کەس
دڵیان خۆش دەبێ
هەندێک جار بە شکاندنی دڵی سێ کەس، شارێک دڵیان
خۆش دەبێ
هەندێک جاریش بە شکاندنی دڵی یەک مرۆڤ
یەک مرۆڤی نە قەڵەو، نە لاواز، نە کورت، نە درێژ
یەک شار، شاری چی؟ یەک وڵات، وڵاتی چی؟
هەموو مرۆڤەکان دڵیان تەنگ دەبێ
تەنگ، تەنگ، وەک کونی دەرزی
تۆیش دڵی من بشکێنە و با لە دڵشکاندنی خۆت
ڕزگارت بێ
با چیتر ماڵ بە گشتی و
تایبەت، مزەخە جینگزەکەت
تایبەت، بتڵە غازە لاوازەکەت
تایبەت، دۆشەکە بەژن ڕێکەکەت
تایبەت، بالیفە سک لاکێشەییەکەت
تایبەت، دڵی خۆت، دڵی تۆ زۆر گرنگە
دڵی تۆ لە قات و پانتۆڵەکەم



لە کراسە ئووتی نەکراوەکەم
لە کتێبە بەستەزمانەکانم
تەنانەت لە کیفی پارەکەشم گرینگترە
لە خۆشم...
چی لەخۆم بکەم کە تۆ دڵت تەنگ بێت و من نەتوانم
بێمە نێو دڵی تۆوە؟
کەواتە یەک جار، یەک جار، دڵم بشکێنە و
خۆت دڵخۆش بکە
بتبینم پێکەنین لە دەمت جێگای نەبێتەوە
بتبینم ئاسوودەیی لە دەمارەکانت تەراتێن بکا
هیچ شتێک لێت زویر نەبێ
نە تەباخە ڕەشۆکەکە
نە سۆندە قشتۆکەکە
نە کانتۆرە خەمۆکەکە
دڵم بشکێنە و با دڵ ناخۆشی بە نێو شاردا وەرنەبێ
با نەچێتە لاشەی ئەو پیرێژنەی چوار کوڕی شەهید بووە
و شوێنێک نییە لێی دانیشێ
با نەچێتە نێو ڕانکوچۆغەی ئەو پیرمێردەی شاخ نییە
نەیناسێ و
ئێستا، ئێستای دەفرۆشێ و کەس لێی ناکڕێ
با نەچێتە نێو جانتای منداڵەکان
با نەچێتە نێو کەپووی، توور و کەڵەم و کولەکە و شووتی و
هەنجیر و شەلغەم و پەتاتە و
تەماتە و گێزەر و
کەرەوز و...
تووشی پەسیو نەبن
دوایی کەس نایانکڕێ و بە تەنیا لەتەنیشت یەکتری
دەمێننەوە
کەس سواری عارەبانەیان ناکا و
کەس نایانخاتە نێو زەرفەوە
لەنێو باخچەکاندا دەمێننەوە و
پیاوێک بێ ئیش دەمێنێتەوە
پارەی پێ نابێ بیداتە ژنەکەی و
ژنەکەیش پارەی پێ نابێ ڕۆژانەی منداڵەکان بدا
منداڵەکانیش ناچنە دوکان و
دوکاندارێکیش بێ ئیش دەمێنێتەوە
کەواتە ماڵێک، گەڕەکێک، شارێک، بێ ئیش
دەمێنێتەوە
دڵم بشکێنە و بەرگەی ئەو هەموو گوناهە ناگرم
دڵم بشکێنە و خۆت دڵخۆش بکە
دڵم بشکێنە و شارێک دڵخۆش بکە

ئێستا گەیشتیمە ئەو باوەڕەی
چای تۆ بۆیە تاڵە، دڵت خۆش نییە
شیوت بۆیە تفتە، دڵت خۆش نییە
ئاوێنەکە بۆیە تەڵخ بووە، دڵت خۆش نییە
ئەو هەموو ئۆتۆمبێلە بۆیە بەیەک دادەدەن، دڵی تۆ خۆش
نییە
فەرمانبەرەکان بۆیە تووڕەن، دڵی تۆ خۆش نییە
مارکێتەکان بۆیە بێ کڕیارن، دڵی تۆ خۆش نییە
هەموو وێنەکان
هەموو پاسکیلەکان
هەموو دنیا، بۆیە دڵیان خۆش نییە، تۆ دڵت خۆش نییە
یەک کەس دڵی ناخۆش بێ
یەک کەس ئاسوودە نەبێ
یەک کەس خەمبار بێ
هەموو مرۆڤەکان نەخۆش دەکەون
هەموو مرۆڤەکان جوانییان لێ بزر دەبێ
هەموو مرۆڤەکان بەینیان تێک دەچێ
سواری پاسی گەڕەکێکی تر دەبیت بە هەڵە
هاوڕێکەت لە هەواڵت دەپرسێ و
سوپاسی کەسێکی نەناسراو دەکەی
دڵم بشکێنە و بە شکاندنی دڵم، دڵخۆش دەبم
وا دەکا هەست بە تەنیایی نەکەم
وا دەکا هەست بەتەنیایی تۆ بکەم
وا دەکا هەست بە تەنیایی مرۆڤەکان بکەم
بە دڵخۆش بوونی تۆ، جەنگەکان دەوەستن
بە دڵخۆش بوونی تۆ، کەس پێویستی بە نەخۆشخانە
نابێ
پێویستمان بە پاسەوان نابێ و
کارگەی دروستکردنی چەک، کاریان نامێنێ
شەقامەکان وەک لووتمان، پاک پاک ڕادەگرین
لەسەر دیواری کەلاوەکان، وێنەی ڤێلا دروست دەکەین
غەمگینی دەبەینە تەمبەڵخانە
بێ دوودڵی دڵم بشکێنە
وەک بن پیاڵەیەکی کۆن، بە زەوی دادە
وەک شەکردانێکی پیسوپۆخڵ بەردی پێدا بکێشە
وەک تەپڵەکی جگەرە، تێی هەڵدە
با گوێم لە دەنگی شکانی دڵی خۆم بێ و
شرق، شرق
ئیدی گوێم لە دەنگی قرچەقرچی دڵی تۆ نەبێ
ببینم دڵنەوایی نیو کاتژمێریش پشووی نەبێ
شەو و ڕۆژ، ئاشتی لە کار نەگەڕێتەوە

شەو و ڕۆژ، دڵت قاقا لێ دات و
بە دڵخۆشبوونی تۆ
مرۆڤەکان دڵخۆشی بۆ یەکتر دروست دەکەن
بەرەو دەست لەمل کردن مل دەنێن
ڕۆحیان قەڵەو دەبێ و لاشەی ڕقیان لاواز
شەوەکان لەگەڵ یەکتری دەگۆڕنەوە
کاتژمێر بۆ یەکتری زیاد دەکەن
تەمەن دەدەنە یەکتری
جەنگ لە پێش لێبوردن ڕوو دەکەن
کە جەنگ ڕوودەدا بانگی نزا دەکەن و
تێر تێر دڵنەرمی لە باوەش دەگرن
تێر تێر قوم لە قسەی یەکتر دەدەن
تێر تێر باران لە حەوشەی یەکتر دەچێنن
ئیتر، لە وێنەشدا سەیری گوناهی یەکتر ناکەن
نێو لەپیان دەپشکنن و پاش دڵنیا بوون لە دڵخۆشی
ڕوومەتی یەکتری لە ماچ هەڵدەسوون
شەمەندەفەری ژیان ڕادەگرن و
یەک
یەک
منداڵەکانی یەکتر بۆ بەهەشت دەنێرن
بە دزییەوە، لە درەنگانێکی دنیادا، ئاشکرای دەکەن
لە مردن تێر بوونە
زۆر بە نهێنی ئاشکرای دەکەن،
حەزیان لە دڵخۆشیی خاوێنە
هەفتەکان پاک پاک ڕادەگرن و
دراوسێکانیان دەنێرنە بازاڕ، تا کەمێک نهێنی ڕابردوویان بۆ بکڕن
دەرگەی دڵیان دەکەنەوە و فەرموو لە زمان دەکەن
لە پشت جامخانەوە، دڵتوندی  بۆ یەکتری نارێژن
بەبێ یەکتر نامرن
جەنگی ئەوان، دەبێتە پێکەنینێکی نەرم بۆ دەورەدانی ڕۆح
ماڵەو ماڵ ئاسوودەیی دەگێڕن
گاز لە بۆشایی یەکتر ناگرن
سینگیان خاڵی خاڵی دەکەن لە برینی شکاو
فەرشی یەکتر وەرناگەڕێنن
دڵم بشکێنە و خۆت دڵخۆش بکە
دڵم بشکێنە و ئاسوودەم بکە
دڵم بشکێنە و مرۆڤەکان ڕزگار بکە.

# دوو هەلبەست

**ئارژەن ئاری**
**(ئامەد)**



**کەزیێن کولیلکان**

پۆرێ هەر یەکێ گولیەک شەڤێ
ڤەر، ڤەمەر، کت کت فەریشتە
کولیلکێن خاکەکێ بوون خوشکێنمن و تە
ژ هەمبێزا چیان کت کت ڤەچنین!
کۆرەماران ڤەنەددا ب هنەکان
ئاسک ئاسک، نازەنین ڕەنگ ـ ژیان
سیڤێن بهوشتێ بوون پێسیرێ گەلەکان
د خەونا وەلاتەکی دە کت کت وەرتین!
ئەزێ ل چیایەکی بکم ناڤێ یەکێ
تو ناڤێ ڤیزەکێ بگۆڕە، بکە بەیبوون
پەل پەل هەبوون، سۆر سۆر سەرخوەبوون
کولیلکێن چل کەزی ب سەر کێ دە بڕین؟

**هێڤی**

هێلەکە من دقوتڤە ژ سەرمێ
چیا کەلهەکە ئاسێ، دەم ئاسێ
هێڤیا من کولیلکا بنێ بەرفێ
ها بەل بوو ها بەل ببێ
و بەرف تێ
تێ
تێ...
بیارە بەرفێ
ل بەر خوە بدە کولیلکێ،
تو ژ ڤێ ئاخێیی، ئەز ژ ڤێ ئاخێ!
وێ ڤەبە تەنگۆ تەنگۆ
ل دوو تاڤەکە خوێژنکی، کەسکەسۆر
سحارەکە ڕووبهارە هێڤیا من
تیرێژ ـ بشرین ڕۆژەکە گولی ـ سۆر
ها هلات ها هلتێ
و بەرف تێ
تێ
تێ...
بیارە بەرفێ
ل بەر خوە بدە کولیلکێ
تو ژ ڤێ ئاخێیی، ئەز ژ ڤێ ئاخێ...

**ئارژەن ل سالا (١٩٥٦) ل گوندێ چالێ ل دەڤەرا ئومەریان ژدایکبوویە. ل سالا (١٩٧٩)ێ پەیمانگەها پەروەردەیێ ـ پشکا زمانێ ترکی ل ئامەدێ تەمام کرییە. ژ بەرهەمێن وی: ڕامووسانا من ڤەشارتن ل گەلیەکی، وەشانخانا ئاڤەستا ـ ٢٠٠٠/ ئەڤ چیا ڕوو سپینە، وەشانخانا ئاڤەستا ـ ٢٠٠٢/ دەستانا کاوا، وەشانخانا ئەلما ـ ٢٠٠٣/ ئەرۆتیکا، وەشانێن لیس، شعر ـ ٢٠٠٦/ باکوورێ هەلبەستێ، ئانتۆلۆژیا هەلبەستا باکوور، وەشانێن یەکیەتیا نڤیسکارێن کورد ـ تایێ دهۆکێ ٢٠٠٨/ شێرگەلە، شعر ـ ٢٠٠٨,.. ئەڤ هەردوو هەلبەستێن سلال ل کۆشعرا داویێ (شێرگەلە) ڕووپەلێن ١٩ و ٣٦-٣٧ هاتینە وەرگرتن.**

**«ڕامان»**

سێ پارچە شیعری تۆماس ترانسترۆمر

# دار و ئاسمان

**لە سویدییەوە: ڕەحمان سۆفی**
**(سوید)**



دارێک لە باراندا،
لەم دەوروبەرە دەگەڕێ
لە ژێر لێزمە و هەوری بۆزدا،
بە پەلە لە ئێمە تێدەپەڕێ
دیارە کێشەیەکی هەیە
لە بارانەوە ژیان دەهێنێ
وەک ڕیشۆڵەیەک لە نێو باخی میوەدا
ئەو دەمەی باران خۆشی دەکاتەوە
دارەکەش دەوەستێ
بێ بزوە لە شەوانی ڕووناکدا
ڕاستەوخۆ دەترووسکێتەوە
چاوەڕوان وەک ئێمە، بۆ چاولێکنانێک
تا دانار دانار بەفر لە فەزادا دەپشکوێ.

**ڕوخسار بە ڕوخسار**

لە ڕێبەنداندا دوای مەرگ ماوەکان داماون
باڵندەکان بە دڵ هەڵنەفڕن،
ڕوح دیمەنی سروشتی ڕووشاندبوو،
هەر وەک پاپۆڕێک سەکۆی لەنگەرگە
تا لەنگەری بگرێ
دارێک پشت لێرە وەستا بوو
قورسایی بەفر بە کوڵۆشی پواو دەپێورا
شوێن پێ لە سەر توێژاڵە سەهۆڵ
لەژێر حێوەتدا زمانی لاواز کرد بوو
ڕۆژێک شتێک هاتە بەر پەنجەرەکە
من سەرم هەڵێنا،کارەکە پەکی کەوت
هەموو شتێک ڕووی خۆی وەرگێڕا
ئەرد و من بۆ لای یەک قەڵەمبازمان دا.

**زایەڵە**

لە ژێر دارێکدا وەستابووین
هەستمان بەوە دەکرد، کە
ڕۆژگار بۆ قووڵایی نوقم دەبوو
قەلەڕەشە بە قرەقر فووی لە ئێسکی مردوو دەکرد
گۆڕستان و حەوشی خوێندنگە
بەرینتر دەگەینە یەکدی
وەک شەپۆلی زەریا یەکدی بگرن
زایەڵەی ناقووسی کلێسا لە فەزادا
وێنەی فڕۆکەی دەمبادەوە
بە هێزی ئەهۆنی دەم با
بێدەنگێکی زۆریان بەجێ هێشتبوو لەسەر زەوی
دارەکەش بە ئەسپایی،
هەنگاو بە هەنگاو شوێنی بە جێ ما.

**سەرچاوە:**
**Tomas Tranströmer- Dikterochprosa- 1954-2004. Albert BonniersFörlag 2011**



# لەسەر دیواری تاریکی

جەبار جەمال غەریب

تاکە دڵخۆشیم ڕادیۆیە، تەنیا بەرنامەکانی ڕادیۆ بەیانیان هێزی لە خەو هەستانم دەدەنێ.. لەگەڵ مۆسیقا و گۆرانییە نەرمەکانی بەیانیان بەرچایی دەخۆم. چایە تاڵەکانم بە دەنگی شیرینی عەدنان کەریمەوە دەخۆمەوە.

دەنگی شەماڵ سائیب لە نانە ڕووتەکەم هەڵدەسووم و لوولی دەدەم و وەک هەنگوین لووس و باریک قووتی دەدەم. لەجیاتی عەتر دەنگی فەتانەی وەلیدی لەئێخەی کراسە کۆنەکەم دەدەم. بەوپەڕی خۆشییەوە چاوەڕێی بەرنامە ڕاستەوخۆکان دەکەم. وتوویژ لەسەر بابەتە گەرمەکانی ڕۆژ، سڵاو ناردن و یەکترناسین، ئاوڕدانەوە و گاڵتە بەیەکتر کردن.

وەک سەربازێکی بەرەکانی پێشەوە تا کاژێر نۆ هەموو ئامادەباشییەکانم تەواو کردووە، زەنگی نۆ لێ دەدات، چوار خولەک و چل و پێنج چرکە هەواڵەکانە و پازدە چرکەش مۆسیقایەکی تایبەت بە بەرنامە ڕاستەوخۆکە. ئەو مۆسیقا کورتە بەناو باخچەیەکدا دەمبات، لەو دارەوە بۆ ئەو دار، دەگەڕێم. تا لەناکاو بێژەرەکە، سازگار موفتی بەننا بەدەنگە نزیک و ئاشنا و سازگارەکەی بەیانیت باش لە من و لە بیسەران دەکات. بۆ من وەک ئەوە وایە لە پشت یەکێک لەو درەختانە ڕێکەوتم کردبێت. هەست دەکەم سازگار نەک لەودیو میلەکانی ڕادیۆوە، نەک لە گەڕەکێک، یان دەزگایەکی دوورەوە دەدوێ، بەڵکو وا هەست دەکەم لە تەنیشتمەوە شان بەشانم دانیشتووە و قسەم بۆ دەکات. ئاخر من بیسەرێکی ئاسایی نیم، دەچمە ناو دەنگییەوە، من لە نێوان هەر وشەیەک و وشەیەکی دیکەوە هەناسە و پشوو وەرگرتنیشی دەبیستم.

میوانی بەرنامە لە نەخۆشی و دەرمان دەدوێت، چارەسەر بەگیاوگۆڵ، دروستبوونی دەرمانی کارگەو تاقیگە، جەستە و ئەندامەکانی، جووت ئەندامەکان و ئەندامە تاقانەکان. کارۆبندیان تەلەفۆن دەکات و دەپرسێ، لە جووت ئەندامەکان دەپرسێ.

دکتۆر تاڤگە نیشان، میوانی بەرنامە، دەڵێت:
– جـووت ئەندامـەکـان ئاشکران دوو چاو، دوو گـوێ، دوو گورچیلە "بە شەرم و پێکەنینەوە" جووتە گون.

کـارۆ بندیان دیسـان لە گـرنگی جـووت ئەندامـەکـان دەپرسێ، ئەو دەڵێت:

– تاکـە تایبـەتمەندیی گرنگ ئەوەیە کـە یەکێکیـان لە دەست دەی، ئەوی دیکەیان کاری هەردووکیان دەکات.

من زەنگم لێ دا و بەشـداریم کـرد، وەک لە چاخـانە دانیشـتبم، لەنزیکمەوە هەستم بە هەناسەی هاوڕێکانم دەکـرد. لە ئەندامـە تاقـانەکـانم پرسی: دکـتـۆرە تاڤگە شیرین نیشان گوتی:

– ئەندامـە تاقـانەکـان زۆر گـرنگن، وەک دڵ، زمـان "دیسـان بە پێکەنینەوە" ئەندامی زاووزێی پیاو. ئەندامە تاقـانەکـان جێگرەوەیان نییـە. دڵ، مرۆڤـێک و تاقـە دڵێک، تاقە زمـانێک، تاقە... کاریان لە خۆیان گرنگتر بروانە ترپەی دڵ، سوڵتانی لەشە. زمان پارچە گۆشتێک بەهەزاران دەمارەوە تاموچێژ و قسەی بەدنیا بەخشیوە. ئەندامی زاووزێ، "دیسان پێدەکەنێت و پێشکەشکارەکە دەڵێت لەدڵ گرنگترە"

دواتر میوانەکە دەڵێت:

– بەڵام هەڵەی ئەندامە تاقانەکان هەڵەی ژیانە.

من بە تەلەفۆن دەپرسم:

– ئەی ئەگـەر جـووت ئەنـدامــەکـان پێکەوە نەبوون. هەردووکیان.

ئەو گوتی:

– چۆن! هەردووکیـان، واتا مـردن، کە یەکێک هەردوو گورچیلەی نەبێت "تۆزێک وەستاو گوتی"

– بەڵام هەمـوویان وەک یەک نین، بۆ نموونە کە هەردوو گـوێشی نەبێت، تەنیـا هەستی بیسـتن لە دەست دەدەی، بەڵام ژیان هەر بیستن نییە.

"زۆر بە ئاسانی گوتی" **بۆ چاویش هەروا**.

چەندان کەس بەشداری کرد و بابەتەکە گەرم بوو. من وامـدەزانی لە باخـچـەیەک پیـاسـە دەکـەم و لەژێر هەر دارێک تووشی برادەرێک دەبم و تۆزێک دەیدوێنم. گوڵە بەرۆژە خـواردن بە دەم گوێگرتن لە ڕادیۆوە چەند خـۆشە. بە گۆرانییـەکی مەهەستی کە لەسەر داخوازی کـچێکی سنەیی پێشکەش کـرا، دەفـڕم و سـەر لە تاقی ئاسـمـان دەسووم. من تەمـەنم تەنیا بیست و چوار ساڵە، کـەچی نازانم بۆچی ئەو گـۆرانییــەی عــەلی مــەردان "کــەی دێتـەوە،کەی دێتـەوە کـاتی لاویم" ئەوەندە کـار لە ڕوح و ناخم دەکات.

نیـوەڕوان میلی ڕادیۆکەم دەسووڕێنم و دەیخـەمە سـەر بی.بی.سی. هەواڵەکـانی، زانیـارییـەکـانی، وانەکـانی فـێربوونی ئینگلیـزی. چەندم حـەز لە سـەدای پێکەنینی کچە بێژەرەکەیەتی، بە تایبەتی کە شلەساوەر بە تەماتەی خۆمـاڵییـەوە دەخـۆم. بەرنامـە نەبڕاوەکـانی بی.بی.سی سینگم پڕ دەکات لە خۆشنوودی.

دوای نیــوەڕۆیان پەســتم. ڕادیۆکــان بەرنامــە ڕاستـەوخـۆکـانیـان ڕادەگـرن و هەندێ جار چاوپێکەوتنی تۆمـارکـراوی دەخـەنە سـەر، تەواویش دەبێت، بێـژەرێک نایەت بڵێ ماڵتان ئاوا کە گوێگرمان بوون.

لە کـاتژمـێر چوارەوە بەرنامـەکـان، ئەوانەی بەدڵی منن دەست پێ دەکـەنەوە. وەک ئەوەی کـەبیـانووی ماڵ دوای پشـووی نیـوەڕۆ حـەوشـەو مـاڵ گەسک بدات و بەر دەرگا ئاوپـڕژێن کـــات و بـۆنی گـڵ دنیــــا داپۆشێ و ژیان تازەکاتەوە، هەرچەندە کەس حەوشە و ماڵی ئێمە ئاوپڕژێن نـاکــــات، بەڵام ئـەو بـۆنی گـڵ و تـازەبوونـەوەیە، لـە بەرنامـەکـانی ڕادیۆکـەوە دێن و ژیانم تازە دەکـەنەوە. لە بەرنامـەیەکـەوە دەفـڕمـە نـاو بەرنامـەیەکی دیکە. من بیســەرێکی ئـاسـایی نیم، نـاوی هەمـوو بەرنامـەکـان و ئامـادەکـار و پێشـکەشکارەکـان و برادەرانی پێـوەندی و بەڕێوەبەرەکانیشیـان دەزانم. لە ڕادیۆی دەنگی چیا شێت و شەیدای بەرنامەی سەدای تۆم. سەدای تۆ دەنگدانەوەی دەنگی منە. لە ئامـادەکـردن و پێشکەشکردنی ئاسـمـان ژاڵەیی، کـە دەڵێ سـەدای تۆ، بێ گـومـان لەنێـو سـەدای مـۆسـیــقـادا، وەک ئەوە وایە بەسـەد دەست مـست بە کوڵەکەی دڵم دادەن و تۆز و خەوی لێ بتەکێنن. جێگای بەرنامـەی خـۆشـەویسـتی ئەمڕۆ لە ناخی مندا هەر تەواو نابێ. لە ڕادیۆی ئاوات بەرنامـەیەکـیـان هەیە بەناوی ئاوێزان هەر بەڕاستی پێشکەشکارەکە بەخۆی و دەنگەوە دێتـە باوەشـتـەوە. گـوڵچین عـیـبـادی، هانی برادۆست، موعتـەسەم سەراوی، سەردار دۆسکی، بڕیار دەربەندی، دەیان ناوی دیکەی بێـژەر و ئامـادەکـار و دەرهێنەری بەرنامەکان کە هەرگیز نەمدیون، دۆست و ئازیز و کەسی منن. زۆرجـار بە ڕۆژنامـە سـفـرەی دووردرێژ ڕادەخـەم و قـــاپ و کـــەوچک بۆ هەمــــوویان دادەنێم و بەخــەیاڵ بانگهـێشـتـیـان دەکـەم. هەرکـەس و لە شـوێنی تایبـەت بەخـۆی لەگـەڵ هەندێ لە بەشـدارەکـانی ڕۆژانە کـۆیان دەکـەمـەوە، هەر بە خـەیاڵ گـفـتـوگـۆی گـەرم لەنێـوانیـان دادەمـەزرێنم و دەتوانم لە جیاتی هەموویان پرسیـار بکەم

و وەڵام بدەمەوە، هەر بە هەست و گوێگرتن لێیان دەزانم بیروڕایان بەرانبەر یەکتر چۆنە و کە یەکتر ببینن چۆن لەگەڵ یەکتر دەدوێن.

خولیای شەوانەم ڕادیۆی (دیدە) بوو، مۆسیقایەکی یەک سەمت و ساف و ئاسۆیی دەخستە سەر لە شێوەی مۆنامۆ، هەندێ جاریش شمشاڵە دڵ پڕکەرەکەی قالە مەڕە. ئەوانە لای لایەی من بوون. نەرمی و شیرینی و ئولفەتی دایکم تێدا دەدیتن. تاکە شتێک هەمیشە لە گیرفانەکانمدا بوو پاتری بوو، کە لەکاتی خەویشدا لەگەڵمدا بوون. بۆنی پاتری، بۆنی نوحاس و کاربۆن بە جلەکانمەوە، بە ملپێچ و دۆشەک و بەتانیەکەمەوە بوو. بە نووکە زمانێک دەزانم پاتریبیەکان تا چەند کاژێری کە کار دەکەن. شوێن پەنجەم بەسەر دەسک و دوگمە و بەرگی ڕادیۆکەوە نیشانەی ئولفەت و وەفامان بوو بۆ یەکتری.

بەیانیان لەکاتی نانخواردندا بە بەرگەوە لای خۆم دادەناو گوێم لە سڵاو و خۆشهاتن و دەنگی سادەی سەرەتای ڕۆژ دەگرت. دواتر لەکاتی بەرنامە ڕاستەوخۆکاندا بەرگە چەرمەکەی، جلەکانی لێ دادەکەنم و بە سنگمییەوە دەنووسێنم. جەستەی فێنک و هەندێ جار ساردی شیرین و بەلەزەتی ڕادیۆکە یەکسەر بەسنگم و مووەکانیدا بڵاودەبێتەوە و تەواوی جەستەم ئارام دەکاتەوە. هیچ فێنکییەک هێندەی جەستەی مێتاڵی ڕادیۆ ژیانی بیر نەهێناومەوە.

ڕۆژێکی سەرەتای مانگی ئازار، تەواو لەوکاتەدا کە ڕادیۆکەم بە سنگمەوە نابوو، لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆدا، دەنگێک، سەداو ئاوازی دەنگێک ڕەگی دڵمی لە بێخەوە دەرهێنا، لە بێخی بێخەوە هەڵیقەند و بردی، بردی بە هێڵێکی نادیاری هەوادا، بە شەپۆلێکی موگناتیسیدا بردی.

من کشومات و سڕبووم، دەنگێک، چەند هەناسە و ئاوازێک بەناوی سەبا سەلیم شەربەت لەودیو میلی ڕادیۆکەوە دەستی لە قوڕگمەوە بردە خوارێ، سادە و ئاسان ڕەگی هەرە ئەستووری دڵمی گرت و بە هەموو دەمار و دەمارۆچکەکانەوە دەرهێناو بردی. من تەنیا ئەوەم بۆ کرا بڕوانمە ئەو دڵۆپە خوێنە گەورە و خەست و قورس و خەیاڵیانەی کەوتنە سەر مینای ڕادیۆکە، میلی ڕادیۆکەی ڕەنگ کرد و لەسەر ڕادیۆی دەنگی شارەکەم تاساندی.

چاوەڕوانی، دەیان چرکەو سەعاتی پڕ چاوەڕوانی، تا دووبارە دوای هەفتەیەکی تەواو هەمان دەنگی دڵبەر، دەنگی سەبا سەلیم شەربەت بەشداری بەرنامەی داهێناو گەنجی کردەوە. دەنگێک بەو پڕی نەغمەوە، دەنگێک بەو سەداو لەزەت و لەرەوە دەهاتە ناو ژوورەکەم، ناو هەناسەکەم دەچووە دەرێ. لەگەڵ هەر هاتنە ژوورەوەیەکدا بۆ چرکەیەک دڵەکەمی لە شوێنی خۆی دادەنایەوە و دەیبردەوە. هەفتەی سێیەم دوای ئەو بەشداریم کرد و لەسەر بیروڕاکانی ئەو ڕوونکردنەوەم دا و گوتم:

– گەنجی ئێمە داهێنەرە، هەر بوارێکی بۆ بڕەخسێ، ئەو خاتوونەی پێش من قسەی سەداو دەنگی بەسە بۆ ئەوەی داهێنەر بێت.

***

لە هەفتەی چوارەمەوە زانیم سەباخان بەشداری چەندان بەرنامە دەکات بێ گومان تەنها لە ڕێگای تەلەفۆنەوە. بەوپەڕی شەوقەوە ڕێکۆردەرە بچووکەکەم چاک کردەوە و دەستم کرد بە تۆمارکردنی بەرنامە ڕاستەوخۆکان. لە ماوەی شەش مانگدا سەدان بەرنامەی ڕاستەوخۆم تۆمار کرد، ئەو بەرنامانەی دەنگی سەبایان تێدابایە هەڵمدەگرتن و ئەوانی دیکەم دەسڕینەوە، بوومە خاوەنی دەیان کاسێت کە هەر یەکەیان چەند خولەک دەنگی سەبایان تێدا بوو. لە پشت سەرم کەڵەکەم کردن. شەوانە کە ڕادیۆکان خامۆش دەبوون، یان بەرنامەکانیان دووبارە دەکردەوە، من گوێم لەو کاسێتانە دەگرت. ئەو گوێگرتنە منی دەبردە ناو قووڵایی دەنگەکان. من دەزانم دەنگەکان وەک دەریا وان، هەیە تەنک و هەیانە قووڵ و هەیانە بێ بن و هەشیانە کەفاوی و تیژڕەو، نەرم و هێمن، شێن و ئارامبەخش، دەنگی پەلەپەل و خێرا، دەنگی گڕ و تووڕە، باریک و زیتەڵە، قەبەو قەڵەو، دەنگی بڵ و فش.

چەند ورد ئەو سەدان کەسانەم ناسی کە لە بەرنامەکاندا بەشدارییان دەکرد و قسەیان دەکرد و خۆیان ئاواڵا دەکردەوە. لە ماوەیەکی کەمدا بەپێی دەنگەکان کەسایەتییەکانم دابەش کرد و گرووپ گرووپم کردن، دواتر دەنگە گێژەن و تووڕە و بڵەکانم سڕینەوە و لام بردن. لەو شەنوکەوەدا تەنها چەند دەنگێکم بۆ مایەوە، لەبەر ئەوەی بەشی زۆری ئەو دەنگانەی مابوونەوە ژن و کچ بوون، ئەوەم بە خیانەت لە دەنگی هەڵبژاردە و شرینی تەمەنم، دەنگی خاتوو سەبا، بە خیانەت زانی، لەبەر ئەوە پێنج کاسێتم بە دەنگی سەباو مۆسیقای نەرم و پڕ خرۆش پڕ کردەوە، ئەوانی دیکەم هەموو فەرامۆش کردن و سڕینەوە.

هەموو ئەو کارانە شەش مانگی خایاند، دوای ئەو

ماوەیە من دڵی خۆم دەسکەوتەوە، دڵم لەناو کاسێت و ریکۆردەرەکەدا وەک جاران گەرموگوڕتر لێی دەداو خوێنی بۆ هەموو دەمارەکانی جەستەم هەڵدەدا.

ئەو گەرموگوڕییەی ڕادیۆ و کاسێتەکانم خستبوویانە ژیانمەوە، هەرگیز شایانی لەبیرکردن نییە. ڕادیۆ پیاسە و سەفەر بوو، ڕادیۆ برادەر و دۆست و خزمم بوو، مۆسیقای ئارامبەخشی کردنەوەی بەرنامەکان شەقامی چۆڵوهۆڵ و سێبەری بەیانیانی من بوو.

بەشداری و وتووێژەکانی چاخانە و یانە و کۆڕم بوون، گۆرانییەکانی باخچە و پارک و سەیرانم بوون، کەچی لە دوای بیستنی دەنگی سەبا، لەدوای هەڵقەندنی دڵم لە ڕەگەوە، لە هەموو شوێنێ، لە هەموو بەرنامەیەکدا، لە هەموو ڕادیۆیەکدا بەدوای دەنگی ئەودا دەگەڕام، ئەو دەنگە بدۆزمەوە و ڕوحمی بخەمە بەر، بیخەمەوە ناو سییەکانم و بەندی کەم.

بەبێ ئەوەی ڕێکەوتی بەرنامەکان یاداشت کەم، بەپێی نەبرەو تۆنی، ئاواز و هەستی زەمەنی دەنگەکانیم لە یەکتر جیا دەکردەوە، بۆیە هەمیشە بۆ دەنگی نوێی دەگەڕام.

داهێنانێک لە شێوەی خەیاڵی، خەیاڵێک ژیان و گەشەو بەختەوەری پێ بەخشیمەوە. شاگەشکەی کردم. لە خۆشی ئەو فکرەیە کە هێشتا خەیاڵ بوو، هەستامە سەر پێ و دەستەکانم وەک دیلەکانی بیابان و باڵندەی لەنگەر گرتوو کردنەوەو هاوارم کرد، هاوارێک هەموو خانە مردووەکانی لەشم بە ئاگا بێنێ و ژیان بەو فەزا کپ و بێ دەنگە ببەخشێ کە داگیری کردووم.

دەبێ هەر زوو ئەو خەیاڵە بکەمە ڕاستی، هەر خێرا ژمارەی تەلەفۆنەکانی کارمەند و بەرنامەکانی ڕادیۆم بەسەر کردنەوە، دواجار لەسەر ژمارەی مۆبایلی فەرهادی سەید فارس دەرهێنەری بەرنامەی سەدای شارەکەم گیرسامەوە، دەنگێکی گەنج و لەسەرخۆ پرسی:

- فەرموو کێ قسە دەکات.

من بەوپەڕی باوەڕ بەخۆ بوونەوە، گوتم:

- نامناسییەوە. خەتا محەمەد کەریم.

ئەو خێرا گوتی:

- سەرچاو.. سوپاس کە هەمیشە هاوکاری بەرنامەکانمان دەکەی، سەرجەم هاوڕێیان حەز بە بیروڕاکانت دەکەن.

من دڵشاد و بەختەوەر گوتم:

- بچووکتم.. کاری جوانی ئێوەیە دەنگی ئێمە دەگوازێتەوە. ئێمە لە تاریکی دنیاو ژوورەکانمان دەردەکێشن و دەمانخەنە بەر ڕووناکی.

ئەو گوتی:

- سوپاس.. زۆر جوان قسە دەکەی. کاک خەتا کارێکتان هەبوو.

گوتم:

- تەکلیفێک

ئەو گوتی

- هەرچی بێت، بەسەرچاو.

من گوتم

- ببووورە، نازانم بۆچی لەو هەموو دەردە دڵ و برینداربیە پەنام بۆ تۆ هێناوە.

ئەو بەوپەڕی متمانە و دۆستانەوە گوتی:

- من کەسی تۆم، هەر کارێکتان هەبێت.

من بەشەرمەوە گوتم:

- کەسێک دەناسی بەناوی سەبا سەلیم شەربەت.

ئەو گوتی:

- زۆر باش، هاوڕێی نزیکی بەرنامەکانمانە.

من دوای هەناسەبڕکێ و دەنگ نووسان گوتم:

- ژمارەی مۆبایلەکەیم دەوێت.

ئەو گوتی:

- زۆر باشە.

لە خۆشیدا پێستی دەموچاوم خەریک بوو شەق بەرێت.

بەڵام ئەو درێژەی دایە:

- لەگەڵ ئەوەشدا، پاراستنی ژمارەکان بەنهێنی ئەرکی ئێمەیە.

من بەوپەڕی حوزن و دڵشکانەوە گوتم:

- تەنها تۆ شک دەبەم.

بۆ دڵنەوایی من گوتی:

- دەبێ پرسی پێ بکەم.

سێ ڕۆژ لەسەر ئاگر چاوەڕێی بووم.

ڕۆژی چوارەمیش هەروا، ئێوارەکەی لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆدا گوێم لێبوو سەبا قسەی دەکرد، دەنگی لە هەموو ڕۆژێ فێنکتر بوو، دەنگی کچێک پڕ پڕ بێت لە ئولفەت، بەرنامەکە بە بۆنەی ڕۆژی خۆشەویستییەوە بوو، پێشکەشکارەکە لێی پرسی:

- دەتوانم پرسیارێکی تایبەت بکەم؟

ئەو پێکەنی و بە لوتفەوە پرسییەوە:

- تایبەت؟ بەڵێ.

پێشکەشکارەکە گوتی:

- تایبەت، وەک ئەوەی ئایا خۆشەویستتان هەیە؟
ئەو شەرمنانە و گران پێکەنی، گوڵەکانی باخچە تەریق بوونەوە و باڵندەکان جیکاندیان. من دڵم کەوتە سەر ساجێک خۆری لەبن بێت.
ئەو بێباک و سادە گوتی:
- بەڵێ، خۆشەویستم هەیە.
لەگەڵ وشەی «بەڵێ» ڕادیۆکەم کوژاندەوە و ویستم بۆ ئەبەد خواحافیزی لە دەنگیش بکەم، بۆ ئەبەد ئەو دەرگایە پێوە دەم و بەسەر تەرمی ڕەشی خۆمدا بگریم، ڕادیۆکەم کوژاندەوە، کوژاندمەوە و هەوا لە چوار دەورمدا مرد.
کوژاندمەوەو فریشتەیەکی ئاگرین قامچییەکی ئاگرینی لێدام و کردمییە دوو کەرتەوە. هەموو ئەو کارەساتانە تەنها یەک چرکەی خایاند، چونکە دووبارە میلەکەم سووڕاندەوە و بێ ویستی خۆم ڕادیۆکەم پێ کردەوە. دەرهێنەرەکەی هاوڕێم فەرهادی سەید فارس بۆ "بەڵێ"یەکەی ئەو، گۆرانییەکی خستبووە سەر کە دەیگوت:

**ڕۆژەکان چەند درێژن بەبێ تۆ..**
**خۆشەویستی.**
**شەوەکان چەند سامناکن بەبێ تۆ..**
**ئەڤین.**
**ژیان چەند بەتاڵە..**
**تەمەن چەند وشکە..**
**بەبێ تۆ سەبووری دڵ.**

دوای گۆرانییەکە وتووێژەکە درێژەی هەبوو، چاوەڕێم دەکرد، سەبا چی دیکە لەسەر خۆشەویستەکەی دەڵێت، سەبا هەر لە تەلەفۆنەوە، گوتی:
- سەبووری دڵی من، ئاسوودەیی و خۆشەویستی من باخچەکەمە، سەبووری من بۆنێکە بەیانیان بەوپەڕی نەزاکەتەوە دڕژێتە ناو هەناسەم. بەیانیان ئەوان بە ڕوومەتی پڕ خوناوەوە چاوەڕێی پەنجەکانمن.
لەگەڵ ئەو وەڵامەدا، ڕادیۆکەم لە باوەش کرد، ماچ بارانم کرد و شەڵاڵی فرمێسکم کرد، چ دەعبایەکی بەختەوەرم. ئەو ڕادیۆیە بۆ ئەوەندە میهرەبانە لەگەڵ من. ئەو دەنگ و سەدایە سنووری خۆشبەختی نازانێ و بەلافاو بەسەرمدا دەڕژێت.
ئەو وتووێژەی سەبا تەنها حەوت خولەک بوو، بەڵام من لەسەر کاسێتێکی سەربەخۆ تۆمارم کردبوو، ڕۆژانە دەیان جار گوێم لێدەگرتەوە. شادی وەک سوپای مێروولە لەژێر پێستمەوە هێرشی دێناو ئەوەندە نەبوو شەقوپەقم کات.

ئومێد تەنها فەرهادی سەید فارسی دەرهێنەرە. دەیان جار بەنیازی تەلەفۆن بۆ کردنی، ژمارەکەیم دەنووسی و ڕەشم دەکردەوە. ئێوارەیەکی درەنگ هێزم دایە خۆم زەنگم بۆ لێ دا. ئەو وەک چاوەڕێم بێت، یەکسەر گوتی:
- زۆرم هەوڵ دا ڕازی نەبوو ژمارەکەی بدەم بە تۆ.
من گوتم:
- زۆر پێویستە. دەمەوێت بیناسم.
ئەو شارەزایانە و زۆڵانە گوتی:
- بیناسی، یان دڵی وێران کەی.
من گوتم:
- وێران. ئەو بۆ خۆی بنیادنەر و ژیان بەخشە.
ئەو گوتی:
- منیش زۆر بێ کەڵک نیم. هەنگاوێک چوومە پێشێ.
من کە لە دەنگیدا هێزێکی تازەم دیبوو، هەناسەکانیم دەژمارد و خۆم لە ترپەی دڵی مەڵاس دابوو. ئەو بەردەوام بوو:
- لە کۆتاییدا ڕازیم کرد کە ژمارەکەی تۆی بدەمێ. کەنگێ بۆی گونجا ئەو بۆ خۆی زەنگت بۆ لێ بدات.
ئەو ئامێر مۆبایلە پلاستیکییەش لە بەخشندەییدا هەر بێ سنوور و دڕندەیە، ئاخر دەکرێ بە هەواڵێکی ئاوا لە ناکاو، دڵێک پارچە پارچە بێت.
دەمویست ئەو فەرهادە بە پێڵاوەوە، بە جل و کاتژمێرە قورسەکەیەوە، بە ڕیشە کورتە زبرەکەیەوە (هەرچەند هەرگیز نەمدیبوو) لە نووکی پەنجەی پێمەوە بێتە ناو دەماری خوێنم و بە کەیفی خۆی خڕۆکە سوور و سپییەکانم بشێلێ و پلازمای خوێنم لە قەڵتاخی پێڵاوەکانی بئالێ و هێواش هێواش بێت و بە پیاسەوە بێت، تا پایتەختی وێرانی دڵم. جا بەوپەڕی هێمنی، بەسرتەوە ئەو هەواڵە شیرینە بە خانەیەکی بچووک و بێدەنگی سکۆڵەی چەپم بڵێت، تا نەلەرزم و بەرگەی ئەو هەموو خۆشبەختییە بگرم.

***

هەموو ئەو دەنکە گەنمانەی بە هەر شێوەیەک کەوتبوونە بیابانی تەمەنم، بارانیان بەسەردا باری، هەموو چرکەیەک هەستم دەکرد یەکێکیان دەتەقێتەوە و چەکەرە دەکات و سەر دەردێنێ. چ شیرینە بۆنی قەرسیل و خۆشەویستی پێکەوە.
مۆبایلەکەم چاوەڕێیە، شاشەکەی تامەزرۆی ژمارەیەکی نەناسراوە. هێڵ و تیشک و موگناتیسی مانگە

دەستکردەکان لەسەر هەوای پێشوازین، چاوەڕێ بووین ژمارەیەک کە نازانم چەندە، بکەوێتە سەر شاشەکەو بلەرێتەوە. ژمارە نەناسراوەکان، جارێک هەڵە بوو، جارێک برادەرێک ژمارەکەی گۆڕیبوو، جارێک لە بەرنامەیەکەوە هەواڵیان پرسیم، وەک برووسکە وەڵام دەدەمەوە.

دەزانم پێش زەنگەکە دەبێ نیشانەگەلێک هەبێت، نیشانەگەلێک بەلای کەم هێندەی نیشانەکانی پێش بوومەلەرزە نهێنی بێت، وەک نزیک بوونەوەی مانگ، یان گێژەڵوکەی لەناکاو، تا ئەو ڕۆژەی لە دەنگی فرەی دەیان چۆلەکە بە ئاگا هاتم کە شەو لە پەنجەرەی دانەخراوی ژوورەکەمەوە هاتبوونە ژوورێ. هەر ئەو ڕۆژە ئەو گۆرانییەم بۆ یەکەم جار بیست «من دێم پێش مەرگ دێم» زەنگی مۆبایلەکەم لێی دا، ئەو لەو سەرەوە گوتی:

– دەنگم دەناسییەوە.

من گوتم:

– ئەوە دوازدە ڕۆژە گوێم لە دەنگت نەبووە. دواجار لە بەرنامەی دەنگی شارەکەم باسی دایکت کرد، لەو ڕۆژەوە دەنگت چینێک باڵای کردووە.

ئەو گوتی:

– تۆش، قسەکانت ڕاست بە دڵەوە دەنووسێن.

سێ خولەک و بیست و هەشت چرکە قسەمان کرد. ئەو سێ خولەکە ڕەنگێکی تازەی بە ڕەنگی خۆڵەمێشی ژیانم بەخشی.

لە ماوەی نۆزدە ڕۆژی داهاتوودا نۆزدە جار بە تەلەفۆن قسەمان کرد، لەسەر ژیان، لەسەر خوێندن، بەرنامەکانی ڕادیۆ، لەسەر دایک بیروڕامان گۆڕییەوە. لەو نۆزدە جارەدا سەد و چل و حەوت خولەک قسەمان کردبوو. هەموو پێوەندییەکانم تۆمار کردبوون. خۆشیی ڕۆژانە گوێگرتن بوو لێیان. بە پیاسەوە گوێم لێدەگرتن لە چاخانە دادەنیشتم و گوێم لێدەگرتن. لە کاتی نانخواردن و چا خواردنەوە. لەگەڵ خۆم دەمبردنە ناو گەرماو شەوانەش لەژێر بەتانییەکە بەسەدای سەبا دەنووستم. بێ ئەوەی بڕیارم دابێت هەنگاوێک بچمە پێش، چونکە ئەوەش بۆ من زۆر بوو. دوای سێ مانگ لەو پێوەندییە شەوێک درەنگ زەنگم بۆ لێ دا. ئەو چاوەڕێ بوو، گوتی:

– نەخەوتووی؟

من گوتم:

– گوێم لە دەنگی تۆ گرتبوو.

ئەو پرسی:

– لە کوێ؟

من گوتم:

– لەسەر کاسێتەکەی خۆم. من هەموو قسەکانی تۆم لای خۆم تۆمار کردووە و هەمیشە گوێیان لێ دەگرم و لەگەڵیان دەژیم.

ئەو گوتی:

– ئۆی تۆ چەند وردەکار و دڵگیری.

من وەک ئیلهامم بۆ هاتبێ پرسیم:

– جارێک لێیان پرسیت خۆشەویستت هەیە؟ تۆ گوتت بەڵێ خۆشەویستی من باخچە و گوڵەکانمە. ئێستاش هەروای؟

ئەو بەوپەڕی سەرسامییەوە پێکەنی و گوتی:

– تۆ دەزانی.

– چۆن من دەزانم؟

ئەو بەپەلە گوتی:

– دڵ شوێنی هەڵگرتنی خۆشەویستییە، دڵیشم لای تۆیە.

تەلەفۆنەکەی داخستەوە، منی کاس و شاگەشکە جێ هێشت.

من هەم، ئێستا هەم، هەم و دنیا وجوودی هەیە. دەست لە دنیا دەدەم دەست لە وجوودی خۆم دەدەم. چ خۆشە هەبێ. هەبێ و شوێنێک داگیرکەی، لە هەوادا نا وەک تەنەکەی خۆڵ. شوێنێک لەدڵدا، لە قووڵایی خوێندا، نوورێک کە نازانم لەکوێوە دەڕژێتە ژوورەکەمەوە، گەرماکەی بەرپێستی کون کون و گرێ گرێی ڕوومەتم دەکەوێت.

ئەو نەخۆشییە قورسە چییە لە منداڵیدا سەری داوم و شوێن پێی خۆی هێندە دڵڕەقانە لەسەر ڕوخسارم جێ هێشتووە. بیر لە جوانی دەکەمەوە، خۆم دەشۆم ئاو جگە لە چڵک و پیسی، خەم و پەژمووردەییش لەگەڵ خۆی دەبات. من ئاوێنەم نییە، لەبەر ڕوخساری دنیا هەر بە پەنجە باریکەکانم قژم ڕێک دەخەم، قژم جێگای شانازی و دڵخۆشییە خاو و لووس و نەرم، تا سەر بڕۆکانم دەیهێنمە خوارێ. لە دڵمەوە کانییەک هەڵدەقوڵێ، قوڵپ قوڵپ دەڕژێتە ناو هەوای ماڵەکەمان و باخچە و دەرگا و پەنجەرە کۆن، دەنگی ڕیشۆڵەکانی سەر تەلی کارەباش ڕەنگ دەکات. هەست بەو دڵە تازە و ناسک و شەرمنە دەکەم کە تازە هاتۆتە ناو سینگم. ئیدی هیچ حەز بەو دڵە کۆن و تەپیو و ماندووەی خۆم ناکەم و دەمەوێت بە هەر بیانوویەک بێت، شەقێکی تێهەڵدەم و تا خوا حەز کات دووری خەمەوە.

دوای سێ ڕۆژ، دوای چەندان جـــار زەنگ لێـــدان، بەوپەڕی شەرمەوە وەڵامی دامەوە. من خێرا گوتم:
– دەترسم ئەو خوێنە ڕەش و مـاندوو و سـەرگـەردانەی من شـایانی ئەو دڵە ناسک و ڕەنگینەی تۆ نەبێت وا بە ئەمانەت خستووتە ناو سنگمەوە.
ئەو بەوپەڕی شەوقەوە گوتی:
– یەکـەم بە ئەمـانەت نا و بۆ ئەبەد. دووەم خـوێنی تۆ ئاڵ و شـیـرینە، جگە لەوانـەش من دڵێکم بۆ ناردووی پڕ پڕە لە خوێن.

***

پێشـتـر تەنهـا دەنگ و سـەدا و هەناسـەی گـیـرۆدەیان کـردبووم، گـرتبـوویانم و زیندانیـان کـردبووم، ئەوەتا جـار لەدوای جـار، وتە و قـسـەکـانی، ڕسـتـەو بیـروڕا پـڕ پڕ لە هەنگوین و خـۆشـەویسـتـییـەکانی تەواو داگـیـرم دەکەن و ڕوح بەستەم دەکەن.
چ داگـیـرکـەرێکە بەدەسـتـێک تۆوی نێـرگز فـڕێ دەداتە سـەر پەڵەکـانی دەمـوچاوم و بەدەسـتـێکی دیکە باران هەڵدەداتە ناو بیـــابانی دڵم و بە هەناســـەیەک نوور دەگەیەنێتە ناو دیدەم.
هەمـوو ڕۆژێ تەلەفـۆن و هەمـوو ڕۆژێ قـسـە، هەمـوو ڕۆژێ خـۆشـەویسـتی و دڵ گـۆڕینەوە، هەمـوو ڕۆژێ تۆمارکردنی دەنگ و هەموو ڕۆژێ کاسێتی نوێ.
ئەو چەندان جار داوا دەکات یەکتر ببینین و من دەڵێم "بینین!" ئەو ئاشکراتر دەڵێت:
– حەز دەکەم چاومان بە یەکتر بکەوێت.
من دەڵێم:
– چاو؟
ئەو دەڵێ:
– ئا، چاو، چاومان بە یەکتر بکەوێت و یەکتر ببینین.
من دەڵێم:
– بینین؟ یەکتر بینین؟
من بە کـوڵ، بە دەنگەوە دەگریم. دەگـریم و مۆبایلەکەم تەڕ دەبێت.
ئەو دەڵێ:
– بۆ هێندە دەگری؟
من دەڵێم.
– بۆ بینینی تۆ.
– ئەو دەڵێ:
– کەوایە هەر لە بەیانی زووتر نییە. وەرە و ببینە.
من دەڵێم:
– دوای سەد ساڵی دیکەش بێت ئەوە ئاواتی منە.
ئەو شپرزەو سەرسام دەڵێ:
– بۆ سـەد سـاڵی دیکە، بەیانی دەتوانی چاوت پێم بکەوێت.
من دەڵێم:
– چۆن؟
ئەو دەڵێ:
– زۆر ئاســان، بەیانی یەکـتـر دەبینین و چاوت پێم دەکەوێت.
من بەوپەڕی دڵڕەقی و حوزن و خوێنەوە دەڵێم:
– ئاخر من چاوم نییە، من کوێرم.
تەق تەق، ئەو مۆبایلەکەی لێ دەکەوێتە خوارێ، ڕوحی بەدیوارە چەورەکەی چێشـخانەکەیانەوە دەنووسێ، دەیان کـەوچک و قـاپ بەردەبنەوە، هەناسـەی وەسـتـاو زمـانی لەگۆ کەوت.
دەڵێم "**خودایە من چ کارەساتێکم**"، دوای چەند، دوای چەند، دوای چەند لە خامۆشی بە دەنگێک کە بۆ یەکەم جار بوو لە گەرووی ئەوەوە بێت پرسی:
– چی؟ چۆن؟ کـــوێر؟ تۆزێک چاوت کـــزە؟ واتا چاوێکت تەواو نییە؟ واتا.. گاڵتەم لەگەڵ دەکەی؟
من، نازانم وەڵام بدەمەوە، دەڵێم:
– ئا، ئا، گـاڵتـە دەکـەم، بە گـاڵتـەوە کـوێر بووم، نەخۆشییەک کە من لەبیرم نییە سەری داوم، دەموچاومی کون کون کردووە و چاوەکانمی بۆ هەمیشە بۆ خۆی بردووە.
ئەو نایەوێت باوەڕ بکات و دەڵێ:
– نەخۆشی، چاک دەبیتەوە.
من وەک دڕندەیەک جـەرگی خـۆی شـەق شـەق کـات دەڵێم:
– نا، من هەرگیز چاک نابمەوە، من لە زگماکەوە کوێر و نابینام، من دەنگی تۆم خـۆش ویسـتـووە، لوتف و قسەی تۆم خۆش ویستووە، لەڕەو هەناسەی ناو ڕادیۆ و بەرنامـە ڕاستەوخـۆکان و شـەپۆلەکانی هەوای تۆم خۆش ویسـتـووە، ئێـسـتـاش دەکـرێ هەتا هەم بە دەنگی تۆوە بژیم.
ئەو وەک لەگەڵ خۆی بدوێت، دەڵێ:
– زەمـەن چەند دڵڕەقـە، قـەدەر چەند بێ ئامـانە، ژیان چەند وەحشی و دڕندەیە لەگەڵ من، جارێک لوتفی کرد و بەخۆشەویستی ناساندم، دەرگای دڵی بۆ کردمەوە، دڵی بردمـە ناو قـەفـەزی سینگێکی دیکە، بەڵام ئەویش وەک خۆم نابینا، وەک خۆم کوێر و تاریک.

**مانگی یەکی/ ٢٠١٤/ هەولێر**

*** پێشکەشە بە ڕۆژگاری هاوڕێم و هەموو ڕۆشن دڵان.**



# مەملەکەتی سەگەکان...

**حەکیم کاکەوەیس**
**(کەرکووک)**

**لەگەڵ دوو دڵۆپە فرمێسکی گەرمدا، پێشکەشە بە گیانی پاکی (لۆخە)ی برام...**

پێش ئەو ڕۆژەی بچمە مەملەکەتی سەگەکانەوە، یان ئەوان ڕێم لێ بگرن، جاروبار لە خۆمم پرسیبوو: "ئەگەر مرۆ نەبێ، سەگ دەبێ بە چی؟" هەمیشە وەڵامی خۆمم دەدایەوە کە ئادەمیزاد نەبێ، سەگ دەبێ بە گورگ و گورگیش نەختێ لەوەی هەیە هێورتر دەبێ و لە ئەنجامدا لێک نزیک دەبنەوە! وەنەبێ هەر پرسیاری چارەنووسی سەگم لە خۆم کردبێ. باسی چارەنووسی مەڕ و بزن و کەر و مانگاشم کردووە... ئیدی ئەو گیاندارەماڵییانەی بەرگەی ژیانێک دەگرن کە مرۆڤی تێدا نەبێ، سروشتیان دەگۆڕێ و بە پێی خۆگونجاندن دەمێنن، بەڵام ئەو ئێوارەیە زانیم سەگ، ئەگەر بشبن بە گورگ شەهامەتیان هەر دەمێنێ... سەگ کەسایەتی خۆیان هەیە... تەنانەت نەریتی خۆشیان هەیە. تاکە شتێک کە سەگ لێی بترسێ ئەوەیە کە سەری لێ دەرنەکا... سەگ، لە دەنگی بڵندگۆی مزگەوت و تۆپی دوورهاوێژ و کۆپتەر و هەورەتریشقە دەترسن، چونکە نازانن سەرچاوەیان لە کوێوەیە.

تازە گوندەکان ئەنفال کرابوون، من ڕێم کەوتە گوندێکی وێرانکراو، کە بێجگە لە سەگ، کەسی تێدا نەمابوو. ئارد و ساوەر و پێخەف و جلوبەرگی خەڵکەکەش، هەرچی تاڵانیش نەکرابوو، کەوتبووە بن خۆڵ و داروپەردووی خانووەکانەوە و دوورەدەست بوو. سەگەکان، برسی بوون و برسێتیش ڕەگی هاربوونی بە دەمەوەیە. کە منیشیان بینی، بۆ ئەوان تۆپەڵێ گۆشت بووم و بۆ خواردن بەکەڵکیان دەهاتم... نا، هەر ئەوە نا! ڕەنگە وایان لێکدابێتەوە من دەستدرێژیم کردۆتە سەر مەملەکەتەکەیان. ڕەنگە منیان بە هۆکاری وێرانکردنی گوندەکەیان زانیبێ. ئەی منیش وەک

ئەنفالچییەکان بەشەر نیم؟! بەڵام لە ئەنجامدا زانیم کە سەگ، بە برسێتیش کەرامەتی سەگبوون و یاسای دۆستایەتی خۆیان لە دەست نادەن و دڵسۆزانە ئامادەی هاودەمێتی مرۆڤن، بەڵام مرۆڤێک لە زمانیان بزانێ و مەملەکەتیان وێران نەکا.

ڕێیەکە، وەک پیتی (ر) بە لای گردۆلکەیەکدا سەرەوخوار لار دەبووەوە و یەکسەر دەگەیشتە یەکەم خانووی داتەپیوی گوندەکە، کە تەنها لادیوارێکی بە پێوە مابوو، کە من لە دیوارەکە نزیک بوومەوە، لە دوو لاوە، لە دامێنی گوندەکەوە سەگم بۆ هاتن. هەشت نۆ سەگ بوون... ڕەنگە زیاتریش بووبن. کە دەهاتن، هەندێ جار دەکەوتنە پەنا دیوار و کۆمەڵە خشتەکانەوە و لە چاو بزر دەبوون، هەندێ جاریش یەک بە دوای یەکدا دەردەکەوتن. بیرم بۆ ئەوە دەچوو هەم برسی بن هەم تووڕە... ئەمانە زەنگی جەنگیان لێدەدا و پێیان وابوو هەموو بەشەرێک ئەنفالچییە و ئەوەی ڕێی بکەوێتە گوندەکەیانەوە، کە مەملەکەتی خۆیان بوو، خانووەکان دەڕووخێنێ و خەڵکەکە دەکوژێ... منیش بۆ ئەوان ئەنفالچی بووم، یان هەر پێیان ناخۆش بوو چوومەتە گوندەکەیانەوە و هیچی تر. پێ دەچوو پێیان خۆش نەبێ سنووریان ببەزێنم و خۆم بە مەملەکەتەکەیاندا بکەم.

فریا کەوتم بەردێک هەڵگرم، بەڵام وەک ئەوەی پێشتریش ئەوە پیشەیان بووبێ، دەوریان گرتم. لە لای ڕاستەوە و لای چەپەوە و بەرەوڕوو، پشتم بە دیوارەکەوە بوو، نیوەبازنەیەکیان بە دەورمدا پێک هێنابوو و چرکە بە چرکە نیوەتیرەی نیوەبازنەکەیان کورت دەکردەوە. وای بۆ دەچووم بە تەما بن، کە چاک نزیک کەوتنەوە، پێکەوە پەلامارم بدەن.

"کە سەگت بۆ هاتن، لە جێی خۆت دانیشە!". ئەوە دەنگێک بوو لە زاری باپیرمەوە، لەودیو بوونەوە، لە غەیبەوە هات. من منداڵ بووم و لە سەگ دەترسام. ئەویش ئەو تەمێیەی کردم. "لە جێی خۆت دانیشە! ئیتر وازت لێ دێنن" نەمکرد بپرسم: "ئەی ئەگەر سەگەکان ماڵیان لێ تێکچووبوو و کولانەیان ڕووخابوو و منیان بە سەبەبکار زانی؟! ئەی ئەگەر بە بێ پرس و بێ پاسپۆرت خۆم بە مەملەکەتیاندا کرد؟، بەڵام ئەو پرسیارانەم نەکردبوو. باپیرم، سەری لە سروشت و بوونەوەری ناو سروشت دەردەکرد. دەیزانی کەی باران دەبارێ و چۆن خۆی لە ناو بەفردا تەقەت دەکا و کەی دەچێتە ڕاو و چ خاکێک دومەڵان دێنێ و بیابانییەکان کەی تاڵان دەکەن و کەی دەپارێنەوە... دەیزانی بۆ خاکەلێوە چەندی ماوە، یان کەنگێ پەڵە دەدا. ئەو خۆی بەشێک بوو لە سروشت... "مەترسە کوڕم! ئەگەر سەگت بۆ هاتن، لە جێی خۆت دانیشە! مەترسە چونکە سەگ بۆنی ترس بە دوژمنایەتی دەزانن! ئەوەی پەلامارت دەدا سەگ نییە، ترسی خۆتە!".

باشە! بە ئەسپایی بەردەکەم فڕێدایە بەردەمم. یەک بەرد چی بەو هەموو سەگە دەکا؟ دەمزانی ئەگەر بۆ بەردی دووەم داچەمێم، دێنە کۆڵم و یەکێکیان پشتەملم، یان ناقرگەم بە دەمەوە دەکا و ڕەگی خوێنم دەبڕێ و یەکێ نەرمایی ڕانم دەگرێ و یەکێکی تریان گوڵمەی پاشەڵم و بە یەک تەکان تەختی زەوییەکەم دەکەن. سەگ مەراقیانە نێوانە هەردوو ڕانی نێچیر بە دەمەوە بکەن و لەوێوە ڕەفیسکی بپسێنن. کەڵبەیان گڕ کردبۆوە و وەک گورگ چەقەی شەویلەیان دەهات. ئەوەندەی دەیانمڕاندەوە نەدەوەڕین. وردە وردە دەهاتنە پێشەوە و کەڵبەیان سپی دەچوونەوە، خوێن بەر چاوی گرتبوون. کەڵلەزلێکیان، دیار بوو زۆر خزمەت کرابوو، یەکەم هەڕەشە بوو لە سەرم. ئەمەیان لیکاو لە دەمی دەهات. خاڵێکی ڕەش بە دەوری چاوی چەپییەوە بوو و هەردوو گوێچکەی بڕابوون. ئەو کەڵلە زلە، پێ دەچوو فەرمانڕەوای مەملەکەتی سەگەکان بێ. دوو دڵ، یەکێکیان گوانەکانی شۆڕ ببوونەوە و پێدەچوو زۆر نەبێ تەرەکیبێ، لە پشتەوەی سەگە کەڵلەزلەکەوە بە کەڵبەی گڕ و چاوی هەڕەشە ئامێزەوە ئامادەی پەلاماردان بوون. ئەگەرچی خەیاڵم تەنها لای سەروکەڵلە و کەڵبەیان بوو، بەڵام لە ماوەی یەک چرکەدا، خەسڵەتیانم دەخوێندەوە.

"ئەگەر سەگت بۆ هاتن، لە جێی خۆت دانیشە"، بەڵام نەمدەوێرا کتوپڕ دانیشم. چۆن دانیشم و خۆم بخەمە بەر بەزەیی ئەو هەموو کەڵبە تیژ و سپییانە؟! داشنەنیشم، مردن وەک سەگەکان دەوری تەنیوم. "دانیشە، کوڕم دانیشە! ڕەنگە میزیشت پێدا بکەن، بەڵام لەوە باشترە بتکوژن!"

دەبوو بزانم کەی بەرد دەوەشێنم و کەی دادەنیشم و قەبووڵ دەکەم سەگ پێمدا بمیزن. ئەو ساتە، ساتی دانیشتن بوو. خۆ مرۆ لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆشیدا تووشی

بارودۆخی وا دەبێ، کەچی گلەیی لە بیابانشین دەکا گوایە دەستی بڕوا چی دەکا و دەستی نەڕوا چۆن دەکا. بێ دەسەڵاتانە هەردوو باسکم شۆڕ کردنەوە و بە کزییەوە گوتم: "چیتان لێم دەوێ؟ ئێ خۆ منیش وەک ئێوە خانەوێرانم! خۆ منیش وەک ئێوە سەگێکی بێ خاوەنم! ئێوە، خاوەنتان ئەنفال کراوە، بەڵام من خاوەنم جێی هێشتووم! خاوەنم، منی هەواداوەتە بەردەمی ئێوە بۆ ئەوەی خۆی دەرباز بێ!" ئەوانەم بە دەنگێکی نەوی گوت. بەکاوەخۆ، بە دەم قسانەوە پشتم بە دیوارەکەدا دەخشاند... پێمدا دەخشاند و نەختێ ئەژنۆم دەنووشتاندەوە... بەردەوام بووم تا دانیشتم. لە سەرەتاوە، لە سەر چنچکان دانیشتم و دوایی کردم بە چوارمەشقی. "ئێ! ئێستا چیتان لێم دەوێ؟ منیش وەک ئێوە لێقەوماوم! منیش وەک ئێوە کوردێکی بەجێماوم!... ناوەڵا هێندەی ئێوە کورد نیم، بەڵام کوردم!". ئەو قسانەم بە دەنگی نەوی دەکردن. هەستم کرد قسەکردنم کاریگەری خۆی هەیە. گەماڵە چاوڕەشەکە نەختێ نەرم بوو. جارێ شەویلەی دادەخست و جارێ کەڵبەی دەردەخست و مرەمرەکانیشی، تا دەهات کورتتر دەبوونەوە. من حەکایەتم بۆ دەکردن. سەرم مات کردبوو و جاروبار سەرم هەڵدەبڕی: "ئێ! ئێستا تەگبیرمان چییە؟ بۆ نایەن پشتی یەک بگرین؟ دەی با لە دژی بەعس پشتی یەک بگرین و لە کۆنەوە گوتوویانە برا لە پشت برا بێ مەگەر قەزا لای خوا بێ! من برای ئێوەم!"

مرەمری سەگەکان کەم بووەوە. یەکێکیان هەستا و نەختێ دوور کەوتەوە و دوو سێ جار لووراندی. ئەوە گوان شۆڕەکە بوو لووراندی. بە خەیاڵمدا هات ناوی "داکی منداڵان" بێ. هەر دەتگوت دەڵێ: "من ئەوەتام ها لەیرە! خەمتان نەبێ دێمەوە لاتان!". منیش وەک ئەوەی لەگەڵ دۆستێک، یان کەسێکی خۆمدا قسە بکەم، بە سەگەکەم گوت: "واز بێنە با کەشف نەبین! خۆ منیش وەک تۆ بەچکەم هەیە و ناشلوورێنم". ئەوەم بە دەنگێکی بەرز گوت.

سەگ شەهامەتیان هەیە، ئەگەر لە زمانیان بزانیت، نەک هەر زەرەریان بۆت نابێ، بەڵکو بۆت دەبن بە پشتوپەنا. ئا، ئەوەم لە بیر چوو. باپیرم دەیگوت: "کە سەگت بۆ هاتن، چاو لە چاویان مەبڕە! هەوڵ بدە تەماشای چاویان نەکەیت. ئەگەر تەماشای چاویان بکەیت، وا دەزانن شەڕانیت و هەڕەشەیان لێ دەکەیت!" وای دەگوت. دەشیگوت: "هەوڵ بدە ددانت دەرنەخەیت، چونکە ئەوان لە دەرخستنی ددان و چاوزەقکردنەوە نیشانەی شەڕ دەخوێننەوە!". دیارە هەندێ مرۆڤیش خەسڵەتی سەگیان هەیە. تەماشای چاویان بکەیت تێکدەچن و دوور نییە چەقۆیەکی یایلی لە باخەڵیان دەربێنن و بتدەنە بەر چەقۆ... چەقۆ، لە بری کەڵبە! سەگ و مرۆڤ، لە هەندێ ڕووەوە لە یەک دەچن، بەڵام سەگ سەر لە خیانەت دەرناکات، جیاوازییە گەورەکەیان ئەوەیە.

لە دانیشتن ماندوو ببووم، بەڵام نەمدەزانی چۆن هەستم. نەمدەزانی ئەگەر هەستم سەگەکان کاردانەوەیان چۆن دەبێ! باپیرە سەگناسەکەم ئەو تەگبیرەی بۆ نەکردبووم. لە بری ئەوەی هەستم، شانم دادایەوە و پشتم لە دیوارەکە قایم کرد. هەوڵم دەدا تەماشای سەگەکان نەکەم، بەڵام بەردەوام قسەم دەکرد. دڵنیا بووم، ئەگەر بەردەوام قسە بکەم، ئاشنایەتی لەگەڵ دەنگمدا پەیدا دەکەن. هەرچۆنێ بوو، لە مەترسییە گەورەکە دەرچووبووم و تا ڕادەیەک دڵم خۆش بوو. بەر لەوەی تووشی سەگەکان بم، دڵم زۆر تەنگ بوو. بیرم لە حاڵی ئەو خەڵکە دەکردەوە کە بەر ئەنفال کەوتبوون. منداڵ و کچی جوان و کوڕی قۆز و پیرەژن و پیرەپیاو، هەموو چووبوون بە گەرووی ئەنفالدا. بیرم لە سەرگەردانی خۆم دەکردەوە. زۆرم بیر لە چارەنووسی خۆم نەدەکردەوە. گرنگ ئەوە بوو ئەو ساتەی تێیدا دەژیام، مەترسیم لە سەر نەبێ، بەڵام لە کاتی هەڵمەتی سەگەکاندا، هەموو خەمم گۆڕان و بوون بە ترس، کە ترسیش نەما، ئیتر دڵم خۆش بوو و دەشمزانی ئەو دڵخۆشییەم زۆر ناخایەنێ. ماوم. نەخوراوم. ئەها ئەوەتام پاڵم داوەتەوە! ئەوەتا بە زیندوویی لە مەجلیسی دیوانی سەگەکاندا، وەک ئاغای سەگان، بەرەو ڕووی هەموویان دانیشتووم و چاویان لە زار و ڕەفتاری منە. کار وا بڕوات، من دەبم بە فەرماندەی ئەوان و سەگە چاوڕەشە کەللەزلەکەش دەکەم بە جێگری خۆم. چۆنە خیتابیان بۆ بدەم... ئەی سەگە دڕە وەفادارەکان...

هەناسەیەکی ئاسوودەییم هەڵکێشا. نەختێ تەماشای ئەم لاو ئەولای خۆمم کرد. لەبەر خۆمەوە، بایی ئەوەی سەگەکان گوێیان لێم بێ، گوتم: "تۆ بڵێیی ئەم گوندە نانی تێدا نەبێ! ئەی پێخەف؟ ئەگەر ئێوە ڕێم نەدەن بڕۆم،

ئەمشەو چۆنی بگوزەرێنین، ها ؟! خۆ منیش وەک ئێوە برسیمە و شەویش وەک ئێوە سەرمام دەبێ. تەگبیرمان چییە ؟" خۆزگە وەڵامێکیان دەدامەوە، وەڵام نادەنەوە. گەورەیی سەگ لەوەدایە هەزاران ساڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەژی و نەبوو بە مرۆڤ. مرۆ فێرە وەڕین بوو و بیەوێ دەشلوورێنێ، بەڵام سەگ یەک وشە فێر نەبوو. ئەگەر سەگ لێویشی هەبا، ڕەنگە فێرە قسە نەبا. سەگ بە هۆی بێ لێوییەوە، فیکەش لێنادا... باپیرم دەیگوت: "فیکە بە برای بێ لێو مەکە!" سەگ برای بێ لێوی مرۆڤە!

تا ڕادەیەک ترسم شکابوو و جاروبار تەماشای گەماڵە سەرزلەکەم دەکرد. چیدی نەیدەمراند، تەنانەت دەمیشی دابچڕی و باوێشکێکی دا و زمانی کەوانەیەکی نیوەبازنەیی پێکهێنا. دەمی هێند گەورە بوو، جێی سەرمی تێدا دەبووەوە. ئیتر تەواو دڵنیا بووم. نا، ئەم سەگانە زەرەریان بۆم نابێ.

وەک ئەوەی فیلمی بەرەواژ بم و بە پێی پلان لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا لێبدرێمەوە، ڕاست بوومەوە و چوار مەشقی دانیشتم. ئەوجا کەوتمە سەر چنچکان. پشتم بە دیوارەکەدا خشاند. بە کاوەخۆ پشتم پێیدا خشاند. وردە وردە ئەژنۆم ڕاست دەکردنەوە تا قیت بەرانبەر سەگەکان ڕاوەستام. لە ماوەی بەسەرچوونی فیلمە بەرەواژەکەدا، بەردەوام قسەم دەکرد. گوێم لە سێ مرەمر بوو، بەڵام ترسناک نەبوون و چ کەڵبەم پیشان نەدرا. گورج دانیشتمەوە. دیسان هەستامەوە. هیچ مرەمر نەبوو. بە دەنگی بەرز پێکەنیم. هەندێ لە سەگەکان لمووزیان خستبووە سەر دەستیان. سەرزلەکە، لە سەر زگ کەوتبوو و سەری قیت ڕاگرتبوو، بەڵام جاروبار چاوی دەنووقاند. بە هۆی ئەو خاڵە ڕەشەی دەوری چاوی چەپییەوە، لەبەر چاوم بە مۆشی دایان دەچوو... خۆزگە هەزار (مۆشی)مان دەبوو! ئەم (مۆشی)یە مەملەکەتی خۆی جێ ناهێڵێ و مۆشییەکەی تر سەرباز و خەڵکەکەی خۆی جێ نەدەهێشت.

بەرەو لای چەپ هەنگاوێکم نا و بە باوەڕ بەخۆبوونەوە گوتم: "کوچ کوچ کوچ... وەرن دەی! کوچ کوچ کوچ جەرگەکانم وەرن دەی!". ئاوڕم دایەوە. هەموو سەگەکان تەماشایان دەکردم، بەڵام دوودڵ بوون. تەماشایان دەکردم و ڕاست نەدەبوونەوە. دیسان بانگم کردن. چ نەبزوان، بەڵام یەک دوو مرەمرەیان کرد. لە چاویان بزر بووم. نەختێ ترسام دیسان بێنەوە سەرم. لە ترسان، لە شوێنە نادیارەکەمەوە بانگم کردن... بە دەنگی بەرز بانگم کردن. دەتگوت لێیان بێ منەتم و ئەوان کاریان بە منە. بانگم کرد: کوچ کوچ کوچ!..." کە ئاوڕی دواوەم دایەوە، سەگە چاوڕەشە سەرزلەکەم بە دواوە بوو. نەخێر، یەک یەک و دوو دوو، ئەوانی تریش هاتن. گەیشتنە نزیکم و کەوتنە کلکەلەقێ.

لای شانی چەپمەوە، دیواری حەوشەی ماڵێک ڕووخابوو و دەرگا چینکۆکەش تێکشکابوو و کەوتبووە بن خشتەکانەوە. بە سەر خشتەکاندا چوومە دیوی حەوشەوە. یەکێ لە سەگەکان، بە دوودڵییەوە مراندییەوە. بیرم بۆ ئەوە چوو کە ئەو سەگە نانی ئەو ماڵەی خواردبێ... یان سەگی ئەو ماڵە بێ، بەڵام هەڕەشەکەی بە ساردییەوە بوو. منیش کوچ کوچم لێ کردنەوە. سەگەکان، یەک یەک و دوو دوو بە دوامدا هاتن. سەگە سەر زلەکە، کە لە خەیاڵی خۆمدا بە سەگێکی خانەدانم دەزانی، پێشم کەوت و کەوتە هەڵکۆڵینی بنی هەندێ خشت. گوتم: "دە وا بڵێ ماڵوێران! ئێرە نانی لێیە! لێرە بژێو هەیە، بژێو!". ئەوەم گوت و دەستم بە سەری سەگەکەدا هێنا. هیچ کاردانەوەی نەبوو. لەولاترەوە، دیرەگێک، سەرێکی بە بان دیوارەکەوە بوو و سەرەکەی تری، لە بن خۆڵ و بەردەوە، لە سەر زەوی بوو. هەوڵم دا لای بەرم. جێی سەرم لە نێوان دیوارەکە و دیرەگەکەدا کردەوە و ڕوانیمە ژوورەوە: هەشت نۆ دیرەگی تر سەریان لە زەوی بوو. تاخمی چایە و نان و سینی و سەرین و لباد... هەر یەکە و چمکێکی، یان نەختێکی دیار بوو. سینییەکە پڕ بوو لە خۆڵ و خاشاک. هەرچۆنێ بوو، خۆڵ و خاشاکی سەر دیرەگەکەم بە ئاسانی لادا و خۆم پێدا کرد. نان بەشی هەمووماني دەکرد. کە دەستم بۆ نانەکە برد، چوار پێنج مشک، هەر یەکە و بە لایەکدا دەرپەڕی. لە کەلەبەرەکەوە، نانم بۆ سەگەکان دەهاویشتە دەرەوە. نانەکان ڕەق بوون و زۆری ورد ببوو. سەگەکان نانەکانیان بە خرمەخرم دەخوارد. منیش کەوتمە خرمەخرمی نانخواردن. بەرماوەی مشکەکانمان دەخوارد... نا، من و سەگەکان پاشماوەی ئەنفالمان دەخوارد. من و سەگەکان، نانی ماڵێکمان دەخوارد بە گەرووی ئەنفالدا چووبوون.

جێ پەنجەی کەیبانووی ماڵەکە بە هەندێ لە نانەکانەوە دیار بوون، جێ پەنجەکان نەختێ زیاتر برژابوون. هەندێ نانم لەگەڵ خۆمدا دەرکردە دەرەوە و چوومە لای سەگەکان. هەر جارە و کەرتێکم دەدایە یەکێکیان و خۆشم بەردەوام دەمخوارد. سەگ نانی بدەیتێ لە بیرت ناکا. وەک مرۆڤ نییە کە چاکەت لەگەڵیدا کرد، پێتەوە بدا. نانم دەخوارد و بیرم لە پەنجەی کەیبانۆکە دەکردەوە: پەنجەی درێژ و باریک و بەخەنە... کچێکی شەرمنی باریکەلە و کەڵەگەت. چاوێکی لە تەنوورەکەیە و چاوێکی لە دەرگای حەوشەیە! ڕوخساری لەبەر هاڵاوی ئاگری تەنوورەکە، سوور هەڵگەڕاوە.

ترس نەما، برسێتی نەما. پشوویەکی باشم دا. خۆر، وردە وردە بەرەو ئاوابوون دادەکشا. هەستم بە ماندوویەتی دەکرد و کە ترسم نەما، خەریک بوو خەو دامگرێ. نەختێ سووڕامەوە، شوێنێکم بەر چاو نەکەوت لەو خانووەی نانەکەیانم خوارد، بۆ حەسانەوە گونجاوتر بێ. خۆم پێدا کرد. هەرچۆنێ بێ، جێیەکم بۆ خۆم کردەوە. جێیەکی پاشایانە. ڕایەخ و سەرین و جاجم. لێی ڕاکشام. زۆری نەبرد، یەکێ لە سەگەکان خۆی پێداکرد. نەخێر یەکێکی تر و یەکێکی تر. هەموویان لە دەورم گردبوونەوە. پێ دەچوو من تاکە پشت و پەنایان بم. منیش بەبێ ترس ڕاکشام.. یەکێ لە سەگەکان، سەری خستە سەر ڕانم. زۆری نەبرد، یەکێکی تریان سەری خستە سەر زگم. لە ئەنجامدا، دەورووبەرم بە سەگ تەنرا. ئەو سەگانەی دەیانویست لەتوپەتم بکەن، گەرمیان دەکردمەوە. بێباکانە دەستم بە سەریاندا دەهێنا و دەمدواندن. دەتگوت من تاکە بەشەری دنیام و لە من بەولاوە کەسیان دەست ناکەوێ بیکەن بە سەرکردەی خۆیان. نازانم کەی و چۆن خەوم لێ کەوت، بەڵام خەوێکی خۆش لەگەڵ سەگەکاندا، تا بەرەبەیان خەوتم.

* * *

لە گەڕانەوەدا، ڕێگام هەر بەو گوندەدا دەهاتەوە کە ببوو بە مەملەکەتی سەگ. ئەو ڕێیەی لە خوار دێیەکەشەوە دەهاتە گوندەکەوە، هەر وەک ڕێیەکەی سەرەوە بە پێچ بوو، بەڵام بە سەر جۆگە ئاوێکدا و بە ناو هەندێ شۆرەبیدا تێدەپەڕی و بە دەوری گردۆڵکەیەکدا، بەرەو سەرەوە لار دەبووەوە. هێشتا زۆرم مابوو بگەم، گوێم لە حەپەی سەگەکان بوو. نەختێ ترس دایگرتم، بەڵام دڵنیاییم زیاتر بوو. بە گورجی بەرەو پێشەوە هەنگاوم دەنا و بە سەر بەردەبازێکی گەورەدا، کە لە ناوەڕاستی جۆگەکە داندرابوو، بازم دا. سەگەکان بەرەو ڕووم دەهاتن، بەڵام زۆر بەکاوەخۆ بوون. جاروبارێ دەحەپین و یەک دوو جاریش مڕاندیانەوە. ئیدی بە کلک لەقاندن ڕووی دۆستایەتییان دەردەخست. سەگ بە کلکیشی دەری دەخا دۆستتە، یان دوژمن.

سەرنجم دا، سەگەکان لمووزیان خوێناوی بوو. بەرەو لایان چووم و ئەوانیش کەوتنە کلکەلەقێ. هیچ نەوەڕین. دەڵێکیان هات و نەختێ خۆی لێم هەڵسوو. سەرم لەو خوێنە سوڕمابوو... وای بۆ دەچووم کەرێکی بەرەڵا، یان مانگایەکیان کوشتبێ. ئەوە هەنگاوی یەکەمیان بوو بەرەو دڕندایەتی. بە دەم ڕێیەکەوە، لەگەڵمدا بەرەو ناو دێیە ڕووخاوەکە، بە پێچەکەدا سەرکەوتن. هێشتا نەگەیشتبوومە یەکەم خانووی ڕووخاوی خوار دێیەکە، زەلامێکی زگهەڵدڕاوم بینی، هەر لە دەم ڕێیەکە پاڵ کەوتبوو و دوو سەگیش سەریان تێ ژەنیبوو. وەک ئەوەی لە بیرم چووبێ ئەو سەگانە بوونەتە دڕندە، دەستم دایە بەردێک و بۆ دوو سەگەکەم هاویشت و بۆیان چووم. ئەوانیش زەلامەکەیان بەجێ هێشت و دوور کەوتنەوە. ڕێخەڵۆک و ناو زگی پیاوەکە هێشتا هاڵاوی لێ هەڵدەستا و هەندێکی هەڵڕژابووە ناوگەڵییەوە. پیاوێک بوو، تەمەنی لە دەوروبەری شەست ساڵیدا دەبوو... کەمێ زیاتر، یان کەمتر.

لاملی هەڵبڕابوو و لە هەندێ شوێنی باسکی، ئێسکە سپییەکەی بە دەرەوە بوو. ویستم تەرمەکە دوور بخەمەوە، بەڵام لە هەرکوێی ڕادەمام دەتگوت مینێکە و هەر دەستم پێی بگا دەتەقێتەوە. تەماشای هەردوو دەستی خۆمم کرد: ئەم دوو دەستە، نە خاکەنازن نە قازمە و نە دەمی شۆڤڵ. چۆن گۆڕێکی بۆ هەڵکەنم؟ لە ناخی بێ ئاگاییەوە بڕیارم دا وازی لێ بێنم. سەگەکان ئەو زەلامەیان ڕووت کردبۆوە. ئەوەی بە بەریەوە مابوو پزووی شەرواڵەکەی بوو بە دەوری کەمەریەوە... سەرم لێ شێوا بوو... لە بەر خۆمەوە دەمگوت: ئەمە لە زمانی سەگی نەزانیوە! لە ترساندا چاوی زەق بوونەتەوە و سەگەکانیش بە هەڕەشەیان زانیوە. هاواری کردووە و ئەمانیش بە وەڕین تێگەیشتوون. ئەمە، نە خۆی سەگناس بووە، نە باپیرێکی سەگناسی هەبووە!

من به دیار تەرمەکەوە سەرسام وەستابووم، سەگەکان کەوتنە نووزە نووز و هەموویان گوێ قوڵاغ بوونەوە. دەمزانی سەگ گوێی سووکە و دەنگەکان لێک جیادەکاتەوە... دەنگێ دڵیان خۆش بکا، وەڕینێکی کورت دەوەڕن و کلک بادەدەن. دەنگێکیش مەترسی تێدا بێ، وایان لێ دەکا بقروسکێنن و نەختێ بە دەوری خۆیاندا بخولێنەوە، ئەوجا ڕێی دەربازبوون بگرنە بەر. ئەمانە دەیانقروسکاند. کتوپڕ، بەرەو ناو شیوەکە تێیان تەقاند. منیش، بێ ئەوەی هیچم بیستبێ، بەرەو ناو دێیەکە بە پەلە ڕۆیشتم و خۆم کرد بە یەکەم خانووی ڕووخاودا. نەختێ چاوم گێڕا. شتێکی وەک کولانە، یان کوندەڵانم بەرچاو کەوت کە لادیوارێکی بە سەردا ڕووخابوو. خۆم پێیدا کرد. کولانەی مریشک نەبوو... کولانەی سەگیش نەبوو. کولانەی مریشک، مەگەر بە یەک ساڵ دەنا بۆنی نابڕێ. بۆنی تایبەتی مریشک بەری نادا. من بیرم لەو جێیە دەکردەوە، گوڕەگوڕێک پەیدابوو... گوڕەگوڕەکە، تا دەهات ئاشکراتر دەبیسترا... کۆپتەر بوو و پێدەچوو گوندە ڕووخاوەکان بەسەر بکاتەوە. ڕەنگە بۆ ڕاوەمامر هاتبێ، ئەگەرچی سەگ مامریان نەهێشتبوو... لەو ماوەیەدا، سەگ ببوونەوە بە گۆشتخۆر و گەڕابوونەوە سەر خەسڵەتی دڕندەیی... ببوونەوە بە گورگی مەترسیدار. جاران، سەگ بە لەتە نانێک دادەکەوت. هەندێ ماڵی مەڕدار سەپکیان بۆ سەگەکانیان دەکرد. سەپک، هەر بە سەموونی سەربازی دەچوو... سەگ وایان لێ هاتبوو، دوور نەبوو تەڕەش بخۆن. نان و برنجی بەرماوە و تەماتە و بامیەشیان دەخوارد. ئێستا سەگی ئەو گوندە چۆڵانە ببوونەوە بە گۆشتخۆر... گۆشتی کاڵ. ئەو سەگانە، تامی گۆشتی کاڵ و خوێنی گەرمیان کردبوو و ئاسان نەبوو دەستبەرداری بن. چۆن دەبنەوە بە سەگەکانی جاران؟! چۆن جارێکی تر بە سەپک و بەرماوەی خاوەنیان دادەکەون؟! بۆنی خوێنی گەرم و گۆشتی کاڵ، غەریزەی هەزاران ساڵی پێشتری لێ زیندوو کردبوونەوە.

کۆپتەرەکە نزیک بووەوە. نەخێر، هاتە سەر گوندەکە، بەڵام لە منەوە دیار نەبوو. بە بیرمدا هات: نامبینن، بەڵام نەکا سەگیان بۆ دۆزینەوەی بەشەر هێنابێ و بێتە بەر کونەکە و ئاشکرام بکا. سەگ چ مەتەڵێکە! هەستم دەکرد، کۆپتەرەکە بە بان سەرمەوەیە، بەڵام جووڵەم لە خۆم بڕیبوو. ماوەی سی چرکە دەبوو بە دیارمەوە بوو، بەڵام هەر چرکەیەکم لێ ببوو بە ساڵێک. سی ساڵ بە دیار سەرمەوە بوو... دەنگێکی ناخۆش و بایەکی بەهێز و ترسێکی کوشندە! ئەمە ڕاوە بەشەرە... نا، ڕاوی منیان دەکرد. دوور نەبوو بمگرن و بمبەنە ئاسمان و لەوێوە تووڕم بدەنە خوارەوە، کە مرۆ بوو بە نێچیر ئیتر قەڵەمی دەستوپێی دەشکێ. لە بنی بنەوە خۆم تەقەت کردبوو و ناوی خوام دەهێنا و دەترسام ئەوانیش بۆ دۆزینەوەم ناوی خوا بێنن. نەمدەزانی لە ئەنجامدا خوا لەگەڵ مندا دەبێ، یان ئەوان؟ گرەگرڕی باڵەکانی و هاژە و وژەی بایەکە و تەپوتۆز نەدەبڕانەوە. ناو کولانەکەش، کە پێم وابێ کۆنەکوندەڵان بوو، بۆنی خۆڵ و تۆزی پێ دەگەیشت. نازانم چی لەو گوندەدا مابوو وێرانی بکەن. ئەوەی مابوو ئەو کولانەیە و هەندێ لادیوار بوو و کولانەکەش کەوتبووە بن خشت و خۆڵەوە و لێیانەوە دیار نەبوو. هیچی تر بە پێوە نەمابوو. ئای چەندم پێ خۆش بوو بێ منەت لە کونەکە بچمە دەرێ و پێیان بڵێم: خۆتان ماندوو مەکەن، هیچ نەماوە وێرانی بکەن! پێم خۆش بوو پێیان بڵێم: تەماشای ئەو زەلامە زگدڕاوە بکەن، ئیتر دەزانن کەس لەم گوندە ناحەوێتەوە!

بەڵام ئەوانە هی ئەوە نەبوون ڕێنمایی بکرێن... خۆیان بە هەق و ڕاست و عاقڵ و زانا و لێهاتوو دەزانی و خۆیان لە سەرووی بەشەرەوە دەدیت و هەڵبژاردەی خوا بوون. کەڵکیان نەبوو. هەر ئەم داروودەستەیە، سەرۆکی زانکۆیەکیان بەند کردبوو و ئەشکەنجەیان دەدا. وەک وڵاغ خستبوویانە سەر چوارپەل و بۆینباغەکەیان بۆ کردبوو بە ڕێشمە و سواری پشتی دەبوون و هەتەهەتەیان لێی دەکرد. لە ماوەی دوو سێ مانگدا، شێتیان کرد، ئەوجا کوشتیان... دەیانویست ئاوها جەماوەرێک دروست بکەن جوولەکە بهاوێتە زەریاوە و فەلەستینێکی وەک خۆیان پێکبێنن، فەلەستینێک بەشەر تێیدا لەسەر چوارپەل بڕوا. خۆ هەموو کەس لە بواری زانستدا هەڵناکەوێ ببێ بە سەرۆکی زانکۆ، بەڵام هەموو ناکەسێک بۆی هەیە ببێ بە پیاوکوژ و بە کۆپتەرەوە ڕاوی مرۆ بکا. ئەمانە، ئەم فەلسەفەیەیان تفاندۆتە ناو دەمی بەرهەڵستکارانی خۆشیانەوە. بەرهەڵستکارەکانیشیان وەک ئەوانیان لێ هاتووە و بەهای بەرزیان گوللەیە. گرنگ ئەوەیە گوللەکانیان

گۆشتی مرۆ بسمێ و چزە لە هەناوی هەستێنێ... وەک
کەڵبەی سەگەکان، لە گۆشت و خوێن بچەقێ...
گرەگرِ هەر نەدەبڕایەوە. دەتوانین یەک سەعات بە سەر شەست دەقیقەدا دابەش بکەین. دەتوانین یەک دەقیقە بە سەر شەست چرکەدا دابەش بکەین. دەتوانین چرکەش بە سەر شەست شتی تردا دابەش بکەین و ئەو شتەش بە سەر شەست شتی تری لەخۆی بچووکتردا دابەش بکەین، تا کات بێ کۆتایی بێ و منیش لەو کونە دەرنەچم و چاوەڕوانی مەرگی خۆم بم. ئەو چرکانە بۆ وا درێژ دەبوونەوە؟! ئەم ڕوحەی من بۆچی جەستەی جێ نەدەهێشتم؟. ئەو سەگانە، بۆ وەک ئەو کابرا پزوولەبەرە زگدڕاوەیان لێ نەکردم؟ من باجی مانەوەم دەدا و باجەکەش زۆر گران بوو، زۆر. ئاخر ترسی مەرگ زۆر لە مەرگ ناخۆشترە!


لە ناو گورەگورِ و وژەی بادا گوێم لە دەنگی بنیادەم دەبوو، بەڵام نەمزانی چی دەگوت. نەمزانی بە چ زمانێک دەدوا. ئەو دەنگە بکوژی من بوو و لە مرەمرِی سەگەکان ترسناکتر بوو. ئەو فەرمانی مۆرکراوی کوشتنی منی پێ بوو، ئیتر هەرکێ دەبێ با ببێ! خۆ سەگەکانیش وەک ئەو فەرمانی کوشتنی منیان پێ بوو، بەڵام ئەوان بوون بە هاوڕێم... سەگ کەسایەتی خۆی هەیە و دەزانێ لەگەڵ کێدا ڕووبەڕووە، بەڵام ئەمانە نازانن.

لە ئەنجامدا کۆپتەرەکە دوور کەوتەوە. کتوپڕ، وەها دەنگی بڕا، دەتگوت کوژاوەتەوە. نا، من وام هەست دەکرد کتوپڕ بوو. کە دەوروبەرم کپ بوو، گوێم هەڵخست... دەترسام چەکداری دابەزاندبێ. من هەر لە کونەکە مامەوە. ماوەیەکی زۆر مامەوە و چینێ عارەقەم دەردابوو. ڕەنگە جواناوی مەرگ بووبێ نەک عارەقە. دنیا ئەوەندە کپ و خامۆش بوو، گوێم لە خوێنبەرەکانی ناو سەرم دەبوو.. وژژژ... وژژژ... وژژژ....

کتوپڕ گوێم لە حەپەی سەگ بوو. ئیتر هەستم بە ئاوەدانی کرد. گیانلەبەری ترم لەگەڵدابوون... ئەو گیاندارانە، کاتی خۆی بە سەپک دەژیان، کەچی ئێستا بوونەتەوە بە گۆشتخۆر. گەماڵە سەرزلەکە، هاتە بەر کونەکە. هەر دەتگوت پێم دەڵێ: وەرە دەرەوە ڕۆیشتن! مرەمرەکەی وای دەگەیاند. نووکی لمووزە ڕەشەکەی دەسووڕاند. دەتگوت تێمدەگەیەنێ کە بە بۆن شوێنەکەمی دۆزیوەتەوە. من کە دەرنەچووم، ئەویش سەرە زلەکەی و دەمولەوسە خوێناوییەکەی لە سەر دەستی دانا و بەرانبەر کونەکە وەرکەوت. دە تۆ سەیری ئەو سەگە! هەر ئەمرۆ زەلامێکی لەتوپەت کردووە و ویژدانیشی ئازاری نادا! هەر دەڵێی هیچ نەقەوماوە!! تۆ بڵێی بەشەری مرۆکوژیش وا نەبێ؟!

دوای ئەوەی دڵنیابووم کەس لەو ناوە نەماوە و ئەگەر هەبوایە ئەو سەگە نەدەهات، منیش بە زگەخشکێ، بەڵام پاشەوپاش هاتمە دەرێ و نەختێ خۆم تەکاند. چاوم لە چاوی سەگەکە بڕی و گوتم: "ها... سەلامەت بوون؟! ئا ئا سەلامەتن. خۆ تەقە نەکرا. ئەی پێم بڵێ بۆچی واتان لەو پیاوە کرد؟! جا هەر ئەوە مابوو ئەوەی لە دەستی ئەوان دەرباز دەبێ، ئێوە ورگی بدڕن! لە ئاسمان کۆپتەر و لە زەوی سەگ!".

ئەو سەگە مرۆخۆرانە، ببوون بە هۆی سوکنایی من. کۆپتەر بهاتبا، ئەوان زۆر لە پێش مندا هەستیان پێ دەکرد و ڕاستەوخۆ ئاگاداریان دەکردمەوە. لە ڕاستیدا، پاسەوانگەلێ بوون کە نەیاندەزانی خیانەت چییە. پارەی دنیا ڕەوشتی تێکنەدەدان، بەڵام هەر دەبوو جێیان بهێڵم و بڕۆم. بڕۆم بۆ ناو ئەو بەشەرانەی کە هەندێکیان بۆ دەربازبوونی خۆیان، نەک هەر هاوڕێی خۆیان، بەڵکو بابی خۆشیان بە دەستەوە دەدا. دەبوو بڕۆم بۆ ململانێی خیانەتکردن... نەیخۆم دەمخوا... نەیکوژم دەمکوژێ... نەیدەم بە دەستەوە، دەمدا بە دەستەوە... با بڕۆم... با بڕۆم بەرەو گلاوبوون... من چۆن لە مەملکەتی سەگەکاندا، لەگەڵ (مۆشی)یەکی دڵسۆزدا هەڵدەکەم؟! من فێرم دەستخەڕۆ بکرێم.



# قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم

## (نۤ وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ)

**دیدار مەسیفی**
**(کەنەدا)**

ئەوەی من بزانم لە نێو کوردان کەس لە باوکم زووتر پێی نەناوەتە سەر خاکی ئەمریکا. ئەوەیش شتێک بوو هەردەم خۆشی و ناخۆشی وێکڕا دەهێنا نێو زەینم و هێندێک جار منی دەگەیاندە لووتکە و هێندێک جارانیش لە قووڵایی شەرمەزاریدا بەجێی دەهێشتم. من بۆ خۆم لە تەمەنمدا نە باوکمم بینیبوو، نە بەم مێژووەیش ئاشنا بووم، کە تێیدا ئەو پیاوە نامۆیە بۆ ئەم خاکە دوورە سەفەری کردبوو. لێ، لە زاری دایکمەوە ئەوەندەم شت سەبارەت بەم سەفەرەی بیستبوو، وەهام لێ هاتبوو وێنای باوکم لە تارمایی ئەو کەسەیش ببینمەوە کە ڕێک بەر لە سی ساڵ لە هەواڵێکی گوماناویدا ئاڵای ئەمریکا لەسەر مانگ دەچەقێنێت. من ئەگەر لە هەمان ڕۆژدا لە دایک بووبم و دواتریش لە ئەمریکا چیرۆکی ڕاستەقینەی مەرگی ناروون و نائاسایی باوکمم بە هۆی خەونێک بە چاوی خۆم ببینم... ئیتر چ پێویست دەکات جارێکی دیکە باوکم بە (نیلّ ئارمسترۆنگ)، یان بە پیاوێکی دیکە بچووێنم، یانیش هەر لە سەرەتاوە ئاخاوتنیکی نادروستی وەهام بە زاردا بێت و بڵێم: " ئەوەی من بزانم کەس لە نێو کوردان لە باوکم زووتر پێی نەناوەتە سەر خاکی ئەمریکا!"

(نیلّ ئارمسترۆنگ)...(نیلّ ئارمسترۆنگ)...ها ها ها....ها، پێدەکەنم و لە ئاست ئەم ڕێکەوتەدا ڕادەمێنم و بە خۆم دەڵێم: " ئای دلۆ.ئای..ئای کە سەیرە! لەم سەروەختەی تۆ بۆ یەکەم جار و یەکەم چرکە ساتەکانی تەمەنت سەرت دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕانە سپی و خوێناوییەکانی دایکت، لە دووری دوورەوە پیاوێکی ئەمریکایی کە بە زمانی شیرینی کوردی ناوی دەبێتە (پاڵەوانی بازووئاسنین) ئاڵای ئەمریکا لەسەر مانگ دەچەقێنێت!؟"

لە بیرمە پێنج، یان شەش ساڵێک بوو کەوتبوومە بەر خوێندن و تازە وانە سەرەتاییەکانم دەخوێند، ڕۆژێکیان

دایکم لە خەفەتی دووریی باوکم ناوی ئەمریکای هێنا و گوتی " دەڵێیت ئەم ناوە کوردییە و لە (ئەم ڕێگا) وە هاتووە- دەستێکی بە سەرمدا هێنا- کوڕم دە بخوێنە و لەم ڕێگایەوە هەواڵێکی باوکتم بۆ پەیدا بکە!" من لە ئاست ئەم قسەیەی دایکم خۆمم لە ژێر باری فەرمانێکی سەختدا دەبینی و لە ژێر لێوانمەوە دەمگوت: " ئەمرکە دایە... ئەمرکە.. ئەمریکا!" لە ژێر کاریگەریی ئەم ئاخاوتنە پێشینەی نێوان دایکم و مندا، قەڵەمێکم دەگرتە دەست و دەمنووسی کە ئایا (ئەم ڕێگا)بووە و بووە بە ئەمریکا، یان (ئەمرکە)یە و بووە بە ئەمریکا!؟ گەلێک جارانیش بە هۆیەوە لە کۆڵان دەبوومە گەمەی منداڵان کە بە هەتیو بانگیان دەکردم.. من تووڕە دەبووم و گریان لە قوڕگم بەجێ دەما و پێم دەگوتن: "گێلینە، بابم لە ئەمریکایە..ئەمریکا!" ساڵانێک دواتر کە جەوانێکی فەریک و کەمزان بووم، هەتا درەنگانی شەو لە نێو گێژاوان دەمامەوە و بە هیچ ئەنجامێک نەدەگەیشتم.. دەمپرسی ئایا ڕاستە باوکم لە ئەمریکایە؟ یان کەسێکی ونبووە وەک هەزاران کەسی دیکەی ئەم وڵاتە و گڵکۆیەک نییە پێی بناسرێتەوە..! بە خۆمم دەگوت هەر کامەیان بێت تازە کێشەیەک نییە، چونکە ئەستەم بوو کەسێکی وەک من تاقانە و هەژار دەستی بە ڕاستییەکانڕا بگات، یان ڕۆژگارێک پێیەکانی بگەنە سەر خاکە دوورەکەی ئەمریکا و جادە بە جادە وەدوای سۆراغی باوکێکی ونبوو بکەوێت.

باوکم هەردەم کەسێکی ونبووبوو... بە قسەی دایکم ئەو بەر لە ڕۆیشتنیشی هەردەم بێ هەواڵ و باس لە ژوورە تاریکەکانی زیندانان بوو. دوا جار لە زیندانی (قەسری نیهایە) گەڕابووەوە و تەنیا چەند مانگێک بە خۆشی لە تەک دایکم مایەوە، ئینجا ڕووی کردە شاخ و بە یەکجارەکی لە پێش چاوان بزر بوو. من نەمدەتوانی شوێن پێی ئەم پیاوە هەڵبگرم کە ناوی باوکمە و هەرگیز لە وێنەیەکیشدا پێشتر خۆی پێشانم نەداوە، بۆیە بەر لەوەی ژمارە گەورەکانی ساڵان سەرلەنوێ سفر ببنەوە، لەو کاتەی سەری خۆمم لە خاکە پڕ لە گێژاوەکەم هەڵگرت و بڕیاری ڕۆیشتنم دا، چتاقە بیرۆکەیەکم لە زەیندا نەبوو سەبارەت بە سیما و ڕوخساری ئەو.. لەوەیش بەدبەختر دایکیشم نەمابوو هەتا تێلیفۆنێکی بۆ بکەم و پێی بڵێم: "هۆو دایە گیان، وا من لە بەرانبەر قاپییە بەرز و ئاسنین و تۆکمەکەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئەنقەرە وەستاوم و بڕیارە نیو سەعاتێکی دیکە بچمە ژوورەوە!"

چەند ساڵێک دواتر کە لە نێوەندی تەندروستیی (ڤێندەرهیلت) لەسەر قەرەوێلەیەکی ئۆتۆماتیک بە جەستەی هەپروون بە هەپرووەمەوە ڕاکشابووم و لە کۆمادا بووم. تارمایی باوکمم لە ژوورێکی تاریک و ئەنگوستەچاوی زیندانێکدا بە ڕوونی دەبینی، یەک بوتڵ بەنزینی بە زۆر پێ فڕکراوە و هەندێکیشی لەم ئاوە نەعلەتییە بە پانتۆڵ و کراسە پیس و شڕەکەیدا کراوە. لە دەرەوەیش چەکدارێکی بڕنەو لە شان ئێشگرێکی شڵەژاوە و خەریکە دوا قوم لە جگەرەکەی نێو پەنجەکانی دەدات، بەرلەوەی بەرەو پەنجەرە بچووکەکەی بان سەری و نێو ئەو ژوورەی بهاوێژێت کە سێ ساڵان باوکمی تێدا بەند و یەخسیر بوو. لەو کاتەی بینەری ئەم ساتەوەختە تاڵ و تراژیدییە بووم، ئازارێک هەتا نێو بنەبانی دڵم دەچوو و گشت ئەندامەکانی لەشمی وەک بروسکە دەچووزاندەوە و لە ناخەوە ڕایتەکاندم. ئیدی دیمەنی باوکم یەکسەر وەک ئەو قەتماغە ڕەشەی لێ هات کە بەر لە هەموو برینەکان بە پشتی سەرمەوە بوو و، خەریک بوو بە تەواوی وشک دەبوو. چەکدارەکە لەگەڵ فڕێدانی جگەرەکە و دەنگی ترسناکی ڕمبژن و فوارەی ئاگرینی ئەو ژوورەی چەند ساڵێک بوو ئەویش بە هۆیەوە بەسترابووەوە و لە بەردەمی ئێشکگر بوو، هەتا پێیەکانی بڕەو دەکەن ڕادەکات. سەرەتا گەرەکیەتی بەرەو دامێنی چیای (دۆکۆ) سەربکەوێت، بەڵام هەست دەکات ئەو تاوانەی کردوویەتی ئەوەندە نەنگ و نەگریس و پیسە، بۆیە پێیەکانی لە یەکدی دەئاڵێن و لەگەڵ هەڵکشان بە بەژنی چیادا هەڵناکەن. هەتا لە پڕ بیرۆکەیەکی شەرمەزار و شکاو تەواوی زەینی شێواوی داگیر دەکات و پێی وایە باشترین کار بۆ ئەو گەڕانەوەیە بۆ باوەشی نەحس. ئەو خێرا خێرا دوورکەوتبووەوە و باوکمی لە نێو گڕی ئاگرێکدا بەجێهێشتبوو کە دوای نزیکەی سی و پێنج ساڵان منیشی لە ئەمریکاوە بە تاو دەسووتاند.

لە کۆمادا خەریک بوو لە مەرگێکی مسۆگەر قیت دەبوومەوە، لەو کاتەی پنتێکی ڕەشم لە نێو ژوورە سووتاوەکەدا بە ئاستەم لێ دیاربوو و هەستم دەکرد دوا ئاسەواری جەستەی باوکمە. تێر تێر لەم شوێنە ڕادەمام هەتا ئەو ئاستەی دنیا لە پێش چاوانم هێور دەبووەوە و هێواش هێواش ڕەنگی پنتە ڕەشەکەیش کاڵتر دەبوو.

سەرەتا پنتەکە خۆی بە ڕەشێکی تەڵخ دەنواند.. دواتر دەگۆڕا بۆ قاوەیی.. ئینجا گەش گەش دەبوو و لە نێوان هەردوو ڕەنگی مارۆنی و ئەرخەوانیدا هەڵپەی دەکرد! دیمەنی پرووشەی سەر دوا سانتیم لە جگەرەی پیاوە چەکدارەکە سوورسوور جارێکی دیکە دەکەوتەوە نێو زەینم و خەریک بوو منیشی دەسووتاند. لێرە پتر ڕادەچڵەکیم و دوای شەش ڕۆژ مانەوە لە کۆمادا وەهۆش خۆم دەهاتمەوە و لەگەڵ بە ئاگا هاتنیشمدا دوا دیمەنی نێو ئەو ژوورە تاک نەفەرییەی زیندانی (خەیات)م دەبینی کە تێیدا باوکم لە ماوەی شەش سەعاتدا بە تەواوی سووتا بوو و هێندەی قونکە جگەرەیەکی لێ هاتبوو. دواتریش باوکم لەبەر چاوی دڵم دەبوو بە خاڵخاڵۆکەیەکی شەنگ و سوورسوور لەگەڵ کردنەوە و لێکدانی باڵەکانیدا بۆ دوور دەفڕی و منی پتر دەهێنایەوە نێو ئاگایی.

چاوەکانم هەڵدەبڕی و دکتۆرەکەی بان سەرم بە ڕوومدا پێدەکەنی و زۆر سەرسام بوو بەم گەڕانەوەیە ناوازەیە. من بەرلەوەی بزانم ئەو ناوی (پرۆفیسۆر فرەنسیس)ە، لە قووڵایی نێو نیگای چاوە شینەکانی نقوم دەبووم و خەوم لێ کەوت. چاوە شینەکانی (پ.فرەنسیس) لە پڕ دەبوون بە دەریای کاریبی و منیان غەرق دەکرد. ئیدی من خۆم نیم بەڵکە باوکمم و لە نێو بەلەمێکی درێژ کە پێی دەڵێن گالی، لەگەڵ سەد و نەوەد و هەشت کۆیلەی دیکەی تورک و عەرەب و عەجەم، بە گوریس بەستراوەمەتەوە و لەسەر پشت درێژکراوم و بەرەو قەدەرێکی نادیار دەبرێم. خەونێکی پچڕ پچڕە و گەلێک لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەچێت، لەو کاتەی مرۆ دەکەوێتە نێو تەنگژە و شەڕێکی گەورە کە بە دەیان پاپۆڕ و کەشتی و بەلەم تێیدا بەشدارن.

چیرۆکەکانی دایکم کە لە ماوەی درێژی ونبوونی باوکمدا بە گوێمدا چرپابوون، هەم لە وادەی کۆمادا، هەمیش لە سەروەختی خەونبینینە بەردەوامەکانی سەر جێگا، خۆیان بە شێوەیەکی دیکە، یان با بڵێم نزیکتر لە ڕاستی دەنواند و دووبارە دەکردەوە. دایکم گەلێک جار باسی شەو و ڕۆژە درێژەکانی باوکمی کردبوو لە زینداناندا و هەزار و یەک داستانی قارەمانیی بە باڵای شووەکەیدا پۆشیبوو، کەچی هەزار و یەک ئەفسووس ئەو ئێستاکە لە ژیاندا نەماوە هەتا بە چاوی خۆی ببینێت کە کوڕەکەی دوای سێ دەیە لە هەراسانی و پەشۆکان بەدوای دۆزینەوەی سۆراغی باوک گەیشتووەتە ئەمریکا، بەڵام چ ئەمریکایەک کە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەیەکدا کەوتبم و تاڵ تاڵ ڕاستییەکانم وەک فلیم پێشان بدرێت و نەتوانم شتێک بکەم.

کۆی بەسەرهات و چیرۆکە درێژەکانی باوکم لە زیندانان کە زادەی خۆڕاگری و نەبەردی بێ وێنە بوون، لە کن من لە شێوەی سووتماکێکی ڕەشی هێندەی قونکە جگەرەیەک کۆ بووەوە، کەچی دواتر خۆشبەختانە لە فۆرمی زیندووی خاڵخاڵۆکەیەکی باڵ نەخشین لە پەنجەرەی ژوورە سووتاوەکە بۆ دواجار خۆی پێشان دام و بۆ دوور فڕی... دیمەنی جوانی خاڵخاڵۆکەکە دەتگوت ڕوحی نەمری باوکمە، دەفڕی و دەفڕی و زەمەنەکانی دەبڕی.

دایکم دەیگێڕایەوە پاش نیوەڕۆیەکی پاییز من لە قوتابخانە دەبم، ژنێکی کامڵ و قەڵەو لە دەرگا دەدات و نامەیەکی دەخاتە نێو دەستی کە قەڵەمێکی پارکەر و کاغەزێکی نووسراوی تێدایە و ئەو لە پڕ وەک گوڵێکی سیس بوو دەگەشێنێتەوە. دایکم بە ماچومورچ ژنە لە باوەش دەگرێت، نائاگایە لەوەی کوڕە تاقانەکەی دوای سێ دەیە ڕووی هەمان ژن لە وادەی کۆمادا لە پاڵ تارماییەکدا دەبینێت کە کتومت لە بکوژی هاوسەرەکەی دەچێت. پیاوەکە بە دەنگێکی نووساوەوە بە ژنەکەی دەڵێت: "چاکت کرد گوڵم، ئیدی هەوڵ دەدەم ڕابردوو بە یەکجاری لە بیر خۆم ببەمەوە!" ژنە هیچ کام لە وردەکارییەکانی پشت هەناردنی ئەم نامەیەی نەدەزانی کە دوای دوو ساڵ لە گەڕانەوەی شووەکەی لە شاخ بۆ ماڵی ئێمە دەنێردرێت. تاوانێکی کرێت و ناشیرین بوو بەرلەوەی گشت پەرتەی لێ بکەن و بارەکە بە تەواوی لە بار ببەن، کاغەزێک بە دەستخەت و ئیمزای باوکم بە زۆردارەکی پڕ دەکرێتەوە کە تێیدا وەها بۆ دایکم بنووسێت:

"گیانەکەم پاکیزە، سڵاو و خۆشەویستی... بڕیارە بە یارمەتی پیاوێکی دەوڵەمەندی عەجەم کە لە تەورێز بازرگانی مافوور دەکات، من بە پاپۆڕ لە بەندەرعەباسەوە بەرەو ئەمریکا سەفەر بکەم، بۆیە لە چاوەڕوانیمدا زۆر مەمێنەرەوە، چونکە دنیا پڕە لە قەزا و قەدەر. تێر دلۆم بۆ ماچ بکە و ئاگاتان لە خۆتان بێت. ئیمزا و ناوی باوکم و بەروار"

دایکم هۆن هۆن فرمێسک لە چاوەکانییەوە دەهاتنە خوار و نامە و قەڵەمە پارکەرەکەی ماچ دەکرد. دواتر بۆ

ماوەیەکی درێژ ئەم دوو شتەی لە نێو باوڵەکەی حەشار و کلۆم دا و کردنی بە سەرچاوەی دەیان بەسەرهات و چیرۆک کە لەلایەک سەبووری دڵی خۆی پێ دەدایەوە و لە لایەکی دیکەیش منی پێ گۆش و گەورە کرد و ئەرکێکی سەیری پێ سپاردم. فەرمانێکی قورس و ناخۆش بوو، لێ کە گەورە بووم هەرگیز وەک ئەم کەسانە نەبووم سێبەری باوکی لە سۆزی دایک پێ باشتر بێت، چونکە لە ڕاستیدا بە چاوی خۆم دەمبینی تارمایی باوک هەردەم لەگەڵ دەسەڵات و شارستانییەکاندا دێت و دەڕوات، کەچی دایک حەقیقەتە و وەک خاک و نیشتمان وەهایە. دوای ئەوەی بە درێژایی ساڵەکانی خوێندن لە ڕشتەی مێژوودا شەڕ و شۆڕی نێوان باوک و براکانم دەخوێندەوە و بابەتەکانم تاووتو دەکردن، دەمبینی پاشا و پیاوە زاڵمەکان هەتا کوڕیان زۆرتر دەبوو زاڵمتر دەبوون. .ئیدی چیدی بڵێم کە بەم ئەنجامانە گەیشتبووم!

دایکم دەیزانی من هەرگیز بە جێی ناهێڵم و مژووڵ بوونم لە گەڕان بە دوای هەواڵی باوکێکی ونبوودا، پێ شتێکی هیچە، ماوەیەک وازی لێ هێنام، کەچی لە بری ئەوە ڕۆژێک هات و نامە و قەڵەمێکی پارکەری دا دەستم و گوتی: "ئەم کاغەز و قەڵەمە تاکە یادەوەریی بەجێماوی باوکتن و دەمێکە هەڵمگرتوون. ئێستا کاتی ئەوەیە بە تۆیان بسپێرم. بەڵام دەبێت بەڵێنم پێ بدەیت کە دوای مردنم بچیتە ئەمریکا و لە باوکت بگەڕێیت و لای بمێنییەوە!" من لە ئاست ئەم قسەیەی دایکم بە ئاشکرا دەنگم هەڵدەبڕی و دەمگوت: " ئەمرکە دایە... ئەمرکە.. ئەمریکا بمرێت و تۆ نەمریت!" نامەکەم چەند جار و چەند جار دەخوێندەوە و دەچوومە نێو بنجوبنەوانی یەک بە یەکی وشە و ڕستەکان. تاوێک شادمانی دایدەگرتم و تاوێکی دیکە بێزار دەبووم و لە نێو نامەکەدا لە ناوی دایکم و ناوی خۆم بترازێت چتاقە وشەیەکی دیکەی نامەکەم نەدەناسییەوە.. تەنانەت لە ئیمزا و ناوی باوکیشم بە گومان بووم.

من کە گەیشتمە ئەمریکا تەمەنم بیست و نۆ ساڵان بوو و بڕوانامەیەکی بێ کەڵکی نیشتمانم لە گیرفاندا بوو و لێی نووسرابوو فلان کوڕی فلان ماستەری لە (ڕشتەی مێژوو) لە فلانە زانکۆ بە پلەی زۆر باشە وەدەست هێناوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمرەکەی دایکمم بە تەواوی بەجێ هێنابوو و چووبوومە سەر ئەم ڕێگایە کە هەردەم ئاواتی دایکم بوو باوکمی لێ بدۆزمەوە، بەڵام تازە درەنگ بوو ئەو مەتەڵانەی کە لە هەرەتی مێردمنداڵی و جەوانیدا سەبارەت بە ناوی ئەمریکا لەسەر ڕووپەلی دەفتەرەکانم دەمنووسین، بە شێوەیەکی دیکە هەڵبێنم. هەنووکە منیش وەک گەلێک لە خەڵکی دیکە دەزانم کە ناوی ئەمریکا لە ناوی کەشتیوانی ئیتاڵیایی (ئەمریگۆ ڤێسپوچی)یەوە هاتووە، لێ هێشتا ئەوەندی زمانم لە دیوارەکانی نێو زار و مەلاشووم گیردەکەم ناتوانم وەک ئەمریکاییەکان بە ئەمریکا بڵێم ئەمێرکا. نامۆم و هەست دەکەم بە گوتنی ناوی ئەمریکایش بە ئەمێرکا ئەستەمە سەرە داوێکم وەدەست بکەوێت و باوکی ونبوومی پێ بدۆزمەوە.

خەمگین لەسەر شۆستەی جادەیەک وەستابووم و هەڵمی جگەرە نێو سییەکانی پڕ کردبووم. ئەم هەڵمە بۆن دژوون و نامۆیە هی زاری کیژێکی سەماکار بوو کە بەرەو ڕووم دەهات وەک ئەوەی پێشتر منی ناسیبێت. دووکەڵی نێو زار و کەپووی ئەم گەنجانەیش بە هەوادا بڵاوبووەوە کە لە هاتوچووندا بوون بێ ئەوەی وەک ژن و پیاوە پیر و سەرسپییەکان پارە بخەنە نێو قاپی کچەکە. پارەی گیرفانی گەنجەکان لەوانەیە تەنیا بەشی لەتێک پیزا، کۆکایەک و چەند شتێکی هەرزانی دیکەی کردبایە. دووکەڵی جگەران پتر گێژیان دەکردم و بە لایاندا دەهێنام و دەتگوت خەونە دەیبینم.. چەند ڕۆژێک بوو نەخەوتبووم و تەنیایی خەریک بوو شێتی دەکردم. ئای ئەمریکا... ئەمریکا. چەند گچکەیت کە ناتوانیت هەستی تەنیاییم بڕەوێنیتەوە، یانیش کەسێک لەم پیادەڕۆیانەی کە بە تەنیشتمدا ڕەت دەبوون سەرە داوێکی بدابایە دەستم و لە کۆتاییدا پیاوێک دەربکەوتبایە و بیگوتبایە: "هێی، من باوکتم"..

دۆزینەوەی خۆم و ئەو مێژووەی بە دۆزینەوەی باوک پەیوەستە لە مێژووی نیشتمانێک دەکات کە لەوانەیە بە فیکەی کەسێکی ناپاکی وەک ئەم چەکدارەی لە باری کۆمادا بینیم و باوکمی دەسووتاند، نەمێنێت و لە پڕ ببێت بە هیچ. بیرکردنەوە لە هیچ و نیشتمان و خۆم، لەوەتەی هاتوومەتە ئەم شارە هەردەم باری قورسی تەنیاییم وەبیر دەهێننەوە، بە تایبەت کە پێشووتر لەو ڕۆژگارە گەرمانەی هاوین لە ژێر پەڕەکانی پانکەکەی بان سەرمدا لەسەر پشت ڕادەکشام و لەپڕ هەستی قووڵی بێ باوک بوون تەواوی دەمارەکانمی داگیردەکرد. فێنک دەبوومەوە و نەدەبوومەوە، ئەم جارە لەژێر بێجامەدا

هەرامەکەمم یەکسەر لێ قیت دەبووەوە لە هاوین گەرمتر دەیکولاندم و بە یەک دوو تف دەیکردم بە هیچ، بۆیە کە بە جادەکانی شارێکی جەنجاڵی ئەمریکا دەسوورامەوە، جۆرە خەمێکی وەها وەک خۆم لە دەرەوە هەردەم پیاسەی دەکرد.

سەرم گێژ دەخوات و پتر خۆم لە نێو بیرۆکەی ئەم هیچبوونە دەبینمەوە. هەرسێ پەڕەکانی پانکەکەی پێشینم وەبیردێنەوە کە هاوینان لە بان سەرم بوون و ناویانم نابوو- هیچ و نیشتمان و خۆم. ئەوان لە خولانەوەیاندا تێکەڵ دەبوون و لە پێش چاوانم وەک بۆشایی و هیچێکی گەورەیان لێ دەهات. ئێستا دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی درێژ، هیچ و هەموو لە زەینمدا لە هەموو کاتێک پتر لە دوو وشەی پارادۆکسی دەچن و منیان گەیاندووەتە ئاستێک کە فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆمم هەبێت و هەردەم بڵێم کە هیچ بوویت هەموویت، کە هەموو بوویت هیچیت... یان لەوەیش واوەتر بڵێم کە هیچت ویست هەموویت هەیە و کە هەموویت ویست هیچت نییە..!

ئەو ڕۆژەی گەیشتمە بەردەم گەلەری هونەر و لەسەر پلیکانە پان و بەردینە بۆرەکان کەمێک حەسامەوە، پیاوێکی پیر لەوێ دەبێت و دەمدوێنێت.. ئەو سەروسیمایەکی زۆربایانەی هەبوو و زۆرم حەز دەکرد باوکم بووایە، بەڵام زوو خۆی بە کەسێک بە ناوی ئەلیاس مووسڵی دەناسێنێت و دەڵێت ئێرە شاری (قرتاجنە)ی کۆلۆمبیایە نەوەک (ناشڤیل). دیمەنی ئەم پیاوە و شارەکە هێندە زیندوو هاتە بەرچاوم، هەستم کرد کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانێکی نەنووسراوی گارسیا مارکیزم و گەرەکمە هەتا دەمرم لەم شارە نەڕۆم.

سەیر بوو من چۆن هیچ هەستم بەم هەموو برین و هەپروون بە هەپروون بوونەی جەستەم نەکردبوو.. چۆن بێ ئاگابووم لەوەی کە لە نێو ئەمبولانسێکدا درێژکراوم کە دیوارەکانی ناوەوەی کتومت کەشوهەوای نیگارێکی (کاسپەر فریدریک)ی هەبوو لە ژێر ناوی (تەمومژ). دیمەنی هەمان ئەم نیگارەی کە لە چەند مانگێکی پێشین لە ژیان لە خاکی غوربەتدا لە ناشوێنێکدا، یان لەو گەلەرییەی کۆلانێکی لاچەپدا بینیبووم و خامۆشی ڕەنگەکانی بە قووڵی چووبووە نێو مۆخی ئێسقانەکانم.. لە بیرمە تاوێکی درێژ لە بەرانبەر ئەم نیگارەدا وەستام و خۆمم لە کەشتییەکەی نێوی تەنیا و کزتر بینی.

کەشتییەکە و ئەم پیاوە کەڵەگەتەی لە نێو ئامولانسەکەدا لە پاڵ سەرم دانیشتبوو و ناوە ناوە تەماشای جەستەی هەپروون بە هەپروونم و شوێنی تووتە تووتی ئامێرەکانی چاودێری دەکرد، بێ ئەوەی بە خۆم بزانم ڕوحی منیان نزیکەی سێ سەدە و سێ دەیە گەڕاندبووەوە دوا. وەهام دەزانی من خۆم قەشە ئەلیاس مووسڵیم و لەنێو کەشتییەکی گەورەدا بە زەریای ئەتڵەسیدا گوزەر دەکەم. ئیدی نەمدەزانی چۆن لە نێو ئەمبولانسەکەدا چووبوومە جەستەی پیاوێک کە یەکەمین کەسی خاکی کوردانە پێی نابێتە سەر خاکی ئەمریکا. ئامووده و ئامێرکا وەها لە زەینمدا، ناوی دوو شوێنی پارادۆکسین و سەد جار لەسەر لێوانم دەبوون بە وشەی ئامین.. ئامین. لێرە من پیاوێکی ئایینی کلدانی خەڵکی ئامووده‌م کە گەورەترین خولیای گەشت و گەڕیانە بە دنیا. دیارە لە هەرەتی منداڵیشدا وەها بووم و هەرگیز حەزم بەوە نەبوو لە شوێنێکدا دابنیشم و دەست بدەمە یارییەکی بێ مانا.

لەنێو جەستەی ئەم پیاوە بیرم لە سەربوردەی باوکم دەکردەوە کە یەک لەسەر سێی تەمەنی لە نێو زینداناندا بەسەر برد و دواتریش لە پڕ لە من و دایکم - گوایە بەرەو ئەمریکا- ون بوو و بە نامەیەکیش سەرگوزشتەی ژیانی خۆی بۆمان نەگێڕایەوە. چاکترە بڵێم خۆ قەشە ئەلیاسیش شتێکی وەهای لە یاداشتنامەکەیدا بە ناوی (زێڕ و ڕەشەبا) نەگوتووە، لە پەسنی ئایین و پاشا و زێڕ لە لایەک و نەفرەتکردنی خەڵکی ڕەسەن و سوورپێست لە لایەکی دیکەوە، بۆیە من پێم خۆش بوو زوو لە نێو جەستەی ئەم کەسە بێمە دەرەوە کە پیاوێکی ئایینییە و خۆی بە قەشە ئەلیاس مووسڵی ناساندووە و لە نێو ئەمبولانسەکەدا لە بان سەرم دانیشتبوو، هەروەها هەمان سەروسیمای ئەو کەسەیشی هەیە کە چەند مانگێک پێشتر لەسەر پلیکانەکانی گەلەری هونەر بە دیداری گەیشتم و وەک قەشە ئەلیاس قۆناغ بە قۆناغ باسی گەشتێکی خۆی لە قوبرسەوە هەتا شاری (قرتاجنە)ی کۆلۆمبیا زۆر بە بێ چێژی دەگێڕایەوە، وەک ئەوەی هەرگیز ئەم گەشتەی نەکردبێت.

پتر لە چل دەقیقە تێپەڕیبوو تا ئەمبولانەسەکە گەیشتە بەردەم نێوەندی تەندروستیی (ڤێندەرهیڵت) و بە خێرایی جەستەی هەپروون بە هەپروونم لەسەر قەرەوێڵەیەکی بڕەو درێژدەکەن و بەرەو قاوشێکی تاریکی دەبەن. لە کتوپڕێکدا ئامادە دەکرێم و لە ژووری

نەشتەگەری دەخرێمە ژێر چەندین ئامێر و گڵۆپی ڕووناک و چاوبەزێن. ئیتر نیوە مردوو لە نائاگاییدا نقوم دەبم و دەچمە نێو جەستە و چیرۆکی کەسێکی دیکە کە سەرەتا وەها دەزانم من خۆم باوکمم. لێ دواتر پیاوێک وەک من لە تەنیشتمدا بە گوریس بەستراوەتەوە لەسەر پشت ڕاکشێنراوە، پێم دەڵێت کە ئێمە هاوخوێن و برای یەکترین و خەڵکی خارپوتین. کەمێک سەرهەڵدەبڕم و بۆ سەلماندنی قسەی ئەم پیاوە دەوروبەرم دەپشکنم. ئۆۆف.. چی دەبینم، کۆمەڵگەلێک لە پیاوانی سەرو ڕیش هاتوو و چڵکن وەک من و برا هاوخوێنەکەم لە نێو بەلەمێکی درێژدا لەسەر پشت درێژکراون و بە گوریس لە یەکتری بەستراونەتەوە. بەلەمەکە بەیداغی شانشینی ئیسپانیای بەسەرەوەیە و ئێمە وەک کۆمەڵێک کۆیلەی ڕۆژهەڵاتی بەرەو دوورگەیەک دەبات لە ئەمریکای لاتین. لە سەروەختی ئەم گەشتە پڕ لە مەترسییەی لە خۆڕا تێی کەوتبووم، زۆر ئاگاداری قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم نیم کە لەوەتەی نیشتمانم بەجێ هێشتووە شوێنی بەردەوامی لەم کراس و تیشێرتانەی هەمن، گیرفانەکانی سەر دڵم بوو.

لەبەرانبەر گەلەری هونەر زۆر بە گێژی لە جادەیەک دەپەڕیمەوە، بێ ئەوەی هۆشم لەسەر ئاماژەکانی پەڕینەوە بێت لە نێو گڵۆپی ترافیک لایتەکە. دەڕۆیشتم و بێ ئاگابووم لەم ئۆتۆمبێلانەی جادەکەیان دەبڕی، هەتا لە پڕ گورزێکی گەورەم پێ دەکەوێت و دەکەومە ئەوبەری شۆستەکەوە. ئیتر نازانم چ جۆرە ئۆتۆمبێلێک بوو لە پڕێکدا هەپروون بە هەپروونی کردم و قەڵەمە پارکەرەکەی نێو گیرفانمیشی بۆ دوور فڕێ دا.

لەو کاتەی لە کۆما شەش ڕۆژییەکە ژیار ببوومەوە، پرۆفیسۆرێکی نەشتەرگەر بەناوی فرەنسیس کە لە مردنێکی مسۆگەر ڕزگاری کردبووم - وەک تارماییەک دوو چاوی شینی بەسەرەوە بوون- لە بان سەرم وەستا بوو. (پ.فرەنسیس) خەریک بوو بمدوێنێت و نەمدوێنێت، من یەکسەر لە نێو شینایی چاوانی نقوم بووم و خەونێکی ڕاستەقینەم دەبینی سەبارەت بە ناهەق سووتاندنی باوکم لە کونجی ژوورێکی زینداندا. خەونەکەم چەرخوفەلەکێکی سەرسوڕهێنەر بوو و لەنێوان سێ زەمەندا هەڵپەهەڵپی بوو. بیست دەقیقە دەگەڕامەوە دوا، پاشان بیست سەعات دەگەڕامەوە دوا.. بیست ساڵ دەگەڕامەوە دوا، پاشان دووسەد ساڵ و واوەتریش دەگەڕامەوە دوا. سەرەتا خەریک بوو قەڵەمە پارکەرەکەمم دەبینی لە یەکێک لە کونەکانی مەنهۆڵێکی ڕۆخ جادەکە گیر بووە و پیرە پیاوێکی سەروڕیش سپیی و چڵکن ئەوەندەی هەوڵدەدات ناتوانێت بە دەستەلەرزۆکەکانی قەڵەمەکە لە کونەکەوە دەربکێشێت. دواتر دەمبینی کیژە سەماکەرەکەی سەر شۆستەکە بەرەو ئەو شوێنەی قەڵەمەکەمی لێ بوو دەچێت. وەهام لە دڵ خۆش بوو کیژەکە لە بری پیاوە پیرە بێ هۆشەکەی گیرۆدەی دەستی کۆکایین، قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم هەڵبگرێتەوە و بیپارێزێت.

من بە هۆی چیرۆکەکانی دایکم سەبارەت بە ژیانی باوکم، لە خۆڕا لە خەیاڵمدا چیرۆکێکم بۆ قەڵەمەکە چێ کردبوو و ناوم نابوو قەڵەمی کەسە ونبووەکان. وەهام مەزەندە دەکرد کە لە ناوەڕاستی شەستەکان لە زیندانی (قەسری نیهایە) کەسێک کە کەس ناوەکەی نازانێت، بەر لە سێدارەدرانی ئەم قەڵەمەی بە دیاری بە باوکم بەخشیبێت، بۆیە کە هاتمە ئەمریکا هەمیشە دڵتەنگ بووم و لەگەڵ ئەم گومان و چیرۆکە تراژیدیانە دەژیام، هەروەها وەک کەسانی هەتیویش لە بەرانبەر خەڵک و دنیا، خۆمم بە نامۆ دەزانی. دەتگوت لێم ڕوونە ڕۆژگارێک خۆیشم ون دەبم و لەم قەڵەمە ئازیزە دادەبڕێم کە مۆرک و جێ پەنجەی باوکمی بۆ هەتایە لەسەرە. قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم وەک گشت قەڵەمە هاوشێوەکانی کە بە دەگمەن لە شوێنە جیاجیاکانی ژیانم بەر چاوم کەوتن، شێوەی لە ئادەمیزادێکی سەردەمی مۆدێرنە دەچوو کە سەر و ملێکی درێژکۆلەی هەبێت و چاکێت و بۆینباخێکی زیوین و پانتۆڵێکی ڕەنگ جەرگی لەبەردا بێت. من بە بۆینباخەکە گەلێک دڵخۆش بووم، چونکە لە لایەک جوانییەکی تەکنۆکراتیانەی بە گیرفانەکانی سەر دڵم دەبەخشی و لە لایەکی دیکەشەوە قەڵەمەکەی لە نێو گیرفانەکانمدا وەک ئەلفێک هەمیشە قیت قیت ڕادەگرت.

کیژە سەماکەرەکە چاوێکی لەسەر شوێنێ ڕووداوەکە دەبێت و بە چاوەکەی دیکەشی لە پیرە پیاوەکە دەڕوانێت هەتا ئەو ئاستەی لە هەڵگرتنەوەی قەڵەمەکە بێ ئومێد دەبێت و دەڕوات. قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم لە نێو دەستە لەرزۆکەکانی پیاوەکە دەکەوێت و غلۆر دەبێتەوە نێو گەرووی مەنهۆڵەکە و بۆ ئەبەد لە نێو بۆرییە ئاڵۆزەکانی ئاوەڕۆی شاری ناشڤیڵ بزر بێت. کیژە

تەماشای گۆمۆڵکە خوێنەکانی سەر جادەکە دەکات و ڕوندک تەژی نێو چاوە سەوزەکانی دەبن.. ئەو خۆزگە دەخوازێت کە هەرگیز نەبووبایە بە بینەری ئەم فلیمە تراژیدییەی کە تێیدا من قوربانی و کارەکتەری سەرەکی بووم. من قوربانیم..قوربانی..! بۆیە سیمای دایکم زوو دەنیشێتە سەر ڕووی کیژەکەی دەیەوێت بەرەو ڕووم بێت. ئەو دایکمە، قەڵەمێکی بە دەستە گوایە لە ژێرزێرابی شارێکی دوور هەڵیگرتووەتەوە و داواکارە لە من کە بایۆگرافی باوکم بەم قەڵەمە بنووسمەوە. تەماشای قەڵەمەکە دەکەم، سەرەتا ناینا سمەوە کە ئایا هەمان قەڵەمە پارکەرە زیوین و ڕەنگ هەنارییەکەی باوکمە، یان شتێکی دیکە؟ قەڵەمەکە هێندە قەوزە و قوڕ و لیتەی سەوز و زەردی لێ ئاڵاوە، لە پێش چاوانم کتومت لە گوللە دۆشکەیەکی نەتەقیو دەچێت. گوللەی دۆشکەکە لە دەستی دایکم وەردەگرم و یەکسەر دەبم بە باوکم و لەنێو پەنجەرە بچووکەکەی زینداندا چاو بۆ ئەو فڕۆکە جەنگییە دەگێڕم کە خەریکە دیسان و دیسان نیشتمانەکەم بۆمباران دەکات. لە پەنجەرەکەدا فڕۆکە جەنگییەکەم وەک مووەیەکی سپی بە نێو چەوانی ئاسمانەوە لێ دیارە و دەمەوێت گوللەکەی دەستمی تێ بهاوێژم و بیخەمە خوارەوە. لە نێو شینایی ئاسمان وەک گوللەیەکی تیژڕەو بزر دەبم و دەگەڕێمەوە نێو چاوانی ئەو پرۆفیسۆرە بە نێوودەنگەی نێوەندی تەندروستیی (ڤێندەرهیلێت) کە ناوی فرەنسیسە.

دوو کیژی جمک بە ناوەکانی ئەرپانا و ئەرچانا کە تەمەنیان بیست و دوو ساڵانە و تازە بە دوو ئەمبولانسی جوودا هێنراونەتە (ڤێندەرهیلێت). ئەرپانا وەک من ویستبووی ماستەر لە مێژوودا وەدەست بهێنێت، لێ، ئەو بە پێچەوانەی خوشکەکەی دەستبەجێ لە کاتی ڕووداوی تامپۆنکردنی لۆرییەک لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکەیاندا دەمرێت. ئەرچاناش وەک من بەحاڵ زیندووە و ژیانی لە ترکزەدایە. ئەم دوو خوشکە خوێن شیرین و جمکە لە ژین و مردنیشدا ماوەیەکی کورت لە نێوانیاندا هەیە. ئەرپانا تەنێ دە دەقیقە لە ئەرچانا زووتر لە دایک ببوو و لە سەروەختی ڕووداوەکەیشدا تەنیا دە دەقیقە لە نێو خوێن و ژیاندا مایەوە و بۆ دواجار بە لا چاوێک ماڵئاوایی لە خوشکەکەی کرد.

ئێستا من و ئەرچانا خۆشبەختانە لە کۆمادا گەڕاوینەتەوە و ترووسکایی و ئومێد لە نێو دڵی هەردووکمان هەڵپە دەکات و دەیەوێت بە هەر جۆرێک بێت ئێمە بگەڕێنێتەوە نێو ژیان.. بگەڕێنێتەوە ئەمریکا، ئەم نیشتمانە دوورەی، خودایە! هەرگیز ئەمرێکی تووڕە بەسەر کەسدا نەکات.

لە ئەرپانا و ئەرچانا دادەبڕێم و دووبارە دەکەومەوە نێو چاوە شینەکانی فرەنسیسی نەشتەرگەر. من ئەمریکام لە نێو ئەم چاوانەدا خۆشدەوێت.. ئیتر دەریایەکە و بێ بن و سەرم لە هاتوباتی ئەم هەموو کەشتییانە دەرناچێت کە لەسەر ئاوەکاندا وا شەڕ دەکەن، یانیش هەردەم لە شەڕدان بۆ ئەوەی خاک و سەروەتی ئەم خاکە فەریک و پانوپۆڕە بۆ خۆیان لەتوپەت بکەن و بیبەن. من کوردێکی بەلەنگازم و خاوەن نیشتمانێکی دزراوم. لێتانی ناشارمەوە کە شەڕەکان هیچیان لە بەرژەوەندی مندا نین و نابن. من یەخسیر و بەلەنگاز و کۆیلەی دەستی قەدەرم و هەردەم لە مەرگێکەوە بۆ مەرگێکی دیکە بەر شەقوشاپ دەدرێم. لەم گەشتە نامۆیە چەندین کەسی هاوولاتی دەبینم وێکڕا ئازار و شەرمەزاری، هەروەها کەمێکیش فەرەحنایی دەکەوێتە نێو دڵ و دەروونی شەکەت و ماندووم. لە نێو بەلەمە گالییەکەدا مرۆی ڕەشتاڵەی دیکەش هەن کە ئیسپانییەکان بە عەرەب و تورک و مۆر گازیان دەکەن و ئەوانیش لەگەڵ ئێمە یەخسیرکراون. قوپتانە ئیسپانیاییەکە و سەربازەکانی هەردەم بە پیاوەکەی تەنیشتم و هاوخوێنەکانی دیکەشم دەڵێن تورک و چتاقە شتێک دەربارەی کوردان نازانن.

جارێکیان کە هێشتا وەها خراپم بەسەر نەهاتبوو و لە ئەنقەرە لە قاوەخانەیەک دانیشتبووم و خەریک بوو کیژێکی خوێن گەرم و هزر چەپم تازە بە تازە بە ناوی (توبا تاتکون) دەناسی، یەکسەر بیرۆکەیەکی سەیرم بۆ هات و دام بە ڕوویدا و گوتم، "توبای جوان، ئێوەی خەڵکی تورک لەبەرچی هێندە پیتی (تێ) تان خۆش دەوێت و ڕقتان لە پیتی (دال)ـە؟" ئەو پێکەنی و یەکسەر هەڵوێستەیەکی لە بەرانبەر ناوی خۆی و ناوی من کرد، بەم پێیەی هی ئەو سێ تیپی (تێ)ی تێدابوو و ناوی منیش – دڵدار دەهام – سێ تیپی (دال). من لەوانەیە لە قوولایی نەستمەوە بەم ڕێکەوتە سەیرەم زانیبێت کە لە نێوان ناوی هەردووکماندا هەبوو، کەچی هەتا درەنگیش نەمدەزانی تاتکون لە زمانی تورکیدا بە مانای دڵدار دێت، بۆیە هەنووکە دەڵێم لە بری تا ئەمریکا گەڕان بە دوای باوکێکی ونبوودا، دەبوایە پردی

ئەم ئەوینەم نەڕووخاندبایە کە لە نێوان من و تووبادا خەریک بوو خۆنەویستانە چێ دەبوو.

ئەو ڕۆژەی قاوەخانەکەم هەرگیز بیر ناچێتەوە کە بە درێژایی پتر لە دوو سەعات لەسەر ئەم بابەتە وەستاین کە من سەبارەت بە دوو تیپەکەی ناومان وروووژاندبووم. من بە تووبام دەگوت کە بەدەر لە گۆڕینی تیپی (دال) بۆ (تێ) لە ناوی محەمەد و ئەحمەد و سەتان ناوی دیکە، گوناهێکی گەورەیشە کە تورک هەر لە ناوی خۆی ناو بۆ میللەتێکی مەزنی وەک کورد دادەتاشێت و پێی دەڵێت (کورت). لە سەروەختی ئەم ئاخاوتنەمدا تووبا بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە هەڵستایە سەرپێ و هەستم کرد بەژنی لە جاران درێژترە. دواتر لە پڕ هات دەستێکی کردە ملم و گوتی: " دە تۆیش هەستە و با بچین شتێک بخۆین!" ئێوارەیەکی پاییزی فێنک و خۆش بوو، بە جادەی دانش تونالیگیل بەرەو مالتەپە چووین و هەردووکمان لە تەک یەک لە دوو کەسی بەژن درێژ و دوو عاشقی دڵگەرم دەچووین. ڕۆژگارێکی کورت و لە پڕ ون ببوو، وەک ونبوونی باوکم و هەرەتەبوونی من بە خاکی ئەمریکا.

چارم نەبوو لە نێو چاوەکانی (پ. فرەنسیس)دا بووم و لە گەڕانەوەی سەرسوڕهێنەر و هێواشم لە کۆمادا ئەو پیاوەم کتومت لێ دەبوو بە (فرەنسیس درەیک)، ئەو کەشتییەوانە شاهانەیە موو سوورەی کە پێشتر چەند جار پۆرترێتەکەیم لە کتێبی مێژوودا بینیبوو. بەڵێ ئەوە (سێر فرەنسیس درەیک)ـە خەریکە من و مرۆ ڕەشتاڵەکان لە چنگی ئیسپانییەکان ڕزگار دەکات و لە ناخەوە هەست دەکات کە ئەم بازرگانییە تەنێ بۆ خۆی و ئامۆزایەکی ڕەوایە. سەرەتا ئێمە بە دەست و پێ بەستراوی لە شارۆچکەیەک بە ناوی ڕۆوەنۆک دەهێننەخوار و من دنیایەک دڵم بەم ناو و شوێنە خۆشە. زرنگییەکی بێ وێنە تەواوی زەینم داگیر دەکات و ناوی شارۆچکەکە لە گشت کۆیلەکانی دیکە باشتر دەڵێم. (سێر فرەنسیس درەیک) کەیفی بەم زرنگییەم دێت و بە ئاماژە پێم دەڵێت کە ئازادمان دەکات. بە ئەزموونکردنی ئەم پێشهاتە شادمان دەبم و ناوی ڕۆوەنۆک هێندەی دەنکە نۆکێک تروسکایی لە زەینمدا چێ دەکات و وەهایشم لێ دەکات خەیاڵم بۆ ئەوە بڕوات کە ناوی ئەم کۆڵۆنییە تازەیەی دەستی ئینگلیز لەسەر خاکی ئەمریکا وەک ڕووناکییەک بۆ خۆم و هاوەڵانم ببینم. ناوی شارۆچکە جوانەکە لە دواوەڕا و پێچەوانە دەخوێنمەوە.. ناوەکە وەک مەتەڵێکی سەیر و ناوازە یەکسەر لە پێش چاوم و چاوی دڵم دەبێتە وشەی کۆنەوار.

ئیتر خۆم و هاوخوێنەکەم لە خارپوتین و ئازا و ئازاد وێکڕا لە مەتەرێزێکداین و شەڕ بۆ خانی خۆمان (خان ئەبدال خان) دەکەین. شەڕ گەرمە و لە زەمەنێکی دیکەدا کە پتر لە سێ سەد ساڵم کۆنە، من خۆم بە باشی دەناسمەوە و دەست لە هەموو شوێنێکی جەستەم دەدەم... بریندار نیم، لێ لە ناخەوە بەوە بریندارم کە هاوخوێنەکەم خەریکە خیانەت دەکات و تفەنگەکەی بەرەو ڕووی خان ڕادەگرێت. لێرە من کتومت لە (خان ئەبدال خان) دەچم و هاوخوێنەکەیشم یەکسەر وەک ئەم چەکدارەی لێ دێت کە لە زیندانەکەدا باوکمی سووتاند.

دووبارە هەموومان یەخسیرین و لە شەڕێکداین کە هی ئێمە نییە و هیچیشی لێ نازانین. دەڵێن ئێرە ئاوەکانی یۆنانە و ئیسپانیاییەکان مەراقیانە چەند دوورگەیەک داگیربکەن.. من و هاوخوێنەکەم دەبینەوە برای پشتی و بە کەشوهەوای ئەم شەڕە یەکجار قەڵسین. ئێستاکە دوو ئاشی گەورەتر لەوەی میرە کوردەکان سازیان کردبوو، هێسک و پرووسکی خۆم و هاوخوێنەکەم دەهاڕێت. شەڕ گەرمە و ئیسپانییەکان زوو پاپۆڕەکەی ئێمەی تێداین دەسووتێنن.. دەڵێن پاشاکەیان سوێندی بە ئینجیل خواردووە تۆڵەی شەڕێکی دۆڕاوی باوکی لە سوڵتانی تورک بکاتەوە. میرێکی کورد لە تەک کوڕەکانی شا تەهماسپی فارس وەستاوە و ئەوەندەی بیردەکاتەوە ناتوانێت وەک ئەوان بە ئەنجامی شەڕەکە شادمان بێت. ئەو پەرۆشی گەڕانەوەیە بۆ بەدلیس.. من ئەو میرەم و پێم خۆشە گەشتێک بۆ ئەم شوێنە جوانە بکەم.

بەڵێ، من ئەو میرەم و گەرەکمە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشانەیەکی غوربەتدا بە جەستەی شکاو و هەپروون بە هەپروونم، چیرۆکەکانی دایکم کە لە ماوەی پتر لە چارەکە سەدەیەکدا بە هۆی ونبوونی باوکم بە گوێچکەکانمدا چرپابوو، بکەم بە کتێبێک و هەر وەهایش ناوی بنێم (پاکیزەی ئەتوار). دەمەوێت دەستەکانم بجووڵێنم، کەچی وەک سەروەختەکانی کۆیلەیی دەستەکانم سڕن و هی خۆم نین، بۆیە لەگەڵ هاوخوێنەکەم کە بە شادمانییەوە بەرەو کۆنەواری خارپوت دەگەڕێینەوە، خەریکە ئەم جارە پێکەوە وەدوای سۆراغی میرە بەدلیسییەکە بکەوین و پێی بێژین کە ئەگەر ئەرک

نەبێت بەسەرهاتەکانی خیانەت و وادەی یەخسیری و شەڕی نێو دەریاکان و زەمەنی کۆیلەیی ئێمەیش بخاتە نێو نامە بەشەرەفەکەی.

لەو کاتەی لە نێو ئەم هزرانەمدا نقوم ببووم، (پ. فرەنسیس) هاتە ژوورەوە و خەریک بوو دەستەکانی بجوولێنێت... دەستەکانم بجوولێنێت... دەست و لاقەکانم ناجوولێن و من بەتەواوی لە پەلوپۆ کەوتووم. ئەوە دوا ئەنجامی نەشتەرگەرییە سەرکەوتووەکەی پرۆفیسۆرە ئەمریکاییەکەیە و تێیدا من بە سەرسوڕمانێکی گەورە ڕزگارم بووە. زیندووم، لێ تەنیا سەر و ملم دەجوولێن. کیژە هیندستانەکەی ناوی ئەرچانایە کەمێک لە من چاکترە و وا لە نێوەندی تەندروستیی (ڤێندەرهیلت) دەبینە دەرەوە. ئەو کیژە ئەسمەر و خوێن شیرینە چەپکێک گوڵی ڕەنگاوڕەنگیشی لەسەر ڕانە لاوازەکانیدا هەیە، کەچی ناتوانێت لە باوەشیان بگرێت. منیش ناتوانم چتاقە شتێک لە باوەش بگرم و پەنجەکانیشم ناجوولێن هەتا جارێکی دیکە لە خەمی قەڵەمە پارکەرەکەی باوکمدا بم، کە بە قەڵەمی کەسە ونبووەکان ناوزەدم کردبوو. لێرە دەگریم و دەگریم و (پ. فرەنسیس) بە پەنجە سوور و سپییەکانی ڕۆندکەکانم دەسڕێتەوە و بزەیەکی گەورە دەخاتە سەر لێوانی. من تەنیام و هەست دەکەم هەموو شتێک تەواو بووە، ئیدی نە قەڵەم و نە جەستە و نە باوک و نە ئەمریکایش بە زەبەلاحی خۆیەوە، بوونیان هەیە و نرخێک دەدەنە بوونی من... کە دەڵێم تەواو، گەرەکمە هێندەی نوختەکەی ژێر تیپی (بێ) لە ناوی بابەگەورەم (عەبدوڵڵا) کە پیاوێکی میهرەبانی شارباژێڕی بوو، گچکە و هیچ و سفر ببمەوە.. هەتا لەگەڵ فووی و ڕەتبوونی پێیە جوانەکانی هەر منداڵێکیش هەڵپە بکەم و هەڵبستمەوە و سنوور ببڕم. بەڵێ، یەکسەر لە تیپی (بێ)وە ببم بە تیپی (نوون)... بەڵێ، لە (عەبدوڵڵا)وە ببم بە (عەیندەڵڵا)....! من وەهام.. نوختەیەک... بنیادەمێک کە تەنیا سەری دەجوولێت و لە خەوندا ڕاستی گومانەکانی بۆ ئاشکرا دەبن. بۆیە نووسینەوەی ڕابردوو بە هۆی قەڵەمێک کە هەرگیز لە توانایدا نەبووە چیرۆکی ونبوونی باوکم وەک خۆی بگێڕێتەوە، گومانە.... گومان.. گومانێکی گەورە..! چ جای بەسەرهات و دابڕان و ونبوون و خەم و ناخۆشی گشت ئەم مرۆڤانەی بە زۆر دووچاری کۆچ و دەربەدەری و زیندان و هەزار و یەک شتی ناجۆری دیکە دەبنەوە کە هەتا سەر لە تاریکاییدا دەمێننەوە و قەڵەمێک نییە وەک خۆی بیانگێڕێتەوە. ئێستا لە سەروەختی پەککەوتەییم لە نەخۆشخانەیەکی دوور دووری سەر خاکی ئەمریکا، لە گشت چیرۆکەکانی دایکم و نامەکەی باوکم و بوونی قەڵەمێکی پارکەر لە ژیانمدا بە گومانم، تەناتەت لە دیمەنی پیرە پیاوە دانیشتووەکەیش بە دیار کونی مەنهۆڵەکەوە بە گومانم...

بۆیە هەست دەکەم هەتا دەمرم چاوم لە کرانەوە و داخرانی دەرگا دەبێت، بەڵکە ڕۆژێک ئەو کیژە سەماکەرەی لە پاش ڕووداوەکە سیمای دایکم نیشتە سەر ڕووی و تێر تێر بۆم گریا، وە ژوور دەکەوێت. ئای.. ئای کە خۆشە کیژە چاو جوانەکە قەڵەمە پارکەرەکەی باوکمی بە دیاری لەگەڵ خۆیدا هێنابێت. ڕۆژگارە درێژەکان بە تەنیایی بە ڕێ دەکەم و لە چاوەڕوانی خەون و ئاواتێکی وەها جوان دەمێنم. بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونە دوو چاوە زیتەکانم و گوێچکە و گشت خانەکانی زەینم دەخەمە گەڕ و بە دڵ پێم خۆشە لە جیاتی نێل ئارمستڕۆنگ.. قەشە ئەلیاس.. سێر فرەنسیس درەیک.. دوو کۆیلە خارپوتییەکە.. خان ئەبدال.. میری بەدلیس و هەتا باوکیشم، تەنیا باڵای کیژە سەماکەرەکە ببینم و بەس. ئەو ڕۆژە دەبینم و نابینم، شەوان تارمایی کیژە هەردەم بە دەوری قەرەوێڵەکەمدا دەخولێتەوە و جوانترین سەمای تەمەنی بۆ من دەکات. زارم پڕ ئاو و چاوم پڕ ئاو و لە دامێنیشمدا لە مێژوو وشکترم.. لێرە سەری قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم لە نێوان هەردوو مەمکە جوانەکانی کیژە دیارە و وەک بنیادەمێک دەڕوانێتە ڕووم.. کیژە پتر لێم دێتە پێش.. دێتە پێش. منیش گەرەکمە سەرم بجوولێنم و بە لێوەکانم قەڵەمەکە لەم شوێنە دەربهێنم و دەرنەهێنم...بەڵکە، هەر هیچ نەبێت لە بری ئەم هەموو مێژووە درێژ و ئاڵۆزە، دوو وشەی جوان جوانی پێ دەنووسم...!

**هەولێر– ٢٠١٣**



# مالادۆنا

**مەحمەد تەکچە**
**(ئامەد)**

ل باژارەکی مەزن د کۆلانا تاخەکێ دە پیرەژنەکێ د تەمەنێ قەهر و قۆتکان دە ژیانا خوە یا ب تەشقەلە ددۆماند. د ناڤ باخچەیەکی بەرفرەهـ دە قولەک خانیەکی وێ هەبوو. د هەر بەربانگێ دە مینا دیکان ب لەز و بەز ژ ناڤ جیان ڤە رادبوو، پێشی جلوبەرگێن خوە یێن رەوشین ل خوە دکرن، تاشتەیا خوە دکر، ب ستران دەر و دۆر دمالاشت، هەر ئالی پاک و پاقژ دکر. پاشێ ل ها رادوەست، دەستێن خوە ددان سەر نەوقا خوە و ل کارێ کو کربوویە دنهێرت: «هاهـ ئیرۆژ ژی باش بوو، ئەفەرم ژ تە رە جانکێ!» دگۆت، دچوو و ل سەر سەدرێ روودنشت.

د باخچێ دە دۆرا داران، دۆرا گولان دکۆلا، گهایێن نەکێر ژ کۆکێ ڤە هلدکرن، ئاڤ ددان. گاڤا گول ئاڤ ددان وەک کو ب نەبیێ خوە رە باخڤە وسان ب جۆش، ب کێف داخڤی، ستران دسترا. ب دارێن خوە رە ژی داخڤی، ژ وان رە ژی ستران دگۆتن. گول و داران ژی هەقێ کەدا وێ ددانێ. ژ پرگرتنا فێکیان شاخێن داران دگهیشتن ئەردێ. گول ژی دا کو کاربوون خوە ڤەدکرن، ب بشکوڤین گەش دبوون و بێهنا خوە یا مەستین ب سەر پیرەژنێ رە بەرددا. پیرەژن ژی ب ڤان چالاکی، هەولدانێن وان ڤە شاناز، کێفخوەش دبوو.

د بهارەکێ دە زارۆکێن جیرێن تو تەهم، تەباتی نەددان وێ. د باخچەیێ وێ دە دار پڕ بوون. هەو وێ دارەکە سێڤێ هەبوو. پشتی دار بەر ددا، زار و زێچان خوە ژ دزیا فێکیان رە، ژ چلمساندنا، کورساندنا گولان رە ئامادە دکر. پیرەژن هەر چ ل بەر وان دەهفک، داب، فەق ڤەددان و چ دجەربان ژی کێر نەدکر.

زارۆک تەهمەسار و مزوور بوون. پیرەژن لێ هزری کو دڤێ ئەز ڤان زارۆیان ئاش بکم و بێیی دلێشاندن وان دلخواز

بکم. کو وان نەگرم دەستێ خوە ئەز ئێ ژ ڤان سێڤان یەکێ ژی نکاربم تەهم بکم. تەو ب من رەنگ و بێهنا گولان ژی دان ژبیرکرن. بەلقتیوٚنوٚ ناهێلن گولەک ژی بشکوڤە.

پێشی چوو مالا کەسکەکورمکێ، گلییێ زاروٚکێن وان ل دیا وان کر. کەسکەکورمک:

– ما وێ چ ببە خالتیا ئەڤوٚکێ! زارێن من چەند سێڤێن تە خوارنە، قەی قرا وان نەئانینە! تشتێ کو ئەز پێ زانم، تو ڤان نافروٚشی و نادی کەسی، هەتا ناخوی ژی. دبە کو یەک دودوان تو دخوی، ئەو ژی یێن بن دارێ نە.

– ئەز دخوم ناخوم، دفروٚشم نافروٚشم، ئان ددم نادم کەسی، ما چ تە ژێ یە؟ قەستا من ئەڤئە کو دبە جارەکێ زارێن تە ل دەندکێن سێڤێ راست بێن و درانێن خوە بشکێنن. ژ دارێ تێوەربن، بمرن ئان سەقەت ببن. ناخوازم بلا قەدا ژ ئالییێ من بێ سەرێ وە. ئەز چێیا وان دخوازم. ڤا چووم، دە ب خاترێ تە جانکا دەلال. تشتێ من ئێ بگوٚتا گوٚت. دە ب خاترێ تە!

– دایێ خوە مەغەیدینە لێێێ! ما ئەز ژی نکارم ب وان قەسفیان. گوهـ نادن من ژی. لێ دیسان ژی ئەز ئێ وان تەمبی بکم.

– دە تو زانی جانکێ!

هەر کو روٚژ دچوون سێڤێن پیرەژنێ کێم دبوون. بنێ دارا سێڤێ تژێ سێڤێن کورمی، پەلخی بوون.

روٚژەکێ سەرێ سبێ پیرەژنا ئەڤوٚک دێهنا خوە دا کو خولەخولیەک ژ سەر دێر ڤە تێ گوهێ وێ. لێ هوٚ ڤەنەدا و ل کارێ خوە نهێری. ئا دنا روٚژێ دیسان هەمان دەنگ. کەت گومانان. هەلا هەلا ئەڤ نە دەنگێ کو پێ حەسیامە تا نها دەنگەکی وسان نەبهیستمە. ب شک هات بن دارێ، دەستێ خوە دا بەر چاڤان و ل سەر دارێ نهێرت. تشتەک ب بەر چاڤان نەکەت. ب دەرەنگیا روٚژێ رە رابوو چوو مالا خوە. ل سەر ناڤ جیان ڤەتەلیا، کر نەکر خەو نەکەت چاڤێن وێ.

ب شەڤەقێ رە شیار بوو، رابوو سەر خوە و ب دزیکا نەرمە نەرمە بەزیا بن دارێ. دیسان هەمان دەنگ. پیرەژن، نەرمە نەرمە ب دێر رە هلکشیا ژوٚر. گاڤا بەر ب دێنگ ڤە دمەشیا ژ نشکێ ڤە تشتەکی خوە ل بن گوهێ وێ خست و بەر ب ژێر سووركی، ل خوارێ داکەت، چوو.

پیرەژنا ئەڤوٚک، ژ بێهەمدیا خوە دەستێن وێ ڤالا مان و ب شد تێوەربوو، ل خوارێ گندری، وەک شلتەیەکێ ل بن گوهێ ئەردێ کەت. چێ کو ئاخا بن دێر نەرم بوو. هەر چ هەر دەرێ وێ دێشیا ژی ب کولەکی، ب ئای و عوی مەشیا، ب وای و وایێ چوو ل سەر سەدرێ روونشت. هم ترس و خوٚف، هم شک و گومان کەتبوو هشێ وێ. تو واتە نەددا کو ئەو چ بوو وسان ژ نشکا ڤە ل بن گوهێ وێ کەت و وەندا بوو. ئەو روٚژ دا کو راکەت ئەڤ سەربوٚری ژ بیرا وێ نەدچوو. هەر چ کاری بکرا ژی دیسان ئەو تشت دهات پێش چاڤێن وێ و قەدەرەکێ ئەو مژوول دکر.

پشتی سێ روٚژان دیسان هەمان دەنگ ئێ کورساندنێ بهیست. ڤێ جارێ ب تەڤدیر ل دێنگ نێز بوو. ژ ژێر ڤە ل ژوٚرا دێر نهێری، ژ ناڤ پەلان دەنگ تێ لێ، ژ چ تێ ئەو نە دیار ئە. جارنا جززز، جزز، جززک، دەنگێن وسان ژی تێ. تێ گهشت کو هەر چ بە ئەڤ ب سەرێ خوە، کو نە ب تەنێ بوویا دێ باخفیا، یێ تەنێ نزانە بێ چ بێژە، هەما وەک من وسان دچەرپینە، گوٚتنێن تەوشوٚ مەوشوٚ کو نایێ فێمکرن بێ کا چ دبێژە. ئەڤ ژی وسان ئە. ژ کەنگی دە یە تشتەک ژێ فێم ناکم، هەتا نزانم بێ چ یە ژی. ئنس ئە، جنس ئە، نایێ زانین. ب ناڤێ خوەدێ کو قەدەرەکە دن وسان دەرباس ببە ئەز ئێ هشێ خوە یێ مایی ژی وەند ئا بکم. وەیلا خوەدایوٚ تو ل هشێ من مقاتەبە.

– خالتیا ئەڤوٚکێ، ها خالتیا ئەڤوٚکێ!

– ئەو کی یە گازی من دکە لاو! قەی خیالێ دبینم کەچێ! ئەڤ دەنگ ژ ئالییێ دن ڤە تێ چ!

– ئەم ئەز! تو نەمری! ل ڤێ دنیایێ ی.

– تو کی یی هەیرا؟

– کا ل ئالییێ چەپێ خوە ل ژوٚر بنێر، تێ من ببینی.

پیرەژن ل ژوٚر ل ئالییێ چەپێ خوە نێری کو کورمکوٚ یە.

– جیرانوٚ ما توی، تە ئەز ترساندم هەیرا. وێ روٚژێ، ژ خوە من ژ دیا تە رە گوٚتبوو، بلا زارێن تە بێن سێڤان بخون، ئەز نە د دەهدوٚلا وان دە مە لێ، ب ڤی شەرتی، بلا روٚژێ یەکێ ل هەڤ پار ڤە بکن و زکێ خوە تێر بکن.

نها هوون ژی وسان دکن، نه؟
– ئەرێ خالتیکێ. دیا مە ئەم تەمبیە کرن، مە ژی سۆز دا وێ.
– دە باش ئە. ژ وە رە نۆشیجان بە.
کورمکۆ دیسان کەت هوندرێ سێڤێ. پیرەژن ب کێف گاڤا ئەو ئێ ل پاش خوە ڤەگەریا هەمان د پێش چاڤێن وێ رە سیەک وەک ژەتێ دەرباس بوو، ب لەزا برووسکێ پەژن ب جارەکێ رە وەندا بوو، شەوقا خوە ل پاش هشت و چوو. چاڤێن پیرەژنێ چوورسین. هەلا، هەلا ئەڤ چ شەوق بوو کەچێ! وەک نوورا کالکۆ بوو. کەچێ ئەڤ ئێ کو ئەڤ چەند رۆژ ن من دمژوولینە نە ئەڤ بە. ب ناڤێ خوەدێ کو ئەو بە وێ ژ خێرێ رە بە. نا لێ، ئەو قاسی ژی دلێ خوە ب خوە خوەش نەکە. دبە کو ژ شەری بە ژی. ما کا تە دیتیە، بێ چ یە. سێ چووک د سەر سەرێ وێ رە فریان. سێ خەلەکێن رەنگین ل پەی خوە هشتن و ل دوور کەسک، سۆر و زەر، سێ خەلەک چرسین.
ژ بلی کورمکان ئێدی کێزک ژی بووبوون بەلا سەرێ پیرەژنێ. هەر چ کر، هەر چ فەق ڤەدان بێکێر بوو. ژ جانێ خوە عوف بووبوو. هەوار و هەوارا وێ بوو، پنە پنا وێ ل تاخێ بەلا بووبوو.
* * *
پیرەژن سەرێ سبەهێ رابوو چوو بن دارێ، خوە ژ ئێریشا کورم و کێزان رە ئامادە دکر. دکر راپەلکیا سەر دارێ دیت کو د ناڤا گهایان دە دەنگێ نالینێ تێ، بەر ب دێنگ لەزیا، گاڤا باش بالا خوە دا تشتێ کو دەنگ ژێ تێ، هەمان ڤەجنقی و گاڤەک ب پاشدە ئاڤێت. قەدەرەک ب شوون دە هەموو جەسارەتا خوە دا هەڤ و ب سەر وێ چوو. دیت ئەو تشتێ کو دنالە مارملۆکەک ئە. تاڤلێ خوە دا هەڤ وو:
– مارملۆکا رەبەن ئەڤ چ نالەنالا تە یە؟
– ...
– ژ تە رە دپرسم لاو، تە چ هەیە؟
– ئەز بریندار کرم ئەو ئێ دلقرێژ.
– کی یە؟
– باشیقەک.
– وی تو بریندار کری؟
– ب قەستا کوشتنێ خوە ئاڤێت سەر من لێ دەرفەت نادایێ. کو تو نەهاتا وێ ئەز بخوارما.
– کا ئەم بچن هوندر ل برینا تە بنێرن.
کەتن هوندر، پیرەژن ل برینا وی نهێرت. دکاربوو وی باش بکرا. ژ داویا مالێ چەند دەرمانێن کو داپیرا وێ ب جەربانی هێن بووبوو و فێری وێ کربوو، ئانین. پێشی ب ئالکۆلێ ژ میکرۆبان ڤە پاک و پاقژ کر. مەلحەم تێ دا. د ناڤا دو رۆژان دە برینا مارملۆکی باش بوو. وەک بەرێ دکاربوو بگەریا، بلێیستا. بووبوو منەتدارێ پیرەژنێ. مارملۆک دخوەست ژ پیرەژنێ رە باشیەک بکرا.
پیرەژن ل بن دارا سێڤێ چێری کێز و کورمکان دکر، بەرا وان ددا. دکر نەدکر ئەو ژ ناڤ سێڤان نەدچوون و هەمان گاڤێ ب کورساندنا سێڤان مژیل بوون. رۆژ ب رۆژ سێڤێن ل سەر دارێ کورمی دبوون و دوەشیان. مارملۆک تێگهیشت کو پیرەژن ئێ ب ڤان نەتەباتیان نکاربە. ژ ڤێ ئالکاریێ باشتر ئێ چ هەبە کو مارملۆک د هەمان گاڤێ داکەت بن دارێ و گازی پیرەژنێ کر:
– ها دایکا خوەشک. قەنجیا تە قەت ژ بیرا من ناچە. دخوازم ئالیکاریێ ژ تە رە بکم.
– ما تێ ئالیکاریا چ بکی هەیرا؟
– دبینم کو تو کەتیی تاتەباتەکێ. سەرێ تە ب ڤان تەرجالان رە د بەلایێ دە یە. تەشقەلا وان ناقەدە.
– ناقەدە لاو!
– ئەز ئێ سێڤێن تە ژ دەستێن وان رزگار بکم. کو تو دل بکی ئەز ئێ وان بینم سەر رێ.
– هەما تە چ گۆت بلا وەک تە بە.
مارملۆک کەت سەر کاری. پێشی هلکشیا سەر دێر و خوە کر رەنگێ پەلێن ل سەر دێر. گاڤا کێز و کورمک هاتن هەوشێ و هلکشیان سەر دێر مارملۆکی، زمانێ خوە یێ درێژ و مەزلۆقی درێژی وان کر و ئەو زەفت کرن. دز، هەر چ کرن رزگاریا خوە ژ دەستێ مارملۆکی نەدیتن. هەوار و گازی بێکێر بوو.
– ب تە چ مارملۆکێ حەرام. ما باخچەیێ تە یە. تو ژی وەک مە دزیا پیرا ئەڤۆکێ دکی. ما تو نابینی ئەو ئەڤۆکا مراری ناهێلێ کەس بکەڤە تەنگالا وێ، ژ بۆ کو سێڤەکێ نەدە. مە ژی ئەڤ دەرفەت دیتیە، ئەم ب کێفا دلێ خوە دارێن وێ دکورسینن، دکوژن، هەما وسان ژ دەخەسیێ ها!

– ژ ئا نها و پێ ده ناهێلم تو کەس ل دەر و دۆرا مالا ئەڤۆکا دلرەهم بگەرە. هەما کی بگەرە ئەز ئێ وان د ناڤا زمانێن خوە دە بخەنقینم. ڤا نها ئەز ئێ ژ وە دەست پێ بکم.

تێگهیشتن کو نەما دکارن ژ دەستێ مارملۆکی بفلتن و دەرکەڤن دەر. گش ب یەک دەنگی ل بێر مارملۆکی گەریان.

– تەمام بلا وەک تە بە. ل مە ببۆرە. ئەم سۆندێ دخون کو تو مە بەردی ئەم ئێ جارەکە دن ب سیا ڤان دەران نەکەڤن.

– نا نا ئەز ئێ وە بخەنقینم کو بلا کەسەکی دن نەیێ ڤر. هوون ئێ ژ وان رە ببن نیشانەکا ترسێ. کو ئەز وە نەکوژم، ئەز ئێ نکاربم ب یێن دن ژی.

کێز و کورمکێن دن ژی د جهێ خوە ڤەشارتبوون دە ل وان گوهداری و تەماشە دکر. هەموو د مەراقا وێ چ ببە دە بوون. دلێ وان نەپخی، رەش و شین بوون. کەتبوون سکراتا مرنێ. مارملۆکی دیت کو ئێدی تێر ترسیانە و رجف کەتیە ناڤا وان. دەما بەردانا وان هاتبوو لێ دخوەست دەرسەکە رند بدایا وان و پاشێ ئەو بەردانا.

– مارملۆکێ دلنەرم کا دەڤ ژ وان زارۆکان بەردە. وا سۆند ژی خوارن. ژ بۆ خاترێ من دەڤ ژ وان بەردە.

– خالۆژنێ ما ئەز ئێ چاوان وان بەردم. کا دەنگێ یێن دن ژی نایێ کو ئەز ڤان ئەفوو بکم و ب ساخی بەردم.

ژ نشکا ڤە دەنگ ل هاور هلی بوو:

– ئەم گش سۆند دخون کو ئەم ئێ جارەکە دن نەکەڤن تالانێ دایکا ئەڤۆکێ.

– ڤێ گاڤێ بوو! دە ژ دایکا ئەڤۆکێ رە دا بکن. ژ بۆ خاترێ وێ ئەز وە بەردم و عەفوو دکم.

پشتی ڤێ چەند رۆژان سەرێ پیرەژنێ ئارام بوو. ب دلەکی خوەش سێڤێن خوارن، سێڤێن فرۆتن، سێڤێن دا جیرانان.

رۆژەک ئێ کورمکەک شین تێکەتا ناڤ باخچەیێ ئەڤۆکێ. ب دلۆڤین هات پێش دەری دکر بکەتا ناڤ باخچەی:

– هۆ هۆ! تێ بچی کو؟

– ئەز، ئەز، ئەز ئێ بچمە ناڤ ڤی باخچەی. ما نابینی چ خوەش دخویە. تەقەز هەر بەش فێکی هەنە.

– نا لۆ، ما تو نزانی کەس نکارە تێکەڤە ڤی باخچەی.

– ژ بۆ چ؟ ما نابینی ژ دلبژیێ ئاڤ ب دەڤێ من دکەڤە. نەما دکارم ب چلەکیا خوە.

– ئەڤ باخچە یێ مالادۆنا یە.

– نا لۆ، ئەو مالادۆنا یێ کو ب لەز و بەز ب زمانێن خوە یێ مەزلۆقی ڤە دزان وەردگرە یە ها!

– ب خوە ئەوە. باخچە نە یێ وی یە لێ ئەو ژ پیرا ئەڤۆکێ رە نۆترڤانییێ دکە.



# تەشۆ

ئاگۆتا کریستۆف
لە فەرەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی
(سویسرا)

"فەرموون دکتۆر. بەڵێ. ئێرەیە. بەڵێ، من بووم تەلەفۆنم بۆ ئێوە کرد. مێردەکەم ڕووداوێکی بەسەر هاتووە. بەڵێ، وا هەست دەکەم ڕووداوێکی مەترسیدارە. زۆر زۆر مەترسیدار. دەبێ بۆ نهۆمەکەی تر سەرکەوین. ئەو لە ژووری خەوتنە. بە ئێرەدا. ببوورن، جێگاکە هەڵنەگیراوەتەوە. ئێوە لێم تێدەگەن، من هەندێک حەپەسام کاتێک ئەو هەموو خوێنەم بینی. لە خۆم دەپرسم بە چ ورەیەکەوە دەتوانم خاوێنی بکەمەوە. پێم وایە بەم زووانە دەبێ بچم لە شوێنێکی تر بژیم.

"ئەوەش ژوورەکەیە، فەرموون. ئەو لێرەیە، لە نزیک تەختی خەو، لە سەر فەرشەکە. دەمە تەشۆیەک لە نێو کەللەسەریدایە. دەتانەوێ شیکاری بۆ بکەن؟ بەڵێ، شیی بکەنەوە. بە ڕاستی ڕووداوێکی گەمژانەیە، وا نییە؟ لە جەرگەی خەودا، لە سەر تەختەکەی بەر بۆتەوە و بە سەر ئەو تەشۆیەدا کەوتووە.

"بەڵێ، ئەو تەشۆیە، هی خۆمانە. بە گشتی لە تەنیشت ئاگردانەکەی هەیوان دادەنرێ و کۆڵکەداری پێ لەت دەکەین.

"بۆچی لە کن تەختەکەی بوو! لە من دەپرسن! دەشێ بۆ خۆی ئەم تەشۆیەی لە پاڵ تەختەکە دانابێ. ڕەنگە لە دز و شتی وا ترسابێ. ماڵەکەمان لە شوێنێکی چەپەک هەڵکەوتووە.

"دەڵێن ئەو مردووە؟ من هەر یەکسەر بیرم بۆ ئەوە چوو کە مردووە، بەڵام بە خۆمم گوت باشتر وایە دکتۆرێک پشتڕاستی بکاتەوە.

"دەتانەوێ تەلەفۆن بکەن؟ بە ڕاست؟ تەلەفۆن بۆ ئامبولانس دەکەن، وا نییە؟ بۆ پۆلیس؟ بۆچی پۆلیس؟ ڕووداوێکە

و قەوماوە. ئەو لەسەر تەختەکەی کەوتووە، بە سەر تەشۆکەدا کەوتووە، هەر ئەوەندە. بەڵێ، ڕووداوێکی سەیر و دەگمەنە، بەڵام زۆر جاریش شتی ئاوا گەمژانە ڕوو دەدەن.

"ئاخ! ڕەنگە پێتان وابێ من تەشۆکەم لە تەنیشت تەختەکە داناوە بۆ ئەوەی بە سەریدا بکەوێ، بەڵام من چۆن بتوانم پێشبینی بکەم کە ئەو لەسەر تەختەکەی دەکەوێ!

"تەنانەت لەوانەیە پێتان وابێ من پاڵم پێوە ناوە، پاشان بە ئارامی بۆی خەوتووم، دواجار بە تەنیا لەسەر تەختە گەورەکەمان، بێ ئەوەی پرخە پرخی ببیستم و بۆنەکەیم بۆ بێ!

"بڕوانن دکتۆر، ئێوە شتی وا وێنا مەکەن، ئێوە ناتوانن..

"ڕاستە، زۆر باش بۆی خەوتم. ئەوە بۆ چەند ساڵ دەچێ وا باش نەخەوتووم. تا سەعات هەشتی بەیانی وە خەبەر نەهاتم. لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم کرد. بای دەهات. هەورەکان بە ڕەنگی سپی و خۆڵەمێشی لە پێش خۆر یارییان دەکرد. هەستم بە بەختەوەری دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە قەت ناتوانی هیچ شتێک لە هەورەکانەوە بزانی. لەوانەیە بڵاو ببنەوە – هێندە توند غار دەدەن –، لەوانەشە لە سەر یەک کەڵەکە بن و بە سەر شان و پیلی ئێمەدا وەک باران بێنە خوارەوە. بۆ من جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. بارانم زۆر خۆش دەوێ، بێجگە لەمە، ئەم بەیانییە هەموو شتێک باشتر دەهاتە بەر چاوم، هەستم دەکرد دوورم لە کەسەرێک کە ماوەیەکی درێژە...

"جا لەو کاتەدا کە ئاوڕم دایەوە، چاوم بەم بوویەرە کەوت و یەکسەر تەلەفۆنم بۆ کردن.

"ئێوەش هەروا، ئێوەش دەتانەوێ زەنگ لێ بدەن. فەرموون ئەوەش تەلەفۆن. ئێوە زەنگ بۆ ئامبولانس لێدەدەن. ئێوە تەرمەکە دەبەن، وا نییە؟

"ئێوە دەڵێن ئامبولانس بۆ منە؟ لە مەبەستتان تێناگەم. من بریندار نیم. من هیچ کوێم ناهێشێ، من زۆر باشم. خوێنی سەر کراسی خەوەکەم، خوێنی مێردەکەمە، ئەو کاتە پڕژا کە..."

ئاگۆتا کریستۆف لە هەنگاریا لە دایک بووە. ساڵی ١٩٥٦، هەنگاریای بە جێ هێشتووە و لە شاری "نۆشاتێل"ی سویسرا گیرساوەتەوە. بەر لەوەی بە زمانی فەڕەنسی، زمانی ئاوارەیی و غوربەت، سێکوچکەی ڕۆمانەکانی بنووسێ، شانۆنامەی نووسیوە. "دەفتەری گەورە" یەکەم ڕۆمانێتی، پاشان "بەڵگە" و "سێیەم درۆ"ی نووسیوە و خەڵاتی کتێبی نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٩٢دا وەرگرتوە.

**سەرچاوە:**

**Agota Kristof, C'est égal, Nouvelles, Edition du Seuil, janvier 2005.**

# دەرگەهێن دائێخستی

ئەحمەد قەرەنی



**کارەکتەرێن ئەڤێ شانۆنامەیێ:**

١- حاجی رەشید و عەبدال بەگ: خودانێن کۆمپانیایێ نە.
٢- چیمەن: کچا حاجی رەشید یە.
٣- فەرهاد: کورێ عەبدال بەگی یە.
٤- زەلامێ یەکێ: چەکدار
٥- زەلامێ: دوویێ: =
٦- زەلامێ سێیێ: =

**دیمەنێ یەکێ**

(پەردا شانۆیێ ڤەدبیت هۆلا روونشتنا کۆگەیەکا ساپیتک نەخشاندی دیارە. چار دولابێن رەنگ هەناری ب شێوەیەکێ رێکوپێک ل هەر چار ئالیان هاتینە دانین و چەند پەرتووک و پارچێن شوێنەواران ب هەرەمەکی تێدا جهێ خوە گرتینە. دناڤبەرا ئەوان دولابان دا دەرگەهێن دائیخستنی هەنە، کو ئەوێ ژ ئالیێ رۆژهەلاتێ ژ هەمیان مەزنترە و ئەو لاکێشەیا ل بەر هاتیە رائێخستن وەسا دیار دکەت کو دەرگەهێ چوونەدەرڤەیە. ئەو دەرگەهە ژگۆڕ ڤەدبیتەڤە و گەنجەکێ بێهنهەلمایی دهێتە هندور و گولوازەکێ کلیلان د دەست دا یە و بلەز بەرەڤ دەرگەهێ ئالیێ باکوور دچیت و بزاڤێ دکەت ڤەکەتەڤە لێ ب درستی کلیلا تایبەت نابینتەڤە و د هەولا جەرباندنا وان دایە).

**چیمەن:** (جحێلەکا پۆر بەردایی و کراسەکێ سپی و پەنتەرۆنەکا شین دبەردانە و ژگۆڕ دهێتە ژوور) فەرهاد چ روودایە تۆ هۆسا گهوشی؟

**فەرهاد:** (ئاڤر ڤەددەت) دیسان تۆ بوویە سیبەر و ژ من ڤەنابی. من سەودا حەنەکێن تە نینە.

**چیمەن:** ئەز دزانم هزرێن تە سەرراست نەبووینە. تۆ یێ کەتیە بن بارەکێ گران. ئالیکاری بنیاتێ ئەڤینیێ یە!..

**فەرهاد:** ئەڤینیا چی؟ ئەزێ کەتیمە بەلا خوە. تۆ ژی

گوێزێن خوە ل سەر دلێ من دشکێنی. هەبوونا تە ل ڤێرە کارەکێ ئاسایی نییە!!..

**چیمەن:** ئەڤە کرنەدەرە؟

**فەرهاد:** (هەر مژوولی ڤەکرنا دەرگەهی یە) نەخێر. دێ منەتەکێ ل من کەی، ئەگەر من ب تنێ بهێلی!

**چیمەن:** نەخێر (دەنگێ تەقەیا دەبانجەیان ل دەرڤە دهێت. هەردوو خوە تاڤێنە عەردی. هەر یەک ب هێبەتی و ب ترس ل ئەوێ دی دنێرِیت) ئەڤە چ بوو؟؟

**فەرهاد:** بۆ نزانی! ئەڤی شاری چەند ئاڤەدانی زۆر بیت، مرۆڤێن خراب ژی پتر دبن.

**چیمەن:** مرۆڤ خراب نابن، لێ لێک تێنەگەیشتن هەیە. هەر یەک بازارێ خوە لدویڤ دلێ خوە دئاژۆت.

**فەرهاد:** پرسیار نە ئەڤەیە. ئەڤا من دڤێت بێژم تۆ بۆ چی هاتی؟ تە خوە دگەل من توشکر!!..

**چیمەن:** ئەز ل رێکا بازاری بووم. من لەزا ئۆتۆمبێلا خوە کێم کربوو. تۆ ل سەر شوستەی بلەز دچووی. سەروبەرێ تە ئاسایی نەبوو. من ب ئەرکێ خوە زانی ب تانا تە بهێم.

**فەرهاد:** خەمێن من بەسی منن. دەرفەتێ بدە من خوە سەرراست بکەم؟

**چیمەن:** ژبیرنەکە، ئەڤ کۆگەیە یا کۆمپانیا بابێ من و بابێ تەیە. هەر یەکی ژ مە باوەرپێکەرێ بابێ خوە. ئەڤ پێوەندییا بازرگانیێ، مە پێکڤە کۆم دکەت...و پێوەندییەکا دیکە ژی..هە هە!!

**فەرهاد:** دزانم پێوەندییا بازرگانی هەیە.. پێوەندییا دیکە چیە؟ تکایە من د ئەڤی حالی دا بهێلە؟!

**چیمەن:** نەشێم تە د ڤی حالی دا بهێلم. دەبیت خزمەتا من قەبوول بکەی. هیڤی دکەم. هۆسا دلرەق نەبە. ئامادەمە ژ پێناڤا چاڤێن تە خوە گۆری بکەم. دووبارە هیڤی دکەم بۆ من بێژە، چ ب سەرێ تە هاتییە. تۆ هۆسا بلەزوبەزی و بێهنکورتکێ تۆ تەباندی.

**فەرهاد:** ئەڤ دەرگەهە ل من ئاسێ بوویە. کلیلا وی ناس ناکەمەڤە. ئەڤە یان ئەڤە یان ژی ئەڤە.......... نزانم، کلیل هەمی وەکو یەکن..!!

**چیمەن:** ئەگەر دەرگەهێن ڤەکری هەبن.. بۆچی خوە ب دەرگەهێن دائێخستی ڤە ماندی دکەی.

**فەرهاد:** (دبەزیتە هەمی دەرگەهان و دەستکێن وان باددەت. نکاریت ڤەکەتەڤە) چ ب سەرێ من هات. نابینی هەموو دەرگەهـ لبەر من دائێخستینە. دیارە بابێ من کلیلێن وان دگەل خوە برینە.

**چیمەن:** ئەگەر دەرگەهێن ڤەکری هەبن.. بۆچی قەستا دەرگەهێن دائێخستی دکەی..!!

**فەرهاد:** ب درێژیا ژیانا خوە من دەرگەهەکێ ڤەکری ل بەر سینگێ خوە نەدیتییە!؟

**چیمەن:** بناس نە ژ وێنەیێ دەرگەهانە، بەلکو ژ دیتنا چاڤێن تەیە.

**فەرهاد:** (هههههە........)

**چیمەن:** راستە بابێن مە ل بیاڤێ بازرگانێ دا شریکن. لێ من دڤێت ئەز و تۆ ژی د کارێ وان دا سەرپشک بین. و..و.. هیمەتا خوە بۆ پاشەرۆژێ بلندتر کەین. ب ساناهی دەرگەهێن دائێخستی ڤەکەینەڤە.

**فەرهاد:** باوەر ناکەم، رۆژەک بێت و بشێم ئەوان دەرگەهان ڤەکەمەڤە..!!

**چیمەن:** ئەڤە دەرگەهێ دلێ من ڤەکری یە.. تۆ نابینی!!؟

**فەرهاد:** ئەرێ.. راستە، هێشتا من بکارهێنانا کلیلێن ئاسنی ب درستی نەزانیینە. چەوا دێ سەرەدەریێ دگەل کلیلێن رِحداریێ کەم.. ئەز ل کووڤە مە و دنیا ل کووڤە یە.

**چیمەن:** ب ساناهی یە، چاڤێن خوە بنقینە، دەستێن خوە د بەژنا من وەرینە و توند من هەمبێز بکە، و چەند چرکەیەکن و دێ خوە بینی یێ د ناڤ دلێ من دا.

**فەرهاد:** (کلیل ل سەر مێزێ دانان. چاڤێن خوە نقاندن. دەستێن خوە وەکو نیڤ بازنەیەکی ڤەکرن و بەرەڤ ئالیێ چیمەنێ ڤە چوو. ل دۆر هۆلێ زڤری........ چو نەهاتە دەستی. چاڤێن خوە ڤەکرن.. چیمەن بەرزە ببوو. هاوارکر) ئەڤە ژی بوو خەون. (بۆ ئالیێ مێزێ چوو. لێ کلیل ژی نەمابوون). ئاخ خۆدێ ئەڤە چ بوو هاتە سەرێ من. ئاخ خۆدێ ئەڤە چ بوو هاتە سەرێ من..!! (دگەل دەنگێ فەرهادی پەردا شانۆیێ دهێتە گرتن).

## دیمەنێ دوویێ

(پەردە ڤەدبیت و ئۆفیسەکا رێکوپێک دیارە، دوو مێزێن بچویکێن کاری و یەکا دیکەیا مەزن دگەل تاخمەکێ قەنەفەیێ گران بها ژوور خەملاندییە)

**فەرهاد:** (ب گهوشی و سەوداسەری ل سەر مێزا مەزنە و مژوولی ڕێکخستنا هنەک کارێن بازرگانی یە. زەنگا تەلەفۆنێ ئەو ژ جیهانا کارگێڕیێ ڤەقەتاند. دەستک هەلگرت) ئەلو بەلێ..

**قسەکەر:** ڕۆژ باش. ئەز چیمەنم دلێ تە نەمینیت. کلیلێن تە ل نک منن.

**فەرهاد:** چما تە ئەڤە ئینا سەرێ من؟

**چیمەن:** حەزدکەم ئالیکاریا تە بکەم. من تۆ گەلەک خوەش دڤێی. ما نە ئارێشا تە دگەل دەرکێن دائێخستییە. ئامادە مە تە فێر بکەم. تکا دکەم ڤێ خزمەتێ ژ من قەبوول بکە!؟

**فەرهاد:** چەوا دێ من فێرکەی؟

**چیمەن:** هەتا کلیلێ ناس نەکەی هەول نەدە بکاربینی. چو جاران د تاریێ دا دەرگەهان ڤەنەکە. ئەگەر ئەڤان هەردوو حالەتان بهێلی دێ ب ساناهی هەموو دەرگەهێن تە دڤێن ڤەکەی..!؟ ما نە وەیە دلێ من.

**فەرهاد:** نها من زانی و من تۆ ڤیای ژ هەموو دلی. من پێ خوەشە زووترین وەخت یەک دوو ببینین.

**چیمەن:** نیڤ سەعەتا دیکە.

**فەرهاد:** نیڤ سەعەت زۆرە (سێ زەلامێن چەکدارێن دەبانجە ڤێ ب ژوور دکەڤن) ئاخ هوین کینە!!..وە چ دڤێت؟ (دوو کەس جهێن خوە دگرن. یێ سێیێ دهێت و دەستکێ تەلەفۆنێ ژگۆڕ تاتێخە و ب ئاماژە دبێژتە فەرهادی دەستێن خوە بلند بکە).

**زەلامێ دوویێ:** بلا کلیلان دەربێخیت.

**زەلامێ سێیێ:** زوو.. بێ قسە کلیلێن قاسێ دەربێخە؟

**فەرهاد:** کلیل ل ڤێرە نینە!!.. باوەڕ بکەن.

**زەلامێ یەکێ:** زێدە نەئاخڤە خوە بادە. سینگێ خوە ب دیواری ڤەنێ. (کنێفەکێ ژ بەریکا خوە تینتەدەرێ و دەستێن وی ژپشتڤە را گرێددەت).

**زەلامێ دوویێ:** وەرە ئەڤێ دۆلابێ سەحکە! ئەز دێ نۆبەداریێ کەم. هوین هەردوو ژی بگەڕێن. باش هەموو عەردا سەحکەن. کلیل یان ژی تشتێن ژ کلیلان باشتر ببینن.

**زەلامێ سێیێ:** (ڕفانک ڕفانک دۆلابێ سەروبن دکەت). کوڕۆ مە زۆر ماندی نەکە. بێژە کلیل ل کووڤەنە؟

**زەلامێ یەکێ:** واز ژ ئەڤی گەمشۆی بینە. مرنا وی یا هاتی. دیارە نەڤێت بژیت، نەکو دا بێژیت.

**فەرهاد:** باوەڕ بکەن کلیل لڤێرە نینە، یەکێ نە ژ وە چێتر ئەز خاپاندم و کلیل ژ من دزین.

**زەلامێ یەکێ:** ناڤی وی بێژە، ناڤنیشانێن وی چنە؟

**زەلامێ سێیێ:** (مژوولی دۆلابەکا دیکەیە) هەڤالینۆ.. ئەم گیرۆ بووین. ئەڤی کوڕی دڤێت مە سەرداببەت. وەختێ مە بکۆژیت. مە تنێ پازدە خولەک د دەست دا هەنە. ئاگادار بن ئەڤە یازدە خولەک چوون!

**زەلامێ دوویێ:** (شەقشەقێ ژ دەبانجا خوە تینیت) ناڤی وی بێژە، کێ کلیل ژ تە دزینە؟

**فەرهاد:** کچا شەریکێ بابێ من. ناڤێ وێ چیمەنە. خوندکارا کۆلیژا یاسایێ یە.

**زەلامێ دوویێ:** نها ل کووڤە یە. هەژمارا تەلەفۆنا وێ بدە مە.

**فەرهاد:** دەستێن من ڤەکەنەڤە. سۆزێ بدەنە من کو من ناکۆژن.

**زەلامێ دوویێ:** دیارە تۆ بێ مەژی و تێناگەیی. ما دزان چ سۆز و پەیمان هەنە. زویکا هەژمارا تەلەفۆنا وێ دێلێ بدە مە و جهێ وێ ل کووڤویە؟

**فەرهاد:** دەما هوون هاتینە ژوورڤە. ئەو ل گەل من دئاخڤت، لێ وە تەلەفۆن دائێخست. تەلەفۆنێ ڤەکە هەژمارا داویێ یا وێ یە. لێ جهێ وێ ب درستی نزانم.

**زەلامێ یەکێ:** ئەو چیمەن نەبیت دگەل پۆلیسێن نهێنی کاردکەت. بەری چەند ڕۆژەکان پلانەکا مە ئاشکرا کربوو.

**زەلامێ سێیێ:** بەلێ ئەوە.

**زەلامێ دوویێ:** ئەوێ ڕحا خوە حەلال کر. دەستێن ڤی گەمشۆی ڤەکە. هلۆن با بچین. ئەز دزانم ئەو ل کووڤە یە.

**کچەک:** (بەری هەر سێ زەلام بگەهنە نزیک دەرگەهی. دەرگەه ڤەبوو و کچەک بژووردکەڤیت). ڕۆژباش.

**زەلامێ سێیێ:** ئەڤە ئەو دێلە. مە ژ ئەسمانا دخواست، ئەو ل عەردان کەتە دەستێن مە.

**فەرهاد:** چیمەن، تە سەرێ ڕێکان ل من بەرزەکر. جار من تووش دکەی و جار خوە! کا کلیلان بدە ئەڤان جوامێران و مە ژ ئارێشان ڕزگار بکە.

**چیمەن:** تۆ بەحسا چ دکەی، کلیلێن چ و ئاریشێن چ.

**فەرهاد:** ئەڤان ب سەر ئۆفیسا مە دا گرتیە و داخوازا کلیلان یان ژی ڕحا من دکر.

**زەلامێ سێیێ:** نەخێر مە کلیل یان ڕحا چیمەنێ دڤێت.

**چیمەن:** ڕحا من یاریکا دەستێ وە نیە! هوین نها لڤێرە دەستەسەرن. ژ دەنگێ دائێخستنا تەلەفۆنێ من زانی تشتەک ڕوودایە. ئەڤ دەڤەرە یا دۆرپێچکریە ژ هێزێن پۆلیسێن ئامادە.

**زەلامێ یەکێ:** تۆ چ دبێژی. ب ڤان فند و فێلان نەشێی خوە ژ دەستێ مە ڕزگار بکەی.

**زەلامێ دوویێ:** (ژ پەنجەرکەکا ڕەخێ دەرگەهی را، دەستێ چەپێ ددەتە هنداڤ چاڤێن خوە و هویرک تەماشای دەرڤە دکەت) ئرێ ئەڤ هەموو هێزە چنە. قەی شەڕێ ڤێتنامێ دێ دووبارە بیتەڤە.

**زەلامێ سێیێ:** یا باش ئەوە. ئەم دەستهەلینن. شەڕ گۆڤەندا زەلامانە.

**زەلامێ یەکێ:** مسۆگەر ئەم دێ ئەڤی شەڕی دوڕینین. یان کۆشتی، یان گرتی.

**زەلامێ سێیێ:** گرنگ ئەوە، زیانێن تەرەفێ بەرانبەر پتر بن. ژ ئەوان سێ پتر بێنە کوشتن. ئەڤە دوو ل بەر دەستێ مەنە. دێ مینن دوویێن دیکە. چەوا ئەم سێ کەس نەشێین دوو کەسان بکوژین.

**زەلامێ دوویێ:** ئەڤ حەشامەتا لەشکری هاتیە. ئەم دکارین وەکو توبیان ئەوان وەرینین. چاڤەڕێی دەنگێ یەکەم فیشەکا من بن.

**فەرهاد:** (وەکو شەنگەبیبهێ دلەرزیت، دەستێن خوە بۆ ئەسمانی بلند دکەت) خۆدێ ئەڤە چ ب سەرێ مە هات. خوزیکا من خوەندنا خوە تەمام کربا، نەهاتبامە ناڤ ئەڤێ قەرقەشەیێ.

**چیمەن:** (دێتە بەر سینگێ فەرهادی و خوە ددەتە بەرێ هەچوەکو ئەگەر چەکدار تەقەی بکەن بلا یەکەم کەس ئەو بێتە کوشتن) فەرهاد تۆیێ درستی چونکە نە زەلامێ ڕوودانێن هۆسایی. (ئاڤڕی ل وان ڤەددەت و ب دەنگەکێ بلندتر دنڕیت) هوون ژی د غەلەتن و ئەڤ هزرا هوون دکەن خوەکوشتنا مرۆڤێن ترسنۆکێن بێعەقلە. هوون دزانن کو ئەم دێ سەرا مالێ خوە، شەڕەفا خوە هێینە کوشتن. هوون ژی ل سەرا دەستدرێژیێ بۆ مالێ خەلکی و بێشەڕەفیێ چونکە ئێدی کەس ڕێزێ ل هێتیم و سێوییێن وە ناگریت.

**زەلامێ دوویێ:** ئەڤە چ دبێژیت. وەخت هاتیە دەڤێ وێ ب گوللەیەکی بێدەنگ بکەم.

**زەلامێ یەکێ:** وەختێ سەعەتا سفر هێشتا نەهاتیە. یا باش ئەوە ئەم ب ساناهی نەبینە پارویێ ئەڤان بێغیرەتان.

**چیمەن:** غیرەت ئەوە، تۆ شەرموزارێ مال و عەیالێ خوە نەبی. ژن و کچێن وە نەبنە پارویێ یێن وە بێغیرەتتر. کوڕێن وە ژی نەبنە چاڤشۆڕێن نەمەردان.

**زەلامێ دوویێ:** ئەڤێ دێلێ هەست و سۆزێن مە کەلاندن. بێدەنگ نەبی. دزانم چەوا تە بێدەنگ بکەم.

**زەلامێ سێیێ:** هندەک ڕاستی د ئاخفتنێن وێ دا هەیە. لێ وەختێ ئەڤان پەلەتیقان ب سەرڤە چوویە.

**زەلامێ یەکێ:** من هەدار نەما ئەڤە گێژڤانکەکا کۆژەکە. یا فەرە خوە ژێ خلاس بکەین.

**فەرهاد:** هەما مە بهێلن و ئەم دەنگ ناکەین. هوین ژی هەڕنە سەر ڕێکا خوە هەر وەکو هیچ نەبوویە.

**زەلامێ دوویێ:** تەکلیل دابانەڤ مە هەموو تشت دا لدویڤ دلێ وە بیت. تە قەبرێ خوە ب دەستێ خوە کۆلا.

**چیمەن:** کلیل ل نک منن. ئەز نادەمە وە. وە یەک ڕێیا درست لبەرە، ئەگەر وە بڤێت ب سەرفرازی ل ئەڤێ زڤڕۆکێ دا ڕزگار بن. (دوو پێنگاڤا تێتە پێش وهەردوو دەستێن خوە ددەتە کێلەکێن خوە) بۆ من بێژن وە دڤێت ب سەرفرازی ڕزگار بن.

**زەلامێ دوویێ:** بێژە چ د پاززینکێ تە هەیە.

**چیمەن:** هوین سێ زەلامێن بهێزن و ل سەرەتایا تەمەنێ مالداریێ دا نە. ئەڤ کارێ هوین دکەن دێ سەرێ وە خۆت، ئەڤرۆ نەبیت نەکو سبەهی. (دەست ب هاتن و چوونێ دکەت) ئەگەر هوین بێن ل دەڤ مە کار بکەن. هەر یەک ژ وە هەیڤانەیا خوە وەربگریت. فێری کار و کەسابەت بن. ناڤ خەلکی دا سەربلند و ب حورمەت بژین. باشتر نییە ژ ئەڤێ حەیتوحیتێ. هەردەم دەستێ وە سەر دلێ وە. مالێن وە چاڤەڕێی تەرمێن وە. بلا مەژیێ وە پیچەکێ بلڤیت...هوین چ دبێژن.

**زەلامێ دوویێ:** ئالیکا سەر دەراڤێ بێفەیدەیە. ئەڤە شەڕ هاتە بەردەرێ مە. (خوە نێزیکی پەنجەرکێ دکەت) ئەڤان هەموو هێزێن دەرڤە چ لێ بکەین. ها ئەڤە یێ

دوکانێن وی بەری دپشکێن. کوڕینە خوە ئامادە بکەن. جهێن خوە بگرن.

**فەرهاد:** ئاه مالا مە خراب بوو. (دەستێن خوە درێژ دکەتە تەلەفۆنێ. لێ زەلامێ سێیێ رێ لێگرت و نەهێلا بزڤیت).

**چیمەن:** بڕیارا خوە بدەن. ئەگەر پۆلیس هاتن. ئەز دێ بێژمێ ئەڤە ل دەڤ مە کار دکەن. چەکێن خوە ڤەشێرن. هەر یەک خوە مژوولی کارەکی بکەت.

**زەلامێ دوویێ:** تە گەلەک خەلک هۆسا خاپاندینە. ئەز دزانم ئەڤە خەپکە تۆ ڤەددەی. هەتا پۆلیس بگەهن و مە ب دیلی بگرن. وەکو زارۆکێن وەک تە دچوونە حیلان ئەز ل ڕێکی تاتمەڤە.

**چیمەن:** ئەز ب هەموو پیرۆزیان سوند دخۆم. خیانەتێ ل وە نەکەم. ناڤێن خوە ل ناڤ تۆمارا کارمەندێن کۆمپانییێ بنڤیسن و ئەز و فەرهاد دێ ئیمزا کەین.

**فەرهاد:** بەلێ .. بەلێ دێ ئیمزا کەین و ئەڤە موهرا کۆمپانییێ ژی با ل نک وە بیت.

**زەلامێ یەکێ:** ئەز دبێژم ئەڤە کارەکێ خراب نیە. هوین چ دبێژن کابەکا هۆسا دگەل ئەڤان گەنجان بهەلاڤێژین.

**زەلامێ دوویێ:** هوین دێ چ کار دەنە مە، مەعاش و مافێن مە چنە؟

**چیمەن:** هوین دێ ڕۆژێ هەشت سەعەتان لڤێرە کار کەن، هەر یەک لدویڤ شیان و شارەزاییێن خوە. ئەوێ زیرەک و دلساخ و بەرهەمهێنەر دێ مافێن وی پتر لێهن.

**فەرهاد:** ئەگەر هوین ڕازینە، وەرن ناڤێن وە بنڤیسین!! ئەگەر ڕازی نەبن. خوەدێ یا ئینای ئەم دێ وە دەینە دەستێ قەدەرێ و حوکمێ قانوونێ.

**زەلامێ دوویێ:** ئەم ڕازینە. وەرن بنڤیسن. (هەرسێ ل سەر مێزێ مژوولی کارێ خوەنە).

**حاجی ڕەشید:** (دهێتە ژوورڤە) سەلامو عەلەیکوم.

(هەموو پێکڤە ڕادبنە سەرپێ و هەر یەک وەکو خوە سلاڤا جاڤەددەن).

**چیمەن:** باب ئەڤە سێ کارمەندێن مە یێن نوی دامەزراینە. وە ئەمر کربوو ل ڕۆژنامێ بەلاڤبکەن کو مە پێدڤی ب پێنج کارمەندان هەیە. ئەڤە سێ. ئەگەر دوو یێن دیکە ژی وەکو ئەڤانە ڕێکوپێک پەیدا بوون دێ قەبوول کەین و ناڤێن وان ژی تۆمارکەین و ئێخینە بەردەستێ وە.

**حاجی ڕەشید:** من باوەری ب وە هەیە. ب هیمەتا وە بوو ئەڤ کۆمپانیە سەرکەفت. دوهی من و عەبدال بەگێ بابێ فەرهادی ژی ئەڤ سوحبەتە دکر. وی ژی گۆت کۆمپانیا مە ب کچ و کوڕێن مە ئاڤەدانە.

(دەنگڤەدانەک ل پشت دیواران چەند جاران دووبارە دبیت) ئاڤەدانە.. ئاڤەدانە......(و پەردا شانۆیێ دهێتە گرتن).



# جەمال خەزنەدار:
## ئەو ئازادییەی بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی هەیە ئازادییەکی بەرفراوانە.. پێش کارەکانی منیش ژیاندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و لە چاپدانەوەیان نەبووە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٣ – ٣)**

هەرچەندە تەمەنی جەمال خەزنەدار (وەک خۆی دەڵێ) خۆی لە حەفتا و شەشساڵی ڕەبەق دەدات، بەڵام جۆشوخرۆشی لاوێکی لێ بەدی دەکرێ و بەردەوام لە جووڵە و کارکردندایە. پەنجاو هەشت ساڵی ڕێکە خەریکی ئەرشیڤ و کاری ڕۆژنامەوانییە، ساڵانێکی زۆرە سەرقاڵی دانانی ئینسیکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردییە، بۆ دۆزینەوە و دەستخستنی ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک، بڵاڤۆکێک، کە بە زمانی کوردی دەرچووبێ، شارە و شار و وڵاتە و وڵات دەڕوات و سۆراخ دەکات، تا نەیدۆزێتەوە واز ناهێنێ. لەمێژە خەون بەوەوە دەبینێ ئەرشیڤخانەیەک بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی دابنێت و خۆی سەرپەرشتی و سەروکاری بکات، ئەو دەیەوێ تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەناو بۆنوبەرامی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بمێنێتەوە.

جەمال خەزنەدار چ وەک خانەوادەکەی خۆی و چ وەک برا بچووکی د. مارف خەزنەدار لەناو زۆر ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیدا ژیاوە، زۆر لە نووسەر و مێژوونووس و سیاسەتمەدارەکانی لە نزیکەوە ناسیوە.

دەمێکە دەمانویست بیدوێنین و گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەی لەگەڵدا ساز بکەین تا یادەوەری بجووڵێنین و زۆرترین زانیاری لێ وەربگرین، کەچی بەهۆی دووری لێمانەوە ئەو هەلە نەدەڕەخسا، تا لە مانگی حوزەیرانی پار ساڵدا ئەو دەرفەتەمان بۆ دروست بوو، ئەوە بوو لەو دانیشتنەدا گفتوگۆیەکی تێروتەسەلمان لەگەڵی سازدا و زۆربەی وێستگەکانی تەمەن و ئەزموونیمان بەسەر کردەوە و لەمەڕ زۆر تەوەر و بابەت دواین کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەخوێنرێنەوە.. با بزانین.

**رامان:** سووت لەوە بووەوە، کە دوو بەرگ لە ڕۆژنامەی (هەولێر)یان سووتاندبوو، ئەی بێجگە لەوە شتی بایەخداری دیکەی تێدا نەبوو؟
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، زۆر شتی دی لەناویاندا هەبوو.
**رامان:** مەبەستم شتی دانسقە و دەگمەنە.
**جەمال خەزنەدار:** زۆر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سلێمانی سەردەمی شێخ مەحموودمان لەماڵەوە هەبوو.
**رامان:** ئەوانەتان چۆن کۆکردبووەوە و لەکوێتان پەیدا کردبوون؟
**جەمال خەزنەدار:** لە سلێمانی کۆمان کردبوونەوە، لە هەولێر هەندێکیان خۆمان هەمانبوون، لە هەولێرەوە لەگەڵ خۆمان هێنابوومانن، لەو شتە دەگمەنانە هەندێکمان لە هەولێر لە ماڵەکەی خۆمان هێشتبووەوە، هەندێکیان لە ماڵی خێزانی کاکم کچی پوورم بوو و بەجێمان هێشتبوون، کتێبەکانمان لەنێو باوڵی گەورە گەورە دانابوون، دوایی لە دوای ساڵانی حەفتا هاتمەوە و هێنامانەوە بەغدا، بەڕاستی شتی زۆر بەکەڵکمان هەبوو، تەنانەت هەندێ دەمانچە و تفەنگی زۆر کۆنی کوردەواریمان هەبوو، ئەوانەمان پاراستبوو.
**رامان:** هیچی دەستکردی وەستا ڕەجەبی تێدابوو؟
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ تێیدا بوو، بەڵام نایەتەوە بیرم، دەزانم زۆر شتی بەکەڵک بوون و لەژێر زەوی شاردبوومانەوە، دوایی خانووەکەیان لێمان ستاندو ئێمە لە بەغدا دەرکراین، ئەوەبوو بەغدامان جێهێشت و ماڵەکەشمان هەمووی گواستەوە هەولێر، پاشان لە ١٩٦٨ گەڕاندمانەوە بەغدا و دەستمان بە ژیانێکی نوێ کردەوە، دووبارە دەستمان بە کۆکردنەوەی ئەو شتانە کردەوە کە لەناو برابوون، هەندێکمان دەست کەوتەوە و هەندێکیشمان دەست نەکەوتەوە، سوودێکی گەورەشم لەوە وەرگرت، لە ساڵی ١٩٧٣ نیاز وابوو بە بۆنەی یۆبیلی زیوینی (ڕۆژنامەی کوردستان) بە یادی حەفتاو پێنج ساڵەی پێشانگایەکی گەورە بکەینەوە، خۆمان بۆ گێڕانی ئەو فیستیڤاڵە ئامادە دەکرد، ئەوەبوو ئەو ڕابەرەم بۆ ئەو بۆنەیە چاپ کرد.
**رامان:** ئەوکاتە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری کوردی بوویت لە بەغدا؟
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، لە بەغدا بووم و ڕاسپێردرام ئەو ڕابەرە ئامادە بکەم، ڕابەرەکە زمانی ئینگلیزیشی تێدا بوو، تا داوەتکراوانی عەرەبی زان و ئینگلیزی زان



جەمال خەزنەدار – ئازاد عەبدولواحید

سوودی لێ وەربگرن و شارەزایی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی ماوەی ٧٥ ساڵ پەیدا بکەن.
**رامان:** کوردی و عەرەبییەکەشی هەر خۆت جێبەجێت کرد؟
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ خۆم کردم.
**رامان:** ئەی ئینگلیزییەکەی کێ یارمەتی دایت؟
**جەمال خەزنەدار:** ئەویش بە یارمەتی هاوسەرەکەم بوو کە مامۆستای زمانی ئینگلیزییە و بەهۆی ئەوەوە بوو، بەخۆشم ئینگلیزییەکەم خراپ نییە، بەڵام ویستم کەموکورتی تێدا نەبێت.
**رامان:** ئەوە یەکەم کتێبت بوو چاپت کرد؟
**جەمال خەزنەدار:** یەکەم کتێبم بوو لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوبووەوە، بەڵام لەوەوپێش کۆمەڵێک نامیلکەی کشتوکاڵیم بڵاوکردبووەوە، دوو نامیلکە بەناوی (ڕابەری جووتیاران)، لە هەمان کاتیشدا (ڕۆژی کوردستان)ی سەردەمی شێخ مەحموودیشمان چاپ کرد، بۆ ئەوەی لە فیستیڤاڵەکەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بڵاویان بکەینەوە، ئەوەبوو لەگەڵ وەزارەتی ئێمە، کە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی وەزارەتی ڕاگەیاندنی بەغدا بووین، لەسەر ئێمەیان کرد لە فیستیڤاڵەکەدا تەنیا ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی لە عیراق دەرچوونە پیشان بدرێن، کەچی بۆنەکە یادی ٧٥ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی بوو کە پێوەندی بە ڕۆژنامەی کوردستانەوە هەبوو کە لە قاهیرە دەرچووە، بۆیە وتمان ئەگەر وابێ، ئەوە ناتوانین تەنانەت ئەویش نمایش بکەین.
**رامان:** لەکاتێکدا ئەوە بۆ خۆی سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی کوردییە.

**جەمال خەزنەدار:** ڕۆژنامەگەریی کوردی بەو ڕۆژنامەیە دەست پێ دەکات، دە هەزار دانەشمان لە ڕۆژنامەی (کوردستان) چاپ کردبوو بۆ ئەوەی لەو بۆنەیەدا بڵاوی بکەینەوە، پاشان کەوتینە گفتوگۆ، پرسەکە گەورە بوو، کە لەنێوان وەزارەتی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە گیری خوارد و گەیشتە ئاستێکی بەرزی وەها شۆڕشی کورد تەدەخولی تێدا کرد، سەیدا صالح یووسفی لەگەڵ وەزیری ڕاگەیاندن کەوتە گفتوگۆ، هەر چۆنێک بوو ئەو پرۆگرامەی کە بۆ فیستیڤاڵەکە دامان نابوو سەری نەگرت و کشاینەوە و وتمان ئەگەر وەها بێ ئێمە یادەوەرییەکە ناکەینەوە، بە تایبەتی ئەگەر گۆڤار و ڕۆژنامەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان نمایش نەکەین، ئەوە بەشداریی ناکەین، ئەوەبوو وازمان لێ هێنا.

**ڕامان:** ڕابەری ڕۆژنامەنووسییەکەت چاپ کرد؟

**جەمال خەزنەدار:** چاپ ببوو، ئامادە بوو، ئەوانەمان هەموو بۆ فیستیڤاڵەکە ئامادە کردبوو، تا لە فیستیڤاڵەکەدا بڵاویان بکەینەوە، ئیتر دوایی بڵاوکرایەوە، بێ ئەوەی فیستیڤاڵەکە بگێڕین.

**ڕامان:** ئەی (ڕۆژی کوردستان) و (بانگی کوردستان)تان دواتر چاپ کرد، یان هەر ئەوکاتە بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر (ڕۆژی کوردستان) هەر ئەو کاتە لەگەڵ ڕابەرەکە کرا، بەڵام (بانگی کوردستان)ەکە دواتر کرا، چونکە من لەو فیستیڤاڵەی بڕیار بوو بیگێڕین، لە وەزارەتی ڕاگەیاندن بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە نامەیەکیان بۆم نووسی دەڵێت ئەوە نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی گشتی بەغدا جەمال خەزنەدار دێت پێویستە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە دەرچوونە، حەز دەکەین لە هەر دەزگایەکی کوردی، کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، کتێبخانەی گشتیی هەولێر، کتێبخانەی گشتیی دهۆک، ئەرشیڤی مەکتەبی سیاسی لە گەلاڵە، ئەوانە لە ماوەی دوو هەفتەدا کۆ بکرێنەوە، ئۆتۆمبێلم پێ بوو و شوفێرم لەگەڵدا بوو، زۆر شتم کۆکردەوە، ئەوانەم بە خواستنەوە وەرگرتبوو، لە کتێبخانەی کەرکووک بابەتم وەرگرتبوو، (صبری بۆتانی) ئەو وەختە بەرپرسی ئەرشیڤخانەی مەکتەبی سیاسی بوو، ئەو پیاوە یارمەتییەکی گەورەی منی دا.. یارمەتییەکەی ئەوە بوو وتی هەر بڵاوکراوەیەک ئەگەر دوو دانە بوو، یەکێکیان ببەو تۆماری مەکە، بۆ ئەوەی نەیگەڕێنیتەوە، هەندێ شتیشم بردبوو، گەڕاندمنەوە کە دواتر ئەوانە بوونە گەنجینەیەکی بەنرخ بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەرشیڤخانەکەم و دەوڵەمەندکردنی ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی.

**ڕامان:** کەواتە بیرۆکەی کردنەوەی پیشانگایەک بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەرەتایەک بوو بۆ کارەکانت؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر.

**ڕامان:** مەبەستم سەرەتایەکی کردارییە؟

**جەمال خەزنەدار:** سەرەتای دامەزراندنی ئەرشیڤخانەکەم بە شێوەیەکی ڕەسمی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی، کە کاکم گەڕایەوە وڵات و یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان)ی لە ئەرشیڤخانەی مینۆرسکی لە لینینگراد (پترسبۆرک) دۆزیبووەوە، لە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٩٦٨، لە گۆڤاری (برایەتی)ی کوردی و لە ڕۆژنامەی (التآخي) بە عەرەبی بڵاوکردەوە و چەسپاندی کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) لە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچووە و هەر چوار لاپەڕەی ژمارە یەکی لەگەڵ لاپەڕەی پاشکۆی بە زمانی فەرەنسی بڵاوکردەوە، هەروەها پێشنیاری ئەوەی کرد کە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێک ببێتە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئیتر لەو ڕۆژەوە هەموو ساڵێک ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەی تایبەتی لە کوردستان بەم بۆنەیەوە دەگێڕرێ و منیش لەو ڕۆژەوە بڕیارم دا، مۆزەخانەی ئەرشیف و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردستان لەماڵەکەی خۆم بەشێوەیەکی ڕەسمیی دابمەزرێنم..

**پاش سەرهەڵدانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە تەکنیکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ڕووی داوە، هۆکارەکەشی بۆ تەکنۆلۆژیای نوێ دەگەڕێتەوە، بۆ بیر و هونەری کورد ناگەڕێتەوە.**

**ڕامان:** ئیتر کەوتیتە پشکنین و سۆراخکردن و گەڕان و کۆکردنەوەیان لەلای خۆت.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.

**ڕامان:** بەو بۆنەیەی باسی بەند کردن و گیرانی خۆت کرد، حەز دەکەم ئەوانەمان بە کورتی بۆ باس بکەیت؟

**جەمال خەزنەدار:** دووجار حەپس کراوم.. یەکێکیان لە

خۆپیشاندانێکی بەغدا ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩٥٦ خۆپیشاندانێکی گەورە لە بەغدا کرا، من بەشداریم تێدا کرد، بەو هۆیەوە گیرام و سێ ڕۆژ حەپس بووم، ئەوی دیکەشیان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ چوار ڕۆژ حەپس کرام، ئەوەبوو (فوئاد عارف) بەهانامەوە هات و منی بەردا.

**رامان:** ئەویش هەر بەهۆی خۆپیشاندانەوە بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر، بەهۆی ئەوەی لە ٨ی شوبات ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم نەما، ئیتر ئەو کەسانەی دژی بەعس بوون، لەلایەن ئەوانەی کودێتاکەیان کرد، کەسیان لە فەرمانگەکان نەهێشت و هەموو خەڵکیان گرت، منیش بەر ئەو لێشاوە کەوتم.

**رامان:** ماوەکەی چەند بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** پێنج شەش ڕۆژێک، شتێکی ئەوها بوو.

**رامان:** ئەوە هی جاری یەکەم؟

**جەمال خەزنەدار:** جاری دووەمیش هەر پێنج شەش ڕۆژ بوو.

**رامان:** ئەوەی کە فوئاد عارف هەوڵی بۆ دایت و بەربوویت؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، فوئاد عارف وتی بۆ خۆت بچۆرەوە هەولێر، من تەحەمولت ناکەم، چونکە تۆ زۆر بزێوی، جارێکی تر بگیرێیت کەس بە هاناتەوە نایەت.

**رامان:** بیرۆکەی لەچاپدانەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بیرۆکەیەکە من پێشتر لای کەس نەمدیوە، تۆ بە کردار لەساڵی ١٩٧٢، ١٩٧٣ کەوتیتە لە چاپدانەوەی ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموود (ڕۆژی کوردستان) و (بانگی کوردستان)، پاشان سێ ژمارەی (ڕۆژ کورد)یشت بە چاپ گەیاند، ئاگام لێ بوو لە ساڵانی هەشتاکان، هەر پەنجاو شەش ژمارەکەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ت پێ نیشان دام، گوتت ئەوەشم ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام وادیار بوو ئەو ماوەیە ڕەوشەکەت لە بار نەبوو، بۆیە ئەمەیان لەلات مایەوە، ئیتر لەو ساڵانەی دواییدا لەلایەن عەبدوڵڵا زەنگنەوە لەچاپ درایەوە، ئێستا تۆ سەرەتای دەستپێشکەری و بیرۆکەیەکت دامەزراندووە و کارت لەسەر کردووە، دوو تا سێ پرۆژەی لەو جۆرەت چاپ کردووەتەوە، کەچی هەن بەسەر ئەو هەوڵانەی تۆدا باز دەدەن، لە کاتێکدا پێویستە ئەگەر چاپکردنەوەی دووەم جاریش بێت پرسێک بە تۆ بکرێ، یان کە تۆ بە فۆرم و تەکنیکێکی



**ئەم وێنەیە لە ١٧/٦/ ١٩٩٠ لە ماڵی جەمال خەزنەدار گیراوە**
**لە ڕاستەوە: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، د. مارف خەزنەدار، مستەفا نەریمان، جەمال خەزنەدار**

نوێ ئامادەت کردووەتەوە، خۆت چاپیان بکەیتەوە، لەسەر ئەوە کۆمێنتت چییە؟

**جەمال خەزنەدار:** من وای دەبینم سەرەتای ژیاندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و لە چاپدانەوەیان پێش (ڕۆژی کوردستان) و (بانگی کوردستان) و (ڕۆژی کورد) نەبووە، تێببینی بکەن لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، بە تایبەتی لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)دا من بەرگی ناوەوەی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)م تەرخان کردبوو بۆ خستنە ڕووی مێژوو، یان ئەو ژمارانەی کە دەرچوون و چۆن دەرچوون و کێ بوون ئەوانەی دەریان کردوونە نووسراوە.. هەر لە سەرەتاوە ئەو بیرۆکەیە لەلام چەکەرەی کردبوو، هەروەها لە ساڵانی هەشتاکان هەوڵم دا چاپخانەیەک بۆ ژیاندنەوەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانانە دابنێم، زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەم دانابوو سەرلەنوێ وەک خۆیان چاپیان بکەمەوە.

**رامان:** بێجگە لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) چی دیکەت ئامادە کردبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** زۆر شتم ئامادە کردبوو.. یەکێک لەوانە دەستم کردبوو بە کۆکردنەوەی گۆڤاری (هەولێر)، هەروەها کۆکردنەوەی گۆڤاری (ڕووناکی) کە ئەسڵییەکەی لای من هەبوو، هەروەها دەستم کرد بە کۆکردنەوەی گۆڤاری (زاری کرمانجی)، تەنانەت هەوڵم دەدا هەندێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی باکووری کوردستانیش کۆبکەمەوە، ئەوانەی کە لە ئەورووپا دەست دەکەوتن، هەروەها ئەوانەی ڕۆژهەڵات سەرلەنوێ چاپ بکەمەوە، سیاسییەکان نا، بەڵکو ئەدەبییەکان و ئەوانەی کە لەگەڵ ڕەوشی ئەوکاتە گونجاو بێت، خۆم لە پرسی

سیاسی نەدەدا، تا بتوانم لە پرۆژەکەمدا سەرکەوتوو بم. تۆ باسی ئەوەت کرد کە کەسانێک بەسەر هەوڵ و مافەکانی خەڵکی دیکەدا باز دەدەن، ئەوانە بیرۆکەو بیروبۆچوونی خەڵک دەدزن و دەیکەنە هی خۆیان، بێ ئەوەی ناوی کەسانی پێش خۆیان بهێنن، ئەوەش دزییەکی ئاشکرایە و دزی ڕۆشنبیریی پێ دەڵێن، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا تۆ ناتوانیت هیچیان لێ بکەیت، بەڵام لێرە لە ئەڵمانیا مافی دانەر و نووسەر و خاوەن پرۆژەی ڕۆشنبیریی پارێزراوە و کەس بۆی نییە هەمان کاری ڕۆشنبیری یەکێکی دیکە بکات، نەک لەبەر ئەوەی ناوونیشان و بابەتەکانیان وەک یەکە، بەڵکو نابێ ناوەرۆکیان وەک یەک بێت و کتومت لە یەکتر بچن، لای خۆمان ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن، نازانی چییان لەگەڵ بکەیت و چییان ناو بنێیت.

**رامان:** ئێستا دێینە سەر قۆناغی حەفتاکان، کە بە چاخی زێڕینی ڕۆژنامەوانیی کوردی دادەنرێ و بووژانەوەیەکی زۆر لە بواری چاپکردنی کتێبی کوردی پەیدا بوو، بە شێوەیەکی گشتی کەشوهەوایەکی لەبار و بارودۆخێکی گونجاو هاتە پێشەوە، بۆ ئەوەی بزاڤێکی چالاکی ڕۆژنامەوانی بەڕێ بکەوێ، لەو کاتانەشدا لە ساڵانی حەفتا بەدواوە یەکێک لەو گۆڤارانەی کە بە کوردی و عەرەبی دەرچوو و لەناو خوێنەراندا جێگەی خۆی هەبوو (ڕۆژی کوردستان) بوو، باسێکی ئەو (ڕۆژی کوردستان)ـەمان بۆ بکە.

**جەمال خەزنەدار:** من حەز دەکەم بەر لە (ڕۆژی کوردستان) باسی (دەفتەری کوردەواری)تان بۆ بکەم.

**رامان:** زۆر چاکە! ئەو بیرۆکەیە چۆن بەخەیاڵتدا هات؟

**جەمال خەزنەدار:** وەک پێشتر باسمان کرد، لەو ماوەیەدا گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی کەوتبوو، لە بەغداو کوردستانیش نەبوو، بیرۆکەکەش دوای ئەوە هات کە کەلێنێکی گەورە هەبوو، وتم دەتوانین پڕی بکەینەوە، بە تایبەتیش کە من شارەزای چاپخانە و دەزگاکانی بەغدا بووم، ئەوە د. مارف خەزنەدار و ئیحسان فوئادیش ڕۆڵیان تێدا هەبوو، وتمان کارێکی وا بکەین، بەڵام پارەی دەویست، ئێمە لەسەر حسابی خۆمان کارەکەمان کرد، ئیحسان فوئاد (١٠) دینار، کاکم (٢٠) دینار، جەمال بابان (١٠) دینار، حەمید عوسمان (١٠) دیناری دا.

**رامان:** هەر ئەوەندە بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** هەر ئەوەندە بووین، ئەوی تر بەخۆم لە گیرفانی خۆم تەواوم دەکرد، هەریەک بەرگی نزیکەی (١٥٠-٢٠٠) دیناری تێدەچوو، کە ژمارە (١)مان چاپ کرد، ئەگەر تەماشای ناوەرۆکی دەفتەری کوردەواری بکەن، دەبینن لەوپەڕی چەپڕەوی تا ئەوپەڕی ڕاستڕەوی لەخۆ گرتووە، خەڵکی وای تێدایە، کە لەگەڵ چەپ یەکناگرنەوە، تەماشا بکەن (مەسعوود محەمەد) و (دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی) و (حەمید عوسمان)ی تێدایە، ئەگەر بشڵێین ئەوە (د. مەعرووف خەزنەدار)ی تێدایە، (ئەحمەد عوسمان)ی تێدایە، (دکتۆر ئیحسان فوئاد)ی تێدایە، هی دیکەش کە ئێستا ناوەکانیان نایەنەوە بیرم، هاوسەنگییەکی وام ڕەچاو کردبوو، بێ گومان دکتۆر مارف خەزنەداریش لە کۆکردنەوەی نووسینەکان ڕۆڵی هەبوو، من دەچوومە هەولێر و سلێمانی بۆ ئەوەی تەکلیف لە نووسەرەکان بکەم بابەتمان بۆ بنووسن، ئەوەبوو کەرەستەیەکی زۆرمان کۆکردەوە و بەرگی یەکەمان چاپ کرد.

**نەمانتوانیوە ئەو ئازادییەی هەیە بقۆزینەوە، لەجیاتی ئەوە کەوتووینەتە سەر شتی شەخسی و ورووژاندنی شتی لابەلاو بێ مەعنا.**

**رامان:** بەرگی یەکەم کەی بڵاوبووەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەرگی یەکەم لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ بوو، بەڵام پێش ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار بوو، ژمارە (٢)ی بە بەر (١١)ی ئادار کەوت لە مانگی مارت بوو.

**رامان:** نێوانی هەردوو ژمارەکە ماوەکەیان چەند بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** دوو، سێ مانگ بوو.

**رامان:** ئەی ژمارە (٣)ی چەندی پێ چوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەویش دوای دوو مانگ، سێ مانگ، نزیکەی پێنج هەزار دانەمان لێ چاپ کرد و زۆر چاک فرۆشرا.

**رامان:** بەمەش پارەیەکی باشتان هاتەوە دەست.

**جەمال خەزنەدار:** ژمارە (٢)، یەک دوو مەلزەمەی زیاتر بوو لە ژمارە (١) و چاپمان کرد، تەنانەت من بیرۆکەی ئەو گۆڤارەم لە خەیاڵی خۆم چەسپاندبوو، لە ژمارە (١)دا ڕەنگی سوورم بۆ بەرگەکەی هەڵبژاردبوو، کاکم وتی بۆچی سوور؟ منیش وتم کێشە نییە ژمارەکانی

داهاتوو بە ڕەنگی دیکە چاپ دەکەین، ئەوەبوو ژمارە (٢)مان بە ڕەنگی کەسک چاپ کرد، بە کاکم وت ئەوە ژمارە دوو بوو، ژمارە (٣)ش بە ڕەنگی زەرد چاپ دەکەین، ئەویش وتی ئەم زانیارییانە لای کەس باس مەکە، منیش وتم خەمت نەبێ، لە ڕاستیدا من بە پەلە بووم ژمارە (٣) چاپ بێت و ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان تەواو ببێ، ئەم بەیتە شیعرەش هاتە خەیاڵم و بۆ کاکم خوێندەوە:

**(ڕەنگی کەسک و زەرد و سوورم بۆیە خۆشدەوێ**
**چونکە ئاڵای کوردستانی لێ دەردەکەوێ)**

**ڕامان:** ئەی بۆچی ژمارە چواری دەرنەچوو؟

**جەمال خەزنەدار:** چونکە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار هاتە ناوەوە، ژمارەیەکی زۆر گۆڤار دەرچوون، ئێمەش بە تەمابووین بیکەین بە گۆڤارێکی فەرمی، کاکم پێوەندی لەگەڵ وەزیری ڕاگەیاندنی عیراق هەبوو.

**ڕامان:** ئەوکاتە وەزیری ڕاگەیاندن ناوی چی بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ناوی.. برادەرمان بوو، ئێستا دوو، سێ کتێبی هەیە، کابرایەکی بەعسی بوو.

**ڕامان:** عەبدوڵڵا سەللوم سامەڕائی نەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ئا بەڵێ، بەڵێنی بەکاکم دابوو کە ئیمتیازی گۆڤارێکمان بداتێ، ئەوەبوو لە ژمارە (٣)دا خاوەنی ئیمتیازم چەسپاند، کە ئەویش من بووم، سەرنووسەریش دکتۆر مارف خەزنەدار بوو، سەبارەت بە دەستەی نووسەرانیش وتمان دوایی دایدەنێین، بەو شێوەیە گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری)مان کردە ڕەسمی.

**ڕامان:** ئەی دەستەی نووسەران کێ بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** هەوڵمان دا دەستەی نووسەران هەموو لایەنێکی تێدا بێت، لە کەسانی لەبار و نووسەر، دوایی کاکم وتی مەرج نییە ئێمە دەستەی نووسەران دابنێین، بەڵکو دەستەیەک دادەنێین مەسعوود محەمەد و د. ئیحسان فوئادی تێدا بێت، تەنانەت وتی حەمید عوسمانیش دادەنێین، کە ئەوکاتە ڕۆڵی هەبوو، ئەوەبوو خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەرمان لەسەر گۆڤارەکە جێگیر کرد و وتمان لە ژمارەکانی داهاتووشدا دەستەی نووسەران جێگیر دەکەین.

**ڕامان:** ئیدی ڕێککەوتننامەی ئادار هاتە پێشەوە.

**جەمال خەزنەدار:** ڕێککەوتننامەی ئادار هاتە پێشەوە و کۆمەڵێک گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی سەریان هەڵدا، ئینجا (ڕۆژی کوردستان) دەرچوو، (برایەتی) و (التآخي) و ئەوانە بە ئاشکرا بڵاوبوونەوە، دوو، سێ گۆڤار لە کۆلێژی ئەدەبیات بە زمانی کوردی دەرچوون.

**ڕامان:** ئەی ڕۆژنامەی هاوکاری؟

**جەمال خەزنەدار:** ڕۆژنامەی هاوکاری و کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاوکراوەی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەرچوون، ئەوەبوو مۆڵەتەکەش نەدرا، ئەگەر ژمارە چوارمان دەربکردایە بۆی هەبوو بکەوینە ژێر پرسیار و لێپرسینەوەوە.

**ڕامان:** ئەی چۆن لە (ڕۆژی کوردستان) گیرسایتەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** من ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بووم، ئەوکات هەڵبژاردن دەکرا، من بەشداریم لە یەکەم هەڵبژاردندا نەکرد.

**ڕامان:** ئەوە ئەوکاتە بوو، کە سەیدا ساڵح یووسفی-یش لەوێ بوو؟!

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەو بەرپرسی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بوو، ساڵی دووەم خۆم کاندید کرد و بوومە سکرتێری کۆمەڵە، لە ژمارە یەکەوە من لەگەڵ (سەعید ناکام) دەستمان بە دەرکردنی ئەو گۆڤارە کرد.

**ڕامان:** سەعید ناکام-ت لە کەیەوە دەناسی؟

**جەمال خەزنەدار:** لە زووەوە دەمناسی، هەر لەو ڕۆژانەوە کە ئێمەی تۆمەتبار دەکرد کە دژی ئەو دەنووسین و نووسینەکانی ئەو لە گۆڤاری (شەفەق) بڵاو ناکەینەوە.

**ڕامان:** بۆچی بڵاوتان نەدەکردەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** لە گۆڤاری (شەفەق) بڵاومان نەدەکردەوە، چونکە لەگەڵ ڕێبازی گۆڤارەکە نەدەگونجا.



**ئەم وێنەیە لە ستۆکهۆڵم لە ١٩٩٨/٩/١٢ گیراوە**
**لە ڕاستەوە: مالمیسانژ، کەریمی حیسامی، جەمال خەزنەدار**

**ڕامـان:** ئەی کـەی بوونە دۆست و برادەر و لە یەکـدی حاڵی بوون و زمانی هاوبەشتان دۆزییەوە؟
**جەمال خەزنەدار:** دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، کە سەعید ناکام هاتە بەغدا و پەنای هێنایە بەر من تا لەوێ بۆ خـانووگرتن یارمـەتی بدەم، بە تایبـەتیش کـە پێکەوە لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستـان) پێکەوە کارمان دەکرد، ئیدی دۆستایەتی و برادەرایەتی لەنێوانمان پەیدا بوو.
**ڕامان:** لەوەوە تێگەیشت کە ئێوە مەبەستتان نەبووە لە گۆڤارەکەتان دژایەتی ئەو بکەن؟
**جەمال خەزنەدار:** نەخێر هیچ مەبەستی وامان نەبوو، ئیتر دۆستایەتیمان پەیدا کرد، بەڵام وەک بیری کەسیی خۆم بۆ سەعید ناکام، ئەو نووسەرێکی سەرکەوتوو بوو، زمانزانێکی باش بوو، بەڵام ئۆقرەی نەبوو.
**ڕامان:** بۆچی تۆتکەی نەدەگرت و ئۆقرەی نەبوو؟
**جەمـال خـەزنەدار:** ئا.. تۆتکەی نەدەگـرت لە دژایەتی کردنی نووسەرانی تر، لەگەڵ خەڵک حەزی لە ململانێ کردن بوو، ململانێ کردن بە نووسین.
**ڕامـان:** مـەبەسـتت ئەوەیە ئەو ملـمـلانێـیـە زۆر جـار بەهرەی مـرۆڤ لەبار دەبات، یان بچـووکی دەکـاتەوە، چونکە سەرقاڵی شتی لابەلا دەبێت؟
**جـەمـال خـەزنەدار:** لەگـەڵ سـەیدا سـاڵح یووسـفی ململانێی دەکرد، ئەوەبوو ساڵح یووسفی وتی: وا بکەن سەعید ناکام لێرە نەمێنێ.. ئەو شتانەی ئەو کەڵکی بڵاوکـردنەوەیان نییـە، ئەوەبوو ساڵی یەکـەم (شـەش) ژمارەمان دەرکرد، سەعید ناکام لە ژمارە یەک بەردەوام بوو، دەتوانم بڵێم تا ژمارە (٥٦)ی (ڕۆژی کوردستان) من بە تاقی تەنیا بەرپرسی ئەو گۆڤارە بووم، ئەگەرچی دەستـەی نووسـەران و ساڵح یووسفیش هەبوون، بەڵام کـەسی سـەرەکی بۆ کـۆکـردنەوەی بابەتەکـان و بڵاوکردنەوەیان و چاپکردنیان من بووم.
**ڕامان:** تۆ بەرپرسی کوردی و عەرەبییەکەش بوویت؟
**جەمال خەزنەدار:** ئا.. بەڵێ، کوردی و عەرەبییەکە..
**ڕامـان:** من ئەو ژمـارانەم هەمـووی دیوە، بەشـێکی زۆریانم خوێندۆتەوە، نووسەری زۆر گەورە بەشدارییان تیـایدا کـردووە وەک دکـتـۆر شـاکـر خـەسـبـاک و عـەبدولمەجـید لوتفی لە بەشـە عـەرەبییـەکـەتاندا نووسـیـویانە، هەروەها مـحـیـەدین زەنگەنە و قـاسم حوسێن عـەزیز، بەڕاستی ئەوانە ناوی گەورە و قەڵەمی دیار بوون.. ئەو (٥٦) ژمـارەیە هی ئەو کـاتانەیە، تا شەڕ دەستی پێ کردەوە؟
**جەمـال خەزنەدار:** تا شەڕ دەستی پێ کردەوە ئەوەندەی دەرچوو. نانا.. ببـوورە.. تا داگـیـرکـردنی کـۆمـەڵەی ڕۆشنبیریی لەلایەن جەردەکانی ڕۆشنبیریی کوردییەوە.
**ڕامـان:** دوایی باسی ئەو جـەردانە دەکـەین.. قـۆناغی یەکەم تا شەڕ دەست پێکردنەوە چەند ژمارەی دەرچوو؟
**جەمـال خـەزنەدار:** لە کـاتی شـەڕ دەست پێکردنەوەش ئێمە بەردەوام بووین، تا ئەو کاتە (١٦) ژمارە دەرچوو بوو، بەڵام بە سستی دەردەچوو، هەر چوار پێنج مـانگ جارێک ژمارەیەکمان دەردەکرد.
**ڕامان:** تا ساڵی ١٩٧٤ کە حکوومەت شەڕی بەسەر کورددا سەپاندەوە، ئێوە بە بەردەوامی و بەپچـڕپچـڕی دەرتان دەکرد؟!
**جەمال خەزنەدار:** بە بەردەوامی دەرنەدەچوو.
**ڕامان:** هەر ناو بەناو بوو؟
**جـەمـال خـەزنەدار:** بە بەردەوامی نەبوو، دەردەچوو، ئاسایی بوو، دوایی سەیدا ساڵح یووسفی چووە ڕیزی شۆڕش و دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی کە جێگری سەرۆک بوو، بووە سەرۆک.
**ڕامان:** سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژی کوردستانیش بوو.
**جەمـال خـەزنەدار:** سـەرنووسـەری گـۆڤـارەکـەش بوو، ئەوانەی تر هاتنە پێشەوە، حزبی شێخ ستار و...
**ڕامان:** بڵێ حزبی شۆڕشگێڕ و حزبی دیموکراتی کارتۆنی و ئەو حزبۆکانە.
**جـەمـال خـەزنەدار:** ئەوانە هاتن تا سـاڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ لە هەندێ شت لەگەڵمان بەشدارییان کرد.
**ڕامان:** ئینجا لەو کاتانەدا بەڕاستی (ڕۆژی کوردستان) بە بەردەوامی خزمەتی خۆی کردبوو، نووسینی نووسەران و ئەدەبیـاتی کـوردی و زمـان و بابەتی جـوان بڵاودەبوونەوە، بەڵام ئەو سـەروتارانەی هەندێ جـار دەبوونە مایەی گلەیی و ڕقی خەڵکیشیان هەڵسدەتاند، تەنانەت یەکـێک لەو ژمـارانە بەهۆی سـەروتارێک لەبازاڕ کـۆکـرایەوە کـە بەناوی (أشـداء علی الکفـار رحـمـاء بینهم) بوو، کـە دکـتـۆر مـوکـەڕەم تاڵەبانی نووسیبووی، ئەمە چۆن بوو؟
**جەمال خەزنەدار:** بۆ نووسینی سەروتاری گۆڤارەکە، سـەرنووسـەر دەینووسـیـیـەوە، بەبێ ئەوەی دەسـتـەی

نووسەران ئاگایان لێی بێت، کە ئەو وتارە بڵاوکرایەوە گلەییەکی زۆر هاتە سەر موکەڕەم تاڵەبانی، یەکێک لەوانە کاکم بوو گلەیی لێی هەبوو، ئێمە کە کۆبوونەوەمان دەکرد، بەرنامەی کۆبوونەوەمان دادەنا و مەحزەرەکانمان دەنووسی.

**ڕامان:** ئایا ئەو مەحزەرانە ماون؟ ئەگەر ماون لەلای کێ هەڵگیراون؟

**جەمال خەزنەدار:** کەوتە دەست ئەوان، بەڵام لەو مەحزەرانەدا باسی ئەوەمان کرد، کە ئێمە نارازین بچینەوە سەر بارەگای کۆمەڵەی ڕۆشنبیری، دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار سەیدا ساڵح یووسفی پارچە زەوییەکی گەورەی لە شەقامی فەلەستین بۆ کۆمەڵەی ڕۆشنبیری دابین کردبوو، ئەو پارچە زەوییە لە تاپۆ بەناوی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تۆمار کرابوو.

**ڕامان:** ئەو بینایەی گەڕەکی وەزیرییە نەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر ئەوەی وەزیرییە نەبوو، لە تاپۆ تۆمار کرابوو.. ڕۆژێکیان سەیدا ساڵح یووسفی هاتە کۆمەڵە و باسی کرد، ئەو کاتی ئێمە بارەگاکەی خۆمان بەکرێ گرتبوو، هات باسی ئەوەی کرد و وتی ئەحمەد حەسەن بەکر پێوەندی بە منەوە کردووە و دەڵێت ئەو پارچە زەوییەمان بدەنێ ئێمە پێویستمان پێی هەیە، بەرانبەر بەوە چیتان دەوێ دەتاندەینێ، یان بینایەکتان بۆ دروست دەکەین، ئەوەبوو ساڵح یووسفی ئەو مەسەلەیەی کردە بابەتێک تا لە کۆبوونەوە باسی لێوە بکەین.

**ڕامان:** ساڵی چەند باسی لەوە کرد؟

**جەمال خەزنەدار:** ساڵی ١٩٧٢ بوو، زۆر کەس لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لەگەڵ ئەوە نەبوون بیگێڕینەوە بۆ حکوومەت، چونکە ئەوە پارچە عەردێکی گەورە بوو، پارەیەکی زۆری دەکرد، دەمانتوانی پارچەیەکی بفرۆشین و بە پارەی پارچەکەی تر گەورەترین بینایە دروست بکەین.. ئەوەشمان لە مەحزەرەکەماندا نووسیبوو، دکتۆر مارف خەزنەدار یەک لەوانەبوو، کە قایل نەبوو عەردەکە بدرێتە ئەوان، لە هەمان کاتدا لە کۆبوونەوەکەدا موناقەشەی سەروتاری گۆڤارەکەمان دەکرد، کە دوای بڵاوبوونەوەی گلەییەکی زۆر هاتە سەر موکەڕەم تاڵەبانی، ئەو دەیوت ئەوە بیروڕای خۆمە و وەک سەرنووسەر مافی ئەوەم هەیە بیروڕای خۆم دەرببڕم، ئەگەر دەتانەوێ ئەوە دەنووسین ئەو سەروتارانەی بڵاودەبنەوە گوزارشت لە بیروڕای سەرنووسەر دەکەن، ئیدی ئەو کارانەمان دەکرد.

**ڕامان:** بابەتی بینایەکە پێوەندی بە سەیدا ساڵح یووسفی و ئەوانەوە هەبوو؟ ئێمە دەمانەوێ شتەکان تێکەڵ نەبن، چونکە هی ئەو لەو شوێنە کۆتایی دێ.. قۆناغێکی دی دەست پێ دەکات.

**جەمال خەزنەدار:** مەبەستم ئەوەبوو، کە ئێمە لە کۆبوونەوەکانی خۆماندا ڕەزامەندیمان لەسەر هەموو شتێک نەدەدا.

**ڕامان:** منیش مەبەستم ئەوەیە بڵێم، دوای ئەوەی شەڕ دەستی پێکردەوە، هەڵبژاردن ئەنجام درا، لەوێ ئەوانەی بەڕێوەیان دەبرد، دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی، دکتۆر مارف خەزنەدار، جەمال خەزنەدار، کێی تر بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** سادق بەهائەددین، دکتۆر حوسێن قاسم عەزیز، عەبدولستار کازم بوون، دەستەی بەڕێوەبەر حەوت کەس بوون، سەروتارەکە ڕاوبۆچوونی سیاسیی تێدابوو، ئەوانی تر من بە یارمەتی دکتۆر مارف خەزنەدار، کەرەستە و بابەتم کۆدەکردەوە و هەوڵمان دەدا کەرەستەکان هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژوویی کوردی بن، باسی سیاسەتمان نەدەکرد، سەروتار ڕاوبۆچوونی سەرنووسەر بوو، سیاسی بوو، بەڵام ئەوانی تر سیاسەتیان تێدا نەبوو.

**ڕامان:** چەند پاشکۆیەکیشتان دەرکرد، پاشکۆیەک بۆ چیرۆکی کوردی، پاشکۆیەک بۆ شیعری شاعیرانی



کورد..
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، پاشکۆیەک بۆ مێژووی کورد، هی دکتۆر.. هەولێری بوو ناوی چییە؟
**رامان:** دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن.
**جەمال خەزنەدار:** پاشکۆیەکی گەورەمان دەرکرد و من بەشداریم لە (٥٦) ژمارەدا کرد، دوایی..
**رامان:** وتت دوایی خەڵکیان هێنا، ئینجا بەشێوەیەکی چەتەگەرانە هاتن بەسەریان دادان و کۆدێتایان بەسەرتاندا کرد..
**جەمال خەزنەدار:** کردەوەیەکی چەتەگەرانە بوو، سەبارەت بە موکەڕەم تاڵەبانی ئەوە لەولای دابنێ کە وەک سیاسییەک و وەک شیوعییەک سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو، تا حزبی شیوعی لەگەڵ بەعس لەهاوپەیمانێتیدا بوو، ئەوان نەیاندەتوانی باسی موکەڕەم تاڵەبانی بکەن، یان لایدەن، پاشان کە حزبی شیوعی لە هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ بەعس کشایە دواوە، جەماعەتی شۆڕشگێڕی چڵکاو خۆر و پارتی دیموکراتی کارتۆنی، ئەوانە کۆدێتایەکی گەورەیان کرد.
**رامان:** من بیستوومە بە لۆری خەڵکیان هێنابوو؟
**جەمال خەزنەدار:** دە، پازدە لۆری فەللاح و خەڵکیان لە کفری و ئەو ناوە هێنا و ئەوانەیان کردە ئەندام، وایان دەزانی ئێمە بەرهەڵستی ئەوانەمان پێ ناکرێ، ئەوە بوو شێخ سەتار هەرەشەی لە من کرد و خەبەری بۆم نارد و وتبووی با بێ کلیل و کاغەز و شتەکانی کۆمەڵە تەسلیمی ئێمە بکات، منیش وتم من تەسلیمی کەسی ناکەم تا هەڵبژاردن دەکرێت، دوای هەڵبژاردن کێ دەرچوو شتەکانیان تەسلیم دەکەم، بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی نەیەتە سەر من، تەنانەت مەسەلەی پارە و مەحزەرەکان و کتێبخانەکە، کە کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو، نازانم ئەوانە چییان لێ هات؟
**رامان:** باشە نەتزانی ئەو کاغەز و بەڵگەنامەو دەفتەری کۆبوونەوانە کەوتنە دەست کێ؟
**جەمال خەزنەدار:** لەدەست ئەوان مایەوە، نازانم دوای کەوتنی عیراق چی بەسەرهات.
**رامان:** بەڵێ هەر ماونەتەوە، بەڵام یەکێتیی نووسەرانی کورد کە لە ٢٠١٠ مەڵبەندی گشتیمان وەرگرت، یەک پەڕە کاغەزمان وەرنەگرتووە، کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردیش دەبێ ئەو شتانەی لەلا مابن و لەلای کەسێک بن.

**جەمال خەزنەدار:** من چوومە بەغدا ئێستا داگیریان کردووە، سەردانی ئەو دەوروبەرەم کرد و وتیان سێ، چوار ماڵ هاتوون و داگیریان کردووە.
**رامان:** ئەوە لە کاتێکدا موڵکی کورد و کۆمەڵەی رۆشنبیرییە.. وانییە؟
**جەمال خەزنەدار:** موڵکی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردییە، من باسی بیناکردنەکەشم بۆت نەکرد، ئەوەش چیرۆکێکی زۆر دوورودرێژە، خۆمان بینامان کرد.
**رامان:** کەواتە بڕیارەکانتان لەکۆبوونەوەکە سەری نەگرت و بەعس عەردەکەیان برد؟
**جەمال خەزنەدار:** عەردەکەیان کردە (أكاديمية العلوم الحربية).
**رامان:** شوێنەکەی لە کوێیە؟
**جەمال خەزنەدار:** لە شەقامی فەلەستینە، ئەو عەردەیان دایە ئێمە و پارەشیان داینێ بۆ بیناکردنی، شەریف جامباز بینای دەکرد، ئێمەش سەرپەرشتیمان کرد.
**رامان:** بەرلەوەی بچیتە سەر وەزارەتی رۆشنبیریی عیراق وابزانم فەرمانبەری وەزارەتی کشتوکاڵ بوویت؟
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، دوای رێککەوتننامەی ١١ی ئادار، کە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیریی کوردی دامەزرا، وەک بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی، کە سەر بە وەزارەتی راگەیاندن بوو، سەیدا ساڵح یووسفی پێشنیاری کرد ئەو کەسانەی لە راگەیاندن و رۆژنامەنووسیی شارەزاییان هەیە، پێویستە ئەو دەزگایە بەو کەسانە پڕ بکرێنەوە، ئینجا کە منیش لە کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردی بووم پێشنیازی کرد بگوازرێمەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری.
**رامان:** شوێنەکەشی لەلای (مسبح) نزیکی سەربازی ونی جارانی بەغدا بوو.
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، بەڵێ، لای مەسبەح بوو، دوایی لەگەڵ (دار التضامن) لێکیان دان و بوونە دەزگایەک.
**رامان:** ئەوەش باس دەکەین، بەڵام من لەبیرمە کە دەهاتم لەوێ دکتۆر ئیحسان فوئاد سەروکاری دەکرد و حوسێن عارف و محەمەددەمین هەورامی و تۆ و محەمەد عارف سیامەنسووری و مەحموود زامدار و ئەحلام مەنسوور بوون و مام هێمنیش دەهات لەوێ کاتی خۆی بەسەر دەبرد، هەروەها لەوێ بڵاوکراوەیەک دەردەچوو بەناوی (رۆشنبیری نوێ) کە لە شێوەی رۆژنامە

دەردەچوو، هەندێ جار کتێبشی چاپ دەکرد، کتێبی چاکیشتان چاپ دەکرد، یەکێک لەوانە (الدولة الدوستكية)ی عەبدولڕەقیب یووسف بوو، بەشی دووەمەکەی دوای چاپ کردنی ڕەوانەی بەسرا کرا و لە کارگەی دروست کردنی کاغەز کردیانەوە بە هەویر، (ڕابەری ڕۆژنامەگەری) و (ڕۆژی کوردستان) و (بانگی کوردستان)یشتان هەر لەوێ چاپ کرد.

**جەمال خەزنەدار:** کە من بۆ وەزارەتی ڕاگەیاندن گوێزرامەوە، لە دەزگای ڕۆشنبیریی کوردی کارمان دەکرد، ماوەیەک تەڵعەت نادر بە وەکالەت بەڕێوەبەری گشتی بوو.

**رامان:** لە شوێنی د. ئیحسان فوئاد بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** پێش ئیحسان فوئاد بوو، دوایی ئیحسان فوئاد هات.

**رامان:** لەبیرمە تۆ بەرپرسی بەشی ڕۆژنامەگەری کوردی بوویت.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، ئەوکاتە من بەڕێوەبەری هۆبەی ڕۆژنامەگەریی کوردی بووم، کاتی خۆی ساڵی ١٩٧٣ من پێشنیارم کرد کە ڕێکەوتی (٧٥) ساڵەی بیرەوەری ڕۆژنامەی (کوردستان) دەکات، دەبوو لە ٢٢/ی نیسانی ١٩٧٣ فیستیڤاڵێکی گەورە ساز بکەین و بانگهێشتی هەندێ کەسایەتی بیانیش بکەین، ئەوە بوو وەزارەتی ڕاگەیاندن ڕەزامەندی لەسەر ئەو داواکارییە پیشان دا، کاتێ من پێشنیارم بۆ تەڵعەت نادر کرد و ئەویش بۆ وەزارەت بەرزی کردەوە، وەزارەتیش بە پشتگیریی سەیدا ساڵح یووسفی ڕەزامەندییان لەسەر دا، ساڵح یووسفی ئەوکاتە وەزیر بوو.

**رامان:** دواتر میهرەجانێکی گەورەش بۆ هونەری کوردی کرا.

**جەمال خەزنەدار:** ئەوە دواتر کرا، بڕیار درا ئەو چالاکییە لە ٢٢ی نیسان بکرێ، بەرنامەیەکمان دانا، لەوانە ڕابەرێکی ڕۆژنامەگەریی دەربکەین و هەر لەو بۆنەیەدا بڵاو بکرێتەوە، ئەوەبوو (ڕۆژی کوردستان)یشمان بڵاوکردەوە، هەروەها سێ پۆستەرمان بۆ بۆنەکە ئامادە کرد، بڕیاریشمان دا پیشانگایەک لە هۆڵی کۆبنکیان بکەینەوە، تەنانەت شتەکانیشمان ئامادە کرد، پرۆگرامەکە بۆ ٢٢ی نیسان داندرابوو، من چووم لە کتێبخانەکانی کوردستان گەڕام بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە پەیدا بکەم کە لای ئێمە نەبوون، بۆ ئەوەی لە پێشانگاکە پیشانیان بدەین، بۆ ئەو مەبەستەش چوومە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و ناوپردان.

**رامان:** ئەوەمان باس کرد و زانیمان کە سەری نەگرت.

**جەمال خەزنەدار:** دێینەوە سەر گرتنی میهرەجانی هونەری کوردی.

**رامان:** ئەو میهرەجانەی کە شەڕی بەسەرداهات.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، کە تەڵعەت نادر گۆڕا، دکتۆر ئیحسان فوئاد بووە بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی کوردی، دکتۆر ئیحسان فوئاد ئەوکاتە لەگەڵ من ڕێک نەبوو، تەنانەت هەوڵی دەدا ئەو پێشنیار و پرۆژانەی من پێشکەشیانم دەکرد جێبەجێیان نەکات، من ئەو ڕاستییە دەڵێم، لە کاتێکدا لەگەڵ دکتۆر ئیحسان فوئاد برادەرایەتییەکی زۆرم هەبوو، بەڵام دکتۆر ئیحسان فوئاد لە دوایی هەستی کرد ئەو ڕەفتارەی لەگەڵ من دەیکات هەڵەیە، گەڕایەوە و وتی وەرە با گۆڤاری (ئەستێرە) دەربکەین و هەر خۆشت بەڕێوەبەری بە.

**رامان:** بیرۆکەکەی هی دکتۆر ئیحسان فوئاد بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بیرۆکەکەی هی ئەو بوو، کە گۆڤارێک بۆ منداڵان دەربکەین و من بەڕێوەی ببەم، بەهۆی ئەو پرۆژەیەوە لەگەڵ من ئاشت بووەوە.. میهرەجانی هونەری کوردی، دکتۆر ئیحسان فوئاد کردی، دوای ئەوە ڕەوشەکە لەگەڵ کورد خراپ بوو.

**رامان:** من لەبیرمە کە دوا وتار لەو میهرەجانەدا، وتاری



پارتی بوو کە محەمەد بەدری خوێندییەوە و یەکسەر چووە ناو شۆڕش.
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، من ئەوەشت بۆ دەگێڕمەوە، کە دکتۆر ئیحسان فوئاد هات وەک بڵێی گێڕانی میهرەجانی هونەری کوردی، قەرەبووکردنەوەی نەگێڕانی میهرەجانی ڕۆژنامەگەری کوردی بووبێ، حکوومەتیش لەگەڵ کورد نێوانی خراپ بوو، شەڕ دەستی پێکردەوە، ئەوکاتە من دوور خرابوومەوە، بە ئیعتیباری ئەوەی هاوکاری شۆڕشی کوردم و لەگەڵ ساڵح یووسفی و ئەوانە بووم و کارم لەگەڵی کردووە، منیان دوورخستبووەوە، دکتۆر ئیحسان فوئاد هات بە چی من ڕازی بکات، ئەوەبوو بابەتی گۆڤاری ئەستێرەی باس کرد و بەهۆیەوە لەگەڵ من ئاشت بووەوە و گۆڤاری ئەستێرەمان دەرکرد.
**رامان:** باسێکی دەرچوونی ژمارەکانی گۆڤاری ئەستێرەمان بۆ بکە، چەند ژمارەی لێ دەرچوو؟
**جەمال خەزنەدار:** ئەستێرە چیرۆکەکەی دیارە، هەر سێ ژمارەکەیمان بڵاو کردووەتەوە، کە ژمارە (١)مان بە (١٠٠٠٠) هەزار دانە بڵاوکردەوە و لە ماوەی یەک حەفتە لە بازاڕەکانی کوردستاندا نەما، لە ژمارە (٢)دا داوایان کرد بیکەینە (١٢٠٠٠) هەزار دانە، ئەوەبوو (١٢٠٠٠) دانەمان لێی چاپ کرد و ئامادەمان کرد بڵاوی بکەینەوە، بەڵام وەزارەتی ڕاگەیاندن قەدەغەی کرد بڵاوی بکەینەوە.
**رامان:** لەسەر چی قەدەغەی کرد؟
**جەمال خەزنەدار:** سکرتێری وەکیلی وەزارەت تەلەفۆنی بۆ کردم و دکتۆر ئیحسان فوئاد خانەنشین کرا.
**رامان:** لەسەر گۆڤاری ئەستێرە خانەنشین کرا؟
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، لەسەر گۆڤاری ئەستێرە بوو، کە ئەویان خانەنشین کرد، پێوەندییان لەگەڵ من بەست، چونکە من سکرتێری نووسین و کەسی دووەمی گۆڤارەکە بووم، وتیان ژمارە (٢) کوا؟ وتم چاپکراوە و دابەش کراوە و بۆ دامەزراوەکانی حکوومەتیشمان ڕەوانە کردووە، تەنانەت بەشی ئێوەشمان ناردووە، کە دەبێ ئێستا گەیشتبێتە لاتان.. وتیان نابێ بەهیچ شێوەیەک یەک ژمارەشی لێ بڵاوبکرێتەوە، وتم تازە ئەوانەمان ڕەوانە کردووە، وتیان قەیدی ناکا ئەوەتان کردووە، پاشان هاتن ئەوانی دیکەیان لە چاپخانە هەڵگرت. من و ڕەئووف حەسەن چەند ژمارەیەکمان شاردەوە و بردمانە بارەگای کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی و دوایی بڵاومان کردنەوە، ئەوانەشی کە ئەوان بردیانن لە کارگەی کاغەز هەموویان کردەوە بە هەویر.
**رامان:** هۆی ڕاستی ئەم قەدەغە کردنە چ بوو؟
**جەمال خەزنەدار:** هۆیەکەی ئەوەبوو دکتۆر ئیحسان فوئاد هەندێ شتی لەسەر خۆماڵی کردنی نەوت نووسیبوو، دیاربوو زۆر ڕاپۆرت لەسەر دکتۆر ئیحسان فوئاد نووسرابوو، گوایە بە چاکی فەرمانگەکە بەڕێوە نابات و دوژمنداریی لەگەڵ حزبی بەعس دەکات، ئەوەبوو دکتۆر ئیحسان فوئادیان خانەنشین کرد.
**رامان:** دوای خانەنشین کردنی دکتۆر ئیحسان فوئاد فەرمانگەکەشیان تێک دا، واتە داخستنی گۆڤاری ئەستێرە لەسەر شەکر شکێنەکەی دڵشاد مەریوانی نییە؟
**جەمال خەزنەدار:** شەکر شکێنەکەش بیانوویەک بوو لە بیانووەکانی داخستنی گۆڤاری ئەستێرە.. هۆکاری سەرەکی وتارەکەی خۆماڵیکردنی نەوت بوو، کە د. ئیحسان فوئاد بەخۆی ئەم وتارەی نووسیبوو..
**رامان:** لەبیرمە لە چیرۆکەکەدا منداڵەکە فرۆکەکەی خۆی بە شەکرشکێن دەشکێنێ، چونکە فڕۆکەکان شار و گوند و خەڵکی وڵاتەکەی بۆردوومان دەکەن و دەکوژن.
**جەمال خەزنەدار:** ئەوە یەکێکە لە دەیان ڕاپۆرت کە لەسەر بابەتەکانی گۆڤارەکە بڵاوکرانەوە، تەنانەت چیرۆکی شێرکۆی نەبەزمان بڵاوکردەوە، ڕاپۆرتێکیان لەسەر چیرۆکەکە نووسیبوو کە من پێشەکییە عەرەبییەکەم نووسیبوو، وتبوویان دەیانەوێ بڵێن شۆڕشی کورد بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ حزبی بەعس دەکات و ئەحمەد حەسەن بەکر وەک کەروێشکەکە دەگرین، کە لە وێنەکەدا بەگوێیەکانی هەڵیان گرتووە، ئەوان دەڵێن ئەوهای لێ دەکەین.. بەسەدان ڕاپۆرت لەسەر گۆڤاری ئەستێرە هەبوو.
**رامان:** ئەی چۆن بوو، کە تۆ لەگەڵ شۆڕش و سەیدا ساڵح یووسفی بوویت، بڕیارت نەدا بچیتە شاخ؟
**جەمال خەزنەدار:** ساڵح یووسفی وتی حەز دەکەم ئێوە بێنە دەرەوە، من بووم، عەبدولوەهاب عەبدولڕەحیم و د. مارف خەزنەدار بوو، کاتێ ساڵح یووسفی چووە دەرەوە نامەیەکی بە ڕێگای عەبدولوەهاب عەبدولڕەحیم ناردبوو کە ژمێریاری کۆمەڵە بوو.
**رامان:** ئەو پیاوە خەڵکی شاری سلێمانی-یە؟
**جەمال خەزنەدار:** مام عەبدولڕەحیم هوتێلێکیان لە شەقامی ڕەشید هەبوو، نامەکە بۆ عەبدولوەهاب هاتبوو،

ئەویش گەیاندبوویە د. مارف خەزنەدار، ئەوەبوو خەبەرم بۆ هات، عەبدولوەهاب وتی ئەوە من خۆم ئامادە کردووە، بڕیارم داوەو دەڕۆم، ئەوەبوو پێوەندی بە شۆڕشەوە کرد، بەڵام من وتم لە ماڵێ ڕەوشێکی تایبەتیم هەیە و ناتوانم بڕۆم و خێزانەکەم جێ بهێڵم و پێوەندی بکەم، هەروەها وتم من کەسێکی حزبیش نیم، ئەوەی هەیە ئەوەیە پارتی شۆڕش دەست پێ دەکاتەوە، هەرچی شیوعییەکانن هاریکاری لەگەڵ حزبی بەعس هەیە، من حەز دەکەم وەک پێشانی خۆم لێرە کۆمەڵەکە بەرێوە ببەم بۆ ئەوەی لەناو نەچێت و بۆ خۆشم ئامادەبوونی ئەوەم نییە قوربانی بە منداڵەکانم بدەم، ئەوە ڕای من بوو، پێم وابوو لێرە خزمەت بکەم باشترە، نەک بچمە ناو شۆڕش.

**ڕامان:** باسی مام هێمن-مان بۆ بکە، کە تۆ لە بەغدا زۆر لێیەوە نزیک بوویت!

**جەمال خەزنەدار:** بەڕاستی مام هێمن جێگە و شوێن و ڕێزێکی تایبەتی هەبوو، نەک هەر لەلای ئێمە، بەڵکو لەناو هەموو کوردستانی باشوور، ئەو پەناهەندەیەکی ڕەسمی بوو، لە بەغدا بوو، زۆربەی کاتەکان لەگەڵ ئێمە دەژیا، چ لە دەزگای ڕۆشنبیریی کوردی سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندن، یان لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی، ڕۆژانی ئاهەنگ و نەورۆز هەمیشە لەگەڵ ئێمە بوو.. مام هێمن بە تەنیا دەژیا، زۆر غەمبار بوو، هەستی بە تەنیایی دەکرد، دوور لە خانەوادە و کەسوکارەکەی دەژیا، ئێمە دڵمان دەدایەوە و بۆ هەر جێگەیەک بچووینایە لەگەڵ خۆمان دەبرد، زۆر حەزی لەوە دەکرد هەمیشە لەگەڵ ئافرەتان دابنیشێ و قسە بکات، بەتایبەتی لەگەڵ (ئەحلام مەنسوور) نێوانی زۆر خۆش بوو، ئەحلام مەنسوور مام هێمنی دەدواند و زۆر لێی نزیک دەبووەوە، منیش هەمیشە بە دڵی مام هێمن-م دەکرد، ئۆتۆمبێلم هەبوو، بە ئۆتۆمبێل مام هێمن و ئەحلام مەنسوورم دەگەڕاند، ئەوان بۆ خۆیان لە دواوەی ئۆتۆمبێل دادەنیشتن.

ڕۆژێکیان لەگەڵ خۆم بردمەوە ماڵێ، وتم وەرە مام هێمن بیرەوەرییەکی زۆر کۆنی خۆتت پیشان بدەم، وتی چییە؟ وتم پێت ناڵێم تا نەچینە ماڵەوە.. چووین لە موزەخانەکەی خۆم دانیشتین، لەوێ ژمارە (٥)ی گۆڤاری (نیشتمان)م دایە دەست مام هێمن و پێم وت بیخوێنەوە، گۆڤارەکە دوو شیعری مام هێمن-ی تێدایە، گوتم دەچم قاوەت بۆ دێنم، لەوکاتەدا منداڵەکانم سروەو نارین هاتن گوتیان بابە مام هێمن دەگرێ، منیش کە گەڕامەوە لای دیتم هۆن هۆن فرمێسک لە چاوانی دێنە خوارێ، وتم مام هێمن ئەوە چیتە؟ وتی: لێم گەڕێ.. قەڵەمە پیرۆزەییە سەوز باوەکەی منی بەدەستەوە گرت و لەسەر بەرگی ڕۆژنامەکە نووسی؛ **(پاش ٣٢ ساڵ نیشتمانم دیتەوە، کە ئێستاش بە پیرۆزترین نووسراوی جیهانی دەزانم، بیرم کردەوە ئەو وەختە من چی بووم و ئێستاش چیم.. ئەودەم لاوێکی پاک و خوێن گەرم بووم، ئێستا پیرێکی رزیوی کەم هیوا، بەڵام ڕێبازەکەم هەر بەرنەداوە)**، هێمن، ٦ی تەمووزی- ١٩٧٥.

لە ڕاستیدا نیشتمانپەروەری وەک مام هێمن کەم بوو، شاعیرێکی گەورەی کورد بوو کە هەست و نەستی و ئەوەی هەیبوو بە میللەتەکەی بەخشیبووە، سەرەڕای ئەوەی کەوتبووە ولاتانیش، کەچی کوردستان و خەڵکەکەی هەرگیز لەیاد نەکردبوو.

**ڕامان:** کاتێ باسی هەولێرمان کرد، کەسایەتییەکمان لەبیر چوو بوو ئەویش محەمەد مەولوود مەم-ە، کە دەبووایە لەوێ باسی بکەین، داخوا لە بارەی مەم-ەوە چیت هەیە باسی بکەیت؟!

**جەمال خەزنەدار:** ئەو سەرەتا لە شەقلاوە دەژیا، بەڵام دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار بۆ هەولێر گوێزرایەوە، لە شارەوانی گۆڤاری (هەولێر)ی دەردەکرد کە گۆڤارێکی ئەدەبی ڕێکوپێک و جوان بوو، تێکەڵاویی لەگەڵ ئێمە هەبوو، دوای گەڕانەوەی کاکم لە یەکێتیی سۆڤیەت کە ئێمە لە بەغدا بووین، هاتوچۆی بەغدای دەکرد و چیرۆک و بەرهەمەکانی مەم هەمیشە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئێمەدا بڵاو دەبوونەوە، تەنانەت کتێبەکەی (چیرۆکەکانی مەم) من بۆیم چاپ کرد، کێشەی ڕێگەگرتن لە بڵاوکردنەوەی هەندێ لە چیرۆکەکانیشی ڕووی دا، خەریک بوو هەندێ پرسی یاسایی بێتە گۆڕێ بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی لە چاپخانە ئەو بابەتانەیان چاپ کردبوو، بەڵام دواجار ساڵح یووسفی هاتە ناو کێشەکەو لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی سانسۆری چاپەمەنییەکانی سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندن چارەسەری کرد.

**ڕامان:** لەسەرچی کێشەی نایەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** هەندێ وتیان ڕەزامەندیی سانسۆری بۆ چاپکردنی کتێبەکەی وەرنەگرتووە، منیش ڕەزامەندیی سانسۆرم هێنا کە ڕێگەی دابوو، ئەوان وتیان ڕەزامەندیی

لەسەر دراوە، بەڵام دواتر کێشراوەتەوە، راپۆرتنووسەکان ئەو کێشەیەیان دروست کردبوو، دەیانویست من و محەمەد مەولوود مەم تۆمەتبار بکەن، بەوەی ئەو شتانە بڵاو دەکەینەوە کە رێگە نەدراوە بڵاو بکرێنەوە.

**رامان:** ئەوە لە حەفتاکان؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.

**رامان:** واتە لەو کاتیشدا خەڵک هەبوون خەریکی ئەم راوە ماسیانە بوون، کەچی دوای راپەرین وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و بوونە سوپەر نیشتمانپەروەر و سوپەر کورد، لە کاتێکدا خەڵکیشیان ئازار داوە و پۆلیسی ناو ئەدیبەکانیش بوون.. باشە با باسێکی مام هەژاریش بکەین.

**جەمال خەزنەدار:** پێوەندیمان لەگەڵیدا تەنیا ئەوەبوو، کە ئەو شاعیرێکی کورد بوو، ماوەیەکیش وێنەگر بوو.

**رامان:** لە بەغدا وێنەگر بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بێ گومان.

**رامان:** ئەوکاتە دەتناسی؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، ئەو وەختە دەمناسی، بە تایبەتیش لەبەر وێنەکانی..

**رامان:** وێنەی شەمسیی دەگرت، یان کامیرای گەڕۆک بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ئا بەڵێ، کامێرایەکی لەدەست بوو، لە شەقامەکان دەسووڕایەوە و بە پارە وێنەی دەگرت.

**رامان:** دیارە بارودۆخی دارایی باش نەبووە؟

**جەمال خەزنەدار:** بێ گومان.. لە ستۆدیۆ (تاج) کاری دەکرد.

**رامان:** ئەوە ساڵانی چەند بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ و ١٩٦١ لەو ماوەیەدا لە بەغدا بوو.

**رامان:** کە رێککەوتننامەی ئادار بوو، ئەو لەبەغدا بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ لە بەغدا بوو، ئەو ئازاد بوو، لە کوردستان و بەغدا بوو، بە ئازادی دەسووڕایەوە.

**رامان:** بیرورای تۆ سەبارەت بە بارودۆخی ئەورۆی رۆژنامەنووسیی کوردی لە رووی تەکنیک و ناوەرۆکەوە چییە؟

**جەمال خەزنەدار:** رۆژنامەنووسیی کوردی بە چەند قۆناغێکی جیاواز تێپەریوە، پاش سەرهەڵدان گۆڕانکارییەکی گەورە لە تەکنیکی رۆژنامەنووسیی کوردی رووی داوە، هۆکارەکەشی بۆ تەکنۆلۆژیای نوێ دەگەڕێتەوە، بۆ بیر و هونەری کورد ناگەڕێتەوە، بەڵکو تەکنۆلۆژیایەکە وای کرد ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە لە هەموو رۆژنامەنووسیی جیهانیدا رووبدات، ئێمەی کوردیش سوودێکی گەورەمان لێ وەرگرت و گۆڕانکارییەکی مەزن بەسەر رۆژنامەنووسیی کوردیدا هات، بەڵام وەک ناوەرۆک، ئێمە لەبەر ئەوەی تینووی ئازادی رۆژنامەنووسیی کوردین و حەز دەکەین ئەوەی بیریان لێ دەکەینەوە، بە ئارەزووی خۆمان بڵاویان بکەینەوە، کە پێشتر بەدرێژایی مێژوو بۆمان نەلواوە بیانڵێین، بەڵام دوای سەرهەڵدان ئەو هەلە هاتە پێشەوە، هەرچەندە رەوشی رۆژنامەنووسیی کوردی بەپێی پێویستیش نەبێ، بەڵام من ئەوە بە شتێکی باش لە قەڵەم دەدەم، بوونی ئەو کۆمەڵە رۆژنامە و گۆڤارانە بەو بەربڵاوییە پێویستە، دواتر بە سروشتی خۆی بەرە بەرە کەم دەبێتەوە، چەند گۆڤار و رۆژنامەیەک دەمێننەوە، کە رەسەنایەتی و کاری رێکوپێک و جوانیان تێدا هەیە، تەنیا ئەوانە دەمێننەوە، ئەوانەی تر هەموویان پاشەکشە دەکەن و دەبنە مێژوو بۆ رۆژنامەنووسیی کوردی.

**رامان:** ئەی ئەو ئازادییە چۆن دەبینی کە لە ناو رۆژنامەنووسیی کوردیدا هەیە؟

**جەمال خەزنەدار:** هەرچەندە ئەو ئازادییەی کە هەیە ئازادییەکی بەرفراوانە، بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد نەمانتوانیوە ئەو ئازادییەی هەیە بقۆزینەوە و بیروبۆچوونەکانی خۆمان ئازادانە بڵاو بکەینەوە، لە جیاتی ئەوە کەوتووینەتە سەر هەندێ شتی شەخسی و وروژاندنی هەندێ وردە شتی لابەلا و بێ مەعنا، کە دەبووایە لە جیاتی ئەوە بکەوینە سەر لێکۆڵینەوە لە کێشە سەرەکییەکانمان، مێژوو و ئەدەب و هونەر و هەموو ئەو بابەتانەی کە ئێمە هەمانن، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لە رۆژنامەنووسی روویداوە، تەنانەت بابەتی سێکسیشی گرتۆتەوە، کە ئەمەیان بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو کارێکی ئاساییە، کۆمەڵگای پێشکەوتوو دەبێ هەموو شتێکی تێدا هەبێت، ئەوەی کە سوودی هەبێت، خەڵکەکە بە بەرهەمی بە کەڵکی لە قەڵەم دەدەن، ئەوەشی کە سوودی نەبێت بۆ خۆی دەکشێتە دواوە و دەکەوێتە ناو سەبەتە خاشاکی مێژوو، لەبەر ئەوە ئەو گۆڕانکارییەی کە لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا هەیە من بە دیاردەیەکی دروستی دادەنێم، ئەویش تا ماوەیەک، نەک هەتا هەتایێ، تا ئەوکاتەی دۆخە

ڕەسەنەکە دەچەسپێ، پاشان بەرەو پێشەوە دەچێ، بەڵام بەڕاستی نەمانتوانیوە ئەو ئازادییە بقۆزینەوە، کە ئێمە هەمانە، چونکە خەڵکەکە لە ڕەوشی ئەو ئازادییە تێ نەگەیشتوون کە بۆ ئازادی ڕۆژنامەنووسی هاتووەتە ئاراوە.

**ڕامان:** ئەو لاوانەی لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا هاتوونەتە پێشەوە چۆن دەبینی؟

**جەمال خەزنەدار:** دوای سەرهەڵدان، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕووی داوە، کۆمەڵێ گەنجی کورد هاتوونەتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، کەسانی وایان تێدایە دەتوانن ئەم ڕەوڕەوەیەی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەرەو ئامانجێکی پڕ بەها و پرشنگدار ببەن، دوور لە قۆستنەوەی ناوەڕۆکی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بۆ ئامانج و ئاواتی بێگانە، کە بەرژەوەندی میللەتی کوردی تێدا نەبێ، خەڵکانێکی وایان تێدا هەیە، دەبنە سامانێکی گەورەی ڕۆژانی داهاتووی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی.

**ڕامان:** تۆ وەک خاوەن ئەزموونێک کە ساڵانێکی زۆر خەریکی کاری ڕۆژنامەنووسی بوویت و ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامانەت دەور کردووەتەوە، ئێستا دووراو دوور و وەک چاودێرێک کە سەیری ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەکەیت، ئەگەر بتەوێ بە چڕوپڕی لایەنە گەشەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەستنیشان بکەیت چییە؟ هەروەها ئەگەر لایەنە نەرێنییەکەشمان بۆ دەستنیشان بکەیت؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوەی من بە گەشبینی دەیبینم ئازادییەکەیە، بوونی ئەو ئازادییە و بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد و بە ئازادی نووسین، ئەوە میللەتەکەمان دەگەیەنێتە ئاوات و ئامانجی خۆی، لە هەمان کاتیشدا وەک تاقیکردنەوە، تاقیکردنەوەی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری ڕۆژنامەنووسی بە هەند وەربگرین و سوودیان لێ وەربگرین.

**ڕامان:** تۆ پیشەگەریی لەناو ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەبینیت؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڕای من تا ئێستا بە چاکی پەیدا نەبووە، بەڵام خەریکە دروست بێت. ئەو پیشەگەرییەش لەو ئەزموونەوە دروست دەبێت، کە پێیدا تێدەپەڕین، تا ئێستا کۆمپانیایەک، یان دەزگایەک، یان جێگایەکی ڕەسمی نییە کە بەخۆی دەزگایەکی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەبێت، بەبێ ئەوەی یارمەتی لە هیچ کەس و لایەنێک وەربگرێت و بتوانێ خۆی بژیەنێ و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی خۆی بەڕێوە ببات، بۆ ئەوەی سەربەخۆییەکی تایبەت بەخۆی هەبێت. لەناو ئێمەدا ئەوە نییە، تۆ وەرە سەیری ئەو دەزگا گەورانەی ڕۆژنامەوانی بیانی بکە، تەماشای ئەڵمانیا بکە، دەزگاکانی ئەوان پێوەندییان لەگەڵ حکوومەت و دەزگاکانیدا نییە، تەماشای فەرەنسا بکە، تەماشای ئەمریکا بکە، لای ئێمە ئەوە دروست نەبووە، دەبێ ئەوە دروست بێت، ئەویش بە بیروبۆچوون و هەوڵی ئەو کەسانە دروست دەبێت کە لەو بوارەدا کار دەکەن.

**ڕامان:** بەڕای تۆ کارێکی ڕەوایە ڕۆژنامەوانی، یان ڕۆژنامەنووس ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینێ؟

**جەمال خەزنەدار:** مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن لەچییەوە سەرهەڵدەدا؟ ئۆپۆزسیۆن لەبیری جیاوازەوە سەرهەڵدەدا، لە هەموو دنیادا دەوڵەت هەیە، حکوومەت هەیە، حزب هەیە، دەوڵەت و حکوومەت هی هەموو میللەتە، کوردستان بەو چوارچێوەیەی کە هەیەتی هی میللەتە.. حزب لە خەڵک پێکدێت، پێوەندی بە دەوڵەت و گەنجینەی دەوڵەتەوە نییە، پێوەندی ئەو حزبانە بە دەوڵەت و حکوومەتەوە ئەوەیە کاتێ هەڵبژاردن دەکرێ، میللەتەکە ئەوانە هەڵدەبژێرێ و دێن تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم حوکم دەکەن، پاشان ئەگەر میللەت لێیان ڕازی بوو، ئەوە جارێکی تر و دوو جاری تر ئەو کەسانە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و میللەت هەڵدەبژێرنەوە..

**ڕامان:** ئێمە باسی ڕۆژنامەنووس دەکەین خۆی بە ئەهلی و ئازاد داناوە، کەچی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینێ، ئەی نابێ ڕۆژنامەنووس لەگواستنەوەی زانیارییەکان پیشەگەر و بێلایەن بێت؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڕای من لە کوردستانی ئێمەدا ئۆپۆزسیۆن وەک ئەوەی لە ئەوروپا هەیە وا نییە، ئێمە نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناغە، ئەو ڕۆژنامەنووسەش نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ببێتە ئۆپۆزسیۆن، ڕۆژنامەنووس نابێ ببێتە ئۆپۆزسیۆن. ڕۆژنامەنووسی تایبەت هەیە بۆ تەتەڵەکردنی نارێکی و کەموکورتییەکانی ناو کۆمەڵگا و بە ئامۆژگاری و ڕێگادانان بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان..

**ڕامان:** ئەگەر ڕۆژنامەنووس دەیەوێ ببێ بە ئۆپۆزسیۆن با

بچێ لە شوێنی خۆی ئەو کارە بکات، نەک شەڕ بە ڕۆژنامەنووسیی بفرۆشێت، ڕۆژنامەنووس دەبێ بێ لایەنانە زانیاری و هەواڵ بگەیەنێ.. باشە ئەگەر شتێک هەبێ خەوش بێت لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە لای تۆوە چییە؟ تۆ ڕات لە زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەیە؟

**جەمال خەزنەدار:** بێ گومان کەموکورتییەکی زۆر هەیە و خەوشیش هەیە، خەوشەکە لەوەدایە کە ڕۆژنامەنووس بەناوی ئۆپۆزسیۆن قسە بکات، ئەرکی ڕۆژنامەنووس لەوەدایە ناکۆکییەکان بخاتە ڕوو و بەبێ لایەنی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە و خۆی نەکات بە خاوەنی ئەو کێشانەی لە ئارادان..

**ڕامان:** ئەو زمانە زبرە لەلایەک، بێ سەرچاوەیی لە زانیاری دەست کەوتن و پەلاماردانی خەڵک و دەست وەردان تەنانەت لە تایبەتمەندیی تاکەکانیش و زۆر چوونە ناو ژیانی تایبەتی خەڵکەوە، ئەمانە کاری ڕۆژنامەنووسین؟

**جەمال خەزنەدار:** چوونە ناو ژیانی خەڵکیش بەو شێوەیە ناکرێ و نابێ تانە و تەشەر لە خەڵک بدرێ، بەبێ ئەوەی بزانرێ ڕۆژنامەنووسەکە بەخۆی لە چ ئاستێکدایە.. ناکرێ ڕۆژنامەنووسێک تازە دەستی بە نووسین کردبێ بچێ ڕووبەڕووی تاڵەبانی، یان بارزانی ببێتەوە، سەرباری ئەوەش قسە و قسەلۆکی ناشیرینیش دەرهەقیان بنووسێت، ئەوەی تانە لەو کەسایەتیانە دەدا، دەبێ لە ئاستی ئەواندابێ، ئێمە تا ئێستا لە سروشت و کاری ئۆپۆزسیۆن تێ نەگەیشتووین، تەنانەت لێرە لە ئەڵمانیا ئەوەی کە تانە لە سەرۆکی دەوڵەت دەدات، کەسێکە دەبێ لە ئاستی ئەودا بێ، ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەوە.

**ڕامان:** پێم باشە باسێکی چڕوپڕی ئەو ئەرشیڤەی خۆتمان بۆ بکەیت، کە سالانێکی زۆرە پێیەوە خەریکیت و هەوڵت داوە سەرجەم گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەورووپا و هەر چوارپارچەی کوردستان کۆ بکەیتەوە، ئەوەندەی من ئاگادار بم توانیوتە (٩٥٪)ی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی کۆنترۆڵ بکەیت و ڕەنگە تاکولوک شتێک لەملاو لەولا مابێ، ئێستا تۆ ئەرشیڤێکی زۆرت کۆکردووەتەوە، دەمەوێ بە چڕوپڕی باسێکی ئەو پرۆژەیەی خۆتمان بۆ بکەیت، بەڵام ئەو زانیاریانەی کە پێشتر داوتە بە میدیاکان حەز ناکەم دووبارەیان بکەیتەوە، ئەو بیرۆکەیە کەی و لە کوێ سەری هەڵدا؟

**جەمال خەزنەدار:** هەر لە گەنجییەوە ئەو بیرۆکەیە لە خەیاڵ و مێشکی مندا بووە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی دکتۆر مارف خەزنەدار یەکەم ڕۆژنامەی (کوردستان)ی لە ئەرشیڤخانەکەی مینۆرسکی دۆزییەوە و لە ٢٢ی نیسانی ١٩٦٨ بلاوی کردەوە، هەر لەو ڕۆژەدا چاومان بە هەر چوار لاپەڕەکەی (کوردستان) کەوت لەگەڵ پاشکۆ فەڕەنسییەکەی، هەر لەو ڕۆژەوە من ماڵەکەی خۆمم ناو لێ نا (مۆزەخانە) و (ئەرشیڤی)ی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیی کوردستان، هەر لەو کاتەدا ئەو پێشانگایەی بڕیار بوو بکرێتەوە هاندەرێکی باش بوو بۆ من تا بەدواداچوون بۆ کۆکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بکەم.. ئەو شتانەی کۆم کردنەوە و لە ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا باسم لێوە کردوون.. ویستم ئەو (١٣٠) ڕۆژنامە و گۆڤارە لە پێشانگایەکی گەورەدا پیشان بدەم، بەڵام ئەوە ڕێک نەکەوت.

**ڕامان:** من ئاگام لێیە تۆ وا بە ئاسانی نەکەوتبوویە سەر ئەو ئیشە، گۆڤار و ڕۆژنامەکانت هەروا بە ئاسانی نەهاتوونەتە بەردەست، جاری وا هەبووە سەفەرت بۆیان کردووە، هەوڵت داوە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە دەست بخەیت، کە لەلات پەیدا نەبوونە، گەر بتوانیت نەختێک باسی ئەو ماندوبوون و هیلاکییەی خۆت بکەیت لە کۆکردنەوەی ئەو ئەرشیڤە؟

**جەمال خەزنەدار:** پێویستە لێرەدا باسی شتێک بکەم، هاتنم بۆ ئەورووپا لە ساڵی ١٩٩٥ کە هاتمە ئەڵمانیا هۆکاری هاتنەکەم ئەوەبوو من بە هیچ جۆرێک دڵم نەدەهات ئەم ئەرشیڤخانەیە لە بەغدا لەبەر دەستی بەعس بەجێ بهێڵم، بەڵام ناچار بووم بەغدا بەجێ بهێڵم.. ئەگەر بەغدام بەجێ نەهێشتایە، ئەوە پیلانێکی تایبەتیان بۆ دانابووم بۆ لەناو بردنم..

**ڕامان:** زۆرجار وتووتە ئەو برادەرەی کە بووە هۆی مانەوەی ئەرشیڤەکەت دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی بووە.

**جەمال خەزنەدار:** سەفەرکردنم بۆ ئەورووپا لەبەر ئەوە بوو ،کاتێ دکتۆر نافیع ئاکرەیی-یان تیرۆر کرد، من لەچلەی ماتەمی دکتۆر نافیع ئاکرەیی شیعرێکم خوێندەوە، پێش حەفتەیەک لە تیرۆرکردنی، شەو لە بەغدا لە ماڵی ئێمە نووست، ئەو هەندێ گلەیی لای دایکی سروش کرد، کە گوایە من پێیی دەڵێم دکتۆر (ناهق) و قسەی ناشیرینی پێ دەڵێم.. منیش بۆیم ساغ کردەوە، کە من شتی وەهام پێ نەگوتووە، تەنیا ئەوەندەم

پێ دەوت ئەوەندە مــەچۆرە نزیک بەعس و ئاوا نابێ، کەمێک لەسەرخۆ، من ئەوانەم پێ دەوت، ئەوەبوو لەگەڵم ئاشت بووەوە، دوای ئەوە کـە شـەهیـد کـرا مـن زۆرم پێ ناخۆش بوو، شیعرێکم لە پرسەکەیدا خوێندەوە، لەوەوە راپۆرتێکیـان نووسیـبـوو کـە جـەمـال خـەزنەدار لە بنی مەنجەڵی داوە و حزبی بەعسی بە کوشتنی دکتۆر نافیع ئاکـرەیی تاوانبـار کـردووە، بۆیە هەمـوو رۆژێ دوو سێ فـۆرمـیـان دەهێنا و دەیانوت پڕی بکەرەوە، یان دەیانوت کێ لە کوردسـتـان دەبینی، منیش پێم دەوتن ماڵی برام، خاڵم لە کوردسـتـانە.. هەمـوو خزم و کەسم لە هەولێرن، بۆیە دەچمەوە ئەوێ، پێوەندیم بە ئەحزابەوە نییـە، کەس لە ئەحـزاب نابینم، ئیـسـتـر وای لێ هات هەسـتـم کـرد خەریکن لەناوم ببەن، بەڵام بە چ ڕێگەیەک؟ ڕێگا بۆ ئەو کـاره بۆ حـزبی بەعس زۆرە، ئەوەبوو سـەفـەرم کـرد و ڕۆیشـتـم.. ئەرشیـڤـەکـەشم لە سایەی دکـتـۆر مـوکـەڕەم تاڵەبانی بەجێ هێشت، لە ئەوروپاش پێوەندی تەلەفۆنیم لەگەڵی هەبوو، کە هاتمە ئەڵمـانیا سەنتـەری ئەرشیڤ و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامــەنووسـیـی کـوردیم دامــەزراند، حکوومـەتی ئەڵمـانیـا بە ڕەسـمـیی دانی بە دەزگـاکـەی ئێمەدا نا و جاروبار یارمەتی داراییشمان دەدەن، ئەوەبوو دەسـتم بە هەمـوو ئەو گۆڤـار و ڕۆژنامـانە گەیشت کـە لە ئەوروپا و ئەمـریکا و ئوسـتـرالیـا دەردەچوون، نەک هەر کوردییەکان، بەڵکو توانیم ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەش کۆ بکەمـەوە کە بە زمانەکـانی هۆڵەندی و ئینگلیـزی و هی تریش، لە بارەی کورد دەردەچوون و لە ئەرشیڤخانەکەمدا کۆم کردنەوە.

**ڕامان:** گرفتەکانی جێبەجێ کردنی ئەو کارەت چ بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** گرفتم زۆر بوون، کە هاتمە ئەوروپا هەر بیرم لە سەنتەرەکەی بەغدا دەکردەوە، ترسم لەوەبوو لەناو بچێ.. ســاڵی ١٩٩٦ نامــەیەکم بۆ جــەنابی کــاک مـەسعـوود بارزانی نـووسی، نامـەکـە دوو نوسـخـە بوو، یەکێکیان بۆ جەنابی مام جەلال و نوسخەیەکیشم بۆ کاک مەسعوود بارزانی نارد، بـارزانی بە مـاوەی سێ مـانگان وەڵامی داوە، من نووسیبووم ئەو ئەرشیڤخانەیە مخابنە بکەوێتـە دەست حـزبی بەعس، لە مـاڵەکـەی خـۆم لەوێ پارێزراوە، حەز دەکەم ئەگەر پێتان دەکرێ ڕزگاری بکەن، ئەوەبوو بارزانی لە وەڵامی نامەکەمدا، نامەیەکی نووسی و تێیدا دەڵێ ئێمە بە هەموو تواناییەکمان هەوڵ دەدەین ڕزگاری بکەین و ئێوە پێشنیارتان چییە بۆ ڕزگارکردنی بە مــاددی، یان مــەعنەوی پێــشنیــار بکەن بۆ ئەوەی ڕزگاری بکەین. ئیمە لەگەڵ منداڵەکانی خۆمان دانیشتین و بیـرمـان کـردەوە چۆن بیگوازینەوە کـوردسـتـان و ڕزگـاری بکـەین، ئەوەبـوو نەگـەیشــتــینە چارەســەرێکی وەها، منداڵەکـانیــشــمــان و خــۆشم لەو بڕوایەدا بووین هەر ئۆتۆمبێلێک، هەر لۆرییەک لەبەر دەرگای ماڵی ئێمە لە بەغــدا بوەســتێ، ئەوە دەبێــتـــە هۆی لەناوچوونی ئەرشیڤەکە، مەگەر بە ڕێگایەکی تایبەتی ئەویش بە پارە بێ، یان هەر شـتێ، بەڵام وا دیاربوو ئەوان کـەسـێکی وایان دەست نەکـەوتبـوو ئەو کـارە بکات.. دواجــار مانەوەی ئەرشیـڤەکەی من فەزڵەکەی بۆ دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی دەگەڕێتەوە، کە لەوێ دراوسێی یەکدی بووین و ماڵەکەمان بە تەنیشت یەکەوە بوو..

**ڕامان:** ئێستا ئەرشیڤخانەکەت لە هەولێر لە ماڵی خۆتە؟

**جەمـال خـەزنەدار:** بەڵێ، پاش ڕووخـانی ڕژێمی بەعس من چوومـەوە بەغـدا و ترێلەیەکم گـرت و ئەرشیـڤـەکـەم گـواسـتــەوە هەولێـر، ئێـسـتــاش چوار، پێنج ژووری مـاڵەکـەمی داگیـر کـردووە و مـاڵەکەم بە تەواوی بووە بە سەنتـەر و ئەرشیـڤـخـانە، تەنانەت ئەو جێگـایەش بۆی بەرتەسکەو بە تەواوی جێگای هەمووی نابێتەوە.

**ڕامان:** ئەی بە نیازی چی لێ بکەیت؟

**جەمـال خـەزنەدار:** نیـازم وایە حکوومـەت یارمـەتییـەکم بدات و دەزگایەکم بۆ دابنێ.

**ڕامان:** مەبەستت لە دەزگاکە شوێنەکەیەتی؟

**جەمـال خـەزنەدار:** بەڵێ مـەبەسـتم شـوێنە، شـوێنێکی ڕێکوپێک بێت و شـایسـتـەکـەی ئەو ئەرشیـڤـە گـەورەیە بێت، ئەم دەزگــایە نزیکەی (٤٥٠٠) بەڵگـەنامــەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردی تێدایە، (٤٥٠٠) ناوونیــشـــان جگە لە ســەدان دەســتنووس و یادەوەریی ڕۆژنامـەنووسـە کـۆنەکـانی کـورد و زیاتر لە (٣٠) هەزار کـتێـبی کـوردی و عـەرەبی لە بارەی بابەتی جۆراوجـۆری مێژووی کورد و کوردستان، کە پێویستە لەو دەزگایەدا بە خـەڵک پیـشـان بدرێن، ئەم دەزگـایە تایبـەتمەندییـەکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەیە، پێوەندی بە دۆکیۆمێنت و شتی دیکەوە نییە، تایبەتە بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی و ئەدەب و هونەر و مـێژووی کوردی، بەڵام تا ئێسـتـا هیچ ئومـێدێک نییـە جێگەیەکم بدەنێ، ئیدی نازانم بەکـوێ دەگەم؟

**ڕامان:** سـەبارەت بە مـوکـەڕەم تاڵەبانی کـە دراوسێی تۆ

بووە و فەزڵی هەبووە لە پاراستنی ئەرشیڤەکەت، لەم بارەیەوە پرسیارێک لە تۆ دەکەم کە ڕەنگە تۆ ئاگاداریت لێی هەبێت.. وەختێ خۆی موکەڕەم تاڵەبانی یادەوەرییەکانی خۆی نووسیوە، ئەو یادەوەرییانەی کەوتووەتە دەست دامودەزگاکانی ڕژێم، لە قوبرس گۆڤار و ڕۆژنامەیان دەرکردووە و ئاماژەیان بەو سەرچاوەیە کردووە، نازانیت ئەو سەرچاوەیە چۆن کەوتووەتە دەستیانەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەو شتانەی، کە لە قوبرس بڵاو دەکرانەوە، هەموویان درۆو دەلەسە و موخابەراتی بوون، ئەوانەی ئەو شتانەیان دەکرد زۆربەیان ئێستا لە کوردستان مەسئولەتیان هەیە و بە ئازادی دەسووڕێنەوە.

**ڕامان:** مەزهەر عارف سەروکاری ڕۆژنامەکەی دەکرد.

**جەمال خەزنەدار:** مەزهەر عارف و غەیری ئەویش زۆر کەسی دیکە ئاماژەیان پێ داوە، ساڵح حەیدەری، شێخ سەتار ئاماژەیان پێ داوە، ئەوانە هەموو ئەو یاداشتانەیان نەدیوە، کە موکەڕەم تاڵەبانی نووسیویەتییەوە، هەندێ لەو یاداشتانە موکەڕەم تاڵەبانی خۆی پیشانی هەندێکیانی داوە، من تەحەدای ئەو کەسانە دەکەم لاپەڕەیەکی کۆپی کراوی ئەو لاپەڕانە بە خەڵکی پیشان بدەن، کە دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی نووسیویەتییەوە، لەوێ ئەو بەخۆی پیشانییانی داوە، بەڵام تەنیا چەند لاپەڕەیەک، لەوە بەولاوە هیچی تر نییە، دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی خۆی بڵاوی کردووەتەوە، هەموویان ڕاست ناکەن، هەموو ئەو شتانەی لە بیرەوەرییەکانی دکتۆر موکەڕەم-یان دیوە، خۆیان خوێندوویانەتەوە.

**ڕامان:** لە قوبرس ئەو مەزهەر عارفە، ڕۆژنامەی دەردەکرد و بەزنجیرە شتێکی نووسی بەناوی (المتاجرون بالاكراد) سەرەکیترین سەرچاوەی ئەو نووسەرە ئەو یاداشتەیە..

**جەمال خەزنەدار:** من وەک کەسێکی نزیک لە موکەڕەم تاڵەبانی، دەزانم ئەو شتانەی خۆی نەدەدا کەس، بەڵکو هەندێ جار ئەگەر بیویستایە شتێک لە نووسینەکانی بڵاو بکەینەوە، دەیوت ئەوە بڵاو بکەینەوە، دوای ئەوە من بابەتەکەم لە بیرەوەرییەکانی ئەو نەقڵ دەکرد، دوو، سێ دەفتەری گەورەی هەبوو.

**ڕامان:** ئەی چۆنە دوای ئەو ڕەوشەی کە ئێستا هاتووەتە پێش ئەو یاداشتانە بەسەریەکەوە چاپ نەکراون؟

**جەمال خەزنەدار:** ئێستا وەک من ئاگادارم و دواجار موکەڕەم تاڵەبانیم لە سلێمانی دی و بۆی باس کردم وتی ئەگەر هەوڵێک بدەیت و بزانین بابەتی بیرەوەرییەکانم چییان لێ هات؟ پێم وت من نازانم لێرە نیم، ئێستاش وا دەزانێ هەر زەمانی بەغدایە، من بچم شوێن ئەو شتانە بکەوم، بەڵام ئەو وتی: جەماعەتێکی لبنانی هاتوون و دەیانەوێ لێم بکڕن و بڵاوی بکەنەوە، هەروەها وتی من یاداشتەکانم داوەتە دەزگای حەمەدی لە سلێمانی، برادەرانی ئەو دەزگایەش دەڵێن مام جەلال داوای کردووە و لەلای مام جەلالە، تا ئەو ڕێگە نەدا، بڵاو ناکرێتەوە.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ پیربال مەحموود سەربردەت چییە؟

**جەمال خەزنەدار:** ئێمە لە قوتابخانە پێکەوە بووین، کوڕێکی خۆش مەعشەر بوو، بە تایبەتی لەگەڵ کاکم پێوەندییەکی بەهێزی پەیدا کردبوو، ئەو دەیزانی کاکم ئاگادار و شارەزای ئەدەبی کوردییە و دەتوانێ ئامۆژگاری بکات و ڕێی پێ نیشان بدات، بۆیە خۆی بە ئێمەوە گرێ دابوو، زۆر دەهاتە بەغدا، تەنانەت کە ئێمە لە هەولێریش بووین دەچووە لای مام گیو موکریانی شکاتی لێ دەکردم و دەیوت غەدرم لێ دەکات و قسەم پێ دەڵێ، مام گیویش بانگی دەکردم دەیوت وەرە کوڕم بزانم قسەی چی پێ دەڵێی؟ وتی ئەوە دەڵێ گاڵتەم پێ دەکات.. گوتم مامۆستا من پێی دەڵێم تنگەڵۆ، شنگەڵۆ، دەیوت تۆ دەزانی ئەوانە مەعنایان چییە؟ منیش پێم دەوت مامۆستا فەرهەنگی ڕابەرەکەی خۆت لاپەڕە ئەوەندە بکەرەوە، باسی فەیلەسووف دەکات، لەوێ چ دەڵێی، پیتۆڵ، تنگەڵۆ، شنگەڵۆ ئەمانە هەمووی خۆت نووسیوتن، مام گیو بە پیربال مەحمودی دەوت کوڕم ئەوە پێت دەڵێت فەیلەسووف، گوتی نا وانییە، وتی ئەوەتا لە کتێبەکەدا هەیە، مامۆستا گیو ماچی کردم و وتی تۆ ئەم شتانە دەخوێنیتەوە؟ وتم ئەی چۆن؟ وتیشم من گلەیی لێ دەکەم، چونکە کاغەزێکی گەورە و درێژ دەهێنێ و قافیە ڕیز دەکات و هەندێ وشە دەنووسێتەوە، ئینجا دێت شیعرێک دادەنێ، شاعیرایەتی ئەوها دەبێ؟ وتی کوڕم لێی گەڕێ بەهرەی هەیە، ئەوە خۆی تاقی دەکاتەوە.

**ڕامان:** ئەوە زانیمان ڕەنگە بۆت لەبار نەبووبێ ببیتە شاعیرێکی باش، ئەی چۆنە چیرۆکت نەنووسی؟ یان تەنیا هەڵبژاردەکەت هەر ڕۆژنامەوانی بووە و زیاتر لەسەر ڕۆژنامەوانیی گیرساویتەوە و بوارێکی داهێنانت

نەدۆزیوەتەوە تا گوزارشتی پێ لە خۆت بکەیت؟
**جەمال خەزنەدار:** لە دەستپێکی نووسیندا لە هەموو بابەتێکم دەنووسی، بۆ ئەوەی توانایی ئەوە پەیدا بکەم بەردەوام بنووسم، بەڵام تێکەڵ بوونم بە حزبایەتی و سیاسەت وای کرد لە پرسی ئەدەبی دوور بکەومەوە، من زۆر شیعرم دەنووسی، دیوانێکی تێروتەسەلی شیعریم هەیە، ئەو رووداوانەی کارم لێ دەکەن لە چوارچێوەی پارچە شیعرێک دەیاننووسمەوە، واشی دەبینم شیعرەکانم لە ئاستێکی باشدان.
**رامان:** لە ساڵی ١٩٥٦ بیرۆکەیەکت کردووە بە شانۆنامە و لە گۆڤاری هەتاودا بڵاوت کردووەتەوە، بەردەوام بوویتایە، ئەوە دەتتوانی دەقی شانۆیی جوان بنووسیت..
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، ئەو ماوەیەی من دەستم پێکرد، ماڵەوەمان کێشەی دارایی هەبوو، دوای مردنی باوکم هەوڵی پەیداکردنی بژێویی ماوەیەک دووری خستمەوە، بینیم وەزعم باشە، گەڕامەوە سەر دەستپێک، رۆژنامەگەریش کۆمەڵێ بواری جیاجیای تێدایە، ئەوە راپۆرتە، گفتوگۆیە، رەخنەیە، نووسینە لە بارەی بابەتێک، ئەوەبوو تواناییەکانم پتر لە پرسە رۆژنامەنووسییەکە رەنگی دایەوە.
**رامان:** ئەگەر رۆژگارێک بێت لێکۆڵینەوە لە بارەی هونەری چاوپێکەوتن، یان لە بارەی ریپۆرتاژ بنووسرێ، ئەوە تۆ لە هونەری چاوپێکەوتن لە پێشەنگی ئەو کەسانە دەبیت کە مومارەسەی ئەو هونەرەت کردووە، لە پەنجاکان بە دوو هەڵقە لە گۆڤاری (شەفەق) گفتوگۆیەکت لەگەڵ تۆفیق وەهبی بڵاوکردووەتەوە، ئەوە بۆ خۆی دەستپێشخەرییەکە و دەبێ لەسەری بوەستین.
**جەمال خەزنەدار:** جگە لەوە لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨دا، چاوم بە رەئیس مستەفا عەبدوڵڵا کەوت کە لە نەخۆشخانەی رەشیدی سەربازی، ئەوکاتە بریندار بوو، گوللەیەک بەر سنگی کەوتبوو، هەروەها ئەو راپۆرتەی بە زمانی عەرەبی لە چاوپێکەوتنەکەی بارزانی نووسیبووم، ئەویش لە شێوەی هەڤپەیڤین بوو.
**رامان:** مستەفا عەبدوڵڵا کورد بوو؟
**جەمال خەزنەدار:** کورد بوو، ئەوەش لە گۆڤاری (شەفەق)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەمە وای لێکردم نەختێک جیاوازتر تەماشای رۆژنامەنووسیی کوردی بکەم و دەست بۆ هەموو لایەنەکانی درێژ بکەم.
**رامان:** هەست دەکەم رۆژنامەنووسیی لەلای تۆ زیاتر سەلیقەیە، یان بڵێین بە سەلیقەی شەخسیی خۆت دوای کەوتووی، بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەت لە بارەوە کردبێ، یان خوولی تایبەتت دیبێت؟
**جەمال خەزنەدار:** لە راستیدا دەستپێکی من بەبێ خوێندنێکی تایبەتی، یان خوول بینین بوو، دواتر کە بوومە ئەندام لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق، کۆمەڵێک خوولم بینی، وەک خوولی وێنەگرتنم دیوە، خوولی کارگێڕیی نووسینگەکانی رۆژنامەوانیم دیوە، خولی نووسینگەی رۆژنامەوانی ماوەی مانگێکی خایاند. لە حەفتاکان کۆمەڵێک خوولم دیوە، دوای رێکەوتننامەی ١١ی ئادار ئەو مەرجە پێویستانەم جێبەجێ دەکرد.
**رامان:** کەواتە سوودت لە خوولەکان وەرگرتووە؟
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ لە کاری رۆژنامەمدا بێ سوود نەبوون.
**رامان:** مامۆستاکانتان کێ بوون؟
**جەمال خەزنەدار:** زۆربەیان ئەوانە بوون کە لە کۆلێژی ئاداب بوون، هەروەها کەسانێکی دیکەش بوون کە شارەزاییان لە بواری رۆژنامەنووسیدا هەبوو، هەموویان عەرەب بوون.
**رامان:** ناویانت لەبیرە؟
**جەمال خەزنەدار:** سەعد بەزاز، عەبدوڵڵا ئەللامی، سەباح یاسین، فایەق بەطی، برایەکەی فایەق بطی ئەوانە دەرسیان بە ئێمە دەگوتەوە، هەروەها لە بەغدا (مکتب الأستشارات الصحفیة) هەبوو، کە لە ساڵی ١٩٧٠ دامەزرا بوو، هەموو مانگێ خوول بۆ لایەنێکی دیاریکراو دەکرایەوە، وەک وێنەگرتن، دەرهێنانی رۆژنامەوانی، یان کارگێڕیی نووسینگەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی رۆژنامە.. من سوودێکی زۆرم لەو خوولانە وەرگرت و زیاتر لە پێنج شەش خوولم دیوە، لە هەمووشیاندا بڕوانامەیان دەداینێ و هەموویانم لە چوارچێوە گرتوون و لەلام ماون.
**رامان:** بەچڕوپڕی باسی ئەو سزایەم بۆ بکە، کە دوای ئەوەی بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی کوردی لەگەڵ (دار التضامن) تێکەڵ بوون و عوسمان فایەق کە بووە بەڕێوەبەری گشتیی ئەو دەزگایە، سزایەکی توندی تۆی داو نەقڵیشی کردی، باسێکی ئەوەم بۆ بکە.
**جەمال خەزنەدار:** عوسمان فایەق دژایەتی گەورەی ئەو کەسانەی دەکرد کە لە بیروبۆچوونی پارتی و حزبی شیووعییەوە نزیک بوون.

**ڕامان:** جاریٚ پێم بڵێ ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ساڵی (١٩٧٦- ١٩٧٧) بوو کە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی کوردی هەڵوەشایەوە و لەگەڵ هاوکاری بوونە یەک دەزگا و عوسمان فایەق بووە بەڕێوەبەرمان، فەرمانبەرەکانیش هەموومان بۆ ئەویٚ گوێزرایینەوە، ئیتر بیانووی بەمن دەگرت و هەر ڕۆژەی جۆرە کارێکی دەنارد بیکەم، بە تایبەتی ئەو شتانەی دژی بیروبۆچوونەکانی خۆم بوون، ئەوانەی بۆ من دەنارد تا وەریان بگێڕم و بڵاو بکرێنەوە، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لەویٚ کاریان دەکرد، جا هەر چ وەزیفەیەکیان هەبوایە، عوسمان فایەق بۆ هەریەکەیان شتێکی دەنارد و دەیوت، ئەمە وەربگێڕن.

**ڕامان:** ئەو بابەتانە چی بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** بریتی بوون لە ئامۆژگارییەکانی حزبی بەعس و وتارەکانی سەدام حسەین و ئەحمەد حەسەن بەکر، ڕۆژانە ئەم وتارانەی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (الثـورة)ی زمانحاڵی بەعس بڵاودەکرانەوە، بەم کارەشیان دەیانویست ناوی ئەو کەسانە ڕەش بکەن کە لەویٚ کاریان دەکرد، ئەو پێیانی دەوت ئەمە لە ڕۆژنامەی (الثـورة) بڵاوکراوەتەوە و وەری بگێڕنە سەر زمانی کوردی، کە وەریشیان دەگێڕا بە کەسەکەیان دەگوت دەبیٚ بنووسن ئەوان کارەکەیان کردووە.. منیش بەرگەی ئەوەم نەدەگرت، ئەوەبوو عوسمان فایەق ئینزارێکی دامیٚ.. ئینزاری وەزیفی گەورەیە و دەبێتە هۆی دواکەوتنی بەرزکردنەوەی سەرمووچە، منیش زۆر بێزار بووم، ئەوکات موکەڕەم تاڵەبانی سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بوو، شێخ سەتاریش جێگری بوو، من لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی وتم حەز دەکەم ببمە قوربانیی ڕۆشنبیری کوردی، با عوسمان فایەق فەسڵم بکات. موکەڕەم تاڵەبانی وتی وای لیٚ مەکە، تۆ دەوامی خۆت بکە، وتم فەرموو ئەوە تەوبیخێکی دامیٚ، حەفتەیەکیش دوای ئەوە ئینزارێکی دامیٚ، ئەو وەختە تاریق عەزیز وەزیری ڕاگەیاندنی عیراق بوو، موکەڕەم تاڵەبانی نامەیەکی بۆ تاریق عەزیز نووسی، نووسیبووی ئەو کابرایە ئەو بەزمە بەو کارمەندانە دەکات، بەڵام بەداخەوە ئەو نامەیەم فۆتۆکۆپی نەکرد، ئەوەبوو تاریق عەزیز وەڵامی دایەوە و نووسیبووی ئەوە بیانوو نییە، بیانووی پیٚ دەگریٚ. ئەو ئینزارەکەی بە بیانووی چی دامیٚ؟ دەیوت وتار لەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بڵاو دەکاتەوە کە لە بەغدا دەردەچن بەبیٚ ئەوەی ڕەزامەندی فەرمانگەکەی خۆی وەربگریٚ، بەپێی یاسای خزمەتی مەدەنیش نابیٚ کار لە فەرمانگەیەکی دیکە بکەیت، ئەگەر فەرمانگەکەی خۆت پێی نەزانیٚ، بەو بیانووە ئینزارەکەی دایە من، تاریق عەزیز لە وەڵامی نامەکەدا نووسی، کە ئەوە هەر جەمال بابان نییە لە ڕۆژنامەی عیراق دەنووسیٚ، جەمال خەزنەداریش بەناوێکی خوازراو دەنووسیٚ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کە مەسەلەکە وەهایە، من سزاکە هەڵدەوەشێنمەوە، وابوو دوو حەفتەی بەسەرداچوو، کازم حەبیب و ساماڵ مەجید فەرەج، وتیان ئێمە بۆ گۆڤاری شۆڕشی کشتوکاڵ پێویستمان بە کادیرێکی وەها هەیە، ئەوەبوو منیان بۆ ئەنجوومەنی باڵای کشتوکاڵیی گوێزرایەوە، کە چوومە ئەویٚ گۆڤاری شۆڕشی کشتوکاڵی بە عەرەبی دەردەچوو، دوو لاپەڕەی بە کوردی بوو، سیٚ چوار ژمارەی دوو لاپەڕەییمان دەرکرد، ساماڵ مەجید فەرەج بەرپرسی بوو، پێشنیارێکم پێشکەش کرد، هەرچەندە کازم حەبیب-یش زۆر پشتگیریی منی دەکرد، لەسەر پێشنیارەکەی من وتی یاداشتێک بنووسە، بڵیٚ ئێمە دەمانەویٚ کوردییەکە بە تەنیا دەربکەین، من ڕەزامەندیت بۆ وەردەگرم، وتی دەزانم تۆ ئیمکانیەتت هەیە بە تەنیا دەری بکەیت. وتم باشە، بەڵام بە پشت بەستن بەو برادەرانەی لێرە هەن، خۆ من هەمووی بە خۆم نایەنووسم، وتی باشە... کە یاداشتەکەم دایێ، دوای چوار ڕۆژ عیزەت دووری ڕەزامەندیی لەسەر دا گۆڤارەکە وەک پاشکۆیەک بە تەنیا دەربچیٚ، ئەوەبوو چواردە ژمارەمان لە گۆڤارەکە دەرکرد، من تەنیا کوردێک بووم لەویٚ خۆم سکرتێری نووسین بووم، سەرنووسەر بووم، هەموو شتەکان من کارم تێدا دەکردن، بەڵام پێوەندیم لە دەرەوە لەگەڵ زۆر کەس هەبوو.

**ڕامان:** بەرچاوترینی ئەو نووسەرانە کیٚ بوون، کە هاوکارییان دەکردی؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەو نووسەرانە زۆر زۆر بوون، محەمەدی مەلا کەریم هاوکاریی دەکرد و بابەتی بۆم دەهێناو وەری دەگێڕاو بە کوردی بڵاودەکرایەوە... ڕەئووف حەسەن، کەمال غەمبار، عەبدولڕەزاق بیمار، کاکەمەم بۆتانی، کە بابەتێکی دووروودرێژی دەربارەی دارستان لەلامان بڵاوکردەوە..

**ڕامان:** بابەتەکە بەناوی دارەبەن و دارقەزوان و ئەوانە بوو..

**جەمال خەزنەدار:** بەڵیٚ دارەبەن و بابەتی دیکە بوو، کوردەکان زۆر بوون، ئەوانەی هاوکاری منیان دەکرد،

ئێمە لە گۆڤارەکە بابەتی ئەدەبیشمان بڵاودەکردەوە.
**رامان:** شاعیرەکانیش هاوکارییان دەکردی؟
**جەمال خەزنەدار:** شاعیرەکانیش بوون، هەروەها لەوانە سەلام مەنمی و جەزا عەلی ئەمین و ئەوانە هەمەوو هاوکارییان دەکردم و پاداشتی باشم بۆیان دەنووسی، لەبەر ئەوەی پاداشتی باش هەبوو، هەر شتێکی بمویستبایە بۆ گۆڤارەکە دەیانکرد.. لەو چوارده ژمارەیەی بڵاومان کردنەوە، ئێستا من بە جوانترین گۆڤاری تایبەتمەندی کشتوکاڵیی دادەنێم کە بە کوردی دەرچووبێ.
**رامان:** چەند ناوێکت پێ دەڵێم بیروڕاو بۆچوونی خۆت بە ڕاشکاوی و بوێرانەو بە چڕی و پڕی لە بارەیانەوە بڵێ..
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ باشە.
**رامان:** دکتۆر جەمال نەبەز؟
**جەمال خەزنەدار:** د. جەمال نەبەز زانایەکی گەورەی کوردە، نازهەڵگرتنی ئەو پیاوە بەو تەمەنەوە و بەو هەموو خزمەتەوە، ئەرکی سەرشانی هەموو دەزگا و پارت و ئەو کەسانەیە، کە شانازی بە ئەدەب و مێژووی کوردەوە دەکەن، ئەو شتانەی جەمال نەبەز نووسیونی بەردی بناغەی سەرچاوەی مێژووی کورد و کوردستانن.
**رامان:** عەبدولڕەقیب یووسف؟
**جەمال خەزنەدار:** عەبدولڕەقیب یووسف پیاوێکی گەورەیە بۆ پاراستنی کەلەپووری نەتەوایەتی کورد.
**رامان:** مەسعوود محەمەد؟
**جەمال خەزنەدار:** نووسەر و زانایەکی گەورەی کوردە، بەڵام بەیەک ئاراستە.
**رامان:** مەبەستت ئەوەیە ببێتە دوو ئاراستە؟
**جەمال خەزنەدار:** نا، مەبەستم ئەوەیە بیروبۆچوونەکانی لە قاوغێکی تایبەتیدایە، گفتوگۆکردن لەسەری قبووڵ ناکا..
**رامان:** دکتۆر ئیحسان فوئاد؟
**جەمال خەزنەدار:** دکتۆر ئیحسان فوئاد بە شیریستێکی پۆزەتیڤی گەورەیە، مەبەستیشم لە بەشیریستییەکەی ئەدەبی گاڵتەوگەپ و ئەدەبی لاساییکردنەوەیە لەسەر شانۆ، نووسەر و شاعیرێکی باشیشە.
**رامان:** محەمەد تۆفیق وردی؟
**جەمال خەزنەدار:** نووسەرێکی گەورەی کوردە لە کۆکردنەوەی کەرەستەی کەلەپووری و فۆلکلۆری بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد.
**رامان:** محەمەدی مەلا کەریم؟
**جەمال خەزنەدار:** محەمەدی مەلا کەریم دەستڕەنگینە، نووسینەکانی گومانی تێدا نییە، بەڵام تاکڕەوی بیرکردنەوەی، بەلای منەوە شتێکی باش نییە.
**رامان:** یەعنی دیوی ئەودیوی مەسعوود محەمەدە، بەڵام بە جۆرێکی دیکە.
**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ بە جۆرێکی دیکەیە.
**رامان:** حەمید عوسمان؟
**جەمال خەزنەدار:** حەمید عوسمان پیاوێکی سیاسیی گەورەیە، بەڵام لەم دواییە سەری لێ شێوا بوو، بۆ خۆشی نەیدەزانی چی دەوێ و چی دەکات، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شێواویی کۆمەڵگەی کوردەواری.
**رامان:** عەبدوڵڵا پەشێو؟
**جەمال خەزنەدار:** شاعیرێکی گەورەی کوردە، من بە شاعیرێکی گەورەی دادەنێم، دەزانێ چۆن ڕەفتار لەگەڵ سۆز و بیری میللەت بکات، هەروەها دەزانێ میللەت چی دەوێ.
**رامان:** مەحموود زامدار؟
**جەمال خەزنەدار:** نووسەرێکی گەورەیە، بەڵام بڕوای بە ڕێچکەی نووسینەکانی خۆی نییە. لە ڕاراییدا دەژیاو هەر ڕۆژێک خۆی بەسەر ڕێچکە و ڕێبازێک ساغ دەکردەوە.
**رامان:** عەزیز محەمەد؟
**جەمال خەزنەدار:** بە سیاسەتمەدارێکی گەورەی کاتی خۆی دادەنێم، نموونەی سیاسەتمەدارێکی ڕاستگۆیە..
**رامان:** عەبدولڕەزاق بیمار؟
**جەمال خەزنەدار:** عەبدولڕەزاق بیمار ئەدیبێکی سەرکەوتووی کاتی خۆی بوو، لەبارەی زۆر بابەتی دەنووسی وەک شانۆ و چیرۆک و شیعر و ڕەخنە.
**رامان:** ئەی کەسایەتییەکەی؟
**جەمال خەزنەدار:** بۆ کەسایەتییەکەی، کەسایەتییەکی شەرمنی هەیە، بە ئەدەب و تۆرەیە و لە بنەوەیە.
**رامان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی کەسایەتییەکەی بەرجەستە نییە!
**جەمال خەزنەدار:** (بە پێکەنینەوە)، پێشتر ئەو ناوانەت بە من بوتبایە هەریەکەو بەرەیەکی تایبەتیم بۆیان دەکردەوە..
**رامان:** نا... ئەوە نابێ، هەر ئەوەندە ماوە بڵێی پرسیارەکانت بدابایە من..
**رامان:** مەلا مستەفای بارزانی؟
**جەمال خەزنەدار:** مەلا مستەفای بارزانی مرۆڤێکی

گەورەی میللەتی کوردە، سیاسەتمەدارێکی دووربینە، بەرلەوەی لە ساڵی **١٩٧١** و **١٩٧٢** چاوم پێی بکەوێت بیروبۆچوونێکی ترم بەرانبەری هەبوو، بەڵام ئەو سێ چوار سەعاتەی، کە لەگەڵی دانیشتم، بەو قسانەی کە دەیکردن هەموو بیروبۆچوونەکانی منی ئاوەژوو کرد، هەروەها بۆم ڕاست بووەوە، کە ئەم پیاوە، ئەو کەسە نییە دوژمنەکانی میللەتی کورد، یان ئەوانەی دژی سیاسەتی ئەون باسی دەکەن و دەڵێن عەشایەرییە، بە پێچەوانەوە بۆم دەرکەوت پیاوێکی زۆر دووربینە، ئەو ئامۆژگاریانەی بە منی دا، بەو سێ، چوار سەعاتەی کە لە (ناوپردان) دیتم، هەموو بیروبۆچوونەکانی منی هەڵوەشاندەوە.

**رامان:** ئەو ماچەش، کە دوای هاتنەوەی لە پەنجایەکان لێت کرد، مێژووییە..

**جەمال خەزنەدار:** ئەوە بۆ یەکەمین جارە ئەوها بیبینم، پێشتر بەبیرم دێ ئەو ساڵانەی من منداڵ بووم، تەنانەت ئەوەم بۆ باوکم و ئەوانە گێڕاوەتەوە کە مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ عەبدولئیلاه هاتوونەتە یانەی هەولێر، من کەسێکم بە جلی کوردی بینیوە، پرسیومە ئەوە کێ بوو لەگەڵ عەبدولئیلاه هاتبوو؟ من ئەوکاتە پێنج شەش ساڵان بووم، ئەو شتانەی کە بە چاوی خۆم دیبێتم هەرگیز لەبیریان ناکەم، ئەوەم بۆ دەگێڕایەوە، باوکم دەیوت ئا بەڵێ مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ عەبدولئیلاه هاتبوو.. مستەفا بارزانی، کە لە یەکێتیی سۆڤیەت گەڕایەوە، ئەو ماچەم کرد، ئەوە یەکەمین دیتنی منە بۆ مەلا مستەفای بارزانی نەمر.

**رامان:** یەعنی بە ئیعجابەوە بۆ بینینی چووی؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، بێ گومان.

**رامان:** ئەم چوار سەعات و نیو گفتوگۆیەی لەگەڵت سازم کرد بۆ باس کردنی هەموو وێستگەکانی کارکردنی تۆ لە بواری ڕۆژنامەنووسی و ئەرشیف و کاروباری ڕۆشنبیریدا، تا چ ڕادەیەک بە دڵت بوو؟ یان تا چەند توانیت قسەی دڵی خۆت بکەیت؟

**جەمال خەزنەدار:** بە دڵم بوو، بەڵام ئەوە هەموو وێستگەکانی ژیانی من نییە.

**رامان:** ئێ دەفەرموو چیت نەگوتووە بیڵێ.

**جەمال خەزنەدار:** باس کردنی هەموو وێستگەگانی ژیانم، کاتێکی گونجاو و لە باری دەوێ، بە تایبەتیش دەستنیشان کردنی وێستگەکان بەر لە قسەکردن، بە داخەوە من ئێستا زۆر شتم لەبیر نەماوە، ئەگەر یەکێک ئاماژەیان پێ بکات یەکسەر بەبیرم دێنەوە.

**رامان:** بە ئەنقەست باسی وێستگەکانی دڵداری و حەز لێ کردنەکانتم نەکرد.

**جەمال خەزنەدار:** نەک هەر دڵداری، بەڵکو ڕۆشنبیریش، هەندێک بابەتی دڵداری هەن پێوەندییان بە بابەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، دڵدارییەکە وای لێ کردووم شیعرێکی زۆر جوان بنووسم، کە باسی لێوە بکرێ، ئەوەش لە دەوڵەمەندکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی ڕۆڵی خۆی هەیە، بە تایبەتیش ئەدەبی کوردی، بێ گومان خۆشت بەو چاوپێکەوتنەدا دێیتەوە.

**رامان:** غەمت نەبێ ئێمە بە جوانی دایدەڕێژینەوە و جوانی دەکەین.

**جەمال خەزنەدار:** داڕشتنێکی جوان، کە خۆت دایبڕێژیتەوە، ئومێدم وایە شتێکی باش بێت و بە دڵی من و خۆت و خوێنەران بێت.

**رامان:** تۆ وەک یەکێک لە خوێنەرەکانی ڕامان، گۆڤارەکەمان چۆن دەبینی؟

**جەمال خەزنەدار:** من لە ئینسیکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی هەندێ شتم لە بارەیەوە نووسیوە، هەرچەندە ئەو نووسینە داڕشتنی کۆتایی نییە، پیتی (ر) ئامادەیە بینێرم بۆ چاپخانە، بەڵام چاوخشاندنێکی دیکەی پێ دەوێ. من (ڕامان)م بە چاکترین گۆڤاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری کوردی پێش و دوای سەرهەڵدان داناوە، نیازم وایە ئەو بەرگە بدەمە چاپخانە، بیریشم لەوە کردووەتەوە داوا لە تۆ بکەم زانیاری زیاترم لە بارەیەوە بدەیتێ، لەوانەیە من هەموو ژمارەکانم لەبن دەست نەبێ، بەڵام لەوانەیە هەندێ قۆناغی تایبەتی و ڕووداوی تایبەتی هەبێ، کە بەسەر گۆڤاری (ڕامان)دا تێپەڕیبێ من ئاگاداریان نەبم، چونکە ئەو شتانە نەنووسراونەتەوە، من ئەو زانیاریانە لەسەر لاپەڕەکانی ژمارەکان دەخوێنمەوە و دەیاننووسمەوە، داوا لە تۆش دەکەم هەندێ زانیاریم دەربارەی قۆناغەکانی بدەیتێ، هەرچەندە ژمارە (١)ی بەناوی (تێڕامان) دەرچووە، تەنانەت باسی ئەو ژمارەیەم لە پیتی (ت)دا کردووە و بە کورتی نووسیومە ژمارەیەکی ئەو گۆڤارە بەناوی (تێڕامان) دەرچووە.

**رامان:** ڕاستە، سەرەتا ناوی تێڕامان بوو.

**جەمال خەزنەدار:** بۆ زانیاری زیاتر لەو ئینسیکلۆپیدیایەدا سەیری پیتی (ڕ) بکەن، پێشم خۆشە تۆش زانیاریم بدەیتێ بۆ ئەوەی زانیارییەکانم سەبارەت بە گۆڤاری ڕامان تێروتەسەلتر بێت.

# هەندێک لەخاسییەتەکانی ڕۆمانسییەت لە کۆشیعری (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)

**شاخەوان فەرهاد مەحەمەد**

ڕۆمانسیزم یەکێکە لە ڕێبازە ئەدەبییەکان لە ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی هەژدەم دژی بنەماکانی کلاسیزم و فەیلەسووفەکانی بڵاوبووەوە، گرنگترین بنەمای (ئازادی خودیی مرۆڤ)(١) بوو. ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆمانسییەت: (شۆڕشی فەڕەنسی و سەرهەڵدان و وەرچەرخانی پیشەسازی و کاریگەرییان بوو لەسەری)(٢)، لە ئەنجامی ئەو وەرچەرخانە بەهێزە دوو چین پەیدا بوون: چینی دەوڵەمەند و چینی هەژار، لە ئەنجامی ململانێی نێوانیان چینێکی تر پەیدابوو بەناوی (زۆربەی گەل)(٣)، کە ڕۆمانسییەت ڕەنگی خۆی وەرگرت و بووە سەرچاوەی لەدایکبوونی (نووسەر و شاعیر و بلیمەت و ڕێ ڕۆشنکەرەوە و خاوەن هزر و بیری تیژ، هزر و بیری ئەو بیرمەندانە وای کرد هەموو ڕاستییەکان ببین و بیانخەنە ڕوو)(٤) لەئەنجامدا چەندان شۆڕش ڕوویان دا بۆ ڕێکخستنەوەی (یاساکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پێناو خزمەت کردنی زۆربەی خەڵک)(٥). دواجار بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەرهەم و چاپخانەوە زۆر بڵاوکراوەی گرنگ لە ئەوروپا دەرچوو، گرنگترین ناوەرۆکیان (گوزارشت کردن بوو لە بیر و هزری مرۆڤ)(٦) ئەو بیرە هزری ئەوروپای بە تەواوی پێش خست، بەهۆی کاریگەری و گرنگییەکەی لەناو خەڵکدا، بۆیە ئەو بارودۆخە تا سییەکانی سەدەی نۆزدەم درێژەی کێشا. لە ئەنجامدا دوو ئاراستەی ئەدەبی دەرکەوتن: (ئاراستەی دواکەوتووە پارێزگارەکان کە بیرمەند و فەیلەسووف و ئەدیب و هونەرمەندەکان بوون، هەوڵیان دا ڕووبەڕووی بیری ئازادیخواز و شۆڕشگێڕانی ڕزگاریخواز ببنەوە، لە دوای شۆڕشی فەڕەنسی ئەو ئاراستەیە ڕووی داو گەیشتە لووتکە، بەو هۆیەوە ئاراستەی دواکەوتووی ڕۆمانسی سەری هەڵدا، ئەوانەی لە ئەوروپا بنەمای هزریان بۆ داڕشت: شاتۆبریان و نۆڤالیس و وردس وۆرث بوون، کەچی هەندێک بلیمەتانی شیعر و ئەدەبی ئەوروپا دژی ئەو ئاراستەیە وەستان، ئەوانیش: شیللی و بایرۆن لە ئینگلتەراو هاینی لە ئەڵمانیا)(٧) بوون. لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ئەو ئاراستەیە، دوو تەوژمی ئەدەبی تێدا پەیدا بوو، کە ئەوانیش (تەوژمی پێشکەوتن و تەوژمی پارێزگار بوون لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا)(٨) ئاراستەی دووەمی ئەو ئەدەبە (پێشکەوتنەکان بوون، بنەماکانی لەسەر دەستی: دیستال و کۆنستان و ڤیکتۆر هیگۆ بەردەوام بوو، لەسەر دەستی جۆرج ساند و کەسانی تریش) چەسپا (٩).


لێرەدا هەندێک بەخێرایی ئاماژە بە ڕۆمانسییەتەکانی ئەوروپا دەکەین:

**١- ڕۆمانسییەتی ئینگلیزی:**

شیعری ڕۆمانسی ئینگلیزی لە دوایەمین (دەیەکانی سەدەی هەژدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم سەری هەڵدا، دوو هێڵی دژە بەیەکداچوونی لێ پەیدابوو: هێڵی پارێزگاری کۆنەپەرست، وەک شاعیرانی دەریاچە کە خەونیان بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەبینی لە چالاکوانانی: وردس وۆرث و کۆڵریدج و ساوتی و هێڵی دووەمی: یاخی و شۆڕشگێڕەکان وەک بایرۆن و شیللی).(١٠) لەبەر ئەوەی (وردس وۆرث شیعرێکی نایابی بەناوی (لووسی) نووسیوە کە بۆ یەکەم جار تێکەڵبوونێکی تەواوی لە نێوان وێنەی نیشتمانی و خۆشەویست و خودی خۆشەویستەکەی کردووە، پێیان وتووە شاعیری سروشت)(١١)، هەروەها ڕۆمانسییە یاخی و شۆڕشگێڕەکانی وەک بایرۆن و شیللی بابەتی سەرەکی شیعریان بریتی بووە لە (ژیانی سروشتی مرۆڤ، کە نزیک بێ لە ژیانێکی سادەی لادێیی، هەروەها گومان کردن لە هێزی مرۆڤ و کردنی بە یارییەکی بێ بەها لە ژێر دەستی هێزێکی نهێنی زاڵ بەسەر سروشتدا)(١٢) ئەرکی شاعیر بە بۆچوونی (وردس وۆرث) (وردبینی و نەریتی پەنددارە، سەرچاوەکەی بریتییە لە هەڵچوون لە کاتی ئارامی، هەروەها شاعیر مرۆڤێکە لەگەڵ خەڵک دەدوێ و شیعر بریتییە لە سروشتی مرۆڤ)(١٣) ئەمەش بانگەوازێک بوو بۆ نزیکبوونەوەی هونەر لە ژیان.

**٢- ڕۆمانسییەتی فەرەنسی:**

لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی فەرەنسی ڕۆمانسییەت دوو ئاراستەی جیاوازی وەرگرت، ئەوانیش (ڕۆمانسییەتی پارێزگاری و ڕۆمانسییەتی ڕزگاریخوازی شۆڕشگێڕی)(١٤) ئاراستەی یەکەم شیعری کردە ئامرازێک بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی پێشوو، چونکە شۆڕشی فەرەنسی سەرکەوتنی وەدی هێنابوو، گەلی لە سیستەمی پێشوو ڕزگار کردبوو، بە تایبەتی لای (شاتۆبریان) لە چیرۆک و شیعرەکانی ڤینی بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری سۆزی ڕابردوو، تا گەیشتە سەرهەڵدانی قوتابخانەی هەڵگری دروشمی (هونەر بۆ هونەر)(١٥)، هەرچی ڕزگاریخوازی شۆڕشگێڕییەکان بوون، خەباتیان (دژی کۆنەپەرستی هاوبەش دەکرد و



نەوزاد ڕەفعەت

بەشداربوون دژی ڕەوشی باو بە دانانی دارشتنی شتی نوێ لەسەر حیسێبی هزری تر، دژی دارشتنی کۆنی ڕابردوو بوون)(١٦)، لەناودارترینیان (بیرانجی) و (ڤیکتۆر هیگۆ)ن(١٧). ڤیکتۆر هیگۆ ڕۆمانێکی بەناوی (نوتردام دی باری)(١٨) لە پاریس نووسی، کە تێیدا (ڕابردوو بابەتی ئامرازی هەڵسەنگاندنی ئێستایی بوو، بەراوردی نێوان ڕابردوو و داهاتووی دەکرد، خۆی لە جیهانی خەون و ئەندێشەی بەرزدا دەدۆزییەوە، بایەخی بە داهاتوو دەداو پێی وابوو، داهاتوو بریتییە لە دادوەری و برایەتی و جوانی گیانی و مرۆڤایەتی ڕاستەقینە).(١٩)

**٣- ڕۆمانسییەتی ڕووسی:**

یەکەم کاریگەریی ئەو ئەدەبە لە ڕۆژگاری (سەدەی نۆزدەم)(٢٠) دەرکەوت، کە ڕووی کردە (ئارەزوومەندی ڕووەو جیهانی ئەندێشە و ڕابردوو، بانگهێشت کردن بۆ گوزارشتی ئازاد و داهێنان و بەکارهێنانی هەموو جۆرە هونەر و بابەتێکی ئەدەبی).(٢١) لەو بوارەدا (ژۆکۆمسکی) ناودارترین کەسی ئاراستەی (پارێزگاری)(٢٢) بوو، لە (بواری سروشت و پێداهەڵگوتن و خەمباری کاری کرد و فرە بابەت بوو)(٢٣).

لە بەرانبەر ئەو ئاراستەیەدا (ڕۆمانسی شۆڕشگێڕی) زاڵ بوو، سەردەستەکانی: (یلیێف و بیستوجێف و کۆخیلبیکر و ئۆدۆلیڤسکی و ڕاییفسکی)(٢٤) بوون. بە شاعیرانی (دیسێمبەرییەکان)(٢٥) ناسرابوون. تێڕوانینیان بەم جۆرە بوو: (بڕوا بە داهاتووی نەتەوەیی مۆرکی ئەدەبەکەیان بوو، هەروەها بە زووترین کات گەل دژی ستەم و جەور بورووژێنێ، لە شێوە نوێیەکانیان پاڵەوانی نەتەوەیان دەورووژاند، گەورەترین ئەرکی شیعر بریتی بوو لە ((چالاکی و خزمەتکردنی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلەکەیان))(٢٦) بەناوبانگترین نوێنەری ئەو ڕۆمانسییەتەش (پووشکین) بوو کە لە شیعرەکانیدا هەوڵی دەدا: (چارەسەری بۆ گیروگرفتی تاک و کۆمەڵگە بدۆزێتەوە، کەچی دەست بە چارەسەرێکی کۆتایی کۆتایی هێنەر بە گیروگرفتی مرۆڤایەتی ناکات، چونکە هەرگیز بە دەست نایەت، نە بۆ تاکە کەسی ڕەشبین، نە لە ڕێگای ئازادی تاکەکەسی بە تەنیا و بە شێوەیەکی خودپەرستی، نە بە هەڵاتنیش لە کۆمەڵگەیەکی خاوەن شارستانییەت، کەوابوو لەکوێ چارەسەر خۆی نیشان دەدات؟!(٢٧).

**٤-ڕۆمانسییەتی ئەمریکی:**

لەبەر ئەوەی دانیشتوانەکەی بریتی بوون لە (پانتایی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئێستا و هیندییە سوورەکان و هۆزەکانی ئەسکیمۆ، کە ڕادەیەکی زۆر جیاوازی لە پێشکەوتنیان هەبوو، بەتایبەتی دەوڵەتانی داگیرکەر لەسەدەی شازدەم و حەڤدەم دەستیان کرد بە هاتن بۆ ئەو ناوچانە و پێکهێنانی نەتەوەی ئەمریکی لەکاتی شۆڕشی ساڵانی (١٧٧٥-١٧٨٣)، بۆیە دەتوانین بڵێین: لەو کاتەدا شیعری ڕۆمانسی ئەمریکی پێش شیعری ڕۆمانسی ئەوروپی هاتە کایەوە، کە شیعرەکانی پەیوەست بوون بە: هەست کردن بە نائومێدی لەدوای ئەو شۆڕشە بەتەواوی زاڵبوو)(٢٨).

دوای ئەو ماوەیە ڕۆمانسی ئەمریکی بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێ: (قۆناغی یەکەمین چارەگی سەدەی هەژدەم) و ((قۆناغی بیستەکانی سەدەی نۆزدەم کە ڕۆمانی مێژوویی مۆرکراو بە (واڵتەر سکۆت) دەرکەوت))(٢٩)، پاشان قۆناغێکی تر سەری هەڵدا کە تێیدا: (ڕەخنەیەکی زۆر توند دژی سیستمی کۆمەڵگەی بورجوازی دڵڕەق و بێ بەزەیی و یاساکانی گیرا)(٣٠). (ئیدگار ئالان پۆ) بەناوبانگترین نوێنەری ئەو قۆناغەیە.

کە چیرۆکەکانی (تێکەڵەیەکە لە ئەندێشەو ڕاستەقینەیی و ستایش کردنی مردن و مرۆڤ، یارییەکە دەستی چارەنووس یاری پێ دەکات، یان قوربانی ئارەزووە)(٣١).

**٥- ڕۆمانسییەتی ئەڵمانی:**

یەکەم هەنگاوی ئەو ڕۆمانسییەتە (بەرپاکردنی شۆڕشێک دژی لاسایی کردنەوەی نموونەکانی فەرەنسی و ئیتاڵی بوو، (لیسینگ) هێرشی توندی کردە سەر کلاسیزم، کە لە دەرەوەی ئەو سنوورەوە هاتبوو)(٣٢). لەو قۆناغەدا ڕۆمانسییەت (بەرگێکی فەلسەفی و ئەدەبی لەخۆ گرت، لەنێوان تەسەوف و خەیاڵدا جۆرە تێکەڵاوییەک هەبوو).(٣٣)

**٦- ڕۆمانسییەتی ئیتاڵی:**

ڕۆمانسیزم لەئیتاڵیا بەڕاپەڕینێکی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێ، کە تێیدا بەندبوو: (بەبیروباوەڕی نیشتمانی و داواکردنی سەربەستی، کە لە نووسینەکانی (مەنزمی، لیۆپردی، پرسە)دا خۆی دەبینییەوە).(٣٤)

**٧-خاسیەتەکانی ڕۆمانسیزم:**

لەبەر ئەوەی پێشتر ئاماژەمان بە ڕۆمانسییەتی وڵاتە ئەوروپییەکان کرد، بۆیە دەتوانین ئەم خاسیەتانەی لێ هەڵبهێنجێنین:

(١- خەیاڵ.
٢- شەو.
٣- خۆشەویستی.
٤- شێواندنی لەشولار.
٥- جیهانی دژیەک.
٦- بوونی ئامێر و بووکە سەماکەرە.
٧- ڕوحانییەت.
٨- یاسا) (٣٥).

بەڵام لەدابەشکردنێکی تردا بەم جۆرە بنەماو دەستوورەکانی دابەش کراون:

١- ئازادی
٢- تاک کەسی و تاکڕەوی.
٣- هەڵچوون و سۆز و خرۆش.
٤- گەشت و گەڕان و ڕاکردن لەشار، بە ڕەوشت و ڕابردووی منداڵی.
٥- دۆزینەوەو بینین.
٦- مەسیحییەت.
٧- خەم و پەژارە و ونبوون.

٨ - گەڕانەوە بەرەو سەدەکۆنەکان.
٩- ئەفسوونی پەیڤ (٣٦).

لەدوای خستنەڕووی ڕۆمانسییەت لە ئەوروپا، گەشتێکی خێراش بە ڕۆمانسییەتی کورددا دەکەین:

کە باسی ئەو قۆناغە دەکرێت، ڕاستەوخۆ پێوەندی بەتازەبوونەوەی ئەدەبی کوردی هەیە، چونکە (هەرچی ئەدەبی کوردی هەیە پێش ڕۆمانسییەت دەچێتە خانەی ئەدەبی کلاسیکییەتی کوردییەوە)(٣٧). هۆکارەکانی تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردی خۆیان لەو خاڵانەدا دەبیننەوە:

١- تازەبوونەوەی ئەدەبیاتی تورکی لە ڕێگەی هەندێ تەوژمی وێژەیی و گۆڤاری ئەدەبی تازەوە، وەک (سەروەت فنون) و (ئودەبای فەجری ئاتی). هەندێ نووسەری وەک (تۆفیق فیکرەت و نامیق کەمال و جەلال ساهیر و عەبدولحەق حامید و عەمەر سەیفەدین و محەمەد عاکف ئارسۆ...)(٣٨).

٢-گەڕانەوەی هەندێ نووسەری کورد، کە چەندان ساڵ لە تورکیای عوسمانی دەژیان، لەوێ سوودیان لە ئەزموونی نوێخوازی و ژیانی ئەدەبی تورکیا وەرگرت، وەک (پیرەمێرد و زێوەر)(٣٩)

ئەمە جگە لەوەی شاعیر و نووسەرانی ناوەوەی کوردستان، لە ڕێگەی خوێندنەوەی (بەرهەمی تورکی و فارسییەوە، ئاگاداری تازەبوونەوەی ئەدەبیاتی ناوچەکە بوون وەک: ئاورەحمان بەگی بابان و شێخ نووری و گۆران و ڕەشید نەجیب).(٤٠)

٣-بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردی دوای بڕانەوەی یەکەمین جەنگی جیهانی و هۆشیاری کۆمەڵی کوردەواری، لە ڕێگەی داواکردنی مافی چارەی خۆنووسین و شۆڕش و هاتنە ناوەوەی کورد لە پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠) و لۆزان (١٩٢٣)، لەو بارەوە (د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) زمانی شیعری کوردی بە پێی قۆناغەکان دابەش دەکات).(٤١)

٤- بەم جۆرە سەرەتاکانی ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانی ((پیرەمێرد و شێخ نووری))دا دەرکەوت، دواتر گۆران بووە یەکێک لە دیارترین شاعیری ئەو ڕێبازە)(٤٢).

٥- سیما و شەقڵی ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردی شێوەی گۆران (هەورامی) دەرکەوت، بە تایبەتی کاریگەری (مەولەوی و خانای قوبادی و بێسارانی بەسەر پیرەمێرد و گۆراندا)(٤٣). دواتر (د. مارف خەزنەدار) سیماکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بەم جۆرە پۆلین دەکات:

(١- لەگەڵ بەردەوامی بەحری عەرووز، کێشی (پەنجە، کەرت، بڕگە، سیلاب) لە شیعری کوردی پەیدابوو.

٢- یەکێتی قافیە لە شیعری کوردی شاعیری بە دەستووریکی سەخت بەند کردبوو، ... لە هی نوێدا یەکێتی قافیە ڕووخێنرا و کەوتە ئازادییەوە.

٣- لە شیعری نوێدا خەیاڵ و هەست و دەرک کردن یەکێتییەکە پێوەندی لۆژیکی لەنێوان دێڕە شیعرەکاندا بەهێزدەکات...

٤- زمانی شیعر لەوشەی بێگانە دوور دەخرێتەوە، وشەی تازەی کوردی دروست دەکرێ، یان دەدۆزرێتەوە، بەشێوەیەکی فراوان لێکسیکۆنی کوردی و تەعبیری کوردی خۆماڵی لەشیعری کوردیدا بەکاردەهێنرێ)(٤٤).

کەواتە ڕۆمانسییەتی کوردی نەیتوانیوە بەتەواوی لایەنە ناشیرینەکانی کۆمەڵ و تاکەکەس وێنا بکات، هەروا لایەنە خراپەکانی سروشت و مرۆڤایەتی بەتەواوی باس نەکردووە، کە ڕۆمانسییەتی ئەوروپا پێیدا تێپەڕیوە، لەبەر ئەوەی کورد لە ئەدەبیاتی ڕۆمانسیدا (شانۆ و ڕۆمان)ی نەبووە(٤٥)، هەروەها ڕۆمانسییەتی ئەوروپا ئیلهامی لە (ئەدەبیاتی مەسیحی و سەدەکانی



ناوەڕاست و ڕێنیسانس و ئەفسانە میللییەکان)(٤٦) وەرگرتووە، هەروەها ڕۆمانسیزمی کوردی تا ڕادەیەک کەوتووەتە ژێر کاریگەری ڕۆمانسیزمی ئەوروپا وەک (گۆران) بەهرەی لە شاعیرانی ئینگلیزی ڕۆمانسی وەک (کیتس و وردس وۆرث و ئۆسکار وایلد و بایرۆن)(٤٧) وەرگرت.

لە ئەنجامی خستنەڕووی مێژوویەکی خێرای ڕۆمانسییەت لە ئەدەبی کوردیدا، لێرەدا ئاماژە بە شاعیرێکی کورد (نەوزاد ڕەفعەت) دەکەین و هەندێک نموونەی شیعریمان وەرگرتووەو خاسیەت و ڕەگەزەکانی ڕۆمانسییەتمان تێدا دیاری کردووە، ئەویش دیوانی شیعری (پەریبەکان هەڵ دەفڕێنمەوە)(٤٨) هەر لەناوونیشانەکەیدا بۆبەی ڕۆمانسییەتی پێوە دیارە کە پەری سپییەو شتێکی خەیاڵییەو دەڵێن دووباڵی پێوەیەو هەموو شتێکی پێ دەکرێ. ئەوەش گەڕانەوەیە بەرەو خەیاڵ و یاسای ڕوحانییەت. لە شیعرێکیدا بەناوی (دۆڵی کپ)(٤٩) دەڵێت:

**چاوم هەڵدێنم دەبینم تۆیت**
**بەرانبەرم ڕۆنیشتوویت و**
**چاوەکانت تێم دەڕوانن**
**تۆیت قژت داوەتە بەربای**
**دەشت و دامێن و ئەو کەژانەی**
**ئاشنای هەورەتریشقە و**
**هەڵهاتنەوەو ئاوابوونمن).**

لەو پارچەیەدا چەند ڕەگەزێکی ڕۆمانسی تێدایە، (دۆڵی کپ) هێمایە بۆ شەو، هەروەها (چاو هەڵێنان و خۆشەویست بەرانبەر دانیشتن و تێڕوانینی یار و قژی باڵێدراو و هەورە تریشقە و هەڵهاتن و ئاوابوون)، ئەوانە هەموویان لە ڕەگەزەکانی ڕۆمانسییەتن، کە ڕەگەزەکانی سروشتی تێدا دابین کردووە بۆ دەربڕینی ئێشوئازارەکانی مرۆڤ، یان لە بەشێکی تردا دەڵێت:

**(دوێنێ شەویش پێکەوە بووین**
**پێکەوە شەونخوونیمان بە دیار ئەو زێیەوە کێشا**
**هاوڕێمانە و کە تەنگاو دەبێن دەبێتە**
**دەوەن و حەشارمان دەدات).(٥٠)**

بەشداری پێکردنی خۆی جۆرە ئازادییەکی تێدایە و لەگەڵ دۆزینەوە و بینینی یار و شەونخوونی بەدیار ئازارەکانی ژیانەوە، چونکە (زێ) دیارە وەک شتێک ئاو لەخۆی دەگرێت، کە شەپۆلی ئازاری ژیان و دەردەسەری لەو ژیانە جەنجاڵە دێت. یەکسەر گۆڕانکاری لە سروشتەکەی بەخەیاڵ ڕوودەدات و دەبێتە دەوەنێک و لەناخۆشی دەیپارێزێ، یان لەبەشێکی تردا دەڵێت:

**(پێکەوەبووین....پێکەوە کەژمان هەڵمژی**
**بەیتوباوی پیرەکەژی خۆشخوانمان بیست**
**شۆڕبووینەوە دۆڵی قووڵ و**
**گوێمان لەگڤە گڤی بای**
**دارستانی بێ خودانی**
**ئەو دیو گردۆڵکەکان ڕاگرت**
**باڵندەکانی دەیانگوت: ((سبەی ڕۆژگاری تووش دادێت**
**سبەی ئەو چۆمە بەرینەی تا بەیانی ژاوەی دەهات ڕادەوەستێت))**
**دەیانوت: ((کێن ؟ کێن ئەوانەی کە ڕۆژ هەڵدێت**
**بیر لە فانۆس و قوتیلە دەکەنەوە ؟))**
**تۆش چوویتە سەر کەپکی بەرزو ڕوانیتە دوور**
**بینیت وا با بەرد دەڕنێت و نایجووڵێنێت**
**دیت ئەو کۆرپە سەر بەکۆچکە بێ گوناحەی**
**ئەمڕۆ سبەی گەورە دەبێت**
**قەدی کلۆری دارێکی کردۆتە ماڵ (٥١)**

لێرەدا ئاماژە بە ئازادی تاک دەکات لە کۆمەڵگادا و دەردەسەری و ناخۆشییەکانی ژیانی گوێ لێ بووە، شۆڕبوونەوە بە ناخی سروشتی ژیان و گوێ لە ئێشوئازارەکانی مرۆڤ و ئەو دەردەسەری و ناخۆشییانەی وەک (گردۆلکە) کە دەوری مرۆڤ دەدەن، بابەتێکی تری ڕۆمانسییەتە و بەشداری پێکردنی باڵندە و هاتنە گۆی گەڕانەوەیە بەرەو ناخی سروشت و دروست بوون، دەربڕینی ئێشوئازارەکانی مرۆڤ بە دەست مرۆڤایەتی و هەڵچوون و سۆز و خرۆشانی شاعیر و دەربڕینی لە ڕێگای دەنگی باڵندە کە بوونێکی سروشتە، خۆی لە خۆیدا ڕەگەزێکی تری ڕۆمانسییەتە. باسکردنی زوڵم و ستەم و بەشداری پێکردنی کۆرپەیەکی سەر بە کۆچکی بێ گوناه و دروستکردنی ماڵێک لە قەدی دارێکی کلۆر، ئەوانە گەڕانەوەن بەرەو سروشتی کوردستان، بەشداریکردنی (شەو، با، گڤە گڤ و دارستان و دوانی باڵندە و ڕۆژهەڵاتن و بەرد ڕنین و قەدی کلۆری دار..) ئەوانە هەر یەکەیان ڕەگەزێکی ڕۆمانسییەت دەچەسپێنن و بەشداری پێکردنیان وەک کارەکتەرێک بنەمای ڕۆمانسییەتی لەو شیعرە بەهێزتر دەکەن، چونکە


ڕۆمانسییەت دووانە لەگەڵ دڵ و دەروون و سۆز دەدوێ و دەبێت ناسکی تێدابێ و ڕەگەزی سروشتی ژیانیش بەشداری تێدا بکات، لەبەر ئەوەی ئاراستەی هەڵچوون و سووتان لەوێوە هەڵدەقوڵێ و دێتە گۆ، لەبەشێکی تردا دەڵێت:

**(دوورمەکەوە**
**تاوێکی کە..دەورم دەدەن**
**لێم دێنە ژووریّ و هەواڵتم لێ دەپرسن**
**دەڵێن:- (ئەو ڕۆژانەی ساردن**
**تووشن و بەفر تا چۆکان دێت**
**ئەو ڕۆژانەی هەور بەناو دۆڵە کپەکاندا دەخشێت**
**لادەداتە کامە هەوار؟**
**گەواڵە کۆترە شینکەی چاوەکانی**
**لا دەداتە کامە بنار؟**
**چەند ساڵی تر ئەم تونێلە هەڵدەکەنێت؟**
**ئەرێ ئەو ئاوەی**
**تک تک بەدیوی ناوەوەی**
**نامرادیدا دێتە خوارێ دەگاتە کوێ؟**
**چەند ساڵی تر دەگاتە تۆ؟)(٥٢)**

لێرەدا خۆشەویستی بۆ ناخی نیشتیمان ڕەگەزێکی تری ڕۆمانسییەکەیەتی، باسی خۆشەویستی بۆ کوردستان و دەرخستنی ئاووهەوا سازگارەکەی کوردبوونی کوردستان و ئاووهەوای (سارد و بەفر و هەور و دۆڵی کپ و کۆترە شینکەو تکەتکی ئاو و ڕۆچوونی بەناو ناخی نامرادیی تاکی کورددا، ئەوانەش گەڕانەوەن بەرەو سروشتی جوانی کوردستان و دەیەوێ ئازادییەک بەدەست بێنێ و بەسەربەستە و سەرفرازی بژێت.

لەدوا بەشیدا دەڵێت:

**(منیش کپ دەبم و ناوێرم بتدرکێنم**
**دەترسم ئەو چەند ئەستێرەی**
**بەسەر سەرمەوە دەسووتێن**
**ئەوانیش وەک ئاو دامرکێن**
**ناوێرم داریش بدوێنم**
**دەترسم دار بێتە قسە**
**دەترسم کە چەند لقێکی لێ هەڵپاچرا**
**بتدرکێنێت و یەکجاری نەتبینمەوە**
**تەرمتم بۆ بهێننەوە**
**بۆ واماتی ؟! سبەی شەویش**
**شۆڕدەبینەوە دۆڵی قووڵ**



**والتەر سکۆت**

**کەژ هەڵدەمژین**
**ئێشک دەگرین**
**سبەش پێکەوە بێدارین)(٥٣) (١٩٧٧- ١٩٧٨)**

لێرەدا لەو ساڵەدا، هەست بەنەبوونی (ئازادی) دەکرێ، کە دەیەوێت لە ڕێگای ئەو چەند دێڕەوە باسی نەهامەتی و ئێشوئازاری خۆی و تاکی میللەت بکات، کە ئەوەش خاسیەتی (خەم و پەژارەو ونبوون و سەرهەڵدانەوە)ی ڕۆمانسییەتی تێدا بەرجەستە دەکرێت، دەنگی شاعیر لێرەدا بەزەقی بوونی هەیەو شێوازی دەربڕینەکەی وشەی ناسک و ساکارە و شاعیر لە ئەنجامی نەگونجانی لەگەڵ ئەو واقیعەی تێیدا دەژێت ئەو شیعرەی نووسیوە، بیرۆکەی بریتییە لە ئازادی و سەربەستی بەدەستهێنان و ڕزگاربوون لە جەور و ستەم و زۆرداری.. هەروەها بەشداری (با و دار و درەخت و چیا و ڕووبار و دۆڵ و کەژ و بێداری...) ئەو ڕەگەزانە هەموویان گەڕانەوەن بەرەو سروشتی پاک و بێگەرد و بەکارهێنانیانە لەناو ئەو شیعرەدا.

شاعیر ئەو جارەیان لە شیعرێکی تری بەناوی (با)(٥٤) بە جۆرێکی تر باسی بابەتی ڕۆمانسییەتەکەی دەکات و لە ڕێگای (با)وە کە پێکهاتەیەکی سروشتی ژیانە، ڕۆمانسییەتە پڕ لە

خۆشەویستییەکەی دەردەبڕێت و تێکەڵ بوونی دەنگی خودی شاعیرو شێواندنی لەشولار لە ڕێگای ڕەگەزەکانی سروشت و بەشداری پێکردنیان، بەهۆی هەڵچوونی ناخ و دەروونی و بەم جۆرە دەدوێت:

**(سەگوەڕێک دێت...**
**دەستێک دەرگام دەهەژێنێت**
**دەیکەمەوە**
**دەبینم تۆف و بارانەو**
**دارستان ڕەش دەچێتەوە**
**شتێک بەبەر پەنجەرەمدا تێدەپەڕێت**
**دەیکەمەوە**
**دەبینم هەر بارانە و با-ش**
**دارەکان دەشکێنێتەوە**
**ئەو بایە کوێی برینداره؟!**
**بۆ ناسرەوێت؟!**
**بۆ ناهێڵێت مرۆڤێک خەوی لێ بکەوێت؟!).(٥٥)**

لێرەدا هاتنی سەگوەڕ و هەژاندنی دەرگا بە دەستێک و برینداربوونی با کە گیانی مرۆڤی بە بەرخستووە و مرۆڤاندوویەتی و نەسرەوتنی کە ناهێڵێت مرۆڤ بخەوێت، ئەوانە خۆیان لەخۆیاندا مۆرکی ڕۆمانسییەتێکی بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگری پیشان دەدەن، بەرانبەر بە لەشکری دوژمن و کۆڵنەدان تێیدا بەرجەستە دەبێ و لەبەشێکی تردا دەڵێت:

**(بۆ تیژ دەڕواو**
**ڕووی یاڵەکان ڕادەماڵێت؟!**
**خەریکە کەژیش ڕاپێچێت؟!**
**ئەی ئەو زێیە چی بیستووە؟!**
**بۆ واپەستە؟!**
**گەرەکیەتی کام تاوێر گلۆر کاتەوە؟!**
**(سەگوەڕێک دێت**
**دەبێت کام غەریب لەگوندو**
**ئاوایی نزیک بێتەوە؟!**
**تۆی ڕێت کەوتۆتە ئێرە؟!**
**ئەو ڕەشەبایە ڕاگرە**
**بیسووتێنە**
**نەوەک چادرەکانمان ببات)(٥٦)**

لێرەدا مەبەستی هاتنی لەشکری بێگانە بۆ ناو خاکی کوردان کە(کوردستانە، نەک هەر تاکی کورد، بەڵکو سروشتە کوردستانییەکەشی قبووڵ ناکات، ئەو غەیرە کوردە بوونی لەناو کورددا هەبێ، (با)ش پەیامی خۆشەویستی بۆ کوردستان پێیە و دەڵێت ئەی کوردینە ئێوەش ڕاپەڕن لە دوژمن و ڕایمەگرن، بڵاوبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی و هەستانی دار و بەرد و کەژ و زێ و غلۆر کردنەوەی تاوێر، ئەوانە مۆرکی هەڵچوونێکی یەک جار بەهێزیان پێیە و سووتاندنی سۆزی ناخی شاعیر و بە دەنگ هاتنی و بوونی دەنگی پڕ لە ناڕەزایی مۆرکی ڕۆمانسییەتی یاخی بوون و خۆڕاگری و نیشتیمانپەروەری پێوە دیارە، (با و باران)یش دوو شتی سروشتین تا پەیامێکیان پێ نەبێ نابارن، واتە بە مرۆڤ دەڵێن کاتی وەرزی ئێمەیە و بەکارهێنانی ئەو دوو دیاردە سروشتییە، لە جێی پێشمەرگە بەکاری هێناوە، بوونی غەریبیش مەبەستی دوژمنە و (ڕەشەباش) مەبەستی ئەوەیە کە چۆن هیچ شتێک بەسەر یەکەوە ناهێڵێ و هەموو سروشت کاول دەکات، چونکە پەیامی وی هەڵتەکاندن و تێکوپێکدانی هەموو شتێکە کە ئەوەش تەنیا دوژمن دەیکات، واتە (ڕەشەبا)ی لە جیاتی دوژمن بەکار هێناوە، دەڵێت: لێی وەرە دەنگ و بەرەنگاری بەوەو خۆڕاگری بەرانبەر بکە و لەناوی بەرە، دەنا ئەو ماڵ و خاک و نیشتمانمان کاول دەکات، لە شیعرێکی تری بەناوی (زریان)(٥٧) دەڵێت:

**- حەز دەکەین ببیت بە خۆر یان زریان؟**
**-ببمە هەردووکیان**
**ببم بە خۆر تا لە بچووکترین**
**درز و کولانکەی**
**ڕۆژگارە ڕەش و تارەکانەوە**
**بچمە ژوورەوە**
**ببمە زریانیش تا خەڵک بڵێن:**
**(ئەها کوڕینە !**
**وا ئەو زریانە بۆ ئێرە دەکشێت**
**کە هەر درەختێک زڕ وشک بێت**
**چەندە بەتەمەن و توند و تۆڵیش بێت**
**نەچەمێتەوە**
**هەڵی دەکێشێت).**
**(١٩٨٠)**

(خۆر) ڕەمزی ڕووناکی و نوێبوونەوە و بوونە کە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە، واتە چەند ڕۆژگار سەخت و ناخۆشیش بێ، ڕۆژی ڕووناک و بە ئاوات گەیشتن هەر هەڵدێ و (زریان)یش ڕەمزی ڕامالینی هەرچی شتێکی نالەبار و

خراپە و هێمای نوێکردنەوە و نەهێشتنی زوڵم و ستەمە، واتە بەهۆی (زریان و خۆر)ـەوە، کە دیسان دوو دیاردەی سروشتی ژیانن، ڕەگەزێکی تری ڕۆمانسییەتی بەکارهێناوە و ڕۆمانسییەتە شۆڕشگێڕییەکەی پێ چەسپاندووە، لە شیعرێکی تردا بەناوی (ئێواران هەور دەسووتێت)(٥٨) دەڵێت:

**کە زریانم دی نەدەسرەوت**
**زێم دی سەری دەدا لەبەرد، هاواریەکرد**
**هەرچی باڵندە و درەختی زەوی هەبوون**
**تێی وورووکان ژێر نەبۆوە**
**شار، ئاورینگی لێ دەبۆوە**
**زانیم هەواڵی کۆستێکم بۆ دێننەوە**
**تاوێرەکانی ئەم ڕێیە دەگێڕنەوە**
**(بە لەشی پڕ برینەوە**
**بە قشڵاخ و زوورگەکانی**
**ئەم خوارەدا شۆڕ بۆتەوە**
**پۆڕ، هەوێردە، شوێن پێی کەوتوون**
**ئەشکەوت، بنار، دەنگیان داوە:**
**(بۆ کوێ هەڵدێیت؟)**

شاعیر لێرەدا دیاردە سروشتییەکانی کردووەتە کارەکتەری شیعرەکانی و بە زمانی هێناون و بەرگی مرۆڤی پێ پۆشیون، تا باسی (تراژیدیای ١٩٧٥) بکات و ڕۆمانسییەتە پڕ لە ئێشوئازار و خەمەکانی بەهۆی ئەو کارەساتەوە وێنە دەکات و ڕەگەزەکانی سروشتی جارێکی کە بەگیان هێناوە و لە ڕێگای ئەوانەوە خەمەکانی خۆی و میللەتەکەی باس دەکات، هەر لە ناوونیشانەکەیڕا دیارە، باسی ئەو واقیعە تاڵ و پڕ لە سوێیە دەکات و ژیان لە ڕێگای ئەو ڕەگەزانەوە بۆ جارێکی تر بە بەر شۆڕش دەخاتەوە، بۆیە (هەور دەسووتێت)، چونکە دیارە هەور بارانی پێیە و ئاوەدانی و خۆشی بە سروشت دەبەخشێت و سەرلەنوێ زەوی نوێ دەکاتەوە، بەهۆی ئەو ڕەحمەتەی کە پێیەتی، بەڵام کە شەوی بەسەردا دێت بزر دەبێت، واتە شەو بە تەواوی باڵی بەسەردا دەکێشێت و هێزی تین و وزەی پێ ناهێڵێت، لێرەدا (هەور)ی بە شۆڕش داناوە کە پەیامی ڕزگاری و سەرفرازی و ئازادی بۆ گەل پێیە وەک (باران)، بەڵام (سووتان و ئێوارە) داهاتن، دوو دیاردەن کە هەموو ڕووناکییەک ناهێڵن، واتە دوژمن وەک ئەو دیاردانە دەیەوێت شۆڕشی کورد سەرکوت بکات و باڵی بێ بەزەیی خۆی بەسەردا دەکێشێت، (زریان) نەدەسرەوت و (زێ) سەری لە بەرد دەدا و هاواری دەکرد، زریان مەبەستی پێشمەرگەیە و پەیامی خۆشەویستی و گیان فیدایی پێیە بۆ کوردستان.(زێ)ش مەبەستی شۆڕشی کوردە، کە لە داخی زوڵم لێکردنی نازانێت هاوار بۆ کام لاببات، بۆیە سەری سەربەرزی خۆی لە لووتکەی بڵندی سەرفرازی خاکی پاکی کوردستان دەدات، (باڵندە و درەختی زەوی) مەبەستی تەواوی کوردە کە لە دەوری ئەو شۆڕشە کۆبوونەتەوە و هەمان ئەرکی پیرۆز جێبەجێ دەکەن، (شار) ئاگری لێ دەبارێ.. بۆ؟ چونکە بڵێسەکەی شتێکی پێیە، ئەویش خۆبەخت کردنە لە پێناوی کوردستاندا، چی بەسەرهات؟ وەک مرۆڤ بریندارە هەموو (زورگ و پۆڕ و هەوێردە و ئەشکەوت و بنار) شوێن پێی کەوتوون و پێی دەڵێن (لەگەڵ تۆین، بۆ کوێ؟) کە سەیری ئەو وێنە پڕ لە ڕۆمانسییەتەی شاعیر دەکەین، هەست دەکەین بە ئاوی پاکی کوردەواری ئاودراوە و تک تک وشە کوردییەکانی لێ دەبارێت و پێمان دەڵێت ئەو شیعرە لێوانلێوە لە ڕۆمانسییەتی جوانی دیمەن و سروشتی ڕازاوەی کوردستان و چەوساندنەوەی گەل و نیشتمانەکەی، یان لە شیعرێکی تردا بەناوی (چەمی بێدار)(٥٩)، دەڵێت:

**خۆم بێ چەترم**
**ڕەوە بارانی ترساوی ئەم ئاسمانە بیابانەش**
**پۆل پۆل دێن و لێم دەئاڵێن**
**خۆم بێ سێبەر و بێ کەپرم**
**دارەکانیش غاردەدەن و**
**یەک یەک بەسنگمەوە دەلکێن**
**ڕادەچڵەکێم**
**دەڕوانمە ئەوبەری دەریای بێ سنوور**
**بە ژێر گڵۆپ و درەختی ڕێو بانەکاندا دەڕۆم و**
**شەقامەکان دەڕنمەوە**
**شەوگاری تاڵ دەخۆمەوە**
**دەچمە سەر ڕۆخی ئاو و خۆم ناخنکێم**
**دەخۆمەوە....**

هەر لە ناوونیشانەکەیدا بۆنی ڕۆمانسییەتی بێ ئومێدی لێدێت و پێمان دەڵێت خۆم و خاک و وڵاتەکەم دەچەوسێینەوە و تامەزرۆی ڕەگەزی (ئازادی)ین، کە دەڵێت، (بێ چەترم) مەبەستی بێ ئاڵایی و بێ وڵاتییە، (ڕەوە بارانی) ترساوی چی؟ ئەو ئاسمانە بیابانە؟ چی

تێدایە و بۆ وایە؟ مەبەستی دوژمنانی دەوروبەری کوردستانە، کە دەیانەوێ ئەو میللەتە بچەوسێتەوە و لە هەموو لاوە وەک (گەلە گورگ)ـەکەی (حوسێن عارف)(٦٠) هێرشی بۆ بێت و بیانەوێت لەناوی بەرن، (بیابان)یش هەموومان دەزانین هەرچی گەرما و ناخۆشی و ئازارێکە تێیدایە، واتە ئاوا بیابانی وشکوبرینگ دەستی لەخنخنۆکەی (ئەوکی) ئاسمان ناوەو لێناگەرێت خۆشی و شادی بەگەل ببەخشێت، ئەوانە هەموویان کۆمەڵە وێنەیەکن شاعیر سیحری وتنی پێ کردوون و بە زمانەکەی کە چەکی دەستی نووسینیەتی پێی هاتووەتە گۆ و وێنای کردوون، سەیری ئەو وشانە بکەین (بێ چەتر، بێ سێبەر، بێ کەپر، ..) ئەوانە هەموویان بۆنی بێ بەشییان لێ دێت و وێنەی غەدرێکی گەورەمان پیشان دەدەن، هەروا (دار غاردان و بەسنگ لکان و داچلەکان و ڕوانین و ژێر گلۆپ و....) ئەوانەش بۆنی ئومێدێکی گەش و هیوایەکی خۆشیان لێدێت، کە لە زوڵم و ستەمەوە هەڵدێن بەرەو ئازادی و سەربەستی و هەر بەرەو باوەشی سروشتی خاکەکەیان دەچن، بوونی (تاکەکەس) لە ڕێگای ئەو شیعرەوە کە خۆی لە جێگای گەل داناوە، ڕەگەزێکی تری ڕۆمانسییەتە و شاعیر بەکاری هێناوە، کە ئەو هەموو نەهامەتییە دەردەبرێت، مەبەستی گەلی کوردە کە چەند ستەم و زوڵمی لێدەکرێت، بەڵام لە شۆڕش و خەباتی خۆی واز ناهێنێت، سەرلەنوێ شۆڕشێکی تر لە هەناوی خاکە پیرۆز و پاکەکەیدا سەرهەڵدەداتەوە و بۆ جارێکی تر چۆک بە دوژمنی داگیرکەر دادەدا، ئەوانە مۆرکی ڕۆمانسییەتی لوتکەی شۆڕشگێڕییان لێدێت کە لە ڕۆمانسییەتە ئەوروپییەکاندا هەستمان پێکرد و پێشتر باسمان کرد، واتە شاعیر ئاگاداری ڕۆمانسییەتی ئەوروپا و کوردییە و فەرهەنگەکەشی دەوڵەمەندە لە گوزارشتی جوان و هەست بە کاریگەری ئازارەکەی دەکرێ و لەگەڵ زمان و توانایی زمانەوانی و بەهێزییەکەی لە وێناکردنی دیمەنی ڕۆمانسی سەرنجڕاکێش و چوونە ناو ناخی ڕۆمانسییەتی کوردی، لە بەشێکی تردا دەڵێت:

**(خۆم دەدوێنم:**
**(کێ کەرتێکی شاخی کۆڵی من هەڵدەگرێت؟**
**تابزانێت باری ئەم کۆستە چەند قورسە!**
**تابزانێت بۆ چەمی من تا بەرەبەیان بێدارەو**
**دەڕواو دەگری...دەگری و ئارام نابێتەوە!**
**تابزانێت ڕێگاکان کوان؟!**
**تەم دای گرتوون؟!یان سووتاون؟!**
**گوڵەکان کوان؟!**
**– وەرزی سەرهەڵدانی فەرهادە(*)–نەهاتووە؟!**
**یان تۆراون؟!**
**کێ کەرتێکی شاخی کۆڵی من هەڵدەگرێت؟**
**تابزانێت بۆ ڕۆدەچم!**
**هەڵدەستمەوە!**
**دەبمەوە دەریاو هەڵدەچم!)**(٦١)

* شیعرێکی هاوڕێی شاعیرم ئەنوەر قادر مەحەمەد.
(نەوزاد ڕەفعەت)

بوونی (دەنگی شاعیر) بۆ جارێکی تر، هەڵگرتنی کەرتێکی شاخ لە کۆڵی شاعیر هێمایە بۆ شۆڕش، هەروەها تێکەڵکردنی (شاخ) لە کۆڵی شاعیر و بۆ شتێکی تر نەبوو، ئەوەش خۆی پرسیارێکە پێمان دەڵێت: شاعیر لەبەر ئەوەی کوردە و خۆشەویستی بۆ خاکەکەی و سووتان و جۆشوخرۆشی وای کردووە، ئەو وشە کوردییە بەکاربێنێ و گرێدانەوەی ئەو پارچەیە بە پارچەکەی تر، تا دوژمن بزانێت کە چ غەدرێکی لە کورد کردووە و (گریان و ڕۆیشتن)ی چەم و ئارام نەبوونەوەی، نیشانەیەکە بۆ کۆستێکی زۆر قورس و پرسیارکردن بە (ڕێگاکان کوان؟ و تەم دایگرتوون؟! یان سووتاون؟! گوڵەکان کوان؟!)(٦٢) ئەوانە هەموویان کۆدی کردنەوەن بۆ ئەو تاوانەی بەسەر تاکی کورددا هاتووە و ستەمێکی وای لێ کراوە کە کەم وێنەیە، بەڵام کە دەڵێت، (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد نەهاتووە؟! یان تۆراون؟!)، واتە دەبێت عاشقێکی تر بێت، بەڵام ئەو جارە لە هی فەرهاد جیاوازە، لە (فەرهاد)ـەوە بۆ (شیرین) نییە، بەڵکو لە (تاک)ـەوە بۆ عەشقی خاکی (کوردستان)ـە، نابێت لە خۆشەویستی خاک بتۆرێن!!. ئێوە وەرنە شوێنی من، ئینجا دەزانن بۆ ڕۆ دەچم، لەتاو ئازاری جەستەم نییە، بەڵکو هاوار و گریانم بۆ گەلە، بەڵام بۆ جارێکی تر پاڵەوانێکی تر دێت کە لە ڕێگای (من)ـەوە گوزارشتە بۆ هەموو کورد، جارێکی کە (دەبمەوە دەریاو هەڵدەچم؟!) واتە هەمان پەیامی بەرز و پیرۆز هەڵدەگرمەوە کە بە نیشتمانەکەمەوە گرێ دراون و لێی دانابڕێم، (دەریا)ش تا شتێکی پێ نەبێ و تا تەواو نەهەژێ و هۆکارێکی سروشت نەیهەژێنێ، هەڵناچێ، واتە (من) کە کوردە، هەمان ئالای سەرفرازی و سەرکەوتن هەڵدەگرم، ئەوەش

خاسیەتێکی تری ڕۆمانسییەتی بەرەنگاری و کۆڵنەدان و یاخی بوون و نوێ بوونەوە و شۆڕشگێڕیی تێدا بەرجەستە دەبێ، لەبەر ئەوەی باسەکەم کەمێک سنووردارە، لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێ ناوونیشانی شیعری تری شاعیر دەکەم کە ڕۆمانسییەتییان تێدا بەرجەستە دەبێ (تارمایی شاخی خەم)(٦٣) و (دارستانی ئەو بنارە)(٦٤) و (مەرگی کەش)(٦٥) و (مەرگ لە زامی مندا دەڕوێت)(٦٦) و (نیگەرانی)(٦٧) و (هێشتا درەختەکان سەوزن)(٦٨) و (بەفری گەرم)(٦٩) و (هەژانی بەرد)(٧٠) و (حیکایەتی هەتاو)(٧١) و (ماڵ و خەوزڕان و بەرد)(٧٢) و (ئاسکە خەمبار)(٧٣) و (دڵە بەردینەکان)(٧٤) و (بارانی سوور)(٧٥) و (باڵ لە فڕیندا سووتاوە)(٧٦) و (گمەی هەنار)(٧٧) و (کۆترە ڕووناکەکان)(٧٨) و (فڕینی ئەسپێکی بێ باڵ)(٧٩) و (خۆڵەمێشی فرمێسکەکان)(٨٠). ئەوانەی من لێرەدا دەستنیشانم کردوون، مۆرکی ڕۆمانسییەتم تێدا وێنا کردن، ڕەنگە بابەتی تریشیان تێدا پەیڕەو بکرێت، بەڵام زۆربەیان لایەنێک، یان ڕەگەزێک و خاسیەتێکی ڕۆمانسییەتی ئەوروپا، یان کوردییان تێدا پەیڕەو دەکرێت.

## ئەنجام

دوای ئەوەی پوختەیەکی چڕ و پڕی ڕۆمانسییەتی ئەوروپام خستە ڕوو، لەگەڵ هەندێک خاسییەت و تایبەتمەندی، دواتر باسی مێژوویەکی خێرای ڕۆمانسییەتی کوردیم کرد و هەندێک لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیرم بە نموونە وەرگرت و تایبەتمەندییەکانیم دەستنیشان کرد، گەیشتمە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-شیعری ڕۆمانسی سەرەتا لە ئەوروپا، بەتایبەتی دوای سەدەی هەژدەم سەری هەڵداوە، بەڵام ڕۆمانسییەتی ئەوروپا گرنگی و تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە و بە گوێرەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

٢-نووسەر و شاعیرانی تورک زۆر سوودیان لێ وەرگرتووە و ڕۆشنبیرانی عەرەبیش بەهەمان شێوە، دواتر لای کورد، بە تایبەتیش لەلای مەولەوی و خانای قوبادی و گۆران و پیرەمێرد تا دەگاتە نەوزاد ڕەفعەت و شاعیرانی دوای ئەویش بەتایبەتمەندی خۆی.

٣-لە خاسیەتەکانی شیعری شاعیردا هەست بەسۆز و ئەندێشە دەکەین، لەگەڵ هەڵچوون و هەژان و هێنانە گۆی لە بەرانبەر ئەو زوڵم و ستەمەی لە کورد دەکرێت، ئەوەش بە بەرگێکی کوردییانە خۆی لە ڕۆمانسییەتی یاخی و بەرەنگاربوونەوە و ئازادی و سەربەستیدا دەبینێتەوە.

٤-شاعیر جگە لە بوونی دەنگی ناڕەزایی و هاتنە گۆ، و پەیڕەوی ڕێبازی ڕۆمانتیکی شۆڕشگێڕانەشی کردووە.

٥-شاعیر نموونە و دەستەواژە و وشەکانی لە کولتووری کوردی و لە فەرهەنگی کوردەواری وەرگرتووە، هەروەها کێشی خۆماڵی و برگەیی بەکارهێناوە و وێنەی شیعری ناسک و ڕەوانی ڕۆمانسییەتی پێ دروست کردووە.

٦-بەشداری کردنی ڕەگەزەکانی سروشت و مرۆڤاندنیان و تەوزیف کردنیان و بەدەنگ هێنانیان لە جیاتی مرۆڤ، خاسیەتێکی گرنگی ڕێبازی ڕۆمانسییەتی شاعیرە، کە نموونە شیعرییەکانی پێ وێنە کردووە.


**پەراوێزەکان:**

**١- ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیرباڵ / چاپی سێیەم /٢٠٠٩/ هەولێر ل(٥١).**

**٢- مدخل الى تاريخ الآداب الأوروبية، الآداب الأوروبية حتى القرن التاسع عشر، د. عماد حاتم، ليبيا/تونس، (١٩٧٩) ل(٢٨٩).**

**٣-هەمان سەرچاوە، ل(٢٩٠).**

**٤-هەمان سەرچاوە، ل(٢٩١).**

**٥-هەمان سەرچاوە، ل(٢٩٤).**

**٦-هەمان سەرچاوە، ل(٢٩٥).**

**٧- هەمان سەرچاوە، ل(٢٩٦).**

**٨-هەمان سەرچاوە، ل(٢٩٧).**

**٩- هەمان سەرچاوە، ل(٢٩٥).**

**١٠-هەمان سەرچاوە، ل(٢٩٨).**

**١١-هەمان سەرچاوە، ل(٣٠٣).**

**١٢-هەمان سەرچاوە، ل(٣٠٤).**

**١٣-هەمان سەرچاوە، ل(٣٠٨).**

**١٤- هەمان سەرچاوە، ل(٣٢٠).**

**١٥-هەمان سەرچاوە، ل(٣٢١).**

**١٦- هەمان سەرچاوە، ل(٣٢٢).**

**١٧- هەمان سەرچاوە، ل(٣٢٥).**

**١٨-هەمان سەرچاوە، ل(٣٢٨).**

**١٩- هەمان سەرچاوە، ل(٣٢٩).**

**٢٠-هەمان سەرچاوە، ل(٣٢٩).**

٢١-هەمان سەرچاوە، ل( ٣٣٠ ).
٢٢-هەمان سەرچاوە، ل(٣٣٢).
٢٣-هەمان سەرچاوە، ل(٣٣٥).
٢٤- هەمان سەرچاوە، ل(٣٣٦).
٢٥-هەمان سەرچاوە، ل(٣٣٤).
٢٦- هەمان سەرچاوە (٣٣٢).
٢٧- هەمان سەرچاوە، ل(٣٣٦).
٢٨-هەمان سەرچاوە (٣٣٧).
٢٩-هەمان سەرچاوە، ل(٣٣٨).
٣٠-هەمان سەرچاوە، ل(٣٣٩).
٣١-هەمان سەرچاوە، ل( ٣٤٠ ).
٣٢- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د.هیمداد حوسێن / دەزگای موکریانی/ چاپی یەکەم /٢٠٠٧/ ل(٨٥- ٨٦).
٣٣- هەمان سەرچاوە (٨٦).
٣٤-هەمان سەرچاوە (٨٩).
٣٥-هەمان سەرچاوە (٩١-٩٢).
٣٦- ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیرباڵ / ل(٦٧-٧٨).
٣٧-قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی (١٨٥١-١٩٢١)/ ئیدریس عەبدوڵلا/ هەولێر /٢٠٠٦/ل(٣٦).
٣٨-هەمان سەرچاوە (٤٠).
٣٩-هەمان سەرچاوە (٥٠).
٤٠-هەمان سەرچاوە (٥٥).
٤١-هەمان سەرچاوە (٥٦).
٤٢-ئەدەبیاتی نوێی کوردی / د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ/ هەولێر/ ١٩٩٠/ ل(٢٧).
٤٣-هەمان سەرچاوە، ل(٢٨).
٤٤-مێژووی ئەدەبی کوردی/ د.مارف خزنەدار/ چاپی یەکەم/ هەولێر، بەرگی پێنجەم (٢٠٠٥) ل(٢٨).
٤٥-ڕێبازە ئەدەبییەکان/ فەرهاد پیرباڵ، ل(٧٩).
٤٦-هەمان سەرچاوە، ل( ٨٠ ).
٤٧-هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
٤٨-پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە/ دیوانی شیعر/ نەوزاد ڕەفعەت/ کتێبی شین(٦)/ چاپی یەکەم/ هەولێر/ دەزگای ئاراس/ ٢٠٠٤/ ل(١٥).
٤٩-هەمان سەرچاوە، ل(١٥).
٥٠-هەمان سەرچاوە، ل(١٥).
٥١-هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
٥٢-هەمان سەرچاوە، ل(١٦).
٥٣-هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
٥٤-هەمان سەرچاوە، ل(٢٦).
٥٥-هەمان سەرچاوە، ل(٢٦).
٥٦-هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
٥٧-هەمان سەرچاوە، ل(٨٣).
٥٨-هەمان سەرچاوە، ل(٧).
٥٩-هەمان سەرچاوە، ل(٣٠).
٦٠-گەلەگورگ/ ڕۆمان/ حوسێن عارف.
٦١-هەمان سەرچاوە، ل(٣١).
٦٢-هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
٦٣-هەمان سەرچاوە، ل(٥٨).
٦٤-هەمان سەرچاوە، ل(٢٨).
٦٥-هەمان سەرچاوە، ل(١٢).
٦٦-هەمان سەرچاوە، ل(٣٩).
٦٧-هەمان سەرچاوە، ل(٤٣).
٦٨-هەمان سەرچاوە، ل(٥٢).
٦٩-هەمان سەرچاوە، ل(٨٩).
٧٠-هەمان سەرچاوە، ل(١٦١).
٧١-هەمان سەرچاوە، ل(١٢٢).
٧٢-هەمان سەرچاوە، ل(١٠١).
٧٣-هەمان سەرچاوە، ل(٨٨).
٧٤-هەمان سەرچاوە، ل(١٩٤).
٧٥-هەمان سەرچاوە، ل(٢٠٧).
٧٦-هەمان سەرچاوە، ل(٢٢٥).
٧٧-هەمان سەرچاوە، ل(٢٥٨).
٧٨-هەمان سەرچاوە، ل(٢٦٠).
٧٩-هەمان سەرچاوە، ل(٢٦٥).
٨٠-هەمان سەرچاوە، ل(٢٤٧).

سەرچاوەکان

أ-سەرچاوە کوردییەکان
١- ئەدەبیاتی نوێی کوردی/ د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ/ چاپخانەی خوێندنی باڵا/ هەولێر/ ١٩٩٠.
٢- پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە/ دیوانی شیعر/ نەوزاد ڕەفعەت /کتێبی شین(٦)/ چاپی یەکەم/ دەزگای ئاراس/ هەولێر/ ٢٠٠٤.
٣- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د.هیمداد حوسێن/ چاپی یەکەم/ دەزگای موکریانی/ هەولێر/ ٢٠٠٧.
٤- ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیرباڵ/ چاپی سێیەم/ چاپخانەی شڤان/ ٢٠٠٩.
٥- قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی (١٨٥١-١٩٢١)/ ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا/ چاپی یەکەم/ هەولێر/ ٢٠٠٦.
٦- مێژووی ئەدەبی کوردی/ د.مارف خزنەدار/ چاپی یەکەم/ بەرگی پێنجەم/ دەزگای ئاراس/ هەولێر/ ٢٠٠٥.

ب- سەرچاوە عەرەبییەکان
مدخل الى تاريخ الآداب الأوروبية/ الآداب الأوروبية حتى القرن التاسع عشر/ د. عماد حاتم/الدار العربية للكتاب/ ليبيا/ تونس (١٩٧٩).

# شیعرییەتی ڕیتمی ناوەوە لە شیعری مەحوی دا

هەژار فەقێ سلێمان
(کەلار)

شیعر و زمان دووانەیەکی دانەبڕاون، بەو پێیەی شیعر کارکردنە لە زماندا، دەگەینە ئەو میتودەی بۆ قسەکردن لەسەر بنیادی شیعر ناکرێت نەگەڕێینەوە بۆ زمان وەک پێکهاتەیەکی ئەو بنیادە، کە زمانی شیعرە، ئەم زمانی شیعرەش بەخشەری ئەو پایە پتەوەی ئەو چەمکە گرنگەی نێو ئەدەبە بەگشتی و شیعرە بەتایبەتی کە پێی دەوترێت (شیعرییەت-poetics)، شیعرییەتیش وەک چەمکگەلی نێو ئەدەب ڕاکان کۆک نین لەبەرایەوە، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە ڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی تر بۆچوونی جیاواز هەیە، ئەوەی هەیە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، دواتریش و لەسەردەمی نوێدا ئەم زاراوەیە فراوانتر کرا لەلایەن هەردوو زمانەوان و ڕەخنەگرانی بەناوبانگ (ڕۆمان یاکۆبسن) و(جان کۆهین)ەوە، بۆ ناسینی ئەم چەمکە لێرەدا بەگشتی پێناسەی شیعرییەت وەک بەشێکی بابەتکە دەخەینە ڕوو کە شیعرییەت هەموو ئەو بنەما و ڕەگەزانەیە کە زیندوویەتی و سیمایەکی شیعری بە دەقێکی ئەدەبی دەبەخشن و دەقێکی شیعری لە دەقێکی نا شیعری جیادەکاتەوە و تێیدا توانایی شاعیرێتی و وردەکاری کارکردن لە زمان و واتادا دەخاتە ڕوو.

یەکێک لەو پێکهاتە گرنگانەی کە شیعرییەت پێکدەهێنن (ڕیتم-rhythm)ە، ڕیتمیش لایەنێکی گرنگی مۆسیقای شیعرییە و لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەی شیعردا، شیعرییەت بە دەقی شیعری دەبەخشن، یان توانستی ڕێکخستنی بەدوایەکداهاتنی دەنگ و ئاوازەکانە، ئەو بەدوایەکدا هاتنە گرنگ نییە چۆنە و شاعیر، یان مۆسیقا سەربەستە، گرنگ ئەوەیە هاوشێوەو یەکسان بن، جۆرێک لە یاسا هەبێت لە هەر دووبارەبوونەوەیەکدا، دووبارە بوونەوەکەش دەشێت دەنگێک، یان چەند دەنگێک، یان چەند وشەیەک، یان چەند ڕستەیەک بێت، شێوازی بوونە ڕیتم لە سروشتدا دوانەهاتووە، گرنگی ڕیتم لە شیعردا بۆ زۆر هۆیە وەک پێدانی مۆسیقا و چێژی هونەری و جوانکاری و وەڕس نەبوون و وەرگرتنی هەناسەیە، بەکورتی ئەگەر ڕیتم نەبێت شیعر دەبێتە ئاخاوتنی ڕۆژانە و زۆرجار هەندێ ئاخاوتنی ڕۆژانەش بە هۆی هەبوونی ڕیتمەوە لە شیعر نزیک دەبێتەوە.



مەحوی

ئەوەی سەرەوە کورتیلە باسێک بوو لەسەر ئەو دوو زاراوەیەی شیعرییەت و تێیدا ڕیتمی ناوەوە، هاوکات بابەتەکە کار لە ڕیتمی ناوەوە دەکات لە شیعرەکانی مەحوی دا کە بەنموونە چەند دێڕە شیعرێکمان وەرگرتووە، مەحوی وەک شاعیرێکی دیاری نێو ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی کۆمەڵێک ستایلی ئاواز و دەنگی بەکاربردووە کە شایەنی لەسەر وەستانە و هێشتا لەو بارەیەوە ئاوڕمان لێ نەداوەتەوە و بەدیقەتەوە خۆی وتەنی کارمان لەسەری نەکردووە، (لە چەند شوێنێکی دیوانەکەیدا وشەی (دیقەت) دووبارە بووەتەوە)، مەحویی شاعیر بە ئاگایی و بەهۆشیارییەوە وەک ئاگادارێکی هونەرە شیعرییەکان توانیویەتی شێوازگەلێک لە ڕیتمی ناوەوە بەکاربیات (ئەوەی کە ئێمە درکمان پێ کردووە و دواجار دەشێت ڕیتمگەلێکی تر هەبن کە پەیمان پێ نەبردووە) بۆ هەر شێوازێک چەند دێڕێکمان بە نموونە هێناوەتەوە، شێوازەکانیش ئەمانەن:

**یەکەم:** دووبارەبوونەوەی یەک دەنگ: واتا چەندبارەبوونەوەی دەنگێکی دیار لە یەک دێڕدا، خوێنەر ڕاستەوخۆ بەخوێندنەوەی دێڕە شیعرەکە هەست بەوە دەکات و هەمیشە لەدەربڕیندا سترێسی دەخرێتە سەر و درکی پێدەکرێ و مۆسیقایەک بە شیعرەکە دەدات، ئەم هێنانەوەیە لای مەحوی زۆرە و بە شێوەیەکی دیار هەستی پێ دەکرێت، بۆ نموونە لەم سێ دێڕەدا مەحوی شاعیر لەیەکەمیاندا نۆ دەنگی (د)(دال) و لە دووەمیاندا هەشت دەنگی (د)(دال) و لە سێیەمیاندا حەوت دەنگی(د)(دال)ی هێناوەتەوە، تێدەگەین ئەم دروستکراوە و بەمەبەست بووە لای مەحوی نەک ڕێکەوت، لەیەکەم نموونەیاندا دەڵێت:

**بەشمە پێ قانیعم و بەسمە داغ و دەردی سەرمەدی**
**سەر بە دەردین ئێمە، بێدەردی لە ئێمە سەر مەدە** ل٢٧٤

لەدووەمیشیاندا:

**بێ داغی نەدامەت دڵ و، بێ دەردی ئەسەف جان**
**لەم کالیبەدە دڵ، لە دڵ ئەو جانە حەرامە** ل٢٧٦

لە سێیەمیشیاندا:

**ئەو نەهاتن: دەردە، داغی ئەو نەهاتن: دەردەها**
**کەس بە دەردی من نەچێ، وەک من نەبێ تووشی نەهات** ل ٥٩

یان لە دێڕێکی تردا

شاعیر حەوت جار دەنگی (م) (میم) ی هێناوەتەوە و بەتایبەتی لە نیوە دێڕی دووەمدا کە شەش وشەیە، پێنجیان دەنگی (م)(میم)ی تێدایە و دەڵێت:

**شەوی ڕیحلەت، پەدەر، ڕوحی مورەوەح، وەصیەتی فەرموو:**
**مەحەبەت مەزهەبت بێ، نووری چاوم، مەیکەشی مەشرەب** ل٥١

یان دەنگی (ڕ) (ڕێی قەڵەو) کە پێنج جار هاتووە و مەحوی لەم دێڕەدا دەڵێت:

**ئابڕووڕێژە ویصالی یار و خوێنڕێژە فیراق**
**عالەمی عیشق و مەحەبەت هەر بڕێژە هەر بڕێژ** ل١٤٣

یان لەم دێڕەدا شاعیر هەشت جار دەنگی (ک) کافی هێناوەتەوە و نووسیویەتی:

**دەبینم شێری شێرئەفگەن دەڵەک کەوڵی دەکا، دەبیەم**
**بە کۆڵێ کلکەوە ڕێوی لەگەڵ کەوڵی دەڵەک دەدوێ** ل٣١٢

**دووەم:** دووبارەبوونەوەی دوو دەنگ: ئەم جۆرە دووبارە بوونەوەیە لای مەحوی بێ ژمارە و ئێمە لێرەدا بۆ ئەمە دوو نموونەی قەناعەت پێکەر دەهێنینەوە و بۆمان ڕوون

دەبێتەوە کە مەحوی شاعیر زۆر بەوردی کاری لەسەر وشە و دەنگی وشەکان کردووە، هەر ئەمەش وای کرد کە بابەتێکی کورت ئامادە بکەین و ئەگەر بوار هەبوو لە داهاتوودا ئێمە بین، یان هەر شیعردۆستێکی تر بتوانێت بەدرێژی کار لەسەر ئەم بابەتە نوێیە بکات، چ لای مەحوی بێت، یان هەر شاعیرێکی تر بێت ئەم جۆرە کارکردنە بنیادگەرانە و پێکهاتەخوازییە بکرێت و بەردەوام بێت، ئەو نموونانەش لە یەکەم غەزەلی پیتی (دال)دایە کە تەنیا لە سێ دێڕدا شاعیر چواردە جار جووت دەنگی (ار)ی دووبارەکردووەتەوە و دەڵێت:

**دڵی سووتا بەحاڵی زاری طیفلی دڵم و چاری کرد**
**سەری زوڵفی لە دەم نا، زەهری ماری پڕ بەزاری کرد** ل١٠٨

**خەتی پشتی لەبی دی، بوومە چار ئەبرۆ وتی، وقمان**
**کە هەرکەس بەختیارە ئیختیاری چار یاری کرد** ل١١٠
**دڵی بێ بارە، مایەی کارە، هەرکەس کاروباری خۆی**
**لە دنیادا، موەفەق بوو بەدڵ تەفویضی باری کرد** ل١١١

لەم تاقە دێڕەی خوارەوەشدا شاعیر نۆ جار دوو دەنگی(ەم) دووبارە کردووەتەوە کە تێیدا بتەوێت و نەتەوێت ڕاستەوخۆ بیر و خەیاڵت بۆ لای ئەو دەنگە دووبارەبووانە دەچێت و هەیمەنەی ئەو دەنگانە بەسەر کۆی دێڕەکەدا زاڵە و جێی ئاماژەیە هەر لەو غەزەلە حەوت دێڕییەدا بیست و چوار جار دوو دەنگی (ەم) هاتووە، ئەمە لەکاتێکدا دوو دەنگی کۆتایی سەروای غەزەلەکە (ات)ە و دەڵێت:

**کەم بوو وەک ئەو دەمە، صیدق ئەم دەمە هەم کەم بووە قات**
**فەرەحی نەک بە دوا بێ، غەم و هەم هەم بووە قات** ل٦١

**سێیەم: دووبارەبوونەوەی سێ دەنگ**

ئەم جۆرەش لای مەحوی بەزەقی بەرچاو دەکەوێت، وەک لەم نموونەیەدا شاعیر چوار جار سێ دەنگی (ت+ی+ا) بە دوای یەکدا دەهێنێت و بەسەر تۆبۆگرافیای دێڕەکەدا دابەشی کردووە و دەڵێت:

**دنیا تیاترۆیە، مەوەستە تیا، بڕۆ**
**کێ مایەوە تیا کە نەبووبێ تیا، ترۆ** ل٢٥٣

یان لە دێڕێکی تردا سێ دەنگی (گ+ی یان (بزرۆکە*)+ر) کە بەهەمان شێوە چوار جار هاتووە و دەڵێت:

**موژەت قولابی گیرا، زولفی دڵگیرت کەمەند ئاسا**
**مەحاڵە بەرگرێ یا بەربێ کەس کەوتە بەرگیرت** ل٦٦

هەر لەم دێڕەشدا شاعیر سێ دەنگی (ت+ۆ+ب)ی چوار جار هێناوەتەوە و بەیەکسانی دابەشی کردووە بەسەر هەردوو نیوە دێڕەکەدا و دەڵێت:

**لەناوا باسی تۆبەی تۆ بوو ئەی ستەمگەر شۆخ**
**بخە ئەم تۆبە پاشی من، تۆ بی یو پیرت** ل ٦٦

**چوارەم:** دووبارەبوونەوەی وشەی هاوسەروا: (لێرەدا باس لەسەروا ناکرێت کە لەدەرەوەیە)، بۆ نموونە لەم دێڕەدا شاعیر شەش جار و لە سێ وشەی هاوسەروا ئەم شێوازەی بەکارهێناوە لە وشەکانی (دڵ و گوڵ و چڵ)دا و دەڵێت:

**ئەرێ دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵڕەنگت لە گوڵ چبکا**
**کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێ، بولبول لە چڵ چبکا** ل ١٣

لەم دێڕەشدا شاعیر لە هەردوو وشەی (حاڵ و ماڵ)ی یەکی سێ جار دووبارەکردووەتەوە و سەرنجت بۆ لایان ڕادەکێشێت و دەڵێت:

**حاڵە بەدحاڵی لە شوێن و ماڵە وێرانی لە دوو**
**(مەحویا) گەر ئەهلی حاڵی، حاڵ و ماڵم بۆ چییە** ل٢٩٤

**پێنجەم:** پێکەوەهاتنی دوو وشەی نزیک لەیەک و بەدوای یەکدا: ئەم جۆرە ستایلە زۆر بە زەقی لای مەحوی هەستی پێدەکرێت وەک (بریقەی بەرق و دوردی دەرد و صەفای صافی و ڕەهرەوی ڕێگە و زۆری تر)، هەرچەندە لە زانستی ڕەوانبێژیدا هەندێکیان وەک ڕەگەزدۆزی لێک دەدرێنەوە، بەڵام لێرەدا زۆربەیان ناکەونە نێو ئەو هونەرەوە و لێی دوور دەکەونەوە، ئەوەی هەیە شیعرییەتێک بە دێڕەکە دەبەخشێت، وەک لەم نموونانەدا دەستنیشانمان کردووە:

**بریقەی بەرقی جیلوەی کێ جەلابەخشی بینایییمە**
**کە قورصی ئافتاب و مەه وەک تەم دێتە بەرچاوم** ل٢٢٣

**صەفای صافی جوانی ڕۆی و دوردی دەردی پیری هات**
**خومارێ ماوە بەس ئەمشەو لە بادەی بەزمی دۆشینە** ل٢٨٤

**ڕەهرەوی ڕێگەی مەحەببەت وا دەبێ، هەر سەعیەتی**

**تا هەیە لەم ڕێگە ئاخر کاری سەردانانە ڕۆژ** ل١٣٧
**غولغولی بولبول لە عیشقی گوڵ نەبوو لەم صوبحەدا**
**شەعشەعەی ئەو غەبغەبە کەوتبووە سەر ئەم باغە هەم** ل٢٣٨

**شەشەم:** گونجاندن و نزیکبوونەوەی دوو وشە بەهۆی وشەیەکی ترەوە:ئەمە ستایلێکی زۆر نوێیە کە مەحوی پەیڕەوی کردووە، بۆ نموونە لەم دێڕەدا شاعیر دەڵێت:

**(مەحویا) بازێکی تۆ، قودس ئاشیان**
**بوونە بوومی شوومی ئەم وێرانە بۆچ** ل٩٧

ئەگەر دیقەت بدەین (بوون)ی لەگەڵ(بووم)دا هێناوەتەوە کە پێوەندییەکی دەنگیی پتەویان هەیە، پاشان (شووم)ی بەدوای (بووم) دا هێناوەتەوە کە هەمان پێوەندی پتەو هەیە، دواتر ئەوەی هەستی پێدەکەین هارمۆنییەک و گونجاندنێکی جوان لە نێوان (بوون و شووم)دا دروست بووە کە تەنیا یەک دەنگیان هاوبەشە و ئەو گونجانەش بەهۆی وشەی (بووم)ەوە دروست بووە کە لەنێوانیاندایە وەک لینکێک و کردوونی بە هاوڕێ.

هەر لەدێڕێکی تردا بەهەمان ئەو شێوازە و وردتر شاعیر دەڵێت:

**چ کەس نابێ بەکەس کارم، نییە لەم بەردەرە یارم**
**خودایا تۆ بکەی چارم، کەسێکم بێ کەس و بێ دەر** ل١٣٠

دەبینین وشەکانی (کەس) و (بێ کەس) و (بێ دەر)ی هێناوەتەوە و هاوبەشییەکی ماتماتیکیانە لە وشەی (بێ کەس) دا هەیە بۆ (کەس) و (بێ دەر) کە لەیەکەمیاندا کەس هاوبەشە و لە دووەمیاندا پێشگری (بێ) هاوبەشە، بەمەش بەخوێندنەوەی دێڕە شیعرەکە هەست بەوە دەکەی کە شاعیر سەرنجت بۆ ئەو کۆتاییە جوانە ڕادەکێشێت و جۆرێک لە هەڵڕشتن و غلۆربوونەوەی دەنگیی دەبینین و ڕیتمێکی هونەریانەی دروست کردووە.

**حەوتەم:** هاتنی چەند وشەیەکی هاوسەروا بەدوای یەکدا: ئەمەیان لە خاڵی چوارەمی پێشەوە جیاوازترە و لێرەدا شاعیر وشە هاوسەرواکان بەدوای یەکدا ڕیزدەکات و وەها سەرنجت بۆ لایان ڕادەکێشێ کە بیرت لای شیعرییەتە باوەکەی سەروای دەرەوە نامێنێت و وەک لەم نموونانەدا لەهەر دێڕێکدا کۆمەڵێک وشەی هاوسەروای بەکاربردووە و وات لێ دەکات ئاگات لە واتاکەی نەمێنێت و لەسەر ئەو ڕیتمە بچیت کە هاوکات واتایەکی قووڵ لە پشت ئەو دەنگانەوە هەیە و دەڵێت:

**لەبەر قاپیی مەحەببەت ئەو خودا پێداویە ڕوو سوور**
**حەزینە، دیدە پڕ ئەسرینە، دڵ خوێنینە، ڕوو زەردە** ل٢٧٠

**ئەسیر و صەیدی قەیدی کەید وشەیدی نەفسی ئەممارەم**
**لە دەست ئەم مارە بەدچارە، چییە چارم، خودا چارەم** ل٢٢٨

**لەسەرخۆچوونە، شەیدابوونە، قوڕپێوانە، سووتانە**
**هەتا مردن، مەحەببەت، ئێشی زۆرە، ڕیزی لێدەگرم** ل٢١٩

**هەشتەم:** هێنانەوەی دوو وشەی هاوڕیتم و گونجاو لە سەرەتا و کۆتایی نیوە دێڕێکدا:

ئەمەش جۆرێکی ترە لە مۆسیقای ناوەوە، ئەم هاوسەرواکردن و نزیکایەتییە کە مەحوی شاعیر کردوویەتی لە نێوان یەکەم وشە و کۆتا وشەی نیوە دێڕێکدایە، ئەم جۆرە شێوازە و شێوازەکانی تر کە کار لەڕیتمی ناوەوەی دێڕە شیعر دەکەن، بەتایبەتی بۆ دێڕە شیعری کلاسیکی کە سەروای مەسنەوی (جووت قافیە) نییە زۆر گرنگە، چوون شیعرییەتە دەنگییەکەی پێدەدات و ئەگەر بەتەنیاش بێت کە ئەم بەتەنیا هاتنەی دێڕیش سروشتی دێڕە شیعری کلاسیکییە، ئەو شیعرییەتە دەنگییەی لە شیعری ڕۆمانتیکیدا لەهەر دێڕێکدا هەیە کە کۆتا وشەیان هاوسەروایە و مەسنەوییە، لێرەدا یەکسان دەبێت بەو ئیشکردنە لە سەر دەنگ لە ناو دێڕە شیعری کلاسیکیدا، وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

**گوڵاو و ئاگراوە بادە ئەمشەو**
**گەرەبناکە مەی و، ساقی غەچەبناک** ل١٨٦
**بە کوڵمی ئاڵیا ئاڵا خەتی سەبز**
**ترنجی کەوتە بەر پەنجەی ترنجۆک** ل١٩١
**بتان ئەمڕۆ لە فەضلی ئێمە دەدوان**
**فەرەنگ ئیشی چ بێ (مەحوی) بە فەرهەنگ** ل٢٠٠

**نۆیەم:** هاوسەروایی لەگەڵ وشەی سەروای دێڕەکە:

ئەمەش وەک وتمان ئەگەر لەدەرەوەی غەزەلەکەش بێت شاعیر وادەکات نەهێڵێت دێڕەکە لە شیعر خاڵی بێتەوە، وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

**وتم: ڕوخصەت دە جانا، دا بە قوربانی لەبت کەم جان**

**وتی: بەحرێکی شەهد ئەڵبەت دەنیشێ پێیەوە مێشێ**
ل۳۰۳

**لە نان و ئاو ئەوا ئیمساکییە مردووش، ئەرێ زاهید**
**چ عوجبێکە، ئەمەندە بۆ دەنازی بە مورتاچی** ل۳۰۵
**(مەحویا) هەر ئەشک و ئاهی تۆ لە جێ جوێیبوونەوەت**
**چوونە بەر بادی فەنایە، دەرکەوی یا سەرکەوی** ل۳۱۹
**براله، ئەم هەموو ئۆباڵە بێ بەو گەردنە حەیفە**
**بنیشێ بەم حەدە ئەم گەردە لەو مینایی بێ گەردە**
ل۲۷۱

**بووە هەم قافیەی لێوت زوبانم، ئیتیفاقاتە**
**دەبێ عاجز نەبی، واهاتووە، ئەو ئەملەح، ئەم ئەفصەح**
ل ۱۰٤

**دەیەم:** پاش و پێشخستن:ئەم جۆرە ستایلەش یەکێکە لەوانەی کە مەحوی کاری لەسەرکردووە و نەمانتوانی وەک ستایلێکی شیعرییەت داینەنێین، وەک لەم سێ دێڕەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**وتی: سەیری دەرودەشتم نەماوە**
**لەچاوم مەوج ئەدا، دەشت و دەر مەست** ل۷۳
**هەرچەندە خەرتەلی، لە پڕێ چەرخی پەنجەباز**
**دەتکا بە بازی پەنجەیی (میقادۆ)ی شکار** ل۱۲۱
**لە دنیادا دڵئارامێک و ئارامی دڵێکم بوو**
**بەجارێ ماڵی وێرانم، ئەمیشم چوو، ئەویشم چوو**
ل۲٦۲

ئەوەی سەرەوە وەک کورد دەڵێت چەند ستایلێک بوو لەو خەرواره ستایلانەی کە مەحوی بەئاگاییەوە وەک ڕیتمی ناوەوە بەکاری هێناوە و شیعرییەتێکی دەنگی و مۆسیقایی و ئاوازداری بەخشیوە بە هەر دێڕێک بۆ ئەوەی ئەگەر تەریک و دوورکەوتەوە لە هاودێڕەکانیشی دواجار ئەو چێژ و ئەو ئاوازە پڕ جۆشەیان بێنێت.

*** لەهەندێک شوێن دەنگی بزرۆکە بە (ی) گۆ دەکرێت وەک (گرنگ بە گرینگ و پڵنگ بە پڵینگ).**

**سەرچاوەکان:**


**۱- دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلاکریم)، انتشارات کردستان، چاپی سێیەم، سنندج، ۱۳۸۱هەتاوی. (ژمارەی ئەو لاپەڕانەی سەرەوە ئاماژەن بۆ ئەم دیوانە).**

**۲- چنینی دەق لە شیعرەکانی نالیدا، د.ئاڤان علی میرزا تۆفیق، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ۲۰۱۲ ز.**

**۳- بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، د.ئازاد ئەحمەد مەحموود، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی دووەم، هەولێر، ۲۰۱۲.**

**٤- شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، هێمن عومەر خۆشناو، بەڕێوەبەرایەتی بلاوکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ۲۰۱۰.**

**٥- پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ۲۰۱۲.**

**٦- ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی (کوردستانی عیراق ۱۹٥۰-۱۹۷۰)، جەبار ئەحمەد حسێن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ۲۰۰۸.**

**۷- بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر (لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)، ئاسۆ عومەر مستەفا، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، دهۆک، ۲۰۰۹ز.**

# کام ڕێ من بەرەو باخی مەوداکان دەبات؟(*)

## «قەسیدەی (موسافیر)ی (سوهراب سپێهری) لەبەردەم دووڕیانی هیچ و گشت ژیان و مەرگدا»

**بڵند باجەلان**

قەسیدەی (موسافیر)ی (سوهراب سپێهری)، یەکێکە لە قەسیدە فرە دیو و ناوەڕۆک و ئاستەکان، ڕەخنەگر لە ئانی قسەکردن لەسەر ئەو قەسیدەیە، بەر ئەو فرەیی بوونە دەکەوێ. دەرەنجامی ئەو فرەیی بوونە بریتییە لە لەدایکبوونی فیکرێکی فرە ئاراستەی شیعری، ڕەخنەگر پشت بەستوو بەو فیکرە، قسە لەسەر تێکستێکی شیعری دەکا کە پنتی فیکری تێدایە، دواتر هەر ئەو فیکرە ڕەخنەگر ئاراستە دەکا و وێنای تێکستی بۆ دیاری دەکا.

تێکستەکە وێنایەکی دیاریکراوی نییە، دەشکرێ بڵێین:

زۆربەی تێکستەکانی دنیا، بەتایبەتی تێکستە ئەدەبییەکان، تاقە وێنایەکیان نییە و بەستراونەتەوە بە مەیل و تێڕوانینی خوێنەرەوە، واتە ئەوە خوێنەرە بچم و وێنا بە تێکست دەبەخشێ، وەلێ ئەوەی ئەو تێکستە جیادەکاتەوە، فرە وێناییە لای تاقە وێنایەک کە خودە.

خود (منی نووسەر) بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تاقە تێکستە، بەر وێنای جیاواز دەکەوێ کە هەموویان گوزارشتن لە قەسیدەی (موسافیر)، هەڵبژاردنی یەکێک لەو وێنایانە، نابێتە هۆی مردنی وێناکانی تر، سەرەڕای زۆری وێناکان، دەشێ کۆی وێناکان لە بازنەیەکی دیاریکراودا کۆبکەینەوە کە بازنەیەکە ئەو فیکرە، سنووری دیاری دەکا کە لە سەرەوە باسمان کرد، (فیکرێکی فرە ئاراستەی شیعری).

بەستنەوەی (سوهراب) بە (مەولانا) لە بابەتی فیکردا دروست نییە، چونکە ئەو یەک پارچەییەی فیکر کە لای (مەولانا) هەیە، کەمتر لای (سوهراب) تێبینی دەکرێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەمە شیعرییە بەردەوامەی (سوهراب) لەگەڵ وشەکانی دەکات، ئەگەر بمانەوێ قسە لەسەر شیعری (مەولانا) بکەین، دەبێت ڕاستەوخۆ بگەڕێینەوە بۆ فیکری (مەولانا) خۆی، وەلێ بۆ قسەکردن لەسەر شیعری (سوهراب)، دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ فیکری ئەوانی تر، ئەمەش هەر ئەو کارەیە کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەیکەین.

(سوهراب) هەندێ جار لە بوونگەراکان نزیک دەکرێتەوە، بەوەی کە لە تێکستی شیعریدا کاری لەسەر بابەتی بوون کردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو قسەیەی کردمان، بۆیە هەڵەیە (سوهراب) بە (مەولانا) بچوێنین وەک ئەوەی (د. سیروس شەمیسا) لە لێکۆڵینەوەی (موسافیرێک وەک ئاو) باسی دەکا (١).

**«دەمەو خۆرنشین**
**لەنێو ئامادەیی کەنەفتی شتەکانا**
**نیگای کەسێکی چاوەڕوان قەوارەی کاتی دەبینی**
**لەسەر مێزەکەش، ژاوەژاوی چەند میوەیەکی نۆبەرە**
**بەرەو لای نادیاری ئیدراکی مەرگ دەچوو.**
**"با"ش لەسەر فەرشی حەسانەوە**
**بۆنی باخچەکەی بەسەر داوێنی سافی ژیانا**
**پەخش دەکردەوە.**
**زەینیش ڕووی ڕۆشنی گوڵی**
**وەک باوەشێن بە دەستەوە گرتبوو،**
**خۆی پێ باوەشێن دەکرد».**

بەسەنتەرکردنی کات و دیاریکردنی کاتێک کە دەمەو خۆرنشینە و تێیدا کەسێکی چاوەڕوان، کردەیەک ئەنجام دەدا کە بینینی قەوارەی کاتە، سەرەڕای ئامادەیی کەنەفتی شتەکان، دەیسەلمێنێ لە بازنەی کاتدا (دەمەو خۆرنشین)، باسی کات هاتووەتە پێشەوە (قەوارەی کاتی دەبینێ)، ئەمەش کات دابەش دەکات بۆ دوو بەش، یەکەمیان کاتێکە تێیدا کردەکان ئەنجام دەدەین، دووەمیان کاتێکی ترە تێیدا تێبینی کات دەکەین.

ئەو پێوەندییە چییە کات بە مرۆڤەوە دەبەستێتەوە؟.

ئەو پێوەندییە چییە مرۆڤ بە کاتەوە دەبەستێتەوە؟.

هەمیشە پێوەندی لەنێوان مرۆڤ و کاتدا هەبووە، بە جۆرێک پۆلێنکردنی جۆری مرۆڤەکان و جیهانبینی و ئایدیا و تێڕوانینەکانیشیان بە کاتەوە بەستراونەتەوە. مرۆڤەکان بە گوێرەی سەردەمەکان دەناسرێنەوە و هەر سەردەمەکانیشن لە دوا جاردا تەحەکوم بە جۆر و پێکهاتە و ژمارەی مرۆڤەکانەوە دەکەن.

کات بەشە پەراوێزخراوەکەی مرۆڤە، مرۆڤ کاتی خستە دەرەوەی خۆیەوە، تا تێیدا بژی (ژیان لە کاتدا، ئەمە تێڕوانینێکی شیعرییە و دەبێت لە ڕوانگەیەکی شیعرییەوە بیبینین). (سوهراب) هەر لە منداڵییەوە خۆی کاتی ئاراستە کردووە و نەیهێشتووە کات و زەمەن ئاراستەی بکەن (هەڵبەت تا ئەو شوێنەی بۆی کراوە، ئەگینا توانایی مرۆڤ لە ئاست توانایی کاتدا سنووردارە و مرۆڤ تەواو دەبێت و کات تەواو نابێت. هەندێک ڕووداو لە زەمەنێکی دیاری کراودا ڕوو لە مرۆڤ دەکەن، مرۆڤ دەبەستنەوە بە هیچ و نادیارەوە)، ئەوەتا ئەوکاتەی قوتابی بووە لە (کاشان) و لە قوتابخانەی (خەیام)دا، ئاراستەی کات و زەمەن دەگۆڕێ و لە پۆلدا



سوهراب سپێهری

لەجیاتی گوێگرتن لە وانە، خۆی بە وێنەکێشانەوە خەریک دەکات و مامۆستاکەشی لە بەرانبەر ئەو کارەدا ئازاری دەدات، ئەمەش بەشێکە لە غەدرەکانی زەمەن (غەدرکردنی مرۆڤ لە مرۆڤ لە زەمەنێکی دیاریکراودا).

لە بازنەی ئەو غەدرەدا دەتوانین پەی بە مرۆڤ ببەین؟، ئەگەر پەیبردنمان بە هەستەکانمانەوە ببەستینەوە، ئەوە دەشێ هەستەکانمان هیچ نەبن، بێجگە لە وێناکان و کۆپییەک لە خەسڵەتە یەکەمییەکانی کەرەستەکان. هەر لەو پارچە شیعرەی سەرەوەدا و ئەوکاتەی باسی (زەین و میوە و باخچە و با و...تاد) دێنە پێشەوە، ڕاستەوخۆ دەبەسترێنەوە بە کاتێکی دیاریکراوەوە (دەمەو خۆرنشین).

**«موسافیر لە پاسەکە دابەزی**
**"ئاسمانێکی چەند خاوێنە!"**
**درێژی شەقامی غوربەت ئەوی برد»**

دابەزینی موسافیر لە پاسەکەدا بە مانای گەیشتن و کۆتایی نایەت، موسافیرەکان کە دەگەن، چیتر نەگەیشتوون، ئەوان کە دەگەن، دەگەنە سەرەتای سەفەری نادیار.

دابەزینی موسافیر گوزارشتە لە بوونی سەفەرێک کە

موسافیرەکە دەیکات، تێبینی کردنی ئاسمانێکی خاوێنیش هیچ ئاماژەیەکی ڕوون بەدوای خۆیدا ناهێنێ، بەهۆی درێژی غوربەت و شەقامەکانییەوە. غوربەتی بێ کۆتا، وێناکان دەشێوێنێ. دەشێ ئاسمانی خاوێن گوزارشت بێت لە داهاتوویەکی تاریک و پیس، بەتایبەتی کە لە کۆتایی ڕستەکەدا نیشانەی سەرسوڕمان دەبینین (!).

کە سەفەر دەکەین، هەمیشە حەقیقەتێک لەدوای خۆمان جێ دەهێڵین کە حەقیقەتی نەگەڕانەوەیە، کاتێ دەشگەڕێینەوە، حەقیقەتی نەگەڕانەوە ناگۆڕێ و ون نابێ، بەڵکو دەمێنێتەوە تا دەستپێکردنی سەفەرێکی تر بە سەفەری مەرگیشەوە، ئەوکات نەگەڕانەوەی ئەبەدی، خۆی لەسەر شانۆی ژیاندا مانیفێست دەکات، شانۆیەک، ئەوانەی لەسەر کورسییەکانی دانیشتوون، سەیری ناوەڕاستی شانۆکە ناکەن، سەیری سووچێکی ئەو شانۆیە دەکەن کە پیاوێک تێیدا دەگری، پیاوەکە ناوی (پرسیار)ە، ئەو ژنەشی کە ناوی (وەڵام)ە لە زەینی زۆر لە بینەرەکاندا ونبووە و بینەران بۆ دۆزینەوەی ئەو ژنە، پێویستییان بە گەڕان و سەفەرە، بۆیە مرۆڤ هەمیشە موسافیرە، موسافیرێکە بە (بەڵێ) و (نەخێر) وەڵامی شتەکان دەداتەوە.

لای (لۆکاچ) مرۆڤ لە ئاست زۆر فاکتدا ڕاوەستاوە کە دەبێ هەڵبژێرێ، گوتنی (بەڵێ) و (نەخێر) لە ئاست ڕاستییەکاندا بە مرۆڤ نەبەستراوەتەوە، بەڵکو پێویستیی سەردەمە (٢). ئەوکاتەی موسافیر لە پاسەکە دادەبەزێ، ناتوانێ بە بەڵێ و نەخێر بڕیار لەسەر داهاتووی خۆی و ڕاستییەکانی بدات، بەڵکو خودی بڕیارەکان و ڕاستییەکانیش بەستراونەتەوە بە داهاتووی نادیارەوە (بە سەردەمەوە)، ئەمەش سەلماندنی بۆچوونەکەی (لۆکاچ)ە.

**«خۆرنشین بوو،**
**دەنگی هۆشی گیاکان دەهاتە گوێ.**
**موسافیرەکە هاتبوو،**
**لەسەر ئەسکەمیلێک لە قەراغ چیمەنەکە**
**دانیشتبوو:**
**"دڵم تەنگە**
**دڵم زۆر تەنگە.**
**بەدرێژایی ڕێگاکە بیرم لە شتێ دەکردەوە،**
**ڕەنگی بنارەکانیش**
**هۆشیان لە سەرم دەفڕاند..."»**

دیسانەوە کات وەک بابەتێک دێتە پێشەوە. کات بریتییە لە خۆرنشین. لەو ئاستەدا هۆش بەبەر گیادا کراوە. لە زیندەوەرزانیدا گیاکان بە زیندەوەر لە قەڵەم دراون، وەلێ زیندەوەری بێ هۆش کە توانایی گەشەکردنی هەیە.

لە کایەی فەلسەفیشدا کەمترین کات باسی جیهانی ڕووەکەکان کراوە، تەنانەت هیچ بیرمەندێکمان نییە نەسەبی مرۆڤی بۆ گیاکان گەڕاندبێتەوە.

لە قەسیدەکەدا گیاکان خاوەنی هۆشن و هۆشیش خاوەنی دەنگە. هۆش دەدوێ، وەلێ قسەکردنی هۆش ئەم جارەیان هاوشانی دەنگە، واتە هۆش لە ڕێگەی دەنگەوەیە قسە دەکات. هۆش تەنیا لەناو دەنگدا بوونی نییە و دەنگیش هەمووی بەرهەمی هۆش نییە، وەلێ هەروا بڵاوە کە ئێمە لە ڕێگەی دەنگ و نووسینەوە گوزارشت لە ئایدیاکانمان بکەین، ئەگینا دەشێ ئایدیاکان لە خۆیاندا گوزارشت بن لە خۆیان، ئەمەش (گوزارشتی خودی) پێدەڵێن کە ئینسان لە ڕێگای ئایدیاکانی خۆیەوە و لە مەملەکەتە خودییەکەیدا بۆ خۆی باسی خۆی دەکات، بە سوود وەرگرتن لە ئایدیای ئەوانی تر، لەو ئاستەدا خود لە پێناوی خوددایە کە بوونی هەیە و ئەوانیتر لای خود کەرەستەن بۆ گوزارشتکردن لە خود.

ئەم دەربڕینە: (بە گشتی وا بڵاوە)، زیانی بە زۆر بواری ژیانی مرۆکان گەیاندووە، دەتوانین نموونەیەک بهێنینەوە: بە گشتی وا بڵاوە کە پۆست مۆدێرن تایبەتە بە ئەدەب و هونەر، لە کاتێکدا زۆر لایەنی تر دەگرێتەوە، بە تایبەتی (بیناسازی). (چارلس جینکس) لە کتێبێکیدا لەمەڕ پۆست مۆدێرنەوە، لە بابەتی (بیناسازی)دا کاری لە بابەتی دەستنیشانکردن کردووە (٣).

کەواتە قەسیدەکە مامەڵەیەکی مرۆڤ ئاسا لەگەڵ گیاکان دەکات، وەلێ ئەمە واتای ئەوە نییە مرۆڤ لە قەسیدەکەدا وەک مرۆڤ خۆی هاتبێت.دوای گەیشتنی موسافیر و دانیشتن و پشوودانی، یەکەمین کارێک کە دەکرێ، بریتییە لە بیرکردنەوە، موسافیر بیر لە دڵتەنگی خۆی دەکاتەوە، ئەو دڵتەنگییەش بۆ خودی خۆی دەخاتە ڕوو، ئەمەش ئەو گوزارشتە خودییەیە کە باسم کرد. قسەکردن لەگەڵ خود لێرەدا بە مانای وڕێنە نایەت. دواتر موسافیر بیر لە بیرکردنەوە دەکاتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە کە بە درێژایی ڕێگا بیری لە شتێک کردووەتەوە

(بیرکردنەوە لە بیرکردنەوە)، موسافیر بەو کردەیە شیعرییەتێکی تایبەتی بە موسافیر (قەسیدەی موسافیر) بەخشیوە، شاعیرێک لەپشت ئەو شیعرییەتەوەیە و لەپشت شیعرییەتەکەوە سەیری دنیات دەکات، (سوهراب) شاعیرەکەیە.

«نیگای کابرای موسافیر کەوتە سەر مێز:

**"ئای لەو سێوانە چەند جوانن!**
**ژیان نەشئەی تەنیاییە "**
**خانەخوێ پرسی:**
**جوان یانی چی؟**
**- جوان یانی دەربڕینی عاشقانەی شێوەکان**
**عیشقیش... بە تەنیا عیشق**
**تۆ بە گەرمی سێوێ ئاشنا دەکا.**
**عیشقیش... بەتەنیا عیشق**
**منی گەیاندە دەڤەری بەرینی حوزنی ژیان**
**وای لێکردم بتوانم ببمە باڵندە.»**

موسافیر دوای (بیرکردنەوە لە بیرکردنەوە)، نیگاکانی لەسەر مێزەکە دەگێرسێنەوە و هەست دەکا لە بەردەم جوانیدایە، سێوەکان جوانی پێ دەبەخشن، بینینی جوانی لەدوای وەها بیرکردنەوەیەک، چێژێکی زیاتری هەیە، بەرادەیەک ئینسان پێی خۆشە بەر بیرکردنەوەی تری هاوشێوە بکەوێ، تا دوای هەر وەها بیرکردنەوەیەک، تێبینی جوانی بکات و ئەو تێبینی کردنەی جوانیش، جار لەدوای جار چێژی زیاتر ببەخشێ، چێژی زیاتریش بە بیرکردنەوەی قوڵترەوە بەستراوەتەوە.

لە قەسیدەکەدا تێبینی کردنی جوانی، تێبینی کردنی تەنیایی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، مرۆڤ لەڕێگای جوانی زیاترەوە، دەگاتە تەنیایی زیاتر، ئەوەتا موسافیر دوای بینینی جوانی سێوەکان و قسەکردن بە سەرسوڕمانەوە لەسەریان، دەڵێ: ژیان نەشئەی تەنیاییە.

هەموومان ناتوانین تێبینی جوانی بکەین و لە جوانی تێبگەین، دەشێ لەڕێگەی کەسانی ترەوە لە جوانی تێبگەین و پرسیار لەبارەی جوانییەوە بکەین (هەر ئەمەش لە شیعرەکەدا دەبینرێ). پرسیاری:جوانی چییە؟ لەو ساڵانەی دواییدا کەمتر جێگای بایەخ بووە.خانەخوێ پرسیاری جوانی لە موسافیر دەکات، وەک بڵێی جوانەکان نامۆ بن بە خانەخوێ، وەلێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێ خانەخوێ خۆی ناشیرین بێت، دەشێت کەسێک بێت کە مەیلی پرسیارکردنی هەیە، یان دەشێت کەسێک



مەولانا جەلالەددینی رۆمی

بێت خۆی خاوەنی جوانی بێت و نەشزانێت جوانی یانی چی!!، ئیتر بەو شێوانە و شێوەی تریش.

موسافیر جوانی بە عیشقەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش گوزارشتە عاشقانەکەیە لە جوانی و گوزارشتە جوانەکەیشە لە عیشق، عیشق بریتییە لە دەریای جوانییەکان و جوانی بریتییە لە سەرزەمینی عیشق و عاشق و مەعشووقان.

موسافیر دەگەڕێتەوە خاڵی سەرەتا، خاڵی تێبینی کردنی سێوەکان و باسی ئەوە دەکا چۆن عیشق وا دەکات تەنانەت هەست بە گەرمی سێوەکانیش بکەیت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە لە پاڵ بیرکردنەوەکە، عیشق بوونی هەبووە، واتە ئەوانەی وایان لە موسافیر کردووە سێوەکان بە جوان ببینێ، عیشق و بیرکردنەوەن.عیشق لەو پارچە شیعرەی سەرەوەدا بنیادنەرەو رووخێنەر نییە، کەواتە دەشێ عیشق فاکتەری ئەوە بێت جوانتر بژین وەک ئەوەی لە قەسیدەکەدا هاتووە، ئەوەندە جوان بژین پێمان وابێت باڵندەین. جوانی چییە؟ عیشق چییە؟ بیرکردنەوە چییە؟ تەنیایی چییە؟، ئەمانە ئەو پرسیارانەن قەسیدەکە لە دوای خۆی جێیان دەهێڵێ. مرۆڤ بۆ گەیشتن بە عیشق، پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە، لە عیشقیشدا پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە، ئەگەرچی زۆرجار عیشق بیرکردنەوە

ڕادەگرێ، لەدوای عیشقیش پێویستیمان بە بیرکردنەوە هەیە، بیرکردنەوە لە مانەوە لەگەڵ ئەو عیشقە تێپەڕیوە، بیرکردنەوە لە عیشقێکی تازە.

کەواتە عیشق و بیرکردنەوە هاوسەنگەرن، تەنیاییش لە عیشقدا وەک میوانێکی ڕوح سووک بوونی هەیە، هەموو ئەو بیرکردنەوە و تەنیایی و عیشقانەش کە باسمان کردن، لە جوانیدا هەن، هەروەک چۆن جوانیش لەناو ئەواندا هەیە.

بۆ قسەکردن لەسەر جوانی و تەنیایی و بیرکردنەوە و عیشقی مرۆڤ، پێویستە باس لە بوونی ئەو مرۆڤە بکەین و پرسیاری جیاواز بکەین، بۆ نموونە بپرسین:

مرۆڤ سەرەتا ماهییەتی هەیە؟. لای فەلسەفە ئایدیالیزمییەکان مرۆڤ لە جیهانی واقیعدا چیەتییەکەی پێش بوونەکەی دەکەوێ. بوونگەراکان ئەو دیدە بە تەواوی ڕەت دەکەنەوە و ڕایدەگەیەنن مرۆڤ سەرەتا (ماهییەت – چییەتی) نییە.

لە قەسیدەکەدا بوون، بوونێکی شیعرییە و دنیای هەبووش شیعرییە، بۆیە (جوانی و عیشق و تەنیایی) ناو قەسیدەکەش، شیعرانە دەردەکەون.

ئەوەی لە هێڵکارییەکەدا دەردەکەوێ:

بازنەکە: قەسیدەی (موسافیر)ی (سوهراب سپێهری)

ئاراستەکان: چوار ئاراستەی (بیرکردنەوە و تەنیایی و عیشق و جوانی)، هەر چواریان ڕووەو قەسیدەکەن.

**«شەو داهات.**
**چرا ڕۆشن بوو.**
**چایان دەخواردەوە.**
**– بۆچی دڵت تەنگە، دەڵێی تەنیایت.**
**– چەندیش تەنیا!**
**– وا هەست دەکەم**
**تووشی ڕەگی نادیاری ڕەنگەکان بوویت.**
**– تووشبوون یانی...**
**– عاشق»**

ئەم جارەیان کات بریتییە لە: شەو. هاتنی شەو واتای هێمن بوونەوەی شتەکان دەگەیەنێ. هەڵگیرسانی چراکان نیشانەن بۆ ڕوودانی شتێک، دوو کەس لە ژوورێکدا چرا ڕۆشن دەکەن بە مەبەستی گفتوگۆ و خواردنەوەی چا، دەرگای گفتوگۆ دەکرێتەوە. (کەسی دووەم) گەرەکیەتی لە نهێنیی دڵتەنگی موسافیر تێ بگات، ئەو دڵتەنگییەکەی موسافیر بۆ تەنیاییەکەی دەگەڕێنێتەوە.

پرسیار: هەر بە ڕاست تەنیایی هۆکارێکە بۆ دڵتەنگی؟ مرۆڤی تەنیا دڵتەنگە؟.

تەنیایی بۆ مرۆڤ زۆر جار پێویستییە، مرۆڤ لە تەنیاییدا زۆرجار داهێنان دەکات. تەنیاکان تەنیایی خۆیان دەکەنە کەرەستە بۆ ئاوەدانی خەڵکی.

دەشێ تەنیایی من ببێتە هۆی ئاوەدانی جڤاتێک، یان تەنیایی جڤات ئاوەدانی منی لێ بکەوێتەوە. هەموو تەنیاییەک سەرچاوەی دڵتەنگی نییە، خودی تەنیایی دەکرێ وەسیلەی دوورکەوتنەوە بێت لە تەنیایی.

(مرۆڤی تەنیا) بۆ ڕزگاربوون لە تەنیاییەکەی، پێویستی بە کەسێکی ترە، مەرج نییە مرۆڤ خۆی مەحکووم بکات بە دوورکەوتنەوە لە تەنیایی، چونکە خودی ئەو خۆمەحکووم کردنە، تەنیاییەکی ئەبەدییە.

(سوکرات) ئەوکاتەی مەرگ هەڵدەبژێرێ، دەگەڕێتەوە بۆ تەنیاییەکەی، خودی مەرگ هیچ نییە، بێجگە لە تەنیاییەکی مەزن، هەڵبژاردنی ئەو تەنیاییە مەزنە لای (سوکرات)، بەرهەمەکەی بریتییە لە ژیان.

مەرگی (سوکرات) ژیانی فەلسەفە بەدوای خۆیدا دەهێنێ. دانانی سنوور بۆ تواناییەکانی خود لە لایەن خود خۆیەوە، خود ڕووبەڕووی (تەنیایی کوشندە) دەکاتەوە، ئەمەش خراپترین جۆری تەنیاییە.

تەنیایی کوشندە دەبێتە بکوژی مرۆڤ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نەک ڕاستەوخۆ، کردەکە لەڕێگای دوورخستنەوەی (تەنیاییە جوانەکان)ـەوە دەبێت، (تەنیایی کوشندە) بکوژی (تەنیاییە جوانەکان)ـە، ئەمەش (مەرگی خود) بەدوای خۆیدا دەهێنێ (مردن لە چەقی ژیاندا). لە قەسیدەکەدا تەنیایی بۆ (عیشق) گەڕاوەتەوە، ئەوی تر درک بە تەنیایی موسافیر دەکات و موسافیریش تەنیایی درک پێکراو بە عیشقەکەیەوە دەبەستێتەوە، دواتر عیشق دەبێتە سەنتەری دیالۆگی نێوان خود و ئەوی تر.

**«سەفەر من بەرەو کوێ ڕاپێچ دەکا؟**
**لەکوێ ئاسەواری شوێن پێ بە ناتەواوی دەمێنێتەوە و**
**بە پەنجە نەرمەکانی حەسانەوە،**
**قەیتانی پێڵاوەکە دەکرێتەوە؟**
**مەنزڵ وا لە کوێ و ڕاخستنی فەرشێک و**
**بە ئاسوودەییەوە دانیشتن و**
**گوێگرتن لە دەنگی**
**شووشتنی قاپی ژێر بەلووعەیەکی نزیک؟»**

سەفەر موسافیری بەرەو ئەو شوێنە راپێچ کردووە کە تێیدا موسافیر دەپرسێ:

سەفەر من بەرەو کوێ راپێچ دەکات؟، وەک ئەوەی موسافیر نەزانێت ئەو شوێنەی بۆی چووە کوێیە، سەرەرای بوونی ئاشکرای لەو شوێنەدا، یان دەکرێ مەبەستی سەفەری دوای ئەو سەفەرە بێت، (سەفەری نادیار).

مرۆڤ کە دەچێتە سەفەر، دەبێتە موسافیر، وەلێ کە لە سەفەرێکەوە دەچێتە سەفەرێکی تر (بە ناچاری سەفەرکردن)، ئەو کاتە دەبێتە چی؟، لە موسافیرەوە دەبێتە چی؟، لە (موسافیری سەفەری یەکەم)ەوە دەبێتە (موسافیری سەفەری دووەم)، وەلێ ئەو کاتەی دەگەرێتەوە ئەو شوێنەی سەرەتا سەفەری بۆ کردبوو، چیتر (موسافیری سەفەری یەکەم) نییە و (موسافیری سەفەری سێیەم)ە، با شوێنیش بریتی بێت لە خاڵی سەرەتا و دەستپێکی سەفەر.

لەو پارچە شیعرەی سەرەوەدا، هەست بە ئازارەکانی موسافیر و خەمەکانی سەفەر دەکەین، ئەوەتا موسافیر سەرەرای وجوودی لای خانەخوێ، هێشتا هەر هەست بە نامۆبوون دەکات و خۆزگە دەخوازێ، خۆزگەی راخستنی فەرشێک و دانیشتنێکی ئاسوودانە و گوێگرتنی خۆشی هێنەر دەخوازێ.

خۆزگەکانی موسافیر لە قەسیدەکەدا زۆر سادەن، وەلێ هاتنە ئارایان مەحاڵە، چونکە بەستراونەتەوە بە مەحاڵێکی ئەبەدییەوە کە بریتییە لە (گەرانەوە بۆ نیشتمان).

هەمیشە موسافیر خۆزگەیەکی بەدی نەهاتوو لە دڵیدا هەیە، خۆشی نازانێ چییە، تا لەو خۆزگەیە دڵنیادەبێتەوە و لەوە تێدەگات چۆنە و چۆن نییە، هیوایەک بۆ هاتنە دی ئەو خۆزگەیە نامێنێتەوە، بۆیە موسافیر لە سەفەری نەگەرانەوە و مەحاڵدا، هەمیشە کوشتەی دەستی خۆزگەکانە و خۆزگەکانی ئازاری دەدەن، ئازارگەلێک لە ناخیاندا هەست بە خۆشیگەل ناکەین، ئەگینا دەکرێ خودی ئازار سەرچاوەی خۆشی بێت. لای (نیتشە) ئازار مرۆڤ بەهێز دەکات و ئازار پێویستییە بۆ ژیانی مرۆڤەکان، وەلێ (شۆپنهاوەر) زەرورەتی ئازار رەت دەکاتەوە (٤).

دەشێ بابەتی خۆزگە ببەستینەوە بە داهاتووشەوە، ئەوکات ناوونیشانی بابەت دەبێتە (ئاوات خواستن بۆ داهاتوو)، ئەمەش جیاکەرەوەیەکی فەلسەفەی (نیتشە)یە.

موسافیر بە ئاواتە لە داهاتوودا بگات، ئەمەش پێوەندی بە ئاوات خواستنەکەی (نیتشە)وە هەیە کە پەیوەستە بە مرۆڤی باڵاوە کە بە ئاواتە لە داهاتوودا زۆرانبازی مانەوە بکات و باشتر بێت لە رەگەزی مرۆیی ئێستا، بە ئەندازەیەک مرۆڤی ئێستا چەند باڵایە بەسەر ئەو گیانەوەرانەی لە مرۆڤ دەچن، بە تایبەتی (مەیموون)، ئەوە مرۆڤی باڵاش ئەوەندە باڵا دەبێت بەسەر ئەو مرۆڤەی ئێستا هەیە.

موسافیر لە قەسیدەکەدا خۆزگەکان ئازاری دەدەن و کۆی خۆزگەکانیش بە خۆزگە باڵاکەوە بەستراونەتەوە، ئەو خۆزگە باڵایەی بە کۆتاییەکانەوە بەستراوەتەوە.

**«سەفەر منی بردە بەردەرگای باخی مناڵی و**
**وەستام...تا**
**دڵم بسرەوێ،**
**دەنگی باڵەفرێم هاتە گوێ**
**کە دەرگاش کرایەوە**
**لەتاو شاڵاوی حەقیقەت**
**کەوتم بە ئەرزا»**

لەو پارچە شیعرەدا مەبەستێکی خودی لە پشت گەمە شیعرییەکەدا بوونی هەیە، شاعیر دەیەوێ لەرێگای ئەو گەمە شیعرییەوە، مەبەستەکەی بگەیەنێ. موسافیر باسی سەفەر دەکات، باسی سەفەرێک دەکات هی ئەو نەبووە و بەو براوە، بۆ دوورکەوتنەوە لەو وەهمەش، پەنا بۆ دەرگای باخی منداڵیی دەبا، وەلێ ئەوەی دەرگا دەکاتەوە و ئەوەشی لەپشت دەرگاکەوە بوونی هەیە، حەقیقەتی سەفەر و گەورەبوونە.

منداڵیمان گەورەیی خۆی لە زەینیدا هەڵگرتووە، ئەوکاتەی منداڵ گەورە دەبێت، وێناکە دەشێوێ، چونکە ئەستەمە (منی منداڵ) بگەمە ئەو (منی گەورە)یەی لە زەینی منداڵیمدا وێنام کردبوو، دەکرێ ئەو (منی گەورە)یە میوانێکی ناوەختە بێت بە نیسبەتی منی منداڵەوە و هەرگیز منی منداڵ چاوەرێی هاتنی وەها منێکی گەورە و زەبەلاح و ناشیرینی نەکردبێت.

ناکرێ قسە لەسەر هەردوو منەکە، (منی منداڵ) و (منی گەورە) وەک دوو کائینی جیاواز بکرێ، بەڵکو قسەکردن لەسەر ئەو منانە و منی تریش لەنێو تاقە بازنەکەی منبووندا خۆی دەبینێتەوە. جیاکردنەوەی تەمەن

و مرۆڤەکان زیانی گەورەی هەیە.

قەت لەگەڵ جیاکردنەوەی مرۆڤەکان نەبوومە لەسەر ئاستی تەمەن و جۆر و ئیش و کار، هەڵبەت بیرمەندمان هەن وەها کارێکیان کردووە، ئەوەتا لای (مارکس) مرۆڤ بە تەنیا بریتییە لە کرێکار و بۆرژوا و ئۆرستۆکراتەکان، (جۆزیف دی مستەر)یش دژایەتی مافەکانی مرۆڤی دەکرد و بە شتێکی ئەبستراکتی دادەنان (٥).

**«ئەی درەختانی زەیتوونی فەلەستین**
**پیت و فەڕی سێبەری خۆتانم وێدەن،**
**بەم موسافیرە تەنیایەی کە لە گەشتی**
**دەوروبەری شاخی "توور"ەوە دێت و**
**لەتاو گەرمای "تەکلیم" خرۆشاوە»**

چەند وشەیەکی تایبەت بەدی دەکەین."توور" مەبەست لەو کێوەیە کە حەزرەتی مووسا لەسەری لەگەڵ خودا دەدوێ. (تەکلیم) بریتییە لە دیالۆگی نێوان مووسا پێغەمبەر (د.خ) و خودا.

شاعیر هانا بۆ درەختەکان دەبات و داوای شتێکیان لێدەکات، وەلێ لەپاڵ داواکارییەکەیدا خۆی بە درەختەکان دەناسێنێ وەک موسافیرێکی تەنیا، ئەو موسافیرە تەنیایەی لەسەرەوەدا باسی تەنیاییەکەیان کرد.

کەواتە لە قەسیدەکەدا هانا بردن بۆ ئەوانی تر، هۆکارێکە بۆ دوورکەوتنەوە لە تەنیایی و یارمەتی ئەوانی تریش ئەو کەرەستەیەیە کە شاعیر لە تەنیاییەکەی ڕزگار دەکات و وای لێدەکات هەست بە تەنیایی نەکات، ئەگەرچی خودی موسافیر لە ڕوحی خۆیدا تەنیایە و خاوەنی ڕوحێکی تەنیایە (تەنیایی لەنێو ڕوحێکی تەنیادا).

**«دەبێ گوزەر کەین.**
**گڤەی با دێ، دەبێ گوزەر کەین.**
**منیش موسافیرم، ئەی بایە هەمیشەییەکان!**
**بمبەن بۆ...»**

دوا جار موسافیر دەگاتە ئەو بڕوایەی دەبێت گوزەر بکات و نەمێنێتەوە، ئەوەشی ئەو قەناعەتەی لا دروست دەکات، گڤەی بایە.

موسافیر دەزانێت با موسافیرێکە ئەبەدییە، بۆیە خۆی دەکاتە دۆستی ئەو بایە و داوای یارمەتی لێدەکات، داوای لێدەکات لەگەڵ خۆی بیبا، موسافیر دەزانێ بای موسافیر چلۆنە، وەلێ هێشتا ئومێدی ماوە تێبپەڕێ، هەر بۆیە دەیەوێ لەگەڵ ئەو موسافیرە سەفەر بکات و بڕوا (سەفەری موسافیر لەگەڵ موسافیرێکی تر).

**(*) لە قەسیدەکەوە وەرگیراوە**

**سەرنج: بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەم لەسەر قەسیدەی (موسافیر)، بۆ وەرگێڕانەکەی (ئازاد بەرزنجی) گەڕاومەتەوە لە کتێبی (عاشق هەمیشە تەنیایە)، لەبەر جوانی وەرگێڕانەکەی، نەمویست خۆم تێکستەکە وەربگێڕمەوە.**

**پەراوێزەکان:**

**(١) عاشق هەمیشە تەنیایە، و: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٦، لاپەڕە: ٥١.**

**(٢) ادبیات و اندیشە، مصطفی رحیمی، نشر: کتاب بەزمان، ص: ١٠٥.**

**(٣) در امدی بر جامعە شناسی ادبیات: لوکاج، ادورنو، گلدمن، گرامشی...، مترجم: محمد جعفر پوینده، نشر چشمە، تهران، ١٣٨٠.**

**(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو...**

**(٥) بگەڕێوە بۆ وتارەکەی (جۆرج تەرابیشی) لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ...**

**سەرچاوەکان:**


**(١) عاشق هەمیشە تەنیایە، و: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٦، لاپەڕە:٥١.**

**(٢) ادبیات و اندیشە، مصطفی رحیمی، نشر: کتاب بەزمان، ص: ١٠٥.**

**(٣) در امدی بر جامعە شناسی ادبیات: لوکاج، ادورنو، گلدمن، گرامشی...، مترجم: محمد جعفر پوینده، نشر چشمە، تهران، ١٣٨٠.**

**(٤) از مصاحبت افتاب: زندگی و شعر سهراب سپهری، کامیار عابدی، تهران، ١٣٧٦.**

**(٥) پیامی درراە، نظری بە شعر و نقاشی سهراب سپهری...**

**(٦) المدخل الی الفلسفة، جون لویس، ترجمە: د. انور عبدالملک....**

**(٧) مشاکل الفلسفة، برتراند رسل، ترجمة: د. عبدالعزیز البسام...**

# پێشەکییەک لەبارەی فێرکاری فەلسەفە بۆ منداڵان و پەروەردەی بیری فەلسەفی

## (هەنگاوێک بەرەو بیر و ئەندێشە)


**عەلی ڕەزا محەمەدنیژاد**
**(شنۆ)**


**سەرەتا:**

زۆرجار لەگەڵ قوتابییان و خوێندکاران لە وانگە باس لەسەر ناسنامە و پێناسەی مرۆڤ دەکرێ، لە ناو باسوخواسەکاندا ڕواڵەتی مرۆڤیش دێتە بەر پرسیار. مرۆڤ هەر کات خۆی لە ئاوێنە دەبینێ و لە خەیاڵ و بیری خۆی و لە ناخیدا پێی خۆشە ڕوخسارێکی جوانتری بایە و بیر دەکاتەوە و دەڵێ: سەد حەیف! خۆزگە! ڕوخسارەکەم ئەوها بایە! لێرەدا زۆرجار سەرنجی فێرخوازان بۆ پرسیارکردن لەو بوارە ڕادەکێشین، گەلێک پرسیار دێنە پێش کە چ دەبوو مرۆڤ بۆ خۆی تووانیبایەی ڕوخساری خۆی هەڵبژاردبایە؟ بۆ مرۆڤ ئەو جۆرە بیر دەکاتەوە؟ دەکرێ بە هۆشترین کەس بێ؟ چۆن دەتوانم هەموو زمانێک بزانم؟ چۆن دەتوانم دەنگ خۆش بم؟ پرسیارگەلێکی دیکە کە فێرخوازان بەیانی دەکەن. ئەو پرسیارانە نیشاندەری جۆرێک بیری فەلسەفییە. لە ڕاستیدا فێرخوازان لێرەدا باسی فەلسەفی دەکەن. فەلسەفە لێرەدا بە مانای بیرمەندییە. بیری خۆیان دەرێژنە دەرێ و بیر و ئەندێشەیان لێک گرێ دەدەن. ئامانجی فێرکردنی فەلسەفەش بە منداڵان هەر ئەوەیە بیر بکەنەوە، چونکە وانەبێژی، گفتوگۆ، باسوخواس و کۆڕ و کۆبوونەوە هەلێکی تایبەت دەڕخسێنن تا ئامادەبووان وێڕای گوێ گرتن، هەستی دروست و بیرمەندانە و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونگەلی ڕابردوو، دەرسی بیر کردنەوە فێربن. لەم وتارەدا دەمانەوێت سەبارەت بە بیری فەلسەفی، واتا فێرکاری فەلسەفە بە منداڵان بدەین.

**پەروەردەی بیری فەلسەفی:**

زەین و بیر، چەمکێکە کە بە درێژایی مێژووی دەروونزانی وەبەرچاو خراوە. دەروونزانی هەر ئەوەندە کە زانستی لێروانینی ڕەفتارە، زانستی توێژینەوەی

پێکهاتەی زەین و بیرمەندیشە. دەروونزانی لە ماوەی پەرەسەندنی گەلێک توێژینەوەی لەسەر لایەنگەلی بیر و ئەندێشە بەخۆوە دیوە. ڕوونکردنەوە و دابەشکاری لەسەر بیر بە شێوەی پەروەردەی جۆن دێویی دەستی پێ کرد. دواتر ژان پیاژێ دەروونزانی سویسرایی گەشەی قۆناغی پێکهاتەی زەین و بیری درکاند. دەروونزانانی گشتاڵت، بیری بینشی و ڕاڤەی گشتی و هەمووانی ناساند.

لەو ناوەدا بیری داهێنەر و ئافراندن لەو ساڵانەی دوایی سەدەی بیست بەو لاوە بە هۆی پێشکەوتنی پیشەسازی کۆمەڵگای جیهانی و گرنگی بواری ئابووری و...تاد کەوتووەتە بەر سەرنج. ئەمڕۆ بیری داهێنەرانە جێ پێی خۆی لە ناو هونەر، ئەدەب و ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا خۆش کردووە. هاوڕێ لەگەڵ بیری داهێنەر ئێستاکە و لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بیری فەلسەفیش خۆی دەنوێنێ کە بە ناوی فێرکاری فەلسەفە بە منداڵان ناوی دەرکردووە.

فەلسەفە بۆ منداڵان، دارێژەیەکی فێرکارییە کە ئەم هەلە دەڕخسێنێ تا منداڵان و مێرمنداڵان (هەرزەکاران) بیری پێچڵپێچی خۆیان دەربڕن. بەو پێیە هەستی بەڵگەخوازی، بیری ڕەخنەگرانە، داهێنان و مرۆدۆستییان بەرز دەبێتەوە.

**مانای فەلسەفە بۆ منداڵان:**

مەبەست لە فەلسەفە بۆ منداڵان ئەوەیە کە ئێمە سەرنجی منداڵان بۆ بیر کردنەوە و تێڕوانین ڕابکێشین تا بتوانن خۆیان، دەوروبەریان، ئامانج و مانای ژیان بزانن و دەوڵەمەندی بکەن. ئێمە ناکرێ مانای ژیانیان بۆ دیاری بکەین و وەک پارووێکی ئامادەکراو دەزاریان باوێین و تەنیا زووتن و قووت دانی بمێنێ، بەڵکو دەبێ کارێک بکەین کە ئەوان بۆ ململانێی ژیان و کۆمەڵگای جیهانی ئامادە بکەین، تا بتوانن لە بەرانبەر ڕاگەیەندنەکانی کۆمەڵایەتی هەوڵ بدەن و بیری خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، سەربەخۆ بیری خۆیان دەربڕن و بڕیار دەرکەن.

دارێژەی فەلسەفە بۆ منداڵان و مێرمنداڵان بە نیشاندانی بێ کۆتایی سنووری زانست و بە بەدی هێنانی ڕوحیەتی لێکۆڵینەوە لە تەواوی بوارەکانی مەعریفی زانستی مرۆڤانە، ئەوان زیندوو دەکاتەوە. ئەو دارێژەیە منداڵان بۆ لای توێژینەوە دەکێشێ و لە منداڵیڕا چارەسەری گرفت و لێکۆڵینەوی زانستییان فێر دەکات.

ئەوان فێر دەبن کە ڕوانگەلی ئەرێنی و سەلمێنراوانە لە زانست چ لاوازییەکی هەیە و ئەوەی لە زانست ڕادەگەیەنرێ لەوانەیە گریمانەیەک زیاتر نییە و بە زوویی لە قەراخ دادەنرێ و ئەوە سەرەتای گفتوگۆی زانست و بیری مرۆڤە.

دارێژەی فەلسەفە بۆ منداڵان و مێرمنداڵان، دارێژەیەکی دەرسی و وانەیی پێش چوون بۆ زانستگایە و یەکەم ئامانج چاکسازی بارودۆخی بیرمەندی لە وانگە و قوتابخانەیە و هێنانە ژوورەوەی توخم و هێمانی ئەندێشە بۆ ناو دەزگای فێرکاری و پەروەردەیە. لە قۆناغی دوایی بارهێنانی شارۆمەندی ماقوول و تێگەیشتوو و خۆ ڕەخنەگرانە و بەرپرسە. ئەو دارێژەیە هەوڵ دەدا هەستی بەڵگەخوازی، داوەری و فام کردن لە سەردەمی منداڵی ڕا فێری مرۆڤ بکات. (ناجی)

فەیلەسووفێکی ئەمریکی بە ناوی ماتیو لیپمەن لە ساڵی ١٩٦٩ فەلسەفە بۆ منداڵانی بەدی هێنا و تا ئێستا زۆر لە وڵاتانی دنیا ئەو دارێژەیان بەکارهێناوە. (٢) لیپمەن (٢٠٠٣) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە قوتابخانەکان ناتوانن بیرمەندی فێری قوتابییان بکەن. لاوازی پسپۆڕی بیر لە خوێندکارانی وی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا (ئەو شوێنەی لێی مامۆستابوو) نیشاندەری ئەو باوەڕە ڕاستەی بوو، هەروەها لیپمەن بڕوای وایە دەکرێ لە وانەی دەرس، قوتابییان لەگەڵ فەلسەفە ئاشنا بکەین، هەرچەندە تەمەنیشیان کەم بێ، بەڵام بەستێنی بیری فەلسەفی گەشە دەکا، بۆ وەدەست هێنانی ئەو ئامانجە پێویست بە مامۆستای پسپۆڕ و کتێب و دەقی باش و شیاو هەیە. بەو هۆیە لیپمن و هاوکارانی بۆ فێرکاری گەڵاڵەی فەلسەفە بۆ منداڵان، چیرۆکی فەلسەفی، هەروەها کتێبگەلی جۆراوجۆریان نووسیوە.

بە بڕوای لیپمەن زەینی ئێمە بۆ ئامادەبوونی بیر لە بوارگەلی دەرسی، پێویستی بە دەرسێکی وەک فەلسەفە هەیە. ئەو هەوڵ دەدا درێژەیەکی دەرسی بخوڵقێنێ تا قوتابییانی هەموو ئاستەکانی خوێندن بتوانن، وانەیەکی وەک توێژینەوەی فەلسەفی ئەزموون بکەن. (محەمەد زادە. ١٣٨٥) لە ڕۆژگاری سوقرات، گفتوگۆ ڕێگایەکی کاریگەر بۆ دۆزینەوەی پرسیارەکانی ژیان بوو و لیپمەنیش هەر ئەو ڕێگایەی سوقراتی بۆ بنیادنانی فەلسەفە لە قوتابخانە هەڵبژارد.

لیپمەن لە تێڕوانی (بیرۆکەی) جۆرێک لە ژیان کە لە نێوان فەلسەفە وەک چوارچێوەیەک لە زانست و بیری

فەلسەفی وەک کردەوەی فەلسەفی جیاوازی دەبینێ و دەنووسێ: ئولگووی کردەوەی فەلسەفی، بزاڤی سوقراتە، کەسێک کە فەلسەفەی نە وەک بەشێک لە زانست بەڵکو ڕەوشت و شێوەی ژیان دەزانی. ئەوەی کە سوقرات بۆ ئێمەی ئولگوو داناوە، زانستی فەلسەفی، یان فەلسەفەی کاربردی نییە، بەڵکو کردەوەی فەلسەفییە، ئەمە ئێمە ناچار دەکا کە بسەلمێنین فەلسەفە کردەوە و ڕەفتارە، شێوەیەک لە ژیانە کە هەر کام لە ئێمە دەتوانین بۆ خۆمان بیکەین بە ئولگوو. (لیپمەن، ١٩٨٨)

بە گشتی ئەمڕۆ جیاوازی لە نێوان فێرکاری بۆ بیرمەندی و فێرکاری لە مەڕ بیرمەندی هەیە. فەلسەفە بۆ منداڵان بڕگەی یەکەم واتا فێرکاری بۆ بیرمەندی دەخاتە ڕوو. فێرکاری بۆ بیرمەندی بەو مانایەیە کە ڕەوتی بیر کردنەوە لە ڕێگای پرسیار و وەڵام و بیرکردنەوە دەتوانێ هەموو شتێ، تەنانەت خودی بیریش لەخۆ بگرێ. (قائدی، ١٣٨٦)

### ئامانجەکانی دارێژەی فەلسەفە بۆ منداڵان:

بە گشتی ئامانجەکانی دارێژەی فێرکاری فەلسەفە بۆ منداڵان بریتین لە:

١- پەروەردەی ڕوحی فەلسەفی: ڕوحی فەلسەفی لە منداڵان و فەیلەسووفاندا یەک نییە. هەندێک لە زانایان منداڵان بە فەیلەسووفێکی چکۆلە دەناسن(١).

٢- بەدی هێنانی هەستی پرسۆکەیی: بۆ پرسۆکەبوونی فەلسەفی لە دەروونزانی گەشەدا، چەند قۆناغ دیاری کراوە. (١) لە دەروونزانی مەعریفی پیاژێ دەسپێکی بیری مەنتیقی لە سەروبەندی ٧ساڵی و بیری زەینی (تەڵبژێری) لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا خۆی دەنوێنێ(٣).

٣- بەدی هاتنی ورەی دەربڕینی هەستی پرسۆکە بوونی بە پرسیارگەلی بنەڕەتی. (١١)

٤- فێرکاری پسپۆرییەکانی ناسین (مەعریفی): پسپۆری بیر کردنەوە، بیر کردنەوە بە شێوە و ئاستی جۆراجۆر.

٥- هاموشۆ لەگەڵ ڕەگەزی ئادەمیزاد و ئاڵوگۆڕی بیر: پێوەندی بیروڕا لەگەڵ تاک و کۆ، سەرنجدان بە بیرۆکەکانی تر.

٦- گەشەی خۆباوەڕی و دەخۆڕابینی(١٢).

٧- بەدیهێنانی ڕوحی توێژەرانە: خوڵقاندنی بیری نوێ، وردبوونەوە لە پێکهاتەکان، تاووتو کردن و بەدواداچوون.

٨- گەیشتن بە ژیانێکی خۆش و سەرکەوتووانە و پسپۆر بوون لە بواری ژیان و چارەسەری گرفتەکاندا.

٩- گەیشتن بە ئاستی باڵا لە خوێندن و فێربووندا.

**سەرچاوەکان:**


**١- اسپیدکار، محبوبه () گام به گام تا اندیشه، ماهنامه علمی تخصصی اطلاعات حکمت و معرفت، شماره ٣، لاپەڕەی ٢٤-٢١.**

**٢- استیلا اکورین تی (١٣٨٦) اموزش چگونه فلسفیدن درامدی بر فلسفه برای کودکان، ترجمه زهرا صفاریان، روزنامه جام جم، شماره ٢٠٤٨.**

**٣- سیف، علی اکبر (١٣٨٨) روانشناسی پرورشی نوین، تهران: نشر دوران**

**٤- قائدی، یحیی (١٣٨٦) امکان اموزش فلسفه به کودکان: چالش بر سرمفهوم فلسفه، فصلنامه مطالعات برنامه درسی، سال دوم، شماره٧. ل ٩٤-٦١.**

**٥- مرعشی سید منصور، رحیمی نسب حجت الله، لسانی مهدی () امکان سنجی اجرای برنامه اموزش فلسفه به کودکان در برنامه درسی دوره ابتدایی، فصلنامه نواوریهای اموزشی، شماره ٢٨، سال هفتم، زمستان ١٣٨٧.**

**٦- محمدزاده، رچا (١٣٨٥) فلسفه و کودک، تهران: بنیاد حکمت اسلامی صدرا.**

**٧- ناجی، سعید (١٩٩٠) مفهوم فلسفه در برنامه فلسفه برای کودکان و نوجوانان، نامه علم و دین امارەهای ٢٥ تا ٢٨ لاپەڕەی ٦٧-٣٧.**

**٨- ناجی، سعید و قاضی زاده، پروانه (١٣٨٦) بررسی نتایج برنامه فلسفه برای کودکان روی مهارت های استدلالی و عملکرد رفتاری کودکان، فصلنامه مطالعات برنامه درسی، سال دوم. شماره ٧، زمستان ٨٦، صص١٥٠ ١٢٣.**

**9- Lipman, M (2003). Thinking in Education, Cambridge university press.**

**10-Lipman, M (1988). "Critical Thinking, What can it Be", Educational Leadership. Vol No, 1**

**ماڵپەڕەکان:**

**١١- محمدزاده، رضا (١٣٩١) اموزش فلسفه به کودکان، ماڵپەڕی**

**//www.pac.org.ir/fa/?c=content&id:http**

**١٢- اشنایی با فلسفه و کودک**


**//www.pac.org.ir/fa/:http**

**?c=content&id=134**

# مێژووی ئاشی ئاوی و ئاشی با

مەلا مستەفا ڕەشیدی زاواکێو
(بۆکان)

کەڵک وەرگرتن لەو کەرەستانەی کە دانەوێڵە و گەنم و دەغڵودان ورد دەکەن، بۆ سەدەکانی زۆر لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کە ئینسان داچاندنی گەنم و دەغڵی زانی و دیاری کرد، کاتێک ژیانی پێکەوە بوونی مرۆڤ دەستی پێکرد و گیاناسی بە ناوبانگی ڕووسی بە نێوی ئێن.ئەی. وایلۆف دەڵێت یەکەمین داچاندنی گەنمی لە دەوری سەدەکانی ٥-٦ پ.ز کە ئەوکات چاخی بەردین لیک و لووس کراو بوو لە باکووری تورکیا نزیک ڕۆژئاوای قەفقاز دەستی پێکرد و دواتر بە وڵاتاندا بڵاوبووەوە و پەرەی ستاند دوای ماوەیەکی زۆر لە ئێران بەهۆی تێکەڵ بوونی دەگەڵ گەنمی کێوی و گەنمی خۆماڵی گەنم داچاندن بەوجوود هات و ئەوە ئەو گەنمەیە کە لەبەر دەستدایە و ئێمە دەیکەین بە نان. لە ساڵی ٦١٢ پ.ز دەسەڵاتداری ئاشوورییەکان تێک ڕووخا، ئیمپراتۆری «ئاشوور» و شاری «سەوا» کە پایتەختی ئەوان بوو، لە نێو بەڵای ئاوردا سووتا و دەسەڵاتدارێکی زۆر بە تواناییتر و پانوبەرینتر هاتە سەرکار. ئەوان کە زنجیرە پاشایانی ئێران بوون و تا قەراغی دەریای سپی ناوەڕاست چوونە پێش و پەرەیان بە دەسەڵاتی خۆیان دا. دروست کردنی ئاشی ئاوی و ئاشی با بۆ ئەودەم دەگەڕێتەوە، حکوومەتی هەخامەنشی و دوای ئەوان ئەشکانیان و دواتر ساسانیان کە حکوومەتییان کردووە و دەسەڵاتیان بووە بۆ دروست کردنی ئەو کەرەستانەی کە هۆی خۆشگوزەرانی خەڵک بووە هەنگاویان ناوە و پێویستی ژیانی کۆمەڵیان ئامادە کردووە و ئاشی ئاویان بۆ وردکردنی گەنم دروست کردووە و جاری وا بووە ئاشی ئاوی و بایان بۆ دەرەوەی وڵات ناردووە، وەک هەندێک لە مێژوونووسان دەڵێن کە ئەبوولوء لوء فیرووزی ئێرانی



**ئاشی ئاوی**

به دەستی سوپاگەلی ئیسلام لە شەڕدا دەستگیر کراوە و بردوویانە بۆ لای حەزرەتی عومەر، ئەویش ئازادی کردووە. هەندێکیش دەڵێن خەڵکی نەهاوەند بووە، لە شەڕی ئێران و ڕۆم ئەسیری ڕۆمیان بووە. دواتر دەست بە دەست وەک دیل و بەندەیەک فرۆشراوە تا دەگاتە دەستی عەرەبێک بە نێوی «موغەییەر بن شەعبە» ئەو کڕی. فیرووز نەققاشی و ئاسنگەری دەزانی، لە مەدینە کاری بۆ خەڵک دەکرد.

ئاغاکەی ڕۆژانە دوو درهەمی لێ وەردەگرت، لەو کاتەدا حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب لە مەدینە خەلیفە بوو. فیرووز چوو لە لای عومەر شکایەتی لە ئاغاکەی کرد گوتی: موغەییەرە زۆرم لێ دەستێنێ. حەزرەتی عومەریش پێی گوت گۆیا تۆ گوتووتە من ئاشی بە با ساز دەکەم. فیرووزیش گوتی: بەڵێ ئەی ئەمیرولمؤمنین. حەزرەتی عومەریش گوتی: کرێی ڕۆژانەی تۆ کە دوو درهەمە بە زۆری نازانم، ئیتر فیرووز ڕووی تێکرد و گوتی ئەگەر بمێنم ئەی عومەر دەبێ ئاشێکت بۆ ساز بکەم کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا باسی بکەن. ئیتر حەزرەتی عومەر هاتەوە ماڵێ و گوتی ئەو ئێرانییە هەڕەشەی لێ کردووم کە بمکوژێ. ئەو جار بۆ سبەینێ ئەو ڕۆژە فیرووز دڕۆشەیەکی دوو سەری هەڵگرت لە نوێژی بەیانیدا هێرشی بۆ عومەر برد و شەهیدی کرد. هەروا میسرییەکان نزیک بە هەزار ساڵ پ. ز لە ئاشی ئاوی بۆ وردکردنی گەنم و جۆ کەڵکیان وەرگرتووە و هێندێک نووسیویانە دوو هەزار ساڵ پێش زایین و ڕۆمییەکانیش لە دەوری ٥٠٠ ساڵ پێش زایین و گەولها «Gaule» ئەورووپا و بەشێک لە خەڵکی فەرەنسەی ئێستا کەڵکیان لە ئاشی ئاوی و بەردی دەستی بە ناوی دەستار وەرگرتووە، دواتر بە بەرداش «هیپر بلۆئید» کە غەڵتەکی پێ دەڵێن، کاریان دەکرد و بەرەبەرە ئاشی ئاوی و ئاشی با پەیدا بوو، بە تایبەت لە ئێراندا و ئەوە نیشان دەدا کە ئێرانییەکان چەندە لە پێشکەوتندا بوون. لەو سەردەمەدا ئیرانییەکان سێ جۆر ئاشی ئاویان بە کار هێناوە.

**یەک:** ئاشی تەنوورە، یان ئاشی نەرەس، ئاشی پەڕە ئەوە لەسەر پایەی ڕاست، بەڵام پەڕەکانی لەسەر وێنەی کەوچک.

**دووەم:** ئاشی گەڕان و هەڵسووڕان کە ڕۆمییەکان بەوەیان دەگوت ئاشی وتیرویان.

**سێیەم:** ئاشێک بوو لەسەر گەڕانی لابەلا دەبوو، دیارە وەستا و سازکراوەی یەک نەفەر بووە بە ناوی میهرداد و تۆمار کراوە و ئاشێکی دیکەش هەبووە کە ئاشی مەلەوانیان پێ دەگوت «شناوەر» کە پەڕی گەورە وەکو بێڵ هەڵسووڕاوە، ئەوە زۆرتر گۆیا لەسەر چۆمەکان و ئاوەکان دەبوو، ئێستاش شوێنەواری لە شووشتەر ماوە و لە زەنگەوێڵ و شاری زەنگەشدا دەبینرێ.

## مێژوو و کەرەستەکانی ئاشی ئاوی

لە ڕابردوودا جەماوەر بۆخۆیان گەنمیان دەکرد بە ئارد و ئاردیان دەکرد بە نان کە بەوەیان دەگوت باراش، یان زمهەڕ، چونکە هەمووی هەر هی خۆی بوو، گەنم و ئارد و نان و کابان دەست و دڵیشی زۆرتر بوو. گەنم دەبرا بۆ ئەو جێگایانەی ئاشی ئاویان لێ بوو، لە ناوچەی موکریاندا وەکو دۆڵی سەردەرئاباد، ئاجی کەند، خۆراسانە.

## ئاشی ئاوی ئاوا ساز دەکرا


کانییەک، یان چۆم، یان جۆگەیەک هەبوو ئاوی زۆر بوو دەهاتن جێگایەکیان بۆ دیوار دەکرد ئاوەکەی تێدا ڕادەوەستا هەر بە بەرد و قوڕ بەوەیان دەگوت: گۆل، یان ئەستێر(حەوز). لە بڵندیدا شوێنێکیان بۆ دەکێشا بەوەشیان دەگوت جۆگە، ئێستا پێی دەڵێن کاناڵ لە جۆگەوە جێگایەکیان بۆ ساز دەکرد تا ئاوەکە سەرەوخوار بێ، پێیان دەگوت هەڵدێر لەوێوە دەرەکەیان قایم دەکرد پۆنگاوی دەخواردەوە، بەوەشیان دەگوت بنەوانی ئاشی.

دواتر له نزیک ئاشەکە چەند بەردی گەورەیان دادەنا تا ئاوەکە بە سەریدا قەڵپەزەی بکا، ئەوەش حەواڵەی ئاشی. لە پەنا ئەو حەواڵەیەدا دارێکی گەورە و درێژیان هەڵدەقەند و کون دەکرد تا ئاوەکەی بە توندی پێدا بڕواتە خوارێ و لەوێ لە پەرەکانی بدا بەوەش دەڵێن دۆڵی ئاشی، ئەو دۆڵە و ئەو ئاوە بۆ هەڵسووڕانی ئاشەکە شوێنی زۆر دادەنێ. لە دوایین بەشی دۆڵەکەدا دوو تەختەی پێوە قایم دەکەن تا ئاوەکە کۆ کاتەوە و توانایی زیاتر بێ، بەوەش دەگوترێ شەبەکەی ئاشی، ئەو جێگایەش کە بە توندی ئاوەکەی لێ دەدرێ نێوی تۆپی ئاشییە، دەوروبەری ئەو تۆپە کون کونە، داری ڕاست، یان پەرەی بۆ ساز دەکەن لەو تۆپەی دەدەن، پێی دەڵێن پەرەی ئاشی کە ئاوەکە بە توندی لەو پەڕانە دەدا و تۆپەکە هەڵدەسووڕێنێ، ئیتر ئاشەکە وەکار دەکەوێ. ئەو تۆپە کە دارێکی ئەستوورە و قەراغەکەی ئەو پەڕانەی تێدایە و ناوەڕاستەکەی کونە و ئەو کونە ئاسن، یان میلی تێدایە، بەوەش دەڵێن بەستەی ئاشی.

**ڕوونکردنەوەیەک بۆ کەرەستەکانی ئاشی ئاوی:** حەواڵە، یان سەرەنیا، بەر دیوارێکی بەردچنە، دۆڵەکەی پێوە هەڵدەبەستن.

**دۆڵ:** دۆڵی ئاشی دارێکی ڕاست و درێژ و ساف بوو، دیوێکیان هەڵدەکۆڵی و کلۆریان دەکرد وەکو تابووت، پاشان بە بزمار و تەختەی ساف و ڕێک دیوە کلۆرەکەیان تەختەبەند دەکرد، بۆ ئەوەی ئاو بە دۆڵەکەدا بە جوانی بڕواتە خوارێ، سەرێکی دۆڵەکەیان هەڵدەدڕی و دەیانکردە لای سەرەوەی حەواڵەکە بۆ ئەوەی ئاو بە جوانی لە سەرەنیاکەوە بێتە ناوی، لای خوارەوەی دۆڵەکە هەروەک خۆی دەماوە بەرێکی دەما بە ئەسکنە«برغوو» هڵۆڵیان دەکرد کونێکیان تێدەکرد بۆ جێ زەنبوورە دەیانبردە نێو دۆزەقەوە.

**زەمبوورە:** لوولەدارێکی وەک قۆڵە کوورە دوو بست درێژ دەبوو ئانیشێک ئەستوور بێ سەرێکیان لە نێو کونی دۆڵەکە دەترینجاند و بە هۆرە و پواز توندیان دەکرد تا ئاو نەدا بەولاولا یەک جێ بە تۆپ و تەکان لە کونی زەمبوورەکەوە ئاو بێتە دەرێ و لە پەرەی تۆپەکەی بدا و هەڵی سووڕێنێ، ئاشێک دەبوو بەرینایی بەرداشەکەی، بێجگە لە کونەکەی کە گەرووی پێ دەڵێن، دەبوو حەوت بست بووبایە لەگەڵ کونی بەرداشەکە کە «گیر، یان



**بەرداشی ئاشی ئاوی**

گەروو»یان پێ دەگوت، ئەویش نزیکەی بۆخۆی بستێک دەبوو. تێکرا دەبوو بە حەوت بست و قولانجێک، چونکە لە کونەکەوە هەر لایەی (سێ بست و نیو) بە هەردووک دەبوو بەحەوت بست، بێجگە لە گەرووەکەی. دیارە ئاشی ئاوی چونکە بەرداشەکەی قورس بوو، ئاوی زۆر نەبوایە کاری پێ نەدەکرد.

**چەقەنە:** دارێکی دوو بست و نیو بوو سەرێکی بەقەت لەپە دەستێک پان دەکەوتە سەر بەرداشەکە بە گەڕانی بەرداشەکە ئەویش هەڵدەبەزییەوە و پولوسکی دانەکە کە لە بانێژەوە دەهاتە خوارێ بۆ ناو گەرووی بەرداشەکە، ئەوە کارێکی وای دەکرد دانی ئاشەکە بە ئارامی و ڕێکوپێکی بێتە خوارێ.

**تەوەرە:** ئاسنێکی نزیک بە دوو بست درێژ کەمێک پان و هەندێک قیللەتدار و ئەستوور سەرەکانیان پان دەکردەوە وەک دەمەتەور هەڵیان دەخست، ناوەڕاستەکەی باریکتر بوو، کونێکی درێژاودرێژیان تێدەکرد بۆ جێ بستە لەو بەرەوبەری کونی بەرداشەکە بە قەد دەمەتەشۆیەکیان، یان تەور نە قوولتر و نە پتر، بەرداشەکەیان دادەبڕی و بۆیان دەکرد بە قەبر و دەمی تەوەرەکەیان تێدەخست بە جۆرێک کونی تەوەرەکە بکەوتبایە ناوەڕاستی کونی بەرداشەکە، بستە ئاسنێکی چوار پاڵوویە کە بە قەد دەسکە پێمەرەیەک ئەستوور و گەز و نیوێک درێژ بوو لە تۆپە ئاشەکەیان هەڵدەکێشا، سەری خوارەوەی نووکێکی باریکی هەبوو، دەچووە سەر بەردێکی بڕێک قوولی زۆر ڕەق نەسوێن بە ناوی مووررووە سەنگ و سەری سەرەوەش دەچووە ناو کونی تەوەرەکەوە. کاتێ ئاو بە توندی لە زەمبوورەوە دەهاتە



بەرداش و بانیژە

دەرێ و توند لە پەڕەی تۆپەکەی دەدا، تۆپەکە هەڵدەسووڕا و بەرداشەکەی وەگەڕ دەخست و دەیخولاندەوە.


**پەڕە:** چەند تەختەدارێک بوون ڕاست وەک داری خەدەنگ سەرێکیان باریک دەکرد و بە مەوداگەلی هەموو بە قەد یەک، دەوراندەوری تۆپەکەیان بە ئەسکەنە «برغوو» کون دەکرد و سەرە باریکەکەی تەختەکانیان تێ دەچەقاندن بۆ ئەوەی ئاوی دۆڵەکە بە توندی لە زەمبورەکە بێتە دەرێ لە پەڕەکانیدا و تۆپەکە بخولێنێتەوە و بەرداشەکە هەڵسووڕێنێ.

**تۆپ:** کۆلکەدارێکی ئەستووری حەفتا، هەشتا سانتی مەتر درێژ بوو، لە باری درێژییەکەی کونێکی چوار پاڵووی دیواردەریان تێدەکرد و بستەکەیان تێ هەڵدەکێشا.

**دۆزەقەی ئاشی:** جێگایەک بوو لە ژێر ئاشەکەوە تاریک بوو وەک بەرد دروستیان دەکرد سەری خوارەوەی دۆڵەکە دەچووە نێوی و مووروو سەنگ و بستە و تۆپەکەش لە بەریەوە دادەمەزران، وەختێ ئاو بە پاڵە پەستۆیەکی زۆرەوە لە زەمبوورە دەهاتە دەرێ و لە پەڕەی تۆپەکەی دەدا، تۆپەکە بە توندی هەڵدەسووڕا و ئاوەکە وەک تۆزی لێدەهات و لە دەرگای دۆزەقەوە دەهاتە دەرێ، دیارە دۆزەقە تاریک و تنوک بوو وەک جەهەنەم وابوو.

**مووورووی سەنگ:** بەردێکی تایبەتی، یان بەردەسپییەکی زۆر جوان، یان بەردە شینەیەکی زۆر جوان بوو، تەختەکەی زۆر ڕەق و نەسوێن بوو، لایەکی بەری چاڵ بوو لەسەر تەختەدارێکی بەری پانی یەک مەتر درێژتر دایان دەبەست و سەری خوارەوەی بستەکەیان دەخستە ناوچاڵی بەردەکەوە کاتی کارکردنی ئاشەکە، بستەکە لەسەری دەخولایەوە. ئەو بستەیە دوو سەری هەیە یەکیان لە بەردی بەرداشی بنەوەیە، دەچێتە دەرێ. سەرەکەی دیکەشی بەردێکی بۆ دادەنێن کە پێی دەڵێن مووورووی بەردی ئاشی کە لەودا دەمێنێ. مووورووی ئاشی بەردێکی تایبەتییە کە ئێستا وەگیرکەوێ زۆر نایاب و بەقیمەتە و لەبن بەرداشی هەوەڵ هەڵدەسووڕێ، دیارە ئێمە بۆ گەنم بە ئارد کردن و لە ئاشی ئاوێدا دوو بەرداشمان هەیە، یەکیان لە بنەوەیە ئەوەی دیکە لە سەرەوە بەوەی بنەوە دەڵێن بن بەرد و بەوەی سەرەوەشی دەڵێن سەربەرد و ئەو بەردەی سەرێ پێی دەگوترێ بەرداش و ئەو بەرداشەیە گەنم دەکا بە ئارد و لەبن ئەو بەرداشەی بنەوە جێگایەکی خاڵی لێ هەیە ئاوی پێدا دەڕواتە دەرێ. دوای ئەوەی کە گەنم دەبوو بە ئارد حاجەتێک کە ئاردی تێدەکرا پێیان دەگوت: جەواڵ، تێڕ، لینگە، هۆڕ.

جەواڵ لە مووی بزنەموو دەیبڕنەوە و دەیڕێسن، تەونکەر دەیتەنێ و دەیکەن بە جەواڵ، تێڕ، لینگە و هۆڕ. کاتێک دێهاتی دوور و نزیک دەهاتن بۆ ئاش، دەبوو نۆبە بگرن، بەوەیان دەگوت نۆبەئاش، کە نۆبەیان دەهات دەچوون گەنمەکەیان دەبرد بەوەیان دەگوت وەسەرکردن و ئەو جێگایەی گەنمەکەیان لێ هەڵدەڕشت بەو جێگایەیان دەگوت بانێژە، لەبن بانێژەوە پلوسکێکیان وێدەخست گەنمەکەی پێدا دەهاتە خوارێ بۆ سەر گەرووی بەرداشەکە، بەو پلوسکەیان دەگوت کەویژە، ئەو کەویژەیە بە بەنێکەوە هەڵدەواسرا و بنە دارێکیان تێ دەخست بۆ سەر بەرداشەکە، دەچوو بە گەڕانی بەرداشەکە دارەکە دەلەرزییەوە بە لەرزانەوەکەی دارەکە، پلوسکەکە یان کەویژەکە دەلەرزییەوە و گەنمەکە وردە وردە دەهاتە خوارێ بۆ ناو گەرووی ئاشەکەوە، بەو دارەیان دەگوت چەقەنەی ئاشی. هەندێکیان بەری بەرداشەکە هەڵدەقەند، بەوەشیان دەگوت قووڵکی ئاشی. ئەوەندە گەنم دەبوو بە ئارد دەهاتە ئەو قووڵکەوە، ئەوەی ئاردیان پێ لە جەواڵ دەکرد، بێڵی ئاشیان پێدەگوت، کورت و دەسک قووڵ بوو، پێستە بەرخێکیان پەیدا دەکرد ئەو قوڵکە و جێگا ئاردەکەیان پێ دەماڵییەوە، بەوەشیان دەگوت کەوڵی ئاشی. ئەوەی خاوەن ئاش وەری دەگرت لە لێ کردنی



**بەرداش، موورروو، دۆزەقە، چەقەنە، تەوەرە، زەنبوورە بانیژە، گەروو، تۆپ و پەڕەی ئاشی ئاوی**

گەنم، جۆ، بروێش، هەرزن، بەوەیان دەگوت مزەی ئاشی، یان ئاوان.

ئەو کەسەی بەسەر ئاشی ڕادەگا پێی دەڵێن ئاشەوان و ئەو کەسەی دەچێ گەنم بکا بە ئارد پێی دەڵێن ئاشێر، بەو گەنمەش دەگوترێ باراش و ئەو گوێدرێژەی باریان لێ دەنا پێیان دەگوت کەری ئاشی. هەر بۆیەش لە قەدیمەوە زۆرکەس کەری ئاشی و مریشکی ئاشەوانیان نەدەکڕی، چونکە وا فێر دەبوون نە گێر دەبوون، نە بە دەردی دەخوارد، ئەوە کە قەدیمی گوتوویانە نە ماینی دەروێشان نە کەری ئاشی و نە مریشکی ئاشەوانی، نە کوێرەدێ و نە کوێرەڕێ، پایتەخت و شەقامەڕێ. ئاشەوان هەرکات ئاشێری لێ نەدەبوو، دەیگوت: ئاشی بڕانە و هەرای دەکرد ئاش دۆڵە.

زیاد و کەمی وردی و درشتی ئارد بەوە بوو دارێکی ئەستوور لە شانی ڕاستی بەرداشدا لە عەرزدا داکوترابوو، سەرێکی ئەو دارە دەچووە سەر بەرداشی بنەوە، کاتێک بە کوتک لەو دارە ئەستوورەیان دەدا، ئەویش بەرداشی بن بەردی توند دەکرد و قایم دەبوو، ئاش ئارام دەگەڕا و ئارد ورد دەبوو دەنا بەرداشی بنەوە شل بایە، وەپەلە دەکەوت، ئارد درشت دەبوو، بەو دارە ئەستوورەیان دەگوت پێیە. کاتێک گەنم دەکرا بە ئارد، ئارد لە جەواڵ دەکرا جەواڵیش، یان جودا جودا دەدوورا و لە وڵاغیان دەنا بەوەیان دەگوت وشتربار، یان دوو تایان پێکەوە دەدروو وەسەر گوێدرێژیان دەخست، بەوەشیان دەگوت: کەربار، یان بارەکەر. ئاردیان دێناوە لە ماڵێ لە حاجەتێکیان دەکرد پێیان دەگوت کەندوو.

کەندوو ئاوا ساز دەکرا: قوڕێکی سووری تایبەتی بوو کە دەچوون لەوێ دایان دەبێژت، دەیانهێنا لە ماڵێ دەبوو مووی دەگەڵ خەن، زۆر جوان بیشێلن، دواتر وەستا کار بێت چین چین ڕۆژانە دایبنێ، بە چەند ڕۆژ تەواو دەبێ، دواتر ئەگەر وشک بووە سەرەکەی بە داری چکۆلە دەگرن لەسەر سەرەوە زارکێکی بۆ دروست دەکەن کە جەواڵی تێوە بچێ بەوە دەڵێن زاری کەندوو، کە ئاردەکەی تێدا هەڵدەڕێژن و لە بنەوەی کەندووەکە کونێکی بۆ دروست دەکەن کە دەستی کابانی تێوە بچێ ئاردی لێ دەرێنن، بەوەش دەڵێن زارکی کەندوو، ئاردیان لەو کەندووە دەکرد نە تەڕ دەبوو، نە مشک دەیخوارد، نە ئەسپێی لێ دەدا و نە خەسار و خراپیش دەبوو، کە ئەوکات ئەوانە هەموو زۆر بوون. دیارە ئەو کەندووە گەورە و چکۆلەیان هەبوو، بە پێی ماڵی خێزاندار و کەم خێزان بوو، یان میواندار و کەم میوان، گەورە و چکۆلەیان دروست دەکرد. ئەو جێگایانەی کە ئاشی ئاویان زۆر لێ بوو و لە کوردستانی ئێران لە ناوچەی ورمێ، دەشتەبێڵ، دزەی مەرگەوەڕ، لە ناوچەی شنۆ و پیرانشار، لاجان، نەڵێن، پیران؛ لە موکریان دۆڵی ئاجی کەند و خوراسانە؛ لە ناوچەی بانە دۆڵی نجنە و نەمەشیر؛ لە ناوچەی سەقز دۆڵی سەرشێو و میرەدێ. بە کورتی زۆربەی جێگا ئاوییەکانی ئێران ئاشی ئاویان لێ بوو، ئەوە بوو مێژووی گەنم تا دەبێتە نان.

مێژوو و جێگای ئەو کەرەستانەی بۆ ئارد لەو دوایەدا هاتنە گۆڕێ و جێگای ئاشی ئاوی و بای گرتەوە. بەرەو پێش چوون و سازکردنی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژی ئاشی ئاور، یان غەڵتەکی لە ساڵی ۱۸۰۰ زایینی دەستی



**خانووی ئاشی ئاوی**



**ئاش و ئاشەوان**

پێکردووە. به کورتی ئەوەیە:

لە ساڵی ١٨١٥ جۆرف ئەنتۆن ئاشەوانێک بوو کە لە ساڵی ١٨١٥ لە وەرشەو پایتەختی لەهستان (پۆلۆنیا) ئاشەوانێکی ناساند کە دەیتوانی بە جێگای ئاشی بەرداش دەنکەگەنم بە هۆی غەڵتەکێک کە بەرەو ئاوەژووری یەکتر هەڵدەسووڕێنێ بکاتە ئارد و لە ساڵی ١٨٢١ لەو ساڵە دەنکە گەنم بە هۆی غەڵتەکی ئاشی لێکدراو- و- وارید بوو ئەو چەشنە غەڵتەکە دواتر بە هۆی کەسێکەوە بەناوی پولینگێر لە شاری ڤیەننا و کەسێک بەناوی کۆلێر لە شاری پاریس بەرەو پێشکەوتن ڕۆیی و لە ساڵی ١٨٣١ زایین دوو کەس بەناوی فیرێن موت و بۆهان کتراد کارخانەیەکی پێنج قاتی غەڵتەکی گەورەیان دروست کرد. ئەسڵەکەی هەر ئەوەش کە بە هۆی جۆرف ئەنتۆن ناساندرابوو، لە ساڵی ١٨٣٦ زایینی دروست کردنی غەڵتەکی لە نزیک شاری ماینسی ئەڵمانیا کە بە هێزی هەڵم و ئاو و ئاگر کاری دەکرد، ئەو ئاشە بە کەرستەی جۆێ کەرەوە «لێک هەڵاواردن» تەیار بوو. هەر وا لە ساڵی ١٨٥٠ زایینی ئەبراهام ئەمبراخ خەڵکی زوریخ یەکەمین غەڵتەکی چەندنی دروست کرد کە شەیار«دەندە»ی هەبوو، . لە ساڵی ١٨٧٨ دروست کردنی یەکەمین غەڵتەکی ئەڵمانی لە بریتانیا و لە ساڵی ١٨٧٩ دروست کردنی یەکەمین غەڵتەکی ئاشی لە ئەمریکا و لە ساڵی ١٨٨٧ زایینی دروست کردنی یەکەمین غەڵتەکی چوار دانەیی کە بناغەی غەڵتەک و ئاشی ئەمڕۆیی پێک دێنن. لە ساڵی ١٩٩٠ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە پیشەسازی و زانیاری ڕۆژ پێکهات و سەنگ و بەرداش و ئاشی ئەمڕۆیی بە دەست هات کە ئەمڕۆ مرۆڤ لە بەری حەساوەتەوە. بەمەش بەرەبەرە مێژووی ئاشی ئاردی ئاگری ئەمڕۆیی پەیدا بوو.

## مێژووی ئاشی با و جێگای پەیدا بوونی

ئاشی با لەو کەرەستانە بووە کە گەنم و گەنمەشامی و جۆی پێ لێکراوە. ئاشی با بەر لە هەر جێگایەک لە هۆڵەندا دروست کراوە، چونکە هۆڵەندا وڵاتێکی دەشت و ڕێکوپێکە و جاروبار بە هۆڵەندا دەڵێن (وڵاتی با) یان سەرزەمینی ئاشی با، لە دەوری ١٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر دروست کراوە و لە ساڵەکانی سەدەی ٧ هاتۆتە ئێرانەوە، وێنەی ئاشی با ئاوا بووە، لە پێشدا پەڕەکانی ڕاست بوون و شەش تا دوازدە پەڕی هەبووە و ئەو پەڕانە بە پارچە، یان بە پووشی خورما داپۆشراوە لە سەرەتاوە ئاشی با بۆ لێکردنی دانەوێڵە بووە، دواتر خەڵکی هۆڵەندا پێشکەوتنیان پێدا و هێنایان تیغەیان بۆ دروست کرد وەک پەروانە وا بوو چاکتر هەڵدەسووڕاو دەبوو واشی دانێن کە بەرەوبا هەڵکەوێ، چونکە هۆڵەندا زەمینی دەشت و وشکانی زۆرە. ئێستاش ڕۆژانی جەژنی گەڕان و گەشت بە ڕۆژانی ئاشی بای هۆڵەندا ناو دەبرێ. ئاشی با، چونکە توندی با کەم دەکاتەوە دەتوانێ با لە ڕووی تیغەکانی لە باڵەکانی بدا و وەگەڕیان خا وەک با کە لە باڵی فڕۆکە دەدا. ئەوە بوو مێژووی کورتی ئاشی با لە ئێران و دەرەوەدا.



**ئاشی بادی**

# تەکنیکەکانی نووسینی ڕۆمانی پۆلیسی


لە فارسییەوە: سیما چۆمانی

ڕۆمـانی پۆلیـسی ڕەنگە چیـرۆکێکی درێژ، یان کـورت بێت. بەهەر حـاڵ، کــاتێک ڕۆمــانێکی پۆلیــسی بە دروستی دەخوێندرێتەوە کە ئەم خاڵانە لە خۆ بگرێت:

- تاوانێـک قـەومـابێ، ئەم تاوانە لە لایەن کـەسێک، یان چەند کـەسێک ڕووی دابێت و لە کۆتاییدا تاوانەکە لەلایەن پشکنەری پسپۆڕ، یان ئەماتۆر ئاشکرا بکرێت.

لە هەندێک لە بەرهەمـە کـلاسـیکییـەکـانی نموونەی ئەدیپ شەهریار، یان بەشێک لە کتێبی ئەنئید ڤێرجیل لەو شوێنەی کە چیرۆکی کاکوس و هێرکول دەگێڕدرێتەوە، کەموزۆر کۆمەڵێک لە ڕەگەزەکانی ڕۆمانی پۆلیسیمان بۆ ڕوون دەبێـتـەوە. ئەو کـاتەی دانیـال سـوزانا لە دەسـتی شێخەکانی خێڵەکەی ڕزگار دەکات و کۆنە پەرستگای بەعل دەدۆزێتـەوە و بە مـانایەکی تر دەوری پشکنەرێک دەبینێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم چیرۆکانە لە چوارچێوەی پێناسـەی ڕۆمـانی پۆلیسـیدا ناگونجێن، هەروەها گشت ئەو چیـرۆکـە نوێیـانەی پێـوەندییـەکی زۆر نزیکیـان بە ڕۆمـانی پۆلیسـییەوە هەیە: یەکەمین جۆری ئەم کۆمەڵە، هەمـان پاڵەوانە تاوانبـارەکـەیە کـە دیارترین نموونەی لە ئـارسین لوپین و مــــوریس لبــــلان و ڕافــــێلز هورنـانـگ دەدۆزینەوە و دوایین ئەگەریش شێـوازێکە کە تێیدا نە لە ڕووداوی تاواندا گومـان هەیە و نە لە سـەلماندنی و نە لە نموونەکانی تری هاو شێوەیدا. بەڵێ لە کاتێکدا ئەم جۆرە چیــــرۆکـــانە لە دەرەوەی بازنـەی ڕۆمـــانی پۆلیـــسی ڕاسـتـەقـینەدان، بەشێک لە چیـرۆکـەکـان، بۆ نموونە ئەم چیـرۆکـە ترسناکـانەی کـە تێـیـدا تـاوانی کـوشتن ڕووی نەداوە، یان چیرۆکی سیخوڕی و ئاژاوەگێڕی و چیرۆکی ڕوحی مردووەکان، ئەمانە هیچیان چیرۆکی پۆلیسی نین.

مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمانی پۆلیسی زۆر کۆن نییە و پێـوەندی بە ئیـدگـار ئالان پۆوە هەیە. شـوێنی ڕووداوی چیرۆک نهێنی ماری ڕوژە لە پاریس، بەڵام لە بنەڕەتدا پۆ



**ئیدگار ئالان پۆ**

باس لە کوشتنی مێری سیسیلیا دەکات کە لە هەمان کاتدا لە نیویۆرکدا ڕووی دا بوو. ئیدگار ئالان پۆ ڕێگەی ئاشکرا کردنی تاوان لەم چیرۆکەدا دەخاتەڕوو و دواتر هەر ئەم ڕێگەیە بۆ دۆزینەوەی تاوانباری ڕاستەقینە بە سەرکەوتوویی بەکاردەهێنرێت. هەرچەندە یەکەمین کورتە چیرۆکی پۆلیسی لە ئەمریکا سەری هەڵداوە، بەڵام بنەمای یەکەمین چیرۆکی درێژی پۆلیسی، بۆ فەڕەنسا دەگەڕێتەوە. لە ساڵی ١٨٦٦ ئەمیل گابور ڕووداوی لوروژی نووسی و بەم چیرۆکە و چیرۆکەکانی تری گابور یۆ گەشەی بە ڕۆمانی پۆلیسی دا. هەر لەم کاتەدابوو کە کتێبی مانگی بەردین لە نووسینی ویلکی کۆلینز لە بەریتانیا بڵاو بووەوە و کۆلینز بە داهێنانی سەردەستەی کاف و ئارەزووی زۆری کە بۆ گوڵی سوور هەیبوو، سەرەداوێکی درێژی لە پشکنەرانی نامۆی بەریتانی خستنە ناو دنیای ڕۆمانی پۆلیسییەوە. یەکەمین شانسی گەورەی داهێنانی ڕۆمانی پۆلیسی بۆ ساڵی ١٨٩١ دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵێک لە چیرۆکەکانی شیرلۆک هۆڵمز لە گۆڤاری ستراند بڵاو کرایەوە و لە کۆتاییدا نووسەرەکەی " کونان دویل" هەموو ئەوانەی لە کتێبێکدا بە ناوی ڕووداوەکانی شیرلۆک هۆڵمز بڵاو کردەوە، بێجگە لە چیرۆکەکانی شیرلۆک هۆڵمز کە زۆرینەی تاوان، تاوانی دزی کردنە (زۆربەی دزینی زێڕ و وێنەی گرنگ و پڕ لە ئاژاوە)، یان گێژ کردنی ئەسپەکانی کێبڕکێ، هەندێک جاریش هیچ تاوانێکی تێدا ڕوونادات، بە گشتی لە سەرجەم ڕۆمانەکانی پۆلیسی تەنیا یەک جۆر تاوان دەبینرێت کە ئەویش تاوانی کوشتنە، بێ گومان دەبێت هۆکارەکە لەو ڕاستییەدا بدۆزرێتەوە کە ڕۆمانەکانی پۆلیسی ئەمڕۆ لەگەڵ چیرۆکەکانی ئەخلاقی، یەک دەگرێتەوە. لەم جۆرە چیرۆکانەدا باس لە ئاژاوە دەکرێت، بەڵام کۆتاییەکەی خێر دەبێت کە دەبێت سەرکەوێت و بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێی خوێنەر بە لووتکە بگات، چ شتێک لە ژیانی مرۆڤێک پڕ جۆش و گرنگترە کە یاری پێ بکرێت، هەر بۆیە، بێجگە لە تاوانی کوشتن باس لە هیچ بابەتێکی تر ناکرێت.

کوشتن بە بەردەوامی ئاڵۆز و دژوار نابێت، تاوانی کوشتنێکی سادە کە پشکنینێکی درێژ و پڕ لە دەردەسەری بە دواوەیە. کۆمەڵێک لە نووسەران کە لە بابەتی دووبارە بێزار دەبن، بە بەهرەیەکی داهێنەرانەوە شێوازێکی تازەتر دەدۆزنەوە: بۆ نموونە لە چیرۆکی نۆ بەرگدروو کە لە نووسینی دۆور وتی سایرزە، تاوان لە لایەن زەنگی کەنیسەوە ئەنجام دراوە. یەکێک لە پەیماننامەکانی ڕۆمانی پۆلیسی کە لەلایەن خوێنەرەوە پشتی پێ دەبەسترێت، سنوورێکە کە دەبێت بۆ داهێنانەکانی نووسەر دانی پێدابنرێت. بابەتی سەرەکی پەسند کردنی چیرۆکە، ئەگەر ژەهرێک بەکار دێت، دەبێت ژەهرێک بێت کە زانستی پزیشکی لێی بە ئاگا بێت، ئەو لێدانانەی کە بەر کوژراو دەکەوێت، دەبێت بەڕاستی لێی درابێت. چەکی ئاڵۆز و نەناسراو و داهێنانی نوێی زانستی، بێجگە لەوەی کە لۆژیکیانە بوونیان بسەلمێنرێت، نابێت بەکار بهێنرێت. ڕووداوی دروستکراو دەبێت ڕواڵەتێکی سەلمێنراوی هەبێت. ئەزموونەکانی پۆلیس لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەوەی دەرخستووە کە بە دەگمەن تاوانێکی کوشتن ڕوو دەدات کە زیاتر لە یەک کەسی تێدا بەشدار بێت. هەوڵدانی پۆلیس زۆربەی جار بە دوای دۆزینەوەی بەڵگەیەکی یاساییەوەیە کە لە کۆتاییدا بە چارەسەر کردنی تاوان و دۆزینەوەی تاوانبار کۆتایی پێ دێت. دوابەدوای بەدواداچوونی تاوانی کوشتن، چەندین شێواز بەکار دەهێنرێت کە جێگەی ڕەزامەندی نووسەری ڕۆمانی پۆلیسییە، بەڵام زۆربەی جار کاری پۆلیس سست و بێزارکەرە و بە دەگمەن ڕووبەڕووی تاوانێک دەبێتەوە کە هۆکاری ڕاستەقینەی



**ئاگاتا کریستی**

لەنێــوان ١٠- ١٢ هۆکــاری تر ون بێت، کــەواتە ئەوە ئاشکرایە کە نووسەری ڕۆمانی پۆلیسی ئازادییەکی بێ سنوور بە خــۆی دەدات. دولبــەرە باجگرەکــەی ناپاکی لێدەکات و لە هەر ساتێکدا، دەبێتە میراتگری ونبووی سامانێکی زۆر، مرۆڤی خەڵوەت نشین و بێ ئازار تەنیا خـاوەنی دراوێکی ڕەشی سەرتاسەری بەریتـانیـایە کـە ساختەیە و نهێنی دۆزینەوەی گرووپێکی قاچاخچی مادە هۆشـبـەرەکـانە، تا ئەوەی گـومـان لە بابەتی گـرنگی پەسندکـراو نەکـرێت و خـوێنەر هەست بەوە نەکـات کـە هەڵخەڵەتێنراوە، دەشێت هەموو تەکنیکێک لە ڕۆمانی پۆلیسـیدا بەکار بێت.باشـترین ڕۆمـان، ڕۆمـانێکە کە خوێنەر هیچ کات هەست بە ساختەیی نەکات. بێ گومان لە ڕۆمانی پۆلیسـیدا، تا ئەو شوێنەی کە لۆژیکی بێتە بەرچاو، تـاوانبـار مـافی ئەوەی هەیە تاوانی یەکـەمی بە تاوانی تری داپۆشێت و مەرج نییە کـە تاوانی دووەم لە لایەن تاوانباری سەرەکـیـیەوە ئەنجام بدرێت. بە بڕوای کـۆمەڵێکەوە بەکارهێنانی ئەم شـێوازە، لاوازی نووسـەر دەردەخات و بە کەموکوڕی تەکنیکی کتێب دەژمێردرێت، لە کاتێکدا بە بڕوای کۆمەڵێکی تر، ئەم کارە بە پاڵنەری چیـرۆک دادەنرێت و لە تاک شـێـوازی دەپارێزێت. لە ئەمریکا زیاتر لە بەریتانیا پێویستی بوونی توندوتیژی بەرچاوترە. مەرجە لە کۆتاییـدا تاوان ئاشکرا بکرێت و ئاشکرا بوونی تاوان بۆ خـوێنەر بسـەلمێنرێت و بڕوای پێ بێنێت. ئەوە گرنگ نییە کە دادگا سەلماندنی تاوان قبووڵ دەکات، یان نا، تەنیا بە مەرجێک دادگا بەشێک بێت لە چیرۆکەکە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم بابەتە، تاوانبار دەبێت تاوانەکەی بە هۆشیاری و ئاگاییەوە ئەنجام بدات، بەڵام نابێت تاوانەکـەشی بێ خـەوش بێت. هەڵەی تاوانبـار دەبێت بە ڕاستگۆییەکی تەواو لە بەرانبەر خوێنەردا بێت و ئەم هەڵەیە دەبێت بۆ خـوێنەر سـەلمێنراو و پەسندکـراو بێت، ئەگـەر دوایین وتەی خـوێنەر ئەوە بێت کـە " دیارە ئەو ئاشکرا بـوو، ئەگـەر منیش بوومـایە دەمـزانی"، ئەو کاتە هەردووکیان ( نووسەر و خوێنەر) ڕازی دەبن، ئەگەر ڕێگەچارەکـە لە سـەرەتای کـتـێـبـەوە بزانرێت، کـۆتـایی کـتـێبـەکـەی بێزارکەر دەبێت و ئەگەر فریودراویش بێت، مـافی خۆیەتی تووڕە بێت، کەواتە پێویسـتە نووسـەر لە نێوان سەرجەمی خاڵەکاندا، ئەم خاڵانەی لەبەر چاوبێت:

١-نابێت دوو وشەی پێچەوانە لە کتێبەکەیدا هەبێت، تەنیـا بە مـەرجـێک ئەم دژانە بۆ خـۆیان بەشـێک بن لە چیرۆکەکە.

٢- نابێت ڕاسـتـیـیـە ژیارییـەکـان تا کـۆتایی کـتـێب بشارێنەوە.

٣- نابێت وشــەی درۆیین، یان لە ڕێ لادەری تێــدا بێت، تەنیا بە مەرجێک، ئەگەر لە زمانی کەسایەتییەک بێت کە پێشتر روون کرابێتەوە کە مرۆڤێکی فێڵبازە.

٤- نابێت لە بوارەکــانی زانســتی و یاســایی و بوارەکانی هاوشێوەیاندا هەڵە بکات، تەنیا بە مەرجێک ئەم هەڵەیە بە ئەنقەست بێت.

٥- دەبێت یەک، یان چەند ڕێگە چارە بە خــوێنەر نیشان بدات.

٦- ڕێگەی پێــدراوە کــە چەند ڕێگە چارە بەکــار دەهێنێت، بە مەرجێک لە کۆتاییدا هۆکار و هەڵەکانیان روون بکاتەوە.

٧- دەبێت دەروونناسیـیـەکەی دروست و خـولقێنەری کەسایەتیـیەکی باش بێت، بەڵام سەبارەت بە تاوانباری سـەرەکی دەتوانێت ئازادی زۆر بەخـۆی بدات. دەکـرێ تاوانبار لە سەرەتای چیرۆکدا کەسایەتییەکی سیمپاتیک و خۆشەویست بێت، بەڵام بەرە بەرە ئەم دۆخەی لە دەست دەدات و پشکنەر بە پێچەوانەکەیەتی.

٨- جوان نووسین و کەمێک گـاڵتـەوگـەپ پێویستـە. ڕووداوی خۆشەویستی ڕێگەی پێدراوە، بەڵام مەرج نییە هەبێ.

٩- كـۆتایی کـتـێب دەبێت نا ڕوونـیـیـەکی چاوەڕوان نەکراو لە خۆ بگرێت.

١٠- کـۆتاییـەکـەی، تـەنیـا ئەگـەر بەهۆی هۆکـارێکی تایبـەتی و ڕوون، دەنا چیـرۆک دەبێت بە گـرتن، یـان دانپیانانی تاوانبار کۆتایی پێ بێت.

دەکـرێت ڕۆمـانی پۆلیـسی بە پێی بـارودۆخی ئاشکرا کـردنی ڕووداوەکـە شی بکرێتـەوە. لە ڕاسـتـیـدا ئەوە بابەتێکی نێـونەتەوەییـە و بارودۆخـەکـە پەیوەسـتـە بە جیـاوازی نێـوان نەتەوەکان. بە گشـتی سـەرەڕای ئەوەی ڕۆمانی پۆلیسی سەرچاوەکەی ئەمریکی و فەڕەنسایییە، بەڵام لە بەریتـانیـا زیاتر لە هەمـوو وڵاتانی تر گـەشـەی کـردووە و پێـشـوازی لێکراوە. ئەم بـابەتە تا ڕادەیەک پێوەندی بە بڕوای ئەم سێ نەتەوەیەوە هەیە، بەڵام بەهۆی بـارودۆخی پۆلیس لەم وڵاتانەدا، بنکەکـانی پۆلیس و کـاردانەوەی خـەڵکەکـە لە بەرانبـەر پۆلیـسـدا دەردەکەوێت.لە بەریتـانیـادا پۆلیس ناوچەییە و پێوەندی بە دەوڵەتەوە نیـیـە و چەکـداریش نیـیـە، بۆیە لە لایەن خەڵکەوە پشـتـیـوانی لێدەکرێت. پشکنەری پۆلیس بە گشتی کەسایەتییەکی خۆشەویستـە، هەروەها دەزگای پۆلیس چەندین کرداری چاکەی هەیە و ژمارەیان زۆرە، بە ئامـێـری زانسـتی ئامـادە کـراوە و دۆسـیـەی تەواو و ڕێکخراوی سەبارەت بە تاوانباران لە بەر دەستدایە، هەر بۆیە بەڕای خوێنەری بەریتانی پشکنەری پسپۆڕ زۆرتر لە پشکنەری ئەماتۆر، یان ناشارەزا، توانایی ئاشکرا کردنی تاوانەکانی هەیە.

لە ئەمـریکادا بارودۆخـەکـە زۆر جیـاوازترە: خـەڵک پۆلیـسـیـان زۆر خـۆش ناوێت. سـەرۆکی پۆلیس دەبێت توانایی خۆی دەربخات، ئەگینا دەردەکرێت.دادوەر دەبێت بەهەر جـۆرێک بێت تاوانبـارێک بدۆزێتـەوە، ئەگـینا حزبەکەی دەنگ ناهێنێت. پێویستییەکی توند بۆ گەیشتن بە ئەنجام و خێرایی پرۆسەی کارکردنی زۆرتر لە هەمـوو شوێنێکدا بەرچاو دەکەوێت، کەواتە مەرج نییە پشکنەر ئەماتۆر بێت: ئەم نیـازە پێویستـە، تەنانەت پشکنەر هان دەدرێت کـــە پشـکـنەری فــــەرمی و دەوڵـەتی تێـک بشکێنێت، بە گـشـتی پشکنەری پۆلیس لە ڕۆمـانی ئەمـریکاییـدا بە لاواز و توندڕەو دەناسـرێت، تەنانەت ڕۆمـانـنووس مـۆڵەتی ئەوەی پێ دەدرێت بیکوژێت. ئەو پشکنەرە مرۆڤێکی ڕۆشنبیـر و خوێنەری کـتێب و زانا نییـە، ئەو زمـانەی بەکاری دەهێنێت، توند و گشـتییـە و مرۆڤێکی بێ بەزەییە.

ڕۆمـانی پۆلیـسی نوێ لە فـەڕەنسـادا ئەوەندە لە ژێر کاریگەری جۆرج سیمۆندایە و ئەوەندە بە یەک کەسەوە پەیوەست دەکرێت کـە پێدانی شێـوازێکی گشـتی پێی، کارێکی دژوار دەبێت. بەهەر حاڵ لە فەڕەنساشدا خەڵک پۆلیسیـان زۆر خۆش ناوێت و متمانە بە پۆلیس ناکەن، بێـجگە لەمـانـەش لە ڕۆمـانی فـەڕەنسـیـدا ڕوو کـردنە دەروونـنـاسی و فـــەلسـەفـــە و لۆژیک زیاتر بەرچاو دەکـەوێت. بە گـشـتی ڕۆمــانی پۆلیـسی فـەڕەنسی، پێـویسـتی بە بیـرکـردنەوە و تێڕامـانی زۆرتر هەیە و لەم بوارەدا بە تایبـەتی بەرهەمی " مـۆریس مـیگرە" بەرچاو دەکەوێت. بە گشـتی ڕۆمانی پۆلیسی لە ڕووی شێوازی ئاشکرا کـردنی ڕووداو و ئەو شـێـوازانەی کـە بەکـاری دەهێنێت، پۆلێنبەندی دەکەن. ئەمـاتۆرێکی هەڵبژاردە کە تەنیـا و تەنیـا پشـتی بە یەک جۆرە ڕوودا و بەسـتـووە، ئەوەش بەهۆکـارێکی تایبـەتی، زۆر دژوارە. ئەمـاتۆری بیرمەند کە باشترین نموونەی لە باوکێکی ڕوحانیی براون مـەخلووق چسـتـرتۆن دەدۆزینەوە، کـەسـایەتییـەکی نا سـروشـتـییـە، تەنانەت ئەمـاتۆری نیـوە پسـپـۆڕیش کـە سەرقاڵییەکەی گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی تاوانباردا، زۆر سـروشـتی نییـە. بەرهەمـەکـانی لۆرد پیتـەر ویسـمی و هەرکـول پۆ ئارە لە بـواری گـشـتـیی نووسـینی ڕۆمـانی پۆلیـسی لە نموونەی ئاگـاتا کریسـتی و دۆور وتی سـایرز پەسندکـراون کـە زۆر سـەرنجـڕاکـێـشن، بەڵام کـەمـوزۆر ئاستەم و دەگمەنن.

لە ڕۆمانی نوێی پۆلیسیدا هەندێک جار کە گرێیـەک ئاڵۆز دەبێت، ڕۆمـاننووس یەکێک لە پشکنەرانی کتێبە کۆنەکان لە دۆخی فەرامۆشی و خانەنشینی دەردەهێنێت، بەڵام ئەم بیـرۆکـەیە زۆر جـێگەی ڕەزامـەندی نیـیـە. بە کورتی لە ڕۆمانی پۆلیسیدا کێشەیەک دێتە پێشەوە و پێـشنیـاری ڕێگە چارەیەکـیش دەکـرێت. کـتـێب دەبێت لۆژیکییانە، وردبین و سەرنجڕاکێش و دڵڕفێن بنووسرێت. دەبێت بابەتی سەرەکی، یان شێواز و پلانی چیرۆک چڕ و خاڵی بێت لە هەمـوو جۆرە لادان و بەربڵاوییەک و نوێ و کـارا بێت، هەروەها کـۆتاییـەکی چاوەڕوان نەکـراوی هەبێت.

**سایتی:**

**www.dibache.com، گۆڤاری ئەلفبا، نووسینی ئار. ئێچ. سامپۆن، وەرگێڕانی کامەران فانی.**

# کاریگەریی دەستە و گرووپ لەسەر دەوڵەت لای ئیبنو خەلدوون

لە عەرەبییەوە: مستەفا سەعید عەلی
(کەلار)

بیردۆزەی ئیبنو خەلدوون بۆ دەوڵەت بیردۆزەیەکی ئەندامییە، واتە وەک گیاندارێک لە دەوڵەت دەڕوانێت، کە لە دایک دەبێت و بەقۆناغی منداڵی و پیری و کەنەفت بووندا تێدەپەڕێت و دوای ئەوە دەمرێت. لای ئیبنو خەلدوون هیچ دەوڵەتێک نەمر نییە.

بەو بیردۆزەیەی ئیبنو خەلدوون دەوترێت بیردۆزەی ساتەدەم (چەرخ) کە هەر چەرخێکی دەکاتە چل ساڵ، شتێک کەمتر، یان زیاتر. بەدیدی ئیبنو خەلدوون هەر دەوڵەتێک لە سێ چەرخ پێکدێت:

- چەرخی دروستبوون، یان چەرخی دەشتەکی (کۆچەری).
- چەرخی گەشەکردن، یان چەرخی دەوڵەت.
- چەرخی لەناو چوون، یان چەرخی داڕووخان.

کۆمەڵگە لای ئیبنو خەلدوون سەرەتا بەشێوەی (دەشتەکی) دەست پێ دەکات، دەشتەکیی لای ئیبنو خەلدوون، بریتییە لە کۆمەڵە مرۆڤێک، کە لەسەر پارچە زەوییەک دەژین، نە حکوومەت و نەیاسایان نییە، بۆیە بەهێزەکان بە زۆری زۆرداری فەرمانڕەوایی بێ هێزەکان دەکەن. بەم حوکمکردنە، جەور و ستەم لە نێو خەڵکدا دروست دەبێت و زۆرێک لە مافەکان پێشێل دەکرێن و دەفەوتێن. ئەو کات پێویست دەکات حکوومەتێکی بەهێز بێتە ئاراوە کە خاوەن یاسایەکی تایبەت بێت و یاسا بەسەر هەمووان‌دا وەک یەک جێبەجێ بکات و کۆمەڵگە ڕێک بخات و ستەمکاری نەهێڵێت.

کاتێک ئەو دەوڵەتە دروست بوو کە ئیبنو خەلدوون پێی دەڵێت (بەساڵاچوو)، ئەو کات داوای گۆڕینی کۆمەڵگەو هێنانەکایەی ژیانێکی تازە دەکات. ئەو بە ساڵاچووە دەشێت پێغەمبەرێکی بانگخواز بێت بۆ ئایینێکی تازە، کە ئیماندارن لە دەوری کۆببنەوەو دەستەو گرووپی بۆ پێکبێنن، یان سەرۆک هۆزێک بێت،

کورانی هۆزەکەی لە دەوری کۆ ببنەوەو دەستەو دایەرەیەکی بۆ پێکبێنن، یان دەشێت بانگخوازێک بێت داوای چەسپاندنی یاساو دادپەروەری بکات و ئەو کەسانەی بڕوایان بە بیرۆکەکەی هەیە، لەدەوری گرد ببنەوەو دەستەو گرووپ، یان حزبێکی بۆ پێکبێنن.

(تیرەگەرایی) ئەو بیرۆکەیەیە، ئەو دەستەو گرووپە ڕێکدەخات بۆ ئەوەی لەدەوری ئەو بە سالاچووە کۆ ببنەوە. ئەو تیرەگەراییە، دەشێت ئایینێکی تازە، یان یاسایەکی تازە، یان دابونەریتێکی تازە بێت. هەر لەساتەوەختی گۆڕان و چوونە نێو قۆناغی (دەوڵەتەوە) کۆمەڵگەی دەشتەکی پەیڕەوی لێ بکات.

ئەو پێویست بوونە بەو بەسالاچووە، یان دەستەودایەرەو تیرەگەراییە، دەبێت پێویستییەکی ناوخۆیی زۆر پێویست بێت و لە پێداویستییەکانی خودی (دەشتەکییەوە) سەرچاوەی گرتبێت. نەک لە دەسەلاتێک، یان هێزێکی دەرەوەی ئەو دەشتەکییەوە سەپێنرابێت. ئەوە بەسالاچووەکەو دەستەودایەرەکەی پێویستیان بەچل ساڵ شتێک زیاتر، یان کەمتر کات هەیە، بۆ جەنگ کوشتار و هەوڵدان و خەبات بۆ بڕوا هێنان بە بیروباوەڕەکەیان، یان هەرچی ناوێکی تری لێ بنرێت تا بتوانن خۆیان بگۆڕن لە دەشتەکییەوە بۆ(دەوڵەت). کاتێک دەوڵەت دادەمەزرێت (بەسالاچوو)ەکە دەبێتە سەرۆک، یان پاشا، یان میری ئەو دەوڵەتە، یان هەرناوێکی تر کە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. دەشێت (دەستەو دایەرەکەشی) هەرناوێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن، حزب، یان کۆمەڵە، یان بزووتنەوە، یان هەرچی ناوێکی تر.

ئەوکات ( تیرەگەرایی) دەبێتە یاساو سیستمی دەوڵەتی تازە و دەشێت ناوی تر هەڵبگرێت، بۆ نموونە ئایینی، یان نەریتی، یان دەستووری، یان هەر ناوێکی تر.

لەبەر ئەو ڕۆڵە مەترسیدارەی لە قۆناغی دواتردا دەیبینن، دەبێت زۆر بە دیقەتەوە لە تاکەکانی ئەو دەستەو گرووپە بڕوانین. کاتێک دەچینە قۆناغی دەوڵەتەوە دەبینین دەستەو دایەرەی بەسالاچوو کەسانی ئاسایین و زۆر لە کەسانی تری کۆمەڵگە جیاواز نین. هەر ئەوەندە نەبێت بڕوایان بە بەسالاچوو هێناوەو یەکەم کەس بوونە لەدەوری کۆبوونەتەوەو لە پێناو ڕزگارکردنی کۆمەڵگەکەیان لە قۆناغی دەشتەکییەوە بۆ قۆناغی بەدەوڵەت بوون لە تەکیدا جەنگاون و خەباتیان کردووە.



**ئیبنو خەلدوون**

هەموو ئەمانە بەهایەکی ئیعتیبارییان دەداتێ و وایان لێ دەکات لەکەسانی تر زیاتر لە (بەسالاچوو)ەکە، یان سەرۆکی دەوڵەت نزیکتربن. ئەمە هەموو ئیمتیازەکانیانە کە لەوانی تر جیایان دەکاتەوە. کەوا دەکات سوڵتان، یان هەر ناوێکی تری لێ بنرێت، وەزیر و ڕاوێژکار و ئاچودان و دەستوپێوەندەکانی خۆی لەمانە هەڵبژێرێت وەک لە کەسانی تر. پلەو پایەیەکیان دەدرێتێ بەرزتر لە پلەو پایەی خەڵکانی تر و کەمتر لە پلەو پایەی خودی سوڵتان. کاتێک دەوڵەت دروست دەبێت، دەست دەکات بە نەهێشتنی زوڵم و زۆر و گەڕاندنەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان. ئا لەم قۆناغەدا یەکەمین ناحەزی ئایندە بۆ دەوڵەت دروست دەبێت، کە دەشێت تێیاندا کەسانێک هەڵکەوێت لە داهاتوودا دژایەتی دەوڵەت بکەن.

هەنگاوی دووەمی ئەم قۆناغە.. بڵاوبوونەوەی خوێندەوارییە لە نێو خەڵکدا، بەتایبەت لەنێو چینی گەنجان لە پێناو بەهێزکردنی بنەماکانی دەوڵەتدا، بۆ ئەوەی چینی کرێکاران و پیشەوەران تێیاندا دروست ببێت تا بتوانن کارگەو پیشەسازییەکان دابمەزرێنن، لە پێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لە هەموو جۆرە کالایەک، لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی سەرمایەو دەرامەت بۆ دەوڵەت و تاکەکان. خەڵکی تێر دەبن و گرنگی بە تەندروستی دەدرێت و دڵ ئارام و جێگیر دەبن، ئیتر خەڵکی کۆچەری و دەشتەکیی

خۆیان لە بیر دەکەن و دەکەونە سەر نازو نیعمەتێکی تازە.

لەم قۆناغەدا دامودەزگاکانی دەوڵەت بنیاد دەنرێن و بە قسەی ئیبنو خەلدوون (کۆشکی سوڵتان) کە زۆر لە کۆشکەکانی دارودەستەکەی جیاوازە و بەرزترین کۆشکی وڵاتە دروست دەکرێت. کۆشکەکانی دارودەستەکەشی لەکۆشکەکانی گشتەی خەڵکی بەرزتر دەبن. هەندێک لەگشتەی خەڵکیش زۆر دەوڵەمەند دەبن و هەوڵ دەدەن (کە ئەمەش سروشتی مرۆڤە) دەست بگرن بەسەر ئەوەی حەزی لێ دەکەن و مافی ئەوانی لەسەر نییە، بەڵام ئەمەیان چۆن بۆ دەکرێت؟ هەڵبەت بەهۆی پارەوە.

ئەی ئەو پارەیە دەدەن بەکێ؟ دەیدەن بە دارودەستەکەی سوڵتان، کە ئەوانیش لەلای خۆیانەوە خەریکی خۆ دەوڵەمەندکردن و بینای بەرز و خۆ نزیک کردنەوەن لە سوڵتان، بۆ ئەوەی زووتر بگەنە مەبەست، ناچارن دەست بکەن بە بەرتیل خواردن.

بەرتیل وەرگرتن لەم قۆناغەدا هەنگاوی ژمارە یەکە بۆ سەرەتای رووخانی دەوڵەت، چونکە بەهۆی بەرتیلەوە مافەکان دەفەوتێن، ون دەبن، هەرکاتیش مافەکان ون بوون، بەرژەوەندییەکانیش تێکدەچن، هەرکات بەرژەوەندییەکانیش تێکچوون، خۆشگوزەرانییەکان کەم دەبنەوەو هەژاری زۆر دەبێت، کاتێکیش هەژاری زۆر دەبێت، نەخۆشی بڵاو دەبێتەوە و تەندروستییەکان تێکدەچن، ئەوکات دەست دەکرێت بە دەستدرێژی کردن بۆسەر حاڵ و ماڵی گشتی و هەرچی دامودەزگاکانی دەوڵەت و قوتابخانەو نەخۆشخانەکانە دەست بە داڕووخان دەکەن و بەهای دراو دادەبەزێت و کۆمەڵگە لە گەشەکردنەوە بەرەو داڕووخان دەچێت.

لەولاوە بەپێچەوانەوە، لەهەمان ئەو ماوە زەمەنییەدا، دەست و پێوەندی سوڵتان تادێت کێبەرکێکانیان لەنێو خۆیاندا زیاتر دەکەن، تا کامیان لە سوڵتان نزیکتر بێتەوەو کۆشکەکانیان بەرزتربکەن، تەنانەت تا رادەی بەرزتر لە کۆشکەکانی سوڵتان.

تا ڕۆژێک دێت سوڵتان دەبینێت حاڵی کۆمەڵگە زۆر خراپ تێکچووە و سەری سوڕ دەمێنێت، لەوەی هەندێک لەدارودەستەکەی لە کۆشک و تەلاردا خەریکن وەک ئەویان لێدێت. ئا لێرەدا سوڵتان لەخۆی دەترسێت نەوەک یەکێک لە دارودەستەکەی بیڕووخێنێت و بچێتە سەر کورسی دەسەڵاتەکەی، ئەوکات دەشێت سوڵتان لەژیانیدا خراپترین بڕیار بدات، کە ئەویش لە ناوبردنی دارودەستەکەی و نزیک کردنەوەی ئەوانەیە کە ئیبنوخەلدوون پێیان دەڵێت مەوالی (خزمەتکار).

کاتێک تاکەکانی خێڵ لەسەروبەندی تێکچوونی کۆمەڵگەدا پلەو پۆست وەردەگرن. پێویست دەکات لە یەک کاتدا دوو ڕۆڵ ببینن، یەکەم : چاکسازی کۆمەڵگەو ئەوی تریش: بنیادنانی شکۆمەندی کەسیی خۆیان.

ئەمانە بنیادنانی شکۆمەندی کەسیی خۆیان، لە کرداری چاکسازی کۆمەڵگە بەلاوە گرنگترە، بۆیە لە پێناو شکۆمەندی خۆیاندا، ڕۆڵی تێکدەرانەی گەورە دەبینن لە ژیانی کۆمەڵگەدا. وەک لەو تێکدانەی ئەندامانی حزبێک دەیبینن.

بەو جۆرە دەبینین ئەوەی لە دەستی (دەستەو گرووپ) ڕزگاری بووە، لە دەستی (خزمەتکار) ڕزگاری نابێت. ئەوکات داڕووخانی خێرا دەست پێ دەکات بە دابەزینی کۆمەڵگە بۆ نزمترین ئاستی خۆی. تا وای لێ دێت کەمترین بنەماکانی کۆمەڵگە نامێنن. ئا لێرەدا ئیبنو خەلدوون پێشبینی یەکێک لەمانەی خوارەوە بۆ کۆمەڵگە دەکات:

- پەتایەک کە زۆربەی خەڵکی دەکوژێت و کۆمەڵگە دەگەڕێنێتەوە سەردەمی یەکەم جاری دەشتەکیی.

- لافاوێک کە وڵات دەخنکێنێت و دەیگەڕێنێتەوە بۆ یەکەم جاری سەردەمی دەشتەکیی خۆی.

- کۆمەڵێک پەیدا دەبن داوای ئەو مافانەیان دەکەن، کە دەوڵەت لە ساتەوەختی دامەزراندنییەوە لێی زەوت کردوون، بۆیە هێزێک دروست دەکەن بتوانێت دەسەڵات بڕووخێنێت و کۆمەڵگە لەسەر یاسایەکی تازە ڕێک بخاتەوە.

- لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی سوڵتان، بەڕادەیەک هەرێمەکان دەتوانن لێی جیا ببنەوە و حکوومەتی خۆیان دابمەزرێنن و دەستوور و یاسای تایبەت بە خۆیان هەبێت.

- ئەگەر هیچ کام لەمانە ڕووی نەدا، دەوڵەت هێندە لاواز دەبێت، دەشێت لەلایەن وڵاتێکی داگیر کەرەوە، داگیر بکرێت و حکوومەتەکەی بڕووخێندرێت و دەست بەسەر هەرچی خاک و ئاو و خێر و خێرات و چارەنووسی خەڵکەکەشیدا بگیرێت.

**سەرچاوە:**

**المنارات، ژمارە (٢٩٥٣)، چوار شەممە ٤ک ١- ٢٠١٣.**

# یەکڕەنگی میتافیزیکی سپینۆزا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- دوور نییە ئەو ناوونیشانە هەر لە سەرەتاوە ناوازە بێتە بەرچاو و بپرسرێ دەکرێ فەیلەسووفێک کە دۆست و ناحەزانی لەوەدا هاوڕان کە مەتریالیستە، یەکڕەنگی میتافیزیکی بخرێتە پارسەنگییەوە؟ ئایا دەکرێ ڕێبازی مەتریالیستی جۆرە میتافیزیکیش بێت؟

بەلای منەوە پرسیاری دووەم تاڕادەیەک پرسیاری یەکەمی خاو کردۆتەوە و بەلای کاڵ کردنەوەیدا بردووە. بەڵێ دەکرێ ڕێبازی مەتریالیستی میتافیزیکی بێت، بەڵام لێرەدا میتافیزیک وەک چەمک و بابەت پێویستی بە پێناسە و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە هەیە!

بەپێی سەرچاوەکان سپینۆزای جوولەکە شارەزاییەکی باشی لە تەورات و تەلمود و بنەما و دۆگمەکانی ئایینەکەی هەبووە. ئایینی جوولەکە، پشت ئەستوور بەسەرچاوەکان، جۆرە مەتریالیستییەک ڕەنگی تێدا داوەتەوە، تەنانەت پەیامبەر مووسا لەسەر کێوی سینا خۆی قسەی لەگەڵ ڕەبدا کردووە؟

بێجگە لەوە، جێ دەستی فەلسەفەی دیکارت و پەنابردنی بۆ هەردوو بابەتی بیرکاری و ئەندازە پتر بەلای زمانی پەتی (ئەپستراکت)یدا بردووە و ڕەنگی جیهاندیدێکی ڕشتووە، ئەگەرچی جۆرە سۆفییەتی و میتافیزیکێکی تایبەتی پێوە دیارە. یەکڕەنگی بوون (کە بە عەرەبی لە لایەن شێخ محێدینیی عەرەبی بە وحدەی وجود ناسراوە) و بەلاتینی بە Pantheismus ناودەبرێ، مۆرکی تایبەتی و جێدەستی خۆی پێوە دیارە. ناکرێ لەو فەلسەفەیەدا ئایینی جوولەکە لەبەر چاو نەگیرێ. ئەگەر بە وردی سەرنجی فەلسەفەکەی بدرێ، بێجگە لەوەی گوترا، خواستی ئازاد، گەوهەر، ناچاریی Determinismus، خەسڵەت و تایبەتمەندی، بوونی

ڕەب، داهێنانی جیهان، سروشتی داهێنەر، سروشتی داهێنراو، ژیر، نەفس، ماددە. ئەو خالانەن کە تانوپۆی تەونی فەلسەفە سەرنجڕاکێشەکەی بوون.

هیچ کەسێک لاری لەوە نییە کە سپینۆزا ئاگاداری ئایینی جوولەکە و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بووە، بە تایبەتی کەڵە فەیلەسووفی جوولەکە موسای کوڕی مەیموون و شاکارە قۆناغ دەستنیشانکارەکەی (دەلالەت الحائرین) دەلیلی داماوان، لە ڕێگای ئەمیشەوە فەلسەفەی ئبن ڕوشدی ئەندەلووسی، بەڵام بەهیچ جۆرێک کەسایەتی خۆی نەک هەر لە دەست نەداوە، بەڵکو وەک شۆڕەسوارێک لە گۆڕەپانەکەدا کاراو چالاک بووە.

٢- کتێبی «ئاکار» گرینگترین بابەتێکە کە خامە ڕەنگینەکەی تۆماری کردووە. لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە.

- دەربارەی سروشت و بنەمای ژیر.
- بنەماو سروشتی هەڵچوون.
- دەربارەی کۆیلەتی مرۆڤ، یان دەربارەی هێزی هەڵچوون Affekte. (دەمارگیران).
- دەربارەی هێزی مێشک و تێگەیشتن، یان دەربارەی ئازادی مرۆڤ.

ئەوی لەو نووسینەدا بەلای ئێمەوە گرینگە، بەشی یەکەمیەتی کە تێیدا نەزم و سیستمێکی یەکڕەنگی میتافیزیکی ڕشتووە؛ لە سەرەتادا بە پێناسەی چەمکە گرنگەکان دەستی پێ کردووە، لەو پێناسەکردنەیدا پشتی بە میتودە و نەزمی بیاری و ئەندازیاری بەستووە.

هۆکار، ڕەب، گەوهەر، ژیر، بیر، لەش، کشان، کۆتایی و بێ کۆتایی، لەو پێناسانەدا پشکی شێریان بەرکەوتووە و کردوونی بە کەرستەی ڕشتنی ڕەنگی ئەو کۆشکە دلڕفێنەی کە ئەو ئەندازیار ئاسا دروستی کردووە و ئەو جیهاندیدەی لێ پێکهاتووە کە بۆ ئەو تۆمار کراوە، میتافیزیک و ئۆنتۆلۆژی و ئیپستمۆلۆژی و ئاکار پێکەوە کۆ دەکاتەوە. لەلای دیکارت پێ لەسەر بوونی سێ گەوهەر Substanz داگیراوە:

ڕەب، ژیر(گیان)، ماددە، بەڵام ڕەب لە هەموویان پتر خەسڵەتی بوونی گەوهەریی تێدایە، چونکە ئەو ئەوانی تری داهێناوە و لە تواناییدا هەیە لەناویان ببات(١). لەلای خۆیانەوە ژیر(گیان) و Geist ماددە دوو



سپینۆزا

گەوهەری سەربەخۆن و هەریەکەیان خەسڵەتی تایبەتی خۆیانیان هەیە. هی ژیر(گیان) بیرکردنەوە و خەسڵەتی ماددە، کشانە، بەڵام لەلای سپینۆزا بابەتەکە بەجۆرێکی دیکە شکاوەتەوە، بەتایبەتی لە شاکاری ئاکاردا. لێرەدا بەرهەمەکە بەسەر سێ بەشدا، دابەش کراوە: دوای پشت بەستن بە میتودەی ئەندازە، بەشی یەکەم بریتییە لە باسکردنی ڕەب وەک کەرستەی ئۆنتۆلۆژی، لە بەشی دووەمدا مرۆڤ لە چوارچێوەی تیوری زانین، ئینجا بەشی سێیەم کرداری مرۆڤ (ئاکار) کراون بە تەوەرە سەرەکییەکان کە قسەیان لێوە کراوە. میتودەکە کە ئەندازەییە لە پێناسە و گریمانە و بەڵگەنەویستە و دەستەواژە (پروپۆزیشن) دەست پێدەکات بۆ ئەوەی بوونی گەوهەری ڕەببانی ساغ بکاتەوە و بگاتە ئەو ئەنجامەی کە گیان و ماددە، ڕەب و سروشت، گەوهەری ڕەببانی و گەوهەری ماددەیی دوو دیوی یەک شتن.

٣- نووسین لە فەلسەفەی سپینۆزا دا کە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە میتافیزیک و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، مرۆڤ لەنێوان سێ ڕەهەندا ڕادەمێنێ، دوویان کە دەربارەی بابەتە سەرەکییەکەن کە کاروباری ڕەببە، ئەوەندە سەخت و ئاڵۆزن، ناکرێ بەلایەکدا بشکێنرێ و لای تەرازوو بەکام لادا لاسەنگ بگرێ؟

- ئایا ڕاستە، وەک هەندێک مێژوونووسانی فەلسەفە

دەڵێن، ئەو فەیلەسووفە گومڕا بووە و سارد و سووکی بە پیرۆزییەکانی ئایین کردووە و ڕەبی لە ئاسمان هێناوەتە خوارێ و خستوویەتییە نێو سروشتەوە؟! یەکسان کردنی ڕەب بە سروشت، لەخۆیدا پەسندنەکردنی بنەما بنەڕەتییەکانی ئایینە.

– یان ئەوەتا سپینۆزا دیاریەکی تەواوەتی ڕاستەقینە بووە و لە ڕوانگەی فەلسەفەوە ژیرانە ئەوانەی ساغ کردۆتەوە کە هەردوو ئایینی جوولەکە و مەسیحی کردوویانە بە پوختەی پەیامە ئاسمانییەکەیان. ڕەهەندی سێیەم میتودە بیرکارییە ئەندازیارییەکە کە بەسەر جیهاندیدە فەلسەفەییەکەیدا پیادە و جێبەجێی کردووە. ئایا ئەو هەنگاوەی سپینۆزا لەو کایەیەدا هەڵیگرتووە تا چەند لەگەڵ گیانی سەردەمی ئەوسای فەلسەفەدا هاتۆتەوە و تا چ ڕادەیەک لە جیهاندیدەکەیدا لێوەی سوودمەند بووە!

ناکرێ ئەو پرسیارانە وەڵامێک بدرێنەوە و کێشەکە یەکلایی بکەنەوە، چونکە هەردوو ئاراستە بەڵگەی پشت ئەستووریان بە قسەکانی سپینۆزا لەبەردەستدایەو یەکلایی کردنەوەکەشی بۆ ئەو نووسینەی ئێمە بایەخی ئەوتۆی فەلسەفەیی نابێ. هەرچۆنێک بابەتەکە شرۆڤە بکرێ، فەلسەفەکەی ئەو دوو لێکدانەوەیە هەڵدەگرێ؛ هیچیان لەوی تر کەمتر نییە:

– سروشتی بەجۆرێک داناوە و پێناسە کردووە خەسڵەتێکی ڕەببانی پێ بەخشیوە. ئەگەر مرۆڤ لە دوو ڕوانگەوە سەرنجی لاهووتەکەی بدات، لەلایەکەوە سروشتی داهێنەرە و لە لایەکەی ترەوە سروشتی داهێنراوە.

– لە ئاراستەکەی دیکەیدا باروخ دو سپینۆزا هەوڵی داوە، لەو کۆششەیدا بەپێی ڕەوشی لە ئارادا بوو تاڕادەیەک سەرکەوتوو بووە، نکوڵی لە بوونی هۆکاری یەکەم(٢) و بیرۆکەی داهێنان (خەڵق) کردووە.

بەو پێوەرە هەردوو لێکدانەوەکە، نکوڵی کردن لە شرۆڤە و لێکدانەوەی لاهووتی و پێداگرتن لەسەر لێکدانەوەی سروشتی بیرۆکەکە، شیاوەکین و دەگونجێ بەرانبەر یەکتری دابنرێن، چونکە لە بەرهەمەکانی ئەو فەیلەسووفەدا چەند دەق و جێگایەک بەرچاو دەکەون ئەو بڕیار و بۆچوونە پاساو دەدەنەوە.

٤– بەکارهێنانی میتودەی بیرکاری و ئەندازە بێجگە لەوەی دەست پێشخەرییەکی بێ وێنەی سپینۆزایە لە گۆڕەپانی فەلسەفەدا، ئەوە خۆشی ئەو سەردەمە بوو بە هەڵوێستێکی باو لەنێو بیرمەندەکان کە بە ئاراستەی زانست کارا بوون. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بۆچی فەلسەفەی مەسیحی و لاهووتەکەی لە ماوەی هەزار ساڵ دەست بەکاربوونیاندا پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان بە دەست نەهێناوە، بوو بە مایەی ئەوەی زاناکان (بە واتای ئەو سەردەمە) جارێکی تر چاو بە ڕوخسار و ناوەرۆکی فەلسەفەی سروشتی (دواتر زانستی سروشتی)دا بخشێننەوە، ئەنجامی ئەو چالاکییە، پەنا بردنە بەر بیرکاری بووە و کراوە بە میتودەی تیوێژینەوەی زانستی کە دواتر ئەو هەوڵە بە (بیرکاری کردنی فیزیک–زانستی سروشتی) ناوبراوە، گالیلۆ و نیوتن و کەسانی تر شۆڕەسواری ئەو گۆڕەپانە بوون. ئیتر ئەو کۆششەی سپینۆزا لەو بوارەدا پەنا بردنە بەر بیرکاری و ئەندازە بۆ ڕشتنی ڕەنگی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی ڕوون دەبێتەوە. بەکارهێنانی میتودەکە بۆ لە یەکچوواندنی نەزمی فەلسەفە (میتافیزیک) بەو دوو زانستە ڕوخسارییە دوو ئامانجی پێکاوە:

**یەکەم:** پشت بەستن بە بنەما بنەڕەتییەکانی ئەندازە بیروبۆچوون و ئاراستە جیاوازەکانی نێوان ڕێبازە فەلسەفەییەکان (میتافیزیک) لەیەکتری نزیک بکرێنەوە دوای ڕێکوپێک کردنیان، پشت بە بنەڕەتی سەلماندن و ساغ کردنەوە ببەستن بۆ ئەوەی فەلسەفەکە بەگشتی و ئەنجامەکان بە تایبەتی ورد و ڕوون و ڕەوان بن و جیاوازی و ناکۆکییەکان کە لەو کایەیەدا سەرئاو دەکەون، کاڵ بکرێنەوە.

**دووەم:** سپینۆزا هەر لە سەرەتاوە هەستی بەوە کردووە کە دەکرێ ئەندازە بکرێ بە نموونە و بەهۆیەوە نەزم و هەماهەنگی و هارمۆنی کە لە جیهانی دەوروبەردا هەیە و جێگیرە لە هزر و فەلسەفە، ئینجا لەژیان و کرداری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤیشدا پەیڕەو بکرێت. ئەو فەیلەسووفە لەو سۆنگەیەوە هەنگاوی هەڵگرتووە کە ئەو نەزمە ژیرەکییەی لە جیهانی سروشت و گەردووندا هەیە ناکرێ لەو ڕەوشە ژیرەکییەدا(٣) جیا بکرێتەوە کە لە جیهانی مرۆڤ و ژیانیدا هەیە. ئەو بۆچوونەی بەرانبەر بە یەکتری دانانی ڕەوتی ژیرەکی گەردوون و مرۆڤ کە دوو دیاردەی گەوهەرێکن و جێبەجێ کردنی بەسەر بابەت و

کێشەکانی میتافیزیک و ئاکاردا ڕێگای بۆ جیهاندیدە یەکڕەنگییە میتافیزیکییەکەی خۆش کردووە. هەر لەو سۆنگەیەشەوە سەرەتای شاکاری «ئاکار»ی بە پێناسە دەست پێکردووە و کردوویەتی بە هەنگاوی یەکەمی ئەو گەشتەی بەجیهانی هزردا کردوویەتی.

٥- سپینۆزا لە بابەتی بوونی ڕەب، بە ساغ کردنەوە و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانییەوە، بەپێی میتودە نوێیەکەی جۆرە گۆڕانێکی کردووە. بەپێچەوانەی فەیلەسووف و لاهووتییەکانی پێش خۆی و سەردەمیەوە لە پرسیاری هۆکاری یەکەم، ڕەب چییە، لە سەرەتادا بوونی ڕەبی ساغ کردۆتەوە (٤) پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە: ڕەب چییە و چۆنە؟ بۆ ئەو مەبەستە، پەنای بردۆتە بەر چەمکی گەوهەر Substantia، چونکە وا دانانی ڕەب بە تەنیا وەک ئەوەی بوونەوەرێکی ئەوپەڕی تەواو کامڵ و ناچاریی، بەس نییە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە و پەنابردنە بەر جیهانی دەوروبەر و دانانی بەوەی داهێنراوە و دەبێ داهێنراوی هەبێ نابێتە مایەی بەرەو پێش چوون لەو گۆڕەپانەدا، ئەگەرچی ئەو دوو ئاراستەیە دابونەریتێکی جێگیری بۆ ماوەیە.

ئەو هەڵوێستەی سپینۆزا کە لە هەردوو بەشی شاکاری ئاکاردا «دەربارەی ڕەب» و «دەربارەی سروشت و بنجوبناوانی ژیر»دا هاتووە گرینگترین بابەتی بنەمای میتافیزیکییەکەی دادەڕێژن و لە دواییدا کارێکی سەرنجڕاکێشیان لە ڕەوتی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان (هیگل، فیختە، شیلنگ) کردووە، بە تایبەتی لە ڕەهەندی ناچاریی و پاشەکشەکردنی شیاوەکی و ئازادی و کاڵ بوونەوەیان لە ئاقار ئەو نەزمەدا کە هەموو شتێک تێیدا بەناچاری ڕەنگڕێژ کراوە. نەک هەر ئازادی تاکە کەسان و سروشت و داهێنراوەکان، بەڵکو ئازادی ڕەب خۆی بووە بە قوربانی نەزم و سیستمە یەکڕەنگییە(٥) میتافیزیکییەکەی Panteismus. ئەمەیە مەبەست لەو بۆچوونەی سپینۆزا کە گوتوویەتی: ناچاریی ڕەهای لۆژیکی هەموو شتێکی کۆنترۆڵ کردووە، ئەوی ڕوودەدات و دەقەومێ و سەرئاو دەکەوێ، نەدەکرا نەبێ و ڕوونەدات و پابەندی ئەو، ناچارییە، بۆیە وەک دەرکەوتەیەکی ئەو بۆچوونە: لە کایەی ژیر و گیانیدا هیچ خواستێکی ئازاد و لە بواری جیهانی سروشتی فیزیکیدا



فیختە

هیچ جۆرە ڕێککەوتێک Zufall بوونیان نامێنێ و قسە لێ کردنیان دەبێ ئەو مەبەستی بێ کە ئەو دووانە سروشتی ڕەببانی بەرجەستە دەکەن. تا چەند ئەو قسەیەی سپینۆزا لەگەڵ ڕەوشی ڕاستەقینەی لە ئارادابوودا دەگونجێ و دێتەوە؟ بابەتێکە بە هیچ جۆرە لێکدانەوە و شرۆڤەکردن و پینەوپەڕۆکردنێک پاساو نادرێتەوە؟! چۆن ئەو هەموو کێشە و بەرەو بێ دادی و زوڵم و جەور و هەژاری و نەخۆشییەی لە ژیاندا هەیە، لێکدەدرێتەوە؟! دەبێ ئەو ڕەوشە نالەبارە چ بنەمایەکی ناچاریی لۆژیکی هەبێ؟!

لەلایەنی ئایینیدا کێشە پتر پێی هەڵگرتووە. پێداگرتن لەسەر بنەمای ناچاریی و ڕەت کردنەوەی خواستی ئازاد، بێجگە لەوەی ئۆباڵی ئەستۆ پەک دەخات بە تەواوەتی و بە ڕوون و ڕەوانی و ئاشکرایی گوتوویەتی: هەموو شتێک لەلایەن سروشتی ناچاریی ڕەببانییەوە بڕیار دراوە و دیار و دەستنیشان کراوە، ئەمەش بە تەواوەتی پردی پێوەندی نێوان لاهووت و فەلسەفە، باوەڕ (ئیمان) و ژیر هەڵدەتەکێنێ و هیچ جۆرە پێوەندییەکیان لەنێواندا نامێنێ. لەو سۆنگەیەوە کە ئامانجی فەلسەفە گەڕانە بەدوای ڕاستی (حەقیقەت)داو بابەتێکی دنیاییە، کەچی بڕوا (ئیمان)

لاهووت لە ملکەچی و پەرستن و (تەقــوا)و ترســان لە ڕەب بەو لاوە نییــە، بۆیە ژێری لاهووت و لاهووتی ژێر بابەتی خـزمـەتکردن نین، چونکە هەریەکـەیان سـەر بە دەڤەر و کایەی تایبەتی خۆیانن(٦).

## ڕەب خۆی هۆکاری خۆیەتی

١- هیچ گومـان لەوەدا نییـەکە ڕەب خـاڵی سەرەکی بیرکردنەوەی سپینۆزا بووە، ئەگەرچی نووسینێکی هەیە بەناوی «توێژینەوەیەکی کورت دەربارەی ڕەب و مرۆڤ و بەختەوەرییەکەی» بەڵام ئەو بابەتە پتر بە تێروتەسەلی لە شـاکـاری «ئاکـاردا» تاووتو کـراوە. لە یەکـەمـیـاندا بە پوختی هەوڵ دراوە بوونی ڕەب ساغ بکرێتەوە. سپینۆزا گوتوویەتی:

دەکرێ بوونی ڕەب بە شێـوازی پێشـیـیـانە apriori پشت ڕاست بکرێتەوە:

هەمــوو ئەوانەی ئێـمــە دەتوانین بە ڕوونی و ڕەوانی بیـزانین کـە سـەر بـە سـروشـتی شـتـێک بێ، دەتوانین بە ڕاستی لە بارەی ئەو شتەوە شت بڵێین و دەربڕین: ئێمە دەتوانین بە ڕوونی و ڕەوانی بزانین کــە بوون ســـەر بە سروشتی ڕەببە، کەوابوو:

چیەتی (ماهیەت)ی شت هەر لە کۆنەوە و هەتا هەتایە بەبێ گۆڕان دەمێننەوە. بوون چیەتی ڕەببە، ئیتر:

ئەگـەر مـرۆڤ بیـرۆکـەی ڕەبی لە مـێـشکدا بوو، ئەوە دەبێ ڕەب بەشێـوازی فـۆرمـالی بوونی هەبێ. ئێـســتـا مرۆڤ بیرۆکەی ڕەببی هەیە کەواتە:

ئەگـەر ئیـدێیــەک لە بارەی ڕەببـەوە هەبوو، ئەوە دەبێ هۆکـاری ئەو خـۆی بە شێـوازی فـۆرمـالی هەبووبێ و لە خـۆیدا هەمـوو شـتـێکی تێـدابێ ئەوەی لەئیـدێیـەکـەدا ئەکـتـیـڤـانە هەیە، بەڵام ئیـدێیـەک لە بارەی ڕەببـەوە(٧) هەیە، کەوا بوو ڕەب هەیە.

ئەو بەڵگەیەی سپینۆزا هێناویەتییەوە بە پێشـیـیـانە ناوی بردووە لەو پێناسە گریمانەیە کەوتووەتەوە کە ڕاستی دڵنـیــایی لێ کــراوی بیــرۆکــەیەک ناکــرێ لە دەرەوەی خــۆیدابێ، بەڵکو دەبێ لەوەی بەبیــردا هاتووە، هەبێ و پشت ڕاست بکرێتەوە.

ئەگـەر بوونی ڕەب بە ناچاری لە بیــرۆکـەو پێناســەی خۆی کەوتبێتـەوە و خۆی هۆکاری بوونی خۆی بێ و ئەگەر بگوترێ «ڕەب بـوونی نیـیـە» ئەو دەسـتـەواژەیە لە خـۆیدا بەخـۆی ناکـۆک بێ و چیـەتی ڕەب بوونی خـۆی تێـدابێ، یان گـەوهەر بەبێ (مـاهیـە) نابێ چۆن بوونی جیـهـانی دەوروبەر بە مـرۆڤـەوە لێکدەدرێتـەوە و چۆن ســپـینۆزا وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە؟!

نابێ مرۆڤ ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکات کە سپینۆزا بە پێـــچـــەوانەی دیکارتەوە بوونی ڕەببی کـــردووە بە دەسـتـپـێکی فـەلسـەفـەکـەی، ئینجا بەرەو بوونی شت، شمەکی دەوروبەر سروشت هەنگاوی هەڵگرتووە.

کەوابوو زانینێک ئەگەر ڕاستەوخۆ بەهۆی بۆ هاتنی بێ پێشیـیـانە دەستگیر نەبێ و ڕاستی بوونی «هەبوونی بێ کـۆتایی» تێـدا نـەبێ بە هیچ بنەمــایەک پشت ڕاست ناکرێتەوە. بەو پێیە، وەک سپینۆزا بۆی چووە:

ناکـرێ بوونی ڕەب بەهۆی شـتـێکی دیکەوە دەرکی پێ ببرێ و بزانرێ و بناسرێ. ئەو خۆی بنجـویناوانی بوون و زانینە و ئیـــتــر بە ڕوون و ڕەوان و ئاشکرا ناتوانرێ بە ســایە و یارمـەتی هیچ کـەرسـتــەیەکی تری زانین پێی بگەیشـتـرێ(٨) ئەو جـۆرە تێگەیشـتنی و بڕیاردانە کـە چەمکی ڕاستی و ڕاستەقینەش دەگرێتە خۆی وا پێویست دەکات، دەبێتە مایەی ئەوەی سەرلەنوێ ڕەنگی ڕوخسار و ناوەڕۆکی بابەتی میـتـافـیـزیک بڕێژرێتەوە. ئیـتـر بەو پێیە گرینگترین خاڵێکی میتافیزیک لێرە کە بیکات بە دەسـتـپـێکی چالاکـیـیـەکـانی، دەبێ لەو زانینەوە هەنگاو هەڵگرێ و دەست پێ بکات کــە ڕوخــســـاری ڕاســـتی (هەقیقەت) دیار و دەستنیشـان دەکات، واتە لە زانینی ژێر و تێگەیشتندا بە هەموو هێز و توانایی و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانەوە.

٢- پێناسـە و گەوهەر و چیـیـەتی ئەو کـەرستـەیەن کە سپینۆزا کۆشکی جیهاندیدە میتافیزیکییەکەی پێ بنیاد ناوە و دامەزراندووە.

پێناسە چالاکییەکە ئەگەر پشت بە ئەرستۆ ببەسترێ، دەگـوترێ بریـتـیـیــە لە نـاوهێنـان و باسکردنی ڕەگــەز و جیاکار، بەڵام لەلای سپینۆزا پتر بەلای باسکردنی پوختە و خـەسـڵـەتە تایبـەتییـەکـان هەنگاوی ناوە. سـەرەتای شـاکـاری (ئاکـار) بە پێناسـەی هۆکـار، گـەوهەر، ڕەب دەسـتی پێ کـردووە، ئینجـا گـەیشـتـۆتە ئەو ئەنجـامـەی ناکـرێ لە سـروشـتـدا دوو گـەوهەر هەبێ کـە هەمـان خەسڵەت و سروشت و تایبەتمەندیان هەبێ(٩):

- هۆکار بەلای ئەو فەیلەسووفەوە ئەوەیە چیبەتییەکەی

بوونی خۆی تێدایە، سروشتەکەی دەکرێ تەنیا هەروەک بوونەوەر پەی پێ ببرێ. شتێک خەسڵەتی سنووردار (کۆتایی) دەبێ ئەگەر لەلایەنێکی تری هەمان سروشتەوە سنووردار بکرێت. بۆ نموونە لەشێک کۆتایی و سنووردار دەبێ کە لەلایەن لەشێکی گەورەترەوە سنوور و ڕادەی بۆ دابنرێ. هەمان شت بیرۆکە دەگرێتەوە، بەڵام ناکرێ بیرۆکە سنوور و ڕادە بۆ لەشێک دابنێ.

– گەوهەر ئەوەیە لەخۆیدا هەیە و بەهۆی خۆیەوە دەزانرێ و پەی پێ دەبرێ. ناسین و تێگەیشتنەکەی پێویستی بە بۆچوونی یەکێکی تر نییە، بۆ ئەوەی لەوەوە ڕۆبنرێ. خەسڵەتیش لە گەوهەری چییەتییەک بەولاوە نییە کە مێشک پەی پێ دەبات.

– ڕەب لە خۆیدا بوونەوەرێکی بێ قەید و مەرجی بێ سنوور و بێ کۆتاییە، گەوهەرێکە لە خەسڵەتی ئەوپەڕی لە ژماردن نەهاتووی بێ سنوور و کۆتایی و نەبڕاوە پێکهاتووە. هەریەکێک لەوان چییەتییەکی نەمر و بێ کۆتایی دەردەبڕێ.

بەو پێیەی ئەو پێناسانەی سپینۆزا کردوونی، ناکرێ دوو گەوهەر هەمان خەسڵەت و تایبەتمەندییان هەبێ و سروشتی گەوهەر بوونی خۆی تێدابێ و هەموو گەوهەرێکیش بەشێوازی ناچاری بێ سنوور و بێ کۆتایی بێ. چۆن دەکرێ هەمەڕەنگی و جیاوازی نێوان بوونەوەر و سروشت سەربەخۆیە چۆنە و چۆن پاساو دەدرێتەوە؟ ئەگەر ڕەب خۆی لەخۆیدا تاکە گەوهەر بێ، دەبێ سروشت لەخۆیدا چی بێت؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارانەوە، پشت ئەستوور بە پێناسەکانی ئەو کەڵە فەیلەسووفە ئەو ئەنجامە دەکەوێتەوە:

ئەگەر تەنیا هەریەک گەوهەر هەبێ و لەگەڵ ئەودا هیچی تر بوونی نەبێ، دەبێ هەر لە سەرەتاوە هەردوو خەسڵەتەکەی دیکارت باسی کردوون: بیر و کشان تایبەتمەندی ئەوبن، لەلایەکی دیکەوە، دەبێ تێکڕای جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەریش بەوە پوخت و کورت بکرێتەوە کە لە خەسڵەت و تایبەتمەندی(١٠) ئەو گەوهەرە بەولاوە شتێکی دیکە نییە! ئیتر تێکڕای سروشت بە هەموو شتێکییەوە دەبێ بە شتێک لە گەوهەری ڕەبدا، بە وتەی سپینۆزا خۆی دەربارەی ڕەب و سروشت:

هەموو شتێک، ئەو هەیە، لەڕەبدا هەیە، هیچ شتێک بەبێ ڕەب ناکرێ بوونی هەبێ، یان پەی پێ ببرێ(١١).

ئەو پێناسەیەی سپینۆزا ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە لە ڕەب بەولاوە، لە دەرەوەی ڕەب هیچ گەوهەرێک بوونی نییە و ناکرێ لە هیچیان بگەیشترێ و پەی پێ ببرێ، واتە هیچ گەوهەرێکی تر لە ئارادا نییە کە لەخۆیدا بوونی هەبێ و هەر بەهۆی خۆیەوە بتوانرێ بزانرێ و درکی پێ بکرێ. ڕەوش و خەسڵەتەکان Modi لەلایەکی دیکەوە بەبێ گەوهەرێک نەبوونیان دەبێ و نە پەیان پێ دەبردرێ begriffen. لە دەرەوەی گەوهەر و ڕەوش و خەسڵەتەکان هیچ شتی تر بوونیان نییە. ئیتر بەبێ بوونی ڕەب، ناکرێ هیچ شتێک بوونی هەبێ و دەرکی پێ بکرێ.

دوای ئەوەی سپینۆزا بوونی ڕەبی ساغ کردەوە و قسەی لەوە کرد ڕەب چییە، خۆی لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەبوێرێ و سەرپێیانە بەلایدا تێدەپەڕێ:

هەندێک بە خەیاڵ وای بۆ دەچن ڕەب هەیە، بەڵام وەک مرۆڤ وایە لەش و گیانی هەیە و دووچاری دەستی خواست و حەز و ئارەزووە (Leidenschaften). ئەمە چۆن لێک دەدرێتەوە؟

ڕەب بوونەوەرێکی ناوەکییە لە هەموو کات و شوێنێکدا ئامادەیی بوونی هەیە و ناکرێ هۆکارێکی ڕاگوزەری شمەک و شتەکان بێت، بەڵام ڕەب هۆکاری ئەو شتانەیە کە بوونیان لەودایە. هیچ شتێک لە دەرەوەی ئەودا بوونی نییە، کەوابوو ڕەب هۆکاری(١٢) ناوەکی immanente هەموو شتێکە، بەڵام هۆکارێکی سەرپێی ڕاگوزاری نییە. ئەو ئەنجامەی لەو قسەیە دەکەوێتەوە، دەبێ تەنیا یەک تاکە گەوهەر هەبێ و خەسڵەت و تایبەتمەندی (سیفەتەکان) ڕەب وەک خۆی هەموویان هەتا هەتایی و بێ سەرەتا و بێ کۆتایین و دەستی گۆڕان نایانگاتێ و لە خودی ڕەب، ڕەب بەولاوە نین! ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات: تا چەند سپینۆزا ئەو قسەیەی لە ئبن مەیموونەوە خواستۆتەوە؟

ئەگەر لە جیهاندا (بە قسەی سپینۆزا) ڕێککەوت نەبێ، بەڵکو هەموو شتێک بە ناچاریی لە ڕەوشی ناچاریی Notwendigkeit ڕەبەوە پەیدابووبێ و کەوتبێتەوە و ڕەب خۆی هەرە کۆن (ئەزەلی) و بێ سەرەتا و کۆتایی بێت و خەسڵەتی لە ژماردن نەهاتووی

هەبێ و بەپێی قانوونەکانی سروشتی خۆی کار بکات و کەس نەتوانێ تۆبزی لێ بکات، ئینجا ئەگەر نەشیابێ و نەکرابێ شتەکان بە شێوازێکی دیکە جیاواز لەوەی کەوتوونەتەوە، بە نەزمێکی دیکە پەیدابووبانایە و کەوتبانایەوە، چۆن ڕەوشی بوونی سروشت، پێوەندی خواست و ڕێککەوت و ناچاریی و مەحاڵ لێکدەدرێنەوە؟!

٣- لە بەرهەمەکانی دیکارتدا پێ لەسەر بوونی سێ گەوهەر داگیراوە: ڕەب، ژیر، مادده، ئینجا خەسڵەتی بیرکردنەوە و کشانی بۆ ژیر (دەروون) و مادده دیار و دەستنیشان کردووە. سپینۆزا ئەو بۆچوونەی بەلاوە پەسند نەبووە، کۆشاوە بوونی تەنیا تاکە گەوهەرێک پشت ڕاست بکاتەوە کە دوو دیوی هەیە. بەپێی ئەو پێناسانەی گەوهەر کە کردوویەتی جیهاندیدە میتافیزیکییە یەکڕەنگییە یەک گەوهەرەکەی ڕەنگ ڕشتووە کە دەکرێ وشەی عەرەبی باو (وحدەی وجود)ی بۆ بەکاربهێنرێ. گەوهەری ڕەب دوو دیوی هەیە کە ئەو دوو چەمک (ناوەی) بۆ داناوە:

**یەکەم:** لەلایەکەوە سروشتێکی داهێنەرە: Natura naturans کە مەبەست لە ڕەب خۆیەتی، ئەوەیە کە لەخۆیدا بوونی هەیە و لەخۆیدا دەکرێ وێنا بکرێت، ئەو خەسڵەتانەی گەوهەر چییەتییەکی Essenz هەرە کۆن و بێ کۆتایی و بێ سنوور دەردەبڕن، واتە: ڕەب. لەوەدا کە بە هۆکارێکی ئازاد دادەنرێ.

**دووەم:** سروشتی داهێنراو: Natura naturata مەبەست لە سروشت و مرۆڤ و دەوروبەرە بە هەموو شتێکەوە، هەموو ئەوانەی لە سروشتی ناچاری ڕەب، یان هەموو ئەوانەی لە ناچاریی سروشتی خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی دەکەونەوە، واتە هەموو ڕەوش و دۆخەکانی خەسڵەت و (سیفەتەکان)ی ڕەب لەوەدا کە بەشت دادەنرێن و لە ڕەبدا بوونیان هەیە و بەبێ ڕەب بوونیان نابێ و پەیان پێ نابرێ و وێنا ناکرێن(١٣). بەو پێیە تەنیا تاکە گەوهەرێک لە بووندا بوونی هەیە ئەو گەوهەرە وەک دراو (پارە) دوو لایەن، دوو وێنە، دوو ڕەهەندی هەیە: (ئەگەر بشێ ئەو وشە ساکارانە بەکاربهێنین) لەلایەکەوە ڕەب و داهێنەرە، لە لایەکەی تریەوە سروشت و داهێنراو و هەموو شتێک، هەرچی هەیە دەگرێتە خۆی، بەڵام بوونەکەیان پابەندی بوونی ڕەببە!.

ئەو دوو ڕەوشەی گەوهەرە هەتا هەتاییەکە بوونەوەرێکی بێ سنوور و بێ کۆتاییە و ئەوپەڕی ڕەهاو تەواوە. ئەگەر ڕەب (ئەو گەوهەرە) لە گۆشەی خەسڵەتە بێ سنوورە بێ کۆتاییەکانییەوە سەرنج بدرێت، کاریگەر و داهێنەرە و خۆی هۆکاری بوونی خۆیەتی و سروشتی داهێنەرە، بەڵام:

ئەگەر سەرنجی ڕەوشە دیار و بەرچاوەکانی بدرێت، بەبێ بوونی ڕەب، بوونی نابێت سروشتی داهێنراوە.

لەو جیهاندیدە میتافیزیکییەی سپینۆزادا چەند چەمکێک سەرنج ڕادەکێشن و خەسڵەتی ئەو سیستەمەی دیار و دەستنیشان دەکەن و ناکرێ لە چوارچێوەی نەزمە فەلسەفییەکەی بە دەربگیرێن و دواتر لە فەلسەفە ئایدیالیستی ڕەهای ئەڵەماندا بەجوانترین شێوە ڕەنگیان داوەتەوە گرینگترینیان ئەوانەن:

- ڕێککەوت: مەبەست لە وشەی عەرەبی (سودفەیە) بەرانبەر بە وشەی ئەڵەمانی Zufall. لە بەرانبەر ئەو وشەیەدا لە زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامدا بە تایبەتی لەلای فارابی و بوعەلی سینای بوخاری وشەی (حادث) بەرانبەر بە وشەی (واجب) بەکارهاتووە.

ڕێککەوت لەلای سپینۆزا شتێکە کە بە تەواوەتی لە بارەیەوە نەزانرێ و زانینەکەی کەموکورتی تێدابێ. شتێکە کە مرۆڤ لە بارەیەوە نەزانێ ئایا چییەتییەکەی ناکۆکی لەنێوان خۆیدا تێدایە، یان ئەو شتەیە کە ئێمە باش دەزانین کە چییەتییەکەی هیچ ناکۆکییەکی تێدا نییە، بەڵام ناتوانین هیچ شتێکی دڵنیایی لێ کراو دەربارەی بوونەکەی ساغ بکەینەوە، چونکە ئێمە نەزمی هۆکارەکانی نازانین و لێمان شاردراوەیە. ئەو جۆرە شتە هیچ کاتێک ناکرێ وەک ناچاری، یان وەک ناشیاوەکی بێتە بەرچاومان، بۆیە ئێمە بە ڕێککەوت، یان شیاوەکی ناودەبەین.

- ناچاریی: لەبەرانبەر (حەتمییەتی عەرەبی بەکارهاتووە) شتێک بە «ناچاریی» ناودەبرێ بە سایە و لەسەر بنەمای چییەتییەکەی (ماهیەت)، یان بەسایە و بەهۆی هۆکارەکەیەوە. بوونی شتێک بە تایبەتی بەشێوازێکی ناچاریی، یان لە چییەتییەکەیەوە پێناسەکەی، یان لە هۆکارێکی کارای کاریگەری دیاریکراوەوە دەکەوێتەوە. ناچاریی ئەوەیە کە لەوەی

هەیە بەولاوە نەدەکرا شتێکی تر و بەجۆرێکی دیکە بێت.

– مەحاڵ، یان ناشیاوەکی بەرانبەر بە وشەی (مستحیل لە عەرەبیدا) لەبەر ئەو هۆیانەی باس کران، شتێک بە مەحاڵ دادەنرێ. ئەو شتە ناشیاوەکییە کە چییەتییەکەی، یان پێناسەکەی ناکۆکی تێدابێ(١٤) یان هیچ هۆکارێکی دەرەکی لە ئارادا نییە کە بۆ ئەو مەبەستە دیار و دەستنیشان کراوبێ، ئەو جۆرە شتەی لێ بکەوێتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Bertrand Russell: Philosophie des Abendlandes. Wien 2000. S.579. ff.**

**٢- د. فؤاد زكريا: سپينوزا. دارالتنوير، سلسلة الفكر المعاصر(١). ط٢، بيروت، ١٩٨٣ صفحة ١٠٥ وفي أماكن أخرى.**

**٣- د. أشرف منصور: سپينوزا و نقد العقل الخالص، دار رؤية للنشر والتوزيع. القاهرة – ٢٠١٣، ص١، ص٣٤ وفي أماكن أخرى.**

**4- Lewis Robinson: Untersuchungen Uber Spinozas Metaphysik. In: Archiv fur Philosophie. 19 Bd. Heft. 3. Berlin 1906. S.297 ff.**

**5- Emerich Coreth und Harald Schon dorf: Philosophie des 17. und 18 Jahrhunderts. 3. Auflage. Kohlhammer Verlag. Stuttgart 2000. S.85.**

**6- Wilhelm Weische del: Der Gott der philosophen. WB. Darmstadt 1998. S.176. ff.**

**7- Baruch de spenoza. werke in drei bande. Bd. I. Erster Teil von Gott. Erster kapital. 1-5. S.17-18.**

**8- Ernst Cassirer: Gesammelte Werke. Bd. 3. Meiner. Hamburg 1999. S.57. ff. Das Erkenntnisproblem. 8d.2.**

**9- Baruch de spenoza. Ebend. Erster Teil der Ethik. von Gott. Definitionen 1-6. S. 5-6.**

**10- Heinrich Schmidinger: Metaphy sik. Kohlhammer Verlag. Stuttgart 2010. S.183. ff.**

**11- Baruch de spenoza. Ebenda. Part 1. Lehrsatz: 15. S.18. ff.**

**12- Baruch de spenoza. Ebenda. Part 1. Lehrsatz: 18.**

**13- Baruch de spenoza. Ebenda. Part 1. Lehrsatz: 29.**

**14- Baruch de spenoza. Ebenda. Part 1. Lehrsatz: 33 Anmerkung: 1.**

# هێراکلیتوس
# (٥٠٠ ی بەر لە زایین)

دانییێل دەبلیۆ گراهام
لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید عوسمانیان
(شنۆ)

هێراکلیتوس فەیلەسووفی یۆنانی کۆتاییەکانی سەدەی شەشی بەر لە زایین بوو، هێراکلیتوس ڕەخنە لە بیرمەندانی بەر لە خۆی و سەردەمی خۆی دەگرێت کە نەیانتوانیوە لە «یەکە» بوونی ئەزموونەکان تێبگەن. ئەو داواکاری دەربڕینی وشەیەکی هەتاهەتایی و هەمیشەییە بە ناوی «لۆگۆس – logos». بە پێی ئەم وشەیە، لە مانایەکدا هەموو شتەکان یەکن. «یەکەیی هەموو شتێکە». دژبەرەکان (Opposites) بۆ ژیان پێویستن، بەڵام لە سیستمی ئاڵوگۆڕە هاوسەنگ کراوەکاندا یەکە کراون و بە یەکە گەیشتوون.

بە بڕوای هێراکلیتوس جیهان بۆ خۆی لە ئاڵوگۆڕی شێوە – یاسایی توخمەکان (A law-like Inter-change of elements) وەدی هاتووە کە ئاورسیمبلیزەی کردوون. جیهان بە هیچ مادە و بنیادێکی تایبەتەوە ناناسرێت و پێناسە ناکرێت، بەڵکو لە ڕێی پرۆسەیەکی بەردەوام کە «یاسای گۆڕان»ی بەسەردا زاڵە، شیاوی تێگەیشتن و ناسینە. لەو بەستێنەیەدا «یاسای بنەمایی» سروشت، خۆی وەک یاسایەکی ئەخلاقی نیشان دەدا.

هێراکلیتوس یەکەم فەیلەسووفی ڕۆژئاواییە کە بۆ ناسینی بنەما میتافیزیکییەکان و کارکردە ئەخلاقییەکان، هەنگاو دەنێتە واوەی تیورییەکی فیزیکی.

ڕیزی ناوەرۆکەکان

١– ژیان و زەمان
٢– تیوری مەعریفەت.
٣– دوکتۆرینی گۆڕانکاری و یەکە بوونی دژبەرەکان.
٤– ڕەخنەگری لە فەیلەسووفەکانی ئیۆنی.
٥– تیوری فیزیکی.
٦– تیوری ئەخلاق و سیاسەت.

٧- سەرچاوەكان و خوێندنەوەی زۆرتر.

## ١- ژیان و زەمان

هێراكلیتوس لە ئیفیێسوس، شارێكی گرینگ لە قەراخ ئیۆنی ئاسیای بچووك و نە زۆر دوور لە مێلێتوس، شۆینی لە دایك بوونی فەلسەفە، ژیاوە. لەمەڕ ژیانی هێراكلیتوس هیچ نازانین، مەگەر ئەو شتەی كە لە قسەكانی خۆیەوە وە گیرمان كەوتبێت، چونكە سەرتاسەری ژیاننامە كەونارایەكان دەربارەی هێراكلیتوس هیچیان تێدا نییە، مەگەر هەندێك هەڵهێنجان «inference» و تەعبیری خەیاڵی، گوماناوی و بێ بنەما كە لە ڕووی قسەكانی خۆیەوە نووسراون.

پلاتۆ پێی وابوو كە هێراكلیتوس پاش پارمنیدێس، فەلسەفەی خۆی نووسی، بەڵام بە شیمانەیەكی زۆرەوە وادیارە كە هێراكلیتوس، پێش پارمنیدێس فەلسەفەكەی خۆی نووسیوە، چونكە لە نووسەر و بیرمەندێكی ناودار دەدوێت كە لەگەڵ ڕوانگەكانی هاودەنگ نییە و ڕەخنەیان لێ دەگرێت. لەو بەستێنەیەدا ناوی پارمنیدێس ناهێنێت، بەڵام وادیارە ئەم بیرمەندە كەس نییە مەگەر پارمنیدێس. لە لایەكی دیكەوە، پارمنیدێس لە شیعرەكەیدا بە شێوەیەكی باوەڕ پێكراوانە، وشەكان و قسەكانی هێراكلیتوس دەنوێنێتەوە. هێراكلیتوس ڕەخنە لە ئوستوورەكانی هومێر (Homer)، هێزیۆد (Hesiod) و فەیلەسووفی وەك پیساگۆراس (Pythagoras)، خێنوفان (Xenophanes) و هێكتاتۆسی (Hectataeus) مێژوونووس و مێژووزان دەگرێت. هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی كە لە سەدەی شەشی بەر لە زاییندا، سەریان هەڵدا، هەڵگری زانیارییەكن لەمەڕ هێراكلیتوس و پێمان دەڵێن ئەگەرچی هێراكلیتوس لە كەرتە بەربڵاوەكانیدا بە وردی لەمەڕ ڕوانگە سیاسییەكانی نادوێت، بەڵام لە بەرانبەر خەڵكی ئاساییدا، لایەنگری حكوومەتی ئەرستۆكراتیكە. بۆ نموونە كاتێك كە بە هاوشارییەكانی دەڵێت دەبێت خۆتان هەڵواسن، چونكە بەرجەستەترین ڕێبەری خۆتان لە شار دەركرد، لایەنگری ڕۆڵی هەندێك كەسی شارەزا و عاقڵە. (DK22B لە Diels-kranz collection of presocratic source).

### ٢- تیوری مەعریفەت

((هێراكلیتوس لەسەر ئەم ڕایە بوو كە زۆربەی



**هێراكلیتوس**

خەڵك، لە هیچ تێناگەن)). ئەو لە وشەیەكی هەمیشەیی و هەتاهەتایی (لۆگۆس) دەدوێت: وادیارە كە مرۆڤەكان چ ئەو كاتەی گوێیان لە لۆگۆس دەبێت و چ ئەو كاتەی كە گوێیان لێ بووە، هیچ تێناگەن، تەنانەت ئەگەرچی هەموو شتێك بە پێی ((لۆگۆس)) ڕوو دەدات.

مرۆڤەكان هەروەك ڕوونی دەكەمەوە و هەر شتێك بە پێی سروشتی خۆی جیا دەكەمەوە و پێتان دەڵێم كە چۆنە، ئێستاش هەروا لەو وشەو كردارانەی كە ئەزموونیان كردوون تێناگەن و دەڵێی ئەزموونیان نەكردوون. مرۆڤەكانی تریش ئاگایان لەو شتەی كە لەكاتی وەخەبەر بووندا ئەنجامی دەدەن نییە، هەروەك ئەو شتەی كە لە كاتی خەوتندا ئەنجامی دەدەن، لە بیر دەكەنەوە. DK22B1»

زۆربەی خەڵك لە ماوەی ژیانیاندا وەك ئەو كەسانەن كە لە خەودا دەڕۆن و ئاگایان لە هیچ نییە، ئەگەرچی ئەزموون كردنی وشەكان و كردارەكان دەتوانێت ڕوونكەرەوەی زەینی ئەو كەسانە بێت كە ئامادەی پەسەندكردنی مانایەكانیانن. (ئەم ڕستەیەی ڕەچاوكەن كە مایەی تێڕامانە و تەماوییە: ئاخۆ ((هەتاهەتایی بوون)) بە پێی وشە پێشڕەوەكان، یان وشە پێڕەوەكان بەكار دەبرێت؟ لێرەدایە كە هێراكلیتوس تێكچندراوی سیمانتیكی پەیامەكەی بەرجەستە دەكاتەوە.).

لە لایەك هێراكلیتوس داكۆكی لە ئەزموون هەڵگری

مانا دەکات و پێمان دەڵێت: "ئەو شتانەی کە دەبینرێن، دەبیسرێن و ئەزموون دەکرێن لەلای من شیاوی هەڵبژاردنن"(Dk22B55) و لە لایەکی دیکەوە دەڵێت" بۆ ئەو مرۆڤانەی کە خاوەن ڕوحێکی کێوین، شاهیدی لاواز، چاوەکان و گوێیەکانیانن" (DK22B107). مرۆڤی کێوی ئەو کەسەیە کە بە زمانی یۆنانی قسە ناکات. لە حاڵێکدا کە ئەزموونی هەستی بۆ تێگەیشتن زۆر پێویستە، ئەگەر زمانێکی بە تەواوی نەزانین، ناتوانین ئەو زانیارییانەی کە هەستەکان دەیان ئافرێنن، لێک دەینەوە و شرۆڤەیان بکەین. هێراکلیتوس سەبارەت بە ڕۆڵی گرینگی ئەزموون و عەقڵ لە مەعریفەتدا، ڕوانگەیەکی سیستماتیک و وردبینانە دانارێژێت، بەڵام دەتوانین لە شێوە ڕاوێژی زاراوەکانی شتێک فێربین.

ئەو لە وەسف کردن و کارکردی پەیامهێنەرە ئایینییەکاندا دەڵێت: "خواوەندێک کە پەیامە نهێنییەکەی (oracle) دەکەوێتە سەر پەرستگەی دێلفی نە خۆی ئاشکرا دەکات و نەخۆی دەشارێتەوە، بەڵکو نیشانەیەک دەنوێنێت" (DK22B93) بە هەمان شێوە هێراکلیتوس نە خۆی ئاشکرا دەکات و نە خۆی نیشان دەدا، بەڵکو وتەگەلێکی تێکچنراو دەئافرێنێت کە بۆ ئەو کەسانەی دەتوانن لێکی بدەنەوە و شرۆڤەی بکەن، پەیامی چەند برکە دەنوێنێت.

هێراکلیتوس بۆ سازکردنی ئەو وتانەی کە مانایەکی فرەتریان لە ئاشکرایی و ئاشکرابوون هەیە لە وتەی هاوتا، نەستەق، پارادۆکس، ئانتی تێز و پەندی ئەدەبی و ڕەوانبێژانەی جۆراوجۆر کەڵک وەردەگرێت. ئەم ڕووکردە لەگەڵ پێداگری لەسەر وشەی ((لۆگۆس)) لە مانای پرانسیپی تەکووز بەخشی جیهاندا (Ordering principle of the world) پێشنیار دەکات کە هێراکلیتوس وتەکانی خۆی وەک لاساکردنەوە لە جیهانێک کە تێکچنراوی سیمانتیک و پێکهاتەیی هەیە دەبینێت. بۆ خوێندنەوەی هێراکلیتوس، خوێنەر دەبێت مەتەڵە کردەکییەکان چارەسەر کات و بۆ فێر بوونی چارەسەر کردنی مەتەڵەکان، دەبێت فێر بێت کە نیشانەکانی جیهان بخوێنێتەوە. هێراکلیتوس لە میتودی ئیستقرایی تێگەیشتنی جیهان لە جیاتی میتودی قیاسی تێگەیشتنی جیهان، کەڵک وەردەگرێت. بۆ ئەو کەسانەی کە لە فۆرم و شکڵی جیهان تێدەگەن، ((لۆگۆس)) هەڵگری پەیامێکە تاکو بیگەیەنێت.

پەیامەکە دەڵێت: گوێ مەدەنە من گوێ بدەنە لۆگۆس، عاقڵانەیە لە سەرەوە هاوڕا بین کە شتەکان هەموو یەکەن (DK22B50)، ئەمە ڕەنگە پرۆژەی سەرەکی هێراکلیتوس بێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە کە لە چ مانایەکدا شتەکان هەموو یەکەن.

### ٣- دوکتۆرینی گۆڕان و یەکە بوونی دژبەرەکان

بە پێی فەلسەفەی پلاتۆ و ئەرستۆ، هێراکلیتوس ڕوانگەی زۆری هەبووە کە پێوەندییەکی لۆژیکییان لەگەڵ یەکتر نەبووە، چونکە ئەو دەڵێت کە :

١- هەموو شتێک بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندایە.

٢- شتە دژ بە یەکەکان، یەک جۆرن، ئینجا...تاد.

٣- لە کاتێکی یەکساندا هەموو شتێک هەیە و نییە.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە گۆڕانی گشتی و هاوسانی دژبەرەکان هۆی ڕەتکردنەوەی یاسای نەبوونی دژبەرییە (Law of non-contradiction) لەو بەیانەدا کاتێک پلاتۆ دەڵێت: هێراکلیتوس پێی وایە کە هەموو شتێک لە ناو دەچێت و هیچ شتێک نامێنێتەوە و بە هەڵسەنگاندنی ئیگزیستانسەکان لەگەڵ ئاوی چۆم دەڵێت: ئێوە ((ناتوانن دوو جار لە چۆمێکدا هەنگاو بنێن)) (Cratylus 402a= DK22A6) ئاماژە بە سەرچاوەی دوکتۆرینی گۆڕان دەکات.

مەبەستی هێراکلیتوس لە واقیعدا ئەوەیە کە ئەو هەنگاوانەی دەچنە نێو چۆم، هەر وەک یەکن، بەڵام چۆم دەگۆڕێ و ئاوی نوێ و دۆخی نوێ دێتە گۆڕێ. دەبینین کە ئانتی تێزێک نێوان ((یەکسانی)) و ((ئەوی تر)) بوونی هەیە، چونکە ڕستەکە دەڵێت ئاوە جیاوازەکان کە لە چۆمەکاندا ڕەوانن، یەکسانن و یەکسان دەمێننەوە (staying the same). بە واتایەکی دیکە ئەگەرچی ئاوەکان هەمیشە لەگۆڕاندان، بەڵام چۆمەکان یەکسان و نەگۆڕ دەمێننەوە. لە حەقیقەتدا، ئەوە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی بە هۆی ئەوەیە کە گۆڕانی هەمیشەیی ئاوەکان تا ڕادەیەکە کە دەڵێی هەر چۆمێک بوونی هەیە و هیچ دەریا و بەنداوێک بوونی نییە. پەیامەکە ئەوەیە کە چۆمەکان بە تێپەڕ بوونی زەمان دەتوانن یەکسان بمێننەوە، کەچی : ئاوەکان دەگۆڕێن.

دواجار خاڵی گرینگ ئەوە نییە کە هەموو شتێک لە گۆڕاندایە، بەڵکو ئەم واقعیەتەیە کە گۆڕانی شتێک و شتەکان بوونی درێژەدار و بەردوامی شتەکانی دیکە دەرەخسێنێت، یان گۆڕانی شتێک هۆی دەوامی شتەکانی

دیکەیە. بە شێوەیەکی گشتیتر، ڕەنگە گۆڕان لە توخمەکان، بەشەکان و بنیادنەرەوەکاندا پشتیوانی لە بەردەوامی و پایەداری پێکهاتەکان بکات. هەروەک دکتۆرینی ((هاوسانی دژبەرەکان)) (Identity of opposite)، هێراکلیتوس باوەڕی بە ((یەکە بوونی دژبەرەکان)) هەیە.

بۆ نموونە: خواوەند شەوە - ڕۆژە، زستانە، هاوینە، شەڕە - ئاشتییە، برسیەتییە - تێرییە، بەڵام ئەگەر وردتر لەو بابەتە بڕوانین، دەزانین کە یەکەیی هەمان هاوسانی نییە، ئەو جۆرەی کە ژیان و مردن، وەخەبەر بوون و خەو، لاوی و پیری بۆ ئێمە یەکسانن. لەو بارەدا ڕستەی دووەم لە کەرتی (B88)دا ڕوونکردنەوەیەکمان دەداتێ. ئەگەر F وەک G هاوسانە، چونکە F دەبێتە G، ناتوانین بڵێین: (G.F) هاوسانن.

هێراکلیتوس لەسەر حەقیقەتی گشتی گۆڕان پێداگری دەکات و دەڵێت: شتە ساردەکان گەرم دەبنەوە. گەرمەکان، فێنک دەبنەوە، خاوی وشک دەبێتەوە و وشک خاو دەبێتەوە (DK22B126). ئەو جۆرە گۆڕانە دوو لایەنەیە، ناهاوسانی زاراوەکان و وشەکان پێش گریمانە دەکات. ئەو شتەی کە هێراکلیتوس حەزی لێیەتی پشتیوانی لێ بکات، هاوسانی دژبەرەکان نییە، بەڵکو ئەم واقعیەتەیە کە دژبەرەکان لە هەندێک ئاڵوگۆڕدا، جێنشینی یەک دەبن: دژبەرەکان شیاوی گۆڕانن- گۆڕینەوەن و بە شێوەیەکی گۆڕان هەڵگر و لە گۆڕینەوە هاتوو (interchangeable)، هاوتای یەکن.

کەوابوو، هێراکلیتوس مەبەستی گۆڕانکارییەکی جیهانی و گشتی نییە، بەڵکو مەبەستی گۆڕانی شێوە - یاسایی توخمەکانە و قسە لە هاوسانی دژ بەرەکان ناکات، بەڵکو لە هاوتایی جێ گۆڕکێیانەی دژبەرەکان دەدوێت. ڕوانگەکانی چ بە شێوەی جیا و چ بە شێوەی لکاو هۆکاری ڕەت کردنەوەی یاسای نەبوونی- دژبەری(the law of Non-contradiction) نین و بۆ دڵنیاکردنەوەی ئێمە گوزارەی پارادۆکسیکاڵ دروست دەکات، بەڵام ڕوانگەکانی، خۆ- دژبەرتر لە داخوازییە پارادۆکسکاڵەکانی سوکرات نین و مەبەستیان ئەوەیە کە ئێمە لە خەوەنووچکەی دۆگماتیکی ڕاپەڕێنن.

**٤- ڕەخنەگری لە فەلسەفەی ئیۆنی**

تیوری هێراکلیتوس دەکرێت وەک وەڵامدانەوەیەک بەرانبەر بە پێشڕەوانی پێشووی فەلسەفەی ئیۆنی، فام بکرێت. فەیلەسووفەکانی شاری مێلێتوس (نزیک لە ئیفێسوس) وەک تالیس (Tales)، ئاناکسمێندر (Anaximander)، ئاناکسیمێنس (Anaximenes)، لەسەر ئەم ڕایە بوون کە هەندێک مادەی بنەڕەتی و سەرچاوە، دەگۆڕێن و دەبن بە شتی دیکە. ئەوان دەیانگوت؛ ئەم جیهانەی ئێمە دەیناسین بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە فۆرم و مادەی جۆراوجۆر پێکهاتووە، بەڵام ئەم جۆاوجۆرییە و ئەم فۆرمانە لە مادەیەکی ڕەسەن و بنچینەیی، سەرچاوەیان گرتووە.

بۆ ئەم فەیلەسووفانە، پێناسەکردنی جیهان و دیاردەکانی جیهان، تەنیا بەندە بە ناسینی ئەوە کە چۆن هەموو شتێک لە مادەیەکی بنچینەیی سەرچاوەی گرتووە. تالیس دەیگوت: ئاو مادەی بنچینەییە و ئاناکسیمێنس دەیگوت هەوا مادەی ڕەسەن و ئافرێنەری جیهانە.

وادیارە کاتێک هێراکلیتوس قسە لە ((ئاگری هەمیشە زیندوو- Everliving fire» دەکات، پێڕەوی ئەم شێوە پێناسەکردنەیە و گوزارەی وەک ((برووسک (ئاور) هەموو شتەکان وەگەڕ دەخات))، ((بەرەو هێزی ڕاستەوخۆیانەی ئاوربان ڕادەکێشێت))، دەردەبڕێت، بەڵام ئاور مادەی بەهێزی سازکردن و خولقاندنی سەرچاوەی هەموو شتەکانە، چونکە بگۆڕە و نەوەستاو. لە حەقیقەتدا، ئاور سیمبۆلی گۆڕان و بەرەو پێش چوونە.

هێراکلیتوس بە شێوەیەکی تر دەڵێت: هەموو شتێک ئاڵوگۆڕی ئاگرە. ئاور ئاڵوگۆڕی هەموو شتێکە، هەروەک کەلوپەلەکان بە زێڕ دەگۆڕنەوە و زێڕ بە کەلوپەل. (DK22B90).

ئاور ستانداردێکە و ئێمە دەتوانین هەموو شتێک بە ئاور لە پێوانە بدەین و نێوان شتەکان و زێڕ هاوتاییەک هەیە، بەڵام شتەکان هاوسانی زێڕ نین. بە هەمان شێوە، ئاورستانداری بایەخ و پێوەری هەموو مادەکانە، بەڵام لەگەڵیان هاوسان نییە. ئاور لە سیستمی فەلسەفەی هێراکلیتوسدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، بەڵام تاقە سەرچاوەی شتەکان نییە، چونکە هەموو مادەکان هاوتای یەکن. لە کۆتاییدا، ئاور وەک سیمبۆلیک گرینگترە هەتا مادەیەک. ئاور بەردەوام لە گۆڕیندایە، هەروەها هەموو مادەکانی تریش. لە چەرخەی گۆڕاندا، شتێک لە شتێکی تر دا ئاڵوگۆڕ دەکرێت و ئەوەی کە بەردەوامە و

هەمیشەییە، مادە نییە، بەڵکو پرۆسێسی هەمەلایەنەی گۆڕانە. یاسای بەردەوامی ئاڵوگۆڕی لە ئارادایە کە ڕەنگە هاوسان و هاوشێوەی لۆگۆس بێت. هێراکلیتوس ڕەنگە ئەوەی بڵێت کە فەیلەسووفەکانی مێلێتوس، بە شێوەیەکی دروست بەوە گەیشتبن کە مادەیەک دەبێتە مادەیەکی دیکە، بەڵام بە ناڕاستی وا تێگەیشتن کە مادەیەک سەرچاوەی هەموو شتەکانە. ئەگەر A سەرچاوەی B بێت و B سەرچاوەی C و C بگەڕێتەوە بۆ B، دواجار B بە هەمان شێوە دەبێتە سەرچاوەی A و C و C دەبێتە سەرچاوەی A و B.

هیچ هۆکارێکی تایبەت نییە کە مادەیەک لە سەرەوەی هەموو مادەکاندا بنێن و بەرزتری نیشان بدەین. ئەوەی کە سەبارەت بە مادەکان گرینگە ئەمەیە کە دەگۆڕێن و دەبن بە مادەی تر. تەنیا یاسای هەمیشەیی پرۆسێسی گشتی، یاسای گۆڕانە کە هۆی تەکووزی و ئاکام بەخشی گۆڕانەکانە. ئەگەر ئەوە مەبەستی هێراکلیتوس بێت، دواجار بۆ گەیشتن بە فەلسەفەیەکی پێشکەوتوو کە فامێکی پێشکەوتووانەی لە میتافیزیک هەبێت، هەنگاو دەنێتە واوەی تیۆرییەکی فیزیکی کە پێشڕەوەکانی پێشووی لەسەری چڕ ببوونەوە.

## ٥-تیۆری فیزیکی

ڕەخنەخوازی و ڕوانگە میتافیزیکییەکانی هێراکلیتوس لە تیۆرییەکی فیزیکیدا، ڕیشەیان چەقاندووە. ئەو تەنیا لە ڕستەیەکدا پرەنسیپەکانی جیهانناسییەکەی دەردەبڕێت:

ئەم جیهانە ڕێکوپێکە، ئەم یەکسانییە، نەخواوەند و نە مرۆڤ، نەیخوڵقاندووە، هەمیشە هەبووە و هەمیشە هەیە و هەمیشە دەبێت. ئاگرێکی هەمیشەیی، بە ڕادە و ئەندازە بڵێسە دەکات و لە ڕادە و ئەندازەدا، گڕەکانی خامۆش دەبن (DK22B30).

ئەم چەند ڕستەیە، یەکەم کەڵک وەرگرتنی بەربڵاوی فەلسەفی لە وشەی کاسمۆس (Kasmos) لە مانای تەکووزی جیهاندا لە خۆوە دەگرێت، تەکووزی بە مانای جیهانێکی ڕێکخراو کە تێیدا لەگەڵ زەوی، دەریا، کەشوئاسمان دەژین.

لە حاڵێکدا کە سەرچاوە کەونارایییەکان بەم شێوەیە لە هێراکلیتوس تێگەیشتوون کە دەڵێت جیهان لە بڵێسەکانی ئاوردا دێتە بوون و لە گەڕ دەکەوێت و جارێکی دی سەرهەڵدەدا، (DK22A10)، بەڵام ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لەگەڵ ئەم ڕستەیە دژایەتی هەیە: جیهان نە سەرەتایەک و نە کۆتاییەکی هەیە. بەشەکانی جیهان بە کەرەستەی ئاور دەسووتێن، بەڵام جیهان وەک گشت دەمێنیتەوە.

زۆربەی جیهانناسە سەرەتاییەکان بەر لە هێراکلیتوس و پاش هێراکلیتوس بە ڕەچاوگرتنی بنچینەیەکی جیا و دوور لە مادە توخمییەکان، بوونی جیهانێکی ڕێکو پێکیان، خستبووە بەر باس. هەندێکیان کوژانەوە و خامۆش بوونی جیهانیان پێشبینی کردبوو، بەڵام هێراکلیتوس فەیلەسووفی گۆڕان، پێی وایە هەروەک مادە دەبێتە مادەیەکی دیکە، جیهان بۆ خۆی نەگۆڕ دەمێنێتەوە، بەڵام چۆن دەبێت، چۆن دەکرێت ڕوو بدات؟

هێراکلیتوس لە تەکووزی و هارمۆنییەک دەدوێت کە مادەکان تێیدا دەگەڕێن. لە وەرچەرخان و گۆڕانی ئاور، سەرەتا دەریا و لە دەریا، نیوەی زەوی وەدی دێت (هەندێک جۆر لە دیاردەی ئاورئاسا و مێترولۆژیکاڵ). (DK22B31a).

دەریا لە نێو هارمۆنی و هاوئاهەنگییەکی یەکساندا ئاوەکی کراوە و ئەندازە گرتراوە، وەک ئەوەی پێشتر بۆتە زەوی (DK22B31b).

ئاور هاتووەتە نێو ئاو (دەریا) و نیوەی بووەتە (هەوابا) و نیوەی بۆتە زەوی.

کەوابوو کاتی بوون و دووپاتبوونەوە لە مادەکاندا هەیە. ئاور، ئاو، زەوی، کە پێکەوە لە پێوەندییەکی دوولایەنەدان، کاتێک زەوی دەبێتە دەریا بارستاییەکی هاوسان لە خۆوە دەگرێت وەک ئەوەی کە پێشتر زەوی بووە. ئێمە دەتوانین یاسای سەرەتایی مانەوە، نەک مانەوەی مادە بناسین. ناسینی مادە و خەڵک بەقای تێدا نییە، بەڵام لانی کەم هاوتایەک بۆ مادە، پارێزراوە، هەروەها کەرتەکان، یان بەشەکان، زانیاری ورد دەربارەی فیزیکی هێراکلیتوس نادەن، ئاو کە هەموو ڕۆژێ دەبێتە هەڵم، بەکەرەستەی ڕادەیەک لە مادە کە وەک ئاو دەنیشێت، هاوسەنگ دەکرێت تاکو هاوسەنگی مادەکان وێڕای بەشەکانی مادە پارێزراو بمێننەوە کە بەردەوام خۆیان دەگۆڕن.

بە بڕوای هێراکلیتوس، گۆڕان و دژبەری بۆ ژیان پێویستن. بە پێی گوزارشتی ئەرستۆ، هێراکلیتوس ڕەخنە لە شاعیرێک دەگرێت کە گوتبووی: ڕەنگە شەڕ لە نێوان خواوەندەکان و مرۆڤەکان نەمێنێت. (Homer Iliad 18.10)، چونکە بێ بەرزی (خواوەندەکان) و نزمی

(مرۆڤەکان) هیچ هارمۆنییەک لە ئارادا نییە و هیچ گیانلەبەرێک بێ نێرینە و مێینە ناتوانێت ژیان بکات (DK22A22).

هێراکلیتوس دەڵێت شەڕ و کێشە، پاسەوان و ڕاگری جیهانن. ئێمە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە شەڕ بۆ هەموومان هاوبەشە و کێشە دادپەروەرییە، هەموو شتێک بە پێی کێشە و پەیوەیست بوون ڕوو دەدات. (DK22B80).

شەڕ باوک و پاشای هەمووانە، هەندێک دەکات بە خواوەند و هەندێک دەکاتە مرۆڤ، هەندێک دەکاتە کۆیلە و هەندێک ئازاد. (DK22B53)

هێراکلیتوس بە ڕەخنە گرتنێکی توند لە ئاناکسیمێندر، ئەم ڕوانگەیە ڕەت دەکاتەوە کە دادپەروەری جیهانی بۆ سزادانی دژایەتی کەسێک سەبا ڕەت بە سەرپێچی کردن و تاوانەکەی دژ بە ئەوی دیکە، داڕێژراوە. ئەگەر کێشەی بەردەوامی دژ بەرەکان نەبووایە، گۆڕانی شەو و ڕۆژ، گەرما و سەرما، هاوین و زستان، تەنانەت ژیان و مەرگ لە ئارادا نەبوو. لە حەقیقەتدا، ئەگەر هەندێک شت نەفەوتابان، شتی تر ژیانیان نەدەبوو. کێشە جۆرێک دەست تێوەردانی ژیان نییە، بەڵکو بە شێوەیەک پێشمەرجێکە بۆ ژیان.

هەروەک دیتمان، بە بڕوای هێراکلیتوس، ئاور دەگۆڕێت و دەبێت بە ئاو و پاشان دەبێتە زەوی، زەوی دەبێتە ئاو و پاشان ئاو دەبێتە ئاور، لە دوو ئاستی جەستە گشتییەکاندا (کە تێیدا دەریا دەبێتە گەردەلوولی ئاور ئاسا و زەوی) و چالاکییەکانی سەر زەوی (کە تێیدا، بۆ نموونە ئاو دەکوڵێت) گۆڕانکارییەکان بەردەوام لەنێو دژبەرەکاندا هەن. بۆ پاراستنی هاوسەنگی جیهان، دەبێت دژکردەوەیەکی دژ بەر و بەرابەر بۆ هەموو شتێک دابنێین.

لە کەرتێکی تردا هێراکلیتوس دەڵێت: ڕێگای سەرەوە و خوارەوە، یەکە و هاوسانن. (DK22B60)

لێرەدا، جارێکی دیکە شاهیدی یەکەیی دژبەرەکانین. بێ هیچ دژایەتییەک ڕێگایەک بۆ پێوانی دوو ڕێی جیاواز، کەڵکی لێ وەرگیراوە. ترافیکی ڕۆژانە هەندێک لە گەشتیاران دەبات بۆ دەرەوەی شار، لە حاڵێکدا هەندێکیان بۆ شار دەگەڕێنێتەوە. ئەم گومانە بە شێوەیەکی بەرابەر بۆ تیوری فیزیکی بەکار براوە کاتێک کە دەگوترێت: زەوی دەگۆڕێت و دەبێت بە ئاور و ئاور دەگۆڕێت و دەبێت بە زەوی. دەکرێت ئەم حاڵەتە بۆ سایکۆلۆژی و پانتاییەکانی تریش بەکار ببرێت.

### ٦- تیوری سیاسی و ئەخلاقی

لەوەیدا کە ئایا هێراکلیتوس فەیلەسووفی سروشتە (ڕوانگەیەک کە لە لایەن G.S.Kirk داکۆکی لێ دەکرێت) یان فەیلەسووفێکە کەڵکەڵەی بارودۆخی مرۆڤی هەیە (C.H.Kahn)، هەندێک باس لە ئارادا بووە. وشە سەرەتاییەکانی کتێبی هێراکلیتوس وادیارە دەلالەتێکن لەسەر ئەمە کە سروشتی شتەکان بە جۆرێک بەر بڵاو دەکاتەوە کە بۆ ژیانی مرۆڤ خاوەن مانا هۆکارێکی قووڵ بن.

بە واتایەکی دیکە وادیارە کە ((تیوری سروشت)) و ((بارودۆخی مرۆڤ)) وەک زنجیرەیەکی پێوەندیدار پێکەوە ڕسکاون و لە یەک هەڵنابڕێن. لە واقیعدا، دۆزینەوەکانی ئەم دواییە، نیشانیان داوە کە هێراکلیتوس تێکەڵی پرسیار و بابەتە تەکنیکییەکانی ئەستێرەناسی بووە، نەک هەر تیورییەکی گشتی و هیچی تر، بۆیە هیچ هۆکارێک نییە کە وابیر بکەینەوە هێراکلیتوس تەنیا فەیلەسووفێکی ئەخلاقی و مرۆڤخواز بووە. لە لایەکی دیکەوە، دەبێتە هەڵە ئەگەر وابیر بکەینەوە کە بە هەمان شێوە و لەسەر ڕێبازی فەیلەسووفەکانی ئیۆنی فەیلەسووفی سروشت بووە، تەنانەت لەبەر ئەوە کە هێراکلیتوس بە شێوەیەکی قووڵ لەگەڵ کاریگەرییە ئەخلاقییەکانی تیوری فیزیکی تێکەڵاو بووە.

هێراکلیتوس ڕوح وەک ئاور لە سروشتدا، پێناسە دەکات: بۆ ڕوحەکان، ئەوە مەرگە کە دەبێتە ئاو، واتە ڕوحەکان دەبن بە ئاو، مەرگی ئاو، زەوییە، بەڵام لە زەوی، ئاو سەرهەڵدەدا و لە ئاو، ڕوح. (DK22B36)

ڕوح هەر وەک ئاور لە مادەکانی ترەوە، وەدی دێت، بەڵام گۆشەنیگایەکی بەرین و بێ سنووری هەیە. ئەگەر ئێوە بە دوای دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەی ڕوح بن، ناتوانن سنوورەکانی بدۆزنەوە، ئەگەرچی لە هەموو ڕێگایەکەوە لە هەوڵدابن، بە ڕاستی سنوورەکانی زۆر بەرینە و نادیار (لۆگۆس).

مەستی ڕوح وێران دەکات، چونکە ڕوح، خاو دەکاتەوە، لە حاڵێکدا کە ژیانێکی قووڵبینانە، ڕوح وشک و هۆشیار ڕادەگرێت. ڕوحەکان دەتوانن بە پێی کەسایەتییەکەیان، خۆیان لە مەرگ و خواردەمەنی ڕزگار بکەن. یاساکانی دەوڵەتشار بنەمای گرینگی تەکووزی و

ڕێکوپێکین.

خەڵکی شار هەر ئەو جۆرەی کە بۆ دیوارەکان و سنوورەکانی شارەکەیان بەشەڕدێن، دەبێت بۆ یاساکانیان بەشەڕ بێن. (DK22B44)

لە قسەکردن لە مانا و هەستدا، دەبێت پاڵ و عەقڵی ئاسایی بدەینەوە، هەروەک شارێک لەسەر دیوارەکانی وەستاوە.

هەموو یاساکانی مرۆڤ لە لایەن یاسایەکی عەقڵییەوە داڕێژراون، چونکە ئەم شێوە یاسایە، تا بۆی دەگونجێت بەسەر هەمووانەدا زاڵ دەبێت و بۆ هەمووانە و تەواوە. یاساکان، داکۆکی لە شار و شێوەی ژیانی خەڵکی شار دەکەن و تەنیا لە عەقڵێکی بچووک و تایبەت بە ناوچەیەکی بچووک سەر هەڵنادەن، بەڵکو لە یاسایەکی عەقڵی و سەروو مرۆڤ، سەرچاوە دەگرێت. لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی باوەڕێک لە هەمبەر یاسای سروشت دەبینەوە کە فۆرمی کۆمەڵگای مرۆڤ و سروشت دیاری دەکات.

جیهانێکی تایبەت بە مرۆڤ هەیە کە وەک جیهانی سروشت، ڕێکوپێکی و تەکووزییەکی گرینگ، دەنوێنێتەوە. ئەو یاسایانەی کە بە پێی ئەوان کۆمەڵگای مرۆڤ فەرمانبەری دەکرێت، تەنیا پەیماننامەیەکی ڕووت نین، بەڵکو لە ناسراوترین سروشت و ناوەرۆکی شتەکاندا ڕیشەیان چەقاندووە، واتە بە پێی ناسینی شتەکانەوە، وەدی هاتوون. کەس ناتوانێت بە هیوای لێخۆش بوون، یاسای مرۆڤ بشکێنێت. ڕوانگەی تەکووزی شێوە یاسایی جیهانی سروشت کە ڕای هێراکلیتوسە لە تیوری ئاناکسیمێندردا، سەرەکی و باڵانشینی هەیە و ڕوانگەی لە ئارادا بوونی یاسایەکی زاتی و ئەخلاقی، لە سەدەی سێ، (بەر لە زایین)دا لەسەر بۆچوونی ڕەواقییەکان کاریگەری هەیە.

هێراکلیتوس، یەکگرتوویەکی عەقڵی و خواوەندانە کە لە واوەی جیهانخانەی کردووە، یەکگرتوویەک کە ناسینی ئەستەمە و نارەخسێت کە لە پرۆسێسی جیهان، جیای کەینەوە، بە فەرمی دەناسێنێت. عاقڵ بوون و یەک شتبوون، دەکرێت و ناکرێت مانای زئوس (Zeus) یان ژیان (Life) بدات. (DKB32).

خواوەند، شەوە، ڕۆژە، زستانە، هاوینە، شەڕە، ئاشتییە، برسییەتی و تێرییە و بە پێی پێوەر و ئەندازەی هەرکامیان و لەسەر بنەمای ناوی خۆی بە خۆوەیە، دەیانگۆڕێت، واتە هەرکامیان لە ئەندازەی خۆیاندا دەگۆڕێن و ناتوانن لە ئەندازە لادەن. (DK22B67).

جیهان بە ئاشکرایی هەم خواوەندە و هەم نیشاندانەوەی چالاکییەکانی خواوەندە کە تا ڕادەیەک دەکرێت لە ڕووی تەکووزی گرینگی شتەکان پێناسە بکرێت. خواوەند دەکرێت وەک ئاور گومان بکرێت کە بەردەوام لە حاڵی گۆڕینداییە و سیمبوڵی ئاڵوگۆڕی و پێشکەوتنە. عەقڵی بنچینەیی لە جیهاندا بوونی هەیە، بەڵام نەک شێوە بوونێکی مرۆڤانە (anthropomorphic) و گرێبەستانە ئەو جۆرەی کە یۆنانییەکان دەیانپەرست.

### ٧- کارەکان و کاریگەری

بە مەبەستی ئاراستەکردنی ڕەخنەیەکی ڕیشەدار، هێراکلیتوس هەنگاو دەنێتە واوەی فەلسەفەی سروشتی فەیلەسووفەکانی ئیۆنی و هۆکارە لە تێگەیشتن نەهاتووەکانی ئەم ڕەخنەیە، پەرە پێ دەدات. ئەو یەکەم بنەمای میتافیزیکی بۆ ڕوانگە فەلسەفییەکان کە لە پرۆسەی فەلسەفەدا بەشداری دەکات، دەناسێنێت و بۆ یەکەم جار بایەخەکانی مرۆڤ دەکات بە کەڵکەڵەی سەرەکی فەلسەفە. لە فەلسەفەی هێراکلیتوس دا، شێوەی کورتبێژی دەربڕین و شێوەی بەیانکردنی حەقیقەتە گشتییەکان لە ڕێ نموونەگەلی بەرچاو، بە شێوەیەک بێ وێنە دەمێنێتەوە. پۆزسیۆنی پارادۆکسیکاڵی هێراکلیتوس ڕەنگە دنەیەک بێت بۆ ڕەتکردنەوەی فەلسەفەی ئیۆنی. پارمنیدێس، ئێمپیدۆکلێس و هەندێک نووسەری بواری پزیشکی تیمەکانی هێراکلیتوسیان لە هەمبەر گۆڕان و پرۆسەی گۆڕان بەکار هێنا و دیمۆکریتۆس سەبارەت بە ڕوانگەکانی لە مەڕ ئەخلاق باوەڕەکانی هێراکلیتوس بەکار دەبات.

پلاتۆ بە کاریگەری وەرگرتن لە ئامۆژگارییەکانی کراتیلوس و هێراکلیتوس، جیهانی بەرهەست وەک نموونەسازییەک لە گۆڕانی هێراکلیتوس دەبینێت. پلاتۆ و ئەرستۆ ڕەخنەیان لە هێراکلیتوس گرتووە کە تیورییەکی ڕادیکاڵی دامەزراندووە، تیورییەک کە دەبێتە هۆکاری ڕەتکردنەوەی یاسای نەبوونی- دژبەری. لە لایەکی دیکەوە، ڕەواقییەکان بنەما فیزیکییەکانی تیوری هێراکلیتوس وەک بنەمایەک بۆ تیورییەکانی خۆیان پەسەند دەکەن.


**سەرچاوە:**

**http//www.iep.utm.edu/heraclitus**

# به بۆنەی تێپەڕبوونی ٦٣ساڵ بەسەر ڕووداوی زمانی دایک

# کام زمانی دایک؟

**سەلام ناوخۆش**
**(کۆلێژی پەروەردەی بنیاتی - زانکۆی سەلاحەددین)**

**دەروازە**

زمانی دایک وەک دیاردەی شوناسی دیارکردنی نەتەوە، مێژوویەکی کۆنی لە میدیای کوردیدا نییە، بەڵکو وەک (ناو) وابەستەیە بە بڕیاری یۆنسکۆی یوئێنەوە. لە لایەکی دیکەوە، ئەو دیاردەیە، لە عیراقدا، بە بەهێزبوون و لاوازبوونی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە پەیوەست بووە. لە هەر گفتوگۆیەکی نێوان دەسەڵاتی عەرەبی و حزبی کوردیدا، کەواتە دوو تێڕوانین دەربارەی چەمکی (زمانی دایک) هەیە.لە بارەی تێڕوانینی یەکەم، لە سەر ئاستی عیراق، زمانی دایک یەکسانە بە زمانی کوردی وەک نەتەوەیەک، بۆیە زمانی کوردی لە داواکارییە بنەڕەتییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بووە، چ لە شاخ، یان لە شار، چونکە زمان هێڵی جیاکەرەوەی نێوان کورد و عەرەب بووە لە عیراقدا.

تێڕوانینی دووەم، زمانی دایک یەکسانە بە زاری دایک -ئاخاوتنی دایک. لێرەدا، ئەم وتارە دەخوازێت زمان لە کۆمەڵگای عیراقی، لە نێوان کورد و عەرەب، هەروەها لە کۆمەڵگای کوردی باشوور، نێوان کورد -کورد تاوتوو بکات. لێرەدا لەو دوو دیاردەیەی سەرەوە، چەمکی "زمانی دایک" هەڵگری ناسنامەی جودا دەبێت و ناچارمان دەکات زمانی دایک لە کۆمەڵگای تاک نەتەوە و چەند نەتەوەدا، شرۆڤە بکەین...

**جیابوونەوەی ئایینی**

هەوڵی ئاشتیخوازی مەهاتما گاندی و هەوڵی دەستووری محەمەد عەلی جیناح بۆ فەراهەمکردنی مافی گەلانی هیند، هەروەها هەوڵی ئەدەبیی تاغووربش وای کرد هۆشیاری نەتەوەیی لە کێشوەری هیند بڵاوبێتەوە.ئەو سێ بزاڤە سەربەخۆیی هیندی (هیند +

پاکـــســـتـــان +بەنگەلادیش)ی لە ســـاڵی ١٩٤٧ لێ کـەوتەوە. لە ١٥ی ئابی ١٩٤٧ هیندییـەکـانی ناو دەوڵەتی هیندۆسەکان لە کومنوێلپ (یەکێتیی گەلانی بەریتـانی) جیـابوونەوە، هەروەها پاکسـتـان، دەوڵەتی موسڵمانەکانی هیند لە ١٤ی ئابی ١٩٤٧ لە کومنوێلپ جیابوونەوە.

هەرچەندە محەممەد جیناه و ئیقبالی شاعیر خەونیان بەوەوە دەدیت، دەوڵەتێکی ئیسلامی لە کێشوەری هیند دروست بکرێت، هیندۆسـەکـانی ئەو کـێـشـوەرە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم هەوڵیان دەدا زمانی ئۆردو- زمـانـی مـوسـڵـمـانەکـان- لە دامـودەزگـای هیند دووربخەنەوە، لەولاوەش پارتی مـوئتـەمـەری هیندۆسی کاری لە سەر ئەو دۆزە زمانەوانییانە دەکرد، کە دەوڵەتی ئایینەدی هیند، دەوڵەتێکی هیندۆسی بێت.

جـیـایی ئاین، ئیـسـلامی و هیندۆسی، بووە هۆی دروستبوونی دوو دەوڵەت لە کێشوەری هیندی، کەواتە جیایی ئاین بووە هۆی جیایی زمان.

## جیایی زمان

دروسـتـبـوونی ئەو دوو دەوڵەتە ئایینیـیـە، هیندۆسـە توندڕەوەکـانـی هان دا سـاڵـی دواتر، ١٩٧٨ مـەهاتما گاندی غافڵکوژ بکەن.لە هاوکێشەکە لە سێ دەوڵەتەکە، دوو دەوڵەت مـــانـەوە (دەوڵـەتی هیـنـد) و (دەوڵـەتی پاکستان-بەنگلادیش)، دوو هۆکار زۆر دەوریان بینی لە جیابوونەوەی موسڵمانەکانی پاکستان لە یەکدی:

١- هۆکاری یەکەم، فیتنەی هیندۆسەکانی هیند.

٢-هۆکـاری دووەم، شـۆڤـینی پاکـسـتـانـیـیـەکـان و قـەدەغـەکـردنی زمـانی بەنگـالیـیـەکـانی ڕۆژهەڵاتی پاکستان. هۆکاری دووەم، شۆڤینیەتی پاکستانییەکان، وەک دکـتـــۆر وریا ٢٠١٤، ل١٦ و ١٧ی ڕۆژنامـــەی هەولێر دەڵێت:" لە ساڵی ١٩٤٨ حکوومەتی پاکستان یاسایەکی دەرکرد و زمانی (ئۆردوو) ی کردە تاکە زمانی نەتەوەیی و فەرمیی هەموو پاکستان "، بۆیە لە پەنجاکان بە تایبـەتی لە ٢١ی شوباتی ١٩٥١ سەری کـێشـا بۆ خۆپیشاندانی زۆربەی دەستەی مەعریفی بەنگالی، لە پێناو سەروەری زمانی بەنگالی لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا، کە زمانی زۆربەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی پاکستانی پێک دەهێنا، بۆیە بەنگالیـیـەکـان بەرانبـەر بە دەسـەڵاتی پاکسـتـان ڕاپەڕین. لە پێناو زمـاندا، توێژی مـەعـریفی بەنگالی خوێنی دا. ئەو خۆپیشـاندانە لە پێناو زمـاندا، بۆیە وەک دکـتـۆر وریا دەڵێت (سـەرچاوەی پێشـوو) لە ٢٩ی شوباتی ١٩٥٦ حکوومەتی پاکستان ناچاربوو دان بە زمانی بەنگالیدا بنێت." بەم جۆرە زمانی بەنگالی لە ڕۆژهەڵاتی پاکستان (بەنگلادیش) بووە زمانێکی فەرمی لۆکاڵی.

ڕووداوی ٢١ی شـوباتی ١٩٥١ هەر لە چوارچێـوەی ڕۆژهەڵاتی پاکسـتـان نەمایەوە، بەڵکو بووە مێـژوویەکی نوێ لە بزووتنەوەی گـەلان لە فـەراهەم کـردنی شـوناسی نەتەوەییـدا، هەروەها ئەو ڕووداوە زمـانەوانیـیـە بووە هەوڵێک بۆ دروسـتکردنی نەتەوە لە ڕێگای زمـانەوە - Nation-building through language. لەوێشەوە تاکەکانی ئەو نەتەوە بەنگالییـە، هەوڵیـان دا دەوڵەتی نەتەوە بە ناوی بەنگالی ئازاد دروست بکەن.

زیاتر لە بیـسـت سـاڵ دوای ئەو خـۆپیـشـانـدانە زمانەوانییە، ڕێک لە٢٦ی ٣ ی ١٩٧١، موسڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی پاکـسـتـان (بەنگالیـیـەکـان) لە دەوڵـەتی پاکـسـتـان جـیـابوونەوە و دەوڵەتێکی بەنگالیـیـان - دەوڵەتی بەنگلادیشیان-دروست کرد. لە پاش ٤٨ ساڵدا -ڕێک لە سـاڵی ١٩٩٩، یۆنیـسـکۆی یوئێن، ڕۆژی خۆپیشاندانی بەنگالییەکانی بە ڕۆژی زمانی دایک دانا.

لەو مـێـژووەوە چەمکی زمـانی دایک لە کـۆمـەڵگای چەند نەتەوەیی لە مـیـدیای نەتەوە چەوسـاوەکـان ورووژێنرا، کـورد یەکێ لەو نەتەوانە بوو، کـە زمـانی بە بزاڤی ڕزگـاریخـوازی کـوردی بەسـتـەوە. ئەو خـەباتە زمـانەوانیـیـە لە پەرلەمـانی عـیـراقی و شاخی کـوردی یەکـێک لە داواکـانی کـورد بووە لە دەسـەڵاتی عـەرەبی بەغدا لە نێوان ساڵانی ١٩٠٧-٢٠١٤.

## زمانی نەتەوە و بزاڤی سیاسیی نەتەوە

لە کـۆمـەڵگای چەند زمـانی عـیـراقـیـدا، دەسـەڵاتی عـەرەبی (سوننە و شیـعـە) هەر باوەڕی بە پاسیـڤـبوونی کورد هەیە لە هاوکێشەی عیراقیدا. ئەو دەسەڵاتە دوور و نزیک باوەڕی یەقـیـنی بە بوونی نەتەوەیی کـورد لە باشـووری کـوردسـتـاندا نیـیـە، هەر بڕیارێکی دابێت، دەرهاویشتـەی ڕەوشی سیاسی بووە، نەک باوەڕی یەقین و بیرکردنەوەی دروست.

پێش ڕاگەیاندنی حوکمدارییەکەی شێخ مەحموود بە چاودێری و ڕاسپـاردەی ناڕاسـتـەوخـۆی فـەرمـانڕەوایی

ئینگلیــز لە ناوچەکــە، زمــانی کــوردی (کــرمــانجی ناوەڕاست) -زمانی ئەدەب و خوێندنی ئاییینی (حوجرە) بوو -بەڵام کوردی ناوەڕاست، ئەوەی بە هەڵە ناسراوە بە سۆرانی، زمانی کارگێڕی و حکوومەت نەبوو، هەر بۆیە لە ئەزموونی یەکەمی شێخدا (١٩١٩) زمانی کوردی پرسێکی ستراتیـژی حکوومـەتەکەی شێخ مـەحمـوود و براکـەی نەبوو. "ئەزمـوونی ڕۆژنامـەکـەی مـێجـەرسـۆن (پێشکەوتن) سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە بواری ڕۆژنامـەگـەری و حکومـەت بەکـاربێ، هەرچی ڕۆژنامــەی "کــوردســتــان"ی کـۆتایی ســەدەی نۆزدەیە، نەیتـوانی ئەو ڕۆڵە بگێـڕێ، چونکە کـورد حکوومـەتی موئەسەساتی نەبوو، هەروەها خاوەن دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی نەبوو!، بەڵکو دەرهاویشتـەی کـوردی دایەسـپۆرا بوو. لە حکوومـەتی دووەمـدا، کـە بەسەرۆکـایەتی شـێخ قادری برای شێخ مـەحمـوود بـوو، شێخ مـەحمـوود خۆی وەک (مـەلیکی کـوردسـتـان) ڕاگـەیاند، ئەو حکوومـەتە زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمیی دەسەڵاتەکەی ناساند و ڕۆژنامەی (ڕۆژی کورستان)یشی کردە زمانی خۆی. ئەو کـارەی شـێخ مـەحـمـوود زمـانی کـوردی کـردە نـاسنامـەی نەتەوەیی کورد بە جۆرێ هەتا ئەو لێژنەیەی لە کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خواروی کورستان لە عیراق و تورکیاوە هاتبووە ناوچەکە -هەرچەندە لە ژێر هەژمــوونی ئینگلیــز ناچار بـوو ویلایەتی مــووسڵ بە بەرژەوەندی (عیـراق) ساغ بکاتەوە- بەڵام، نکوڵی لەوە نەکـرد کــە کــورد لە عــەرەب و تورک جــودان و زمــانی کوردیش زمانێکی ئارییە، هەروەها دوو مەرجی بنەڕەتی بۆ ئەو لکانە زۆر زۆرەملێیە دانا:

**یەکـەم:** عــیـراق هەتا ٢٥ سـاڵی تر لەژێر مـاندێتی بەریتانیدا بێت.

**دووەم:** داواکــارییــەکــانی کــورد لەبەرچاو بگـیــرێ، بەتایبــەتی لە دامــەزراندنی فــەرمــانبــەری کــورد بـۆ بەڕێوەبردنی وڵاتی خۆیان. زمانی کوردی زمانی دادگا و فێرکردن بێ، هەروەها زمانی کـوردی زمـانی فـەرمی بێ لەوێ.... ئەگەر عیراق ئەمە قەبووڵ نەکات، ئەوە ئەوها باشە ناوچەکـە لە ژێر دەسەڵاتی تورکیـدا بێ". لەلایەکی دیکەوە، حکوومــەتی عــیــراق لە ســاڵی ١٩٢٥ یەکـەم دەسـتـووری عـیـراقی پەسند کـردو یەکـەم ئەنجـوومـەنی نوێنەران کەلە ٨٨ ئەندام پێکهـاتبـوون (تەنیـا پازدەیان کـورد بـوون)، لە تەمموزی ١٩٢٥ دەسـتـی بەکـۆبـوونەوە کرد. ڕاستە لەو دەستوورەدا هیچ ئاماژەیەکی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ کورد و زمانەکەی نەکرابوو، بەڵام بەندەکانی یاسـاکـە دان بەوەدا دەنێن کـە عـیـراق دەوڵەتێکی فـرە نەتەوەو فــرە زمــانە. لەبەندی شــەشــەمــدا هاتووە: عیراقییەکان لەبەردەم یاسادا جیاوازییان نییە، هەرچەندە لە نەتەوە، ئایین، زمـان جیـاواز بن "، هەروەها لەبەندی شــازدەمــیــشــدا هاتووە: تایەفـە جیــاوازەکــان مــافی دامــەزراندنی قــوتابخــانەیان هەیە بۆ فــێــرکــردنی منداڵەکـانیـان و هەریەکـە بە زمـانی خـۆی." لەمـاوەی ئینتــدابی بەریتــانیــدا (١٩٢١- ١٩٣٢) دوو خــولی هەڵبژاردنی دیکە، بێجگە لەوەی ١٩٢٥، ئەنجام دراوە. لەو دووخـولەشـدا ئەندامـە کـوردەکـانی ئەنجـوومـەنی نوێنەرانی عــیــراقی لەســەر هەندێ لە مــەســەلە نەتەوەییەکانی کورد بەخۆ کەوتن وەک: مەسەلەی زمان و خــوێندن بەزمــانی کــوردی.ئەو نوێنەرانە، چەندان مەزبەتەیان ئاراستەی حکوومەتی عیراق و کۆمیسیاری باڵای بەریتـانیـا کـرد، یەکـێک لەو مـەزبەتانەی کـە بۆ سەرۆک وەزیرانی عیـراق نێررابوو، لەبەشێکیـدا هاتووە (بەفـەرمی ناساندنی زمـانی کوردی) یەکێک لە خاڵە بنەڕەتیــیــەکــانی ئەو داواکــارییــانە بوو. لەناو ئەو گوشارانەدا نووری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی عیراقی ناچار کرد، گـفت بە کـوردان بدات کـە زمـانی کوردی لە کـوردسـتـان بکاتە زمـانی ڕەسـمی، دەقی ئەو (گـفت)و بڕیارەی نووری سەعیدو تەلگرافی گەورە پیاوانی کورد بۆ ئەو هەڵوێستـەی سـەرۆکی حکوومەت لەبارەی زمانی کـوردییـەوە لە وتارێک لە لاپەڕە (١١)ی ژمـارە(٢٢)ی ســاڵی ١٩٣٠ ی گــۆڤــاری (زاری کــرمــانجی)دا بڵاوکراوەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ کـە لە مـێژووی نوێی کـوردیدا ناسـراوە بە ڕۆژی ٦ی ئەیلوول، ئەو ڕووداوە بووە هۆی کوشتنی هاوڵاتییەکی زۆری کورد هەروەها گرتنی دەستەی ڕووناکبیری و سیاسی کورد لە سلێمانی، بۆیە دەسەڵاتی عەرەبی ناچاربوو بە مەلیک و سـەرۆک وەزیران و وەزیرە سـیـادییـەکـانی عـیـراق وەک پەروەردە، ناوخـۆ و بەرگـری و داد... ئیــمــزا لە ســەر یاسایەک بکات، کە ئیعتـرافێکی فەرمی بوو بە بوونی نەتەوەیی کورد لە دەوڵەتی عیراقدا.

ئەم یاسایە، لە ٢٣ ی ئایاری ١٩٣١ بەرانبـەر شـەشی موحەڕەمی ساڵی ١٣٥٠ کۆچی لە بەغدا نووسراوە.

لە نێوان ١٩٣١-٢٠١٤ دا، دەسەڵاتی عەرەبی هەر هەڵوێستێکی هەبووبێت، مەبەستی شێواندنی ناسنامەی کوردی بووە. ئەو گوشار و هەژموونەی کۆمەڵەی گەلان، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە.ئەو یاسایەی ناسراوە بە یاسای زمانە ناوچەییەکان لە بەندی هەشتەمدا، هەوڵ دەدات کوردی باشوور لە رووی زمانەوە دابەش بکات، وەک لە بەندەکە هاتووە:

"لە قەزاکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک کە لەم یاسایە ئاماژەی پێ کراوە "شێوە"ی زمانی کوردی ئەو شێوەیەی ئێستا دەبێت، بەڵام لە قەزاکانی لیوای مووسل کە لەم یاسایە ئاماژەی پێ کراوە ئەوە خەڵکی ئەو دەڤەرانە ئازادن لەوەی چ "شێوە"یەکی زمانی کوردی بەکاربهێنن، ئەمەش لە ماوەی ساڵێک لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایەوە پەیڕەو دەکری."

لە نێوان ئەو دوو مێژووەدا، بزاڤی کوردی لە نێوان بزاڤی پەرلەمانی و میدیایی هەتا سیاسی تاک-حزبی و فرە-حزبی بە زۆر هەرواز و نشێودا چووە. ئەو نسکۆ و سەرکەوتنانەی حزبی کوردی، کاریگەری لە سەر دەسەڵاتی عەرەبی کردووە. دوابڕیاری پەرلەمانی عیراق (دەسەڵاتی ڕێژەیی عەرەبی)، کە لە ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ دەرچووە لە چەند بەندێکدا زمانی عەرەبی دەکاتە هاوشانی زمانی کوردی لە هەرێمدا، وەک دەڵێت: "زمانی کوردی و زمانی عەرەبی هەردووک زمانی فەرمین -شێوەیی-ن لە عیراقدا "، هەروەها لە برگەی ژمارە (دووەمی ماددەی چوارەمدا) دەربارەی فەرمیبوونی زمانی کوردی لە سەرانسەری عیراقدا، دەڵێت: "ئەو زمانە وەک زمانی عەرەبی دەبێت". وێڕای ئەو مافە نەتەوەییە، لە برگەی (٢)ی ماددە (٤)، زمانی عەرەبییش بە زمانی فەرمی (شێوەیی) دەناسێت، وەک دەڵێت: "چوارچێوەی زاراوەیی زمانی شێوەیی و چۆنیەتی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم بەندە بە یاسا دیاری دەکرێت و ئەمانە دەگرێتەوە:

أ- دەرچواندنی رۆژنامەی فەرمی بەو دوو زمانە.

ب- پەیڤین و وتار و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا.

ج- دان پێدانان بە دۆکیۆمێنتی فەرمی و نووسراوەکان بەو دوو زمانە.

د- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمان.

هـ- دراوی نیشتیمانی و پاسپۆرت و پوول بەو دوو زمانە".

لەو هەموو مافەدا تەنیا لە پاسپۆرتی عیراقیدا ئاماژە بە زمانی کوردی دراوە! هیچ قوتابخانەیەکی کوردی زمان لە باشوور و ناوەڕاستی عیراق نییە.

هەرچی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عیراقە، لە بەندی (یەکەم)ی ماددە (چوارده) دەربارەی فەرمیبوونی زمانی کوردی دەڵێت: "زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا زمانی فەرمیە."، هەروەها ئەویش، بێجگە لە زمانی عەرەبی، زمانی تورکمانی و زمانی ئاسووری بە زمانی شێوەیی ناساندووە، وەک دەڵێت: "زمانی عەرەبی وەک زمانی کوردی زمانی فەرمییە، هەروەها لە بەندی دووەمی هەمان ماددە داهاتووە: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمین لە تەک زمانی کوردی و عەرەبیدا لەو شوێنانەی زۆربەی دانیشتوان پێکدێنن، هەروەها لەو یەکە ئیدارییانەی بەو زمانانە دەدوێن."

لەو نۆ ساڵەی نێوان ٢٠٠٥ و ٢٠١٤دا، ڕژێمی عیراق لە جیاتی ئەوەی زۆربەی بەندەکانی ماددەی چوارەمی ڕەشنووسی دەستووری عیراق جێبەجێ بکات، زمانی کوردی لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان وەک خەڵکەکەی خستووەتە بەر هەڕەشە، بە جۆرێک کورد و زمانی کوردی لەو دەڤەرانەی دەرەوەی هەرێم قەڵاچۆکردووە و ئەنفالێکی نەتەوەیی دەرهەق کورد دەکات. لە شارێکی وەک کەرکووک پەروەردەیەک دانراوە، کە تەواو جودایە لە سیستمی پەروەردەی کوردی هەرێمی کوردستان.

پەرلەمانی عیراقی ناسراو بە ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی چوارەمی ٧ی یەکی ٢٠١٤دا بڕیاری لە سەر دەرکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە عیراق دا. ئەم یاسایە لەبەر ڕۆشنایی بەندی (یەکەم)ی ماددەی (٦١)، هەروەها بەندی (سێیەم) ی ماددەی (٧٣)ی ڕەشنووسی دەستووری عیراق دەرچووە.لە دوو بەندی یەکەم و دووەمی ماددەی یەکەم قسە لە سەر زاراوەی فەرمیبوون و زمانی فەرمی ناوچەیی دەکات. لەو یاسایەدا زمانی فەرمی هەر زمانی دەوڵەت نییە، بەڵکو زمانی زۆر بواری دیکەیشە. بە ڕای من ئەو کەرتکردنەی زمانی فەرمی، کە بەندی یەکەمی ماددەی یەکەم تایبەت بێت بە زمانی عەرەبی، بە واتای لای ناسیۆنالی عەرەبی زمانی عەرەبی، زمانی دەوڵەتی عیراقە.بەندی دووەمی ماددەی یەکەم، کە ئاماژە بە زمانی فەرمی هەرێمیی دەکات و

مەبەست لێی زمانی کوردییە: وەک بە عەرەبی هاتووە:
"المادە -١-
(اولا) اللغة الرسمية: هى اللغة التى تعتمدها الدولة في التكلم و التعبير و المخاطبات الرسمية والأوراق النقدية والطوابع والوثائق الرسمية في جميع ما يتعلق بأمور الدولة في الداخل والخارج و غيـر ذلک من المجالات الأخرى.
(ثانيا) اللغة الرسمية المحلية: هى اللغة التى تتقيد إستعمالاتها الرسمية بالوحدات الإدارية التى يشكل المتحدثون بها كثافة سكانية."
لە ماددەی دوودا هاتووە: "زمانی عەرەبی و زمانی کوردی زمانی فەرمین لە عیراقدا."، هەروەها لە ماددەی سێدا هاتووە: "ڕۆژنامەیەکی فەرمی بە زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچێت."، هەروەها ماددەی چوارەم دەڵێت: "زمانی عەرەبی و کوردی لە کۆبوونەوە فەرمییەکان و پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران و دامودەزگا فەرمییەکانی حکوومەت و سەرۆکایەتی هەرێم بەکاردێت...."
کەواتە کەرتکردنی زمانی فەرمی لە عیراقدا، بەوەی زمانی عەرەبەکانی عیراقی پێ زمانی دەوڵەت بێ و زمانی کوردی پێ زمانی ناوچەیی، یان لۆکاڵی بێ، ئەو تێڕوانینە ئەوە نیشان دەدات، کە عەقڵیەتی عەرەب لە چوارچێوەی مەلیک فەیصەڵی ١٩٣١ دەرنەچووە و وەک هەڵوێستی نەتەوەیی دەسەڵاتی عەرەبی بانگەشەی ئەو ڕاستییە دەکات، چونکە نەک زمانی کوردی لە بەشە عەرەبی عیراق نەبووەتە فەرمی، بەڵکو لە هەموو ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی ئیدارەی کوردی، وەک تاکی کورد هەڕەشەی لە سەرە!

## سیاسەتی زمانی ناوخۆ (کوردی - کوردی)

پاش ئەوەی کوردی باشوور، لە ئەزموونی فرە-حزبی و فرە -ئایدیۆلۆژیا وەک ئەزموونی تاک حزبی لە ساڵی ١٩٨٨ هەرەسی هێنا، ساڵی ١٩٩١ خەڵکی شار ڕاپەڕی.بە قەناعەتی من ئەو ڕاپەڕینەی بەهاری ١٩٩١ بە قەد دوازدە ساڵەی فرە حزبی شاخ، ١٩٧٦- ١٩٨٨، کاریگەری هەبوو.لەو ڕاپەڕینەدا پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان دروست بوون، کەواتە خەباتی شاخ گوێزرایەوە بۆ خەباتی شار. ئەو فرە حزبییەی کوردی باشوور بەرەو چارەنووسی زیانبەخشی زمانی کوردی دەچێت، دیاردەیەک دروست بوو، زمانی دایک لە نێو کۆمەڵگەی تاک زمانی تەئویلی هەڵەی بۆ بکرێت.

## زمانی دایک و کۆمەڵگای تاک نەتەوە

دوای ئەزموونی میرە کوردەکان وەک بەدرخان بەگ و ئیبراهیم پاشای بابان و میری سۆران... هەروەها ئەزموونی شێخ مەحموود بەرزنجی و قازی موحەمەدی مەهابادی، ئەزموونی حکوومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان، یەکەم ئەزموونی کوردییە کە خاوەن سەروەری نەتەوە و زمانی خۆیەتی...
دەتوانین بڵێین باشووری کوردستان کۆمەڵگایەکی تاک زمانە، چۆن؟ لە دنیادا کەم ڕێک دەکەوێت کە کۆمەڵگایەک سەد لە سەد تاک نەتەوە بێت. لە نێو نەتەوەی دەسەڵاتدا نەتەوەی دی لە سەر ئاستی تاک و کۆلۆنیای زمانی هەن. ئەو نەتەوانە بە ڕۆیشتنی کات منداڵەکانیان لە نێو نەتەوەی باڵادەستدا دەتوێنەوە وەک عەرەب و جووەکانی کوردستان.
ئاشووری و تورکمانی ئیدارەی کوردی بە پێی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم، خاوەنی شوناسی جیا لە کوردن، هەروەها زمانی نەتەوەییان وەک زمانی فەرمی ئیعترافی پێ کراوە، هەروەها ئەو دووە دوور لە قورسایی بوونی خۆیان، دە کورسی پەرلەمانیان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ تەرخان کراوە، بەڵام وێڕای ئەو ئیعترافە زمانی و نەتەوەییە، زمانی کوردی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هەردوو زمانی ئاشووری و تورکمانی نییە و لە هەموو دامودەزگاکانی هەرێمدا هەر زمانی کوردی زمانی تاکانەیە!
ئەو پۆلیجوگرافییەی زمانی کوردی لە دەوڵەتی کوردیدا لە هەڕەشەدایە بە دەست کوردەوە، نەک ئاشووری و تورکمانی، ئەویش لە هەڵەحاڵیبوون دەربارەی چەمکی زمانی فەرمی و زمانی ستاندەر سەرچاوەی گرتووە.نە زمانی فەرمی زمانی نەتەوەیە و نە زمانی ستاندەریش.هەردوو زمان، فەرمی و ستاندەر، دوو زمانی کتێبی کارگێڕی و پەروەردەیین، نەک دەڤەری. زمانی فەرمی زمانی دامودەزگای حکوومەتە، کەواتە زمانی کاروباری یاسایی و کارگێڕییە، ئەم زمانەش زمانی ئاخاوتن نییە گوزارشت لە ئاخاوتنی هیچ هۆز و دەڤەرێک ناکات. زمانی ستاندەر زمانی پرۆگرامی

پەروەردەیە و تەنیا لە قوتابخانەدا سەروەری هەیە و ڕۆڵی لە بنیادنانی نەتەوەییدا هەیە. ئەم زمانەش زمانی ئاخاوتن نییە، بەڵکو زمانی کتێبی پەروەردەیە، بۆیە بۆ حکوومەتی نەتەوەیی، زمانی فەرمی گرنگە، هەروەها بۆ پەروەردەی نەتەوە، زمانی ستاندەر گرنگە، چونکە تێگەیشتنی تاکەکان لە عەشیرەتەوە دەگوێزنەوە بۆ نەتەوە، وەک مستەفا بارزانی لە ئیدارەی کوردی ١٩٧٠-١٩٧٤ وای کرد بۆ ئەوەی کورد لە عەشیرەتەوە بۆ نەتەوە بچێت!

کەواتە لە نێو یەک نەتەوەی وەک کورددا، چەمکی زمانی دایک زمانی نەتەوە نییە، بەڵکو شێوە ئاخاوتنی زاری دایکە وەک سورچی، هەرکی، خۆشناو، زراری...تاد ئەگەر هەموو ئەو زارانە، بکرێنە زمانی فەرمی و ستاندار، ئەوە کورد وەک نەتەوە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و هەر لە قۆناغی دیوەخان و میرنشین دەژی، نەک دەوڵەت، هەروەها بە هۆی زار جیاوازی وەک زمانی صرب-کرواتیا، بەرەو دوو نەتەوە و دوو دەوڵەت هەنگاو دەنێت، کەواتە جووتستاندەری سەرەتانێکە لە جەستەی کورد دەژیت.

## سیاسەتی زمانی دەرەکی (دەسەڵاتی عەرەبی - کورد)

مەبەست لە سیاسەتی دەرەوەی زمان، زمانی دەرەوەی کوردە، بە تایبەتی نەتەوەی سەردەستە وەک عەرەب بە دیدێکی شۆڤینی تەماشای کورد و زمانی کوردی دەکات. مێژووی ئەو بە کەم دیتنە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق دەست پێ دەکات. لە ماوەی دەوڵەتی عیراق ١٩٢١-٢٠١٤، هەروەها خەباتی کوردی ١٩١٩-١٩٩٨، چوار ساڵی زێڕینی زمانی کوردی هەیە، ئەویش هەر چوار ساڵەکەی حوکمی زاتی ١٩٧٠-١٩٧٤-ـە، لەو چوار ساڵەدا مستەفا بارزانی هەوڵی دا لە ڕێگای زمانەوە کوردی باشوور لە عەشیرەتبوونەوە بەرەو نەتەوەبوون ببات.

لە کۆمەڵگەی عیراقدا وەک کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە، زمانی دایک زمانی نەتەوەیە.

## زمانی دایک و کۆمەڵگای فرەنەتەوە

کە دوو زاری نەتەوەیەک لە پەروەردەدا هەبن، ئەوە سەردەکێشن بۆ ئەوەی بەرەو دوو زمان بچن و دوو زمانی ستاندەر (زمانی کتێبی پەروەردە) دروست بکەن، وەک لە یۆگسلافیای کۆن بینیمان، هەروەها ئەگەر تاکی کورد وا تەلقین بدرێت، کە زمانی ستاندەر (زمانی نەتەوە) و (ئاستی کۆمەڵایەتی)یە و چینی کۆمەڵایەتی دیاردەخات. ئەو تێگەشتنە، تەواو ڕێ خۆش دەکات کە دەسەڵاتی عەرەبی لە بەغدا هان بدات بە چاوی شوناسی عەشیرەتی تەماشای زمانی کوردی بکات.

ئەو زمانە کوردییە، کە هەڵگری مۆرکی عەشیرەتی و دەڤەری بێت، زۆر ئەستەمە دەسەڵاتی عەرەبی عیراق، ئیعتراف بە بەهای ئەو زمانە بکات و وەک زمانی دووەم لە عیراقدا حسێبی بۆ بکات. کورد هەتا لە چیا بوو، یەک زمانی هەبوو، هەروەها هەتا یەک حزبی هەبوو، یەک زمانی هەبوو، بەڵام کە هاتەوە شار زمانەکەی پەرتبوو، هەروەها کە بووە فرەحزبی، بووە فرەزمان لە پەروەردەدا!

## ئەنجامگیری

کەواتە زمانی دایک لە کۆمەڵگەی فرەزمان و فرەنەتەوەدا وەک دەوڵەتی عیراق، زمانی نەتەوەیە. ئەو چەمکە گوزارشت لە نەتەوەی جیاواز دەکات و پێوەندی ڕاستەوخۆی بە شوناسی نەتەوەوە هەیە.

داواکارم ئێمەی کوردی باشووری کوردستان لە سەر ئاستی عیراقدا، زیاتر مکوڕ و پێداگر بین لە سەر مافە زمانەوانییەکان و زمانی دایک -زمانی نەتەوەی کورد وەک زمانێکی فەرمی لە دەستووری عیراقدا وەک نەتەوەی جیاواز بە کردەوە بچەسپێنین هەروەک بەنگالییەکان، بەڵام لە سەر ئاستی باشووری کوردستان، لە هەڵمەتی زمانی دایک زۆر سست بین، چونکە لە کۆمەڵگای کوردیدا زمانی دایک یەکسانە بە زاری دایک، بۆیە پێویستە ئەو زارە لە پەروەردە توورهەڵدەین و بەرەو نەتەوەبوونی کردەوەیی بچین، جا هەر زارێکی کوردی ئەو خەڵاتەی دەنگی کورد دەباتەوە، گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کورد لە پەروەردەدا یەک زمانی هەبێت، ئەوەش جەوهەری ستاندەربوونە، کەواتە ستاندەربوون لە دیدگای زمانەوانییەوە تەنیا لە پەروەردە و کتێبی پەروەردە بوونی هەیە، نەک لە ماڵ و دەڤەر و عەشیرەت.

# کورد، لە کتێبی (گەڕانە گەشتێک لە ئێرانی دوای مەشرووتییەت)

**عەلی ئەسغەر مەزهەری کرمانی**
**لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی (*)**
**(یەزد)**

## ئاماژە

کتێبی (گەڕانەگەشتێک لە ئێرانی دوای مەشرووتییەت) هەڵگری گەشتی دوو کەسی ئەمریکاییە بە ناوی "ئێف.ئێل. بێرد و هارولد. ئێف.وێستۆن" کە لە ساڵی ١٩١٩ زایینی بەرانبەر ١٢٩٨ هەتاوی بڵاوبووەتەوە. ئێف.ئێل. بێرد، بۆ ماوەی شەش ساڵ لە ئێران ژیاوە و لە تاران مامۆستای قوتابخانەی دواناوەندی ئەمریکاییەکان بووە. هارولد.ئێف.وێستۆن، لە لایەن "انجمن مردان مسیحی" کۆمەڵەی خەڵکانی مەسیحی، ڕاسپێراوی خزمەت لە ناوچەی دووچۆمان بووە کە لە پشوویەکی هاویندا سەردانێکی ئێران دەکا. بابەتی ئەم کتێبە یەکەم جار بۆ بڵاڤۆکی "نشنال ژئوگرافیک" ئامادە کراوە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: (ئێرانی پێشکەوتە و پایتەختەکەی) (بێرد)، بەشی دووەم: (هاوڕێ لەگەڵ کاروانی ئێرانی) (وێستۆن). وەرگێڕی ئینگلیزی بۆ فارسی، هەر دوو بەشەکەی پێکەوە لە کتێبێکدا بە ناوی (گەڕانەگەشتێک لە ئێرانی دوای مەشرووتییەت) بەشێوەی جیاواز هێناوەتەوە. ئێمە لەو دوو بەشەدا ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە کوردەوە هەبووە، لە فارسییەوە وەرمانگێڕاوەتە سەر کوردی.

### (١) ئێف.ئێل.بێرد: شاڵ و کڵاو، ناسێنەری چینەکانی کۆمەڵ

تاران، پایتەختی ئێران جێی کۆبوونەوەی خەڵکێکی جۆراوجۆرە کە لە دەوروبەرەوە ڕوویان تێکردووە. زۆربەی ئەم تاکانە، کەسانێکی هونەرمەند و چالاکن کە بەتەمای ژیانی باشتر، شار و وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتووە و بۆ

پایتەخت کۆچیان کردووە. ئێستاش دەتوانی خەڵکی تاران، لەڕووی سەرپۆشەوە – کە بریتییە لە شاڵ و کڵاو و مێزەری ڕەنگاوڕەنگ – چینبەندی دەستنیشان بکەیت.

کوردەکان کە جەماوەریان نزیکەی شەش سەد هەزار تاکە و زۆربەیان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران نیشتەجێ بوون، لە هەر شوێنێ بن، کڵاوێکی سەیر لەسەر دەکەن کە وەک قاوەدانێکی سەراوبنە، هەروەها شاڵێکی ئاوریشمیش کە ڕەنگێکی ڕۆشنی هەیە و دەستچنی ژنانی ناوچەیە، بە دەوری کڵاودا دەیپێچن.

بەختیارییەکان کە شوێنگەی نیشتەجێیان دەکەوێتە کوێستانەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئێران – ئەو ناوچەیەی خاوەن کانیاوی نەوتە و لە ژێر ڕکێفی ئینگلیزەکانە – ناوبانگی تایبەتیان لە تاران هەیە و سەرۆکەکانیان – بەتایبەت لە دوای مەشرووتییەتی ئێران کە تێیدا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان گێڕاوە – لە پێگەیەکی خاسەکی بەهرەمەندن. بەختیارییەکان کڵاوێکی لبادی سپی دەنێنە سەر کە زۆر جیاوازە.

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە، ئەگەر کەسێک لەمەڕ سەرپۆشی پیاوانی ئێرانی – چون ژنانی ئێرانی ناتوانن کڵاو لە سەر بکەن – تێزێک بنووسێ، ناسینەوەی چینی جۆراوجۆری کۆمەڵگا و ڕەگەزەکانی ئێرانی بە ئاسانی بۆ هەموو لایەنگران دەڕەخسێ. لەبەر ئەوەی ناسێنەری ئێرانییەکان زۆرجار ئەو کڵاو و مێزەر و شاڵەیە کە دەینێنەسەر، قەت سەریان وەدەرناخەن مەگەر وەختی خەو.

سەرپۆشی ئێرانییەکان لە باری فۆرم و قەوارەوە زۆر فرەچەشنە، بۆ وێنە؛ مەلاکان مێزەری گەورەی سپی، یان ڕەش لەسەردەنێن، کڵاوی قەرەگوڵی چەرمین – کە وەک دەستکێشی چەرمینی خانمانی خۆراوایی دەچێ – تایبەتە بە قەزاقەکان، کڵاوی خڕی لبادیی، تایبەتە بە گوندنشینەکان و کڵاوی چەرمی بەرخ، سەرپۆشی چینە مامناوەندییەکانی شارنشینە.

**(٢) هارولد.ئێف.وێستۆن: لە کوردستانەوە تا هەمەدان**

سەفەرەکەمان – بەرەو ئێران – بە هێڵی دەوڵەتیدا دەستی پێکرد و لەماوەی دوو ڕۆژدا بە قیتارێکی بچووک گەیشتینە شاری خانەقین کە دەکەوێتە سەرسنوور، دەبوو لە کوردستانەوە درێژە بە ڕێگاکەمان بدەین ؛ چونکە پێمان گوترابوو لە دووچۆمانەوە (بین النهرین) بۆ ناوەند و باکووری ئێران، تەنیا یەک ڕێگای بێ ترس هەیە، ئەویش بە ناوچەی کوردستاندا تێدەپەڕێ، شارەکانی دەوروپشتی ئەم ڕێگایەش بۆ هەزاران ڕێبواری ئێرانی، بەتایبەت بۆ زیارەتکەرانی کابە و کاروانچییان، گرنگیی شیاویان هەیە و هەموو تاڕادەیەکی زۆر ئەمن و بێ مەترسین. لێرەدا بەپێویستی دەزانم هێندێک دیمەنی تایبەت بە کاتی چاوەڕوانیمان – کە لە سەرداني ولاتی ئێران ڕووبەڕوویان بووینەتەوە و بەباشی لەبیرم ماوە – بۆتان وێنا بکەم.

دیمەنی خێوەتە سپییەکان کە لە ناو مێرگەجاڕ هەڵدرابوو، جوانیی و نمایەکی تایبەتی هەبوو، بەتایبەت دەشت و گردی دەوروبەری ناوچەکە، کە هەمووی بەگوڵی خۆرسکی ڕەنگامە، تەنانەت دڕکوداڵی جوان داپۆشرابوو. لەڕاستیدا دەتگوت سروشت کۆمەڵێک گوڵی هەمەڕەنگی جوان و سیحراوی لەیەک شوێندا کۆکردووەتەوە کە ئەم شێوازە لێکچوونی زۆری هەبوو لەگەڵ قاڵی دەستچن و جوانی ئێرانی – کە لە باغێکی پڕ لەگوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەچێت – دەنگی مەلانی ساراش بەم جوانییە، حاڵەتێکی خاسمانیی دەبەخشی.

ئەوە دیمەنی ئۆردووگای سوپای ئینگلیزەکان بوو لە قەراخ سنووری ئێران کە دەکەوتە خاکی دووچۆمانەوە. ئەودیوی کوردەکان، سنووری ئێران، یان ولاتی شێروخورشید بوو کە لەمەڕ ئەو شوێنەدا گەلێ ئەفسانەمان بیستبوو کە ئێستا لە چاوەڕوانی سەردانی بووین. بڕێک دوور لە ئێمە هێندێک بەرزایی دیار بوو کە دەکەوتە جوگرافیای ئێرانەوە، ئێستاش – کە کۆتایی بەهارە – هەر بەفرپۆش بوو، ئەم بەفرە بە ڕەنگە زیوینە جوانەکەی، نما و جوانییەکی زیاتری بە سروشت دەبەخشی. وردە وردە عارەبانە و سوارگەلی ئینگلیزیی خۆیان ئامادە دەکرد تا دووچۆمان جێ بهێڵین و لە سنووری ئێران تێپەڕین، ئینجا بەرەو خەزەر بچینەپێش.

لە ماوەیەکی کەمدا کە چاومان بڕیبووە دەوروبەر، لە لایەکەوە عەسکەری هیندیی و ئەفسەرە ئینگلیزییەکانمان دەدی کە بە جلوبەرگی بۆرەڵووکەوە وێستابوون، لە لایەکی ترەوە هێندێ وشتری قاوەیی ڕەنگمان دەدی کە

خەریکی لەوەڕ بوون و جاروبار نەعرەتە و گورمژێکی مەستانەیان هەڵدەبڕی. ماوەی نیو میل دوورتر (نزیکەی ٨٠٠ مەتر) شارێکی بچووک بە ناوی خانەقین دەبینرا کە پێکهاتبوو لە هێندێک کوخی سازکراو بە خشتی کاڵ، کە شێوازی بینای خانووبەرەکان تێکەڵاوێک بوون لە تەلارسازی ئێرانی و عەرەبی، ئەم شارە بەهۆی هەڵکەوتن لە نێو باغە دارخورماکان و تیشکی خۆرەتاو، دیمەنێکی تایبەتی هەبوو.

سەرقاڵی سەیرانی دیمەنی شار بووین کە لە پڕدا لە مابەینی دیوارە بڵندەکانەوە تاقمێک زیارەتکەری ئێرانیی وەدەرکەوتن کە لە زیارەتی شاری کەربەلا و نەجەف دەگەڕانەوە و زۆربەیان سواری ولاغ بوون. ژنەکانیان چارشێو و پەچەیان پێوەبوو، جلوبەرگی پیاوەکان، بەرگێکی ئاوی بوو. ئەم تاقمە کە دەگەڕانەوە بۆ ئێران، هاوڕێی کاروانێک بوون کە کالایەکی زۆری بۆ بازاڕی هەمەدان و تاران دەبرد، ئەوەش ببووە هۆی ئەوەی کە دەنگی زایەڵەی جەرەس و زەنگوڵەی ولاغەکان تێکەڵاو یەک بن، دیارە لەو تەپوتۆزەی کە سازیان کردبوو، کاروانەکە دیمەنێکی زۆر بەرچاوی نەبوو.

لە ئاکامدا چاوەڕوانیی من و هەڤاڵەکەم کۆتایی پێهات و سەیارە فۆردەکانی ئینگلیزی ئامادەکران، ئێمە بە هەراوهۆریایەکی زۆرەوە هێڵی سپی جادە کە تازە خیزڕێژ کرابوو، گرتمانەبەر. بەرەو گردەکانی ئێران بەڕێ کەوتین کە لەو دیو سنوور بوو. مەودای ٣٠٠ میل (نزیکەی ٥٠٠ کیلۆمەتر) نێوان سنووری ئێران تا شاری هەمەدان، هەموو ڕۆژێ بە ٢٠ میل ڕێگابڕین (نزیکەی ٣٥ کیلۆمەتر) کۆتایی پێهات. ڕێینەکەمان بەو جۆرە بوو کە بەیانیان زوو - بەر لە گەرم بوونی هەوا - حەرەکەتمان دەکرد و دوای چەند کاتژمێر ڕێگابڕین، لە قەراغ جادە پشوومان دەدا.

شۆفێری سەیارەکان کە هەموویان عەسکەری هیندی بوون، سەرەڕای ئەوەی کە زانیاریی باشیان لەبواری میکانیکییەوە هەبوو، شارەزای جادەش بوون و سەیارەکانیان لە کێو و دۆڵە هەڵەموتەکان بە لێهاتوویی دێنابەڕێوە و بە هەڵسوکەوت و ئاکاری شیرینی خۆیان - کە جارجار دەکەوتە باری بێ ئەدەبییەوە - ئێمەیان بەباشی سەرقاڵ دەکرد.

بەداخەوە ڕۆژێک چەند ڕووداوی ناخۆش پێشهات، سێ سەیارەی کاروانەکەمان کە لە سەیارە فۆردەکانی بەناوبانگ بوون، تووشی گرفت هاتن. یەکەم سەیارە وەرگەڕا، دووەمیان سەرمەقولاتی دا و سێیەمینیان - بەهۆی عەیبێک کە لە جەعبە دەندەکەی بەدی هاتبوو - خزا ناو شیوی داوێن گردێکەوە و ڕێبوارێکی کوردی بێچارەی لە سارا کە بۆ سەیری کاروانی سەیارەکان ڕاوەستابوو، پان و فلێچ کردەوە، بەو حاڵەش مەسەلەیەک نەهاتە گۆڕێ و پاش وچانێک درێژەمان بە ڕێگاکەماندا.

نمایەکی گشتی لەم چەند ڕۆژەی سەفەر لەگەڵ ئەم بەسەرهاتانەی بۆمان پێشهات، دەتوانێ بەڕاستی نیشاندەری ڕۆژانێک بێ کەوا بەڕێوە بووین، من ئێستا هەوڵ دەدەم تا ئەم وێنایەتان بۆ بکێشمەوە:

بە ناو دۆڵێکی پان و سەرسەوزی کەنگاوەردا ڕەت بووین و گوندێکمان بەجێ هێشت کە جوانیی و سەوزایی ئەم گوندە، باسی لە هەزاران درەختی چنار دەکرد، عەترە گیان بەخشەکەی نیشانەیەک بوو لە فراوانی گوڵی بۆن خۆشی نەسرین. پردێکی خشتیمان دی کە لە سێ تاقی ئاسایی پێکدەهات و بەرزایی سەرووی تاقەکانی لە نیو مەتر کەمتر بوو، ئەم پردە پاش تێپەڕبوونی سەدان ساڵ لە بنیادنانی، ئێستاش ڕێک بەسەر چۆمێکی لافاوگر و بێ ئاودا، ڕاوەستابوو. سەیارە دوو تەنییەکانمان بەبارەوە بێ مەترسی بەسەر پردەکەدا تێپەڕین و هیچ جێگای نیگەرانیش نەبوو.

دوای ماوەیەکی کورت گەیشتینە ناو دۆڵێکی زۆر تەنگ. بەتێپەڕبوون لەم بوارە، دیمەنێکی سەرنجڕاکێش هاتە دی، ئینجا سەیری زەنجیرەکێوێکی بەفرپۆشمان کرد کە دیمەنێکی تایبەتی بوو. لە داوێنی ئەم کێوانەوە تێپەڕبووین و گەیشتینە دەشتێکی بەرین کە تاقمێک جووتیاری ئێرانی بە گای ڕەش و قاوەیی لەگەڵ گاسنی دارینە و سەرەتایی، خەریکی کێلان و شێوکردنی زەوی بوون بۆ داچاندن.

لە دامێنی ئەم دەشتە بەربلاوە، سەیری گوندێکی بچووکمان کرد، پاشان بە دەور قەلایەکی ڕماودا کە هێشتا تەواو دانەڕووخابوو سووڕێکمان دا، بەسەر گاشەبەردێکدا چووینە سەر و گەیشتینە کانیاوێک کە داری بادام لە کەنارییەو سێبەری داخستبوو، هەروەها درەختی میوەکانیشی سەرڕێژی گەلا و بەر بوون، زۆربان قەیسی و بەلالووک و هەڵووەی پێوەبوو.

ئەم شـوێنە سـەوزەڵانە کـە دیمەنێکی جـوانی هەبوو، کـردمـان بە شـوێنگەی حـەسـانەوە و نیـشـتـەجێکردنی ئۆردۆکـەمـان، ئەمـجـار دوای یەک شـەو پشـوودان، دەم بەیانی وەڕێکەوتین، گەلێکمان گردی بڵندونەوی بڕی تا گـەیشـتـینە دۆڵێکی چۆڵ و خـوێڵین کـە تیـشـکی ڕاسـتـەوخۆی هەتاو تێـیـدا شـەوقـدانەوەیەکی سـەیری هەبوو.

بە دەورلێدانی ئەم زنجیرە کێوە هەڵمووتە، گەیشتینە بەرزاییـیـەک کـە لەوێوە گـوندی حـسـەین ئاوا - کـە چاوەڕێمان بوو - بەباشی دەبینرا. کێوی بڵندی ئەڵوەند کە لە نێو هەورەکانەوە وەک لوولەک سەری هەڵبڕیبوو، لە ڕووبەڕوومـانەوە نمایەکی جـوان و کـەم وێنەی هەبوو، گەرمای ئاسایی ئەو ناوچەیەش - کە تێکەڵاو بوو لەگەڵ تەپوتۆزی ئێران - هەورەکانی بەڕەنگێکی تایبەت وەک سەدەف نیشان دەدا.

## کوردە ئەسپ سوارەکان

هەرچەندە کـوردەکـانی ئێـران ڕەسـەنایەتیـیـان هەیە و شـانازی بە ئێـرانی بوونیـان دەکـەن، بەڵام وێدەچێ ڕەگەزیان لەگەڵ خەڵکانی تری ئێران جیـاوازی هەبێت، چەندان سـەدەیە نەچوونەتە ژێرباری دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانەوە. کوردەکـان بەشێـوەی بەکۆمـەڵ وەک تیـرەگـەلی نیـمـچە ڕەوەند، بە مـێگەلی مـەڕەوە لە دەشت و کـێـو دەژین. لـە ڕێـی ڕاوی ئـاژەڵەوە لـەنـاو دۆڵ و سـاـــــارا بەرینەکـان، ژیانی خـۆیان بەڕێوە دەبەن. کـوردەکـان جلوبەرگی تایبەت بەخۆیان لەبەر دەکەن و پشـتێنێک لە ناوقەد دەبەستن کە جوانترین بەرگی ناوچەکـانی ئێرانە، تەنانەت ڕەنگە هی دنیاش بێت. حاڵەتی تایبەتی کورد و ئەو مـەسـەلەیە کـە لە هەمـوو کـاتێکدا چەکـدار و ئامادەیی شەڕن، جێی سەرنجە، وێدەچێ ئەم تیرەیە بەبێ چەک، نەتوانێ هەست بە ژیان و ئاسوودەیی بکات.

ئەو کـاتەی وا کـۆمـەڵێ گـەنج و سـەرەمـێـری خـۆش قـەڵافـەتی کـورد کـە بە سـواری ئەسـپی تیـژڕەو لەنێـو شـیـوێکدا سـەرقـاڵی ڕمبـازین، لە دوورەوە بەکـەلوپەلی تـایبـەتەوە دەردەکـەون، حـاڵەتێکی ڕۆمـانتـیـک دەرەخسێت. تیشکی خۆر لەسەر تفەنگی لاوانی خۆش پۆشی کورد کـە بەشـانـدا هەڵیـانواسیـوە، لەپاڵ ڕەنگی ئاچخی جلوبەرگـییـان، دیمەنێکی سـەرنجڕاکـێشی هەیە.

بریقـەی قـومـاشی هەڵپـێـچـراوی دەور کـڵاوە ڕەشـە لبادیییەکان کە بە ئارەقچن مەشهوورە، لە دوورەوە چاوی مرۆڤ بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ.

پشـتێنی پان و ڕەنگامە کە گەنجانی کورد لە ناو قەد بەسـتـوویانە و تا دوو سێ دەور لە کـەمـەریان ئالاوە، حەشارگەی حەوتیری دەستکرد و خەنجەری تیژ و تەنانەت چەکی ئوتۆماتیک و مودێرن وەک موورزێری ئەڵمانییە کە جاری وایە دەسکەکەیان لە ژێر پشتێنەوە وەدەرکەوتووە و بەجـوانی دەبریقـێـتـەوە. ئەو خـورجـێنە دەسـتـچنە ڕەنگاوڕەنگ و پڕ خـشـڵانەی کـە کـورد هەیەتی و بە ئەسـپـەکـاندا شـۆڕبۆتەوە، شـیـاوی دیتنە. لە ئاکـامـدا هەیبـەتی کـورد کـە تێکەڵاوێکە لە سـادەیی و بوێریی، وەبیـرهێنەرەوەی کەسایەتی دڵخوازەکـانی ڤـێلاسکۆس (VELASQUEZ) وێـنـەکـــێـــشـی بـەنـاوبـانـگـی ئیسـپـانیاییە(١). بەم جیـاوازییەوە کە دەمـوچاوی ئەم پاڵەوانە ڕۆژهەڵاتییانە بەو هەموو شەوق و سۆز و هەستە بەتینە، وات لێدەکا دانی پێدابێنی جیلوە و شکۆیان لە قـارەمـانانی ناو چیـرۆک زیاترە. لەڕاسـتـیـدا ئەم کـوردە باڵابەرزە خـۆش پۆشـانە، لێکچـوونێکی زۆریان لەگـەڵ مینیاتۆرە جوانەکانی کەونارای ئێران هەیە.

## زەماوەندی کوردان

ئەگـەرچی ژنانی کـورد زیاتر بەرگی ڕەش لەبەر دەکـەن، بەڵام دەمـوچاوی جـوانیـان وەک ژنانی دیکەی ئێـرانی بە چارشـێـو و پەچە، یان بەگـشـتی بە پۆشاکی ئیـسـلامی ناشـارنەوە. هەڵبـەت ئێـمـەش شانسمـان هێنا کـاتێ کـە گـەیشـتین، ڕێورەسـمـێکی تایبـەت بەڕێوەدەچوو، بۆیە توانیـمـان لە نزیکەوە گـرووپێک لە جـوانتـرین ژنانی کوردستانی ئێران بە باشترین جلوبەرگی ڕازاوەوە ببینین - کە بۆ هاوبەشی لە زەماوەند کۆببوونەوە.

من ئەو ڕۆژە لای ئێوارێ بەئاگاداری و ئیـزنی کوردەکان لەسـەر بەردی قـەبرێک - کـە قـیت و بەرزتر لە ئاسـتی زەوی بوو - دانیشـتبووم، لەسەر دیوارێکی داروخاو کە لە نێوان من و ناوەندی بەڕێوەچوونی زەماوەندەکە لەمپەر بوو، دەمتوانی بەباشی نێو قەسرە کۆن و داڕماوەکە - کە یادگاری سەدەی سێـیـەمی زایینی بـوو - بدینم، هەروەها دەمـتـوانی ڕێورەسمی زەماوەندی کوردان لەنێو حەوشەی قەسرەکەدا - کە هاوڕێ لەگەڵ دەنگەدەنگ و هەراوهۆریا

بوو – لە نزیکەوە سەیر بکەم و چێژی لێ وەرگرم.
ژنانی جوان و چالاک و قەدبڵندی کورد دەستیان خستبووە نێو دەستی یەک و بە شادیی و سەماوە تێکڕا دەیانگوراند: هەی هەی یا یا یا... بەشی کۆتایی هاوارەکەیان وێڕای زەربەیەک کە ژەنیار لە دەهۆڵی دەدا، ڕێکدەخست. ئۆرکسترایەک کە دەنگی گرووپی ژنانی هاوڕێیی دەکرد، چوار سازی سەیروسەمەری پێبوو کە بە ڕای من ئەم سازانە، زۆر لە گیتار و ڤیەلۆن و پیلووکوو فلووتی پێنج فووتی(٢) – کە نزیکەی دوو گەزە – دەچوون.
پیاوەکانیش لە ڕیزێکی جیادا بەرانبەری ژنان بە هەمان کەیف خۆشی و شادییەوە – کە کەمتر لە ناو خەڵکی ئێرانی بەدی دەکرێ – دەستیان لەسەر شانی یەکتر دانابوو، کەمەری یەکیان گرتبوو، بەشداریی زەماوەندیان دەکرد. هەردوو گرووپەکە هاوڕێی دەنگی دەهۆڵەکە، توند لاقیان لە عەرز دەدا و دەچوونە پێشێ و دەهاتنە دواوە. دەهۆڵ، سازی سەرەکی ئۆرکسترا بوو، هەندێ جار کە ژەنیار ماندوو دەبوو، ئەوانی تر درێژەیان دەدا تا ژەنیار بحەسێتەوە، ئینجا بەشێوەیەکی جوان کارەکەی دەست پێ بکاتەوە.
کەم کەم ڕۆژ ئاوا دەبوو، دەستەیەک لە پیاوانی کورد بە هەڵپەرکێ کە هاوکات حاڵەتێکی ڕێکوپێکیان پێکەوە هەبوو، لە شوێنی ناوەندی زەماوەند چوونە دەرێ، پاش ماوەیەک بێدەنگ بوون، ڕێگایان بەرەو ڕووبارێک درێژە پێدا، ئینجا لە ژێر سێبەری شۆڕەبییەک کە کەلوپەلەکەیان لەوێ دانابوو، خەریکی پشوودان بوون. یەکێکیان نارد بەشوێن ئەسپەکاندا – کە بەدەم لەوەڕەوە ڕۆیبوون – ئەوانی تریش ئامادەبوون تا بگەڕێنەوە بۆ ناو هۆز و مەڵبەندی خۆیان. پێیان گوتین ئەم دەستەیە میوانی زەماوەند بوون. بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمەی بینیمان، دوا دابونەریتی هاوسەرگیری بوو کە ئێمە تەنیا شانسی سەیرانی ئەو بەشەمان پەیداکرد.

**پەراوێزەکان:**

**(١) ڤێلاسکۆس (VELASQUEZ): یەکێک لە ناودارترین وێنەکێشانی وڵاتی ئیسپانیا بووە لە سەدەی حەڤدەی زایینیدا.**

**(٢) پیلووکوو فلووتی پێنج فووتی: سازێکی سەدەی هەژدەی زایینییە کە لە ئۆرکستراکاندا بەکارهاتووە و لە بەڕێوەبردنی سەمفۆنیای ژمارە پێنجی بێتهۆڤنیشدا کەڵکی لێوەرگیراوە.**

**(*) ماستەر لە ئێرانناسی**


**سەرچاوە:**

**برد. اف. ال، وستون. هارولد. اف (١٣٧٦). گشت وگذاری در ایران بعد از انقلاب مشروطیت، ترجمەی علی اصغر مظهری کرمانی، چ اول، تهران، نشر جانان.**

# پیتەر بروک لە خاڵی وەرچەرخاندا


دانا ڕەئووف
(سوێد)

کە پیتەر بروک لە ساڵی ١٩٦٨دا کتێبی (پانتایی بۆش)ی بڵاوکردەوە، نەک هەر بووە جێگای سەرنج و گفتوگۆی تێکڕای شانۆکارانی جیهان، بەڵکو زاراوەی (شانۆی بۆش)یشی داهێنا، کە تا ئێستا وەک چەمکێکی هونەری کاری لەسەر دەکات و کاریگەریشی بە سەر تێکڕای ڕەوتی شانۆی جیهانیشەوە هەیە.

بروک هەر لە شەستەکانەوە بە دوای ڕێگای جودا و فۆرمی تازە و شێوازی تری شانۆییدا گەڕاوە و بینەرێکی زۆری لە پرۆژەکانی کۆکردۆتەوە.

"باخی گێلاس" و "کارمن" سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێنا، بەڵام ئەو کارانەی زیاتر لە حەفتا و هەشتاکاندا بوونە جێگای سەرنج، ئەو نمایشانە بوون، کە لە داستان و میتۆلۆژیا ڕۆژهەڵاتییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە: ئیک ١٩٧٥، کۆنفرانسی باڵندەکان ١٩٧٩، مەهابەهاراتا ١٩٨٧ بەشێکن لە گرینگترین ئەو بەرهەمانە. بروک دواتر ڕەوشی کار و ئەزموون و وردەکارییەکانی ئەم کارانە و میتود و هەندێک لە بۆچوون و پێوەندییەکانی خۆی بە شانۆ و ڕەوتی شانۆی جیهانییەوە لە کتێبی (خاڵی وەرچەرخان ١٩٤٦-١٩٨٧)دا بڵاودەکاتەوە.

ئەم کتێبە بە پێچەوانەی (پانتایی بۆش)ەوە، کۆکردنەوەی چەندین باس و دیدار و نامە و سیمینار و گفتوگۆیە، کە بروک بە درێژایی ئەو چل ساڵە ئەنجامی داون، کۆنترین بابەتیشیان بۆ ساڵی ١٩٤٧ دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئەم کتێبە یەکەیەکی فیکری، یان هونەری نییە، بەڵام خاڵێکی هاوبەش ئەو هەموو بابەتە جودایانە کۆدەکاتەوە و ئەزموونی بروک لە پرۆسە شانۆییەکەیدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەخاتە ڕوو. هەندێک جار کتێبی لەم چەشنە، کە لە بابەتی جۆراوجۆر پێکهاتووە و لە زەمەنی جیاوازدا نووسراون، گرانە بخرێتە خانەیەکی



**پیتەر بروک**

دیاریکراوەوە. بروک بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە لە کتێبەکەیدا چارەسەر بکات، بابەتەکانی بە پێی ڕیزبەندی و ساڵی نووسینیان دانەناوە، بەڵکو لە ژێر چەند ناوونیشانێکدا کۆی کردوونەتەوە و بە سەر نۆ بەشدا دابەشی کردوون، بۆ نموونە: هەستکردن بە ڕێباز، مرۆڤ لە سەر ڕێگاکان- گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، توندوتیژی و شێتی و جەنگ، شەکسپیر کێیە؟ بەکارهێنانی پانتایی بۆش، شەڕی چل ساڵ، سینەمای ژیان و چوونە دنیایەکی ترەوە.

بروک لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا، بە شانۆنامەی ڕۆمیۆ و ژولێت لە ستراتفۆرد پێگەی خۆی وەک ڕێژبسۆرێکی بە سەلیقە لە شانۆی ئینگلیزیدا تۆمار دەکات، چەند ساڵێک لەوەوبەریش بڕیاری ئەوەی دابوو ببێت بە ڕێژبسۆر. دوای ئەوەی فیلمێکی ئەماتۆری لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەردەهێنێت، دەچێت یەکێک لە بەرهەمهێنەرەکانی سینەما دەبینێت و دەڵێت، دەمەوێت ببم بە ڕێژبسۆری سینەما. بەرهەمهێنەرەکە، ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت، بروک وەک یاریدەدەری ڕێژبسۆر دابمەزرێنێت، پێشی ڕادەگەیەنێت دوای حەوت ساڵ لەم کارەت، لەوانەیە ئەو هەلەت بۆ هەڵبکەوێت، کە خۆت بتوانیت فیلمێک دەربهێنیت.

بروک بەم کارە قایل نابێت و ڕووەدەکاتە بواری شانۆ؛ هەر دوای چەند کارێک، کە لە ژێر زەمین و شانۆ بچووکەکان و هۆڵە ساکارەکاندا پێشکەشی دەکات، بانگهێشت دەکرێت تا شانۆنامەیەک لە یەکێک لە شانۆکاندا پێشکەش بکات.

ئەم هونەرمەندە، هەر لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا، تووشی شۆکێکی گەورە دەبێت، کە دواتر لە هەموو ژیانی هونەریدا سوودی لێ وەردەگرێت. بروک چەند مانگێک لەوەوبەر بە باشی خۆی ئامادە دەکات، لە ماڵەوە و بە یارمەتی و بەکارهێنانی پارچە کاغەزی بچووک، کە فیگۆری ئەکتەرەکانی پێ دروست دەکات و لەسەر مۆدێلی سینۆگرافیاکەی دەیانجووڵێنێت: لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە لاتەنیشتەوە بۆ پشتەوە، لە پێشەوە بۆ دواوە، هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە و جووڵەی پێوەندیی ئەکتەرەکان بە یەکترەوە دیاری دەکات. کە یەکەم ڕۆژی پرۆڤەش دێت، بە فایلێکی ئەستووری نەخشەی جووڵەی ئەکتەرەکانییەوە دێتە ژوورەوە، بەڵام ئەوەی ئەو لە ماڵەوە ئامادەی کردبوو، سەر لەبەری لەسەر تەختەی شانۆ وەک کۆشکێکی بە کاغەز دروستکراو دەڕووخێت. جەستەی ئەکتەرەکان و ئەو شێوازەی ئەوان لەسەر تەختەی شانۆکە پێی دەجووڵێن، لەگەڵ دەفتەرەکەی ئەو ڕێک ناکەوێت. بروک ئا لەم ساتەدا لەوە دەگات، کە ئەکتەر و هونەری نواندن پرۆسەیەکە، بە هیچ شێوەیەک ناکرێت لە ماڵەوە وەک بووکەڵەی بێ گیان مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.

ساڵێک دواتر شانۆنامەی ڕۆمیۆ ژولێت نمایش دەکات و چەندین قسە و باسی لەسەر دەکرێت، هەندێک لە ناوەندە هونەرییەکە، بە تایبەتیش کۆنخوازەکان بە سکەندال ئاماژەی بۆ دەکەن. بروک بە بوێرییەوە کار لەم شانۆنامەیەی شەکسپیردا دەکات و هەموو ئەو بنەما و دابونەریتانەی تا ئەو دەمە کاری پێ دەکرا، تێک دەشکێنێت و شەکسپیرێکی تر و جیاواز پێشکەش دەکات. ئەم ڕێژبسۆرە ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە توندوتیژی، عیشق، درۆ و شیعر، بەشێکی چەندە گرینگ بوون لە ژیانی ئێلیزابێسییەکان، بە هەمان گرنگییەوە لە شانۆکەیاندا و لەو شێوازەی کە شەکسپیرییان تێدا پێشکەش کردووە ڕەنگیان داوەتەوە، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە سەردەمی شەکسپیر خۆیدا، دوو کوڕی گەنج و جوان ڕۆڵی ڕۆمیۆ و ژولێتیان بینیوە، ئەمەیش مەودایەکی تری سێکسی و خوێندنەوەیەکی تر بە شانۆنامەکە دەبەخشێت، کە بۆ ساڵی ١٩٤٧ نەگونجاو بووە، هەروەها بروک باسی

ئەوەش دەکات، کە بیکێت و هارۆڵد پینتەر وایان لە ئێمە کردووە بە شێوەیەکی تر لە واقیع بگەین و بە شێوەیەکی تر سەیری بکەین، ئەمەش ئەو کاریگەرییەیان لە لای ئێمە بەجێ هێشتووە کە بتوانین بە شێوەیەکی تر شەکسپیر نمایش بکەین. هەر لەم دەروازەیەوە بروک باسی وەرگێڕانی دەقەکانی شەکسپیر بۆ سەر زمانەکانی تر دەکات و ئەو مەسەلانە دەورووژێنێت کە تا چەند بینەرانی شەکسپیر لە دەرەوەی ئینگلتەراوە ئەوەی دەیبینن شەکسپیرە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو وەرگێڕانانەی لە وڵاتانی تر بەکاردەهێنرێن کۆنە و وێنەیەکی ڕاستەقینەی شەکسپیر ناخەنە ڕوو، هەروەها بروک باسی ئەوە دەکات، کە چەندین نەوە لە بینەرانی شانۆ، ئەکتەر و ڕیژیسۆرەکان...تاد لە هەموو ئەو تۆێژاڵە دەوڵەمەندەی دەقەکانی شەکسپیر نەگەیشتوون.

نووسەر پرۆسەی نواندن، لەم کتێبەدا لە دوو خاڵدا کۆدەکاتەوە: یەکەمیان کاری پرۆڤە و ئەو شێواز و دابونەریتەی لەم پرۆڤانەدا بەکاردەهێنرێن، دووەمیشیان خودی نمایشەکەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بینەراندا. ئەوەی لە هونەری نواندنیشدا گرینگە: چی لە کاتی نمایشەکاندا ڕوودەدات، چۆن ئەکتەر لە خودی خۆیەوە دەبێت بە کەسێکی ترو پێوەندییەکانی ئەکتەر بە پانتایی شانۆ و سیحری بینەرانەوە دەخوڵقێت.

بروک ئاماژە بۆ کتێبەکانی ستانیسلاڤیسکی، بە تایبەتی (کاری ئەکتەر لەگەڵ خۆی) دەکات و ئەم کتێبە بە پێویستییەکی گەورە دەزانێت، بەتایبەتی لە ڕووی تێگەیشتنی ڕۆنانی کارەکتەرەوە، بەڵام ئەم کتێبانە ئەکتەر و ڕیژیسۆرییان لەو بۆتەیەدا گیر کردووە کە شانۆ و هونەری نواندن ببێتە پرۆسەیەکی کارکردن و خۆ لەبیرچوونەوە، لەبری ئەوەی باسی ئەو پێوەندییە زیندوو و دینامیکییەی نێوان ئەکتەر و بینەران بکات. بروک تا ئەو ئاستە ئامادەیە دووپاتی ئەوە بکاتەوە، کە هیچ زمانێکی وا نەخوڵقاوە باسی ئەوەمان بۆ بکات کە چی بەسەر ئەکتەردا دێت، لە کاتێکدا ڕووبەڕووی بینەرەکانی دەبێتەوە.

بروک لە بەشێکی تایبەتیشدا باسی گوێزانەوەی خۆی لە لەندەنەوە بۆ پاریس و دامەزراندنی مەڵبەندی شانۆیی بۆ لێکۆڵینەوە و دواتریش مەڵبەندی نێونەتەوەیی بۆ داهێنانی شانۆیی دەکات. هەر لە پاریسیشەوە گەشتە هونەرییە دوورودرێژەکانی بۆ ئەفەریقا و ئێران و هیندستان دەست پێ دەکات و شانۆیەکی میتۆلۆژی دەخوڵقێنێت. بروک هەوڵدەدات لەم شانۆ میتۆلۆژییەدا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە پرۆسەیەکی شانۆیدا پێکەوە ببەستێتەوە، گرینگترین بەرئەنجامەکانی ئەم گەشتانەش لە ئۆرگاست، کۆنفرانسی باڵندەکان و مەهابەهاراتادا بەرجەستە دەبن.

هەرچەندە بروک لە ئۆپێرا گەورەکانی دنیاوە، بە بەردەوامی داوای ئەوەی لێ کراوە شاکارە ئۆپێراییەکان نمایش بکات، بەڵام لە چەند بەرهەمێکی ئۆپێرایی بەولاوە، کە لە شانۆیەکەی خۆی لە پاریس کاری تێدا کردووە، کاری لە ئۆپێرادا نەکردووە. لەو بەشەی کتێبەکەیشیدا، کە باسی ئەزموونی خۆی لە بواری ئۆپێرادا دەکات، ناوی ناوە (شەڕی چل ساڵ) زۆر شتمان سەبارەت بە پێوەندییەکانی بروک و هونەری ئۆپێراوە بۆ ڕوون دەکاتەوە. یەکێک لەو هۆکارانەی بروکیان لە کاری ئۆپێرا دوورخستۆتەوە، ئەوەیە ئۆپێرا دوای کارێکی زۆر و ماندووبوونێکی بێ سنوور، تەنیا چەند جارێک نمایش دەکرێت. بروک چەند ئۆپێرایەک بۆ شانۆ گەورەکان پێشکەش دەکات، بەڵام لە ساڵی ١٩٨١دا (کارمن) لە شانۆکەی خۆی (بوف دی نوور) بە پێی هەلومەرجەکانی خۆی و دیدی ڕێژی و ڕێپێۆرتوار و سیاسەتی شانۆکەی پێشکەش دەکات. بروک لەم پرۆژەیەدا، دوای زیاتر لە دوو سەد جار نمایش کردن و گەڕان بە هەموو دنیادا، پێداگری لەوە دەکات، کە هونەری ئۆپێرا، هەروەک شانۆ لە پرۆسەیەکی بەردەوامی نمایش و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەراندا، گۆڕانکاری بەسەردا دێت و مەودایەکی قووڵ و ستراکتۆرێکی گشتگر و پێوەندییەکی تری نێوان کارەکە و بینەران لە خۆدەگرێت.

بروک لەم کتێبەیدا، دووبارەی ئەو بۆچوونە ڕادیکاڵەی خۆیمان بۆ دەکاتەوە، کە شانۆ دەبێت هەمیشە لە لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوامی سنوورەکانی خۆیدا بێت، تا چەند و چۆن شانۆکار دەتوانێت دابونەریت و سنوورە دیاریکراوەکان ببەزێنێت و شتێکی تر لە دەرەوەی هەموو بنەما باوەکانەوە دروست بکات. ئەگەر کاری شانۆییش ئەو ڕێچکەیە وەرنەگرێت، ئەوە هەموو کارەکانمان دەبێتە ڕۆتینێکی بێ ڕەنگی دووبارە کراوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، کە ئەم کتێبە هەموو ئەزموونی بروک دەخاتە ڕوو، نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین خاڵی وەرچەرخان، خاڵی سەرەتا و بەرەوپێشەوەچوون و کامڵبوونی هونەرمەندێکە، کە شانۆ دەکاتە ئامرازێکی گرینگ بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆی و لە ژیان و لە مەرگیش.

# زیندانێک لە شووشە، نوێژخانەیەک بۆ تەنیایی

## (سەرنجێک لە فیگۆرە شێواوەکانی فرانسیس بیکۆن)

سەعید سلێمانی
(تاران)

هەواڵێکی هونەری کـە ئەم مـاوەیە (مـانگی یازدەی ٢٠١٣) لە ماڵپەڕ و ڕاگەیاندنەکاندا بڵاو کرایەوە، بووە هۆی ئەوەی کـە بڕیاری تەواوکـردنی وتارێک بدەم کـە بە شێوەی پچڕپچڕ چەندین بەشم لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لێ نووسیبوو، هەر بۆیەش بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕام کە هەڵوێستەی لەسەر بکەم و کـۆی بکەمەوە و کۆتایی پێ بێنم.

«تابلۆی "سێ لەتەی لۆسین فرۆید"ی فرانسیس بیکۆن ڕێژەی پێوانەیی گرانترین تابلۆی شێوەکاری جیهانی شکاند و بە بڕی ١٤٢ ملیۆن دۆلار فرۆشرا کە پێشتر بە تابلۆی "قریشکە"ی ئێدڤارد مۆنک بڕابوو.»

بیستن، یان خوێندنەوەی ئەم هەواڵە بۆ کـەسێکی ئاسایی شایەد بچێتە خانەی نرخەکانی بۆرسە و بازاڕی نەوت و هەڵکشـان و داکشـانی دۆلار و زێڕ و... تاد، بەڵام بۆ ئەهلی هونەر بە گشـتی واتایەکی دیکە دەگەیەنێت؛ تابلۆیەکی هونەری لەو شێوەیە هەڵگری چ واتایەکـە کـە دەتوانێت نرخێکی سەرسوڕهێنەری لەو شێوەیە بۆ خۆی دەستەبەر بکات؟!

ئەوەی ڕاستی بێت لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا کە بە شێوەیەکی شێلگیرانە خوێندنەوەم لەسەر هونەری شێوەکاری بووە، هەمیشە تابلۆکانی فرانسیس بیکۆن تایبەتمەندییەکی جیاوازیان لە لام هەبووە و هەر بۆیەش لەو کاتەوە بە وردبوونەوە لەو بەرهەمانە، ئەوەی کـە بە زەینم گەیشتووە و بەدیم کردووە، نووسیومە و ئێستاش کاتی ئەوەیە یەکیان بخەمەوە.

* * *

هۆشەنگ گوڵشیری نووسەری ناوداری ئێرانی، چیرۆکێکی هەیە بە ناوی «نوێژخانەی بچووکی من» کە

بەم ڕستانە کۆتایی دێت: «ئێستاکە من خۆشحاڵم، بەڵام دڵەڕاوکەی من ئەوەیە کە تەنیا یەکێک پێ دەزانێت، یەکێک کە دەزانێت من قامکێکی زیادەم هەیە، یەکێک هەیە کە منی ڕووتی ڕووت بینیوە. کە ئەمەش زۆر دڵتەزێنە.» (١). کاتێک ئەم ڕستانە دەخوێنییەوە وا هەست دەکەی سەیری یەکێک لە تابلۆکانی بیکۆن دەکەی. وا هەست دەکەی «حەسەن»ی ناو چیرۆکەکە یەکێکە لەو فیگۆرە شێواوانەی ناو تابلۆکانی بیکۆن.

بە لای منەوە گرینگترین بابەتێک کە لە تابلۆکانی بیکۆندا سەرنج ڕادەکێشێت، تووڕەیی و توندوتیژی و لێکترازانی جەستە و ڕوح نییە، بەڵکو ڕووت بوونەوەیە، ڕووت بوونەوەی مرۆڤ تا سەر ئێسقان. ئەوەی کە مرۆڤ هەست دەکات ئیتر هیچ شتێکی نەماوە کە پێی نەزانن، شتێک بۆ شاردنەوە لە خۆیدا شک نابات، شتێک نەماوە کە تەنیا و تەنیا هی خۆی بێت و مافی ئەوانی دیکەی پێوە نەبێت. شتێک بە ناوی «من» نەماوە، ئەمەش گەلێک دڵتەزێنترە لە تەواوی ئازارەکانی دی. «حەسەن»ی ناو چیرۆکەکەی گوڵشیری دەڵێ: «شتێک هەیە کە من لە ئەوانی دی جیا دەکاتەوە.» (٢). مەبەستی قامکە بچووکە زیادەکەی قاچیەتی، بەڵام مرۆڤ کە ڕووت بووەوە، ئیتر ئەو شتە جیاکەرەوەیە لە ناو دەچێت. ئیتر ئەو «من»ـە چەمک و بایەخی خۆی دەدۆڕێنێت.

زۆربەی زۆری کارەکتەرەکانی بیکۆن لە ناو ژوورێکدان. ژووری ناو تابلۆکانی بیکۆن لە هەمان نوێژخانەی بچووکی ناو خولیاکانی حەسەن دەچێت. نوێژخانەیەک کە حەسەن نەیتوانی، یان نەیویست بۆ خۆی دروست بکات. ترسی مرۆڤی ناو تابلۆکانی بیکۆن زەوت کرانی ئەو ژوورە، یان نوێژخانەیەیە.

مرۆڤی ئەمڕۆ سەرنجی هەر لایەک دەدا لە ژێر چاودێریدایە، ئەم چاودێرییە لە دوو لایەنەوە ئاراستەی مرۆڤ دەکرێت و خۆدەنوێنێت. یەکیان دنیای قەرەباڵغ و تەسک بووەوەیە کە لەودا مرۆڤ هەست بە پشووسوارییەکی لە ڕادەبەدەر دەکات و جێیەک بۆ تەنیاییەکانی نەماوە. هەر لە شەقام و بازاڕ و فرۆشگا و زانکۆ و وێستگە و میترۆی قەرەباڵغەوە بگرە تا دەگاتە شوێنی حەوانەوەی کە ئاپارتمانێکی بچووک و تەنگەبەرە کە کورد گوتەنی: ئەگەر سەری تێدا بشارێتەوە جێی



بیکۆن

قوونی نابێتەوە.

ئاپارتمان (شوقە) وەک سەرەکیترین شوێنی حەوانەوەی مرۆڤی ئەمڕۆیی، تەنیاترین و سوکناییترین شوێن نییە، چونکە سەرەڕای بچووکی و تەنگەبەری و ئاستەنگی خۆی، شوێنێکە کە مرۆڤ هەموو جووڵەکانی لە لایەن ئەوانی دیکەوە هەست پێ دەکرێت. زۆرن ئەوانەی کە لە ناو ئاپارتماندا دەژین، بەڵام ئەوەندە بەری خۆیان گرتووە کە تاسەی ژوورێکی زۆر بچووک، بەڵام لە ناو چۆڵەوانییەکی بێ سنووردا-دەکەن، هەر بۆیەش ژووری تابلۆکانی بیکۆن وەحشەتی کارەکتەرەکانی ناوی نییە، بەڵکو خولیای ئەوانە. ئەو شوێنەیە کە دەیانحەوێنێتەوە و سوکناییان پێ دەبەخشێ و دواجار خەونی پێوە دەبینن. ئەوان پەراوێزنشین نین، بەڵکو بە شوێن پەراوێزدا دەگەڕێن. باشترین نموونە بۆ ئەم بابەتە تابلۆی «کلیل»ـە کە بیکۆن خۆی دەڵێ پاش خوێندنەوەی کۆپلە شیعرێکی ئیلیەت خولقاندوویەتی: «من دەنگی کلیلەکەم بیستووە/ تەنیا جارێک سووڕا/ تەنیا یەک جار» (٣). لەم تابلۆیەدا جەستەی مرۆڤێک لە ناو ژوورێکدا بەدی دەکرێ لە دۆخێکی ناسەقامگیر و ناهاوسەنگدا کە هەردەم ئەگەری ئەوە هەیە بەلادا بکەوێت. قاچی درێژ

کردووە، بە قامکی قاچی خەریکی سووڕاندنی کلیلی دەرگای ژوورەکەیە. بە جوولەی قاچیدا کەس بۆی دەرناکەوێت کە ئایا دەیەوێ دەرگاکە بکاتەوە، یان دای بخات؟، بەڵام حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە ئەگەر ئەم ژوورە زیندانی ئەم مرۆڤە بوایە، ئەوە بێ گومان کلیلەکە لە لای ئەم، یان لە ناوەوە نەدەبوو، هەر بۆیەش بە ڕاشکاوی دەردەکەوێت کە ئەو خەریکی داخستنی دەرگای ژوورەکەیە، نەک کردنەوەی. (گریمان ئەگەر خەریکی کردنەوەشی بێت، ئەوە پێشتر خۆی دایخستووە.). بە تایبەت کە لە تابلۆکەدا و لە دەرەوەی ژوورەکە وێنەی مرۆڤێکی ڕێکپۆشی دیکە دەردەکەوێت لە چەشنی مرۆڤەکانی جێبەجێکاری یاسا، جا بۆیە وا دەردەکەوێت کە کارەکتەری ناو ژوورەکە هەست بە مەترسی ئەم مرۆڤە دەکات، بۆیە دەرگای ژوورەکە دادەخات. ئەم تابلۆیە یەکەمین دێرەکانی ڕۆمانی «دادگایی» کافکا بە بیردا دێننەوە، کاتێک چەند مرۆڤی ڕێکپۆشی جێبەجێکاری یاسا لە بەیانییەکی زوودا دێنە ناو ژوورەکەی «ک» و تەنیایی ئەو دەشێوێنن. لە لایەکی دیکەوە فەزای ناوەوەی ژوورەکە فەزایەکی تاریک و تەماوی لە چەشنی زیندان نییە، بەڵکو دۆخێکی ڕووناک و گەش بەسەر ژوورەکەدا زاڵە و لە ژوورێکی تەواو ئاسایی دەچێت. (لە هەر حاڵدا ئەگەر ئەم ژوورە زیندانیش بێت، ئەوە زیندانێکی خۆویستە.).

پرسیارێکی دیکە کە لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئەو کارەکتەرە بۆچی بە قاچ خەریکی داخستنی دەرگای ژوورەکەیە و بۆ بە دەست نا؟ بیکۆن خۆی لە وەڵامدا دەڵێ: «بە ڕاست خۆم نازانم بۆ» (٤)، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە کاتێک سەیری دیمەنەکە دەکەین، داخستنی دەرگاکە بە قاچ و لە کاتێکدا کە خۆی دوور لە دەرگاکە گرتووە، زۆر باشتر ئەو هەستی ترس و ئەو ڕاگرتن و پاراستنی سرەوتی ژوورەکە و دۆخەکە دەخاتە ڕوو، واتە ئەگەر کارەکتەرەکە بە دەست دەرگاکە دابخات، دۆخەکە دۆخێکی ئاسایی دەبێت و ئێمەی بینەر هەست بە هیچ دۆخێکی جیاواز و نائاسایی ناکەین، بەڵام کاتێک کارەکتەرەکە زۆر بە ئاستەم و بە قاچ درێژکردن دەیەوێ ئەو کارە بکات، ئاستی خولقاندنی هەستی مەترسی لە بینەردا دەگاتە قۆناغێکی زۆر ئاستەم کە بینەر دەخاتە سەرسووڕمانەوە، هەر بۆیەش تەنیا داخستن بە قاچەکە، پرسیار لە لای بینەر دروست دەکات. ئەگەر سەیری تابلۆکە بکەین، هەست بەوە دەکەین کە ئەو زۆر بە ئاستەم و زۆر بە بێدەنگی بە چەشنێک کە دەیەوێ کەمترین دەنگ و جوولەی لێ بکەوێتەوە، ئەو کارە دەکات. ئەو خۆی زۆر دوور لە دەرگاکە گرتووە، هەر بۆیەش سرەوتێکی قووڵ لە جوولەی ئەودا بەدی دەکرێت. لە ڕاستیدا خەریک بوون بە کلیلەکەوە هەوڵێک نییە بۆ خۆڕزگار کردن، بەڵکو جوولەیەکە بۆ خۆشاردنەوە. بیکۆن خۆی لە وتووێژێکدا



ئەم حەز بە تەنیاییە لە خودی خۆیدا دەخاتە ڕوو: «ئەزموون منی فێر کردووە کە هەمیشە تەنیا بم، تەواو تەنیا!» (٥). هەمووی ئەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە مرۆڤی ناو ژوورەکە لە هەوڵی پاراستنی ئەو ژوورەدایە بۆ خۆی و خولیای ئەوەیە کە ئەو دۆخەی لێ نەشێوێنن. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە کارەکتەری ناو ژوورەکە تەواو ڕووتە، بەڵام زەلامی دەرەوەی ژوورەکە کەسێکی ڕەسمی و ڕێکپۆش و قات لەبەرە. مەسەلەی ڕووت بوونی مرۆڤی سەردەم لەم تابلۆیەدا زۆر بە تۆخی وێنا کراوە و تەواو ڕەهەندەکانی خراونەتە ڕوو.

لایەنی دووەمی ئەم چاودێرییە، تەکنۆلۆژیا و ئامێرە پێشکەوتووەکانن. واتە کامێرا بە هەموو جۆر و دەرکەوتەکانییەوە. ئەمڕۆکە لە هەر شوێن و ناشوێنێکدا، لە هەر کاتێکی شەو و ڕۆژدا کامێرا چاودێری ژیانی

تاکەکان دەکات. ئەم چاودێرییەش هەر تەنیا بە بینین کۆتایی نایەت، بەڵکو تۆمار کردنی هەر جۆرە وردەجووڵەیەکی مرۆڤیشی لەگەڵدایە. تا وای لێهاتووە کە مرۆڤ هەست دەکات ڕۆژانە بەردەوام تەواوی جووڵەکانی لە هەموو شوێنێک تۆمار دەکرێن، ئەمەش مرۆڤی تا سەر ئێسقان ڕووت کردۆتەوە و هیچ پانتاییەکی بۆ پێناسەی تاکەکەسیانەی مرۆڤ نەهێشتۆتەوە و دڵەخورپەیەکی لەبڕان نەهاتووی لە لا دروست کردووە. لەم بارەیەوە هەموومان ڕۆمانە بەناوبانگەکەی جۆرج ئۆروێڵ (١٩٨٤)مان لە بیرە کە ئەم چاوە چاودێریکەرانە چ دۆخێکی نالەبار و دڵتەزێن بۆ تاکەکان دەخوڵقێنن، یان ئەم هەڵڵایەی کە ئەم ماوەیە لە دنیادا دەنگی دایەوە واتە درکاندنی مەسەلەی سیخوڕی دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی بەربڵاو و لەسەر بەشێکی زۆری وڵاتانی دنیا، تەنانەت سەرۆکەکانیشیان لە لایەن ئێدڤارد سنۆدنەوە، نموونەیەکی بەرچاوی چاودێری مرۆڤەکان و دروستبوونی دڵەخورپە و نائارامییە لە لایان.

فرانسیس بیکۆن لە تابلۆکانیدا مرۆڤ ڕووت دەکاتەوە و دەیخاتە ناو چوارچێوەیەکی شووشەیی بە ئاستەم دیارەوە کە لەو پێگەیەدا هیچ شتێکی شاراوە نییە و وردترین وردەکارییەکانی خراونەتە ڕوو. ئەم چوارچێوە شووشەییە بە ڕواڵەت هیچ ئاستەنگێک و بەربەستێک نییە بۆ مرۆڤ، بەڵام لە ڕاستیدا گەورەترین زیندانیەتی، واتە ئەم چوارچێوە شووشەییە زیندانێکی مەجازی و سەمبۆلیکە. شتێک کە لە بنەڕەتدا بوونی نییە، بەڵام بە خەستی هەستی پێ دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەمە چارەنووس و دۆخی مرۆڤێکە کە لەبەر چاودێریدایە و خراوەتە بەر سەرنجی کامێرا. کامێرا کارێکی وای کردووە کە هیچ شتێک شاراوە نەبێت. ئەو چوارچێوە تەنگەبەر و نادیارەی کە بیکۆن مرۆڤی دەخاتە ناوی، هەر ئەو پانتایی و دیمەنەی بەرچاوی کامێرایە کە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لە بەردا بشارێتەوە. بینەر کاتێک سەیری تابلۆکانی بیکۆن دەکات خۆی لە جێی ئەو کامێرایە دەبینێتەوە کە هیچ شتێک، تەنانەت بچووکترین جووڵە و وردەکاریش لە چاوی ون نابن.

مرۆڤی ڕووت، مرۆڤێکی سەدا سەد ئازادە، بەڵام ئەگەر لە ناو چوارچێوەیەکی شووشەدا بێت چی؟! کێشەکە ئا لێرەدایە! ئەوکات ئیتر ڕووتی، یان ئازادی ئەو مرۆڤە تەنیا و تەنیا بۆ ئەوانی دیکەیە نەک بۆ خۆی. ئازادی ئەو ئیتر دەبێتە هێزێک بۆ گەمارۆدانی خۆی. مۆدێرنە لای بیکۆن ئەو چوارچێوە شووشەییە نادیارەیە کە مرۆڤ لە هەر لاوە گەمارۆ دەدات، تەنانەت کونێکیشی بۆ هەناسەدان بۆ ناهێڵێتەوە، هەر بۆیەش مرۆڤی تابلۆکانی بیکۆن، مرۆڤێکی پشووسوار و ماندووە، نەک مرۆڤێکی ئازاد و ئارام. سەردەمی مۆدێرن ئەو زیندانە شووشەییەیە کە بە ئاستەم هەستی پێ دەکرێت، بەڵام بە دەوری مرۆڤەوە بوونی هەیە.

ئەم پرۆسەی چاوی کامێرایە، کارێکی کردووە کە هیچ کەس هەست بە ئارامی نەکات و هەمیشە کەڵکەڵەی ئەوەی هەبێت کە ڕووتە و هەمووان سەیری دەکەن. بۆ وێنە فیلمی (شاراوە Hidden)ی میشل هانکە یەکێکە لەو فیلمانەی کە بە وردی ئەم مەسەلەیە دەخاتە ڕوو کە دواجار کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، هەر بۆیەش ترسی مرۆڤەکانی بیکۆن لەو نیگا و چاوانەیە کە تەنیاییان لێ زەوت کردووە. هەمووان دەنگۆی ئەو چاویلکانەمان بیستووە، یان لە فیلمەکاندا بینیومانە کە گوایە مرۆڤ بە ڕووتی پیشان دەدات و زۆرجاریش خۆمان بە ڕووتی لە نیگای ئەوانی دیکەوە هێناوەتە بەرچاوی خۆمان. ئەگەرچی ئەمە وا وێ دەچێت هەر دەنگۆیەک زیاتر نەبێت، بەڵکو هەڵقوڵاوی داڵغەیەکی زەینی قووڵە لە لای تاکەکان و ڕیشەی لە ترسێکی بێ سنوور دایە لە دەستدرێژی بۆ سەر ئەو «من»ـەی ناو هەناوی مرۆڤەکان.

میلان کۆندرا نووسەری بەناوبانگی جیهانی، بە شێوەیەک باس لەو «من»ـەی ناو تابلۆکانی بیکۆن دەکات، بەڵام ئەو بە «خود» ناوی دەبات و بە پێچەوانەوە لای وایە کە هەوڵی بیکۆن لە تابلۆکاندا بۆ دەرخستن و دۆزینەوەی ئەو «خود»ـەیە، بەڵام من تەواو بە پێچەوانەوە بیر دەکەمەوە. واتە «خود»ێک لە ئارادا نەماوە تا بیدۆزیتەوە، بەڵکو هەرچی بووە لە ناو چووەو کارەکتەریش هەوڵێکی بێهوودە دەدات بۆ پاراستن و شاردنەوەی. کۆندرا دەڵێ: (بیکۆن لە ڕۆژگارێکدا دەژی کە ئەم «خود»ـە لە هەموو شوێنێک لە هەوڵی خۆشاردنەوە دایە.) (٦). کۆندرا ئەو «خود»ـە بە گەنجینەیەک دەشوبهێنێ کە لە ناو ئەو فیگۆر، یان دەموچاوەدا خۆی حەشار داوە و دەستی شێوەکار لە ڕێی

شێواندنی ڕوخسار و فیگۆرەکەوە لە هەوڵی دۆزینەوە و دەرخستنیدایە، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە ئایا هەوڵی ئەو دەستە ئاکامێکی دەبێت؟ بێ گومان نا!، چونکە دەستەکە دڵنیایە لەوەی کە پێشتر ئەو گەنجینە بەنرخە بێ بایەخ کراوە و تووڕ دراوەتە دەرەوە، هەر بۆیەش ئەو ڕوخسارەی ئێمە دەیبینین توێخڵێکی پووچەڵە کە بێ ناوەرۆک و بەتاڵ بۆتەوە و لە ئاکامی ئەو خاڵی کردنەوەشدایە کە ئاوا لێک هەڵوەشاوە و ڕواڵەتی ڕاستەقینەی خۆی دۆڕاندووە.

* * *

جیهانی کارەکتەرەکانی بیکۆن جیهانێکی ڕەش و تاریک نییە، بەڵکو جیهانێکە لە ڕووناکی و لە شووشە، بەڵام ئەم کارەکتەرانە قەتیسن لەو جیهانە رووناکەدا. ئەوان چوارچێوەیەکی تاریک لە خۆی نەگرتوون، بەڵکو قاپێکی شووشە دەوری تەنیون، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە چوارچێوە هەر چوارچێوەیە و هەر گەمارۆدەرە، جا چ لە پۆڵا بێت، یان لە شووشە. لە تابلۆی «ڕووتی هەڵتروشکاو»دا ئێمە لەگەڵ کارەکتەرێکدا ڕووبەڕووین کە بەسەر چێوبەستێکی لەرزۆکەوە هەڵتروشکاوە و هەر سات چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە لەو پێگەیەی خۆی بکەوێتە خوار. ئەم کارەکتەرە تەنانەت سەریشی پێوە نییە، بەڵکو سەری کەوتۆتە خوار، بەڵام لاشەی بەسەر چێوبەستەکەوە خۆی گرتووە. لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە ئەو چوارچێوە شووشەییەیە کە بە دەوری ئەو کارەکتەرەوەیە، کە لە بنەڕەتدا هیچ پێویستییەک ناکات بە دەوریەوە بێت، چونکە ئەوی ڕووت لە هیچ شتێک ناپارێزێت. هەمووان ئەو بە ڕووتی دەبینن و مەترسییەکانی هەست پێ دەکەن، بەڵام ئەم چوارچێوە بە ئاستەم دیارە حەسارێکی تەنگەبەر بە دەورییەوە دروست دەکات کە ئەگەر جووڵەیەک بکات لەگەڵ نغرۆبوونێکی هەمیشەییدا بەرەوڕووی دەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەو چوارچێوەیە خودی ڕووت بوونی کارەکتەرەکەیە. سەرەڕای هەمووی ئەمانە ئەو کارەکتەرە خەریکە دەتوێتەوە. خەریکە دەبێتە بەشێک لە چوارچێوە شووشەییەکە. مرۆڤ وا هەست دەکات کە لەبەر نیگای ئەوانەدا کە سەیری دەکەن، خۆ ناگرێت، هەر بۆیەش خەریکە بتوێتەوە و بە ناو شووشەکەدا ڕۆبچێت و ببێتە بەشێک لەو نیگایانەی کە سەرنجیان داوەتێ.

جا بۆیە ئەم چوارچێوە، یان قەفەسە شووشەییە هەر تەنیا تایبەت نییە بە ناو ژوورەکان، واتە هەر لە دەوری ئەوانە نەتەندراوە کە لە ژوورەکاندان، بەڵکو قەفەسێکە کە مرۆڤ لە هەموو شوێنێک بە دەوریەوەیەتی. بۆ وێنە لە تابلۆی «پۆرترێتی ئیزابڵ وارتۆزن وەستاو لە شەقامێک لە سۆهۆدا» ئێمە دیسان تارمایی ئەم قەفەس و زیندانە شووشەییە هەست پێ دەکەین کە کارەکتەرەکە لە چەقی شەقامێکدا بە دەوریەوەیەتی.

هەربۆیە سەیر نییە ئەگەر کارەکتەرەکانی بیکۆن کەسانێکی پووچ بروا بن و چەمکەکانی جیهان و بوون واتای ڕاستەقینەی خۆیان لە لای ئەوان دۆڕاندبێت، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەگەر نهیلیزم، یان پووچ بڕوایی سەردەمانێک زادە و دەرکەوتەی ئاڵۆزی و ناڕوونی و پرسیار بوو، یان بە واتایەک ئاکامی ئەو دۆخە تاریکە بوو کە مرۆڤ تێیدا دەژیا و لە ناویدا ڕێی بۆ هیچ لایەک دەرنەدەبرد، چونکە ڕووناکاییەک بەدی نەدەکرا و هەموو دەوروبەری پرسیار بوو، هەر بۆیەش لە سەرلێشێواوییەکی سەیردا پەلەقاژەی دەکرد (بەرهەمەکانی کافکا) ئەوە لە تابلۆکانی بیکۆن دا نهیلیزم و پووچ بڕوایی دەکرێ زادە و دەرکەوتەی ڕووناکییەکی لەڕادەبەدەر بێت کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات، واتە دەرکەوتەی ئەو دۆخە بێت کە مرۆڤ بۆی دەرکەوتووە دیاردەکان هێندە کەوتوونەتە بەر تیشکی ڕووناکی کە هیچ شتێکیان پێ نەماوە، لەبەر ئەو ڕووناکییە سەرسامکەرەدا پووچ و بەتاڵ بوونەوە، واتە پووچی لە ناوەرۆکی پووچی خودی شتەکانەوە سەری هەڵداوە.

* * *

لە تابلۆی «پۆرترێتی پاپی پاکیزەی دەیەم»دا ئێمە



پاپ دەبینین کە وەک هەمیشە لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشتووە، بەلاّم دەمی داپچڕیوە و خەریکی هاوار و قریشکەیە. ئەم قریشکەیە بۆ؟ ئاخر پاپ ئیتر ئەو کەسایەتییە سیحراوی و پڕ نهێنییەی جارانی نەماوە و بە کورتی: پاپ ڕووت بۆتەوە! ئەو بۆتە کەسێکی ئاسایی کە هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی نەماوە. ئەو ئیتر چەمکێک بە ناوی «پاپ بوون» لە خۆیدا شک نابات. پاپ بوون لە لای ئەو و لە لای ئەوانی دیکە واتایەکی نەماوە. ئەو بەسەر چوارچێوەیەکی لەرزۆکەوەیە کە هەر سات ئەگەری ڕووخان و نغرۆبوون و هەرەسی هەیە. پاپ لە بنەڕەتدا لە زینداندایە و لەوێشدا نییە، چونکە چوارچێوەکەی دەوری شووشەیەکی بە ئاستەم دیارە کە دەکرێ زیندان نەبێ، بەلاّم ئەوی گەمارۆ داوە و ناهێڵێ جووڵە بکات، هەربۆیە قریشکەی پاپ لە ترسی ئەو ڕووت بوونەوەیە. ئەو هاواری ئەوە دەکات کە چاودێری نەکرێت و ڕووت نەبێتەوە، هەر بۆیەش هاوارێک کە لە دەمی کارەکتەرەکانی بیکۆنەوە دەبیسترێ نەڕە و نەعرەتەی تووڕەیی نییە، بەڵکو هاوارێکی پەنابەرانە و ناڵینێکە بۆ یارمەتی. (باکۆن خۆی نکوڵی لەوە دەکرد کە پاپەکانی خەریکی شین گێڕان بن و دەیگوت کە ڕەنگە ئەوان خەریکی باوێشکدان، یان پژمین.) (٧).

پاپ لە هەمان کاتدا بەشێکە لە شتەکانی دەوروبەری، چونکە بە شێوەیەک لەگەڵیاندا تێکەڵ بووە و بووە بە یەک. ئەو خەریکە لە شتەکانی دەوروبەریدا دەتوێتەوە. هاواری ئەویش چما دەرەنجامی ترس لەو توانەوەیە. ئەو وا وێ دەچێت کە لە فیکری پاراستنی ئەو شکۆ و هەیبەتەی جاراندا بێت و ئەو جیاوازییە هەمیشەییە بپارێزێت، بەلاّم شتەکان ئیتر خەریکە بە ناویدا ڕۆدەچن، یان بە پێچەوانەوە ئەو بە ناو شتەکاندا ڕۆدەچێت، هەر بۆیەش پاپ خەریکە پرۆسەی «بەشت بوون» تێپەڕ دەکات، جا بۆیە ئەم دۆخە وای کردووە کە پێگەیەکی لەرزۆک و ڕووخەکی هەبێت، چونکە کورسییەکە ئیتر کورسییەکەی جاران نییە، بەڵکو زیاتر لە چێوبەستێکی ناقایم دەچێت کە هەردەم ئەگەری ڕووخان و لە دەرەنجامدا نغرۆبوونی پاپی لێوە دەکرێت، جا بۆیە ئیتر کارەکتەرێک بە ناوی پاپ، بوونی نەماوە، بەڵکو ئەوەی ئێمە دەیبینین دیمەن، یان وێنایەکە لە «پاپ شت (شتەکان)». کورسییەکەی پاپیش، واتە پێگەی ئەو، کورسییەکەی جاران نەماوە، بەڵکو ئەویش بە ناو شتەکانی دیکەدا خەریکی ڕۆچوون و کاڵ بوونەوەیە، واتە پێگەکەی ئەویش بە جیاواز خەریکی لەناوچوونە، چونکە پاپ هەمیشە پێگەیەکی ناوازە و تاک و بێ هاوتای هەبووە، تەنانەت لە پێگەی سەرۆک و سەرکردەکانیش بێ هاوتاتر، چونکە ئەوان چەندانی وەک خۆیان هەن، بەلاّم پاپ جیاوازی جیاوازەکانە، کەچی لە لای بیکۆن، یان لە سەردەمی ئەودا ئەو ناوازەبوونە، ئەو تاک و بێ هاوتابوونە ئیتر بوونی نامێنێ و تێک دەچێت، هەر بۆیەش پێگەی پاپ دەڕووخێت و ئیتر چەمکی پاپ ئەو چەمکە ڕەهایەی جاران نییە.

* * *

بە پێچەوانەی بۆچوونی شایەد زۆر لە ڕەخنەگران کە لایان وایە کارەکتەرەکانی بیکۆن تەنیان و لە پەراوێزدا دەژین، ئەوان هیچ کە تەنیا نین، بەڵکو ئازار و ڕەنجیان ئەوەیە کە تەنیاییان لێ سەندراوەتەوە. ئەوان بە دەست ئەو بێ تەنیاییەوە کەوتوونەتە هاوار. قریشکەی ئەوان بۆ ئەو تەنیاییە لەدەستچوو و زەوتکراوەیە کە ئیتر هیوایەک بۆ گەڕانەوەی نەماوە. بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە لایان وایە کارەکتەرەکان لە بیرۆکە و خەیاڵی ناڕوون و نامۆدان و بیر لە شتێک دەکەنەوە کە ئێمە پێی نازانین، ئەوان هیچ شتێکیان بۆ نەماوە تا بیری لێ بکەنەوە. ئەوان خاوەنی هیچ فیکر و خەیاڵێک نین. پانتایی زەینی ئەوان سڕاوەتەوە، چونکە مرۆڤێک کە بیر دەکاتەوە خاوەنی ئەندێشەی تایبەتە، هەر بۆیەش هەڵگری پێناسەی خۆیەتی، بەلاّم مرۆڤی بێ ئەندێشە خاوەنی پێناسە نییە، یان بە واتایەک مرۆڤی بێ پێناسە ئەوەیە کە فیکر و ئەندێشەی نەمابێ، هەر بۆیەش چیرۆکی کارەکتەرەکانی بیکۆن چیرۆکی نغرۆبوونە، بەلاّم نەک بە ناو گێژاودا، بەڵکو لەسەر پانتاییەکی تەخت و ڕوون و بە بەرچاوی هەمووانەوە. دۆخی ئەوان دۆخی لێکترازان و توانەوە و هەرەسە بەسەر ئەم زەوییە تەخت و بەرینەدا، بێ ئەوەی هاوارەبەرێک هەبێت بۆ هەستانەوە و هەڵدانەوە. ئەم دیاردەی توانەوەی مرۆڤ لە هەندێک لە تابلۆکاندا بە شێوەی ڕاستەوخۆ وێنا کراوە. بۆ وێنە لە تابلۆیەکی سێ لەتەدا دەبینین کە مرۆڤێک لە هەریەک لە لەتەکاندا یەکێک لە ئەندامەکانی جەستەی تواوەتەوە و ڕژاوەتە سەر زەوی، یان ناو ژوورەکە. لە یەکیاندا پشتی

داچۆڕاوه، له یه‌كی دیكه‌دا قاچی و ئیتر هه‌روا ئه‌م توانه‌وه و داچۆڕانی ئه‌ندامه‌كانی جه‌سته به‌شێكه له ئه‌ندێشه‌ی شێوه‌كاری لای ئه‌و.

به بۆچوونی من تابلۆكانی فرانسیس بیكۆن - به سه‌رنجدان به لایه‌نی بوونناسیانه‌ی مرۆڤ وه‌ک تاک هی دوای مۆدێرنه‌ن، چونكه مرۆڤی سه‌رده‌می مۆدێرن، مرۆڤێكی ته‌نیا بوو و ئه‌م ته‌نیاییه‌ش تا سه‌ر ئێسقان ئازاری ده‌دا. زۆربه‌ی زۆری به‌رهه‌مه هونه‌رییه‌كانی سه‌رده‌می مۆدێرن تژین له‌م هه‌ست به ته‌نیاییه و ئازاره‌كانی، به‌ڵام كاره‌كته‌ره‌كانی بیكۆن نه‌ک هه‌ر ته‌نیا نین، به‌ڵكو تا سه‌ر ئێسقان پێویستیان به‌م ته‌نیاییه هه‌یه. هاوار و قریشكه‌ی ئه‌وان له ده‌ست ته‌نیایی نییه، به‌ڵكو له ده‌ست ئه‌و ژاوه‌ژاو و ئاڵۆزییه‌ی ده‌وروبه‌ریانه. به واتایه‌ک مرۆڤی دوای مۆدێرنه، واته مرۆڤی ناو تابلۆكانی بیكۆن مرۆڤێک نییه له ده‌ستی ته‌نیایی رابكات، به‌ڵكو ته‌نیایی له ده‌ستی ئه‌و رای كردووه. ئه‌وان هاوار ده‌كه‌ن تاكو به ته‌نیا جێیان بێڵن. ئه‌م دیارده‌یه‌ی ناو تابلۆكانی بیكۆن به پێچه‌وانه‌ی كاره‌كته‌ره‌كانی ئێدڤارد مۆنكه. كاره‌كته‌ره‌كانی مۆنک زۆربه له ده‌ره‌وه هه‌ست پێ ده‌كرێن، چونكه ئه‌وان له ده‌ست ته‌نیایی راده‌كه‌ن، به‌ڵام كاره‌كته‌ره‌كانی بیكۆن به پێچه‌وانه‌وه هه‌میشه له ناو ژووریكدان، چونكه خۆیان هه‌ڵیانبژاردووه و له‌و كونجه ده‌گه‌رێن. له تابلۆكانی مۆنک-دا مرۆڤه‌كان هه‌میشه ته‌نیان، یان دانه‌یه‌ک له كاره‌كته‌ره‌كان له ناوه‌ندی تابلۆكه‌دا ته‌نیا ده‌رده‌كه‌وێت، گه‌رچی كه‌سانێكی زۆر به ده‌وره‌یه‌وه‌ن، به‌ڵام له تابلۆكانی بیكۆن-دا كه زۆربه‌یان هه‌ر ته‌نیا یه‌ک كاره‌كته‌رن، بینه‌ر هه‌ست به‌م ته‌نیاییه ناكات، به‌ڵكو به پێچه‌وانه‌وه كاره‌كته‌ره داوا له بینه‌ر ده‌كات كه به ته‌نیا جێی بهێڵێت.

به بۆچوونی من له شێوه‌كاری مۆدێرندا سێ كه‌س هه‌بوون كه بوون و دۆخ و پێگه‌ی مرۆڤی سه‌رده‌میان پێناسه كردووه: ئێدڤارد مۆنک- فێرنان لێژه- فرانسیس بیكۆن. ئه‌وان هه‌ر یه‌كێک ره‌هه‌ندێک له‌و دۆخ و پێگه‌یه ده‌خه‌نه روو، یان به واتایه‌ک هه‌ر یه‌كیان به شێوه‌یه‌كی جیاواز له‌و پێگه و دۆخ و بوونه ده‌روانن. له راستیدا له كاری هه‌ر یه‌ک له‌م سێ كه‌سه‌دا مرۆڤ خۆی بابه‌تی سه‌ره‌كییه و خۆی كاره‌كته‌ری راسته‌قینه و ناوه‌نده، به‌ڵام به جیاوازی بنه‌ره‌تییه‌وه له شێوه‌ی روانینیاندا كه باسی لێ ده‌كه‌ین.

له تابلۆكانی (مۆنک)دا مه‌رگ وه‌ک حه‌قیقه‌تێک، وه‌ک مه‌ترسییه‌ک، وه‌ک چه‌مكێكی زیندوو، به‌رده‌وام خۆده‌نوێنێت و هه‌میشه حوزووری هه‌یه. به‌رده‌وام ئاگادارمان ده‌كاته‌وه له‌وه‌ی كه ژیان به ته‌نیا بوونی نییه، به‌ڵكو مه‌رگ ته‌واوكه‌ریه‌تی و له هه‌مان كاتیشدا ته‌واوكه‌رێكی گه‌لێک تاڵه. مۆنک هه‌میشه ئاگادارمان ده‌كاته‌وه له‌وه‌ی كه حه‌تمیه‌تی مه‌رگ شتێكه حاشاهه‌ڵنه‌گر و هیچ به‌ربه‌ست، یان دیارده‌یه‌ک له ئاستیدا ناتوانێ خۆراگری بكات. له زۆربه‌ی تابلۆكانی (مۆنک)دا خۆرئاوابوون له ده‌ریادا وه‌ک خاچێک وێنا ده‌كرێ. سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی خۆرئاوابوون نیشانه‌یه‌كه له كۆتایی و نغرۆبوون، ئه‌و خاچه هێمایه‌كه بۆ مه‌رگ و به‌رده‌وام له پشت زه‌مینه‌ی تابلۆكاندا ئاماده‌یی هه‌یه. ئه‌م شێوازه له لای مۆنک مۆركێكی هه‌میشه‌یی مه‌رگاوی وه‌رده‌گرێت. بۆ وێنه له تابلۆی «سه‌مای ژیان»دا كه له بنه‌ره‌تدا ده‌كرێ ناوی «سه‌مای مه‌رگ»ی له‌سه‌ردا بنێین، بێجگه له‌و هێمای هه‌میشه‌یی مه‌رگه (خاچی خۆرئاوابوون) كه له پشت زه‌مینه‌ی تابلۆكاندا خۆده‌نوێنێت، دوو كاره‌كته‌ری خه‌مۆک و داماو و ته‌نیاش له پێش زه‌مینه‌ی تابلۆكه‌دا دێنه به‌رچاو كه ئه‌و حاڵه‌تی حوزووری مه‌رگه تۆختر ده‌كه‌نه‌وه.

كاره‌كته‌ر له تابلۆكانی (مۆنک)دا به ته‌نیا نییه، به‌ڵكو زۆربه له ناو كۆ دایه و كه‌سانێک به ده‌وریه‌وه‌ن، به‌ڵام ئه‌م كاره‌كته‌ره له ده‌رووندا ته‌نیایه و پێویستی به هاوده‌نگییه. ئه‌و به ده‌م ته‌نیاییه‌وه خۆنه‌ویستانه بێده‌نگی هه‌ڵبژاردووه، به‌ڵام به پێچه‌وانه‌وه كاره‌كته‌ره‌كانی بیكۆن له تابلۆدا ته‌نیان، به‌ڵام له راستیدا ته‌نیا نین، به‌ڵكو پێویستیان به ته‌نیایی هه‌یه، هه‌ر بۆیه‌ش سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی كه به‌رهه‌مه‌كانی ئه‌و دوو هونه‌رمه‌نده له رێبازی ئێكسپێرسیۆنیزمدا پێناسه ده‌كرێن، ئێكسپێرسیۆنیزمی مۆنک هی سه‌رده‌می مۆدێرنه، به‌ڵام ئێكسپێرسیۆنیزمی بیكۆن ده‌كه‌وێته سه‌رده‌می پاش مۆدێرن.

ناوه‌ندییه‌تی كاری ئێكسپێرسیۆنیسته‌كان مرۆڤ خۆیه‌تی نه‌ک ده‌وروبه‌ری، هه‌ر ئه‌مه‌ش تایبه‌تمه‌ندییه‌تی و گرینگایه‌تی به كاره‌كانیان ده‌به‌خشێ و ده‌بێته هۆی

جیاوازی و ناسینەوەیان. لە تابلۆکانی بیکۆن-دا ئەم تایبەتمەندییە زۆر بەرچاوتر و زەقترە. بە واتایەک ئەگەر کارەکتەرەکانی مۆنک لە دەرەوە و لە فەزای گشتیدا دەردەکەون ئەوە کارەکتەرەکانی بیکۆن لە ناو فەزایەکی داخراو و لە چوارچێوەیەکی سندووقیدا خۆدەنوێنن، یان ئەگەر زۆر شوێنیان ئاوەڵا بێت، ئەوە لە ناو ژوورێکدان، هەر بۆیەش جیهانی ئەوان زۆر بەرتەسکترە و لەم ڕوانگەشەوە بیکۆن ئێکسپێرسێونیزم دەگەیەنێتە ترۆپکی خۆی.

لە زۆربەی تابلۆکانی (مۆنک)دا چەندین کارەکتەر بەدی دەکرێن، تەنانەت لە پشت زەمینەی تابلۆی بە ناوبانگی «قریشکە»شدا دوو کەس دێنە بەرچاو، بەڵام لە زۆربەی تابلۆکانی بیکۆن-دا هەر تەنیا یەک کارەکتەر ئامادەیی هەیە.لە تابلۆکانی (مۆنک)دا مرۆڤەکان بێ هیچ کەموکورییەک مرۆڤێکی تەواون، واتە بە ڕواڵەت زیندوون، بەڵام ئەم مرۆڤانە لە بنەڕەتدا مردوون. هەروەک گوتمان مەرگ هەمیشە بابەتێکی سەرەکی ناو تابلۆکانی (مۆنک)ە، بە تایبەت دیمەنی خۆرئاوابوون کە لە شێوەی خاچێک خۆ دەنوێنێ، یان کراوەتە دیمەنی خاچێک کە هەمیشە ئاماژەیە بۆ مەرگ، چونکە لە کولتووری ڕۆژئاوادا خاچ وەک هێمایەکی مەرگ دێتە ئەژمار، جا بۆیە کارەکتەرەکانی مۆنک بە ڕواڵەت زیندوون، بەڵام لە ناوەرۆکدا مردوون، بەڵام بە پێچەوانەوە، مرۆڤی ناو تابلۆکانی بیکۆن بە ڕواڵەت لێکترازاو و چەواشەن و زۆرتر لە پارچە گۆشتێک دەچن، بەڵام ئەم پارچە گۆشتە زیندووە، واتە بە ڕواڵەت ساغ نین، بەڵام لە ناوەرۆکدا زیندوون، هەر بۆیەش کارەکتەری مۆنک کارەکتەری مەرگن، بەڵام هی بیکۆن کارەکتەری ژیان.

بەڵام ئەوەی کە تەواوی ئەمانە بە یەکترەوە دەبەستێتەوە ئەوەیە کە ئەم کارەکتەرانە هەردووکیان دەردمەند و ئازارچێشتوون. ئەوان هەردووانیان لە ئازارێک دەدوێن، بەڵام هەر یەک بە ئاراستەیەکدا. ئەوان لە جیهانێکی دەرددا دەژین، بەڵام هەر یەک لە جەمسەرێک. ئەگەر یەکیان تەنیایە ئەوی دیکەیان قەرەباڵغە. ئەگەر یەکیان نیازی بە هاودەنگە ئەوی تریان لە کەسەکان بێزارە. ئەوان هەردووکیان دۆزەخین، بەڵام یەکیان سارد و ئەوی تریان گەرم.

بۆ باس کردن لەم ئازارە بەردەوامە، وا باشە بزانین کە لەخاچدران، یان چوارمێخەکێشان یەکێکی دیکە لە سوژە سەرەکییەکانی کێشانەوەیە لای بیکۆن. بەشێکی زۆری کارەکانی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراون و بەردەوام کاری لەسەر کردووە. لەخاچدران سەرەڕای ئەوەی هێما و ئاماژەیەکی مێژوویی و ئایینی هەیە، تەعبیرێکی ڕاستەوخۆیە لە ڕەنجی بەردەوامی مرۆڤ و لە خوێندانی هەمیشەیی ئەو، بە چەشنێک کە وەک چارەنووسێکی دانەبڕاوەی ڕەچەڵەکی مرۆڤی لێ هاتووە. لەخاچدران ئێستاشی بچێتە سەر، پرۆسەی خوێنڕژانی بەردەوامی مرۆڤە لە مێژوودا و لە ئەمڕۆکەشدا بە شێوەیەکی گشتگیرتر، بە چەشنێک کە بۆتە ئاماژەیەک بە ڕەنج و ئازاری سەمبۆلیک و دەروونی مرۆڤ.

بە پێچەوانەی فرانسیس بیکۆن، فێرنان لیژە زۆرتر باس لە دەرەوەی مرۆڤ دەکات تا هەناو و دەروونی. تابلۆکانی ئەو زۆرتر لەسەر پێوەندی دەرەکی مرۆڤ و دنیای دەوروبەر دەدوێن تا بارودۆخی دەروونی و پێگەی بوونناسییانەیان. تابلۆکانی فێرنان لیژە تەواوکەر، یان سەلمێنەری تێزی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرتن لە مەڕ بەشت بوون، یان بەئامێربوونی مرۆڤ. کارەکتەرەکانی فێرنان لیژە مرۆڤی سەردەمی پیشەسازین، یان کرێکاری کارگەکانن. مرۆڤێکن کە بوونەتە هاودەمی تەکنۆلۆژیا، تەنانەت بوونەتە بەشێک لێی. بەشێک لە جەستەیان تەکنۆلۆژیا دەیبات بەڕێوە. کەسانێکن کە ناوەرۆکی مرۆڤانەیان دۆڕاندووە و پێناسەی ماشێنێکی میکانیکیان وەرگرتووە. ئەو تابلۆیانە فیلمە بە ناوبانگەکەی چارلی چاپلین (سەردەمی نوێ)مان دێنێتەوە یاد، کەسێک کە بە ناخی چەرخی کارگەکاندا ڕۆدەچێت و بە ڕادەیەک سەرقاڵیان بووە کە مەترسی سەر خۆی لە بیری دەچێتەوە.

تابلۆکانی لیژە چیرۆکی پەرشوبڵاو بوون و لەت لەت بوونی مرۆڤی سەردەمە بە دەست ماشێنەوە. چیرۆکی دڵتەزێنی لێک هەڵوەشانی ئەندامەکانی مرۆڤێکە کە چیدی وەک یەکەیەکی سەربەخۆ نەماوە و لێک ترازاوە. مرۆڤێک کە هەر ئەندامێکی بوونێکی جیاوازە و دابەش بووە، ئیتر ئەو مرۆڤە ساغ و دروستە نەماوە. لە تابلۆکانی لیژەدا مرۆڤ وا دێتە بەرچاو کە وەک ماشێن لە پێکەوەلکان و سەریەک کردنەوەی ئامێرەکان و تیکە

جیاوازەکان پێک هاتبێت. بە کورتی تابلۆکانی لێژە، چیرۆکی بەماشێن بوونی مرۆڤن لە سەردەمانێکدا کە ماشێن هەموو ڕەهەند و لایەنەکانی ژیانی داگیر کردووە(*)، بەڵام بە پێچەوانەوە کارەکتەرەکانی بیکۆن خۆیان خزاندۆتە ناو ژوورەکان. شایەد ترس لە ماشێنەکان و ئامێرەکان ڕاپێچی ناو ژوورەکانی کردبن.

* * *

بەشێکی کارەکتەرەکانی بیکۆن کارەکتەری ئاسایین. مرۆڤێک لە ئەوپەڕی ئارامی و سوکنایییدا لەسەر کورسییەک دانیشتووە و دەستی بە بەر ئەژنۆیەوە گرتووە وەک ئەوەی چیرۆکێکی شیرین بۆ کەسی بەرانبەری بگێڕێتەوە، یان بە پێچەوانەوە گوێی بۆ داستانێکی دڵبزوێنی بەرانبەرەکەی شل کردبێ، بەڵام ئەم مرۆڤە ئاسایی و هێمن و ئارامە پێناسەی تێک چووە. دەموچاوی ناناسرێتەوە. بەو ئارامی و سوکناییەدا دەردەکەوێت کە ئەو خۆی هەست بەم تێکچوون و لێکترازانی ڕوخسار و پێناسەیەی خۆی ناکات. ئەم کارەکتەرە بە ڕواڵەت کارەکتەرێکی ئاسایی و تەواوە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەڵگری هیچ چەشنە پێناسەیەکی تاکەکەسیانە و تایبەتمەندانە نییە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو هەست بە مەترسی ئەو بێ پێناسەییە ناکات. بە پێچەوانەی کارەکتەرەکانی کافکا کە بە شوێن گوناهێکی نەکردەدا وێڵن و هەڵوەدای دۆزینەوەی سەرەداوێکن بۆ تاوانبار کردنی خۆیان، کەچی کارەکتەرە هێمن و ئارامەکانی بیکۆن دەرکەوتەی گوناح بە ڕوخساریانەوە دیاری دەدات، بەڵام خۆیان لێی بێ ئاگان. نموونەی بەرچاوی ئەم کارەکتەرانە هەر ئەو تابلۆ سێ لەتەی لۆسین فرۆیدە کە لە سەرەتادا باسی لێ کرا. لە هەر سێ بەشی تابلۆکەدا کارەکتەر بە هێمنی و ویقارەوە قاچی ناوەتە سەر قاچی و دەستی بە بەر ئەژنۆیەوە گرتووە و تامەزرۆیانە گوێی بۆ ئێمەی بینەر ڕاگرتووە، یان خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشە بۆ ئێمە، بەڵام ڕوخسار و فیگۆری شێواوە و ناناسرێتەوە. ئەو مرۆڤە پێناسەی خۆی دۆڕاندووە، کەچی خۆی لێی بێ ئاگایە. دەموچاوی بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە و دڵتەزێن تێکچووە و لێک هەڵوەشاوە، بەڵام خۆی ئاگاداری ئەم دۆخە نییە.

بەم پێیە زۆربەی تابلۆکانی بیکۆن ئاماژەیەکن بۆ جیهانێکی بێ بەزەیی، بەڵام ئەو بۆ ڕەهەندی بێ بەزەییانەی جیهان دەخاتە ڕوو؟!، چونکە دەزانێ کە هەمووان ئەو توندوتیژی و تووڕەییەی جیهان نابینن و هەستی پێ ناکەن، تەنانەت بەشێکی زۆر لەوانەش کە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی توندوتیژی و ڕقی جیهان. ئەم کارەکتەرانە دەرەنجامی ئەم توندوتیژییە نە لە خۆیاندا و نە لە کەسانی دەوروبەریاندا هەست پێ ناکەن. لە یەکێک لە تابلۆکاندا دەبینین کە دوو کارەکتەر (دوو پیاوی دەموچاو شێواو) لە پەنای یەکتردا دانیشتوون و سەرگەرمی وتووێژن، بەڵام هیچیان ئاگایان لە دۆخی ئەوی دی نییە و سەریان لەبەر خۆیە و هیچیان هەست بە تێکچوون و لێکترازانی ڕوخسار و ماهیەتی خۆیان و ئەوی پەنایان ناکەن. بیکۆن لە ڕێی تابلۆکانییەوە دەیەوێ ڕۆڵی ئەو پێغەمبەرە بگێڕێت کە هاوار دەکات: «ئازارەکانتان ببینن!»، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە کە ئایا کەسێک هەست بە ئازار نەکات، ئایا دەیچێژێت؟ واتە ئایا ئازار بەرۆکی گرتووە؟ لێرەدایە کە باسی پێناسەی مرۆڤانە و ڕەهەندی بووناسیانەی مرۆڤ دێتە گۆڕێ. بیکۆن دەزانێ کە ئەوان لە پانتایی بووناسیانەی مرۆڤانە فڕێ دراون و هەر تەنیا زیندەوەرێکن، بەڵام کارەکتەرەکان لەمە تێناگەن.

لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا، لە زۆربەی تابلۆکاندا مرۆڤەکان ڕواڵەتێکی تەواو ئاژەڵانە وەردەگرن. بە تایبەت کە زۆربەیان دەست و قاچیان زۆر باریک و نارێکن، ئەمەش دەعبا و جڕ و جانەوەر بە زەینی بینەردا دێنن. کاتێک سەیریان دەکەین دەست و قاچیان لە قالۆنچە و سیسرک و دەعبای وا دەچێت. سەیر نییە کە زۆرجار بینەر «دۆنادۆن»ی کافکای بیر دەکەوێتەوە کە لەودا کارەکتەرەکە دەبێتە دەعبایەکی وەک قالۆنچە. ئایا ماهیەت و ناوەرۆکی ئەم کارەکتەرانە گۆڕاوە؟ ئەگەر ئا، بۆچی؟ پرسیاری سەرەکی ئەمەیە!

سەرەڕای ئەمە، لە دیدێکی ترەوە دروستە ڕوخساری سەرلەبەری ئەم کارەکتەرانە لە شێتەکان دەچن، بەڵام ئەوان شێت نین ئەگەر شێتیش بن، ئەوە شێتییەکی گشتگیرە کە هەمووان تێیدا هاوبەشن، تەنانەت خودی بیکۆنیش، چونکە ئەو پۆرترێتانەی کە بیکۆن لە خۆی کێشاونییەوە لە هەمووان شێتتر دەنوێنن، هەر بۆیەش ئەمە دۆخێکە کە پانتایی بوونی مرۆڤ و جیهانی داگیر

کردووە و تایبەت نییە بە تاک، یان تاقمێکی تایبەت، بەڵکو ئاراستەی جیهان بەو لایەنەدا ڕۆیشتووە.

* * *

ئاوێنە وەک یەکێکی دیکە لە توخمە باوەکانی ناو تابلۆکانی بیکۆن هێمایەکی زۆر ڕاستەوخۆی هەیە بۆ ئاماژە کردن بە دۆخی مرۆڤی ئێستا؛ ئاوێنە وەک هاودەمی مرۆڤ، واتە وەک ئەوەی کە مرۆڤ کاتێک ئاوێنەی لە لایە تەنیا نییە، بەڵام ئاوێنە هەر دەتوانێ خودی مرۆڤ پێشان بدات، بە واتەیەکی دی مرۆڤی ئەمڕۆ تەنیا یەک هاودەمی هەیە کە ئەویش خودی خۆیەتی. بۆ وێنە لە یەکێک لە تابلۆکاندا کارەکتەرەکە کاتێک سەیری خۆی دەکات لە ئاوێنەدا، ئاوێنەکە تەواو ڕەشە، واتە ئەو دۆخ و پێگەی خۆی بەو شێوەیە دەبینێ: بارودۆخێکی نادیار!

لە زۆربەی تابلۆکانی بیکۆندا کاتێک کارەکتەرەکە سەیری ئاوێنە دەکات، وێنەیەک، یان بارودۆخێکی تەواو جیاواز دێتە بەرچاوی. واتە، یان خۆی جیاوازە، یان پێگە و بارودۆخی. بەو مانایە کە، یان خۆی گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، یان ئەو دۆخ و فەزایەی کە تێیدایە. بۆ وێنە لە یەکێک لە تابلۆکانی دیکەدا کارەکتەرەکە سەرەڕای ئەوەی تەواو پۆشتە و جل لەبەرە، بەڵام لە ئاوێنەکەدا تەواو ڕووت دەردەکەوێت، هەر بۆیەش ئەوەی لە ئاوێنەدا بەدی دەکرێ، واقیعی مرۆڤەکانی بیکۆنن.

لەم بارەیەوە، یەکێک لەو تابلۆیانەی کە زۆر سەرنجی من ڕادەکێشێ، تابلۆی «پۆرترێتی جۆرج دایەر لە ئاوێنەدا»یە. ئەم تابلۆیە دەرخەری وێنای مرۆڤە لە ڕوانگەی خودی مرۆڤەکەوە، واتە مرۆڤ لە ناو زەینیدا چ وێنایەکی لە خۆی هەیە، یان بە واتایەک خۆی چۆن دەبینێت؟ لەم تابلۆیەدا ئێمە پیاوێک دەبینین کە لەسەر کورسییەک دانیشتووە و پشتی لە ئاوێنەیەکە، بەڵام بۆ بینینی دیمەن، یان دەموچاوی خۆی لە ئاوێنەکەدا، وەرگەڕاوەتەوە و ئاوڕی داوەتەوە، بەڵام ئەوەی لە ئاوێنەکەدا دەیبینێ دەموچاوێکە کە لە کەللەسەری جیا بۆتەوە. وەک ئەوەی دەموچاو دەمامکێک بێت کە بە کەللەسەرەوە لکابێ و ئێستاش ئەو دەمامکە جیا بووبێتەوە. هەروەک دەزانین دەموچاو ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ پێناسەی تاکەکەسیانەی مرۆڤ. لێرەدا ئەو مرۆڤە کەسایەتی خۆی ئاوا دەبینێت: کەسایەتییەکی دووڵەتبوو، لێکترازاو و دەمامکدار، بەڵام دەمامکێک کە هێندە بۆ متمانە نابێت و هەردەم دەکرێ خۆنەویستانە لێی جیا ببێتەوە. دەموچاوی پیاوە لە تابلۆکەدا زۆر دیار نییە، یان بە شێوەیەکە کە زۆر لە ئێمەی بینەرەوە دەرناکەوێت، واتە کەسایەتییەکی نادیار و تەماوی هەیە، بەڵام ئەوەی ناو ئاوێنەکە کە بێ گومان لە دیدی خودی پیاوەی ناو تابلۆکەوەیە، دەموچاوێکی دیار و ئاشکرا و ڕوونە، هەر بۆیەش کارەکتەری ناو تابلۆکە بە باشی دەتوانێ کەسایەتی خۆی ببینێ، بەڵام بە شێوەی لەت لەت و شەمزاو. ئەو مرۆڤە کاتێک ئاوڕدانەوەی دەبێت بۆ پێناسەی خۆی و کاتێک هەڵوێستەی لەسەر دەکات و پێیدا دەچێتەوە، دەبینێت کە ئەو خاوەنی پێناسە و کەسایەتییەکی لێکترازاو و هەڵوەشاوەیە، نەک کەسایەتییەکی تۆکمە و پتەو.

بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا بوونی هەمیشەیی ڕۆژنامەیەک لە ناو ژووری زۆربەی تابلۆکانی بیکۆندا، ئێمە وەبیری ئەو وێنە زانستییانە دەخاتەوە کە زانایان و پسپۆڕانی بواری زەویناسی و جوگرافیا و ژینگە کاتێک لە زەوییەک، چینە بەردێک، یان شوێنێکی دیکەی دەگرن، قەڵەمێک، یان قەواغی کامێراکەیان، یان چەکوچێک شتێکی لەو شێوەیە دەخەنە سەر زەوییەکە، یان بەردەکە بۆ ئەوەی سەلمێنەری زیندووبوون، یان واقیعی بوونی ئەو وێنەیە بێت و دەری بخات کە وێنەیەکی ڕاستەقینەیە و دەستکرد و ساختە نییە. بوونی ڕۆژنامە لە تابلۆکاندا و لە نزیک کارەکتەرەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەم فیگۆر، یان کارەکتەرانە زیندوو و واقیعین و ئاماژەن بە دۆخێکی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان. بیکۆن لە ڕێی ئەو ڕۆژنامەوە دۆخی مرۆڤی سەردەم و ڕۆژانەی پەنای خۆمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو لە ڕێی ئەو ڕۆژنامە فڕێ دراوانەی ناو ژوورەکان، بۆمان دەگێڕێتەوە کە ئەم مرۆڤانە بوونەوەرگەلێکی وەهمی و خەیاڵی نین، بەڵکو کەسانی زیندوون کە خەریکی ژیانی ڕۆژانەن، بەڵام دۆخیان بەو شێوەیە. ئەو شوێنەش کە کارەکتەرەکان تێیدا دەژین، شوێنێکی دوورەدەست نییە، بەڵکو جیهانی دەوروبەر و ڕۆژانەیە و شوێنێکە وەک ستۆدیۆی خودی بیکۆن کە هەمیشە کەشێکی شپرزە و هەڵڕژاوی هەبووە و ناوەوەی پڕ بووە لە کاغەز و ڕۆژنامەی دڕاو و هەڵڕژاو تێیدا، هەر بۆیەش ئەم دەموچاو و فیگۆرە خوار

و خێچانەی ناو تابلۆکانی بیکۆن وێنایەکی سوریالیانەی مـرۆڤ نین، بەڵکو سـیـمـایەکی ڕاسـتـەقـینەی مـرۆڤی سەردەمن. لە ڕاستیدا بیکۆن مرۆڤی ئەمڕۆی بەو شێوەیە وێنا کـردووە کـە ئێـسـتـا هەیە و دەژی. بیکۆن خـۆی ڕاستەوخۆ باسی ئەم شێوازە لە خولْقاندن لە کارەکانیدا دەکـات: «بڕوام وایە کـە شـێـوازی ڕیالیـزم دەبێ دووبارە دابمەزرێتەوە، ئەمـەش تەنیـا ڕێگای مـومکینە بۆ هونەری شێوەکاری» (٨)، هەر بۆیەش تابلۆکانی بیکۆن شوێنی ئاوێتەبوونی سوریالیزمانەی دوو چەمکی خەون و واقیع نین، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە پنتی لێکترازانی خەیاڵ و واقـیـعن، چونکە واقـیـع، یـان شـێـوازی ڕیالیـزم لای بیکۆن ئەو دیاردەیە کە ئەو هەستی پێدەکـات و دەیبینێ. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە بیکۆن زۆربەی ئەو دەموچاو و فیگۆرانەی لە ڕووی وێنەوە کێشاوەتەوە، واتە وێنەی خۆی، یان هی کـەسێک، یان هاوڕێیـەکی خۆی داناوە و لە ڕوویەوە دەسـتـی داوەتە کـێـشـانـەوەی، هەر بۆیەش ئەوەی کـە بیکۆن دەیبـیـنێ و دەیکێـشـێـتـەوە واقـیـعی ناوەوە، یان ئەودیوی وێنەکـەیە. شـایەد ئەم واقـیـعـە نەخوازراو بێت، بەڵام بە ڕادەیەک لای ئەو ڕاسـتـەقـینە و لەبەرچاوە کە ناتوانێ هەڵوێسـتـەی لەسـەر نەکـات، هەر بۆیەش واقـیـع لای بیکۆن چەمکێکی شـرۆڤـەهەڵگر و شیـاوی شیکردنەوەیە نەک ئەزمـوونێکی ڕەها کە نەکرێ دەستی بۆ ببـرێت. ئەم ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییـەش لە چەمکی واقـیـعـدا دەرکـەوتەی زەمـان و سـەردەمـە، هەر بۆیەش خـواروخێـچی و لێکـترازانی ڕوخسـاری مرۆڤی سـەردەم ئیـتر خەیاڵێکی شێـتانە و مـالیـخۆلیـانە نییـە، بەڵکو واقیعێکی کوشندەیە، واقیع، یان دەموچاوێک کە مرۆڤ ڕۆژانە پێیەوە پیاسە دەکات و دەچێتە ناو قەرەباڵغی و لەگەڵیدا دەژی.

**(*)- فـێـرنـان لێـژە، خـۆی بە شـێـوەیەکی ئەرێنی سـەیری تەکنۆلۆژیا و پێـوەندی لەگـەڵ مـرۆڤـدا دەکـرد و ئەم پێـوەندییـە دووقـۆڵییـەی بەرز دەنرخاند و لای وابوو کـە مـاشێن لە خزمـەت پێشکەوتن و ئاشـتی و ئارامی جیـهـاندایە. بۆ زانیـاری زیاتر لە مەڕ بۆچوونەکانی لێژە لەم بارەیەوە دەتوانن کەڵک لەم سەرچاوانە وەربگرن:**

**١- سـاندر بکولا، هنر مـدرنیـسم، مـترجـمـان رويين پاکبـاز و دیگران، تهران: فرهنگ معاصر: ١٣٨٩.**

**٢- نوربرت لینتن، هنر مـدرن، ترجمـه علی رامین، تهـران: نی، ١٣٨٦.**

**٣- رويين پاکـبـاز، در جسـتـجـوی زبان نو، تهـران: نگاه، ١٣٨٦.**

**سەرچاوەکان:**

**١- هوشنگ گلشیـری، نیمه تاریک ماه (داستانهای کوتاه)، تهران: نیلوفر، ١٣٨٠، ص ٢٦١.**

**٢- همان، ص ٢٥٤.**

**٣- دیوید سیلوسـتـر، گفت و گو با فـرانسـیس بیکن، ترجمـه شروین شهامی پور، تهران: نظر، ١٣٨٨، ص ١٢١.**

**٤- همان، ص ١٢١.**

**٥- میـشل ارشمبو، گفتگو با فرانسیس بیکن، ترجمه قاسم رويين، تهران: نیلوفر، ١٣٨٠، ص ١٠٠.**

**٦- میـلان کوندرا، مـواجهـه، ترجمـه فروغ پوریاوری، تهـران: اگه،١٣٩٢، ص ٢٠٨.**

**٧- مـارتین هریسون، در قـاب دوربین، مـترجم کیـهـان ولی نژاد، تهران: مرکب سپید، ١٣٨٩، ص ٢٣٥.**


**٨- گروتسـک در هنر و ادبیات، ویراستـار جیـمز لوتر ادامز و ویلسـون یتس، ترجمـه اتوسا راستی، تهـران: قطره، ١٣٩٠، ص ١٥٥.**

# زستانێکی درێژ و تراژیدیای بوون

هاشم سەڕاج

«زستانێکی درێژ» ڕۆمانێکی نووسەری ئایرلەندی «کولم توبیێن – ١٩٥٥»ـە دلاوەر قەرەداغی لە سوێدییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، توبیێن لەم ڕۆمانەدا بە قوولی و بەشێوازێکی هێمایی کاری لەسەر چەمکگەلێک کردووە، لەوانە؛ هۆگری و ئولفەت پێوەگرتن، خەون و خولیا، ئالوودە بوون، چێژی ئالۆز و تەمومژاوی سێکسی، توندوتیژی سروشت، مەینەتییەکانی ژیانی سەربازی، تراژیدیای شاراوەی نێو بوون، چرکە خۆشەکانی ژیان، دڵڕەقی و بەخشندەیی...تاد گێڕانەوەکانی کولم توبیێن لەم ڕۆمانەدا پڕن لە ڕوانینی قوولی جۆراوجۆر، ڕوانین بۆ بوون و جیهان و چرکە ڕۆژانەییەکانی گوزەران، هاوکات لە ڕێگەی گێڕانەوەکانەوە لەنێوان کارەکتەرەکاندا دیالۆگی جۆراوجۆر دێتە کایەوە، توبیێن هێند بە وردی لەشتگەل و بابەت و ڕووداوەکان دەدوێت، وەرگر دەخاتە جیهانێکی لێوان لێو لە چێژ و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و پارادۆکسەوە، زۆرجار پرۆسەی وەسفگەرایی لە کایەکانی شیکارییەوە سەرچاوە دەگرێت و کۆمەڵێک ئاماژە دەخاتەوە، وێڕای خستنەڕووی لایەنی سایکۆلۆژی کارەکتەرەکان، باوک کاتێک لەگەڵ جوردی کوڕە بچووکیدا لە کێڵگەکەدا دەخولانەوە و هەردووکیان کراسی قۆڵ کورتیان لەبەردابوو، بڕوای تەواوی بە قسەی قەشەکان هێنابوو، کە وتوویانە «ئەم ساڵ زستانمان نابێت» لەبەر ئەوەی [وەفادارانە نزاو نوێژمان کردووە و یارمەتی هاو توخمەکانی خۆمان داوە]، بەڵام «میکوێل»ی کوڕە گەورە کە ڕاژەی سەربازی تەواو کردبوو، پێکەنینی بەم وتانە دەهات و هەستی دەکرد زستانێکی سەخت و دژوار بەڕێوەیە، دەبوایە ڕۆژی شەممە جوردی بگەیەننە «لاسێو» تا سەری بەشێوەیەکی تایبەتی بتاشرێت و ڕۆژی سێ شەممەش بەرەو خزمەتی سەربازی بەڕێ بکەوێت، جوردی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ماڵ دوور دەکەوتەوە.

دەق لە دەسپێکی نووسینەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار لەسەر چەمکی هۆگری و ئاشناگەرایی و ئولفەت پێوەگرتن دەکات، شتگەل، یان کەرستەی بەکارهێنراوی خودی



و کەسیەتی زۆرجار دەبێتە شوێنگەی یادەوەری و ئامرازێک بۆ ئولفەت پێوەگرتن، ئەمە سەبارەت بە کەسەکە، کە کەرستە تایبەتییەکان بەکار دەهێنێت، ڕەنگە ئاسەواری ئەم حاڵەتە لای ئەو کەسانەش بەجێ بهێڵرێت کە لە نزیکەوە ژیان لەگەڵ کەسەکەو شتگەل و کەلوپەلەکانی دەکەن، میکوێل بیری لەوە دەکردەوە دوای ڕۆیشتنی جوردی بۆ سەربازی، تەختەخەوە یەک کەسییەکەی لەو ژوورە بچکۆلەیە چۆڵ دەبێت و دایکی بەرگە نوێن و چەرچەفەکانی دەپێچێتەوە و دۆشەکەکە بە ڕووت و قووتی دەهێڵێتەوە، میکوێل لە ماوەی سەربازییەکەیدا سەبووری خۆی بە خەون بینین بەماڵەوە دابووەوە و هەمیشە لەگەڵ چرکەساتە زەینییەکانی خۆیدا دەژیاو چێژی لە یادەوەرییەکان دەبینی، بەیانیان کاتێک باوکی لە خەو بە ئاگای دەهێنایەوە تا بە جێبەکە لەگەڵیدا بڕوات بۆ ئەو جێگە هەڵەتانەی ڕانە مەڕەکەیان بۆ لەوەڕی هاوینە بۆ دەبردن، تەختە خەوەکەی جوردی برای، کوونە پەپووەکەی نزیک پەنجەرەی ژوورەکەی، دەنگی مشارێکی ئەلەکتریکی، تەقەی تاپڕی ڕاوچییەکان، حەپەی سەگ و دەنگی جێبێک کە دەکەوێتە ئیش، میکوێل لەو ماوەیەدا بەشێوەیەک نوقمی چرکەساتەکانی نۆستالیژیا بوو، وەک ئەوەی بە تەواوەتی گەڕابێتەوە ماڵەوە، لە خەیاڵی ئەوەدا نەبوو کە بەم زووانە نۆرەی جوردی بێت، میکوێل دەیزانی ئەوە بۆ براکەی چەندە زەحمەت دەبێت «دەتوت بەشێکی نازک و پاقیژە لە خۆی دەڕوا و قژی هەڵدەپاچرێ و تەختە خەوێکی چۆڵوهۆڵ لە دوای خۆیەوە جێ دەهێڵێت».

دایک هەمیشە بیری لای ڕۆیشتنی (جوردی)یە و بە حاڵ دەتوانێت چێشت لێ بنێت و دانی مریشک و قازەکان بدات و خۆراکێک بخاتە بەردەم کەروێشکەکانەوە.

دەقی زستانێکی درێژ هێند بە وردی لە چرکەساتەکانی ژیان دەدوێت، هەستێکی پڕاوپڕ لە خۆشی و خەفەت لای وەرگر بەرجەستە دەبێت، هەستێک لەتراژیدیای قووڵ و شاراوەی بوونەوە هەڵدەقووڵێت، بە تایبەتی کاتێک باوک جێبەکە بە ئیش دەخات و بەرەو (لاسێو) دەڕۆن، میکوێل لەدوای جێبەکە دادەنیشێت و جوردی لە تەنیشتەوە دەبێت و دایک و باوکیش لە پێشەوە، ئەو ڕۆژە نەهێلکەیان پێ بوو نە پەلەوەر تا بیانفرۆشن، باوک دەبوو لەگەڵ (جوردی)دا بچێت بۆ سەرتاشخانەکە و بەپێی ڕێنماییە سەربازییەکان سەری بتاشێت، پرۆسەی نووسین تا دێت کار لەسەر کۆمەڵێک پرسی جۆراوجۆر دەکات، جموجووڵی ژیان لە بازاڕە میللییەکەی لاسێو، جوانی دیمەنی سەوزە فرۆشی و مریشک فرۆشی و قەسابخانەو بارەکان.. دایک کاتێک بە بیانووی کارێکی تایبەتییەوە خۆی لە بازاڕی لاسێو ون دەکات، میکوێل لەودیو جامی مەیخانەیەکەوە چاوی بە دایکی دەکەوێت بە پەرداخێکی گەورە شەرابی شێریی دەخواتەوە [میکوێل دایکی بینی پەرداخەکەی وەرگرت و بە دوو قوم چۆڕ بڕی کرد] میکوێل بیری لە چرکە سەر حاڵی و شادمانییەکانی دایکی دەکردەوە، هەر باشە هەفتەی جارێک دێت بۆ لاسێو، دوای بازاڕ کردن چەند پەرداخێک شەرابی شێریی دەنۆشێت، میکوێل لە فیکرەوە چوو [دایک تەواو حەقی خۆیەتی بە پەرۆشەوە تاسەی خواردنەوەی کردبێت، چون لە گوندێکی بێ باڕ، بێ دوکان و بێ هیچ شتێکدا دەژیا کە بێجگە لە دراوسێی چاوچنۆک و زستانێکی درێژ، هیچی تری لێ نەبوو، دایک کە دەهات بۆ لاسێو کەروێشکەکانی بە قەسابەکان دەفرۆشت و زەمبیلە هێلکەکانیش بە دوکاندارەکانی بازاڕە میللییەکەی لاسێو، لێرەدا تێکستی زستانێکی درێژ، کاری لەسەر هەندێک خەسڵەتی خودی و کەسیەتی کردووە، ڕەنگە دەست بردن بۆ ئەو جۆرە خەسڵەت و خولیایانە و قەدەغە کردنیان کێشە و مەرگەساتی لێ بکەوێتەوە، دوای ئەوەی میکوێل بۆی دەردەکەوێت کە دایک دەمێکە ئالوودەی شەرابە، لە موبەقەکەدا ڕۆژانە بە نهێنی چەند پەرداخێک هەڵدەقوڕێنێت، بۆیە سەرجەم ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکان لەم خاڵەوە دەست پێدەکەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی باوک بۆی دەردەکەوێت هاوسەرەکەی ئالوودەی شەراب بووە، ڕۆژێک بوتڵە شەرابەکە لە موبەق دەدۆزێتەوە و دەیڕێژێت، دایک ڕۆژێک بەرلەوەی جوردی بۆ سەربازی بچێت، خۆشترین چێشت لێ دەنێت، چێشتێک کە لە گۆشتی کەروێشک و گێزەر و پیازی بەترش و خوێی تامدار پێکهاتووە، کە جوردی حەزی لێ دەکرد بۆ پێش ژەم بۆ لێنان و قازی بە فڕن برژاویش بۆ

ژەمی سەرەکی، بەڵام دوای ڕۆیشتنی جوردی بۆ سەربازی و ڕشتنی شەرابەکە، شیرازەی خێزانی بەجارێک تێک دەچێت، بەر لە ڕشتنی شەرابەکە لەلایەن باوکەوە، کاتێک میکوێل شەوانە دەچووە ژووری نووستن، دڵتەنگی دایدەگرت، بۆیە دایک بەرگە دۆشەک و باڵشت و متیل و بەتانیەکانی هەڵگرت، میکوێل کاتێک سەیری تەختە خەوی بەتاڵی جوردی دەکرد خەفەتێکی قووڵ دایدەگرت، ئاخۆ دەبێت جوردی ئێستا لە کوێ بێت؟ بەڵام دایک حەزی لەوە بوو بە درێژایی ڕۆژ بجووڵێت، چێشت لێ بنێت، شت بشوات و ئاگای لە دان و خواردنی مریشک و قاز و کەروێشکەکان بێت، بەڵام دوای ڕشتنی شەرابەکە، دایک خۆی ڕادەژەند و دەیگوت: [من پەشیمانم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک لە ئێوەم ناسیوە].. دەق لەم خاڵەوە کار لەسەر چەمکی گۆڕانکارییەکان دەکات و هێدی هێدی تراژیدیای شاراوەی بوون دەخاتە ڕوو، دوای ڕۆیشتنی جوردی و سەرهەڵگرتنی دایکی و دیار نەمانی، ژیان لەم ماڵەدا لە تەنیایی «کلوا»ی سەگەکەی جوردی دەکات کە بە کەساسی لە ماڵەکەدا دەخولێتەوە، بەڵام دەبێت دایک سەری بۆ کوێ هەڵگرتبێت، بە ئاراستەی لاسێو ڕۆیشتبێت، یان بەرەو گوندی پالووسا کە ماڵی براکەی لەوێیە.. دایک بەو سەرماو سۆڵە سەری خۆی هەڵگرتووە، نە پاڵتۆکەی و نە لەچکە جوانەکەی دیارە، نە پۆتینەکانی، میکوێل گەورەکان دەگەڕا، تێکست زۆر بە وردی و بەشێوازێکی شیعری، وەسفی ئەو گەڕانە دەکات، لەم سەرماو سۆڵ و بەفر و کڕێوەیەدا چۆن باوک جێبەکە دەخاتە ئیش و لەسەر ڕێگا بە بەفر داپۆشراوەکاندا دەخزێت، بەفر کڕێوەی دەکرد و بەسەر جامی جێبەکەدا تێی دەکرد، زستان سەرجەم توندوتیژییەکانی لە بەفر باریندا دەردەخست، لەم بەفرو کڕێوەیەدا بەدوای دایکدا دەگەڕێن، یان ڕاستتر بەدوای تەرمی دایکدا دەگەڕێن، ئەو تەرمەی بە ژێر بەفرەوە کەوتووە، میکوێل بە تەواوی لە دڵی چەسپی بوو هەمووان دەیانزانی دایکی نەماوە، بۆیە پیاوانی گوند و پۆلیس بە دوای تەرمەکەدا دەگەڕان.

لێرەدا دەق بەشێوەیەکی قووڵ و شێوازێکی ئاماژەیی لایەنە سایکۆلۆژی و سێکسییەکانی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، بە تایبەتی لە کەشێکی ئاوا مەرگەساتیدا، چۆن حەز و ئارەزووی هۆمۆسێکسوەڵتی «هاوڕەگەزبازی» لای «میکوێل» دەبزوێت، میکوێل لە موبەقی ماڵەکەیاندا چاوی بڕیبووە ڕوخساری پۆلیسە گەنجەکە و لە برژانگە درێژکۆلە و کچانەکانی ورد دەبووەوە. دەق لە دەسپێکی نووسینەوە بەشێوەیەکی نەگوتراو لە خەسڵەتی هاوڕەگەزخوازی میکوێل دەدوێت، بەڵام دوای دەرکەوتنی «مانولو» حاڵەتەکە ڕوونتر دەبێتەوە، لە ڕوویەکی دیکەوە، پرۆسەی نووسین لەم ڕۆمانەدا بایەخێکی زۆر بە پراکتیزەکردنی هونەری سینەمایی دەدات، بە تایبەتی لە دیمەنی گەڕانی سەگەکانی فویکس و کاستالێت، کە لە پانتایی ئەو بەفرە بێ سنوورەدا چەشنی گرتەیەکی سینەمایی بەدوای تەرمەکەدا دەگەڕێن، هەروەها دیمەنی دەرکەوتنی داڵە لاشە خۆرەکان و سووڕانەوەیان بەسەر شوێنی تەرمەکەوە، هاوکات ڕۆمانی زستانێکی درێژ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار لەسەر زەینییەتی داخراوی باوک دەکات و چۆنیەتی ڕوانینی بۆ ژیان و مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەوی تردا، باوک لای «جۆزێف بێرنات»ی بەردتاشدا کار دەکات و دایک و میکوێل و جوردی بایەخ بە کێڵگە و کولانەی مریشک و کەروێشکەکان دەدەن و هێلکەی مریشک و قازەکان کۆ دەکەنەوە و دانیان بۆ دادەنێن. باوک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا زۆرجار توندوتیژە، بڕێ جاریش میهرەبان، بۆ نموونە هەم بوتڵەشەرابەکەی دایک دەڕێژێت هەم سووکایەتی بە مانولو دەکات، مانولو کوڕێکی چاوڕەشی بێ دایک و باوکی بێ ئیشە، دوای دیارنەمانی دایک، باوک، مانولو وەک چێشت لێنەر و خزمەتکارێک دەهێنێتە ماڵەوە، تا ئیشوکاری نێو ماڵ جێبەجێ بکات، مانولو چێشتیان بۆ لێ دەنێت و چەرچەف و بەرگە دۆشەکەکان دەشوات و کولانەی مریشکەکان پاک دەکاتەوە، بەڵام دەق لە هەمان کاتدا لە چەمکی شاراوەی مەینەت و تراژیدیایەک دەدوێت کە لە قووڵایی بووندا نیشتەجێیە، تراژیدیایەک لە بنەڕەتدا لەگەڵ ڕۆیشتنی جوردی بۆ ڕاژەی سەربازی و نەگەڕانەوەی یەکجارەکی بۆ ماڵەوە و سەرهەڵگرتنی دایکی بەو بەفرو کڕێوەیە سەرهەڵدەدات و هێدی

هێدی ڕەوشی هۆگری و تەبایی ژیانی خێزانی و چرکەساتەکانی خۆشی و شادی لە دەست دەدرێن، میکوێل حەز دەکا نامەیەک بۆ جوردی بنووسێت، پێی بڵێت [دایکمان دیار نەماوە، مردووە و لەژێر بەستەڵەکدا ڕاکشاوە، کاتێ بەفر دەست بە توانەوە دەکات، دەبێ بەدوای داڵە لاشە خۆرەدا چاو بە ئاسماندا بگێڕین، تا بەر لەوەی ئەوان بیدۆزنەوە، ئێمە بیدۆزینەوە] بەڵام میکوێل دوو دڵە نامەکە لەگەڵ کێدا بنێرێت و ئاخر شوێنی جوردی دیار نییە، میکوێل وردە وردە خەفەت و نیگەرانی دایدەگرت، کە دایک چیدی ناگەڕێتەوە لایان، ئیدی دۆزینەوەی تەرمەکەی هیچ ناگەیەنێت، گەڕان بەدوایدا شتێکی بێ مانایە، دەق لە ڕێگەی تۆمارکردنی چەند گرتەیەکی ڕاوە بەراز، بەشێوازێکی سینەمایی، یان چەند گرتە و وێنەیەکی سینەمایی، چەمکی تراژیدیای بوون بەشێوەیەکی پارادۆکس دەخاتە ڕوو، بەفر و تەقەی تفەنگەکان. کاتێک جێبەکە بەلای میکوێل و مانولودا تێپەڕی. لەناو عەرەبانەکەیدا [چوار بەرازە کێوی بەلاشەی لە خوێن شەلاڵ و قورس بە مردن، فڕێ درابوون، ئاژەڵانێکی دڕی تا نەختێک لەوەوبەر بەگوڕ و ساخ و پتەو، بالادەست لە دنیایەکی سارد و تاریکدا، بەڵام ئێستا هەر تەواو پێچەوانەی ئەوە بوون، ئێستا هەر کرکراگە و گۆشت و ئێسک و چاوانێکی زەقی مردوو بوون لەو عەرەبانەیەوە کە هەڵیگرتبوون، دڵۆپە خوێنی تەنیا، تک تک دەچکایە سەر بەفرەکە...].

دەق لە ڕێگەی دیالۆگی نێوان میکوێل و مانولو، چەمکی مەرگ و تراژیدیای بوون شی دەکاتەوە، مانولو هیچ هەست و یادەوەرییەکی بەرانبەر بە خزمەکانی نییە، مانولو دەڵێت: باوک و دایکم هێند زوو مردن کە من هەر بیریشم نایەتەوە، تەنانەت باوکم بەر لە دایکبوونم مردبوو، چ یادەوەرییەکم لێیان نییە.. تۆ بەختت هەیە کە ناتوانرێت هەمدیس دایکت لێ زەوت بکرێتەوە. لێرەدا چرکە هۆمۆییەکانی میکوێل و مانولو ڕوون دەبێتەوە [میکوێل باسکی تێوە ئاڵاند و کاتێ دەستی نایە ژێر قەمسەڵەکەیەوە، هەستی بە گەرمایی لەشی کرد، بۆنی ئارەقەی کراسەکەی دەکرد و هەستی بە لێدانی دڵی دەکرد.. کراسەکەی هەڵکێشاو پاشان دەستی نایە سەر پێستە گەرمەکەی پشتی، مانولو خۆی بەرەو ڕووی چەمانەوە، جەستەکان بەسەر یەکدا توانەوە].

دوای توانەوەی بەفر، داڵە لاشە خۆرەکان بە ئاسمانەوە بەدیارکەوتن و خولیان دەخوارد، باڵندەی زل و بەدفەسالّ و پیس و پۆخڵ.

دەق لێرەدا بە گرتەیەکی سینەمایی شێوەی لەنێوچوونی تەرمەکە دەخاتە بەرچاو [داڵە لاشە خۆرەکان تۆپەڵە گۆشتیان لەناو زگ دەپچڕاند کوت کوتیان دەکرد، چڵێسانە و بە تاموچێژەوە دەیانخوارد و بۆ کوتی زیاتر خۆیان دەترنجانە پێشەوە..] پرۆسەی نووسین لە ڕێگەی چەند وێنە و گرتەیەکی سینەماییەوە لە حاڵەتەکانی باوک و میکوێل و جۆزیف بێرنات و مانولو دەدوێت، کە چۆن میکوێل لە سەرەتادا بە دوور بینەکەی دەستییەوە سەیری دیمەنەکە دەکات و باوکی فیشەکێک ڕووەو داڵە لاشە خۆرێک دەتەقێنێت، فیشەکێکی تر و فیشەکێکی تر، بەڵام تەرمی دایک بەشێوەیەک نیوە هەلا هەلا بووە، کە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، بەم جۆرە گێڕانەوەکانی کولم تویبێن لەم ڕۆمانەدا پڕن لە جووڵە و چالاکییەکانی ژیان. خۆشی و شادی و مەینەت و چەرمەسەری، هاوکات تێکست بە دنیابینییەکی قووڵ و وەسفگەراییەکی شیعری کاری لەسەر کۆمەڵێک چەمکی جۆراوجۆر کردووە، لەوانە بڕیاردان و هەڵبژاردنی چارەنووس، سێکس، تراژیدیای بوون، هۆگری و ئولفەت پێوەگرتن، سروشت و توندوتیژی، مەرگ و قێزەونی جەستە، پێوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و هەست و سۆز و لێک دوورکەوتنەوە و دیارنەمان.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: زستانێکی درێژ.**
**ناوی نووسەر: کولم تویبێن.**
**وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی.**
**بابەت: ڕۆمان.**
**چاپخانە: رجای / تاران.**
**نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٣.**

# خۆکوشتن و مۆدێرنە
## خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (بەیانییەک بیرم دەچێتەوە ژیان هەیە)

ئارام سدیق
(سلێمانی)

**سەرەتا**

ئەگەرچی تا ئێستا سیمای گشتی و تەواوەتی شیعری نوێی کوردی ڕوون نەبووەتەوە، بەتایبەتی شیعری دوای ساڵی دوو هەزارەکان، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە هیچ کام لەو شاعیرانەی لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمەکانیان بڵاوکردووەتەوە خاوەنی دەنگ و سیمای شیعریی خۆیان نین، بەڵکو لام وایە دەکرێت هەر دەنگێک لەوانەی کە جددییەتی پێوە دیارە خوێندنەوەی تایبەتی بۆ بکرێت و تایبەتمەندی و پێگەی دیاری بکرێت و ئەمەش لەپێناو ڕوونبوونەوە و دەستنیشانکردنی ئەو سیما شیعرییەدا دەبێت، کە دەکرێت ئەم نەوەیە هەڵگری بێت.




پشتیوان عەلی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بە هێمنی دەنوسێت و لە هەوڵی ئەوەدایە دنیایەکی تایبەت بۆ خۆی چێ بکات و ئەو دەیەوێت بەشێوازێکی نوێ بنووسێت، شێوازێک کە جیاواز بێت لە بەشی هەرە زۆری شاعیرە هاوسەردەمەکانی خۆی و دەیەوێت خودە ئەفرێنراوەکانی نێو شیعرەکانی خودێکی گوزارشتکەری دەنگ و هەناسەی تاکی مۆدێرن بێت، واتە خودە شیعرییەکانی پشتیوان عەلی دوورن لەو زمانە وەسفییەی بەشی زۆری شاعیرە هاوسەردەمەکانی پێی دەدوێن، بەڵکو ئەم ئەوەندەی لە خەمی دروستکردنی وێنەی شیعریدایە، دوو هێندە لە خەمی بەرهەمهێنانی مانا و دروستکردنی فەزایەکی تایبەتی شیعریدایە، کە بۆن و دەنگی خۆی پێوە بێت. من لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم باس لە هەردوو چەمکی خۆکوشتن و مۆدێرنە لای ئەم شاعیرە بکەم و کتێبی (بەیانییەک بیرم دەچێتەوە ژیان هەیە) وەک نموونە وەربگرم، کە ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠١٠دا بڵاوکراوەتەوە و بە نموونەی شیعری بەکارهێنانە شیعرییەکانی ئەم دوو چەمکە شی بکەمەوە. سەرەتاش دەمەوێت ناساندنێکی کورتی هەردوو چەمکەکە بخەمەڕوو:

**چەمکی خۆکوشتن**

چەمکی خۆکوشتن، یەکێکە لەو چەمکە فەلسەفیانەی کە هەڵگری زۆرترین ڕاڤە و لێوردبوونەوەیە، ئەم

چەمکە دەکرێت لە هەردوو ڕوانگەی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیشەوە لێی بکۆڵرێتەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا دەمانەوێت ناساندنێکی کورت بۆ چەمکەکە بکەین و دەرفەتی وردبوونەوەی زیاتر بە پێویست نازانین.

خۆکوشتن لە وشەی لاتینی "Caederc"ەوە وەرگیراوە، کە بەمانای دەکوژێ لەگەڵ وشەی "Sui"دا وشەی "Suicide" لێ دروست کراوە، کە مانای خۆکوشتن دەگەرنەوە. خۆکوشتن لەو کاتەوە هەبووە، کە مرۆڤ هۆشیاریی بەرانبەر خۆی پەیدا کردووە، واتە سەرهەڵدانی خۆکوشتن بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ هۆشیاربوونەوەی مرۆڤدا لەدایک بووە بەرانبەر بە بوون و ژیان و دەوروبەر. د. ئەحمەد عەیاش، کە خاوەنی کتێبێکی تایبەتە لەسەر ئەم چەمکە، دەڵێت: خۆکوشتن بڕیارێکی خۆییە و بۆ وێرانکردنی خود لەڕێی کۆتاییهێنان بە (مەن)، دەست لەکارکێشانەوەیەکی ئاشکرایە لە ژیان، ڕەتکردنەوەی بەردەوامبوونە لە بوون. لە شوێنێکی تری هەمان کتێبدا هەمان نووسەر دەڵێت: لە کۆنەوە خۆکوشتن دیاردەیەکی دەروونی-کۆمەڵایەتی- ئەدەبی- بایۆلۆژی بووە و تا ئێستاش هەر وایە و هەر واش دەمێنێتەوە، هەر بۆیە جێگای سەرنجی فەیلەسوفەکانیش بووە.

ئەمیل دورکایم (١٨٥٨-١٩١٧)، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە گرنگییەکی تایبەتی بەم چەمکە داوە و ئەو لە کتێبە بەناوبانگەکەی لەسەر خۆکوشتن بە وردی لەم چەمکە دواوە، کە لە ساڵی ١٨٩٧ نووسیویەتی. ئەم نووسەرە، کە بە دامەزرێنەری سۆسیۆلۆژیا ناودەبرێت، یان بنەما کردارییەکانی ئەم زانستەی داناوە، پێناسەیەکی بۆ خۆکوشتن خستووەتەڕوو، کە پێم باشە لێرەدا بینووسمەوە، کە بەم شێوەیەیە: " خۆکوشتن ئەنجامێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی کارێکی پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤە و لەلایەن قوربانی خۆیەوە جێبەجێ دەکرێت، کە خۆی پێشتر هۆو وردەکارییەکانی ئەنجامی کارەکەی دەزانێت". دورکایم هەر لەو کتێبەدا بە شێوەیەکی ورد و قووڵ باس لە خۆکوشتن دەکات و ئەو توانیویەتی کۆمەڵێک داتای زۆر باش لەسەر خۆکوشتن لە وڵاتە هەمەجۆرەکانی ئەورووپا دەست بکەوێت و لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە بکات. دورکایم زۆر بە وردی لە کێشە جۆراوجۆرەکانی هاوپێوەند بەم دیاردەیە وردبووەتەوە. بۆ نموونە لە تەوەری خۆکوژی لەنێو ئایینە جیاوازەکاندا ئەوەی شرۆڤە کردووە، کە بۆ لەنێوان پرۆتستانتەکاندا خۆکوژی زیاترە وەک لەنێو کاتۆلیکەکاندا؟ هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە ئەم دیاردەیە بۆ لەنێو جوولەکەکاندا زۆر کەمە؟ بە بۆچوونی ئەم نووسەرە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان خۆکوژی و کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام لە پشت هەموو خۆکوژیەکیشەوە هۆکاری شەخسی بوونی هەیە.

هەر لە پەیوەست بەم چەمکەوە، کانت لەو بڕوایەدابوو مرۆڤ مافی خۆکوشتنی نییە. کانت دەڵێت: مرۆڤ پاسەوانە، بۆیە مۆڵەتی ئەوەی نییە بەر لە تەواوکردنی وادەی پاسەوانییەکەی ژیان بەجێ بێڵێت، ئەمە بێجگە لەوەی لە ئایینی ئیسلامیشدا بە توندی خۆکوشتن ڕەت کراوەتەوە و بە تاوانێکی گەورە ئەژمار کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕەتکردنەوانەشدا، خۆکوشتن یەکێکە لەو کردارانەی تاک لە هەموو لایەکی دنیا و لەنێو هەموو نەتەوەو ئایین و ڕەگەزێک جێبەجێی دەکات، هەربۆیە ئەم چەمکە لەو چەمکانەیە، کە بەردەوام نووسەران و بیرمەندان شرۆڤەی دەکەن و تا ئێستا دوا پێناسە و شرۆڤە بۆ ئەم چەمکە نەخراوەتەڕوو.

## چەمکی مۆدێرنە

چەمکی (مۆدێرنێتە) چەمکێکی ئاڵۆزە و ڕەنگە نەتوانین پێناسەیەکی تەواوی بکەین، لە ڕاستیدا دژواری پێناسەی ئەم چەمکەش لەوەوە دێت، کە بەرانبەر دوو چەمکی تر دەوەستێتەوە، کە یەکەمیان چەمکی (کۆن) و ئەوی تریان چەمکی (نەریت)ە. لەم ڕوانگەیەوە بە تێپەڕبوونی زەمەن بەردەوام مانای ڕاستەقینەی وشەی مۆدێرن دەگۆڕێت، بەڵام ئەسڵی مۆدێرنێتە بە مانای بەردەوام بەرەو پێشچوون و لە هەمان کاتدا سەر لەنوێ خوێندنەوەی تازە و بەجێ هێشتنی کۆن دێت.

ئەگەر بۆ ڕیشەکانی ئەم چەمکە بگەڕێینەوە دەبینین لە ڕوانگەی ڕۆمەکانەوە وشەی مۆدێرن مانای "تازە"ی هەبوو، لە کاتێکدا مانای کۆنیش بریتی بوو لەو شتەی

پێـــــوەندی بە ڕابردووەوە هەیە. ڕۆمەکان بۆ یەکەم جار وشەی مۆدێرن Modernus، یـان لە ســــەدەی شـــەشـــەمی زاینیـــدا لە وشـــەی (Modo)وە دروست کـرد، کـە بە مـــانـای (تازەیی) دێ، هەر چۆن وشەی (Hodiernus)یش، کە بە مـانای (ئەمـڕۆیی) دێت لە وشـەی (Hodie)ـەوە دروسـتیـان کردووە، کە بە مـانای ئەمـڕۆ دێ، کـەواتە بە بۆچوونی ڕۆمـەکـان مـۆدێرن بوون، واتە هۆشـــیـــاری ســـەبارەت بەو سەردەمـەی کە مـرۆڤ خـۆی تێیـدا دەژی.

ناوازەترین نـاکـــۆکی لەنێـــوان کۆنەکان و مۆدێرنەکاندا لە کۆتایی سەدەی حەڤدەم و سەرەتای سەدەی هەژدەمـــەوە دەست پێـدەکـات. ئەم ناکۆکییـە بە شـێوەیەکی کردەیی لە هەموو چاخی ڕۆشنگەری و تا چاخی ڕۆمـانســیـزم بەردەوام دەبێت و بە کـتـێـبی (ڕاسین و شکسـپـیـر)ی ستانداڵ و پێشـەکی (کرۆمـوێل)ی ڤـیـکتـۆر هۆگـۆ و بەسـەرکـەوتنی مۆدێرنەکان بەسەر کۆنەکاندا کۆتایی دێت.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیستدا شۆڕشی پیـــــشـــەســـــازی لە بناغـــەوە ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو چەمکی (کـۆن) و (مـــۆدێرن) دەگـــۆڕێت و مۆدێرنێتە وەک چەمکێکی تازە دێتە نێـو قەڵەمڕەوی داهێنانی هونەری و ئەدەبییەوە.

لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا فـرانک کـیـرمـۆد دەیگوت "دەبێت مـــانـای وشـــەی مـــۆدێرن- Modern تـۆمـــــــــار بـکـرێـت" مـەبەسـتـیـشی ئەوە بوو، کـە وشـەی مـــۆدێرن لـە ناوەرۆکـــدا بە مـــانـای هەبوونی پێـوەندییـەک دێت لەنێـوان خـۆیی و ڕابردوودا، بۆیە مــۆدێرنە پێـویسـتی بە ڕەخنەگـرتن و سـەر لە نوێ چاوپێداخشاندنەوەی ڕاستەقینە هەیە، کــــەواتە زاراوەی مـــــۆدێرن سـەنگێکی زیاتری هەیە لە زاراوە و وشــــــەی وەک نـوێ New، یـان هاوچەرخ Contemporary.

هانز کـــۆنگ پێی وایە تێـــرمی مـــۆدێرن کـــۆنە، بەڵام بە مــــانا ئیجابییەکەی تەنیا لە سەرەتاکانی ســــــەردەمی ڕۆشـنگـەریـدا نەبـێت بەکـارنەهێنراوە. لەو قـۆناغـەدا وەک نارەزاییەک دژ بە تێڕوانینی بازنەیی بۆ مــــێـــــژوو بەکــــاردەهێـنرا، ئەم تێـــڕوانینە بە شـێـــوەیەکی بازنەیی سەیری سەردەمانی یۆنانی و ڕۆمانی کـــۆنی دەکــــرد و پێی وابوو ئەوانە ترۆپکی شــارســـتـــانیـــەتن، وەک ئاشکرایە ئەمە تێڕوانینی سەردەمی ڕێنیـسـانسـیش بوو، کـە لە زمـانە بیـانیـیـەکاندا بە مانای سـەرلەنوێ ژیانەوە دێت.

چەمکی مـۆدێرن تەنیـا لە سـەدەی نۆزدە، بە تـایبــەتیش لە ســـاڵی ١٨٤٩دا فـۆرمـەڵە بوو، مـەزەندەش دەکرێت "بۆدلێر"ی شاعیـر یەکەمین کـەس بوو بێت لە نێـــو شـیـــعـــردا بەکـاری هێنابێت، بەڵام لەوکـاتەدا خــــەڵکی بە شــــتــــێکی دزێو و ناشـیـــرینیـــان دەزانی. هەر لە پاش "بۆدلێـــر"ـەوە دەرکـــەوتەکــانی ئەم چەمکە و بەرکـەوتنەکـانی مـرۆڤ لەگـەڵیـــدا لەنێـو ئەدەب و هونەردا ڕەنگی دایەوە و هەتا گەیشتە ئەوەی زۆرجار دەرکەوتەکانی دنیای مۆدێرن بخرێنە خزمەتی ئەدەب و هونەرەوەو هەندێک جاریش وەک ماتریاڵ سوود لە کـەرەسـتـەکـانی دنیـای مـۆدێرن وەربگیرێت.

## ڕەنگدانەوەی خۆکوشتن لای پشتیوان عەلی

چەمکی خۆکوشتن لەو چەمکانەیە، کـە لە کـتـێـبی "بەیانیـیـەک بیـرم دەچێـتـەوە ژیان هەیە"ی پشـتـیـوان عەلی دا ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەیە و لە چەندین فۆرم و شێوەی جیا جیا دووبارە بووەتەوە. شـاعـیـر هەر لە ناوونیـشانی کتێبەکەوە (بەیانییەک بیـــرم دەچێــــتـــەوە ژیان هەیە) ئەو هەستە مەرگ دۆستییە لای خوێنەر دەدرکـێنێت، چونکە بیـرچوونەوەی ژیان، واتە نزیکبوونەوە لە دژەکەی، کە مەرگە.

خـۆکـوشتن ئەو قـۆناغـەی دۆخی تاکـە، کـە لە هەمـوو شـتـێک نامـۆ دەبێت و ئاسـۆیەک بۆ ڕزگـاربوون و پەناگەیەک بۆ ژیان نابینێتەوە. خودە شیعرییەکانی پشتیوان خودە نامۆ و بێ ئومـێـدەکـانی نێـو کـۆمـەڵگەن. دەتوانین بڵـێین نامـۆن لە نێـو بوونی خـۆیاندا و نـامـۆن بەو ژیانەی کـە بە هەڵە تێی کـەوتوون. ئەگـەر لێـرەدا کـەمـێک لەسـەر نامـۆبوونی تاک بوەستین، دەبینین نامۆیی ئەو حاڵەتە دەروونی و کـۆمـەڵایەتیـیـەیە، کـە بە تەواوی بەسـەر تاکـدا زاڵ دەبێت و بەرەو خـودێکی نامـۆ پەلکێـشی دەکـات. کـۆمـەڵناس ملڤین سـیـمـان لەبارەی نـامـۆییـەوە ڕای وایە یەکـەم بەکـارهێنانی نـامـۆیی نەبوونی هێـزە لای تاکی نامــــۆ، بەواتایەکی تر نامۆیی هەستێکە لای تاک دروست

دەبێت و بێ توانستی دەکات بەرانبەر گۆڕینی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کارلێکی لەگەڵدا دەکات. دووەم بەکارهێنانی نامۆیی نەبوونی ئامانجە لای کەسی نامۆ، واتە نەتوانینی ئاراستەکردنی ڕەفتار و بیروباوەڕ و ئامانجەکانی. مانای سێیەمی نامۆیی نەتوانینی تاکە بە هەڵسوکەوت کردن بەپێی ئەو پێوەرانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئاکارییانەی خەڵکی پێیان ئاشنان. مانای چوارەمی نامۆیی دابڕانە، واتە تاکی نامۆ هەست دەکات نامۆیە بە ئامانجە شارستانییەکانی کۆمەڵگەکەی.

ئەو هەستی نامۆییەی ئەم کتێبە شیعرییەی گرتووەتەوە، هەر چوار جۆرەکەی نامۆیی ڕەنگدانەوەی تێدا هەیە و هەر لێرەشەوەیە، کە باڵی بۆ ڕەنگدانەوەی خۆکوشتن کێشاوە لای خودە شیعرییەکان. با سەرنج لەم پارچە شیعرە بدەین:

**وەک گەڵا دەردێکم نییە**
**وەک عەرعەر نابمە باڵا**
**وەک شەپۆل ناتوانم بژیم**
**ئەوە منم وەک تەرزەم**
**لەگەڵ خوری دەستلێدان و بەرکەوتنا**
**هەر فریای بوون بە ئاونگ و ژماردنی مردنەکانی خۆم دەکەم**

لە گوزارشتی "ژماردنی مردنەکان"ەوە، کە لەم پارچە شیعرەی سەرەوەدا بینرا، هەست بەو نامۆبوونەی تاک دەکەین، کە شاعیر لەنێو ڕستەکاندا تەوزیفی کردووە. نامۆبوونێکە، کە زیاد لە فاکتەرێک کاریگەری لێ کردووە و دابڕاوە لەو بوونەی تێیدا نیشتەجێیە، یان هەستکردن بەوەی بوویەکی زیادە لەنێو گەردووندا، هەر بۆیە لە دوا ڕستەدا پەنا بردن بۆ مردن دەبینینەوە. با سەرنج لەم پارچە شیعرەش بدەین:

**لە ژوورە تەنیاکەم**
**وەک تەمێکی تەنیا**
**بەرانبەر کۆمپیوتەرە تەنیاکەم دانیشتووم**
**"Com"ـەکەم کردۆتەوە**
**وەک ئەوەی هەزاران بینەر لە چاوەڕوانی ئەوەدابن**
**ئاخۆ کەی چەقۆکە دەکەم بەسەر دڵما**

لێرەدا شاعیر لەڕێی ئەو خودە شیعرییەوە ئەو تەنیاییەی تەوزیف کردووە، کە تاکی مۆدێرن ڕووبەڕووی بووەتەوە، کە ئەو تەنیاییەش سەرچاوەی سەرەکی ئەو نامۆبوونەی تاکە و هەر لەوێوەیە، کە بەرەو خۆکوشتن پەلکێشی کردووە، هەربۆیە دەکرێت بڵێین کتێبی "بەیانییەک بیرم دەچێتەوە ژیان هەیە" کتێبی تەوزیف کردنی خۆکوژی تاکە نامۆکانی نێو کۆمەڵگەیە، بە جۆرێک ئەو تاکانە بەهۆی لێکەوتە جۆراو جۆرەکانی ژیان و نامۆبوونیان بە بوون، هێدی هێدی ژیانیان بیر دەچێتەوە و بەرەو مەملەکەتی خۆکوشتن هەنگاو دەنێت، بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە خودە خۆکوژەکانی نێو ئەم کتێبەی پشتیوان لە بیرکردنەوەی زۆربیانەوە لە ژیان و تموحیان بۆ ژیانێکی باشترەوە و نەگەیشتن بەو ژیانەی شایستەی ژین بێت، دەگەنە ئەو بڕوایەی مەرگ هەڵبژێرن. لە بارەی ڕەنگدانەوەکانی خۆکوشتنیشەوە (وەک لە نووسینێکی پێشتردا لەسەر ئەم شاعیرە ئاماژەم بۆ کردووە) دوو جۆرن، جۆرێکیان خۆکوشتنی ڕاستەوخۆیە و جۆری دووەمیش خۆکوشتنی ناڕاستەوخۆیە، کە ئەم دوو جۆرە لەڕێی وێنەی شیعرییەوە لەم کتێبەدا تەوزیف کراون، بەڵام جۆرێکی تری خۆکوشتنیش دەبینرێتەوە کە دەکرێت بە خۆکوشتنی ڕەمزی ناوی بەرین، کە من لە بەشەکانی دواتردا بە وردی باس لەم جۆرەش دەکەم.

## ڕەنگدانەوەی مۆدێرنە لای پشتیوان عەلی

یەکێکی تر لەو چەمکانەی لەم کتێبەدا ڕەنگدانەوی بەرچاوی هەیە، دەرکەوتەکانی نێو دنیای مۆدێرنە و کاریگەرییەکانی ئەم دنیایەیە لەسەر تاک. مۆدێرنە هەم وەک چەمک و هەم موفرەدەکانی نێو دنیای مۆدێرن لەم کتێبەدا ڕەنگدانەوەی هەیە. بۆ نموونە بەکارهێنانی موفرەدەی (شاشە، ماوس، کلیک، ناسا و کۆمپیووتەر...تاد) سەرجەمیان موفرەدەی نێو دنیای مۆدێرنن و وەک سیمبۆل لە نێو دەقەکاندا ئامادەییان هەیە. سەرەتا با سەرنج لەم پارچە شیعرە بدەین:

**لە "با" دابڕاوم**
**ناچمەوە سەر ڕەنگی سپی باران**
**شتێک نابینم بەناوی هەتاوەوە**
**لەئەلبومی شاردا من نیم بەگشتی**
**لەژیان هاتوومە دەرێ**
**وەک بڵێی مردنم ئاسان بووە**
**دەبینی لەژوورەکەت دڵنیایی هەیە**
**لەشاشەکە بڕوانە**

**گەر بتەوێ دەتوانی بەماوسەکە کلیک بکەیت و بمکوژیت**

لەم پارچە شیعرەی سەرەوەدا لە چەند ئاستێکی جیادا ڕەنگدانەوەی مۆدێرنە دەبینین: یەکەم ئاستیان ئەوەیە، کە تاک لەنێو دنیای مۆدێرندا دەتوانێت خۆی شتەکان هەڵبژێرێت و چی بە دڵ نەبوو هەر لەرێی کۆمپیوتەرەکەیەوە و لەنێو ژوورەکەی خۆی ئەنجامی بدات، یان خۆی لە بینینی بپارێزێت. دووەم ئاستیان ئەوەیە، کە شاعیر زیاتر لەو وتە باوە دەڕوات کە دەڵێت (جیهان بۆتە گوندێک)، بەڵکو شاعیر جیهان لە تەنیا ژوورێکدا وێنا دەکات، یان کۆدەکاتەوە، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیەوێت بڵێت جیهان زیاتر لەو ڕستە باوە بچووک بووەتەوە و تا ئاستی تەنیا ژوورێک بچووکە، کە دەتوانرێت لەو ژوورەوە هەم بە جیهان ئاشنا بێت (بێ گومان لەرێی تەکنۆلۆژیای نوێوە) و هەمچی زانیاریت بوێت، بە دەستی بخەیت. ئەم دوو ئاستەی خرایەڕوو، تەنیا ڕەنگدانەوەی مۆدێرنەبوو لەو پارچە شیعرەدا دەنا لەنێو کتێبەکەدا لە چەند ئاستێکی تردا ڕەنگدانەوەی هەیە، کە من تەنیا دەمەوێت لەسەر یەکێکی تر لە ئاستەکان بوەستم، ئەویش ئاستی بەئامێربوونی ئینسانە لە دنیای مۆدێرندا. بە ئامێربوونی ئینسان یەکێکە لەو شتانەی لە دنیای مۆدێرندا قسەوباسی زۆری لەسەرە. هەتا ئەوەش کە ئامێر جێی مرۆڤ بگرێتەوە، ئەمەش یەکێکی ترە لە دەرکەوتەکانی دنیای مۆدێرن و دیسان قسە و گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوە. بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر ئەمە با سەرەتا پارچەیەک شیعر بە نموونە وەربگرین.

**خەسارەتێکی گەورە نیم**
**من ئامێرێکم خاڵی لە شتە گرنگەکانی ژیان**
**دەرم کە لە خۆت**
**کۆبوونی خۆراکەکەم بەرەو بەناوی منەوە بمرە...**

ئەگەر سەرنج لەم پارەچەیەش بدەین، دەبینین هەستی خۆ بە ئامێرزانین تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم هەستی خۆ بە ئامێرزانینە تەواو لەگەڵ چەمکی نامۆیی کۆمەڵایەتی (Social Alienation) لای مارکس دێتەوە کاتێک باس لە نامۆبوونی کرێکار دەکات بەرانبەر خاوەن کار و خۆی وەک ئامێرێک دەبینێت، کە تەنیا دەبێت کەرەستە بەرهەم بهێنێت. بەپێی تیوری نامۆبوون لای مارکس کرێکار هەست دەکات خاوەنی خودی خۆی و هەوڵ و کۆششەکانی نییە، هەروەها توانایی و هەوڵەکانی لە بازاڕی کاردا کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت، کە لەگەڵ ئەو هەوڵ و ماندووبونەی ئەمدا ناگونجێت کە لە بەرهەمهێنانیدا خەرجی دەکات، هەروەها دەتوانین سەرنجی چەمکی نامۆبوون بدەین لای (ئەریک فرۆم)، کە ئەویش لای وایە نامۆیی حاڵەتێکە مرۆڤ تێیدا هەست دەکات بوونەوەرێکی لاوازە و بوونی پشت بە هەبوونی چەند هێزێکی دەرەکی دەبەستێت. ئەگەر لەم بۆچوونەی (فرۆم)یش ورد ببینەوە دیسان ئەو هەستی خۆبەئامێربوونە دەبینینەوە، کە تاک بەبێ هێزی دەرەکی ناتوانێت چالاکی ئەنجام بدات.

بەگشتی ڕەنگدانەوەی مۆدێرنە لەم کتێبەی پشتیواندا تەنیا لە بەکاربردنی موفرەدەکاندا ڕەنگدانەوەی نییە، بەڵکو ئەم چەمکە بە هەموو دەرکەوتەکانییەوە لەنێو ئەم کتێبەدا و بە وێنە و شێوازی شیعریی جۆراوجۆر گوزارشتی لێکراوە و خودە شیعرییەکانی پشتیوان زەرەرمەندی ئەم دنیا تازەیەن، کە مۆدێرنە خوڵقاندوویەتی، چونکە هەم هەستی نامۆیی دایگرتوون و هەم هەستی خۆبەئامێرزانین، کە دواجار پەرەسەندنی ئەم دوو هەستەیە، کە هەستکردن بە مردن و کردەی خۆکوشتنی لێ بەرهەم هاتووە.

**دوانەی پێکەوە گرێدراو**

چەمکی مۆدێرنە و خۆکوشتن، ئەو دوو چەمکەن، کە لای پشتیوان عەلی بەردەوام دووبارە دەبنەوە و زیاد لە جارێک شاعیر کاری لەسەر کردوون و زیاد لە تەفسیرێک هەڵدەگرن، بە جۆرێک ناکرێت خوێندنەوە بۆ شیعرەکانی ئەم شاعیرە بکەین بەبێ وەستان لەسەر ئەم دووانە پێکەوە گرێ دراوە، ئەگەرچی کردەی خۆکوشتن کردەیەکی نوێ نییە، بەڵام پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە پێوەندییەکی پتەوی بە دەرکەوتنی مۆدێرنە و گەشەسەندن و پەرەسەندنەکانی مۆدێرنەوە هەیە. دنیای نوێ لەگەڵ ئەوەی دنیای گەشەکردنی هەموو بوارەکانی ژیان و فەراهەمکردنی بەشێک لە خۆشگوزەرانی و دەستەبەرکردنی ئاسانکارییەکانە، بەڵام لە هەناوی

مۆدێرنەوە دنیایەک ناعەدالەتی و نائومێدی و نامۆیی دێتە دەرەوە، کە ئەمە دواجار نامۆیی و تاک بە خۆی و ئەو دنیایەی تێیدا دەژی لێوەی بەرهەم هاتووە و هەر لێرەشەوەیە کە بیرکردنەوە لە خۆکوشتن لای خودە شیعرییەکانی شاعیر دووبارە و چەندبارە دەبنەوە، هەر بۆیە بەستنەوەی خۆکوشتن و مۆدێرنە لای پشتیوان عەلی کارکردنە لەسەر ئەو دیوەی ژیان، کە فەراهەمکردنی نائومێدی و نامۆییە لای تاک لە دنیای مۆدێرندا.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، دەبینین لە دنیای مۆدێرندا کەرەستەکانی خۆکوشتنیش هەر ئەو کەرەستە تەقلیدییانەی پێشوو نین، کە لە کۆندا بەکار دەبران، وەک خۆخنکاندن و خۆخستنە نێو ڕووبار و دەریاچەکانەوە، بەڵکو خۆخستنە ژێر قیتار و ئۆتۆمبێل، یان بڕینی شادەماری خوێن، هەموو ئەمانە کەرەستەی تازە و ڕێگای نوێی خۆکوشتن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ڕەهەندێکی تری خۆکوشتن لای ئەم شاعیرە لەنێو ئەم کتێبەدا ئاماژەی پێدراوە، کە لە نامۆبوونی تاکەوە سەرچاوەی گرتووە و دەکرێت بە (خۆکوشتنی ڕەمزی)، یان ڕەهەندی دووەمی خۆکوشتن، یان وەک د. ئەحمەد عەیاش ناوی دەنێت خۆکوشتنی دەمامککراو، یان زیندەیی ناوی بەرین.

لەم جۆرەی خۆکوشتندا تاک هەوڵی خۆکوشتن نادات و فیزیکییانە کۆتایی بە ژیانی خۆی ناهێنێت، بەڵکو لەو واقیعە هەڵدێت، کە تێی کەوتووە، یان هەوڵی کەنارگرتن دەدات و دوور لە کۆمەڵگە و سیستم دەکەوێتەوە، یان دەتوانین بڵێین ئەم جۆرەی خۆکوشتن بریتییە لە نامۆبوونی تاک بە دەوروبەر و ڕەتکردنەوەی (ژیانی سەپێنراو) بە هەموو ڕووەکانییەوە، یان هەستکردن بەوەی نامۆیی بە خۆت و دەوروبەرت، کە ئەمەش لەویوە سەرهەڵدەدات، کە تاک دەیەوێت لە مێگەلێتییەوە بەرەو تاکگەرایی (ئیندیڤیدوالیزم) هەڵبێت و بە شێوەیەکی ڕەمزی خۆی لەنێو کۆمەڵدا بکوژێت، یان ئەو ژیانە سەپێنراوە و سیستماتیکە ڕەت بکاتەوە، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین خۆکوشتنی ڕەمزی (دەمامکراو) بە جۆرێک لە جۆرەکان هەڵهاتنیشە لە کۆمەڵگە و سیستم و بێ ئومێدبوونە لەو بوونە سستماتیکراوەی کە لەنێو دنیای تازەدا بەهای بۆ مرۆڤ نەهێشتۆتەوە، بۆیە تاک پەنا بۆ دابڕان لە سیستم دەبات. دەکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکە، سەرنج لەم پارچە شیعرەی پشتیوان عەلی بدەین:

**شوێنێک نامێنێتەوە بۆ هەتاوی گوڵێک**
**من ئەزانم قسەی ئەم کۆگایانە وەک نەشتەری با ئەمبڕێ**
**لەپێچەکانی بیرچوونەوەدا وەک هەسارەیەکی چۆڵ ئەکەوم**
**بەرلەوەی کەسێک بەدەنگی تێک شکاوی بانگم بکات**
**بیر لە کتێبی بێزارکەری خۆم ئەکەمەوە**
**من لەژێر تابلۆیەکی کۆکا کۆلادا ئەمرم**

ئەگەر لەم پارچە شیعرەدا سەرنج لە دوا ڕستەی شیعرەکە بدەین، کە ئەو خودە ئەفرێنراوە شیعرییەی شاعیر خولقاندوویەتی هەست بە مردنی خۆی دەکات، مردنەکەشی مردنێکی ئاسایی نییە، بەڵکو مردنە لەژێر یەکێک لە دەرکەوتەکانی دنیای مۆدێرنەدا، کە ئەویش تابلۆیەکی کۆکاکۆلایە. تابلۆ ڕیکلامییەکان و موفرەدەی کۆکاکۆلا ڕەمزە بۆ دنیای مۆدێرنە. هاوکات هەستکردنی خودە مۆدێرنەکەی نێو شیعرەکەی پشتیوان عەلی بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆکوشتنێکی ڕەمزی، یان زیندوویانەیە، کە کرداری خۆکوشتنی تێدا ئەنجام نادرێت، بەڵام دەرکەوتەی مردن و هەڵهاتنی لە ژیانی سەپێنراودا دەبینرێتەوە، واتە پشتیوان عەلی توانیویەتی نەک تەنیا دیوە ئاساییەکەی خۆکوژی دەربخات، بەڵکو کاری لەسەر ڕەهەندی دووەمی خۆکوشتن کردووە کە خۆکوشتنی ڕەمزی (دەمامککراوە). لێرەوەیە کە هەردوو چەمکی مۆدێرنە و خۆکوشتن وەک دووانەیەکی پێکەوەگرێدراو لەم کتێبەدا دەردەکەوێت، بەڵام باسکردن لەم دوو چەمکە لە دەقە شیعرییەکانی دوای ئەم کتێبەشدا دیسان ئامادەییان هەیە و بە شێواز و لە گۆشەنیگای ترەوە لەنێو دەقەکانی پشتیواندا تەوزیف کراون.

## ئەنجام

ئەگەرچی پشتیوان عەلی ئەم کتێبەی لە ساڵی ٢٠١٠دا چاپ و بڵاوکردووەتەوە، بەڵام شیعرەکانی پشتیوان شیعری بەتەنیا یەک ساتی

ڕاگوزەر نین، بەڵکو شیعرەکانی ئەم شاعیرە شیعرگەلێکن، کە هێزی ئەوەیان تێدایە زەمەن و سنوورەکان ببڕن، چونکە خەمی پشتیوان عەلی لەگەڵ ئەوەی خەمی تاکێکی کوردییە، هاوکات هەڵگری خەمی تاکێکی جیهانییە. خودە شیعرییەکانی بەتەنیا خودێکی کوردی لۆکاڵی نین، بەڵکو خودێکی گەردوونین، هەر ئەمەش بووەتە خاڵێکی جەوهەری بەهێزی شیعرەکانی پشتیوان عەلی. لێرەدا دەمەوێت وەک دوا سەرنجێک چەند خاڵێک لەسەر ئەم شاعیرە بخەمەڕوو:

١- شیعرەکانی شاعیر کارکردن نییە لەسەر هەڵڕشتنی وێنە، بەڵکو دروستکردنی وێنەیە لەپێناو چەمک و بیرۆکەیەکی فیکری، یان فەلسەفیدا، واتە تێما سەنتەرە، نەک هەڵڕشتنی وێنە.

٢-خۆدزینەوە لە زمانی وەسفی، بەڵکو شاعیر دەیەوێت لەڕێی وێنەوە گوزارشت لە بیرۆکەکان بکات و لەو زمانە وەسفییە دوور بکەوێتەوە شاعیرانی تر بەکار دێنن، واتە وەسف لای ئەم شاعیرە بۆ دەربڕینی بیرۆکەیە، نەک بۆ درێژکردنەوە و بەردەوامیدان بە درێژنووسی.

٣-چەمکی خۆکوشتن یەکێکە لەو چەمکانەی لە چەندین فۆرم و دەرکەوتەی جۆراوجۆردا لای ئەم شاعیرە دەرکەوتووە و تاڕادەیەکیش بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و یەکێک لە دەرکەوتە گرنگەکانی ئەم چەمکەش وەک ڕوون کرایەوە خۆکوشتنی ڕەمزی، یان (دەمامککراو) بوو.

٤-مۆدێرنە یەکێکە لەو چەمکانەی کە هەم وەک چەمک و هەم دەرکەوتەکانیشی ڕەنگدانەوەی لە دنیای شیعری ئەم شاعیرەدا هەیە و لەنێو شیعرەکانیدا هەم موفرەدەی نێو دنیای مۆدێرن دەبینینەوە و هەم ئەو کارکردنەش لەسەر پیشاندانی ڕووکارە جۆراوجۆرەکانی دنیای مۆدێرن، زیادەڕەوی نییە کە بڵێین شاعیر زیاتر کاری لەسەر دیوە ناشیرین و دزێوەکەی مۆدێرنە کردووە و لای وایە دیوە دزێوەکانی لە دیوە جوان و ژیان دۆستییەکەی زیاترن.

٥- چەمکی مۆدێرنە و خۆکوشتن وەک دووانەیەکی پێکەوە گرێدراوە لە ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرەدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەتایبەتیش لە کتێبی (بەیانییەک بیرم دەچێتەوە ژیان هەیە) بەتەواوی هەست بەمە دەکرێت، بێجگە لەوەی لەو دەقە شیعرییانەی دوای ئەم کتێبەشدا کە شاعیر بڵاوی کردوونەتەوە ڕەنگدانەوەی دەبینرێت.

٦- یەکێک لەو خاڵانەی لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا وەک نەنگی دەبینرێت ئەوەیە شاعیر ئەوەندەی خۆی بە گەیاندنی بیرۆکە و گەڵاڵەکردنی تێماکانەوە سەرقاڵ دەکات لایەنی ئیستێتیکی دەقەکەی لەبیر کردووە و لەم کتێبەی ئێمە لێی دواین سەرەتاکانی دەرکەوتووە و لە ئەزموونەکانی دواتریشدا کە من ئاگاداریم ڕەنگدانەوەکە زیاتر و زیاتر بووە، کە بەلای منەوە تاڕادەیەک زیانی بە جوانی و ئیستێتیکای دەقە شیعرییەکان گەیاندووە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

*** پشتیوان عەلی، بەیانییەک بیرم دەچێتەوە ژیان هەیە-شیعر، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠١٠.**

*** ڕامین جیهانبەگلو، مۆدێرنەکان، و: ئازاد بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما ٢٠٠٢.**

*** کۆمەڵێک نووسەر، لە مۆدێرنەوە بۆ پۆست مۆدێرنە، و: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠٩.**

*** ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: دانا مەلا حەسەن، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٢.**

*** د. ئەحمەد عەیاش، خۆکوشتن، و: سۆزان جەمال، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٢.**

# ڕامان؛ کاری ڕووناکبیری و ڕەهەندەکانی گوتارێکی تایبەت

ساماڵ ئەحمەدی

ڕامان، مانگنامەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە، ئەمە پێناسەی سەرناوی گۆڤارێکی کوردییە، کە تاکو ئێستا ٢٠٢ ژمارەی دوابەدوای بە شێوەی مانگانە لێ بڵاو بووەتەوە.

چەمکی "ڕووناکبیری"، بابەتێکی گرینگە لە گوتاری زانستە مرۆڤییەکان و خوێندنەوە کولتوورییەکاندا؛ لە بەستێنی هزریشدا گەلێک پێناسەی جوداواز لەم چەمکە خراوەتە ڕوو، هەر لە ڕووناکبیریی " ئۆرگانیک"ەوە بگرە تاکو ڕووناکبیریی "گشتی" و زۆر ڕووناکبیریی دیکەش کە هەر کامەیان بە لای پەلێکی پێناسە سەرەکییەکاندا شکاونەتەوە و سەرلەبەریشیان دەربڕی کارەکتەرێکی کولتووری – کۆمەڵایەتین و بە گوێرەی پێناسە جوداوازەکان ئەرکی جوداوازی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسییان دەکەوێتە سەرشان. هەرچۆنێک بێت و بە هەرجۆرێک چەمکی ڕووناکبیری پێناسە بکرێت، گەورەترین چاوەڕوانی لەو بوارەدا ئەوەیە کە پێویستە لە گەڕی کاری ڕووناکبیریدا ئاسۆی گوتار (دیسکۆرسێک)ی تایبەت (ڕەنگە زۆر جاریش چەندین گوتار) بەدیار بکەوێت، واتە کاری ڕووناکبیری دەبێتە هۆی ئەوەی کەڵکی گوتار، یان گوتارەکان ساناتر و بەرینتر ببێتەوە و دەرهاویشتەی ماناسازی و کردەوەو کارلێهاتوویی چەمکەکان لەو پانتاییەدا وردتر دەبێتەوە. گەورەترین و گرینگترین خەسڵەتێک کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئەم بەرفرەوانییە لە گوتاردا، ئەو خەسڵەتەیە کە لە سۆنگەیەوە کاری ڕووناکبیریی دەبێتە خاوەنی خەدەیەکی هەڵسەنگێنەر، یان بە واتایەکی ڕوونتر ڕەخنەگر، واتە کاری ڕووناکبیری هەر لە بنەڕەتەوە کرداریکی گوتاری - ڕەخنەگرانەیە و چالاکیی ڕووناکبیری بە سامانی گوتاری ئارایی ئۆخژنی ناکەوێتە دەروون و لە پێناو گۆڕینیدا هەوڵ دەدات؛ هەر لە سۆنگەی گۆڕینی ڕێسا و ڕێچکەی بەدیارکەوتنی هزرە جوداوازەکانیشەوەیە کە بەهرەکەی بەدیار دەکەوێت.

گۆڤاری "ڕامان" بە سەرناوی "ڕووناکبیریی گشتی"یەوە نزیکەی چارەگە سەدەیەکە کار دەکات، هەر لە یەکەم ساڵەکانی دەستبەکاربوونییەوە و لە ژمارە سەرەتاییەکانییەوە من ئەو گۆڤارەم لە بۆکان ناسی. لەو سەردەمانەدا کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، تەنیا گۆڤاری زەنگین و سەنگینی "سروە" کە بۆ خزمەت بە زمان و کولتووری کوردی قوتابخانەیەک بوو– لەگەڵ یەک دوو حەوتوونامەی کوردی هەبوون، کە لە ژێر چاودێرییەکی ڕژدی ئەمنییەتیدا دەردەچوون، ئاشنایەتی لەگەڵ بڵاوکراوەیەکی کوردی کە لە خوێندنەوەیدا هەست نەکەیت مۆتەکەی سانسۆر ئەوکت دەگرێ و هەناسەت سوار دەکات، وەک ئەوە وابوو بە چلەی هاوینی گەرمێن لە ژێر سێبەرێکی فێنکدا بحەسێیەوە. بێ گومان بیر و تەگبیری نیشتمانپەروەرانەی ئەندازیاران و کارگێڕانی گۆڤارەکە ببووە پشتیوان و هێزی ورە و دڵگەرمیی چەند گەنجێکی دڵسۆز و ئەویندار، گۆڤاری ڕامانیان لە زۆر لەمپەران دەپەڕاندەوە و دەیانگەیاندە بەر دەست و دیدەی ئێمە، هەر ئەو خۆشەویستانەش کە بە ڕێگە سەختەکاندا گۆڤارەکەیان بۆ دێنایین، پێیان گوتین، دەتوانن بەرهەمەکانتان لە گۆڤاری "ڕامان"دا بڵاو بکەنەوە، ئیتر قەڵەمی نووسەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەردەوام لە گۆڤاری "ڕامان"دا بەدیار کەوتن و هەلی گوتارێکی

تایبەت لە نێوان ئەدەبی هەردوو پارچەی گەرمێن و کوێستانی کوردستاندا بەدی هات. ئەو گوتارەی ڕاستییە دیارەکان و کەڵکەڵە و کردەوە مرۆڤایەتییەکانی مرۆڤی پارچەکراوی کوردی لە پێکهاتەی زمان و لە چێوەی کەرەستەیەکی ڕاگەیەنەردا کردە ئامانج و بوو بە مەیدانی ئەو کردارە زمانیانەی کە لە چێوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی مرۆڤی کورددا بەدی هاتبوون.

دەرهاویشتەی کارە ڕووناکبیرییەکەی گۆڤاری "ڕامان" لە سۆنگەی ئەو پۆلێن بەندییە بابەتییەوە بەدیار دەکەوێت کە سەرباسەکانی نێوئاخنی گۆڤارەکە پێکدەهێنن. بەردەوامیی ئەو سەرباسانە لە هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکەدا، بە درێژایی تەمەنی خۆی، خوێنەر بێ گومان دەکەن لە هەوڵێکی ئەندازیارانە بۆ ڕێسامەندکردنی پرۆسەی بەرهەمێنانی دەق و دەرفەتی هەڵسەنگاندنی پێکهاتە و کردەوەکانی.

سەرباسەکانی دەق، هەڤپەیڤین، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، هزر و فەلسەفە، هونەر و مێژوو، هەر یەکەیان لە بەستێنی کارە ڕووناکبیرییە تایبەتەکەی خۆیاندا گوتاری تایبەت دێننە ئاراوە و پێوەندییەکی بابەتییانە و نێوان بابەتی - دەقێتی دەخوڵقێنن، کە بێ گومان ڕادەی توانایی داهێنانی هەرکامەیان جێگای لێوردبوونەوە و ڕەخنەیە، بەڵام ئەوەی لەسەر شانی گۆڤارەکەیە ڕەخساندنی دەروو و دەرفەتی خوێندن و بەدیارکەوتنیانە، ئەم هەلەشی بە شێوەیەکی باش بۆ خوێنەر دابین کردووە و بەبێ لایەنگرییەکی وا کە دەمارگرژیی بەرتەسکی ئایدیالۆژیکی بە زەقی پێوە دیار بێت، دەقی خستووەتە بەر دەست و دیدەی خوێنەر، بۆ ئەوەی کەشێکی وەهای لەبەردەستدا بێت کە هەموو حیکایەتەکانی بەرهەمهێنەری نووسراوەی تێدا دێن و دەچن و ئەو دەتوانێت لێیانەوە تێپەڕ بێت بەرەو ئەزموونی کاری ڕووناکبیری. سەرباسی دەق لە گۆڤاری ڕامان دا بەردەوام ئەو دەقە ڕژدانەی ئەدەبی خۆماڵیی لە خۆ گرتووە کە لە پاڵ دەقی نووسەرانی بەئەزموندا، دەقی نووسەرانی لاویشی ناساندووە و لە ئاکامی ئەم کارە ڕووناکبیرییە ناسکەدا کە بێ گومان لە خۆیدا ڕەخنەیەکی بەکردەوەیە لە ئەو کەشە ئەدەبییەی کۆمەڵگەی نەریتیی کوردی تێدا دەژی، یان لە بارێکی دڵخۆشکەردا ئەو کەشە نەریتییەی کۆمەڵگەی کورد خەریکە وردە وردە لێوەی تێپەڕ دەبێت و گوتاری نوێبوونەوە و هەڵسەنگاندنی نێوان دەقێتی، دەقی مێژوویی و هەنووکەیی ئەدەبی کوردی ئاراستە دەکات، هەروەها گۆڤاری ڕامان نەپرینگاوەتەوە لە بڵاوکردنەوەی ئەو دەقە نوێخوازە پێکهاتەیی و زمانیانەی کە بە شارەزایی لە بەرانبەر نۆرمی باودا وەستاونەتەوە و بە داهێنانی فۆرم و نۆرمێکی نوێباو ویستوویانە بەرەو ئەزموونی دنیا و مانایەکی دیکە لە نێو زمانی کوردیدا هەنگاو بنێن. سەرەڕای ئەوەی لە باری ڕێزمان و ڕێنووسی نیمچە ڕەسمیی زمانی کوردیدا هیچ نەبێ لە هاوشێوەکانی خۆی وەستایانەتر و زانستیانەتر جووڵاوەتەوە.

هەروەها گۆڤاری ڕامان، لە باری ناساندنی دەقی بیانی و کاری وەرگێڕانیشدا کاری کردووە، کە لە خۆیدا دەرفەتێکی گرینگە بۆ ڕەخساندنی گوتارێکی نێوان کولتووری - زمانی، وەک کارێکی ڕووناکبیری کە لە گرینگترین و پەسندترین پێناسەیدا بە داڕشتنەوەی دەقی سەرەکی ناسراوە، بەڵام جودا لەو مەبەستە تەکنیکییە، هەڵگری جۆرە ئایدیالۆژیا و بووتیقایەکە، کەوا لە سۆنگەیەوە ئەدەبیاتی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی تایبەت دەستکاری دەکرێت و لە خوێندنەوەی بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک زمانناسی، خوێندنەوە ئەدەبییەکان، مێژوو، خەڵکناسی، دەروونناسی، تەنانەت سیاسی و ئابووریشدا کاریگەریی تایبەتی خۆی هەیە. وەرگێڕان بوارێکی هەستیاری کاری ڕووناکبیرییە، چونکە داڕشتنەوەی دەسەڵات و توانایی زمانێک لە زمانێکی دیکەدا چەندین چەمکی نوێ، ژانری نوێ و تەکنیکی ئەدەبیی نوێ لە ئەدەبیاتی زماندا دادێنێت و ئەگەر بە شارەزاییەوە ڕووبەڕووی نەبییەوە، ئەو دەستکارییە تایبەتەی لە زمان و ئەدەبی خۆماڵیدا لێی دەکەوێتەوە، لەوانەیە نەک هەر نەبێتە هۆی زیادبوونی زانیاریمان لەبارەی ئەو دنیایەوە کە تێیدا دەژین، بگرە زیانیش بە توانایی زمانی خۆماڵی دەگەیەنێت و دەیکات بە زمانێکی لاڵەپەتە؛ کە بە داخەوە لە دنیای ئەو ڕەوتە خێرایەی ئێستای وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردیدا، ئەم حاڵەتە نەرێنە زۆر بەرچاوە، بەڵام بە خۆشییەوە زۆربەی ئەو وەرگێڕانانەی لە گۆڤاری ڕامان دا بڵاو کراونەتەوە، بایەخی سەرنجی ڕژد و ڕەخنەگرانەیان تێدایە و دەکرێت

به گشتی وەک ڕوانگەی جۆراوجۆر لەمەڕ واقیعەوە بخوێنرێنەوەوە لە زۆربەشیاندا دەتوانین لە هەوەتیی تیوریی زمان و پێوەندیی نێوان زمان و وەرگێڕان ڕابمێنین. لەم بوارەشدا ڕامان پێگەی شیاوی سەرنجی خۆی هەیە و توانیویەتی کۆمەڵێک وەرگێڕانی وا بڵاو بکاتەوە کە لە داهێنانی گوتارە ڕەخنەییە بەرمەبەستەکەی خۆیدا، جوداواز بن و بتوانن هۆشی خوێنەر بەلای دنیا و مانایەکی دیکەدا ڕابکێشن کە شیاوی تێڕامانە لە بووتیقایەکی نێوان دەقێتیدا.

سەرباسی هەڤپەیڤین، بوارێکی دیکەی کاری ڕووناکبیریی گۆڤاری "ڕامان"ە، کە بە لای سەرنجی منەوە و ڕەنگە بە لای سەرنجی زۆربەی خوێنەرانیشەوە پێگەی تایبەتی هەیە.

هەڤپەیڤین، بەشێکە لە زاتی مرۆڤ. وتووێژ هەر پێکەوەدوان و گۆڕینەوەی بیر و هەست و زانیاریی نێوان مرۆڤەکان نییە، بگرە پێوەندییەکە لە نێوان زەین و هۆش و هەستی مرۆڤەکاندا، کەرەستەیەکە بۆ ئەوەی دەستیان بە بەستێنە هاوبەشەکانی هەبوونی خۆیان ڕابگات. ئەو بەستێنە هاوبەشانەی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە و کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوە و کردەوەیان دادەنێت، بەڵام زۆر ناسراو نین. هەڤپەیڤین، شێوازێکە بۆ گەڕانی هاوبەش و دۆزینەوەی بنچوبناوانی بەهەڵە لێک تێگەیشتنەکان. مەبەستی هەڤپەیڤین کۆڕایی و هاوڕایی نییە، بگرە دوان و لێکڕامانی ڕوانگە جوداوازەکانە بۆ ئەوەی بتوانن لە یەکتر تێبگەن. دیالۆگ، دەبێتە هۆی هاتنە ئارای کەشێکی زەینی - دەروونیی زاڵ و زمانێکی تایبەت کە خەڵکی سەردەمێکی تایبەت پێی دەدوێن و ئەم حاڵەتەش گوتار دروست دەکات؛ واتە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شیکاریی گوتار و شێوەی دەربڕین و ڕێسای ئاراستەکردنی باسوخواس.

میشل فووکۆ (کە بە بنیادنەری شیکاریی گوتار ناسراوە)، پێداگریی دەکات لەسەر پێوەندییەکی پێکەوەهەڵکەر لەنێوان دەق (text) و بوار (context)، هەروەها پێوەندییەکی پێکەوەهەڵکەر و دیالێکتیکی لە نێوان (گوتار، دەسەڵات، شوناس و هەقیقەت)دا. ئەو پێی وایە وشەکان هەر یەکە و مانای تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام لە بارودۆخی وەدیهاتنیاندا لە نێو زەینە جۆراجۆرەکاندا مانای جوداواز لە خۆ دەگرن؛ هەڤپەیڤین، خۆی بارودۆخی وەدیهێنان و وروژاندنی مانا جوداوازەکانی نێو زەینە جۆراجۆرەکانە لە شیکاریی گوتاردا، کە دەق (text) و بوارەکانی (context) دەرەوەی زمانی دەق، واتە (بوارە کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی)یەکان و پێوەندی و دۆخیان شی دەکاتەوە.

ئازاد عەبدولواحید، سەرنووسەری هەموو ژمارەکانی گۆڤاری ڕامان، کە خۆی بەر لە ئەرکی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە، ڕەخنەگرێکی ناسراو و خاوەن ئەزموون و بۆچوونە لەو بوارە هەرە گرینگە ڕووناکبیرییەدا، لە پێشەکیی کتێبی گفتوگۆدا (دیمانە و چاوپێکەوتنەکانیساڵی دووەمی گۆڤاری "ڕامان" لەگەڵ چەند نووسەر و هونەرمەندێک) کە خۆی ئامادەی کردووە و دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان ساڵی ۱۹۹۹ بڵاوی کردووەتەوە، نووسیویەتی: "هەمیشە (گفتوگۆ) کرۆک و جەوهەری پێشکەوتنی شارستانی و کولتووری گەلان بووە، وەک چۆن گفتوگۆ جەوهەری پێشکەوتنی شارستانییەتی گریک و یۆنان بوو... (ئەرستۆ) لە مەجلیسەکەی خۆیدا بە لاوەکەی وت: "قسە بکە، با بتناسم".

هەر لە درێژەی ئەو پێشەکییەدا نووسیویەتی: "لەسەر لاپەڕەی ژمارەکانی ڕامان، توانیومانە تا ڕادەیەکی باش نووسەر و ڕووناکبیر و هونەرمەندە دیار و ناسراوەکانی کورد بەسەر بکەینەوە، لەو گفتوگۆ فراوانانەدا بیانجوولێنین و لەبارەی کێشە و گرفت و باسوخواسە گرنگ و هەڵایساوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی بیروڕایان وەربگرین."

پێداگریی سەرنووسەری ڕامان لەسەر هەڤپەیڤین وەک بوارێکی گرینگی جووڵاندنی نووسەر و ڕووناکبیر و هونەرمەندی کورد و بزواندنی کێشە و گرفت و باسوخواسەکان لەبەر تیشکی گوتارێکی خوازراوی وەک "قسە بکە، با بتناسم"دا کردەوەیەکی ڕووناکبیرانەیە بۆ وروژاندنی مانا جوداوازەکانی نێو زەینە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی هێنانە ئارای شیکاریی گوتاری دەق و بوارەکانی دەرەوەی زمانی دەق و دۆزینەوەی پێوەندی و دۆخە هاوبەش و جوداوازەکانیان و تۆمارکردنیان وەک سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و شیکاریی گوتاری لڤیاوی زمان

و کولتووری کورد.

سەرباسێکی گرینگی دیکە، وا بەردەوام لە ژمارەکانی "ڕامان"دا گرینگیی پێدراوە، سەرباسی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیە. ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی فەڕەنسایی بە ناوی بووماڕشە، گوتوویەتی: "تاکو ئازادیی ڕەخنە لە گۆڕێدا نەبێت، پەسنی شیاویش ناتوانێ هەبێت." ئەم ڕستەیە پتر لە سەد ساڵە وەک دروشمێک بە سەرپەڕی ڕۆژنامەی فیگارۆی فەڕەنساوە چاپ دەکرێت، بە واتای ئەوەی ڕەخنە، بەشی هەرە گرینگی ئازادیی ڕادەربڕینە. لەبەر ئەوەی ڕەخنە خوێندنەوەیەکی قووڵە، خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە تێڕامانە لە بوار و ئیمکانە گوتارییەکانی دەق، وەک ڕۆڵان بارت دەڵێت، "ڕەخنە دەقێکی دیکەیە لەبارەی دەقەوە، بیرکردنەوەی دەقە لە خۆی، بە مەبەستی لڤین و بەردەوامیی خۆی، وەک پاڵەوانە ژنەکەی تراژیدیای ڕاسین (ئێریفیل) کە بە ناسینی خۆی دەمرێ، بەڵام لە گەڕان بە دوای خۆیدا دەژی."

گرینگیدان بە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە کارێکی ڕووناکبیرانەی گۆڤاری "ڕامان"ـە بۆ خوێندنەوەی دەق، یان وتارێک لە لایەن خوێنەری جودابیرەوە تاکو ئەو ڕاستییە بورووژێنێت کە گوتار ئاست و ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە و پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە هەقیقەت بەردەوام لە مەترسیدایە و لە نێو هەر وتارێکی ڕەخنەییەوە هەقیقەتێکی نهێن بەدیار دەکەوێت.

سەرباسی هزر و فەلسەفەش یەکێکی تر لە نێوئاخنەکانی گۆڤاری "ڕامان"ـە. وەک گوتوویانە، تەمەنی فەلسەفە بە قەدەر تەمەنی مرۆڤە لەسەر ڕووی زەوی، بە درێژایی مێژووش ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و لە هەر سەردەمێکدا بە جۆرێکی جودا لە سەردەمەکانی دیکە بووە، هەرچەند بەدرێژایی مێژووش دژوارترین کار بە لای فەیلەسووفانەوە پێناسەی فەلسەفە بووە، لە ڕاستیدا هەرگیز نەگوتراوە فەلسەفە ئەمەیە و ئەوەی تر نییە؛ چونکە فەلسەفە ئازادترین جۆری چالاکیی هزریی مرۆڤ بووە. فەلسەفە، بیرکردنەوەی مرۆڤ بووە لە هەمەکیترین و بنچینەییترین بابەتە پێوەندیدارەکانی دنیا و ژیانی مرۆڤ، هەرچەند لە خۆرهەڵاتی دنیا، واتە ئەو ناوچەیەی ئێمە تێیدا دەژین زۆر کەسان دژایەتییان لەگەڵ فەلسەفە کردووە و شەڕیان پێ فرۆشتووە، بەڵام هەروەکو مامۆستای فەلسەفەزانی ناوداری ئێرانی، غولامحسێنی ئیبراهیمیی دینانی لە کتێبی (مشتومڕە فکری - فەلسەفییەکان لە دنیای ئیسلامدا" باسی کردووە، ئەو دوژمنکارییانە لەسەرچاوەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و لەسەر دەستی ئەوان کەسانەوە کراوە کە نەیانویستووە مرۆڤ بیر بکاتەوە. ئەو لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی: "ئەو دوژمنایەتییانە هەموویان، ڕەنگە بەبێ ئاگاداری و هۆشیاریی کەسە دوژمنەکانیش، لەژێر کاریگەریی گەڕە سیاسییەکاندا بوون و لە لایەن سەرچاوەیەکی دەسەڵاتەوە پشتگیرییان لێ کراوە. ڕاستە کەسانێکی وەک ئەبو حامیدی غەزالی و عەلائەددینی تووسی لەسەر بنەمای مگێزە ئایینییەکان دەستیان داوەتە قەڵەم، هەر کامەیان لە مەودای زەمانیی جوداوازدا، چەندین کتێبیان لەژێر سەرناوی "تهافت الفلاسفە"دا نووسیوە، بەڵام هەم غەزالی پێوەندیی بە نیزامییەی بەغدا و سیاسەتی سەلجووقییەکانەوە هەبووە و هەم عەلائەددینی تووسی گوێ لە مستی خەلیفەکانی عوسمانی بووە، هەروەها سەرهەڵدانی دوو ڕێبازی کەلامیی ئەشعەرییەت و ئیعتیزالیش لەم ڕێسایە بەدەر نەبوون.. جاری وا بووە توندیی دژایەتییەکە بە جۆرێک بووە کە کتێبە فەلسەفییەکانیان فڕێ داوەتە دەریاوە، یان کردوویانن بە زاری ئاگردا.. زانایانی ئایینی وەک "ئیبنی تەیمییە"ی سوننە مەزەب و "مەلا موحەمەدئەمینی ئەستەر ئابادی"ی شیعە مەزەب ئەوپەڕی دژایەتیی خۆیان لەمەڕ فەلسەفەوە دەربڕیوە؛ ئیبنی تەیمییە تەنانەت ژیربێژی (مەنتیق)یش ڕەت دەکاتەوە و کتێبێکی گەورەی لەو بارەیەوە نووسیوە." خۆ بەسەرهاتی دوورخرانەوە و کوژرانی فەیلەسووفانی وەک شەهابەددینی سەهرەوەردی، ناسراو بە شێخی ئیشراق و ئەبولوەلیدی ئیبنی ڕوشد، ناسراو بە فەیلەسووفی ئەندەلوسیش بە نێوچاوانی مێژووەوە دیارن.

مەبەستی من لە هێناوەی ئەم باسە نرخاندنی کارە ڕووناکبیرییەکەی گۆڤاری ڕامانە لەسەر گرینگیدانی بە باسە هزری - فەلسەفییەکان، سەرەڕای ئەوەی هێشتا دەرهاویشتە نەرێنییەکانی ئەو دوژمنایەتییە هەڵخوازانەیە بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەدا هەر زاڵن و لە گەلێک بوارانداا پرسیارکردن هێشتا هەر بڤەیە. هێنانە گۆڕی باسە هزری و فەلسەفییەکان بە لای هۆش و تێگەیشتنی منەوە بە قەدەر هەبوونی مرۆڤ گرینگن،

چونکە لە فەلسەفەدایە کە مرۆڤ خۆی وەک مرۆڤ بە خـــۆی دەناســـێنێت، نەک لە ڕەهەندی ســـیـــاسی و ئابوورییەوە، بگرە چەمکی مرۆڤ لە پێکهاتەی هەبوونی ڕاستەقینەی خۆیدا بەدیار دەکەوێت. فەلسەفە، گوتاری نێوان هەبوون و بوونەوەری خاوەن هزر و هۆشە.

هونەر سەرباسێکی دیکەیە، کە گـۆڤـاری ڕامـان لە بەستێنی کارە ڕووناکبیرییەکەی خۆیدا گرینگیی پێداوە. فەیلەسووفی ناودار، نیتشە دەڵێت: "هونەر گرینگترین کار و چالاکیی بانسروشتیی شیاوە بۆ ژیان." بێ گومان هونەر، چەمکێکی گـرینگە لە ڕەهەندی جـوانی دیتنی دنیـابینیی هزری مـرۆڤـدا، هەرچەند تاکـو ئێـســتـا پێناســەیەک بۆ کـاری هونەری نەســەلمێنراوە و هەمــوو پێناسەکان نموونەی دژبەریان لێ ڕاست بووەتەوە، کەچی هونەر، داهێنەری جــوانی و بەدیهــێنەری ئۆخـــژنە لە دەروونی مــرۆڤـدا، چ وەک کـۆمــەڵگە و چ وەک تاک، هەرچەند لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هونەر بایەخی خۆی پێ نەدراوە و هەر لە ڕادەی فانتازیادا چاوی لێ کراوە، بەڵام گـرینگی پێدانی لە گـۆڤـارێکی ڕژدی ڕووناکـبـیـریدا بێ گـومـان وردە وردە دەرووە ڕوونەکـانی بە لای توێژینەوەی تاک و کۆمەڵگەدا دەکاتەوە.

هەروەها گۆڤـاری ڕامان، بەردەوام گرینگیی بە مێژوو داوە و لە ئاوێنەی وتارە مـێـژوویـیـەکـانەوە هەوڵی داوە گـوتارێک بۆ خـۆناسین و بەخـۆداچوونەوەی مـرۆڤی کـورد بخاتە ڕوو. بێ گومان هەر کۆمەڵگەیەک هەوڵ نەدات بۆ شیکاریی مێژووی خۆی بە واقـعـبـینیـیـەوە بـابەتەکـان بخــوێنێــتــەوە، لەوانەیە تووشی نۆســتــالیــژیای ئاخ هەڵکێشـان بۆ ڕابردوو بێت، یان بە خـەیاڵ پڵاو بیـر لە داهاتوویەکی نـامـــومکین بکاتەوە، بـەڵام داهێنـانـی گـــوتارێکی لێکۆڵـینەوەیی - شـــیکاریی وەها کـــە ڕاسـتـیـیـەکـان بەرچاویان ڕوون کـردبێـتـەوە، کـارێکی ڕووناکـبـیـریـیـە لەپێناو خـۆناسین و خـۆداهێنانەوەیەکی واقعبیندا.

لە ڕەوتی لڤیاوی کاری ڕووناکبیریی خۆیدا، گۆڤاری ڕامان، چەندین سەرباسی دیکەشی خستووەتە بەر سەرنج وەک خـــوێندنەوەی کـــتـــێب، نامـــە، نرخـــاندن و سووکەلەنگەر.

لە دێڕەکانی سەرەتای ئەم وتارەدا باسی ئەوەم کرد، کە گەورەترین و گرینگترین خەسڵەتی بەدیهاتنی بەرفرەوانی لە گـوتاردا، ئەو خـەسـڵـەتەیە کـە لە سـۆنگەیەوە کـاری ڕووناکبیری دەبێتە خاوەنی خدەیەکی هەڵسەنگێنەر، یان بە واتایەکی ڕوونتر ڕەخنەگر سەرباسەکانی خوێندنەوەی کـتـێب و نرخـاندن و سـووکـە لەنگەر، سێ ڕاسـتـێـتـیی دیکەی ئەم خەسڵەتە گەورە و گرینگەی گوتارن لە کاری ڕووناکبیریی ڕاماندا.

بێ گـومـان باسکردن لەمـەڕ نرخـاندنی کـارنامـەی گـۆڤـارێک کـە نزیکەی بیـست سـاڵ کـاری کـردبێت، لە دەرفەتێکی وەک ئەم وتارەدا جێگای زۆر لایەن و بابەتی تێدا بەجێ دەمێنێت، هەر بۆیە هیـواخوازم لەدەرفەتێکی تێروتەسەلتردا، بتوانم باسی لایەنە لەبیرکراوەکان بکەم و لەوەش گـرینگتـر لە دەرفـەتێکی دیکەدا لە ڕوانگەی مۆرکە ڕووناکبیرییەکەی گۆڤارەکە و پیشە و کردەوەی سەرنووسەرەکەیەوە، واتە لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە ڕێز لە کار و کردەوەی ئەم گۆڤارە گرینگەی بەستێنی ئەدەب و کولتووری کوردی بگرم.

**سەرچاوەکان:**

**١- ژمارە بەردەستـەکـانی گـۆڤاری ڕامـان، لە کـتێبـخانەکـەی خۆمدا.**

**٢- گفتوگۆ، دیانە و چاوپێکەوتنەکانی ساڵی دووەمی گۆڤاری "ڕامان" لەگەڵ چەند نووسەر و هونەرمەندێک، ئامادەکردنی: ئازاد عـەبدولواحیـد، دەزگـای ڕۆشنبـیـری و ڕاگـەیاندنی گـوڵان سـاڵی ١٩٩٩، ژمارە ٢٦، هەولێر.**

**٤- ابراهیمی دینانی غلامحسین، ماجراهای فکری فلسفی در جـهـان اسـلام، انتـشـارات گـرح نو، چاپ دوم ١٣٧٩، جلد اول، تهران.**

**٦- احـمـدی بـابک، کـار روشنفکری، نشـر مـرکـز، چاپ سـوم ١٣٨٧، تهران.**

**سەرنج: ئەم بابەتە لە ئێوارەی ڕۆژی یەکەمی سیمیناری گۆڤاری ڕامـان دا خـوێنراوەتەوە کـە لە ڕۆژانی ١٤-٢٠١٤/٣/١٥ لە هەولێر سازکرا.**




# خوێنەر هەمیشە لەوێیە!

**فەرۆخ نیعمەتپوور**
**(نەرویج)**



دەبیستین لە هەرێمی کوردستان خوێنەر یەکجار کەم بووە، دەبیستین ئێستاکە لە کوردستانی ئێران زیاتر خوێنەر دەست دەکەوێ، ئەوەی کە نووسەرانی هەرێم زیاتر بۆ ئەودیو دەنووسن، یان دوای نووسین چاویان لەوێیە.

با لەو فاکتە گەڕێین ئێستاکە لەوێیش ئەم تەنگژەی خوێنەرە دەبینرێ و زۆر جار دەبیستین نووسەرانی ڕۆژهەڵات گلەیی لەوە دەکەن کتێبەکانیان نافرۆشرێ و بەرهەمەکانیان کەمترین ڕەنگدانەوەی لە بیروڕای گشتیدا هەیە، کەواتە ئەگەر کەمێک لەم دوو بۆچوونەی سەرەوە نزیک بینەوە و بە چاوێکی وردتر سەیری بکەین، دەبینین کە دوو بۆچوونی دژ بەیەکن، بەڵام دەتوانین بڵێین کە دۆخی خوێندەوار دەبێ لە هەرێمی کوردستان چەندە دژوار و تەنگژاوی بێت کە ڕۆژهەڵات دەتوانێ نموونەیەکی باشتر لە خوێنەری دەربەست و چالاک پێشکەش بکات!

بە گشتی گومان لەوەدا نییە کە لە دۆخە دژوارە سیاسییەکاندا هەمیشە مەیلی خوێندن لە سەرترە و خەڵک بە گشتی زۆرتر بە شوێن کتێب و بابەتدا دەگەڕێن. لێرەدا بابەت و کتێب دەبن بە سەرچاوەیەک کە دەتوانن لانی کەم، یان بەرگەگرتنی شەوگارە درێژەکانیان لا ئاسانتر بکا و هومێدیان تێدا نەکوژێ، یان ئەو سەرچاوانە دەبن بە کانییەک بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی شکاندنی تینوویەتی و سڕینەوەی گەرمای دژواری بیابان.

هەم ئەزموونی هەرێم و هەم ئەزموونی ڕۆژهەڵات وادەردەخەن کە ئەم حوکمەی سەرەوە ڕاستە، هەر بۆیە کاتێک دۆخە دژوارە سیاسییەکان نەمان، ئەوە ئیتر خوێنەریش ون دەبێ! بەڵام ئەزموونی وڵاتانی تر ئەمەمان پێ ناڵێ. بۆ وێنە لە نەرویج ئەگەر ڕادەی حەشیمەتی ئەم وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر هەڵسەنگێنین، دەبینین خاوەنی زۆرترین ڕۆماننووسە (بەم ڕادەیەیش خوێنەری باش)، بە بێ ئەوەی ئەم وڵاتە لە گێژەنی ئەو تەنگژە سیاسییانەدا بێت کە ئێمە پێی ئاشناین. ئەوە چییە دەبێتە هۆی ئەم جیاوازییە؟ بێ گومان لێرەدا دەتوانین بە کورتی ئاماژە بە چەند هۆکار و دیاردەیەک بکەین:

– سەیرکردنی هونەر و ئەدەب تەنیا وەک ئامراز. لەو وڵاتانەی کە ئەدەب تەنیا چەکە، وەک هەر چەکێکی تر، کاتێک دوژمن ون دەبێ، ئیتر ئەم چەکەیش وەک چەکەکانی تر بێ مانا دەبێ (هەڵبەت هونەر و ئەدەب هەمیشە خاوەنی نێوەرۆکی ئامرازیانە بووە، بەڵام یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی بەدوور بوونی لە هەر حەزێکە کە دەیەوێ خۆی بە سەردا بقەبڵێنێ (بڕوانە بۆچوونەکانی کانت).

– لاوازبوونی پاشخانی ڕۆشنبیری. ئەم بەشە بە تایبەت بۆ سیستمی خوێندن دەگەڕێتەوە، ئەوەی کە لە قوتابخانە تا چەند مێشک و دەروونی قوتابیان بە گرنگی خوێندنەوە ڕادەهێنرێ، ئەوەی کە دۆخە کۆمەڵایەتییەکان و دەروونی مرۆڤ زۆر لە دۆخە سیاسییەکان ئاڵۆزترن، هەر بۆیە زیاتر شیاوی لێوردبوونەوەن.

– جۆری وێنەی دەسەڵاتداران لە زەین و دەروونی خەڵکدا، ئەوەی کە جۆری سیستمی سیاسی دەتوانێ ئۆقرە و هێوری و ئارامییەکی دەروونی لە ناو کۆمەڵگادا چێ بکا، یان دۆخەکە زیاتر دەورووژێنن، ئەمە بە تایبەت لە بواری ئابووریدا زۆر دەخوا. کاتێک مەنتیق و لۆژیکی بازاڕ بە بێ هیچ بەربەستێک زاڵ ببێ و سیستمی سیاسی بە جۆرێک لە جۆرەکان سنوورداری نەکەن، ئەوە پارە و دراو وەها دەبێ بە کولتوور کە دەبێ بە هۆی لاوازبوونی دیاردەکانی تری ناو کۆمەڵگا.

– ڕادەست بوونی توێژی دەستەبژێر بە دۆخی باو. ئەوەی کە بە نووسین ئەوان جۆرێکی ترن، بەڵام بە ژیان و بە کردەوە هاوڕێ و هاونشینی دۆخی باون.

– جێگۆڕکێ کردنی جۆری پێوەندی نێوان تاک – کۆمەڵگا. جاران تاک بە شوێن کۆمەڵگادا دەڕۆیشت و ئێستا تاک پێی وایە دەبێ کۆمەڵگا بە شوێن ئەودا بڕوات. هەر بەو شێوەیە جاران لە نووسینەکاندا کێشەکانی ناو کۆمەڵگا بەرجەستەتر بوو و ئێستا زیاتر دەروونیاتی تاک بەڕای من، نە ئەوەی جاران بە جوانی دەربڕی هونەر بوون و نە ئەوەی ئێستا. هەمیشە لە هونەر و ئەدەبدا دەبێ جۆرێک لە بالانس هەبێ. هونەر و ئەدەب، شوێنی پێوەندی دیالکتیکانەی تاک و "کۆ"ن.

– ناخەکی دەق. ڕەنگە پێمان سەیر بێت، بەڵام بەرهەمی چاک هەمیشە جۆرێک لە ناخەکی دەگەیەنێ. بزربوونی ئەم دیاردەیە، خوێنەر دەتارێنێ. دەق ناتوانێ دەستکرد بێت، هەمیشە هەڵچوونێکی ڕوحی پێویستیی بێ ئەم لا و ئەو لای دەقی چاک بووە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم خوێنەرەکان هەمیشە لەوێن، لە بەستێنی کۆمەڵگادا. ئەوان هەمیشە ئامادەی خوێندنەوەن، بەڵام مەرجەکانی ئەم حازربوونە یەکجار زۆر و گرینگن.